موحسین دزەیی

# وێستگەکانی ژیانم

بەشی سێیەم و کۆتایی

وەرگێڕانی
ئیسماعیل بەرزنجی

کوردستان
٢٠١٥

www.mukiryani.com

موحسین دزەیی

# وێستگەکانی ژیانم

(بەشی سێیەم و کۆتایی)

ئیسماعیل بەرزنجی

لە عەرەبییەوە کردوویەتی بە کوردی

هەولێر ٢٠١٥

www.mukiryani.com

**خانەی موکریانی بۆ چاپو بلاوکردنەوە**

* ناوی کتێب: وێستگەکانی ژیانم – بەشی سێیەمو کۆتایی (بیرەوەری)

* نووسەر: موحسین دزەیی

* وەرگێڕانی: ئیسماعیل بەرزنجی

* تایپو دیزاینی ناوەرۆك: سەید ئارام

* بەرگ: سەید ئارام

* چاپ: چاپخانەی موکریانی (هەولێر)

* چاپی یەکەم

* نرخ: (١٠٠٠٠) دە هەزار دینار

* تیراژ: (٢٠٠٠) دانە

* لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی: ( ٢٥٣٧)ساڵی ٢٠١٥ی پێ دراوە

هەولێر: ٢٠١٥

---

زنجیرەی کتێب (٩٢٣)

هەموو مافێکی بۆ خانەی موکریانی پارێزراوە

ماڵپەڕ: www.mukiryani.com

ئیمەیل: info@mukiryani.com

www.mukiryani.com

ئەم کتێبە پێشکەشە:

بە گیانی شەهیدانی کوردو کوردستان کە بە خوێنــە پاکــژەکانیان داری ئازادیــان ئــاوداو ئێمەش ئەمڕۆ بەرەکەی دەخۆین.

www.mukiryani.com

www.mukiryani.com

موحسین دزەیی

# وێستگەکانی ژیانم

بەشی سێیەم و کۆتایی

www.mukiryani.com

www.mukiryani.com

**بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان**

## پێشەکی بەشی یەکەم

رۆژێك لەرۆژان، ئەوەم بەبیردا نەهاتووە کە یاداشتەکانم تۆمار بکەمو بەشێوەی کتێب بلاوی بکەمەوە، چەندان دۆستو ناسیاوو پسپۆڕانی ئەم بوارە بۆ ئەم مەبەستە روویان لێنام.

چەندان رووداوی جیاجیا، لەماوەی جیاجیادا قەوماونو چاوەدێری هەندێکیانم کردووەو لەهەندێکیشیاندا راستەوخۆ بەشداریم کردووە بەتایبەتی رووداوەکانی هەڵگیرسانی شۆڕشی کورد لە ئەیلوولی ساڵی (١٩٦١)و پاشان هاتنم بۆ ناو شۆڕش لەساڵی (١٩٦٣) کە لەسەرکردایەتی شۆڕش زۆر نزیك بوومەوەو چەندان ئەرکی گەورەم پێ سپێردرا، ساڵی (١٩٧٦) هاوسەفەری سەرکردەی شۆڕش مستەفا بارزانی بووم کە مەبەستی چارەسەری چووە ئەمەریکا تارۆژی کۆچی دوایی لە (١)ی ئاداری ساڵی (١٩٧٩)، ئەو ماوەیە لێواو لێوە لەرووداوو پەرەسەندنی سیاسی.

زۆر نووسەرو رۆژنامەنووسی بیانی هەوڵیان لەگەڵ بارزانی نەمردا تا یادەوەرییەکانی بنووسێتەوە، وەرامی بارزانی ئەوە بوو کە ئەو ئەرکەی کەوتۆتە سەرشانی تا ئێستا جێبەجێ نەبووەو بەشێکی کەم لە ئامانجەکانی



www.mukiryani.com

بــۆ خزمــەتی نەتــەوەی کــورد هاتوونەتــە دی بۆیــە پێویســت ناکــات یادەوەرییەکان بنووسێتەوە.

بارزانی پیاوێکی بێ فیزبوو، حەزی لەخۆدەرخستن نـەبوو، لـەو بڕوایـەدا دابوو کە خەبات‌و ماندووبوونی بۆگەل‌و نیشتیمانەکەی ئـەرکی ئـەو نییـە تۆماریان بکات، بەڵکو ئەمە کـاری مێژوونووسـان‌و نووسـەرانە خـەبات‌و تێکۆشـانەکەی هەڵبسـەنگێنن‌و حـوکمی لەسـەر بـدەن، وەك وتم بـۆ ئـەم مەبەستە زۆر کەس هەوڵیاندا، بەڵام بێ سوود بوو لەبەر ئەو هۆیانـەی کـە باسمکردن، کە هیوا براو بوون روویان لەمن نا تـاتێبینی‌و کارەکـان تۆمـار بکەم، بەڵام منیش رازی نەبووم چونکە بێ پـرس‌و رای بـارزانی ئـەو کـارەم نەدەکرد.

پاش کۆچی دوایی بارزانی لە (١)ی ئاداری ساڵی (١٩٧٩) ئەم هەوڵانە دەستیان پێکردەوە بەتایبەتی دوای راپـەڕینی سـاڵی (١٩٩١)، وام بـەباش زانـی لەبۆنەکانـدا هەنـدێك وتـار بنووسـم، وابـوو لەرۆژنامـەکانی نـاو کوردستان‌و دەرەوەدا هەندێکیانم بڵاوکردەوە.

ساڵێك پێش ئێستا، نووسەرو رۆژنامەنووس بەڕێز تاریق ئیبراهیم شەریف لەهەولێر ئەم بابەتەی ورووژاندو داوای دیدارێکی فراوانی کـرد، مـن داوای پرسـیارەکانم لێکـردو وردە وردە بـەگوێرەی کـات وەرامـم دەدانـەوە، دوای ماوەیەکی بڕیارماندا ئـەو پرسـیارو وەرامانـە ببنـە کتێـب‌و بـەدوو بـەش بڵاوببنەوە.

دەمـەوێت بەخوێنـەری ئـازیز بڵـێم کـە ئەمانـە هـەموو رووداوو سەربووردەکان نین بەڵکو ئەوەی یادەوەریم یارمەتی دابم تۆمارم کردووە، هیچ بەڵگەنامەی دەفتەرێکی تێبینم لەبەردەستدا نەبوو، تەنانەت ئەو وێنانـەی



www.mukiryani.com

که پاراستوو بووم له ئەنجامی گۆزەگۆزو تالآن و برۆی ماڵەکەمدا فەوتان، خۆشبەختانە هەندێکیانم لای برادەران دەسکەوتەوە، زۆر سوپاسیان دەکەم.

بەشی یەکەمی ئەم کتێبە، باس لە یادەوەری رۆژانی منداڵی و قۆناغەکانی خوێندن و رووداوەکانی ئەوکاتە دەکات، هەروەها قۆناغی کارکردنم وەك پارێزەرێك و کاری بازرگانی و رووداوەکانی ئەو ماوەیە تا پەیوەندیکردنم بە شۆڕش لەساڵی (١٩٦٣)، هەرچەندە هەندێك لەو رووداوانە سادەو شەخسین، بەلاّم بەپێویستم زانی کە تۆماریان بکەم چونکە پەیوەیستن بە یادەوەریم و تەعبیر لە قۆناغەکانی ژیانم دەکەن.

خوێنەری بەڕێز تێبینی ئەوە دەکات کە هەندێك جار بەتایبەتی لە بەشی یەکەمدا ئاماژە بەرۆڵی برای کۆچکردووم ئەحمەد حەمەدەمین دزەیی و کاریگەری بەسەر خۆمەوە دەدەم، لەراستیدا ئەو خاوەنی فەزڵەو منو براکانمی فێرە ئەلف بای کوردایەتی کردو خۆشەویستی نەتەوەی لەدڵدا چاندین، بەرێگای کاك ئەحمەدەوە بارزانی نەمرم ناسیو چەندان ساڵ لەژێر سەرکردایەتی ئەودا کارم کردو راستگۆیانە خۆشم ویست.

بەشی دووەمی ئەم کتێبە، رووداوەکانی شۆڕشی کورد دەگرێتەخۆ کە ساڵی (١٩٦٣) پەیوەندیم کردو تیایدا ژیام و لەو ماوانەشدا شۆڕش تووشی نسکۆ هات، لەگەڵ هاتنم بۆ ریزییەوە قۆناغێکی تازە لە ژیانم دەستپێکرد کە جیاواز بوو لەگەڵ قۆناغەکانی پێشوو و جۆری ژیانم، دەستم بە خۆگونجاندن کرد لەگەڵ ئەو ژیانەی کەپڕ بوو لەمەترسیو ماندووبوون، تا بووە بەشێکی جیانەکراوە لە ژیانم و مەحاڵ بوو لێی جیاببمەوەو بگەڕێمەوە ناو ژیانی پێشوو، شانازیم بەو ژیانە تازەیە کردوو گوێم نەدەدایە ترس و ئەنجامەکانی، قەناعەتێکی تەواوم بەعەدالەتی کێشەی کورد لەلا دروست بوو و باوەڕی تەواوم هەبوو کە بەئامانج دەگات، ئەو کات تەمەنم سیو یەك



www.mukiryani.com

ساڵ بوو، لە هەرەتی لاویدا بووم، پێشتر پاشایانە دەژیام، لـەپڕ کەوتمـە نـاو ژیانی برسیەتیو ماندووبوون، زۆر بە ئاسانی خۆم گونجاند کە بـووە مایـەی سەرسامی زۆران لەوانەی دەیان ناسیم.

ئێستاش، دوای بەناو ساڵدا کەوتنمو تێپەڕبوونی زیاتر لـە (٤٠) سـاڵ، هەر لەگەڵ ئەو شۆڕشە بەردەوامـمو بەکێشەی خۆمی دەزانمو بایـەخ بـەهیچ لایەنێکی دیکەی ژیان نادەم.

گەنجیو گوڵی لاوی خۆم لەپێناوی ئەم شۆڕشـەدا هەڵوەرانـد، بەهـەموو دڵسۆزیو دەستپاکیەکەوە بەردەوام بـووم، بێئـەوەی بایـەخ بـە بەرژەوەنـدی کەسیو خێزانی بدەمو لەو پێناوەدا ئەوەی هەم بوو دامنا، بەرژەوەندی بـاڵای گەلم خستۆتە سەرووی سامانو هۆزو خێزانـەوە، لەسـەر ئـەم ڕێگـا راسـتە بـەردەوام بـووم، بـاوەڕی تـەواوم بـە سـەرکردایەتی شـۆڕشو کەسـایەتی سەرکردەی مەزن مستەفا بارزانی هێنا، ئەمەم بۆ پاداشتو سوپاس نـەبوو بەڵکو بە ئەرکێکی پیرۆزی سەرشانم زانی، دوای کۆچکردنی ئـەو سـەرکردە مەزنە لەسەر هەمان ڕێباز بـەردەوامـمو لـە کەسـایەتی سـەرۆك مەسـعود بارزانیدا ئەوە دەبینم کە هەر ئەو شایستەی ئەو پەیامە پیرۆزەیە.

لەگەڵ هەر هەڵکشانو داکشـانێکدا، پشـتی شۆڕشـم بەرنـەداوە، هـەر کاتێـك شـۆڕش لەبـەرزیو هەڵکشـاندا بوویێـت خـۆم لەبـەر چـاوان دوورخستۆتەوە، بەپێچەوانەی کەسانی هەلپەرسـتو پانکـەرەوەش لـەکاتی تەنگانەدا لەسەرکردایەتی نزیك بوومەتەوە.

ئێستا، کە تەمەنم (٧٠) ساڵە، دەتوانم بڵێم ویژدانم ئاسـوودەیەوە لەمـە تەواو دڵنیام بەهەموو دەسپاکیەکەوە کارەکانم ئەنجام داوەو ڕۆژێـك لـەرۆژان لەبەر پرسیارێتی رام نەکردووەو لەهیچ شتێك پاشگەزینمو بەڵکو بەمایـەی شانازی دەزانم، خوا شایەدە لەسەر قسەکانم، لێرەدا دەبێت پـۆزش بـۆ خـاوو



www.mukiryani.com

خێزانو منداڵەکانم بهێنمەوە کە ساڵانێك فەرامۆشم کردنو هەموو کاتی خۆم بۆ شۆڕش تەرخانکرد بێئەوەی بیر لە پاشەڕۆژیان بکەمەوە، لەمەش دڵنیام کە دەمبوورنو ئێستاو پاشەڕۆژیش شانازی بەمەوە دەکەن.

لەکۆتاییدا، دەمەوێت بۆ خوێنەری بەڕێزی روون بکەمەوە کە من مێژوونووسو ئەدیبو نووسەر نیم، رووداوەکانم بەڕاستی گێڕاونەتەوە، ئەوەندەی یادەوەریم فریام کەوتووە بەشێوەیەکی سادە دامڕشتووە تا خوێنەر هەست بە بێزاری نەکات.

پشت بەخوا یادەوەریەکانم دەگێڕمەوە.

**موحسین دزەیی**
**سەلاحەددین- کوردستانی عێراق**
**٢٠٠١/٤/٣**



www.mukiryani.com

## پێشەکی بەشی دووەم

نزیکەی ساڵێك بەسەر بڵاوبوونەوەی بەشی یەکەمی کتێبەکەمدا تێپەڕیوەو ئەمڕۆش وا بەشی دووەمی دەخەمە بەرچاوی خوێنەری بەڕێز، جیاوازی ئەم بەشە لەگەڵ بەشی یەکەمدا ئەوەیە کە بەشێوەی پرسیارو گفتوگۆ نەکراوە بەڵکو گێڕانەوەیەکی واقیعییە لە ساڵی (١٩٦١)ەوە کە شۆڕشی کوردی تیادا هەڵگیرسا تا چوونم بۆ ریزی شۆڕش لە ساڵی (١٩٦٣)و تاوەکو ڕێکەوتننامەی جەزائیر لە نێوان شاو سەدام لە ئاداری ساڵی (١٩٧٥) کە شۆڕش تووشی نسکۆ هات، هەموو ڕووداوەکانی ناو شۆڕش و ئەوانەی پەیوەندیشیان بە شۆڕشەوە هەبووە باسکراون، ئەو ڕووداوانەش هەندێکیان ڕاستەوخۆو هەندێکیشیان ناڕاستەوخۆ بەشداریم تیادا کردوون.

لە بەشی یەکەمدا باسی ئەو بارودۆخە دژوارو ناخۆشانەم کرد کە هاوولاتیان تیایدا دەژیان، لەم بەشەدا ئەوە ڕوون دەکەمەوە کە ئەو بارودۆخانە لە ئەنجامدا بوونە هۆکاری ئەوەی بێمە ریزی شۆڕشی کوردەوە، بەشێکی گرنگی ژیانمی لە پێناودا تەرخان بکەم بۆ خزمەتی گەلەکەم و کێشە رەوایەکەی، ڕووداوەکان بەڕیز بەندیو بەگوێرەی قەومانیان و زەمانیان و بەشێوەی بابەتی جیاجیا یان یادەوەری باسیان لێوە کراوە ئەگەرچی هەندێك جار پەلیان هاویشتووە بۆ ڕووداوی دیکە کە لە زەمانی دیکەدا قەوماون ئەمەش بەهۆی پەیوەندبوونی بابەتەکانە بەیەکەوە لە



www.mukiryani.com

گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا پشتم بە یـادەوەری خـۆم بەسـتووە چـونکە زۆربـەی بەڵگەنامەو دەفتەری تێبینیـەکانم بـزر بـوون بۆیـە هەنـدێك سـەهوو لـە بیرچوون لە مێژووی ڕووداوەکانو ناوەکاندا بەدی دەکرێن، داوای لێبووردن لە خوێنەری بەڕێز دەکەم.

لەم بەشەدا، هەندێك ڕووداوو کاروباری گـرنگ دەخوێننـەوە کـە لـەلای خوێنەر پێشتر دیار نەبوون، بەگوێرەی توانا هەوڵمداوە هۆکارەکانی نسـکۆی شـۆڕشو ئـەو گۆنگـەرە نێودەوڵەتیـەی کـە دژی سـەرکردەکانو شـۆڕش هاتەکایـەوە ڕوون بکەمـەوە، هـەروەها دووربینـی بـارزانیو حیکمـەتیو قوربانیدانی لەو بارودۆخە ناهەموارەدا ڕوون کراوەتەوە.

دەمەوێت بەخوێنەرانی ئازیز رابگەیەنم کە خەریکی ئامادەکردنی بەشی سێیەمی ئەم کتێبەم کـە چـەندان ڕووداوی گـرنگ بـەخۆوە دەگرێـت، وەك نسکۆی شۆڕشو چوونمان بۆ ئێران وەك پەنابەرو مانەوەم بۆ ماوەی سـاڵێكو سەرپەرشتیکردنی کاروبـاری پەنابـەرانو پاشـان لـە حـوزەیرانی (١٩٧٦) سەرۆك مستەفا بارزانی بە مەبەستی چارەسەری نەخۆشی چووە ئەمـەریکاو یاوەری بووم تا ڕۆژی وەفاتی لە ١/٣/١٩٧٩.

هەروەها لە بەشی سێیەمدا باس لە هەمەجۆر پەیوەندییە دەرەکییەکانو ئەو ڕووداوە گرنگانە کراوە کە پەیوەندیم پێیانەوە هـەبووە یـان ئاگاداریـان بووم، لە خوا داواکارم بۆ ئەم مەبەستە سەرم بخـاتو هـەر ئـەویش پشـتو پەنایە.

**موحسین دزەیی**
**سەلاحەددین- کوردستانی عێراق**
**٢٠٠٢/٨/١**



www.mukiryani.com

# پێشەکی بەشی سێیەم

لەدوا بەشی بەرگی دووەمی کتێبەکەمدا، باسی ئەوەم کرد کە لە ئەنجامی پیلانی نێودەوڵەتیو نسکۆی شۆڕش، بەهۆی ڕێککەوتنی بەدناوی جەزائیر لەنێوان شای ئێرانو (سەدام حوسێن) کە ئەوکاتە جێگری سەرۆك کۆماری عێراق بووو بە ئامادەبوونی سەرۆکی جەزائیر (هواری بومدیەن)ی نەفرەتیو (عەبدولعەزیز بوتەفلیقەی وەزیری دەرەوە)، بارزانی نەمر بۆ دواجار خاکی کوردستانی عێراقی بەجێهێشت، ئەوانەی کە ئەم پیلانە نێودەوڵەتیەشیان ئەنجامدا هەموویان بە چارەنووسی ڕەشی خۆیان گەیشتن.

ئەو دیمەنە جەرگبڕەم هەرگیز لەبیر ناچێتەوە کاتێك ئەو پیاوە مەزنو بەساڵاچووو گەورەیە چۆن بۆ دواجار لە سنوور ئاودیو بوو، ئێمەش بەدڵێکی پڕ حەسرەتو دەروونێکی زامدارەوە ڕوومان لە چارەنووسێکی نادیار کرد، سەرەڕای ئەو کارەساتە گەورەیە، بەڵام بارزانی هەردەم خۆڕاگرو بەورە دەهاتە بەرچاوانو باوەڕێکی پتەوی بەخواو میللەتەکەی هەبوو، لەو باوەڕەشدا بوو کە زوو یان درەنگ پاشەڕۆژ هەر بۆ نەتەوەی ژێردەستە.

لەدوای نیوەڕۆی ٢٥/٣/١٩٧٥ ئەو سەرکردە مەزنە بۆ دواجار خاکی کوردستانی عێراقی بەجێهێشت. ئەو پیاوە گەورەیەی کە من (١٥) ساڵان بەوپەڕی دڵسۆزیو لەخۆبوردوویی لەژێر سەرکردایەتی ئەودا کارم کردو لە مێردمنداڵیشمەوە هەر پێی سەرسام بوومو لەناخی دڵمەوە خۆشم ویستووە.



www.mukiryani.com

وەك لە بەرگی یەکەمی ئەم کتێبەدا باسم کردووە، هەرگیز ئـەو رۆژەی بەهاری ساڵی ١٩٤٤م بیر ناچێتەوە، کە لە پۆلی شەشەمی سـەرەتایی بـووم بۆ یەکەمین جار بارزانیم بینی، کـە لـە گونـدی (بـاداوە) بـەرەو هـەولێر دەهاتو لەلایەن عیزەدینی مەلا فەندییەوە مێوانداری کرابوو، بـارزانی بـە بەردەمی قوتابخانەکەماندا تێپەڕی، پێشتریش کاك ئەحمەدی براگەورەم باسی پاڵەوانیەتی ئەو زاتەی بۆ کردبـووم، هـەروەها ئەوەشـم بـیر ناچـێتەوە، کـە بارزانی لەبەهاری ساڵی ١٩٤٥ سەردانی دەشتی دزەییـاتی کـردو دوو سـێ رۆژ لەناوچەکەدا مایەوە، هەر کـاك ئەحمـەدیش بـۆی گێڕامـەوە: کۆمەڵـە لاوێکی دزەییان کە ژمارەیان پەنجا کەس زیاتر بووە بەڵێننامەی پشتگیریان بۆ بارزانی نووسـیوەو تیایـدا وتویانـە ئەگـەر حکومـەت لـە بەڵێنـەکانی پاشگەزبێتەوە ئەوا پاڵپشتی لە شۆڕشی کورد دەکەن. کـاك ئەحمـەد دەقـی ئەو بەڵێننامەیەی لەناو کیفکی دەمانچەکەیدا شاردبۆوە.

دوای ئاڵۆزبوونی بارودۆخەکـەو پاشـگەزبوونەوەی حکومـەت، یـەکێك لەوانەی کە ئیمزای لەسەر بەڵێننامەکە کردبوو دەستگیرکراو نهێنییەکـەی لای حکومەت درکانـد، مەفرەزەیـەکی پـۆلیس بـە سـەرۆکایەتی مفـەوەز محەمەد ناسراو بە (محەمەد ئۆتزبیر) بۆ دەستگیرکردنی کـاك ئەحمـەدی بـرام دەرچوو. ئەوکاتە کـاك ئەحمـەد لەسەرتاشـخانەی خوالێخۆشـبوو (حوسـێن سەعید حەلاق) دانیشتبوو، سەرتاشخانەکە کەوتبووە سەر ئـەو شـەقامەی کە ئەوکاتە بە ناوەڕاستی هەولێردا تێدەپەڕی، کاك ئەحمەد هەسـت دەکـات ئەو مەفرەزەیە بۆ دەستگیرکردنی هاتوون، هەوڵ دەدات بەڵێننامەکە لـەناو کیفکی دەمانچەکەی دەربهێنێت. پۆلیسەکان وادەزانن کاك ئەحمەد تەقەیان لێ دەکات بۆیە دەکشێنەوە، ئەمیش بەڵێننامەکە فڕێدەداتـە نـاو جۆگەلـە ئاوێـك، پۆلیسـەکان هەنـدێك پارچـەی بەڵێننامەکـە لـەناو جۆگەلەکـە



www.mukiryani.com

دەردەهێنن‌و هەندێك ناویان دەست دەكەوێت‌و دەستگیریان دەكەن، كە كاك ئەحمەدیش یەكێك بوو لەوان، ئەوانە (تا كۆتایی شۆڕشی بارزان لە ساڵی ١٩٤٥و كشانەوەی بارزانییەكان بۆ كوردستانی ئێران‌و پەیوەندی كردنیان بە كۆماری كوردستان) هەر لە تەوقیفدا مانەوەو دوایی ئازاد كران.

كاتی هەڵگیرسانی شۆڕشی بارزان لە ساڵی ١٩٤٥ لە پۆلی یەكەمی ناوەندی بۆ پۆلی دوو دەرچووبووم‌و تەمەنم (١٣) ساڵ بوو، چەند حەزم دەكرد تەمەنم گەورەتر بوایەو بچووما یەتە ریزی شۆڕشەوە یان یاوەری بارزانی بام بۆ یەكێتی سۆڤیەت، قەدەریش وابوو دوای پانزە ساڵان یەكێك بووم لەوانەی كە بێمە رێزی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول بە سەرۆكایەتی بارزانی پاڵەوان، هەر قەدەریش وابوو یەكێك بم لە كەسە نزیكەكانی بارزانی‌و چەند پایەیەكی سەرەكی لە شۆڕشدا بە ئەستۆوە بگرم‌و ئینجا ببمە یاوەری بەڕێزیان لەو كاتەی بە مەبەستی چارەسەركردنی نەخۆشی شێرپەنجە رووی لە ئەمەریكا كردو سێ ساڵ لەیەك خانوودا لە خزمەتیدا بووم، ئای لە قەدەرو ئای لە خۆشی‌و خەمم لەیەك كاتدا، خۆشییەكەم ئەوەبوو، كە لە خزمەت بارزانی دابووم‌و یاوەری بووم، خەمەكەشم ئەوەبوو كە لەو بارودۆخە ناهەموارەدا دەژیایین.

دوای ئەوەی خاكی كوردستانی عێراقی جێهێشت، بارزانی بە خاوو خێزان‌و هەندێك لە خزم‌و كەسەكانی‌و كۆمەڵێك لە پەنابەران روویان لە شاری نەغەدەی كوردستانی رۆژهەڵات كرد، بارزانی نەمر دركی بەو پیلانە چەپەڵە دەكرد، كە دژ بە گەل‌و شۆڕشەكەی لەلایەك‌و دژ بە خودی خۆیشی لە ئارادابوو، بارزانی قوربانی بەناوو پایەو پاشەڕۆژی خۆی دا تا میللەتەكەی لە میحنەتێكی گەورەتر رزگار بكات، لەو بوارەدا ئەوپەڕی حیكمەت‌و دووربینی نواند.



www.mukiryani.com

وەك پێشتر ئاماژەم بۆ کرد ، سەرەڕای ئەو بارە ناهەمووارە ورەی بارزانی زۆر بەرز بوو، بەوپەڕی گەشبینی دەیڕوانییە پاشەڕۆژو لەو باوەڕەدابوو، کە میللەتەکەی بە مافە ڕەواکانی خۆی دەگات، هەردەم هاندەری پێشمەرگەکان بوو، کە پاشەڕۆژێکی پڕشنگدار چاوەڕێیان دەکات، کە بێگومان لە بەرژەوەندی میللەتەکەماندا دەبێت.

دوای ڕۆیشتنی بارزانی بۆ ئێران، ئێمە بۆ جێبەجێکردنی هەندێك کاروبار لە کوردستانی عێراقدا ماینەوە، لەبەر زەبری ئەو کارەساتە گێژو وڕ بووین، کاك مەسعوود بە ڕێگای هەندێك لە باوەڕپێکراوەکانی خەریکی شاردنەوەی هەندێك چەكو تەقەمەنی بوو، تا لە پاشەڕۆژدا سوودی لێ ببینین بەتایبەتی چەکە قورسەکان کە لەناو دەبردرانو گواستنەوەیان زەحمەت بوو، ئێمە ژمارەمان کەم بوو، ئەگەر تووشی هێرشێك بهاتباین بە زەحمەت دەمانتوانی بەرگری بکەین، دوو ڕۆژ لە بارەگای بارزانی لە حاجی ئۆمەراندا ماینەوە، شوێنەکە چەند هەفتەیەك پێشتر وەك کوورەی هەنگ تژی بوو لە جوولەو کارو پڕ بوو لە پێشمەرگەو میوانو زۆربەی ڕێنماییە سیاسیو سەربازییەکانی شۆڕش لەوێوە دەردەچوون.

ڕۆژی ١٩٧٥/٣/٢٧ هەر هەموومان بە دڵێکی پڕ لەخەمو حەسرەت خاکی کوردستانی عێراقمان جێهێشت بەرەو چارەنووسێکی نادیار هەنگاومان نا، ڕوومان لە ئێرانی ئەو (شا)یە کرد کە غەدری لێ کردینو بۆ لەناوبردنی شۆڕشەکەمان لە پیسترین پیلاندا بەشداربوو.

خوالێخۆشبوو شەهید (سامی عەبدولڕەحمان) هەردەم دەیوت کە حەز ناکات لە باوەشی ئەو شایەدا بژیت، کە غەدری لە میللەتەکەمان کردووەو دەیوت شا بە نیسبەت ئێمەوە لەو پیاوکوژە دەچێت کە باوکی منداڵێکی کوشتو پاشان دایکەکەی مارە کردووەو بە تۆبزیش منداڵەکەی بردە لای



www.mukiryani.com

خۆی، منیش بە شەهید سامیم وت ئێمە حەز ناکەین لە ئێراندا بژین، بەڵام بۆ کوێ بچین‌و چ لەم ژمارە زۆرەی پەنابەران بکەین، وەك نێچیر تەسلیم بە سەدام حوسێنیان بکەین تا بە ئارەزووی خۆی یاریان پێ بکات، ئەی پاشەڕۆژی بارزانی، کە سەرکردایەتی شۆڕشەکەی کردین چی دەبێت؟

بڕیارمدا لەتەك بارزانی بمێنمەوە، بەرامبەر بەخواو ویژدانی خۆم پەیمانم دا کە هەر لەنزیك بارزانیدا بمێنمەوەو تەنیا مردن بتوانێت لێکترمان جیابکاتەوەو میللەتەکەشمان سەر لەنوێ دێتەوە کۆڕی تێکۆشان‌و بە مافە رەواکانی خۆی دەگات.

هەردەم قسەکەی رۆژنامەنووسی فەرەنسی (ئەریك رۆلۆم)م بیردەکەوێتەوە، کە لە رۆژنامەی (لۆمۆند)دا کاری دەکرد، هاوینی ١٩٧٤ لە پاریس ئەو رۆژنانووسە من‌و شەهید سامی بۆ ماڵەکەی خۆی داوەت کرد، رۆلۆ وتی: شای ئێران لە چاوپێکەوتنێکی رۆژنامەوانیدا پێی وتوە: (شۆڕشی کورد وەك بۆڕی ئاوەو قفڵەکەی لای منە، هەر کاتێك بمەوێت دایدەخەم). ئیتر ئەوەبوو کە روویدا، گەورەترین هەڵەی شۆڕشی کورد ئەوەبوو تەواو پشتی بە شای ئێران بەست، ئەگەرچی ئەمریکاش وەك لایەنی سێیەم بەڵێنیدا کە بێتە ناو کێشەکەوە.

بەم جۆرە بەبێ ویستی خۆمان وەك پەنابەر چووینە ناو خاکی ئێرانەوەو لەوێ ئاسوودە نەبووین، بە درێژایی ئەو ماوەیەی، کە لەو وڵاتەدا بووین، حکومەتی ئێران سیفەتی پەنابەری سیاسی پێ نەبەخشین، ئەگەرچی خاوەنی سەرجەم مەرجەکانی ئەو پەنابەرییە بووین، کە نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیاری لەسەر دابوو، ئێران بە ئەنقەست وایکرد تا بتوانێت بە ئاسانی هەڵسوکەوتمان لەگەڵدا بکات.



www.mukiryani.com

ئێستاش وا دەستم کردووە بە نووسینی بەرگی سێیەم لـە یادگارەکـانم، هەرچەندە ماوەیەکی زۆر بەسەر بڵاوبوونـەوەی بـەرگی دووەمـدا تێپـەڕیوەو زیاتر بەساڵاچوومو تەمەنم گەورەتر بـووەو بـیرم کـۆڵتر بـووە، بـەڵام لەبـەر گرنگی ڕووداوەکانی دوای نسکۆی شۆڕشی ئـەیلوول لـە سـاڵی ١٩٧٥ بـە پێویستم زانی کە هەوڵبدەم یادگارەکانی ئەو ماوەیـە تۆمـار بکـەم لەگـەڵ ئەوەی کە هێزی نووسینم زۆر کەم بۆتەوە، ئیتر پشت بەخوا وا دەستم پێکردو داوا لە خوێنەری بەڕێز دەکەم بۆ هەر هەڵەیـەکی کـە بەرچـاوی دەکـەوێت بمبوورێت.

دە ساڵ زیاتر بەسەر دەرچوونی بەشی یەکەمو دووەمی ئەو بیرەوەریانـەدا تێپەڕیوە، ئەوکاتە نیاز نەبوو بەرگی سێیەم بنووسمەوە، بۆیە سەرۆك بارزانی کە بە سوپاسەوە پێشەکی بۆ هەردوو بەرگەکە نووسی، ئاماژەی بەو بەرگـە نەداوە، دوای ئەمە بینیم هەندێك ڕووداوی گرنگ قەوماون کە من تیایانـدا ژیاومو بەشداربووم، بۆیە بە پێویسـتم زانـی لـە گێڕانـەوەیان بـەردەوام بمو بەرگی سێیەمیش بە چاپ بگەیەنم، لەبەر بـاری تەندروسـتیو بەناوسـاڵدا کەوتنمو تەمبەڵیش، ئەو بەرگە ئەو هەموو ساڵە دواکەوت.

ئێستا هەشتا ساڵی تەمـەنم تێپەڕانـدوە، یـادەوەریم لاواز بـووە، داوای لێبووردن لە خوێنەری بەڕێز دەکەم ئەگەر هەڵەیەکم هەبێت یـان مێـژووی ڕووداوەکانم بە هەڵە تۆمارکردبێت، ئەم کتێبە سێ بەشەو بە گـوێرەی ئـەو ڕووداوانەی کە لەو ساڵانەدا قەوماون تۆمار کراوە، بەشی یەکەم لە نسکۆی شۆڕشی ئەیلولی مەزنەوە دەستپێدەکات تا وەفاتی سەرکردەی شۆڕش مـەلا مسـتەفا بـارزانی، بەشـی دووەم لـە کۆچـی دوایـی بـارزانی نـەمرەوە دەستپێدەکات تا ڕاپەڕینە مەزنەکەی گەلەکەمان لە ئاداری سـاڵی ١٩٩١،



www.mukiryani.com

بەشی سێیەم ئەو ڕووداوانەی بەخۆوە گرتووە کە دوای ڕاپەڕینە مەزنەکە تـا ڕووخانی ڕژێمی بەعسو سەدام حوسێن قەوماون.

لەگەڵ بلاّوبوونـەوەی ئـەم بەشـەدا ، چـەندان ڕژێـم گـۆڕاونو چـەندان سەرکردەو لێپرسراویش لەسەر تەخت نەماون، ئـەوەی خـەڵکی لـە سـێدارە داوە یان کوشتوە، خۆیشی لە سێدارە دراوە یا کـوژراوە، هەندێکیشـیان بـە مردنی خۆیان کۆچی دواییان کردووە، ئەگەر شایستەی ئـەوەن، خـوا لێیـان ببووڕێت، هەروەها چەندان کەس لەو بەشـەدا ناویـان هـاتووە کـە دنیایـان جێهێشـتووە، جـا چ بـە مردنـی خۆیـان بێـت یـان شـەهیدبوون، خـوا بیانبەخشـێتو بەهەشـتی بـەرین جێگـەیان بێـت، هیـوادارم لـە ئاسـتی ڕەزامەندی خوێنەری بەڕێزدا بم.

**موحسین دزەیی**
**هەولێر**



www.mukiryani.com

# بەشی یەکەم

## لە نسکۆی شۆڕشی ئەیلوولەوە
## تا کۆچی بارزانی نەمر
## ١٩٧٩/٣/١ — ١٩٧٥/٣/٦



www.mukiryani.com

www.mukiryani.com

# بۆ تاران بانگ کراین

کە چووینە خاکی ئێرانەوە من یەکسەر چوومە نەغەدە، خاوو خێزانم لەو شارەبوون، لەگەڵ خاوو خێزانی کاکەی ئامۆزام خانوویەکی سێ ژووریمان بەکرێ گرت، ژمارەمان شازدە کەس بوو، بارزانی نەمرو هەموو خزمو نزیکەکانیشی لەگەل هەندێك لە سەرکردەکانی شۆڕش هەر لە نەغەدە بوون.

ڕۆژانی دوایی مانگی ئاداری ساڵی ١٩٧٥، ماڵەکەی من هەردەم تژی بوو لە میوانو زۆربەیان خەڵکی هەولێر بوون، جگە لە خزمەکانم، کە لە شارەکانی نزیك نەغەدە نیشتەجێ بوون، هەر هەموویان واق وڕمابوونو نەیاندەزانی چی بکەن، ئاخۆ بۆ عێراق بگەڕێنەوەو سوود لەو لێبووردنە گشتییە وەربگرن کە لە مانگی ئاداردا کۆتایی دەهات؟ یاخود لای ئێمە بمێنننەوەو چاوەڕێی چارەنووسێکی نادیار بکەن؟ ئەو پرسیارانەیان ئاراستەی من دەکرد، منیش هیچ وەرامێکی دڵنیاکەرەوەم لەلانەبوو.

ئەو خانووەی بارزانی تیایدا نیشتەجێ بوو بریتیی بوو لە باڵەخانەیەکی حکومی کە دەیڕوانییە سەر گۆڕەپانێکی گەورەو لە خانووی دیکە جیاکرابووەوە، ڕۆژانە ئەو گۆڕەپانە تژی دەبوو لە پەنابەران تا چاویان بە بارزانی بکەوێتو لەسەر ئەو بارودۆخە قسەیان بۆ بکات، ناچاربووین خیوەتێکی گەورە هەڵبدەینو کورسی تیا دابنێین، لە دەروازەی گۆڕەپانەکەش



www.mukiryani.com

خیوەتێکی دیکەمان هەڵدا تـا پێشـوازی میوانـان بکـەین و لـەم رووەوەش لایەنی ئەمنی لەبەرچاو گیرا.

پێش کۆتایی مانگی ئادار بە یەك رۆژ، کە حکومەتی عێـراق بڕیـاری لێبوردنی تا کۆتایی مانگی نیسانی سـاڵی ١٩٧٥ درێـژکردەوە، هـەر لـەو کاتەدا حکومەتی عێراق بە حکومـەتی ئێرانـی راگەیانـد کـە ئامـادەگی بارزانی لەناو پەنابەران و نزیك سنووری عێراق بە سلبـی کار لە گەڕانەوەی پەنابەران دەکات و ژمارەیـەکی کـەم دەگەڕێنـەوە، بۆیـە وا بـەباش دەزانـن بارزانی لەو ناوچەیە دووربخرێتەوە تا پەنابەران بتوانن بە ئازادی بگەڕێنـەوە (حکومەتی عێراق وابیری دەکردەوە).

حکومەتی ئێران بڕیاری دا بارزانی بۆ تاران بانگ بکات بـە هەنجـەتی وتووێـژ کـردن دەربـارەی کاروبـاری پەنابـەران لـە ١٩٧٥/٤/٢ بـۆ ئـەم مەبەستە باڵەفڕەیەکی تایبەتییان ئامادەکرد، ئەوانەی یاوەری بارزانی بـوون وەك لەبیرم مابێت، خوالێخۆشبوو ئیدریس بارزانی، دکتۆر مـەحموود عـەلی عوسمان، شەهید سامی عەبدولرەحمان، خوالێخۆشبوو هەژاری شاعیرو مـن و چەند پاسەوانێك لەوانە: خوالێخۆشبوو حاجك محەمەد، مەلا بـرایم، عـەلی سلێمان، کە ئێستا فەرماندەی پاسـەوانانی سـەرۆك مەسـعوود بارزانییـەو عـەلی عـەلی. چـووینە تـاران، دکتـۆر شـەفیق قـەزاز (بەڕێوەبـەری نووسینگەکەمان لە تاران) و شەمسەدین موفتی و شێخ محەمەد هەرسـینی و سەرداری حەمەغا لەوێ بوون، دوای دوو رۆژ هەر یەك لە هاواری کاکەزیاد (نوێنەری شۆڕش لە بەریتانیا) و عـەزیز شـێخ رەزا نوێنـەری بـارزانی لـە بەیروت گەیشتن تا ئاگاداری بارودۆخەکەبن، هەندێك پارەمان دا بە هـاوارو عەزیز تا بچنە نەغەدەو لەوێ چاوەڕێمان بکەن و ئێمەش لە تاران ماینـەوە، هەندێك لە بەرپرسانی ساڤاك سەردانیان دەکردین و لەوانە ژەنەڕاڵ مەنسوور



www.mukiryani.com

پوورو جەمشید ئـەمانی، بـەلاّم سـەرۆکەکەیان (ژەنـەراڵ نەسـیری) تـەنیا جارێك سەردانی کردین‌و یارمەتیدەرەکەشی (ژەنەراڵ موعتەزید) یـەك دوو جار هاتە لامان.

جەمشید ئەمانی لێپرسراوی مێوانداری‌و یاوەریکردنی ئێمـەبوو، دوای کەمتر لە هەفتەیەك لە جەمشیدمان بیستەوە، کە پێویسـتە لـەم کاتـەدا بارزانی لە تاران بمێنێتەوەو ئەوانی تریش ئازادن لـە رۆیشـتن یـان مانـەوە، بڕیاردرا هەریەك لە ئیدریس‌و دکتۆر مـەحموودو سـامی بچـنەوە نەغـەدەو من‌و هەژاریش لە تاران لای بارزانی بمێنینەوە.

هەندێك لە کەسانی دەروون لاوازو هەلپەرست بە تایبەتی ئەوانەی کـە لە شۆڕشدا سوودمەندبوون دەستیان کرد بە سەرکۆنەکردنی سـەرکردایەتی شۆڕش بەتایبەتی خودی بارزانی‌و دەیانویست لـە بەرپرسـیارێتی رابکـەن‌و هەموو ئەو کارەساتە بخەنە ئەستۆی بارزانی، گومـانی تێدانییـە کـە هـەر هەموومان‌و هەریەك لە ئاستی شوێنی خۆی بەشێك لـە بەرپرسـیارێتیمان بەردەکەوت، جا ئەو بەشە بڕو قەبارەی هەر چەندێك بووایـە، ئەوپـەڕی بـێ ویژدانی بوو هەموو لێپرسراوێتیەکە بخرێتە ئەستۆی بارزانی، چونکە رۆژگار ئەوەی سەلماند ئەو سەرکردەیە چەند دووربین‌و حەکیم بوو، نامەوێت بەرگری لە بارزانی بکەم، رۆژان دروستی دووربینی‌و حیکمەتی ئەو زاتەی سـەلماند، دەمەوێت هەڵوێستی هەندێك کەسان لە رۆژگاری تەنگانە پیشان بدەم، کـە چۆن لە بەرپرسیارێتی رادەکەن‌و کاتێکیش شۆڕش لە لووتکەدابوو چۆن لە ریـــزی پێشـــەوەبوون‌و ئەگـــەر رەخنەیـــەکی بنیاتنـــەر لـــە شـــۆڕش‌و بەرژەوەندییەکانی میللەت بگیرابا ئەوا رووبەڕووی دەبوونەوە.

بارزانی خوالێخۆشبوو دەیزانـی، کـە لـە دەوروبەریـدا چـی روودەدات، هەردەم گوێی لە رەخنەو پێشنیاری میوانان بەتایبەتی پەنابـەران دەگـرت،



www.mukiryani.com

هەوڵی دەدا ورەی رووخاویان بەرزبکاتەوە، دوای گەڕانەوەی برایان ئیـدریس‌و دکتۆر مەحموودو سامی، لە هۆڵی میوانخانەکەی ساڤاك من‌و هەژار لەگەڵ بارزانی دانیشتبووین‌و سـەیری رۆژنامـەمان دەکـرد، بـارزانی هەسـتایەوەو رووی لە ژوورەکـەی خـۆی کـرد، پاسـەوانە تایبەتییەکـەی خوالێخۆشـبوو (حاجك محەمەد) راوەستابوو، بـارزانی بـانگی کردمـە لای خـۆی‌و دەسـتی لەسەر شانم داناو بە دەنگێکی پڕ حەسرەت پێی وتم ((هەنـدێك لـە کەسـە نزیکەکان دەیانەوێت لە ئاوی لێلدا مەلـە بکـەن‌و تـا لـە بەرپرسـیاریەتی رابکەن‌و لێپرسراوێتیەکە بخەنە ئەستۆی من، من لە لێپرسراوێتی راناکـەم، بەڵام دەبێت ئـەو راسـتییە بـزانین کـە پیلانێکـی نێودەوڵـەتی گـەورە بـۆ شۆڕشەکەمان لە ئارادابوو، هەڵوێستی شۆڕش چەند باش بوایە ئـەوان ئـەو پیلانـەیان هـەر ئـەنجام دەدا)). ئینجـا بـارزانی داوای لێکـردم گـوێ لـە پڕوپاگەندەی ئەوانە نەگرم‌و بە قسەو قسەلۆکیان هەڵنەخەڵەتێم.

ئەو قسانەی بارزانی زۆر کاریان لێکردم، بە ئەوکی پڕ لە گریان‌و چاوی بە فرمێسکەوەو دوای تێپەڕبوونی (٣٠)ی سـی سـاڵ بەسـەر ئـەم رووداوە ئێستاش لەبیرمە کە وەرامم دایەوەو وتم: ((گەورەم من دە ساڵە بـەڵێنم بـە خواو ویژدانی خۆم داوە هەر لە پاڵ تۆدا بووەستم، جـا بـارودۆخ هەرچـۆنێك بێت، تەنیا مردن لێکترمان جیادەکاتەوەو هیواداریشم مەرگم بە پێشی ئێوە بکەوێت‌و خوا شایەدە لەسەر قسەکانم)).

ویستم دەستەکانی ماچ بکەم، بەڵام قبوڵی نەکردو وتی: (بەسە، بەسە، بڕوات پێ دەکەم‌و ئێستا بڕۆ). من گەڕامەوە هۆڵەکە، وشـەکانی هـەر لـە گوێمدا دەزرنگانەوەو بەخۆم وت ئای لە زوڵمـی قـەدەرو توندوتیژییەکـەی، دوای تێپەڕبوونی سی ساڵ ئەمە یەکەم جارە ئەم رووداوە باس دەکەم.



www.mukiryani.com

سەردانو دیداری ئەو خەڵکانە بەردەوام بوو کە دەیانویست بـۆ عێـراق بگەڕێنەوە، هەندێکیان بۆ سەفەر ئیزنیان وەردەگرت، هەندێکیش بڕوبیانوو هەنجـەتیان دەدۆزیـەوە، بەشـێکیش دەیـانوت لـە فـلان بازاڕگـا بـاڵیۆزی عێراقمان بینیوەو داوای گەڕانەوەی لێ کـردوون، بـارزانی هـەوڵی دەدا ورەی ئەوانە بەرزبکاتـەوە، لەبـەردەم کەسـدا ڕێگـر نـەبوو، ئەگـەر بـۆ عێـراق بگەڕێتەوە، بەڵام لـە زوڵـمو غـەدری بـەعس ئاگـاداری دەکردنـەوە، هـەر جـارێکیش یارمەتییـەکی مـادی بـە خـاوو خێزانـەکانیان دەدا، ڕۆژان بەسەرچوونو ئێمەش هەر لەو خـانووە قەشـەنگەی سـاڤاکدا بـووین، ئـەو خانووەی ڕۆژگاری شۆڕشیش کاتێك بارزانی بەکاری فـەرمی دەچـووە تـاران لەوێ دادەبەزین.



www.mukiryani.com

## دیداری ئیحسان نووری پاشا

ژەنەڕاڵ ئیحسان نووری پاشا، سەرکردەی شۆڕشی ئاگری داغ(*) لە کۆتایی سییەکانداو دوای سەرنەکەوتنی شۆڕشەکەی‌و دەربازبوونی بۆ ئێران پاش ئەوەی سالآنێکی زۆر لە بەندیخانەکانی رەزا شای باوکی محەمەد رەزا پەهلەوی بەسەربرد لەگەڵ هاوسەرەکەیدا لە تاراندا دەژیا، دەگێڕنەوە رۆژێکیان رەزاشا سەردانی ئەو گرتیخانەیە دەکات کە ئیحسان نوری پاشای تێدا بەندکرابوو، بەندییەکان دێنە لای رەزاشا، یەکێك دەستی ماچ دەکات‌و یەکێکیان داوای لێبووردنی لێ دەکات‌و یەکێکیان هوتاف بۆ ژیانی لێ دەدات، رەزاشا تێبینی ئەوە دەکات، کە تاکە بەندییەك لە شوێنی خۆی ناجوولێتەوە، لە ناسنامەی ئەو کەسە دەپرسێت، پێی دەڵێن ئەوە ژەنەڕاڵ ئیحسان نووری پاشای کوردستانی تورکیایە، رەزاشا دەچێتە لای، ئیحسان نووری پاشا تەوقەی لەگەڵ دەکات‌و سلاو لەیەکتر دەکەن، رەزاشا دەڕوات‌و دوای ماوەیەك شا ژەنەڕاڵ ئیحسان ئازاد دەکات‌و مافی پەنابەری سیاسی دەداتێ.

بارزانی دەیزانی ژەنەڕاڵ لە تارانە، هەردەم داوای لە لێپرسراوان دەکرد کە دیدارێکی بۆ رێکبخەن، هەر جارەی بە هەنجەتێك وەرامیان دەدایەوە

(* ) لە دەقە عارەبییەکەی ئەم بەرگە بە هەڵە نووسرابوو (شۆڕشی دێرسم) بەلاّم بەڕێز کاك (دەروێش سەعدۆ) لە کوردستانی باکور کە عارەبییش دەزانی بۆی راستکردمەوە، سوپاسی دەکەم.



www.mukiryani.com

گوایە نەخۆشە یا لە دەرەوەی تارانە، وەك بزانم، بارزانی بە ڕێگـای هەنـدێك لــە باوەڕپێكراوەكـانی بەتایبــەتی ئەوانــەی ژەنــەڕاڵیان دەناســی یارمــەتی مادیشی بۆ دەنارد.

دوای تێپەڕبوونی دە ڕۆژ بەسەر چوونمان بۆ تاران، ڕۆژێكیــان جەمشــید ئەمانی هاتە لامانو بە بارزانی وت: دەتــەوێت ســەردانی ئیحســان نــووری پاشا بكەیت؟ بارزانی بە بەڵێ وەرامی دایەوە: ئەگەر بكرێت؟، وتی ئــەمڕۆ لە ماڵی ژەنەڕاڵ دیدارەكەتان بۆ سازدەدەم، هەستم كرد بارزانی بەو هەواڵــە زۆر بە شەوق نەبوو، كە ئەمانی ڕۆیشت بارزانی وتــی: چــەندان جــار داوای ئەو دیــدارەم كــردووەو هــەر جــارەی بڕوبیانوویــەكیان دەهێنایــەوە، ئەوانــە دەیانەوێت جووتە سەركردەی دوو شۆڕشی سەركوتكراو بەیەكەوە دابنیشــین، چونكە چێژ لەو دیمەنە وەردەگرن.

عەسری ئەو ڕۆژە، لەگەڵ ئەمانی چــووینە مــاڵی ژەنــەڕاڵ، پێشــتر بــە ژەنەڕاڵیان وتبوو، كــە چــاوەڕێی چــەند میوانێــك بكــات، ژەنــەڕاڵ لەگــەڵ هاوسەرەكەیدا لە شوقەیەكی سادە دەژیان بریتی بوو لە ژوورێكی نووســتنو ژوورێكی دانیشتن، ناوی گەڕەكو شەقامەكەم لەبیر نەماوە، ژەنەڕاڵ لەبەردەم شووقەكەدا پێشوازی كردین، ئەو ئێمــەی نەناســیو بــارزانییش خــۆی پــێ نەناساند، ئەمانی بە زەردەخەنەیەكەوە وتی: ئەوە مەلا مستەفای بارزانییە، ژەنــەڕاڵی بەساڵاچــوو دەســتی لــەملی بــارزانی كــرد، دیمــەنێكی یــەكجار خەمباربوو، چاومان پڕ بوو لە فرمێسك، بــارزانی لــەو هەڵوێســتانەدا زۆر بوێرو خۆڕاگربوو، ژەنەڕاڵ لەبەر بەساڵداكەوتنو ژیانی نزیكەی (٣٥) ســاڵ لە تاراوگە نەیتوانی كۆنترۆڵی خۆی بكــات، دوای ســەعاتێك دانیشــتن بــە دڵێكی پڕ لە حەسرەتو كەسەر ماڵاوایمان لە ژەنەڕاڵو هاوسەرەكەی كرد.



www.mukiryani.com

بۆ دووەم جارو دواجار لە مانگی کانوونی یەکەمی ئەو ساڵەدا لە ماڵی بارزانی نەمر لە عزێمییەی کەرەج کە (٤٠) کیلۆمەتر لە تارانەوە دوورە، چاوم بە ژەنەڕاڵ کەوتەوەو دکتۆر یوسف زەنگەنەش یاوەری بوو، بەبۆنەی کۆچی دوایی شێخ بابۆ هاتبوونە پرسەکە.

هەر بەم بۆنەوە وتارێکی دکتۆر زەنگەنەم لە رۆژنامەی (بارزان)دا کە خاوەنەکەی برادەری دێرینم عەبدولقادر حەمەدەمینە خوێندەوە، لەو وتارەدا زەنگەنە ئاماژە بە دیدارێکی نهێنی نێوان بارزانیو ژەنەڕاڵ ئیحسان نووری پاشا دەکات لە یەکێك لە نەخۆشخانەکانی تاران، لە کاتێکدا کە بارزانی هەندێك نەخۆشو برینداری بەسەرکردۆتەوە، لە راستیدا من هیچ زانیارییەکەم دەربارەی ئەو سەردانەی کە دکتۆر زەنگەنە باسی دەکات لەلا نییەو گوێم لێ نەبووە، بەڵام لەو بڕوایەدام بەبێ چاودێریی ساڤاك بوار بە بارزانی نەدەدرا سەردانی نەخۆشخانەکان بکات، لەسەردانەکەی ماڵی ژەنەڕاڵدا وا بەدیارکەوت، کە یەکەم جارە لەگەڵ بارزانی چاویان بەیەکتر دەکەوێتو بۆ ژەنەڕاڵ هودمە بوو، نازانم ئاخۆ زەنگەنە ئەو زانیارییەی لەلایەو من پێم نەزانیوە؟

دوای تێپەڕینی چەند مانگێك بەسەر سەردانەکەی بارزانی بیستمان کە مۆتۆڕسایکلێك لە ژەنەڕاڵ ئیحسان نووری پاشای داوەو لە تەمەنی هەشتا ساڵیدا گیانی سپاردووە، بە نوێنەرایەتی بارزانی لەگەڵ ئیدریسو هەژار چووین بۆ مەراسیمی بەخاك سپاردنو پرسە، لەگەڵ خۆماندا چەپکە گوڵێکمان برد، کە بەچەند دەربڕینێکی پڕ سۆزو ناوی بارزانی رازابووەوە، ئەو خەڵکەی لەوێ بوون زۆربەیان خەڵکی کوردستانی ئێرانو ژمارەیەکیش لە پەنابەرەکانیان لەگەڵدا بوو، کاتێك تاجەگوڵینەکەو ناوی بارزانییان بینی دەستیان کرد بە گریان، یەکێك لە بەشداربووان لام وایە دکتۆر



www.mukiryani.com

شیرازی بوو لە مەهاباد پزیشك بوو هۆنراوەیەكی پڕ سۆزی خوێندەوەو پاشان كاك ئیدریس بەناوی بارزانی سەرەخۆشی لە هەمووان كرد.

پاشان رووممان لە ماڵی ژەنەراڵ كرد، كە تژی بوو لە ئافرەتانی كورد، چووینە ژووری ژەنەڕاڵ هاوسەرەكەی زۆر بە كوڵ دەگریا، نە فارسی نەكوردی نەدەزانی، هاوسەری مستەفا بەگ جەمیل پاشا لەتەك هاوسەری ژەنەڕاڵ بە زمانی توركی پرسەنامەی بارزانی پێڕاگەیاند، هاوسەری ژەنەڕاڵ بە توركی هەندێك قسەی كرد، ئەوەندەی تێگەیشتم دەیوت: ((ئیحسان بۆ لەم تاراوگەیە جێتهێشتم؟، بەتەنیا چی بكەم!)). تێبینی ئەوەم كرد دوای چل ساڵ لەو ولاّتە خۆی بە غەریب دەزانی، دوای چەند ساڵێك ئەویش كۆچی دوایی كرد. خوا لە هەموویان خۆش بێت.



www.mukiryani.com

## هەندێك لە خزمەكانم گەڕانەوە عێراق

دوای سەرلەنوێ دەستپێكردنەوەی شەڕ لە ئاداری ساڵی ١٩٧٤ ژمارەیەكی زۆر لە هاوڵاتیانو فەرمانبەرانو پێشمەرگە هاتنە ریزی شۆڕشەوە، حكومەتی بەعس خانەوادەی ئەو كەسانەی بەزۆر كۆچ پێدەكرد تا لەو ژمارە زۆرە رزگاری بێتو باری سەرشانی شۆڕشیش بە رادەیەك قورس بكات، كە لە توانایدا نەبێت بەخێویان بكات، وەك بینیمان ئۆردوگاكان تژی بوون لە پەنابەرو ژمارەیان گەیشتە چارەكە ملیۆنێك، جگە لە دەیان هەزار كەسی تر كە لە شارو گوندەكان نیشتەجێ بوون، بێگومان ئەم بارودۆخە زۆر گیروگرفتی كۆمەلاّیەتی لێكەوتەوە.

ژمارەیەكی زۆر لە خزمو برادەرو دۆستو كەسانی عەشیرەتەكەم هاتبوونە ریزی شۆڕشەوە، ژمارەیەكیان لەگەڵ یەكەم لێبوردن لە كۆتایی ئاداری ئەو ساڵەدا گەڕانەوە، لەنیوەی مانگی نیساندا كاكەی ئامۆزام (عەبدولقادر دزەیی) كە برای خێزانەكەمە لە نەغەدەوە تەلەفۆنی كردو وتی: هەندێك لە خزمەكانم لە عێراقەوە هاتوونو داوای گەڕانەوەمان لێ دەكەنو پێویستە پرس بە بارزانی بكەین.

بارزانی بڕیاری دابوو بۆ گەڕانەوە رێگا لە كەس نەگرن، بەتایبەتی ئەوانەی توانای كاری جددیان نییە، بۆ گەڕانەوەی كاكەو خزمانی دیكەش رەزامەندی پیشاندا، دوو رۆژ مۆڵەتم لە بارزانی وەرگرت تا بەرێیان بكەمو هەمان رۆژ چوومە ورمێ لەوێوەش چوومە نەغەدە، بینیم خزمەكانم



www.mukiryani.com

بەتایبەتی ئەوانەی کە مەترسیان لەسەر نییە حەز دەکەن بگەڕێنەوە، بەلاّم هەندێك لە برادەرە عەسکەرییەکان حەزیان دەکرد بمێننەوە، ڕۆژی پاشتر بۆ مۆڵەت وەرگرتن لەگەڵ کاکە چووینە لای کاك ئیدریس، کاك ئیدریس کاکەی دەناسیو هیوای خێروخۆشی بۆ خواستن، بەراستی دیمەنی ماڵئاواییەکە پڕ لە سۆز بوو، لە نەغەدە ماڵئاواییم لە هەمووان کرد، دوایی زانیمەوە لەسەر سنووری عێراق هەندێك لە خزمەکانمو لە پێشەوەیان کاك ئەحمەدی برام لە پێشوازی دابوون، ئیسماعیل ئاغا مەجیدی خەڵکی نەغەدەبوو بۆی گێڕامەوە، کە بەراستی دیمەنێکی یەکجار پڕ لە ئێشو ئازاربوو، کاتێك گەیشتنە ناو خاکی عێراق، ئیسماعیل ئاغای نەغەدە پیاوێکی بەتوانابوو، لەوێ زۆر خزمەتی ئێمەو پەنابەرانی کرد، برایان ئیدریسو مەسعوود دەیانناسیو ماوەیەك بە پەنابەری هاتە کوردستانی عێراقو ئێستاش لەگەڵ خێزانەکەی لە نەرویژ دەژین.

دوای ئەوە بە پەلە گەڕامەوە لای بارزانی لە تاران.



www.mukiryani.com

## خانووی میوانداریمان بەجێهێشت

گەڕامەوە تارانو ژیانمان وەك پێشتر رۆتینی بوو، تەنیا منو هەژارو چەند پاسەوانێك یاوەری بارزانی بووین, رۆژانە دکتۆر شەفیق قەزاز نوێنەری شۆڕش لە تاران سەردانی دەکردین، نوێنەرایەتی شۆڕش لە تاران تا ئەوکاتە هەرمابوو، ئامێری لاسلکیەکەی رۆژانە پەیوەندی بە مەڵبەندەوە دەکرد لە نەغەدە، هەروەها سەرداری حەمەئاغاو شێخ محەمەد هەرسینی سەردانیان دەکردین، جگە لە لێپرسراوە ئێرانییەکان جەمشید ئەمانی رۆژانەو جارجاریش لە رۆژێکدا دووجار سەردانی دەکردین، هەندێك جاریش ژەنەڕاڵ موعتەزیدی جێگری سەرۆکی ساڤاكو ژەنەڕاڵ عەلی مەنسوور پووری بەرپرسی ساڤاك سەردانیان دەکرین، ئەمانی زۆر جار دەیبردینە دەرەوە تا ئەو باڵەخانەو خانووانەمان پیشان بدات، کە خەریك بوو تەواو دەبوون تا بزانین بۆ نیشتەجێبوونی هەندێك لە پەنابەرانی حیزبو شۆڕشو بارزانیو کەسە نزیکەکانی دەست دەدات.

هەردوو خوالێخۆشبووان لیوا روکن کەمال مستەفاو عەمید روکن تەها یاسین کە دوو ئەفسەری غەیرە کورد بوونو هاتبوونە ریزی شۆڕشەوە جارجار سەردانیان دەکردین، ئەو دوو ئەفسەرە بەتایبەتی یەکەمیان برادەری بارزانیو ئێمە بوون، لەبەشی دووەمی ئەم کتێبەدا باسم کردوونو لەم بەشەشدا باسیان دەکەم.



www.mukiryani.com

ڕۆژێکیان ئەمانی هاتە لامانو پێی وتین، کە پێویستە بچینە میوانخانەیەکی دیکە، چونکە میوانانی بیانی دێنە میوانخانەکەی ئێمە، ئێمەیان برد بۆ میوانخانەیەك لەناوچەی (تجریش) لەباکووری تاران کە کەوتبووە نزیك بازاڕی بەناوبانگو قەرەباڵغی تجریش.

لەنیوەی مانگی نیساندا کە دوو هەفتە بوو هاتبووینە تاران کەلوپەلمان کۆکردەوە، کە بریتی بوو لە جانتایەکی دەستی بۆ هەر یەکەمانو ئۆتۆمبێلمان بۆ ئامادەکرا، چووینە شوێنە تازەکەمان، میوانخانەکە بریتی بوو لە باڵەخانەیەکی کۆنو باخچەیەکی گەورەی هەبوو و وەك شوێنی پێشتر قەشەنگو خاوێن نەبوو ژووریشی کەمتر بوو، نهۆمی دووەم بۆ بارزانیو پاسەوانانی تەرخانکرا، هەر لەو نهۆمەدا ژوورێك بۆ کوڕەکانی بارزانی تەرخانکرا ئەگەر جارجار بهاتنایە بۆ تاران، لە نهۆمی خوارەوەش ژوورێکی نووستن بۆ من تەرخانکراو ژوورێکیش بۆ هەژار، گومانم هەبوو ئەو ژوورانەی بۆ ئێمە تەرخان کرابوون ژووری نووستن بن، بەڵکو لە ئەسڵدا نووسینگە بوونو بۆ ئێمە فەرش کرابوون.

دوای دوو ڕۆژ، کاك ئیدریسو محەمەد عەزیز قادرو هەندێك لە پاسەوانان هاتن لەوانە ئەحمەد سەعیدو شەهید عومەر ئاغا (کۆنە برادەرمان)و سلێمان حادی، ئەو پاسەوانانە هاتنە شوێنی پاسەوانە کۆنەکان، چونکە ئەوان پێویستییان بە پشوودان بوو، ئیدریس لە ژوورە زیادەکەی نهۆمی تەرخانکراو بۆ بارزانی نیشتەجێ بوو، محەمەد عەزیزیش چووە لای هەژار.

دوای دوو ڕۆژ، لە نەغەدەوە تەلەفۆن بۆ بارزانی کرا، پێیان وت کە (لوقمان)ی کوڕی دەیەوێت بگەڕێتەوە عێراق، بارزانی لوقمانی بانگ کردە تارانو ڕۆژی دوایی پێش نیوەڕۆ گەیشت، دوای سڵاوو بەخێرهێنان بارزانی



www.mukiryani.com

له لوقمانی پرسی، که بۆ دەیەوێت بگەڕێتەوە بۆ عێراق، لوقمان هەندێك پۆزش‌و هەنجەتی هێنایەوە، بارزانی لێی تووڕەبوو، پێی وت: لەسەرەتاوە بۆ هاتیتە ئێران؟ تا ئێستا سێ هەفتە تێنەپەڕیوە. لەو باوەڕەدابووم لەبەر دوو هۆكار بارزانی بەم شێوەیە هەڵسوكەوتی لەگەڵ كوڕەكەیدا كرد، یەكەمیان لە بارودۆخێكی دەروونی خراپدابوو پێی ناخۆش بوو لەو میحنەتەدا ئەگەر یەكێك لە كوڕەكانی پشتی تێبكا ئاخۆ خەڵكی دیكە چۆن دەبن؟ هۆكاری دووەمیش ئەوەبوو لەوكاتەدا ژەنەڕاڵ مەنسوور پوور لەوێ ئامادەبوو، بارزانی ویستی كە ئێرانییەكان هەست بەوە بكەن لەو جۆرە ئیشانەدا ئاسانكاری لەگەڵ كوڕەكانیشیدا ناكات.

كاك ئیدریس لوقمانی بردە دەرەوەو پێی وت: با تۆزێك بحەسێتەوە، بردیە ژوورەكەی من، لەو باوەڕەدام ئیدریس قسەی لەگەڵ كردبووو بارودۆخی باوكیانی بۆ شرۆڤە كردبوو، لەكاتی فراقیندا لوقمانم بەهێمنی هاتە بەرچاوو چەند رۆژێك لامان مایەوەو هەموو شت گەڕایەوە دۆخی جاران، جارجار دەچووینە ناو باخچەكەو پیاسەمان دەكرد.

سپێدەیەك لەگەڵ گزنگدا چاوم كردەوە بینیم لوقمان خەریكە گۆرەوی لەپێ دەكات، وامزانی وەك جاران دەچێتە ناو باخچەوە بۆیە بایەخم بەو حاڵەتە نەداو نووستمەوە، كاتێك خەریكی چێشت خواردن بووین بینیمان لوقمان دیار نییە، پاسەوانی دەرگاكە كە ئێرانی بوو وتی: زوو چووەتە دەرەوە، پاشان زانیمان رووی كردۆتەوە بالوێزخانەی عێراق لە تاران‌و ئەوانیش رەوانەی عێراقیان كردۆتەوە.

دوای چەند ساڵێك‌و لە پاییزی ساڵی ١٩٨٠و دوای هەڵگیرسانی شەڕی نێوان عێراق‌و ئێران، لوقمان‌و براگەورەكەی (شێخ عوبەیدوڵلا) لەلایەن رژێمی سەدامەوە شوون بزركران، هەردوو رەحمەتی برادەری نزیكم بوون،



www.mukiryani.com

دوای کەمتر لە سێ ساڵ لە شوون بزرکردنیان رژێمی سەدام پرۆسەی بەدناوی ئەنفالی دژ بە بارزانییەکان دەسپێکرد، لەو پرۆسەیەدا نزیکەی هەشت هەزار بارزانی کە تەمەنیان لەنێوان ١٢_٧٠ ساڵاَن بوو شوون بزرکران، ئەوانەی کە شون بزرکران سابیری کوڕی بارزانیو نزیکەی ٣٥ کەس لە خانەوادەی بارزانی، کە نەوەو برازاو خزمە نزیکەکانی بوون، لە بیابانی باشووری خۆراوای عێراق زیندەبەچاڵ کران، ئەمە بەشێك بوو لە تاوانەکانی رژێمی سەدام دەرهەق بە گەلی کورد.

دوای چەند رۆژێكو لە کۆتایی مانگی نیسانی ئەو ساڵەداو دوای بەسەربردنی مانگێك لە تاران رێگایان پێداین تا بگەڕێینەوە نەغەدە، هەمووومان گەڕاینەوە تەنیا هەژار نەبێت، کە چووە سەردانی خانەوادەکەی لە مەهاباد، ئەو شارەی کە دوای رووخانی کۆماری کوردستان بە سەرۆکایەتی شەهید قازی محەمەد، هەژار سی ساڵ بوو نەیبینی بوو.



www.mukiryani.com

# تەقە لە ماڵی شێخ بابۆ کرا

خوالێخۆشبوو شێخ محەمەد بابۆ، برای بارزانیو ساڵێك لەو گەورەتربوو، لە خانوویەکی نزیکی ماڵی بارزانی دادەنیشت، شێخ بابۆ بە ڕەوشتی بەرزو دینداریو زوهد ناسرابوو، لە هەموو لەزەتێکی دنیا بەدوور بوو، بارزانی زۆری خۆشدەویستو ڕێزی لێ دەگرتو هەردەم چاودێری دەکرد، ڕۆژانە بەر لە خۆرئاوابوون سەردانی دەکردو دوای ئەوەی دنیا تاریك دادەهات دەگەڕایەوە شوێنی خۆی.

لەنیوەی مانگی ئایاردا بووین، ماڵی شێخ بابۆ دەیڕوانیە کێڵگەیەکی فراوان، کە هیچ بەربەستێکی لەبەردەمدا نەبوو، لەو خانووەدا گەراجی ئۆتۆتۆمبێل کرابوو بە ژوورێك لەشێوەی دیوەخان، هەموو عەسرێك پەنابەرانو پەیڕەوانی شێخی بارزانو میوانانی دیکە سەردانی شێخیان دەکردو زۆر جاریش شیویان لەوێ دەخوارد.

ئەو ڕۆژە بارزانی لەسەردانی شێخ بابۆ دواکەوت، چونکە کاری دیکەی هەبوو، نیو سەعات دوای خۆرئاوابوون، لە ماڵەوە گوێم لە دەنگی تەقە بوو، بە پەلە خۆم گەیاندە ماڵی بارزانی، لەبەر دەرگا بارزانیم بینی، کە هەندێك لە کوڕەکانیو پاسەوانەکانی دەورەیان دابووو لێ نەدەگەڕان بڕواتە دەرەوە، بارزانی هاواری بەسەر هەمووواندا کردو سواری ئۆتۆمۆبێلێك بووو ڕووی لە ماڵی شێخ بابۆ کرد، منیش سواری ئۆتۆمۆبێلەکەی خۆم بوومو هەندێك پاسەوانیش بوونە یاوەرم.



www.mukiryani.com

که گەیشتینە ماڵی شێخ بابۆ زانیمان دوژمنـان تەقـەیان لـەو ماڵـە کردوە بەتایبەتی لەو ژوورەی کە عەسـران بـارزانی تیایـدا دادەنیشـت، لـە ئەنجامی ئەو تەقەیەدا ئافرەتێك بەناوی (ستی) کە لە پەیڕەوانی عەشـیرەتی بارزان بوو لەوێ کاری دەکرد، شەهید بوو، دوای ئەوەی سـلاوّمان لـە شـێخ بـابۆ کـردو تۆزێـك لای دانیشـتین، هەنـدێك لێپرسـراوو پـۆلیس هاتنـە شوێنەکەو پاسەوانانی بارزانیش هەموو کـارێکی پێویسـتییان بەئەسـتۆوە گرتو پاشان هەموومان بلاّوەمان لێ کرد.

گومانی زۆر بۆ ئەوە دەچوو نۆکەرانی موخابەراتی عێراقـی ئـەو کـارە ترسنۆکەیان ئەنجام دابێتو ڕۆژان بەسەر دەچوونو ئێمەش پێشوازی شـاندی پەنابەرانمان دەکرد، کە لە باکوورو باشـوورو شـارەکانی کوردسـتانی ئێـران بلاّوببوونەوە، حکومەتی عێراقیش هەموو مانگێك ماوەی لێبووردنی درێـژ دەکردەوەو شاندی دەنارده لای پەنابەران تا بگەڕێنەوە، بەلاّم بێ سوودبوو.



www.mukiryani.com

## سەردانی خیوەتگای پەنابەران

وەك باسم كــرد، پەنابــەران حــەزیان نــەدەكرد بــۆ عیــراق بگەڕێنــەوە، ئەگەرچی هەلسوكەوتی حكومەتی ئێرانیش باش نەبوو، پەنابەران باوەڕیـان بە رژێمی بەعس نەبوو، نەشیاندەویست پشــتی بــارزانی بەربــدەن، ژمــارەی پەنابەران لە دووسەد هەزار تێپەڕیو زۆربەشیان لاوبوون، بۆیــە حكومــەتی عێراق دەترسا دووبارە ئەوانە چــەك هــەڵبگرن، هــەر وایــش بــوو كــە دوای ساڵێك شۆڕشی گولان هەڵگیرسا.

رژێمی بەعس بارزانی بە كۆسپی هەرەگەورە لــە قەڵــەم دەداو وا بــیری دەكــردەوە، كــە بــارزانی تەگــەرەی ســەرەكییە لەبــەردەم گەڕانــەوەی ئــەو پەنابەرانــەو هــەموو لــەژێر فــەرمانی ئــەودانو بــە ئــارەزووی خــۆی هەڵسوكەوتیان لەگەڵدا دەكــاتو هــەر یــەكێكیش بــەلای ئــەو رژێمــەدا بابداتەوە ئەوا لەناودەبرێت.

لام وایە لەنیوەی مانگی حوزەیران دابووین، رۆژێكیــان ژەنــەڕاڵ عــەلی مەنسوور پوور هاتە لای بارزانیو وتی: كە (شــا)و دەســتەلاتدارانی ئێــران لەسەر داخوازی حكومــەتی عێــراق داوا دەكــەن كــە بــارزانی یــەكێك لــە بــاوەڕپێكراوانی دەستنیشــان بكــات تــا لەگــەڵ بەرپرســانی ئێــران بــەناو ئۆردوگای پەنابەراندا بسووڕێنەوەو پێیان بڵێن، كە بارزانی لاری لــەوە نییــە ئەگەر بۆ عێراق بگەڕێنەوە.



www.mukiryani.com

من لەو کەسە دەگمەنانــە بــووم لــە ســەرکردایەتی شــۆڕش لــە تــەك بارزانیدا مابوومەوەو هەروەها لەناو پەنابەراندا کەسێکی ڕێزلێگیراو بوومو لە ڕۆژانی شۆڕشیشدا کاروباری پەنابەران سەر بە کارگێڕی ناوەخۆ بوو، کــە من لێپرسراوی بووم، هەروەها چەند جارێك سەردانی ئۆردوگاکــانم کردبــوو، لە هەر ئۆردوگایەکدا هەندێکم دەناسین لەبەر ئەم هۆیانە منیــان بــۆ ئــەم مەبەستە دەستنیشان کردو بارزانییش تــەکلیفی کــردم، کــە ڕێــزو ســلاوی بگەیەنمە پەنابەرانو ئازادن لــەوەی بگەڕێنــەوە یــان نــا، بــەلام دەبێــت لــە دەرەنجامە ترسناکەکەی ئاگاداربن، هەمان ڕۆژ بە یــاوەری عوسمــان جــەمیل دزەیی ئامۆزام چووینە ورمــێو لــەوێش بــە باڵــەفڕێکی تایبــەت چــووینە کرماشان بــەناو ئۆردوگــای پەنابەرانــدا ســووڕاینەوە، کــە ســەردانی هــەر ئۆردوگایەکم دەکرد ژمارەیــەکی زۆرم لــە پەنابــەران کــۆدەکردەوەو ســلاوی بارزانیم پێڕادەگەیاندن، کاتێك ناوی بارزانییان بەرگوێ دەکــەوت، دەســتیان بە چەپڵەڕێزان دەکردو هوتافیان بە ژیانی بارزانی دەکێشا، پێم وتن: بارزانی لە گەڕانەوە ئازادی کردوون، بەلام ئێمــە هــیچ بەرپرســیاریەتیەك لــە هــەر دەرەنجامێکی خراپ بە ئەستۆوە ناگرین.

لە ئۆردوگایــەکی لاوە زگورتییــەکان لام وایــە نــاوی (ڕوانســەر) بــوو زۆربەیان قوتابی زانکۆو هەڵگری بڕوانامە بوون، گومانیان کرد، کــە ئێمــە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە ڕەوانە کرابین، بۆیە دەستیان بە هەراو هۆریــاو ژاوەژاو کرد، هەریەك لــە ژەنــەڕاڵ مەنســوور پــوورو بەڕێوەبــەری ســاڤاکی کرماشانو یاوەرەکانیان چوونە نــاو ئۆتۆمبێڵــەکانیانو خۆیــان لەبەرچــاوان بزرکرد، منو عوسمان لەنێوانیاندا ماینەوە، کە مەسەلەکەمان تێگەیانــدن هێوربوونەوەو ئینجا فرە شتیان داواکرد، بەڵێنی ئەوەمان پێــدان، کــە بــەم زووانە هەندێك پارەو پولیان بۆ دەنێرینو پاشان گەڕاینەوە ئەو ئوتێلەی کــە



www.mukiryani.com

بۆ حەوانەمان تەرخان کرابوو، لەوێ بینیمان ژەنەڕاڵ پوورو ئەوانی دیکە بە دڵەڕاوکێوە چاوەڕێمان دەکـەن، ڕۆژی دوایـی شـاندێکی ئۆردوگـای نـاوبراو سەردانیان کردینو داوای لێبوردنیان لە هەلسوکەوتەکەی ڕۆژی پێشتر کرد.

دوای ئەوەی بە ئۆردوگاکانی ناوچەکەدا سووڕاینەوە چـووینە هەمـەدان کە تاکە ئۆردوگاییێکی تێدابوو، پەیامی بارزانییمان بەوانیش گەیاندو ڕۆژی دوایی گەڕاینەوە تاران، ژەنەڕاڵمان جێهێشتو لەگـەڵ عوسمـان دوو ڕۆژ لـە ئوتێلێـك حەسـاینەوەو پاشـان چـووینەوە نەغـەدە، ئـەو سـەردانەمان بـۆ ناوچەکانی سنەو هەمەدانو نزیکەی هەفتەیەکی خایاند.



www.mukiryani.com

## له نه‌غه‌ده دا

وه‌ك باسم كرد دوای به‌سه‌ركردنه‌وه‌ی ئۆردوگای په‌نابه‌ران گه‌ڕاینه‌وه نه‌غه‌ده، ژماره‌یه‌كی كه‌م له په‌نابه‌ران روویان له عێراق كردەوه، چونكه باوەڕێكی پته‌ویان به سه‌ركردایه‌تی بارزانیو پاشه‌ڕۆژ هه‌بوو، هه‌روه‌ها باوه‌ڕیان به رژێمی عێراقو خودی سه‌دام حوسێن نه‌بوو، سه‌رانی رژێمی عێراق كه هه‌ندێك كوردی سه‌ر به ده‌سه‌ڵات یاوه‌ریان بوون، ده‌هاتنه ئۆردوگاكانو به‌ڵێنیان پێده‌دان، به‌ڵام ئه‌مه كاری له په‌نابه‌ران نه‌كرد.

ده‌سه‌ڵاتدارانی ئێران ده‌ستیان كرد به دابه‌شكردنی په‌نابه‌ران به‌سه‌ر شاره‌كانی ئه‌وپه‌ڕی باكوورو باشوور، دابه‌شكردنه‌كه به‌شێوه‌یه‌كی هه‌ڕه‌مه‌كی بوو، ره‌چاوی په‌یوه‌ندی عه‌شایریو خزمایه‌تیو ته‌نانه‌ت خێزانداریش نه‌كرابوو، جاری وا هه‌بوو مێردیان ده‌برده شارێكو ژنه‌كه‌شیان ده‌برده شارێكی دوورتر، بۆ گردبوونه‌وه‌ی خێزانه‌كان تووشی زۆر كۆسپو ته‌گه‌ره هاتین، ئه‌م كارانه به‌شێك بوون له هه‌ڵسوكه‌وتی ده‌سه‌ڵاتدارانی ئێران تا فشار بخه‌نه سه‌ر په‌نابه‌ران بۆ ئه‌وه‌ی بگه‌ڕێنه‌وه، بڕی یارمه‌تیو خوارده‌مه‌نیان لێ ده‌بڕینو به‌وپه‌ڕی توندوتیژی هه‌ڵسوكه‌وتیان له‌گه‌ڵدا ده‌كردین، بوختانیان بۆ هه‌ندێك هه‌ڵده‌به‌ستا، كه هیچ تاوانێكیان نه‌بوو، په‌نابه‌ران وره‌یان به‌رنه‌داو ژماره‌یه‌كی كه‌میان گه‌ڕانه‌وه، ده‌ستو پێوه‌نده‌كانی شا هه‌ندێك جار به تۆبزی په‌نابه‌رانیان په‌لبه‌ست ده‌كردو ره‌وانه‌ی سه‌ر سنووری عێراقیان ده‌كردن.



www.mukiryani.com

کاروبــار بــەم شــێوەیە بەڕێوەچــوو و پەنابــەران لــە هەڵســوکەوتی دەسەلاّتدارانی ئێران داخ لەدڵ بوون، کار گەیشتە ئەو رادەیەی کاتێك تیپی تۆپی پێی عێراق بۆ یارییەکی دۆستانە لەگەڵ تیپی تۆپی پێی ئێران هاتنە ئەو ولاّتە، ژمارەیەکی زۆر لە پەنابەران لە کاتی یارییەکـەدا هـانی تیپـی عێراقیان دژ بە ئێران دەدا، وەك بۆیان گێڕامەوە ئەو هاندانە جۆش و خرۆشی تێکەوت و رقی لەلای ئێرانییەکان دروستکرد.

رۆژانــە پێشــوازیمان لــە ژمارەیــەك پەنابــەر دەکــردو گوێمــان لــە داواکارییەکانیان دەگرت، ئەوەی بە ئێمە کرابـا چارەسـەرمان دەکـرد، یـان لـەلای دەسـەلاّتدارانی ئێـران هـەوڵی چارەسـەرکردنمان دەدا، لـەو کاتـەدا نیوەڕۆیەك سەباح ئەحمەد مستەفا دزەیی خزمم لە نەغەدە هاتە لام، سـەباح یاوەرم بوو، لەگەڵ ژن و دوو منداڵە بچووکەکەی و هەندێك لە پەنابەران لـە عێراق مابۆوەو بەرگەی بارودۆخەکەی نەگرتبوو دووبارە هاتەوە ئێران، چەند رۆژێك لای ئێمە مایەوەو پاشان لە نزیك خۆمان خانوویـەکمان بـۆ بـەکرێ گرت، لـەجیاتی مـن و بـارزانی کـوڕم ئیشـی بـازاڕی دەکـردو ئۆتۆمبێلّـە کۆنەکەشی بۆ لێدەخوڕیم.

شێروانی کوڕە گەورەم لەدوا قۆناغی ئامادەیی بـوو، لـەکاتی نسـکۆدا تەنیا دوو مانگ لە ساڵی خوێندندا دەوامی کرد، لـە نەغـەدەدا هەنـدێك مامۆستای پەنابەر هاریکاری کوڕەکانمیان دەکرد، پاشان لەسەر رەزامەنـدی بارزانی بـە هـەوڵ و کۆششـی برایـان ئیـدریس و مەسـعوود لەسـەر ئـەوە رێککەوتین کە بۆ تەواوکردنی خوێندن شێروان بچێتە بەریتانیا، پەساپۆرتی ئێرانی بۆ دابینکرا، پێویستی بە ڤیزەی بەریتانیا نەکرد، بە تەلەفۆن قسەم لەگەڵ عومەری برام کرد (عومەر نوێنەری شۆڕش بوو لە ڤیەننا، لـەکاتی



www.mukiryani.com

هەڵگیرسانەوەی شەڕ لە ساڵی ١٩٧٤ لە بالوێزخانە کاری دەکردو فەسڵ کرا).

داوام لە عومەر کرد کە شێروان بباتە پەیمانگایەك، لەبەخت باشیش ئەندازیار نەجدەت موحسین ئاغا، کە خەڵکی هەولێرو دایکیشی پوورزام بوو لە شاری نیوبەری ویلایەتی برکشایەر کە کەوتۆتە خۆراوای لەندەن بە دووری ٦٠ میل لە کۆمپانیایەك کاری دەکرد، بە عومەری وتبوو کە شێروان دەباتە یەکێك لەو پەیمانگایانەی ئەو شارە، کە ناوی (کۆلێژی نیوبەری) بوو قوتابیانی بۆ چوونە زانکۆ ئامادە دەکرد، ئەو پەیمانگایە بەشێکی فێربوونی زمانی بۆ قوتابیانی بیانی تێدابوو، قەدەریش وابوو دوای دوو ساڵ خاوو خێزانم لە ئێرانەوە هاتن و بۆ ماوەی دە ساڵ لە شاری نیوبەری مانەوە.

ئێمە لە نەغەدە بووین و بارزان بوو بە سەرۆکی خێزان، چونکە هەردەم یاوەری بارزانی یان لەگەڵ ئیدریس و مەسعوود دابووم، بارزان لەدوا قۆناغی ناوەندیدا بو زۆر بایەخی بە وانەکانی دەداو حەزی دەکرد لە شوێنێك جێگیربین تا خوێندنی تەواو بکات.

هەموو رۆژێك دەچوومە ئەو خیوەتەی، کە بەرامبەر ماڵی بارزانی هەڵدرابوو، لەوێ کۆدەبووینەوەو باسی کاروباری پەنابەران و بارودۆخی پڕ کارەساتی خۆمان دەکرد، لەوێ هەریەك لە ئیدریس و مەسعوودو عەلی عەبدوڵڵاو عەبدوڵڵا ئاغا پشدەری و هەژارو فەرەنسۆو محەمەد عەزیزو حەمەدەمین محەمەد عەلی و سامی عەبدولرەحمان و من ئامادە دەبووین، جگە لە هەندێك کادیری لاوی نەوەی نوێ وەك عارف تیفورو محەمەد رەزاو جەوهەر نامیق و هەندێکی دیکە، کە ناوەکانیانم بیر نەماوە، ئەوانی دیکەش لە سەرکردایەتی حیزب و شۆڕش و عەسکەری و مەدەنییەکان وەك



www.mukiryani.com

عەبدولوەهاب ئەتروشیو ڕەشـید سـندی، هەنـدێك جـار دەهاتنـە ئـەوێ، هەروەها ژمارەیەكیش چوونە هەندێك وڵاتو قل قلەشیان هەڵوێستی دژ بە بارزانیان نواند، سكرتێری حیزبیش (حـەبیب محەمـەد كـەریم) دوای چـەند ڕۆژێك پاش نسكۆ چووە لای هەردوو براكەی (دكتۆر جەعفەرو هـادی) لـە تاران، كە هەرووكیان خاوەن ڕەگەزنامەی ئێرانی بوون، پاشـان لـە تارانـەوە چووە بەیروتو دوایی زانیمان گەڕاوەتەوە عێراق.

زۆر جار بەر لە نیوەڕۆ یان عەسر دەچوومە ماڵی شێخ بابۆ، وەك پێشتر باسـم كـرد شـێخ بـابۆ پیـاوێكی بـێ فیـزو دڵ سـافو ڕەوشـت بـەرزبوو، پەنابەرێكی زۆر سەردانیان دەكرد، لەوانە معاویـەی ئێـزدی كـە سـەر بـە خانەوادەی میری ئێزدیان بوو، ئەو پیاوە زمانی شڕبوو، قسەی زۆر ناشـیرینی بە نەیارانی دەوت، كە مرۆڤ شەرمی دەكرد گوێی لـەو قسـانە بێـت، شـێخ بابۆ لە هەموو ژیانی گوێی لەو قسانە نەبووبوو، بۆیە لە بێزاریـان سـەری رادەوەشاندو دەیوت (لاحول ولا قوه الا بالله) شێخ بابۆ لە ژیانیدا خـۆی لـە كەس تووڕە نەكردبوو، ناچار دەبوو تا معاویە لـە مەجلیسـەكە بێـت هـەر بێدەنگ بێت، پاشان رووی لە من دەكردو دەیوت: (موحسین تۆ بڵێی خـودا هیدایەتی معاویە نەدات تا دڵـی نـەرم بێـتو بچـێتەوە عێـراق؟). ئێمـە حەزمان نەدەكرد پەنابەران بگەڕێنەوە عێراق، بەڵام شـێخ بـابۆ تەمـەنناى دەكـرد معاویـە بگەڕێتـەوە، دوای چـەند هەفتەیـەك بیسـتمان معاویـە گەڕاوەتەوە عێـراق، چـوومە مـاڵی شـێخ بـابۆ و خەبەرەكـەم پێڕاگەیانـد، پێكەنیو وتی: (سوپاس بۆ خودا كە هیدایەتی داو دڵی نەرم كردو گەڕایەوە عێراق)، هەموومان پێكەنین.



www.mukiryani.com

# نەخۆشکەوتنی بارزانی

لە کۆتایی مانگی حوزەیراندا، تێبینی ئەوەم کرد، کە بارزانی لاواز بووەو تەندروستی بەرەو خراپی دەچێت، لەدوا مانگەکانی بەر لە نسکۆی شۆڕش بارزانی هەستی بە ئازاری هەردوو قاچو پشتی دەکرد، ئەمەم لە ئیدریسی کوڕی بیستبوو، سەرۆك مەسعوود بارزانیش لە کتێبەکەیدا (البارزاني والحركه التحرريه الكرديه)دا باسی کردووە، بۆ چارەسەری، بارزانی چووە تارانو هەندێك دەرمانی وەرگرت.

دوای نسکۆ، کاریگەری نەخۆشی بەسەر بارزانییەوە بەدیارکەوت، لەیەکەم سەفەرماندا بۆ تاران خوالێخۆشبوو ئیدریس بارزانی داوای لە باوکی کرد، کە خۆی پیشانی دکتۆر بدات، بەلاّم بارزانی رازی نەبوو، کە دکتۆرە ئێرانییەکان بینۆڕنی و چارەسەری بکەن، گەڕاینەوە نەغەدەو رۆژ لەدوای رۆژ کاریگەری نەخۆشیو ماندووبوون بەسەر بارزانییەوە دیاربوو، من جارێکیان لای ئیدریس باسم کرد، وتی: داوام لە دەسەلاّتدارانی ئێران کردووە رێگا بە باوکم بدەن بە مەبەستی چارەسەری بچێتە دەرەوەی ئێران.

لە ورمیێ هەندێك جار بە رێگای دکتۆر ئەسفەندیار شوکری چاومان بە (نیومان) دەکەوت، ئەو نیومانە کونسوڵی ئەمەریکا بوو لە تەورێزو هاوسۆزی بەرامبەر ئێمە پیشان دەدا، لە دیدارێکدا ئیدریس بارزانی باسی بارودۆخی بارزانی بۆ کردو ئەمیش بەڵێنی دا ئەمە بگەیێنێتە حکومەتەکەی.



www.mukiryani.com

ئێمــه چــاوەڕێی ڕەزامەنــدی حکومــەتی ئێرانمــان دەکــرد، بــەڵام بــێ هوودەبوو، پاشان ڕەزامەندیان پیشاندا، کە بێتە تــاران خــۆی بــۆ ســەفەری دەرەوە ئامادەبکــات، ئەوکاتــە لــەنیوەی مــانگی تــەمووزدا بــووین، کــاك ئیدریس‌و دکتۆر مەحموودو سامی‌و هەژارو من‌و عــەلی خــەلیل خۆشــەڤی‌و هەندێك پاسەوانی تایبەت بوون بە یاوەری بارزانی.

هەموومان لەو میوانخانەیە دابــەزین، کــە ڕۆژگــاری شــۆڕش، بــارزانی لەکاتی سەردانەکانی بۆ تاران تیایدا دادەبەزی بەتایبەتی، کە دەچــووە لای (شــا)و لێپرســراوە ئێرانییــەکان، دوای شــەوێك پشــوودان ڕۆژی دوایــی پزیشکێکی ئێرانی هات‌و وتی: ڕاپۆرتێك دەدات بە بالوێزی ئەمــەریکا تــا ڕەزامەندی ڤیزای ئەمەریکا بۆ بارزانی وەربگرێــت، بــارزانی ڕازی بــوو کــە پزیشکەکە پشکنینی بۆ بکات.

ئەوکاتەی پزیشکەکە دەیڕوانیە بارزانی، ئیــدریس‌و دکتــۆر مــەحموودو من لە ژوورەکە بووین، لەکاتی پشکنیندا (گرێ)یەکم بە قەبارەی هێلکــەی چۆلەکە لەلای ڕاستی ملی بارزانی بەدی کرد، وەك پێشتر وتم مــن پزیشــك نەبووم، بەڵام لە پزیشکانم بیستبوو، کە ئەم جۆرە گرێیانە چــی دەگەیــەنن، هەستم بە دڵەڕاوکە کرد، پزیشــکەکە دوای ئــەوەی چــەند دەرمــانێکی بــۆ بارزانی نووسی چووە دەرەوە، بارزانی بایەخی بەو دەرمانانــە نــەداو لام وایــە هەر بەکاریشی نەهێنان.

دوای ڕۆیشــتنی پزیشــکەکە دەربــارەی گرێیەکــە پرســیارم لــە دکتــۆر مەحموود کرد بەو پێیەی، کە پزیشکی تایبەتی بارزانی بــوو، ئــاخۆ پێشــتر ئەو گرێیەی هەبووە یان نا؟ وەرامێکی تــەواوم دەســت نەکــەوت، بــەڵام لــە قسەکانی گەیشتم، کە گرێیەکە تازە دروست بووە، ئەمەم بــە ئاماژەیــەکی خراپ هاتە بەرچاو.



www.mukiryani.com

چەند هەفتەیەك چاوەنواڕی ڕەزامەندی ئەمەریکامان کرد تـا بـارزانی سەفەرەکەی بکات، ڕۆژانـە پێیـان دەوتـین، کـە ڕەزامەنـدی لـە واشـنتۆن نەگەڕاوەتەوە، نازانم دواخسـتنی ئـەو سـەفەرە ڕێککـەوتنی نێـوان ئێـران‌و ئەمەریکا بوو یان نا؟ یاخود هەڵوێسـتی شەخسـی بـوو، مـن لەگـەڵ ڕای یەکەم دام، بەتایبەتی دوای ئەوەی کە پزیشـکەکە نەخۆشـییەکەی بـارزانی دەستنیشان کرد هەر دوولایان لەسەر ئەوە ڕێککەوتن سـەفەرەکەی بـارزانی دوابخەن تا نەخۆشییەکە زیاتر زەفەری پێ ببات‌و چارەسەری زەحمـەت بێـت، هەردوولا دەیانزانی ئەگەر بارزانی ئەو سەفەرە بکات ئەوا لە دەرەوە ڕاسـتی خیانەتی (شا)و کیسنجەرو ئەمەریکا ڕیسوا دەکات.

لەوکاتەدا تەلەفۆنێکم لـە کـاك حوسـێنی سـەید ئەحمـەدی خانـەقاو (بارزان)ی کوڕمەوە بۆ هات‌و پێیـان وتم، کـە هاوسـەرەکەم زۆر نەخۆشـەو پێویستی بە نەشتەرگەری زراو هەیە، ئەوکاتەی من خەریکی تەلەفۆن بووم بارزانی هەر لەو ژوورەدا بوو، پرسی مەسەلە چییە؟ شـتەکەم تێگەیانـد، فـەرمانی کـرد تـا هاوسـەرەکەم بێننـە تـاران، (ئـەمانی)ش لای ئێمـە دانیشتبوو، یەکسەر پەیوەندی بە کاربەدەستانی (ورمێ)وە کردو هەمان ڕۆژ هاوسەرەکەم گەیشت، کە پەیمانی کچم‌و (بارزان)ی کـوڕم‌و بورهـان ئاغـای دزەیی ئامۆزام‌و هاوسەری عوسمان جەمیل دزەیی‌و دکتـۆر خەسـرەو دزەیـی یاوەری بوون.

هاوسەرەکەم لە نەخۆشخانە کەوت‌و پەیمان لای مایەوە، بورهان ئاغـاو (بارزان)ی کوڕیشم لە ئوتێلێکی نزیك نەخۆشـخانەکە دابـەزین، بـۆ ڕۆژی دوایی (عەبدۆك باوە)ش هاتە لامان، خوالێخۆشبوو کاری سەرتاشی دەکردو خەڵکی هەولێر بوو، کەسێکی سادەو دڵ ساف‌و زۆر متووی ئێمەبوو، مـاڵ‌و منداڵی لە هەولێر جێهێشتبوو، بۆ دڵنیایی هاتبووە لامان عەبدۆش چـووە



www.mukiryani.com

ئەو ئوتێلەی کە بورهان ئاغاو بارزان تیایدا دابەزیبوون، دوای نەشتەرگەری هەفتەیەك هاوسەرەکەم لەنەخۆشخانە هاتە دەرەوەو بۆ پشوودان چەند رۆژێك لە ئوتێل مایەوە، دوای ئەوەی چاك بووەوە هەموویان گەڕانەوە نەغەدە.

ئەو ماوەیەی کە هاوسەرەکەم لە نەخۆشخانە بوو خاتوو نیگاری هاوسەری دکتۆر ئەسفەندیار شوکری رۆژانە دەچوو بۆلای‌و چەند سەعات لای دەمایەوە، نیگار لەگەڵ دکتۆر ئەسفەندیار لەتاران چاوەڕێی رەزامەندیان دەکرد تا بچن بۆ ئەمەریکا، ئێستا لەگەڵ منداڵەکانیان لە شاری (دیترۆیت)ی ویلایەتی (میشیگان)دا دەژین، خوا پاداشتی هەموویان بداتەوە.

جەمشید ئەمانی ئەفسەری ساڤاك رۆژانە دەهاتە لامان، ئەو پیاوە لێپرسراوی چوونە دەرەوەو دیدارەکانمان بوو، کە ئێمە هەندێك رۆژ پاش عەسران دەچووینە دەرەوە تا ئەو کۆمەڵگانە بەسەر بکەینەوە کە فرە کۆمپانیای ئێرانی لە دەرەوەی تاران دروستیان دەکردو پاشان دەیانفرۆشتنەوە، دوای چەندان سەردان‌و بینینی چەندان کۆمەڵگە لەسەر ئەوە رێککەوتین کە بۆ نیشتەجێبوونی سەرۆك بارزانی چەند باڵەخانەیەك لە گەڕەکی عزێمیەی کەرەج کە ٤٠ کیلۆمەتر لە رۆژئاوای تارانەوە دووربوو هەڵبژێرین، کۆمەڵگەکە بریتی بوو لە (١١١) خانوو جگە لە سێ خانووی دیکە کە فەرش کرابوون‌و هەرسێکیان لەریز یەکتربوون‌و لەوانی دیکەوە جیاکرابوونەوە، وتیان ئەو کۆمەڵگایە لە کۆتایی ساڵدا واتە دوای چوار پێنج مانگی دیکە تەواو دەبێت، وەجبەی یەکەم لە مانگی تشرینی یەکەمدا تەواو دەبێت، کە ژمارەیان ٢٥ خانوو بوو، جگە لەو سێ خانووەی



www.mukiryani.com

کە باسم کرد، ئەو سێ خانووە بۆ جێنشین بوونی بارزانی یان هەر خزمێکـی کە خۆی حەزی لێ بوایە تەرخان کران.

کاك ئیدریس‌و دکتۆر مەحموود گەڕانـەوە نەغـەدە، ئێمـەش (سـامی، هەژار، من، عەلی خەلیل خۆشەڤی، پاسەوانەکان) لای بارزانی ماینەوە، لە کۆتایی مانگی ئاب بیستمان کە شێخ محەمـەد خالیـد لـە هەلسـوکەوتی هەندێك لە کاربەدەستان سەبارەت بـە پەنابـەران دڵگـیر بـووەو هەڕەشـەی ئەوەی کردووە، کە دەگەڕێتەوە عێراق، بارزانی شـێخ محەمەدخالیـدی بـانگ کردە تاران تا ئەگەر ڕەزامەندی وەرگیرا بۆ سەفەری ئەمەریکا یاوەری بێـت، شێخ محەمەد خالیـد هاتـە تـاران‌و کـاك ئیدریسـیش یـاوەری بـوو، ئەمـە لەسـەرەتای مـانگی ئەیلولـدا بـوو، بـارزانی شـێخ محەمەدخالیـدی زۆر خۆشدەویست‌و ڕێزی دەگرت، چونکە کوڕە گەورەی شـێخ ئەحمـەدی بـارزانی پێشەوای ڕۆحی سەرجەم عەشیرەتەکانی بارزان بـوو، هـەروەها بـارزانی بـێ سنوور شێخ ئەحمەدی خۆشدەویست، چونکە براگەورەی بوو، هەروەها لـەلای هەموو کورد خاوەنی ڕێزو پایە بوو، چونکە دڵسۆزو خـاوەن ڕەوشـتی بـەرزو دەستپاك بوو.

ڕەزامەندی بۆ سەفەری بارزانی وەرگیرا، بارزانی حەزی نـەدەکرد بچـێتە ئەمەریکا بەڵکو ولاٚتە ئەوروپییەکانی لا پەسندبوو، ئەمانی پرسـیاری ئـەو کەسانەی کرد کە دەبنە یاوەری بارزانی، ناوی (منو شـێخ محەمـەد خالیـدو عـەلی خـەلیل)یان پـێ وت، ڕۆژی دوایـی ئـەمانی هاتـەوەو وتـی: دەستەلاٚتدارانی ئەمەریکا لەسەر سـەفەری موحسـین دزەیـی ڕازی نـین بـە هەنجەتی ئەوەی پێشـتر وەزیـرو بـالیۆزی عێـراق بـووە بۆیـە دەناسـرێتەوەو نهێنییەکە کەشف دەبێت، بارزانی بەمە زۆر نیگەران بوو، پێموت: گـەروەم لەبەر من نیگەران مەبە، گرنگ ئەوەیە سەفەر بکەیت‌و بـە هیمـەتی خـوا



www.mukiryani.com

شیفات بۆ دێت، شێخ محەمەد خالید لە سەفەرەکە راڕابوو، چەند جارێك رای گۆڕی، دواجار بڕیاردرا دکتۆر شەفیق قەزاز لەجیاتی منو شێخ محەمەد خالیدو عەلی خەلیل خۆشەڤیو جەمشید ئەمانی وەك نوێنەری حکومەتی ئێرانو دەزگاکانی ساڤاك یاوەری بارزانی بن.

رۆژی سەفەرەکە، ئیدریس منی بانگ کردە پەنایەكو وتی: دەمەوێت ئەمڕۆ یارمەتیم بدەی، وتم: چۆن؟ وتی: لەکاتی بەڕێکردنی باوکمدا دەمەوێت دەستی ماچ بکەم، بەلاّم دەزانم قبوڵ ناکات، حەزدەکەم رازی بکەیت، بەڵێنمدا یارمەتی بدەم، چووینە باڵەفڕخانەی نێودەوڵەتی تاران، لەوێ جانتاکان بار کرانو بیتاقەکان مۆرکران، لەپڕ شێخ محەمەد خالید رای گۆڕیو وتی: دەمەوێت لە ئێران بمێنمەوەو حەز ناکەم سەفەر بکەم، بەرپرسان ناچاربوون جانتاکەی دابگرنە خوارەوە، دوای ماوەیەك چاوەڕوانی ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە رێبوارە فەرمییەکانیان دەگەیاندە پەیژەی باڵەفڕەکە هاتن، کاتی ماڵئاوایی دەستپێکرد، دەروونمان جۆشی دەخوارد، کاتێك نۆرەی ئیدریس هات داوای کرد دەستی باوکی ماچ بکات، بارزانی سەرەتا دوودڵ بوو، دوای تکای منو ئیدریس رازی بوو، ئیدریس دەستی باوکی ماچ کردو ئەویش هەردوو لا روومەتی ماچ کرد، ئەوان سواری باڵەفڕ بوون، ئێمەش بە دڵێکی خەمبارەوە گەڕاینەوە شوێنی حەوانەوەمان، رۆژی دوایی برادەران بڕیارياندا بگەڕێنەوە نەغەدە، من مۆڵەتم لە ئیدریس وەرگرتو بە هەنجەتی جێبەجێکردنی هەندێك کاری تایبەت وتم دوو سێ رۆژ لە تاران دەمێنمەوە، ئیدریس رازی بوو من چوومە ئوتێلی پارك، ئەوانیش (شێخ محەمەد خالید، ئیدریس، سامی، هەژار، پاسەوانەکان) گەڕانەوە نەغەدە.

مەبەستی سەرەکیم لە مانەوەم دەستکەوتنی هەندێك زانیاری بوو سەبارەت بە نەخۆشییەکەی بارزانی، دوو سێ رۆژ چاوەڕوان بووم، تا



www.mukiryani.com

بـــارزانیو یـــاوەرانی گەیشـــتە ئەمـــەریکا، رۆژی ســـێیەم تەلـــەفۆنم بـــۆ خوالێخۆشبوو محەمەد سەعید دۆسکی کردو پرسیاری تەندروستی بـارزانیم کرد، بە راڕایی وتی: نەخۆشە، پرسیم، نەخۆشـییەکەی شـێرپەنجەیە؟ وتـی: بەڵێ، بەداخەوەم کە تەشەنەی کردووە، خوا حافیزیم لێکـردو تەلەفۆنەکـەم داخست، ئەو شتە بوو کە لێی دەترسام.

جەمال مـوبینی، کـە فەرمانبـەرێکی سـاڤاك بـوو، دوای (ئـەمانی) فەرمانی بەدەست بوو، تەلەفۆنم بـۆ ئـەویش کـردو پرسـیم: ئـاخۆ شـتێك دەربارەی تەندروستی بارزانی دەزانێت، بەلاّم پێم نـەوت، کـە تەلـەفۆنم بـۆ دۆسکی کردەوە، موبینی وتی: نەخۆشەو لەژێر چارەسەر دایە، رۆژانی دوایی بە رێگای ورمێ بـە باڵـەفڕ گەڕامـەوە نەغـەدە، یەکسـەر پەیوەنـدیم بـە ئیدریسو مەسعوودو ئەوانی ترەوە کرد، بەلاّم هیچیان دەربارەی تەندروسـتی بارزانی پێ نەوتمو منیش هیچم پێ نەوتن.

چەند رۆژێك لەنەغـەدە مامـەوە، رۆژێکیـان ئیـدریس پێـی وتم، کـە پێویستە بچینە تاران تا هەواڵی تەندروستی بارزانیمـان دەسـت بکـەوێت، هیچ کام لە خانەوادەی بارزانی شتێکیان دەربارەی تەندروستی ئەو نەدەزانی، ئیدریس داوای لێ کردم خۆم بۆ سەفەر ئامادە بکەم، پێش بەرێکـەوتنم لـە ماڵەکەی خۆیدا چوومە لای سامیو راستییەکەم پێوت، بەلاّم داوام لێکـرد لای کەس باسی نەکات.

منو ئیدریسو حاجـك محەمـەد چـووینە تـاران، بـیرم نایەتـەوە ئـاخۆ پاسەوانەکان یاوەرمان بوون یان نا؟ لەجیاتی خانووی میوانداری لە ئوتێلی پارك دابەزین، رۆژی دوایی سواری ئەو ئۆتۆمبێلە بووین کە بۆمان تـەرخان کرابوو، من لەگەڵ شوفێرەکە لە پێشەوە بووم، ئیدریسو حاجکیش لـەدواوە بوون، وتم: هـەر مرۆڤێـك دوارۆژی مردنـە یـان نـەخۆش دەکـەوێت، بـەلاّم



www.mukiryani.com

کاریگەری ئەو کەسە لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێت بەتایبــەتی بــە نیسبەت خانەوادەو دەوروبەرو میللەتەکەی، لەم بارودۆخەدا پێویستیمان بــە بارزانییە تا لەم میحنەتەدا لەنێوانمانــدا بێــت، ئیــدریس بــە خەمباریــەوە پاڵپشتی قسەکانی کردمو هیوای گەڕانەوەی بــارزانی خواســت، حاجــك کــە پاسەوانی دەسپاکی بارزانی بوو، بە نیمچە تووڕەییەکەوە وتــی: ئــەم بابەتــە دابخەنو ڕەشبین مەبن.

دوای سێ ڕۆژ یەکێك لە بەرپرسانی ساڤاك، کە لام وایە مــوبینی بــوو خەبەری داینێ بارزانی بروسکەیەکی ناردووەو داوای یــەکێك لــە کوڕەکــانی (ئیدریس، یان مەسعوود) یان یەکێك لە ئەنــدامانی خێزانەکــەی دەکــات، ئیدریس وتی: ئەمە هەقی خۆمەو تەنیا بۆ مەسعوودی برام تەنازول دەکەم، هەروەها وتی: تا زووە بگەڕێینەوە نەغەدەو مەسەلەکە لای مەسعوود بــاس بکــەین، ڕۆژی دوایــی گەڕاینــەوە نەغــەدە، لەســەر ئــەوە پێکهــاتین، کــە مەســعوود بچــێتە لای بــاوکی بــێ ئــەوەی کــە شــتێك دەربــارەی جــۆری نەخۆشییەکەی بارزانی بزانێت.

کاك مەسعوود چووە ئەمەریکا، بەروارەکەم لەبیر نییە، بــەڵام لام وایــە لەنیوەی مانگی ئەیلوول یان نیوەی دووەمی ئەو مانگە وابوو، پاشان زانــیم کاك مەسعوود لە شاری (لۆس ئەنجلۆس) لە ویلایەتی کالیفۆرنیــا چــووەتە لای باوکی، بــارزانی دوایــی ئــەوەی چــەند ڕۆژێکــی لەشــاری ڕوچســتەری ویلایەتی مینیســوتا بەســەربردو لــە نەخۆشــخانەی مایۆکلینــك کۆرســی یەکەمی (کیمیوتەراپی) بۆ چارەسەری وەرگــرت، بــە مەبەســتی پشــوودان چــووە شــاری ڕۆچســتەر، ئــەو کیمیوتەراپییــە مــرۆڤ تووشــی داهێــزرانو قژرووتانەوە دەکات، پزیشکی پرۆفیســۆر دکتــۆر (جــێمس ڕەی ماکفیرســن) سەرپەرشتی چارەسەرکردنی بارزانی دەکردو پاشــان بــووە برادەرمــانو، بــە



www.mukiryani.com

خاوو خێزانەوە سەردانی دەکردین‌و ئێمەش لە ماڵەکەیدا سەردانمان دەکـرد، سەرۆك مەسعوود بارزانی لـە کتێبەکەیـدا (البـارزانی والحرکـە التحرریـە الکردیە)دا بە درێژی باسی ئەو سەردانەی بۆ لای بارزانی کردووە.



www.mukiryani.com

# له نەغەدەوە گواستمانەوە كەرەج

لەسەرەتای مانگی تشرینی یەكەمەوە، دەستەلأتدارانی ئێران پێیان ڕاگەیاندین وەجبەی یەكەمی ئەو خانووانەی كە بۆمان تەرخان كرابوو تەواو بوون، كە ژمارەیان (٢٥) خانوو بوو، جگە لەو سێ خانووە فەرشكراوانەی كە باسم كرد، لەگەڵ ئیدریس و سامی باسی ئەو خانووانەمان كرد، بڕیاردرا سەرەتا من بە خاوو خێزانەوە بچمە ئەوێ تا سەرپەرشتی دابەشكردنی خانووەكان بكەم، ئەو كەسەی كە بچووایەتە ناو ئەم خانووانەوە مافی ئەوەی هەبوو دوو خێزانی دیكە لەگەڵ خۆیدا ببات.

ئۆتۆمبێلێكی لۆری گچكەم بەكرێ گرت، چونكە كەلوپەلم زۆر نەبوو، (بارزان)ی كوڕم و سەباح و عەبدۆك باوەی سەرتاش یاوەرم بوون، دكتۆر شەفیق قەزاز، كە لەگەڵ بارزانی چووە ئەمەریكاو پێشتر نوێنەری شۆڕش بوو لە تاران ئۆتۆمۆبێلەكەی لای من جێهێشت، كە لە جۆری شۆفرلێتی ئەمەریكی بوو ژمارەیەكی تایبەتی ساڤاكی پێوەبوو، من بەو ئۆتۆمبێلە كە خێزانی خۆم و هی سەباح و منداڵەكان یاوەرم بوون چووم بۆ كەرەج.

كەرەج نزیكەی ٤٠ كیلۆمەتر لە باكووری خۆرئاوای تارانەوە دوورە. ئۆتۆمبێلی بارهەڵگریش گەیشت، لە یەكێك لەو خانووانەی كە بۆمان تەرخان كرابوو، بارگەمان خست، دەستمان بە ڕێكخستنی كەلوپەلەكان كردو كەموكوریەكانمان پڕ كردەوە، شیوێكی سادەمان بۆ خێزانەكان ئامادە كرد، كە بریتی بوو لە مریشك و خواردنی برژاو، دوای چوار ڕۆژ خێزانەكانی



www.mukiryani.com

تر گەیشتن، خانەوادەی بارزانی لای ئێمە دابەزین، دوای پشوودان چوونە ئەو خانووەی کە بۆیان تەرخان کرابوو، سێ خانووی نیمچە دوورەپەرێزو فەرشکراو لە نزیك یەکتربوون، خانووەکان ئەوەندە گەورە نەبوون، بەلاّم لە خانووەکانی دیکە باشتربوون، خانەوادەی بارزانی لە خانووی یەکەم جێنشین بوون، کە لە رووی ژمارەی ژوورو جۆری کەلوپەل لە دوو خانووەکەی تر باشتر نەبوو، خانووی دووەم بۆ شێخ محەمەد خالید تەرخان کرا، کە لە خانووی یەکەمو سێیەم باشتر بوو، خانووی سێیەمیش بۆ شێخ جەمال تەرخان کرا پیاوێکی سادەو هێوربوو هەرگیز لە شێخ خالیدی برای جیانەدەبووەوە.

خانووەکانی تریش بەسەر هەندێك لە خزمەکانی بارزانی دابەش کران، لەوانە: شێخ بابۆو کورەکانی، ئیدریسو مەسعوودو سابیرو کورەکانیو لوقمانو خانەوادەی هەندێك لە پەنابەران، سەرجەم خێزانەکانی ئەو وەجبەیە لە خانووەکانیان جێشنشین بوون.



www.mukiryani.com

## لیژنەی کاروباری پەنابەران

دوای نیشتەجێ بوونمان لە کەرەج بە چەند ڕۆژێك، پێش ئـەوەی وەجبـەی دووەمی خانووەکان دابەش بکرێن کاربەدەستانی ئێران بە کـاك ئیدریسـیان ڕاگەیاند کە بە نیازن لیژنەیەك بۆ کاروباری پەنابەران پێکبهێنن (ئەوکاتە لێپرسـراوی راسـتەوخۆی ئێمـە جـەمال مـوبینی بـوو) کـە یـەکێك لـە بریکارەکانی وەزارەتی ناوخۆ سەرکردایەتی دەکاتو دکتۆر عەباس سەڕافیان بەڕێوەی دەبات، جگە لە نوێنەری ((شێرو خورشیدی سورخ)) کە ئـاوکوفی مـانگی سوورو خاچـی سـوورەو هـەروەها نوێنـەرانی لایەنـە حکومیـەکان بەشداری تیادا دەکەن، (موبینی) داوای لە ئیدریس کرد کە یەکێك دەست نیشان بکات کە ئەندام بێتو نوێنەرایەتی پەنابەران بکات.

کاك ئیدریس ئەو بابەتەی بۆ باسکردم، کە ئاخۆ دەتوانم ئەو ئەرکـە بـە ئەستۆوە بگرم، وتم مادام بەرژەوەندی گشـتیو پەنابـەران وادەخوازێـت مـن لاریم نییە، لیژنەکە پێکهاتو بارەگایەکی تازەیان لە (کوچەی شـکۆفە)ی باکوری تاراندا کردەوە، لەوێ ژوورێکم بـۆ تـەرخانکرا، بـۆ چارەسـەرکردنی گیروگرفتی پەنابەران سەردانی ئەو بارەگایەم دەکرد. بارەگـای ئـەو لیژنەیـە ڕۆژانە تژی دەبوو لە پەنابـەر کـە لـە هـەموو لایـەکی تارانـەوە دەهـاتنو گیروگرفتەکانیان دەختسەڕوو، زۆربەی کێشەی پەنابەران بریتی بـوو لـەوەی کە پێشتر بە شێوەیەکی ڕەمەکی دابەشکرابوون بێئەوەی ڕەچـاوی بـارودۆخی خێزانیو کۆمەڵایەتیو پەیوەندیـە عەشـایەریەکانیان بکرێـت، پەنابـەران



www.mukiryani.com

دەیانویست لە یەکتر نزیك ببنەوە، منیش بەگوێرەی توانـا هەوڵمـدەدا ئـەو گیروگرفتانــەیان بــۆ چارەســەر بکــەم، کاروبارەکــان زۆر لــە ســەرەخۆ بەڕێوەدەچوونو لەگەڵ بارودۆخی پەنابەران نەدەگونجان.

بەشــی تایبــەت بــە پەنابــەران لــە دەزگــای ســاڤاك ژەنــەراڵ هــاشمی سەرکردایەتی دەکردو بەشەکەش ناوی ((بەشی هەشــتەم)) بــوو، ژەنــەراڵی ناوبراو زۆر کەم دەهاتە لای لیژنەکە، بەڵام (موبینی) کە یارمەتیدەری ئـەو بوو ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە سەرکردایەتی پەنابەرانەوە دەکـردو ئەنـدامێکی چالاك بوو، هەوڵی دەدا تا ڕادەیەکی بەرچـاو هاوکاریمـان بکـات، خـۆی وا پیشان دەدا، کە لەگەڵ ئێمەدا جدیە.

جارێکیان پەنابەرێك هاتەلام کە ژنو منداڵەکانی سەدان کیلۆمەتر لەو دوورخرابوونەوە، دەیویست یان بچێتە لای ژنو منداڵەکانی یان ئەوان بێنــە لای ئەو، چەندان جار سەردانی لیژنەکەی کردبــوو، بــەڵام بــێ ســوود بــوو، پەنابەرەکەم بردە ژووری عەباس سەرافیانی بەڕێوەبەری گشــتی، مــوبینیش لــەوێ دانیشــتبوو، دوای ســـڵاو کــردن پرســـیاری چارەنووســـی کێشــەی پەنابەرەکەم کرد، سەرافیان بە زمانێك کە وەك سووکایەتی بکـات وەرامــی دامەوە: ((بەڕێز دزەیی ئەو پەلەپەلە چییە؟ تۆ پێشتر وەزیرو باڵیۆز بوویـت لە ئسوولی موعامەلات دەزانی، پێویستە چاوەڕێ بکات))، لــەو قســەیەی سەرافیان زۆر تووڕەبوومو وتم: ((کە من وەزیر بووم کەسانی وەك تۆ لەو دیو دەرگاوە ڕادەوەوەستانو جورئەتیان نەبوو بەبێ مۆڵەت بێنە ژوورەوە، بــەڵام چ لەگەڵ قەدەر دەکەی؟ ئەگەر لەبەر خاتری ئەو لێقەوماوانە نــەبا نەدەهاتمــە ئەو ژوورە))، بە تووڕەیی هاتمە دەرەوە.

پەنابەرەکە، کە ناوەکەیم بیرنەماوە بە دوامدا هاتو لەو هەڵسـوکەوتەی سەرافیان داوای لێبوردنی کردو وتی: مــادام بــەو جــۆرە دەجوولێنــەوە مــن



www.mukiryani.com

چاوپۆشی لـه موعامەلەکـەم دەکـەم، دوای چـەند چـرکەیەك (مـوبینی) هاتەلام‌و ویستـی هێـورم بکاتـەوەو وتـی: سـەرافیانیش لـە بەرێوەچـوونی ئیشوکارەکان ڕازی نییەو ئێستا دێت داوای لێبووردن دەکات‌و هەر ئەمڕۆش موعامەلەی پەنابەرەکە تەواو دەکات.

پەنابەرەکـە چـووە هـۆڵی چـاوەڕوانی، دوای چـەند خولـەکێك دکتـۆر سەرافیان هاتە ژوورەوەو داوای لێبوردنی کردو وای پیشاندا کـە مەبەسـتی هیچ نەبووەو کاروبارەکانیش لەبەر ڕۆتین دوادەکەون‌و هەروەها بـە تەلـەفۆن قسەی لەگەڵ پارێزگاری ئەو شارەدا کردووە کە پەنابەرەکەی تێدا جێنشینەو هەر ئەمڕۆ ئیشەکە تەواو دەکەن‌و سبەینێ با بچێتە فەرمانگەی تایبـەت‌و موعامەلـەی گواسـتنەوەکەی وەربگرێتـەوە، بـانگی پەنابەرەکـەم کـردو سەرافیان پێیوت سەردانی فلانە شوێن بکات، پەنابەرەکە ڕۆیشت‌و سوپاس بۆ خوا کە ئیشەکەی پێکهات.

ئەمە یەکێك بوو لە دەیـان لـەو گیروگرفتانـەی کـە ڕۆژانـەو هەفتانـە ڕووبەڕوومان دەبۆوە، ئـەرکی ئێمـەش ئـەوە بـوو کـە بـە دوایانـدا بچین‌و چارەسەریان بکەین، لە بارودۆخی ئەو دەورو زەماندا ئیشەکەی ئێمە سـەبرو پشوودرێژی دەویست.

هەموو سبەینەیەك لە کەرەجەوە دەچوومە بارەگای لیژنـەو عەسـر یـان ئێوارە دەگەڕامەوە، ئەو ئۆتۆمۆبیلەم بۆ هاتووچۆ بـەکاردەهێنا، کـە پێشـتر لەلای دکتۆر شەفیق قەزازی نوێنەری شۆڕش لە تاران بوو، پێشـی ئـەویش لای شەمسەدین موفتی بوو، دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول نوێنەرایەتیەکە داخراو دکتۆر شەفیقیش بە یاوەری بارزانی چووە ئەمەریکاو ئۆتۆمۆبیلەکە، کە موڵکی حیزب‌و شۆڕش بوو تەسلیم بەمن کرا.



www.mukiryani.com

ڕۆژێکیان بەرەو تاران دەچووم، عەبدۆك باوەی سەرتاش داوایکرد کە یاوەرم بێت، من ڕازی نەبووم، تکایەکی زۆری کردو منیش ڕازی بووم، دوای کۆتایی ئیشەکان دانی عەسر چووینە چێشتخانەیەکی نزیك کە لام وایە تایبەت بوو بە خواردنی خێرا، دوای نان خواردن بۆ کڕینی هەندێك پێداویستی چوومە سوپەرمارکێتێك، یەکێك لەو عەرەبانانەی کە کەلوپەلی تێدەکەن بەدەستەوە گرت، عەبدۆك عەرەبانەکەی لێ وەرگرتمو بە دوای منەوە هەنگاوی ناو منیش کەلوپەلم هەڵدەبژاردو دەمخستە ناو عەرەبانەکەوە، عەبدۆك کە بە سادەییو باشیی ناسرابوو بینیم بزەی دێتێو جار جار پێدەکەنێ، وتم: مەسەلە چیە؟، وتی: بۆیە حەزم دەکرد یاوەرت بم تا عەرەبانەکەت بۆ پاڵبدەم، ئەگەر من یاوەرت نەبوومایە کێ عەرەبانەکەی بۆ پاڵدەدای؟ سوپاسم کردو ستایشی زیرەکیەکەیم کرد.

ئەمە یەکێك بوو لە سەیرو سەمەرەکانی عەبدۆك، ئەو پیاوە لەناو پەنابەران زۆر ناسراو بوو، خۆشیان دەویستو لای زۆربەی ماڵەکان نانی دەخوارد، چەند هەفتەیەك لە ماڵی من دا مایەوەو دوایی چووە ماڵی پارێزەر جەرجیس فەتحوڵلاّو پاشان لە گەراجی ماڵی یەکێك لە پەنابەران ژوورێکی دەسکەوت.

بەراستی هاتنو چوون بۆ بارەگای لیژنە بە تایبەتی هەموو بەیانیەك کارێکی پڕ لە ماندووبوونو بێزاری بوو، بەلاّم گیروگرفتی پەنابەران هانی دەدام ئەو ئەرکە ڕاپەڕێنم، کاری ئێمە جگە لە دابەشکردنی پەنابەران بەسەر شارەکانی ئێراندا، لە هەمان کاتدا هەوڵمان دەدا کاریان بۆ بدۆزینەوەو ناوبەناویش کەمە یارمەتیەکیان بۆ سەرف بکەین. پیاو بۆ خوا بڵێت پەنابەران بەرگەی ئەو هەموو دژواریو ناخۆشییەیان گرت، توانیان بەزوویی لەگەڵ کۆمەڵگەی ئێران دا خۆیان ڕابهێنن، هەر کارێکیان پێ



www.mukiryani.com

ڕاسپاردبان بە باشی جێبەجێیان دەکـرد ، تەنانـەت کرێـی ڕۆژانەشـیان لـە کرێکاراتی ئێران کەمتر بوو بۆیـە ئـەوان ئیرەییـان پـێ دەبـردن‌و هـەروەها منداڵی پەنابەران لە قوتابخانەکانی ئێراندا توانیان بەهرەی خۆیـان پیشـان بدەن‌و لە زۆربەی قوتابیە ئێرانیەکان سەرکەوتووتر بوون.

سەرەڕای ئەو هەموو ناخۆشـی‌و گیرگرفتانـە پەنابـەران پەیوەنـدیان بـە سەرکردایەتی‌و کێشەکان نەپچڕاند ، بەردەوام سەردانی سەرکردایەتی‌و ماڵی بارزانی‌و کوڕەکانیان دەکردو پەیمانیان بۆ پێ سپاردنی هـەر ئـەرکێك تـازە دەکـردەوە ، لـەکاتی هەڵگیرسـاندنی شۆڕشـی گـولان دا ، پەنابـەران ئـەو ڕاستیەیان سەلماندو سەدان کیلۆمەتریان بڕی‌و هاتنە ڕیـزی شۆڕشـەوە ، بـۆ مێژووش دەبێت ئەوە بڵێم ، لە ڕاپەڕاندنی کارەکانمدا هەریەك لـە عەبـدوڵلا ئاغای پشدەری سەرکردەی هێزی باڵەك لە شۆڕشی ئەیلولدا خوالێخۆشـبوو ئەندازیار محەمەدئەمین محەمەد عەلی بەگ ئەندامی کۆمیتەی ناوەنـدی زۆر یارمەتیان دەدام ، لەکاتی ئامادە نەبوونمدا ئەندازیار محەمەدئەمین لە جیاتی من کارەکانی ڕادەپەڕاند کە جێگەی سوپاس بوون.



www.mukiryani.com

# نەخۆشکەوتنی شێخ بابۆ

شێخ بابۆی برای بارزانی نەمر وەك پێشتر باسمکرد، پیاوێکی بەڕێزو خۆشەویستو گفتولفت شیرینو خێرەومەندو ئیماندارو بێ فیزبوو، لە ژیانیدا دڵی کەسی نەڕەنجاندبوو، بۆیە بارزانی ڕێزێکی زۆری لێ دەناو وەك منداڵێك چاوەدێری دەکرد.

شێخ بابۆ لە یەکێك لەو خانووانە دادەنیشت کە بۆ پەنابەران تەرخانکرابوونو لە ماڵی ئێمەوە نزیك بوو و زۆرجار سەردانمان دەکرد، کاك ئیدریسیش زۆربەی ڕۆژان سەردانی دەکرد تا بزانێت چ پێداویستیەکی هەیە، تاکە داواکاری شێخ بابۆ ئەوەبوو کە گیروگرفتی پەنابەران چارەسەر بکرێت، ڕۆژێك گوێم لێنەبوو کە داوای شتێك بۆ خۆی بکات، کاك ئیدریس زۆر موکرِ بوو لەسەر جێبەجێکردنی داواکاریەکانی شێخ بابۆو منیش هەروەها.

لە ڕووی جەستەییەوە شێخ بابۆ زۆر لاواز بوو، بەلاّم بە سەبر بوو، قەت نەیدەویست ببێتە هۆکاری ئەوەی خەڵك ماندوو بکات، لە سەرەتای مانگی تشرینی یەکەم تووشی ((نۆرە دڵ))یەکی توند هاتو بردمانە یەکێك لە نەخۆشخانەکانی تاران کە لام وایە نەخۆشخانەی ((جەم)) بوو، ئەمە نەخۆشخانەیەکی ئەهلی بوو و دکتۆر ((بێت مەنسور))ی ئاشوری برادەرمان کە بەڕێگای شەهید ((فەرەنسۆ هەریری))یەوە ناسیمان لە بەڕێوەبردنیدا بەشدار بوو.



www.mukiryani.com

نەخۆشخانەکە تا بلّێی خاوێن بوو، لەوێ بایەخێکی زۆریان بە شێخ بـابۆ داو هەفتەیەك مایـەوە، هـەموو ڕۆژێـك سـەردانم دەکـرد لـە یـەکێك لـە سەردانەکانمدا ((شێخ حوسێن سەید ئەحمەدی خانـەقا))ش لـەوێبوو، شـێخ حوسێن داوای شیفاو چاکبوونەوەی بۆ خواستو، شێخ بابۆ وەرامـی دایـەوەو وتی: ((یاشێخ داوای شیفا بـۆ مـن مەکـە بـەڵکو داوای شـیفا بـۆ مـەلا مستەفا بکە، ئەگەر ئەو سەلامەت بێت بۆ میللەتەکەی بەسـوودە))، کـە گوێم لەو قسانە بوو خۆم بۆ نەگیراو بەزەحمەت توانیم بەر لە فرمێسـکەکانم بگرم، تۆ دیقەت لە ئەسلّزادەیی ئەو پیاوە بدە، خۆی لەناو جێگـا کـەوتووە، بەلاّم لە تەندروستی بارزانی نیگەرانـەو داوای شـیفای بـۆ دەکـات چـونکە دەزانێت خێری بۆ میللەتەکەی تێدایە، ئـای لـە ڕۆژگـاری ئـەمڕۆدا چـەند پێویستیمان بە کەسانی وەك شێخ بابۆ هەیـە، وا وردە وردە نموونـەیان کـەم دەبێتەوەو خەریکە هەر نەمێنێت. دوای هەفتەیەك شێخ بابۆ نەخۆشـخانەی جێهێشتو چاك بۆوەو دەرمانی پێویستیشی وەرگرت.



www.mukiryani.com

# بارزانی لە ئەمەریکا گەڕایەوە

لە کۆتایی مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی (١٩٧٥) وەجبەی دووەمی پەنابەران گەیشتنە کەرەج و سی خانووی دیکەش دابەشکران، لەگەڵ هاتنی وەرزی پایزدا گیروگرفتی زۆر سەریان هەڵدا، ئەو خانووانە لە ئەسڵدا بۆ ئەوە دروستکرابوون کە بە سەفقەی بازرگانی بیانفرۆشنە ڕێکخراوی ((شێرو خورشیدی سوور))ی ئێرانی، خانووەکان لە ئاستی پێویستدا نەبوون و کەموکوڕیان زۆر بوو، بەتایبەتی لەڕووی گەرمییەوە، ئێمە خەریکی چارەسەرکردنی ئەو گیروگرفتانەو جێنشینکردنی پەنابەران بووین و پیاو بۆ خواش بلێت لەم ڕووەوە کاك ئیدریس لە هەموومان جدیتر بوو، بەردەوام پەیوەندی بە کاربەدەستانی ئێرانەوە دەکردو خێزانە پەنابەرەکانی بەسەر دەکردەوە.

لە گەرمەی ئەو کێشەو گیروگرفتانەدا، کاك ئیدریس هەواڵێکی لە دەزگای ساڤاکەوە بەدەست گەیشت و ناوەڕۆکەکەی ئەوە بوو کە لە باڵیۆزخانەی ئێران لە واشنتن بروسکەیەکیان بە دەست گەیشتووە دەڵێت کە بارزانی بەم زووانە دەگاتە تاران، دوای ئەوەی کە خولێکی چارەسەرکردنی لەوێ تەواوکرد.

ئەوکاتە لە نیوەی یەکەمی مانگی تشرینی دووەمدا بووین، من دەمزانی نەخۆشیەکەی بارزانی پێویستی بە ماوەیەکی زۆر هەیە بۆ چارەسەرکردن و گەڕانەوەی بارزانیش بەم خێراییەو تەنیا پێنج شەش هەفتە مانەوەی لە



www.mukiryani.com

ئەمەریکا لە دوو بۆچوون بەدەرنییە، یان ئەوەتە باری تەندروستی بەرادەیەك تێکچووە کە چارەسەرکردنی زەحمەتە یان ئەوەیە کە بارودۆخی سیاسی هۆکارە بۆ ئەوەی لە ئەمەریکا نەمێنێتەوە، دوای ماوەیەك بۆ چوونی دووەم ڕاست دەرچوو، لەم بارەیەوە دەزگای ساڤاك‌و CIA ڕێککەوتن.

لە (١٠)ی مانگی تشرینی دووەمی ساڵی (١٩٧٥) بارزانی‌و یاوەرانی گەیشتن، لەگەڵ ئیدریس‌و هەندێك لە ئەندامانی خانەوادەکەی‌و کەسە نزیکەکان‌و ژمارەیەکی کەم لە بەرپرسانی ئێرانی لە باڵەفڕخانەی تاران پێشوازیمان کرد، بارزانی چووە ئەو خانووەی کە بۆی تەرخانکرابوو، ئەو خانووە کاك مەسعوودیش نەیبینیبوو، شەو درەنگ بوو، حەزمان لێ بوو بارزانی پشوو بدات چونکە ماندووبوونی پێوەدیار بوو، هەروەها بەهۆی بەکارهێنانی ((کیمیوتەراپی)) باری تەندروستی ناجێگیر بوو، بارزانیمان جێهێشت‌و لەگەڵ د. شەفیق قەزاز چووینە ماڵی ئێمە، ئێوارەی ڕۆژی دوایی، هەریەك لە عەلی عەبدوڵلاو سامی عەبدولڕەحمان کە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی بوون، هاتنە لام‌و حەزیان کرد بچن بەخێرهاتنەوەی بارزانی بکەن، پەیوەندیم بە کاك ئیدریسەوە کردو ئەویش پەیوەندی بە باوکیەوە کرد، دوای ماوەیەکی کەم وتیان وەرن، چووینە لای بارزانی، دوای سلاوو بەخێرهێنانەوە بێدەنگیەکی خەمناك باڵی بەسەر هەمووماندا کێشا، کەسمان نەماندەزانی کە چۆن هەستی خۆمان دەرببڕین، دوای ماوەیەك بارزانی هەوڵیدا تەوقی بێدەنگیەکە بشکێنێت، لە هەواڵی هەموومانی پرسی‌و هەوڵیدا ئاسایی بێت‌و بەوەی جاران قسە بکات، هەندێك باسی سەفەرەکەی بۆ کردین بەلام کەسمان قسەیەکی ئەوتۆمان بۆ نەهات، هودمەکە بەنیسبەت عەلی عەبدوڵلاو سامییەوە زۆر قورس بوو، بەلام



www.mukiryani.com

بەنیسبەت منەوە تۆزێك ئاسایی بوو چونكە ئاگاداری هەندێك وردەكاری نەخۆشیەكە بوومو هەروەها ڕۆژی پێشتریش بارزانیم بینیبوو.

دوای نیو سەعات مانەوە لای بارزانی ڕۆیشتین، لەڕێگا هەموومان پەژارەیی خۆمان بەرامبەر نەخۆشیەكەی بارزانی دەربڕی بەتایبەتی كاك عەلی عەبدوڵلا، ڕۆژی پاشتر چوومە لای كاك مەسعود كەماڵەكەی كەوتبووە پشت ماڵی ئێمە تا بەخێرهاتنەوەی بكەمو زانیاری زیاترم سەبارەت بە نەخۆشیەكەی بارزانی دەست بكەوێت، بینیم كاك مەسعود لەسەر فەرشێكی سادە دانیشتووەو منداڵە گچكەكانی دەورەیان داوە، لای كاك مەسعود زانیم كە دكتۆرەكان لەڕۆژی یەكەمی پشكنینەوە لە نەخۆشخانەی ((مایوكلینك)) نەخۆشیەكەی بارزانیان دەست نیشان كردووەو بەڕێگای ((كیمیوتەراپی)) بۆ دوو دەورە چارەسەریان بۆ داناوە، بایی شەش مانگ دەرمانیان بۆ داناوە، بەلاّم پێویستە هەموو مانگێك پشكنینی بۆ بكرێتو پاشان سەردانی نەخۆشخانەی ((مایوكلینك)) بكاتەوە، هەروەها لە كاك مەسعود زانیمەوە كە سەرۆكی تیمی پزیشكی ((د. جێمس ماك فیرسن)) كەسێتی بارزانی باش ناسیوەتەوە بە تایبەتی كە گۆڤاری ((جوگرافیای نیشتمانی)) (National geographic)ی بینیوەو ئەو ژمارەیەش تایبەت بووە بە شۆڕشی كوردو بەرگەكەی وێنەی بارزانی بە سەرەوە بووە، دكتۆر جێمس گۆڤارەكەی بردووە بۆ نەخۆشخانەو زۆربەی كارمەندانی ئەویێ بینیویانە، هەروەها دكتۆری ناوبراو داوای لە بارزانی كردووە كە لەسەر بەرگی گۆڤارەكە ئیمزای بۆ بكاتو ئەمیش بۆی ئیمزا كردووە، پاشان ئەوەشم زانی كە ڕەوانە كردنەوەی بارزانی بۆ تاران بەپێی ڕێككەوتنی نێوان ساڤاكو CIA بووە، پێشتریش باسی ئەوەم كرد كە دكتۆر



www.mukiryani.com

ماكفیرسن لە دكتۆرە هەرە باشەكان بوو، بووە برادەری هەموومانو بۆ بارزانیش زۆر بەوەفا بوو.

دكتۆر شەفیق قەزاز سێ چوار ڕۆژ لە ماڵی ئێمەدا مایەوەو پاشان بۆ هەندێك كاروبار چووە تاران، دوای دوو سێ ڕۆژ بارزانی هێزی هاتەوە بەرو پەنابەران لەسەرانسەری ئێرانەوە هاتنە سەردانی، لە هەواڵی ئەو پەنابەرانەی دەپرسیو هانی دەدانو ورەی بەرزدەكردنەوە.

چەند ڕۆژێك بەسەر هاتنەوەی بارزانی تێپەڕیبوو، هەریەك لە لیوا روكن كەمال مستەفاو عەمید روكن تەها یاسین ((ئەو دوو ئەفسەرە عێراقیەی هاتبوونە ریزی شۆڕشی كوردەوەو لە بەرگی دووەمی ئەم كتێبەدا باسم كردوون)) پەیوەندیان پێوە كردمو حەزیان دەكرد سەردانی بارزانی بكەن، خەبەرم بۆ بارەگای بارزانی ناردو دوای ماوەیەك بارزانی هاتە ماڵی ئێمەو هەردوو ئەفسەری برادەری بەخێرهێنانو بۆ یادگاری چەند وێنەیەكیان گرت، منو (بارزان)ی كوڕیشم كە تەمەنی حەڤدە ساڵ بوو چەند وێنەیەكمان لەگەڵ بارزانی گرت، دوای سەعاتێك بارزانی ڕۆیشتو هەردوو میوان لای من شیویان خواردو پاشان گەڕانەوە تاران. هەموو ئێوارەیەك، دوای گەڕانەوەم لە بارەگای لیژنەی كاروباری پەنابەران سەردانی بارزانیم دەكرد، زۆربەی جار دەمبینی كە بەجلو بەرگی كوردی جارانەوە لەگەڵ پەنابەران دانیشتووە، وردە وردە تەندروستی باش دەبوو و زیندەگی دەهاتەوە بەر، دكتۆرەكان جگەرەیان لێ قەدەغە كردبوو، جار جار دەمبینی جگەرەی لە دانیشتوانی مەجلیسەكەی وەردەگرت، كاك ئیدریس هەوڵی دەدا لێنەگەڕێن جگەرەكەی بكێشێت، جارێكیان منیش هەوڵمدا، بارزانی پێكەنیو وتی ئەوانە لێناگەڕێن تۆزێك چێژ لە جگەرە وەربگرم، گەیشتینە مانگی دوایی تشرینی دووەمی ئەو ساڵە، وادەی ئەوە هات ئەو شرینقەیەی



www.mukiryani.com

که نەخۆشخانەی مایوکلینك بۆ بارزانی دەست نیشان کردبوو شـرینقەکەی لێ بدرێت، کـاك ئیـدریس دەسـەڵاتدارانی لەمـە ئاگـادارکردەوەو بـۆ ئـەم مەبەستە پزیشکێك دەست نیشان کرا، ئەم جـۆرە دەرزی لێدانـە پێویسـتی بەجۆرەها شیکردنەوەو وێنەی ئیشاعیو ئامێری تایبەت هەبوو کە تەنیا لە نەخۆشـخانەکان دەسـت دەکـەوتن، پزیشـکەکە ئەمـەی بـە لێپرسـراوان ڕاگەیاند، چووینە نەخۆشخانەی ((جـەم)) کـە دکتـۆر (بێـت مەنسـوری) برادەرمان خاوەنـدارێتی دەکـرد، چارەسـەرکردنەکە بریتـی بـوو کـە مـادە کیمیاویەکە بەڕێگای دەمارەوە ماوەی سـێ ڕۆژ لـە دوای یـەكو بـۆ مـاوەی شەش مانگ بخرێتە نـاو لەشـی بارزانیـەوە، لێـدانی ئـەمجۆرە شـرینقانەش سەعاتێکی زیـاتر دەخایانـدو نەخۆشـەکە دوای ئـەوە هەفتەیـەك تووشـی گێژبوونو رشانەوە دەهاتو ئارەزووی خواردنی کەم دەبۆوە.

لـە کـاتی چـوونمان بـۆ تـاران هـەموو جارێـك بـارزانی نـەمر سـواری ئۆتۆمبیلەکەی من دەبوو و ئیدریسو مەسعودیش یاوەری بوونو ئۆتۆمبیلی پاسـەوانانی تایبـەتیش بەدوامانـەوە بـوو، کـاك ئیـدریس لـە تەنیشـتم دادەنیشت، بارزانیو کاك مەسعودیش لەدواوە دادەنیشتن، دوای گەڕانـەوەش کاك ئیدریسو کاك مەسعود جێگۆڕکێ یان دەکـرد، (مـوبینی) نوێنـەری ساڤاكو هەندێك لە پیاوەکانی بەجلو بەرگی مەدەنیو بە چەکی سـووکەوە لە نەخۆشخانە چاوەڕێیان دەکردینو دکتۆر ((ویلسن))ی ئاشوریش هەر لـە نەخۆشخانە چاوەڕێی دەکردینو لەگەڵ دکتۆرەکـانی تـر کـاری پێویسـتیان ئەنجام دەدا، بەڕاستی دکتۆر ویلسن مایەی سوپاسو پێزانین بوو چونکە زۆر دڵسۆزانە بایەخی بە بارزانی دەدا، لە نەخۆشخانە هـەموو کارێـك ئاسـایی بەڕێوەدەچوو، کارمەندان هەموو جۆرە شـیکردنەوەو وێنـەی ئیشـاعیان بـۆ بارزانی دەکرد جگە لە چەندان کاری دیکە کە من سەرم لێیـان دەرنەچـوو،



www.mukiryani.com

لەڕووی ئەمنیشەوە دەوروبەرەکە چاك کۆنترۆڵ کرابوو تـەنیا جارێـك نـەبێت کە گەیشتینە ئەویٚ ژمارەیەکی زۆر لە پیاوانی ئەمنمان بە چەکەوە لەسـەر شەقامەکە بینی، کە پرسیمان ئەمە چیە؟ موبینی وتی هەندێك زانیاریمـان بە دەست گەیشـتووە کـە حکومـەتی عێراقـی پیلانێکـی دژ بـە بـارزانی دارِشتووە، نازانم ئەمە تا چەند ڕاست بوو یان هەر پڕۆپاگەندەیەکی سـاڤاك بوو کە گوایە خاوەن توانانەو بەرگری لە ژیانی بارزانی دەکەن، گومانیشـی تێدانییـە کـە ڕێـژیمی عێـراق دەیویسـت بـارزانی لـەناوببات‌و چـەند هەوڵێکیشـیان دا کـە پاشـتر باسـی دەکـەم. مـانگی یەکـەمی مـاوەی چارەسەرکردنەکە بەسەرچوو، بارزانی گوڕی هاتەوە بەرو وەك جاران دەسـتی بە چالاکی ڕۆژانە کردەوە کە بریتی بوو لـە سـەردانی شـێخ بـابۆی بـرای‌و بەسەرکردنەوەی پەنابەران‌و هەواڵپرسینیان، هـەموو ئێوارەیـەکیش لەگـەڵ ئیدریس‌و مەسعودی کوڕی کۆدەبۆوەو ڕێنمایی پێویستی دەدانیٚ، جارجاریش لەگەڵ ئێمە کۆدەبۆوەو ڕاسپاردەی پێویستمان لیٚ وەردەگـرت بەتایبـەت بـۆ وێناکردنی پاشەڕۆژ، لەو دانیشـتنانە جـار جـار شـەهید فرەنسـۆ ڕەشـید سندی‌و سامی عەبدولڕەحمان‌و عەبـدولوەهاب ئەتروشـی‌و هـی تـر ئامـادە دەبوون کە ناویانم لەبیر نەماوە. هەفتەی یەکەم‌و دووەمـی مـانگی کـانونی یەکەمی سـاڵی (١٩٧٥) بەسەرچـوون‌و تەندروسـتی بـارزانی ڕووەو باشـی دەچوو بەتایبەتی دوای بەکارهێنانی وەجبەی یەکـەمی ئـەو دەرمانـەی کـە نەخۆشـخانەی مایوکلینـك بـۆی دانـابوو، بـەڵام هـەمووومان لـە ١٥/١٢/١٩٧٥ بە مردنی شێخ بابۆ تاساین.



www.mukiryani.com

# کۆچی دوایی شێخ بابۆ

پێشتر باسی ئەوەم کرد کە شێخ بابۆ پیاوێکی چاكو دڵفراوانو ئاشتی خوازو خێرەومەند بوو بۆیە بارزانی ئەوپەڕی ڕێزی لێدەناو لە خۆی زیاتر بایەخی پێ دەدا، لە ژیانمدا نەمبینی دوو برا وەك شێخ بابۆو بارزانی ئەوەندە پەیوەندیان پتەوبێت، ئەوەندە بەیەکتر پەیوەیست بوون کە بارزانی وەك منداڵێك چاوەدێری دەکرد ئەگەرچی شێخ بابۆ ساڵێك لەو گەورەتر بوو، لە بەرامبەریشدا شێخ بابۆ بارزانی زۆر خۆشدەویست، وەك پێشتر باسمکرد ئەو کاتەی کە شێخ بابۆ لەبەر نەخۆشی دڵ لە نەخۆشخانە خەوتبوو هەر کەسێك بچوایە بۆ لای دەیوت داوای شیفا بۆ مەلا مستەفا بکەن وا لە ئەمەریکا لەژێر چارەسەریدایە.

شەوی (١٥)ی مانگی کانوونی یەکەم دووبارە نۆرە دڵێ یەکی توند لە شێخ بابۆی دایەوەو بەرەبەیان وەفاتی کرد، مردنی شێخ بابۆ بەنیسبەت بارزانییەوە هودمەیەکی گەورە بوو و زۆر پێی شڵەژا، ئەوەندەی لە خزمەت بارزانی دا بووم قەت نەمبینی ڕۆژێك گلەییەك بکات یان بەدەست ئازارەوە بناڵێنێت بەلاّم بە وەفاتی شێخ بابۆ خۆی بۆ نەگیراو فرمێسك بە چاوانیدا هاتنەخوارەوە، لەکاتی بەڕێکردنی تەرمەکەیدا بۆ شاری شنۆ بارزانیم بینی لەبەر دەرگا ڕاوەستا بوو، لەوکاتەدا پێشمەرگەی پاڵەوان ((کەکۆ)) کە لە شەڕێکدا پێکرا بوو و نیمچە شەلەل بوو خۆی بەسەر تەرمەکەداداو گریا، کە بارزانی ئەمەی بینی خۆی بۆ نەگیراو لە پرمەی گریانی داو ئێمەش



www.mukiryani.com

هەمووگریاین، پاشان بیستمەوە کەسانێکی دڵڕەش سەبارەت بەم هەڵوێستە قسەو قسەلۆکی قۆڕیان هەڵبەستابوو (خوا لێیان ببورێت). بە ئۆتۆمۆبیلی ئیسعاف تەرمی پاکژی شێخ بابۆ بەرەو دوا ئارامگەی لە شنۆ بەڕێ خرا، منیش بە ئۆتۆمۆبیلی لاندرۆڤەر بەرێکەوتم، هەروەها شێخ عەبدولواحید شێخ ئیبراهیم بارزانی ((وەحید)) نەوەی شێخ عەبدولسلام بارزانی برا گەورەی بارزانی نەمر کە دەسەڵاتدارانی عوسمانی لە ساڵی ١٩١٧ز لە موسڵ لەبەر هەڵوێستە نیشتمانیو نەتەوەییەکانی لە سێدارەیان دا، هات، ژمارەیەك خانەوادەی شێخانی بارزانو هەندێك پەنابەر یاوەر بوون.

ئەو دەمە چلەی زستان بوو، بەفر ڕێگاوبانی داپۆشتبوو، بە زەحمەت ئەو ڕێگایانە دەبڕدران بە تایبەتی ڕێگای دەرەوەی کەرەج بۆ ماوەی چەند کیلۆمەترێك کە ئەوکاتە چاك دەکرایەوە، ئێوارە گەیشتینە شنۆ، بۆ بەیانی تەرمی شێخ بابۆ بە خاك سپێردرا، زۆر لە پەنابەرانو جێنشینی شارە نزیکەکانو خەڵکی شنۆو مەهابادو نەغەدە ئامادەی مەراسیمی ناشتنەکە بوون، لەبەرئەوەی شاری شنۆ گۆڕستانی ئەو بارزانیانەی تێدابوو کە لەبەرگری کردن لە کۆماری کوردستان (١٩٤٥-١٩٤٧) شەهید بوون، بۆیە بڕیاردرا شێخ بابۆ لەو شارەدا بنێژرێت.

ئەوانەی کە لەبیرم ماونو لە مەراسیمی ناشتنەکەدا ئامادەبوون هەریەك لە ((ڕەشید سندیو براکانی سلێمانو هەمزەو عوسمان، فازیل میرانی، عەبدولوهاب ئەتروشی، فازیل سۆرانی، کەمال شێخ غەریب، مەحمودئاغای کاکەزیاد، عەبدوڵلاغای پشدەری، ئەندازیار محەمەد ئەمین عەلی بەگ))، لە کاتی مەراسیمی ناشتنەکەدا، زریانێکی زۆر توند دەیدا لە ڕوومان، من پێداویستی ئەوتۆم لەلا نەبوو، برادەران هەستیان بەمەکرد، فازیل



www.mukiryani.com

میرانی که ئەوکاتە تەمەنی لە بیستەکاندا بوو، کلاوەکەی سەری کە فەروی ڕوسی بوو داکەندو دای بەمن، دوای ناشتنی تەرمی شێخ بابۆ گەڕاینەوە کەرەج.

لە کەرەج دا، پرسەیەکی گەورە بۆ شێخ بابۆ دانرا، ڕۆژانە سەدان پەنابەر بۆ پرسە دەچوونە ماڵی بارزانی، هەروەها ژمارەیەکی زۆر لە کوردانی ئێرانو هەندێك لێپرسراوانی حکومەت هاتنە پرسەکە، عەسرێك ژەنەراڵ ئیحسان نوری پاشا بە یاوەری بەڕێز یوسف زەنگەنە بۆ پرسە هاتنە لای بارزانی، کۆچی دوایی شێخ بابۆ بەنیسبەت بارزانییەوە کۆستێکی گەورە بوو، سەرەڕای ورەبەرزیو خۆڕاگری بەڵام زۆر کاریگەری تەندروستی بەسەرەوە بوو.

دوای تێپەڕبوونی ماوەیەك، بارزانی داوایکرد ئەو پارچە زەویەی کە دەورەی گۆڕستانەکەی دابوو بکرێت بە گۆڕستانێکی گەورە بۆ پەنابەرانو شەهیدان، هەروەها خانوویەکیشی لەسەر دروست بکرێت تا سەرپەرشتی گۆڕستانەکە بکات، پیاوێکی بەساڵاچوو کە لە عەشیرەتێکی سەر بە عەشایەری بارزان بوو و لە ئێران دادەنیشت وەك مجێورو قورئان خوێنی گۆڕستانەکە دەست نیشان کرا، پاشان زانیمەوە کە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی ئەو پیاوە خۆی کردە خاوەنداری گۆڕستانو خانووەکە!!!.



www.mukiryani.com

# هەردوو ئەفسەرە عێراقیەكە

پێشتر باسی هەردوو ئەفسەری عێراقی ((لیوا روكن كەمال مستەفا))و عەمید روكن ((تەها یاسین))م كرد كە دوو ئەفسەری دیارو دەرچووی یەك خول بوون بەلاّم دووەمیان لە پلە وەرگرتن دواكەوتو پاش شۆڕشی (١٤)ی تەمموزی ساڵی (١٩٥٨) خانەنشین كرا چونكە یاوەری مەلیك فەیسەلی دووەم بوو، لەسەردەمی سەرۆك عەبدولڕەحمان محەمەد عارفدا گەڕایەوە سەركار.

ئەو دوو ئەفسەرە لەبەرئەوەی بەعسی نەبوون، لە سەردەمی بەعسیەكان، لە كۆتایی ساڵی (١٩٦٨) لەگەڵ سەرۆكی ئەركانی سوپا فەریق روكن ئیبراهیم فەیسەل ئەنساریو لیوا روكن زەكی حوسێن حیلمیو ئەفسەرانی دیكە تووشی ئەشكەنجەو زیندانی كردن بوون، دوای ئەوەی لە بەندیخانە ئازاد كران بڕیاریان دا بێنە ناوچە ڕزگار كراوەكانی ژێر دەستی شۆڕشی كورد، ئەو كاتە سەرەتای مانگی نیسانی (١٩٧٠) بوو واتە چەند هەفتەیەك دوای ڕێككەوتننامەی (١١)ی ئادار، حەبیب محەمەد كەریم، سكرتێری حیزب، لیوا روكن كەمال مستەفای قوتار كردو منیش عەمید روكن تەها یاسینم قوتار كرد، بارزانی رێزو خۆشەویستی بۆ لیوا كەمال هەبوو چونكە پێشتر دەیناسی بەتایبەتی ئەو رۆژگارەی كە لیوا كەمال لە حوزەیرانی ساڵی (١٩٦٦) تاهاتنی بەعس ساڵی (١٩٦٨) سەرۆكی لیژنەی ئاشتی بوو، هەروەها لیوا كەمال كاتێك فەرماندەی لیوای سێ بوو لە



www.mukiryani.com

هەولێر لە ژێرەوە پەیوەندی بە شۆڕشی کوردەوە هەبوو و خاوەن هەڵوێستی جوامێرانەبوو، هەرچی عەمید تەها یاسین بوو لای بارزانی ناسراو نەبوو، بەڵاّم بەڕێگای لیوا کەمالو ئێمەوە ناسی، بارزانی زۆر مکوڕ بوو لەسەر دالّدەدانی ئەو دوو ئەفسەرەو ڕۆژانە سەردانی خێوەتگەکەیانی دەکرد لە حاجی ئۆمەران کە نزیك بوو لە بارەگای هاوینەی خۆیو فەرمانی دەدا کە هەموو پێداویستیەکیان بۆ دابین بکرێت.

ئەو دوو ئەفسەرە چەند مانگێکیان لە کوردستان لە نزیك بارەگای بارزانی بەسەربرد، بارزانی وای بەباش زانی کە هەردووکیان بچنە تاران تا لەوێ پشوو بدەن چونکە ئەو کاتە شۆڕش لەگەڵ حکومەت لە مانگەکانی بەرایی ڕێککەوتننامەی ئاداردا بوون، عەمید تەها داوایکرد خێزانەکەی بێتە لایو بۆیان هێنا، هاوسەرەکەی پزیشك بوو، پێشتر دەمناسی بەتایبەتی ئەو کاتەی کە لەگەڵ ئەنوەری برام دا لە زانکۆی ئەنکەرە قوتابی کۆلێژی پزیشکی بوون، هەرچی لیوا کەمال مستەفا بوو هاوسەرەکەی کۆچی دوایی کردبوو، تاقە کوڕێکی هەبوو، ساڵی دوایی کوڕەکەی ڕەوانەی عەمان کرا تا لەسەر حسێبی مەلیك حوسێنو لەسەر داوای بارزانی وەك قوتابییە کوردەکانی وێنەی هوشیار زێباریو ئەوانی دی لە زانکۆکانی ئوردن بخوێنێت، هەردوو ئەفسەری ناوبراو لەلایەن ساڤاکەوە ئوتیلێکیان بۆ دابین کراو پاشان لە دوو خانوودا جێنیشین کرانو خزمەتکاریان بۆ دابین کراو ڕۆژانە لە چێشتخانەی ساڤاکەوە خواردنو خواردنەوەیان بۆ دەچوو، جارجاریش سەردانی کوردستانیان دەکردو چەند هەفتەیەك دەمانەوە.

دوای ئەوەی لە ساڵی (١٩٧٤) حکومەتی بەعس شەڕی دژ بە کوردی دەستپێکردەوە ئەو دوو ئەفسەرە گەڕانەوە کوردستانو لیژنەیەکی باڵای سەربازی پێکهێندرا کە بەڕێز فوئاد عارف تیایدا ئەندام بوو ((فوئاد



www.mukiryani.com

عارف كەسايەتيەكی سياسی كوردەو برادەری نزيكی بارزانی بوو، لە گـەورە ئەفسەرانی سوپای عێراقـە، يـاوەری مـەليك غـازی بـوو، لـە سـەردەمی عەبدولكەريم قاسمدا كرا بە وەزيرو هەروەها لـە سـەردەمی عەبـدولڕەحمان محمد عارفدا جێگری سەرۆك وەزيران بوو)).

لەو ليژنەيەی كە باسمكرد هەريـەك لـە ليـوا روكـن كـەمال مسـتەفاو عەميد روكن تەها ياسين‌و ئەفسەرانی ديكە تيايدا ئەندام بـوون، ئـەو دوو ئەفسەرە بە تەنيا چالاكی سەربازيان نەبوو بـەڵكو لـە بـواری سياسيشـدا چالاك بوون، لە بەشی دووەمی ئەم كتێبەدا باسمكردووە.

دوای نسكۆی شۆڕشی كورد، لە ئەنجامی ڕێككەوتنننامـەی جـەزائير لـە نێوان سەدام‌و شای ئێران هەردوو ئەفسەرەكە گەڕانەوە تـاران‌و لـە هـەمان خانووی جاران جێنشين بوون، هەر جارێك چووبامە تاران سـەردانم دەكـردن، ئەوانيش ئەگەر بارزانی لـە تـاران بووايـە سـەردانيان دەكـرد، كـاتێكيش چووينە كەرەج لە نزيك تاران لەوێش يەكترمان دەبينی، ليوا روكـن كـەمال مستەفا لە برادەرەكەی زياتر تێكـەڵاوی خـەڵك بـوو چـونكە بەرپرسـياری خێزانی بە ئەستۆوە نەبوو و هەروەها ماوەيەكی زۆر لە ناوچەكەدا ژيـابوو و برادەری زۆر بوو، ليوا كـەمال لەگـەڵ مـن‌و پـارێزەر جـەرجيس فـەتحوڵڵاو محەمەد عـەزيز قـادرو شـێخ ڕەزا گـوڵانی بەڕێوەبـەری پێشـووی پۆليسـی هەولێرو شێخ حوسێن سەيد ئەحمەد خانەقا بەردەوام يەكترمان دەبينی.

بۆ جاری دووەم كە بـارزانی بـە مەبەسـتی چارەسـەری نەخۆشـی چـووە ئەمەريكاو منيش ياوەری بووم، ماوەيەك دوای ئـەوە عەميـد روكـن تـەها ياسين بە خاوو خێزانەوە وەك پەنابەر ڕووی لە ئوردن كردو ميـوانی مـەليك حوسێن بوون، لە ناوەندی هەشتاكانی سەدەی بيست عەميـد تـەها كۆچـی دوايی كرد، چەند جارێك لە لەندەن كە بۆ چارەسـەری نەخۆشـی شـێرپەنجە



www.mukiryani.com

دەهات چاوم پێی دەکەوت ((خوا لێی خۆش بێت))، هەرچی لیوا روکن کەمال مستەفا بوو هەر لە ئێران دا مایەوەو لە کاتی پشێویەکانی بەر لە شۆڕشی ئیسلامی لە ساڵی (١٩٧٩) هاتە کەرەج و لەگەڵ پەنابەران دا ژیا، دوای وەفاتی بارزانی بە چەند مانگێك ئێرانی جێهێشت و هاتە بەریتانیا، هەر جارەی لەوێبام یەکترمان دەبینی، بەڕاستی برادەرێکی بەوەفاو دڵسۆز بوو، سەرۆك مەسعود بارزانیش هەر جارەی بهاتایەتە بەریتانیا چاوی پێ دەکەوت و بە گوێرەی توانا یارمەتی دەدا، کاك ئیدریسی ڕەحمەتیش کە هاتە بەریتانیا چاوی پێ کەوت.

لیوا کەمال کە نەخۆش بوو، هەندێك لەو نامە تایبەتیانەی تەسلیم کردم کە بارزانی بۆی نووسیبوو تا بیدەمە کاك مەسعود، بەر لە مردنیشی وەسیەتی کرد کە لە کوردستاندا بینێژن، رۆژی ٨/١/٢٠٠٤ لەتەمەنی (٨٤) ساڵی کۆچی دوایی کرد ،بەڕاسپادەی سەرۆك بارزانی تەرمەکەی هێنرایەوە کوردستان و لە ئاهەنگێکی سەربازی شیاودا لە گۆڕستانی سەلاحەدین بە خاك سپێردراو لە هەولێریش پرسەی بۆ دانرا ((خوالێی خۆش بێت)).



www.mukiryani.com

## لە کەرەج دا

ڕۆژان بە ئاسـایی تێدەپـەڕینو وەك جـاران سـەردانی بارەگـای لیژنـەی کاروبـاری پەنابـەرانم لـە تارانـدا دەکـردو هـەوڵی چارەسـەرکردنی گیروگرفتـەکانیانم دەدا، ڕۆژێکیـان لـە کۆگایـەکی دروسـتکردنی پـێڵاوی دەستکرد جووتە پێڵاوێکم بینی کە ڕەنگو قەبارەی زۆر سـەرنجی ڕاکێشـام، کە سەیری ناوەوەیم کرد بینیم بە فەرووی کەروێشك داپۆشراوەو قەبارەکەشی بۆ پێی بارزانی گونجاو بوو، جووتە پێڵاوەکەم کڕیو گەڕامەوە کەرەج، ئێوارە چوومە لای بارزانی، بینیم لەگـەڵ پەنابـەران دانیشـتووە، وتم گـەورەم ئـەم جووتە پێڵاوەم بۆ هێناویو لام وایە پڕ بـە پێتـە، بەزەردەخەنەیەکـەوە وتـی تۆقیاسی من باش دەزانیت، بەبیرت دێـت دوو جـاران لـە ئـەورووپا پـاڵتۆی زستانەت بۆ هێنام کە ڕەنگو قەبارەو جۆریان بە دڵـی مـن بـوو، بـارزانی پێلاوەکانی لە پێ کرد جا نازانم ڕای لێ بوو یان نا، یاخود لەبـەر دڵـی مـن وای وت، چونکە تەنیا جارێك بینیم ئەو پێڵاوەی لەپێ دابوو.

پێش ئەوەی لە نەغەدەوە بێینە کەرەج، دەسەڵاتدارانی ئێران هەندێك لەو پەنابەرانەیان دەستگیرکرد کە چالاکوانی حیزب بوون لەوانە عارف تەیفوورو محەمەد ڕەزاو شێرو بورهاناغا دزەیـی ئـامۆزام، عـارفو محەمـەد تۆمـەتی ئەوەیان ئاڕاستە کرابوو کە چالاکی حیزبیان نواندووەو بڵاوکراوەیـان بەسـەر پەنابەران دا دابەشکردووەو لەسەر سنوور پەیوەندیان بە خەڵکـەوە کـردووە، بەڵام شێرو هەندێك مۆڵەتی شوفێری لێ گیرابـوو، دوای ئـەوەی هـەوڵێکی



www.mukiryani.com

زۆرمان دا به تایبەتی کاك ئیدریس‌و کاك مەسعود، تا ئازاد بکرێن، بەلاّم بێ سوود بوو و چەند مانگێك لە بەندیخانەدا مانەوە، دوای ماوەیەك شێرۆ ئازاد کراو دوای چەند ڕۆژێکیش عارف‌و محەمەد ئازادکران‌و لەگەلْ هەندێك پەنابەر ڕەوانەی نەمسا کران، بەتایبەتی کە ئەو ولاّتە ڕەزامەندی بۆ پێشوازیکردنی چەند پەنابەرێکی کورد دەربڕی، پاشان ئەمەریکاو هەندێك ولاّتی ئەورووپیش ئامادەییان بۆ وەرگرتنی پەنابەرانی کورد پیشاندا.

ماوەیەك سەرقالْی بەڕێکردنی ئەو پەنابەرانە بووین‌و دکتۆر شەفیق قەزاز سەرپەرشتی ئەو ئیشەی دەکرد، وەك لەبیرم مابێت سەرکردایەتی مەسرەفی ئەو سەفەرەی دابین دەکردو ولاّتی خانەخوێش خەرجی پلیتی بالّەفڕو دەسەلاّتدارانی ئێرانیش پسوولّەی پەڕینەوەیان بە ئەستۆوە دەگرت.

دەسەلاّتدارانی ئێران‌و عێراق فشاری زۆریان بۆ سەر پەنابەران هێنا، ئێران بە جۆرەها فشار هەولّیدەدا پەنابەران بۆ عێراق بگەڕێنەوە، جارێك بە لێك دوورخستنەوەی خێزانەکان‌و جارێکی دیکەش بڕینی یارمەتی‌و قەدەغەکردنیان لە کارکردن، کار گەیشتە ئەو ڕادەیەی هەندێك لە هەلّسوڕاوانی خستە زیندانەوەو تۆمەتی بۆ هەلّبەستان، هەرچی ڕێژیمی عێراقیش بوو دەستی بە هەلّخەلّەتاندن‌و پەیماننامەی بە درۆ کرد، شاندە فەرمیەکانی ڕێژیم بە یاوەری کوردە خۆفرۆشەکان‌و دەروون لاوازەکان دەهاتنە ئێران‌و سەردانی پەنابەرانیان دەکردو هەندێکیان بانگێشتی بالّیۆزخانەی عێراق دەکرد تا بگەڕێنەوە.

بۆ ڕاستی‌و بۆ مێژووش ئەوە دەلّێم پەنابەران زۆر خۆڕاگر بوون، بەلّێن‌و پەیمانە بە درۆیەکانی ڕێژێمی شاو عێراق کاری لێنەکردن، تەنیا ژمارەیەکی کەمیان نەبێت کە لەبەر بارودۆخی تایبەتی‌و بە ڕەزامەندی سەرکردایەتی گەڕانەوە عێراق، ئەو پەنابەرانەی مانەوە بەرگەی هەموو ناخۆشیەکیان



www.mukiryani.com

گرت تا شۆڕشی گولاّن سەرلەنوێ هەلّگیرسایەوە کە درێژە پێدەری شۆڕشــی ئــەیلوول بــوو، لەگــەلّ یەکــەم گوللــەدا، ژمارەیــەکی زۆر لــە پەنابــەران بەتایبەتی پێشمەرگە دێرینەکان هاتنە ریــزی شۆڕشــەوە، پــیرو بەناوســالّدا کەوتووانیش هاتنە کۆڕی خەباتەوە، ئەو خەباتگێڕانە لەماوەی پازدە ســالّدا توانیان موعجیزە دروست بکەن، ژمارەیەکی زۆریــش لــە کــوردانی عێــراق هاتنەوە ریزی شۆڕشو ناوچەیەکی زۆریان ڕزگــار کــرد، ئــەو خەباتــە هــەر بەردەوام بوو و سەرجەم داستانەکان لە ڕاپــەڕینی ئــاداری ســالّی (١٩٩١) ڕەنگیــان دایــەوەو زۆربــەی خــاکی کوردســتان ئــازاد کــرا، هەلّبــژاردنو هاتنەکایەی پەرلەمانو حکومەتی هەرێمی کوردستان بەری ئــەو شۆڕشــەو قوربانیدانی میللەتەکەمانو خوێنی پاکی شەهیدە قارەمانەکانمان بوو. لــە ئەنجامی خەباتی نەپساوەی بارزانی نەمرو سەرکردایەتیە حەکیمەکەیو ئــەو کەلەپوورە پڕ لە تێکۆشانەی کە بەجێی هێشت میللەتەکەمان قەت کــۆلّی نەدا سەرەڕای ئەوەی کە بە چەکی کیمیاوی لێی دراو ئەنفالیشــکرا، ئینجـا رۆلّەکانی گوللەباران کرانو یاخود کەوتنە بەر شــالاّوی کۆچــی زۆرەملــێو ئاوارەبوون.



www.mukiryani.com

# خۆئامادە کردن بۆ سەفەری ئەمەریکا

ڕۆژان بە شێوەیەکی ڕۆتینــی بەسەردەچــوون، ڕۆژانــە ســەردانی لیژنــەی کاروباری پەنابەرانم لە تاراندا دەکردو کۆتایی هەموو مــانگێکیش لەگــەڵ بارزانی دەچوومە نەخۆشخانەی –جەم- لە تــاران کــە بــۆ مــاوەی ســێ ڕۆژ دەرمانی چارەسەری وەردەگرت، لە مانگی ئایاردا بارزانی دوا کۆرســی ئــەو دەرمانانەی بــەکارهێنا کــە لــە ئەمــەریکا بــۆی تــەرخانکرابوو، لــە هــەر خولێکدا بەر لە بەکارهێنانو دوای بەکارهێنانی دەرمانەکــەش پشــکنینی بۆ دەکرا، دواجار پزیشکەکان وتیــان کــە نەخۆشــیەکە نــەماوەو بــارزانیش زیندەگی هاتەوبەر.

برایان ئیدریسو مەســعود ئــەو دەمــە زۆر ســەرقاڵ بــوون، بــە نهێنــی پەیوەندیان بە کادیرانو پێشمەرگانەوە دەکردو بۆ گەڕانــەوە بــۆ کوردســتان ئامادەیان دەکردن، لە ٢٦/٥/١٩٧٦ سەر لەنوێ شۆڕش هەڵگیرسایەوە کە بە شۆڕشی گوڵان ناودێر کرا، ئیــدریسو مەســعود ڕۆژانــە ڕێنماییــان لــە بارزانی وەردەگرت، بارزانی پێشمەرگەو کادیری بۆ دەست نیشان دەکردن تــا بیانگەڕێننەوە بۆ کوردستان، بارزانی چونکە ئەزموونو شــارەزاییەکی زۆری دەربارەی جوگرافیای کوردستان هەبوو بۆیە شوێنو جێگای ئەو کەسانەشــی دیاری دەکرد تا لــەوێ زەبــر لــە دوژمــن بوەشــێنن، تەنانــەت ئــەو کەســە باوەڕپێکراوانەشی دیــاری دەکــرد کــە لــە نــاوەوەو دەرەوەو لای دراوســێکان جێگەی متمانە بوون، لەلایەکی دیکەوە هەموومان سەرقاڵی ئەوە بووین تا



www.mukiryani.com

دەسەلاَتدارانی ئێران ڕازی بکەین بوار بە بـارزانی بـدات دووبـارە بچـێتەوە ئەمەریکا بە تایبەتی دوای ئەوەی کە ماوەی عیلاجەکەی لە تارانـدا تـەواو بوو، بۆ ڕاستیی و بۆ مێژوویش دەڵـێم کـە خوالێخۆشـبوو محەمـەد سـەعید دۆسکی هەوڵێکی زۆری دا بۆ ئەوەی دەسەلاَتدارانی ئەمەریکا رازی بکـات، پەیوەندی بە چەندان بەرپرس و دۆستانی گەلی کوردەوە کـرد، کـار گەیشـتە ئەو ڕادەیەی هەڕەشەی ئەوە بکات هەموو ئەو بەڵێن و وادانە کەشف بکـات کە ئەمەریکا بە گەلی کوردی دابوو و دواییش لێی پەشیمان بۆوە، ئەو کاتە ئەمەریکا لە سـەروبەندی هەڵبژاردنـدا بـوو، بـۆ دوورکەوتنـەوە لـە هـەر ئابڕووچوون یان هەراو هۆریایەك کـە ئەنجامەکـەی بـۆ هەڵبـژاردن خـراپ دەکەوتەوەو بۆ بێ دەنـگ کردنـی کـوردیش بڕیـاردرا کـە بـارزانی بچـێتە ئەمەریکاو تەنیا بۆ مەبەستی چارەسەرکردنیش شـەش هەفتـە بمێنێتـەوەو نابێت هیچ چالاکیەکی سیاسیش بکـات و پەیوەنـدی بـە سیاسـەتمەدارانەوە نەکات و قسەش بۆ ڕۆژنامەنووسان نەکات، لە سەرەتای مانگی حـوزەیرانی ساڵی (١٩٧٦) ڕەزامەندیەکە وەرگیراو دەسەلاَتدارانی ئێران ڕازی بـوون بـە مەرجێك کارمەندێکی ساڤاك وەك جاری پێشوو بۆ مـاوەی شـەش حەفتـە یاوەری ئەو سەفەرە بێت.

کاك ئەحمەدی براگەورەم لە ٢٥/٥/١٩٧٦ بە نەخۆشی نۆرە دڵی کۆچی دوایی کرد، لە بەشی یەکەم و دووەمی ئەم کتێبەدا باسی ئەوەم کـردووە کـە کاك ئەحمەد لە جێگەی باوکمان بـوو و لەمـەو دواش باسـی ئـەو کۆسـتە گەورەیە دەکەم، هـەواڵی کۆچـی دوایـی کـاك ئەحمـەد بـە خێرایـی لـەناو پەنابەرانـدا بلاَوبـۆوە تـەنیا مـن و خانەوادەکـەم نەمانـدەزانی، تەنانـەت بورهاناغای دزەیی و سەباحیش قسەیان نەکرد، دەمبینین کە کە خـەمبارن و



www.mukiryani.com

ریشــیان نەتاشــیوە، کاتێــك دەمپرســی دەیــانوت زۆر ســەرقاڵن‌و یــان لــە تەمبەڵیان تاقەتیان نییە.

لە هەفتەی یەکەمی مانگی حـوزەیران دا تووشــی بــێ تاقەتیــەکی زۆر بوومو ژانەسەر دایگرتم، کەوتمە ناو جێگـا، نەمــدەتوانی ســەردانی لیژنــەی کاروباری پەنابەران بکەم‌و هەروەها توانای ئەوەم نەبوو وەك جـاران هــەموو ئێوارەیەك بچمە لای بارزانی، زانیمەوە کە بارزانی پرسیاری کردبووم‌و پێیان وتبوو نەخۆشە، بارزانی وای زەن کردبوو کــە هــەواڵی کۆچــی دوایــی کــاك ئەحمەدم زانیوە بۆیە ئیدریسی ناردە لام، کە ئیدریس بینــی لــەناو جێگــادا کەوتووم وتی چیتە؟ وتم بێ تاقەتم‌و ژانەسەرمەو دوای یەك دوو ڕۆژی دیکــە دەچمەوە سەرکار، ئیدریس کە زانی ئەو هەواڵەم نەزانیوە وتی بارزانی یــەك دوو ڕۆژی تر سەفەری ئەمەریکا دەکات، دەسەڵاتدارانی ئێــران‌و ئەمــەریکا ڕازی بوون‌و حەزدەکات تۆیش یــاوەری بیــت‌و دەســەڵاتدارانی ئێــرانیش وەك جاری پێشوو ڕێگرت نین، وتم: بەو سەفەرە زۆر خۆشــحاڵم، ئــەوەی لای مــن گرنگە بارزانی چاك ببێتەوەو شەرەفێکی گەورەشــە کــە یــاوەری بم‌و بتــوانم یارمەتی بــدەم، کــاك ئیــدریس دوای ئــەوەی دڵنیــا بــوو ڕۆیشــت، دکتــۆر نەجمەدین عومەر کەریم کە دراوسێم بوو هەندێك دەرمانی دامێ‌و وردە وردە چاك بوومەوەو دوای یەك دوو رۆژ سەردانی بارەگای لیژنەم کردو دەســتم بــە چالاکی ڕۆژانە کردەوە.

دوای گەڕانەوەم لە بارەگای لیژنە دەچوومە لای بارزانی لــەوێ چــاوم بــە فرەنسۆ هەریری دەکەوت‌و زۆرجار لەگەڵم دەهاتە بارەگــای لیژنــە، فرەنســۆ خوالێی خۆش بێ لە برادەرە کۆنەکانم بوو، لە کۆتایی پــەنجاکان‌و ســەرەتای شەستەکانەوە ناسیم، پیوەندیمان بە بارزانی نــەمرو کوڕەکــانی هــەموومانی



www.mukiryani.com

بەیەکەوە کۆکردبۆوە، فرەنسۆ دڵسۆزی بارزانیو کوڕەکانیو ڕێبازەکەی بوو هەروەها دڵسۆزی حیزبو کوردایەتی بوو.

هەر لەوێ چاوم بە برادەرانی سەرکردایەتی شۆڕش دەکەوت کە لە کەرەج دادەنیشتن لە مانە ((عەلی عەبدوڵلا، محەمەد عەزیز قادر، هەژار، ڕەشید سندیو براکانی، عەبدولوەهاب ئەتروشی، فازیل سۆرانی، کەمال شێخ غەریب، مەحمودئاغا کاکە زیاد غەفووری، عەبدولڕەحمان قازی، شێخ ڕەزا گولانی بەڕێوەبەری پێشووی پۆلیسی هەولێر، شێخ حوسێن سەید ئەحمەد خانەقای دراوسێم))، هەندێك جار عەقیدی پۆلیس عەبدولجەبار دلێمی دەهاتە لامان، ناوبراو بەڕێوەبەری ئەمنی هەولێر بوو و لەبنەوە پەیوەندی بە شۆڕشەوە هەبوو، دوای ئەوەی خەریك بوو بەعس بە پەیوەندیەکە بزانێت هاتە ریزی شۆڕشەوە، ئەو کاتەی لە وەزیفەدا بوو هەڵوێستەکانی جێگەی پێزانینو سوپاس بوون.

بارزانی تاقەتی هاتەوە بەرو ڕۆژانە پێشوازی لە میوانان دەکردو تا درەنگی شەو قسەی بۆ میوانان دەکردو دڵنیای دەکردنەوە کە ئاسۆیەکی گەش چاوەڕێی پاشەڕۆژی کوردە، هەریەکێك لە مەجلیسەکەی بارزانی دەچووە دەرەوە هەستی بە دڵنیاییو دوارۆژێکی گەش دەکرد، دواشت کە بارزانی بیری لێ دەکردەوە تەندروستی خۆی بوو لە بەرامبەر دۆستانو لایەنگرانی خۆی بە نەخۆش پیشان نەدەدا نەوەکو کار لە ورەیان بکات، زۆربەی عەسران لەگەڵ میوانەکانی دەچووە دەرەوە وەك بڵێی هەستی بەوە کردبێت کە ئەمە دواجارە دەیان بینێت، لەناخی خۆیدا بارزانی بڕیاری ئەوەی دابوو کە نەگەڕێتەوە ئەو بەندیخانەیەی کە ناوی ئێرانەو ((شا)) حوکمی دەکاتو ئەو خیانەتە گەورەی دەرهەق بە گەلەکەی کرد، پێش ئەوەی بۆ یەکەم جار سەفەری ئەمەریکا بکات بارزانی باری تەندروستی



www.mukiryani.com

**تێکچوو بوو، ڕۆژێکیان لەگەڵ هەژار لای دانیشتبووین، باسی نەخۆشیەکەی بۆ کردینو وتی: لە ژیانمدا چەندان جار ڕووبەڕووی مردن بوومەتەوەو بەڕێکەوت قوتارم بووەو عومریش بە دەست خوایە بۆیە بایەخ بە مردن نادەم، بەلاّم ئەوەی لای من گرنگە جێهێشتنی خۆشەویستانو برادەرانە.**



www.mukiryani.com

# دوا سەفەر

کاتی سەفەرکردن بۆ ئەمەریکا هات، دوو ڕۆژ بەر لە وادەی سەفەرەکە پێیان وتم تا خۆم ئامادە بکەم، زانیم کە مەسعودو سیهاد لەو سەفەرەدا یاوەری بارزانین، ئەو کاتە سیهاد تەمەنی (١٤) ساڵ بوو و بەدەست قەڵەویەوە بێزار بوو، هەروەها جەمال موبینی کە یاریدەدەری ژەنەڕاڵ هاشمی یاریدەدەری سەرۆکی ساڤاك بۆ کاروباری پەنابەران وەك نوێنەری ساڤاك یاوەر بوو، دەسەڵاتدارانی ئێران ڕەزامەندیان لەسەر ئەو کەسانە پیشاندا بوو.

ئێوارەی ئەو ڕۆژە وەك جاران چوومە ماڵی بارزانی، بارزانی لەگەڵ میوانەکانی دانیشتبوو، پێشنیاری ئەوەم کرد کە لەو سەفەرە پزیشکێك یاوەرمان بێت، چونکە لە شوێنی حەوانەوەمان پێویستیمان پێی دەبێت، کاتێك لەناوی ئەو پزیشکەیان پرسی من پێشنیاری دکتۆر ((نەجمەدین عومەر کەریم))م کرد چونکە تاکە پزیشك بوو کە لە کەرەج دا مابوو، هەروەها بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشان سەردانی زۆربەی ماڵەکانی کردبوو، بارزانی ڕازیبوو و ناوی لەگەڵ یاوەران تۆمار کرا.

کە ماڵی بارزانیم جێهێشت، لەڕێگا بە دکتۆر نەجمەدینم وت تا خۆی ئامادە بکات، گەڕامەوە ماڵەوەو خەبەرەکەم بە منداڵەکانم وتو جانتام تێکنا. هەندێك ئەماناتم لابوو کە مولکی سەرکردایەتی شۆڕش بوو، دەمویست بەر لە سەفەرەکە تەسلیمیان بکەمەوە، بە کاك ئیدریسم



www.mukiryani.com

ڕاگەیاند ئەویش وتی تەسلیمی ماڵی بارزانیان بکە، ((بارزان))ی کوڕم ئەو دەمە تەمەنی (١٧) ساڵ و وەك سەرپەرشتیاری خانەوادەکەمان بوو، ئەمانەتەکانی بردە لای خاتوونی بەڕێز دایکی کاك مەسعود، بۆ ڕاستیو مێژوو دەڵێم کە ناوی دایکی کاك مەسعود دەبەم ئەو بەڕێزە وەك دایکی سەرجەم پەنابەران هەڵسوکەوتی دەکرد، لای هەمووانو بە تایبەتی لای من خاوەن پایەیەکی بەرزبوو، ئێستاش لە هاوینەهەواری سەلاحەدین ((سەری بڵند)) سەردانی دەکەم، هەمان دایکە دڵسۆزەکەی جارانەو لە هەمووان دەپرسێتەوە، خوا تەندروستی باش بکاتو تەمەنی درێژ تربێت.

((بارزان))ی کوڕم لە پۆلی دوایی قۆناغی دواناوەندی بوو، لە ٤/١٠/١٩٥٨ هاتۆتە دنیاوە واتە دوو ڕۆژ بەر لە گەیشتنەوەی بارزانی بۆ بەغدا لە شەشی تشرینی یەکەمی ساڵی (١٩٥٨ دوای ئەوەی کە نزیکەی (١٢) ساڵ وەك پەنابەر لە یەکێتی سۆڤیەتدا ژیا، هەر بۆیە ئەو کوڕەم ناونا ((بارزان))، کوڕێکی زیرەكو چالاكو لە وانەکانی سەرکەوتوو بوو، هەرچەند بە تەمەن بچووكو، بەڵام ئەو کاتانەی من لەوێ نەدەبووم توانی پەیوەندیەکی کۆمەڵایەتی پتەو دروست بکاتو لای هەمووان جێگەی ڕێز بوو، ڕێنماییم دا بە بارزانو هەندێك پارەم بۆ جێهێشتن.

وادەی سەفەرەکە ڕۆژی ١٩/٦/١٩٧٦ بوو، بۆ ئێمە ڕۆژێکی خەمبار بوو چونکە یادەوەری ڕۆژی لە سێدارەدانی چوار ئەفسەرە کوردەکە بوو لە ١٩/٦/١٩٤٧، ئێوارەی ڕۆژی ١٨/٦/١٩٧٦ کە چوومە ناو جێگا خەیاڵ بردمیەوە ناوەڕاستی چلەکان واتە ساڵی (١٩٤٥) کاتێك دووەم شۆڕشی بارزان بە سەرۆکایەتی مستەفا بارزانی هەڵگیرسا، ئەو دەمە تەمەنم سێزدە ساڵ بوو و لە پۆلی یەکەمی ناوەندی دەرچوو بووم، چەند حەزم دەکرد تەمەنم گەورەتر بووایەو بچووومایەتە ریزی شۆڕشەوەو یەکێك بوومایە لە



www.mukiryani.com

پێشمەرگەکانی ئەو سەرکردە گەورەیەی کە لە دوورەوە ناسیبووم و گوێم لـە باســی پاڵەوانیەتــەکانی ببــوو، ســاڵێکیش بــەر لــەوە بــە بــەردەمی قوتابخانەکەمان ((أربیل الاولی))دا تێپەڕی کاتێك لە گوندی بــاداوە بــەرەو هەولێر دەهات، هەروەها خەیاڵ بردمیەوە سەردەمی مەهاباد کاتێك بارزانی بە لە شکرەوە کشایەوە کوردستانی ڕۆژهەلاّت ((کوردســتانی بــە ئێرانــەوە لکێنراو))و لەوێ بەرگریان لە کۆماری ساوای کوردســتان کــردو بەشــێکی گرنگی سوپای ئەو کۆمارە شەهیدەیان پێکهێنا، ئەو کاتەش حــەزم دەکــرد یاوەری بارزانی بوومایە تەنانەت لە کاتی چوونیشی بۆ یــەکێتی ســۆڤیەت لە ساڵی (١٩٤٧)، دوای ئەوەی کە کۆماری کوردستان لە باربرا.

ئێستا خەونەکەی منداڵێم هاتەدی و بۆ سەفەری ئەمەریکا دەبمە یــاوەری بارزانی، لێی نزیك دەبم و دەتوانم هەنــدێك خزمــەتی بکــەم، بــەلاّم وای لــە جیاوازی هاتنەدی ئەو خەونەم لە ئێستاداو هی چــەند ســاڵ لەمەوبــەر بــە تایبــەتی ئــەو کاتــەی کــە شۆڕشــی کوردســتان دوای چــواردە ســاڵ سەرکردایەتیکردنی لەلایــەن بارزانیــەوە بەوپــەڕی حیکمــەت و دڵســۆزیەو تووشی نسکۆ هات، ئەو شۆڕشەی کە نەك لە کوردستانی باشوور بەڵکو بۆ هەموو پارچەکانی کوردستان جێگەی ئومێد بوو، ئەو شۆڕشــە مەزنــە لــە ناخۆشترین بارودۆخــدا لەلایــەن بارزانیــەوە ســەرکردایەتی کــراو گەیاندیــە ڕادەیەك کە لەهەموو ناوچەکەدا حیسابی بۆ دەکراو لــە دواییشــدا کــرا بــە قوربانی پیلانێکی گەورەی نێودەوڵەتی.

ئێستا بارزانی تەمەنی لە (٧٠) ساڵ زیاترە، تووشی نەخۆشیەك هــاتووە کە ئومێدی چاکبوونەوەی زەحمەتە، بریا خەونەکەم بــەو کۆتاییــە خــەمبارە نەهاتبا، سەرەڕای هەندێش دڵی خۆم بەوە دەدایەوە کە دەبمە یاوەری بارزانی و کەمێك لە ئەرکی سەرشانم بەرامبەر بەو سەرکردە مەزنە جێبــەجێ دەکــەم



www.mukiryani.com

که نیو سەدە زیاتر خزمەتی گەلەکەی کرد، هەموو ئەو دەسکەوتانەی کە ئەمڕۆ هاتوونەتە دی بەرهەمی خەباتی بارزانیو خوێنی پاکی شەهیدە قارەمانەکانمان بوو.

لە ڕۆژی دیاریکراودا زوو لە خەو هەڵساموو جانتام ئامادە کرد، دوای چێشت خواردن مالاوایم لە ئەندامانی خێزانەکەم کردو بە ((بارزان))م وت کە تۆ دەبیتە گەورەی ماڵ، لەوە دڵنیا بووم کە بارزان بە باشی کارەکانی ڕادەپەڕێنێت، سەرەڕای ئەوەی کە بە تەمەنی بچووك بوو و ئەزموونیشی زۆر نەبوو، بەڵام وەك پیاو هەڵسوکەوتی دەکرد.

ماڵاوایيم لە هەمووان کردو ڕووم لە ماڵی بارزانی کرد، دوای کەمێك چاوەڕوانیو ماڵاوایی کردن لە خزمانو برادەرانو لەگەڵ دەنگی گریانی منداڵو ئافرەتان ژمارەیەکی زۆر لە پێشمەرگەو ئاوارەکان بە خەمباری لە بەردەم ماڵەکەدا وەستا بوون، بارزانی ماڵاوایی لە هەمووان کردو ڕوومان لە باڵەفڕخانە کرد، ئامادە بووان نەیاندەزانی کە ئەمە دواجارە ماڵاوایی لە سەرکردەکەیان کە ڕەمزی باوکایەتیو فیداکاری بوو دەکەن، بارزانی ئەو کەسە بێ فیزەی کە هەمووان خۆشیان دەویستو ئەویش هەمووانی خۆشدەویست، بەڕاستی دیمەنێکی خەمبار بوو دوای کەمتر لە سەعاتێك هەموومان گەیشتینە باڵەفڕخانە، لەوێ جەمال (موبینی) چاوەڕێی دەکردین کە بۆ سەفەرەکەش یاوەرمان بوو جگە لە هەندێك لێپرسراوی دیکە، دوای پشوودانێکی کورتو تەواوکردنی بەڵگەنامەکان ڕوومان لە باڵەفڕەکە کردو کاك ئیدریسو برادەران خواحافیزیان لێکردین.

هەر کەسەو لەسەر کورسی تەرخانکراو دانیشت، کاك مەسعود لە تەنیشت باوکی دانیشتو منو سیهادیش لە تەنیشت یەکترو لە پشت بارزانیو مەسعود دانیشتین، موبینی ویستی لەسەر ئەو کورسیە دابنیشێت



www.mukiryani.com

که له پشت ئێمەوە بۆی تەرخانکرا بوو، بەڵام شەڕە قسەیەك له نێوان ئەم‌و یەکێك له نەفەرە دانیشتووەکان ڕوویدا، لام وایە لێکحاڵینەبوونێك هەبوو لەسەر نمرەی بیتاقەو کورسیەکان، دیارکەوت ئەو نەفەرە بەڕێوەبەری گشتی باڵەفڕوانی بوو، دوای ماوەیەکی کورت گیروگرفتەکە چارەسەر کراو هەر کەسە لە شوێنی خۆی دانیشت.

باڵەفڕەکە فڕی‌و خاکی ئێرانمان جێهێشت، گەشتەکەمان چواردە سەعاتی خایاند، زۆربەی کاتمان به بێدەنگی‌و قسەی ئاسایی‌و نووستن بەسەربرد، دوای ئەو ماوە درێژە خاتوونی مێواندار ڕایگەیاند کە ئێستا لە لێواری واشنتن داین‌و قایشەکانتان ببەستن، کە باڵەفڕەکە نیشتەوە خوالێخۆشبوو محەمەد سەعید دۆسکی‌و یەکێکی ئەمەریکی پێشوازیان کردین کە نەمدەناسی، بارزانی‌و مەسعود ئەو ئەمەریکیەیان دەناسی چونکە لە سەفەرەکەی پێشوو یاوەری کردبوون، دوای سڵاو کردن زانیم کە ناوی ((جستن سیلون))ەو نوێنەری ئاژانسی موخابەراتی ئەمەریکیە بۆ پێشوازی کردنمان‌و ئەو ماوەیەی کە لە ئەمەریکا دەمێنینەوە یاوەرمان دەبێت.

دەسەڵاتدارانی ئێران لەگەڵ موخابەرانی ئەمەریکی وارێککەوتبوون کە تەنیا شەش هەفتە لە ئێران دا بمێنینەوەو پاشان بگەڕێینەوە بێ ئەوەی هەردوو لایان بەوە بزانن کە بارزانی لە خودی خۆیدا بڕیاری دابوو کە جارێکی دیکە ناگەڕێتەوە ئێرانی ژێر فەرمانڕەوایی شا.

دوای سڵاوو بەخێرهێنان، سیلۆن ئێمەی بردە هۆڵێکی تایبەت‌و سەعاتێك پشوومان دا، دوایی بە باڵەفڕێکی دیکە چووینە شاری رۆچستەر لە ویلایەتی مینوسوتا، ئەو شارە کەوتۆتە ناوەندی باکووری ئەمەریکا لە رۆژئاوای واشنتن.



www.mukiryani.com

ئەو كاتــەی لــە باڵەفڕخانــەی واشــنتن بــووین بــارزانی بــەڕێگای كــاك مەسعودەوە هەندێك پارەی وەك مەسروفی ڕۆژانە داینیۆ تەنانەت پــارەی دا بە موبینیش، كاك مەسعود بڕە پارەیەكی زیادیشی دا بەمن تــا مەســروفی ڕۆژانەی ئەوانیتریش بكــەم، خوالێخۆشــبوو محەمــەد ســەعید دۆســكی لــە واشنتن دا مایەوە تا هەندێك راسپاردەی بارزانی جێبەجێ بكــاتو بڕیاریــدا دوای دوو سێ ڕۆژ بگاتە لامان.

باڵەفڕەكە لام وایە لە باڵەفڕخانەی میلوكی لە ویلایەتی ویسكانســن دا نیشتەوە چونكە هێڵی ڕاستەوخۆ لە نێوان واشنتنو ڕوچستەردا نەبوو، لەوێ بە باڵــەفڕێكی دیكــە چــووینە ڕۆچســتەر كــە (١٥٠٠)كــم لــە ڕۆژئــاوای واشنتنەوە دوور بوو و جیاوازی كاتی نێوانیان دوو سەعاتە.



www.mukiryani.com

# له ڕۆچستەردا

دوای سەفەرێکی پڕ له ماندووبوون که زیاتر له (٢٠) سەعاتی خایاند، ڕۆژی ١٩/٦/١٩٧٦ گەیشتینه شاری ((ڕۆچستەر)) له ویلایەتی ((مینیسوتا))، جیاوازی کات له نێوان تاران و واشنتن (٨) سەعات و نیوەو له نێوان واشنتن و مایوکلینکیش دوو سەعاته.

دوای ئەوەی گەیشتینه باڵەفڕخانه بچکۆڵەکەی ڕۆچستەر به دوو ئۆتۆمۆبیل ئێمەیان بردە هوتێلی ((کیهلەر)) که باشترین و فراوانترین هوتێلی شارەکه بوو، لەبەرئەوەی هاتووچۆ له وەرزی زستاندا بەهۆی بەفرو سەرماوە زەحمەت بوو هوتێلەکه به توونێلێکی درێژ به نەخۆشخانەکەوە بەسترابۆوە، له هوتێلەکەدا بەشێکی تایبەتیان بۆ ئێمە تەرخانکردو شوقەیەکی تایبەتیشیان بۆ بارزانی تەرخانکرد که بریتی بوو له ژووری نووستن و دانیشتن و له تەنیشتیشی ژوورێك بۆ هەریەك له کاك مەسعودو سیهادو موبینی و دکتۆر نەجمەدین و من و ((جەستن سلون)) تەرخانکرا، هوتێلەکه بێدەنگ و جوان بوو.

دوای پشوودانێکی دوو سەعاتی، له ژووری دانیشتنی تەنیشت شوێنی حەوانەوەی بارزانی کۆبووینەوە، لەو کاتەدا پزیشکی تایبەتی بارزانی ((جمیس روی ماکفرسن))و خاتوو ((بیتیی)) هاوسەری هاتنه لامان، ئەو پزیشکه تەمەنی له سەرووی (٤٠) ساڵی و، پیاوێکی کەڵەگەت و تێکسمڕاو بوو، نازانم به ئەسڵ سکۆتلەندی یان ئیرلەندی بوو، کاتی خۆی



www.mukiryani.com

خانەوادەکەی هاتبوونە کەنەداو پاشان ئەمەریکا، زۆر هۆگری بارزانیو پێی سەرسام بوو چونکە لە ئەیلوولی ساڵی (١٩٧٥) یەکتریان بینیوو، پەیوەندیەکی پتەوی لەگەڵ ئێمەدا دروستکرد، جارجار بە تەلەفۆن قسەمان لەگەڵ دەکردو نامەمان بۆ دەناردو وێنەی خێزانیمان ئاڵوگۆڕ دەکرد، خانەوادەکەشی هەمان هەستیان هەبوو کە لە هاوسەرەکەیو سێ کچو دوو کوڕ پێکهاتبوون، کوڕە گچکەی ((دانی)) ئەو کاتە تەمەنی (١٠) ساڵ بوو، بووبووە برادەری بارزانی، هەر کاتێك یەکتریان بینیبا باوەشیان بەیەکدا دەکرد.

دوای ماوەیەك، بۆ شیو خواردن چووینە چێشتنخانەیەکی هوتێلەکە لە نهۆمی حەوتەم، باشترینو جوانترین چێشتخانەی شارەکە بوو، بە پەنجەرەی شووشە دەورە درابوو و دیمەنە دلڕفێنەکانی شارەکە بە جوانی خۆیان دەنواند، بە کورتی چێشتخانەیەکی زۆر قەشەنگ بوو، خواردنی بە لەزەتو کارمەندانی ڕووخۆش بوون.

دوای شیوخواردن، پزیشکەکەو هاوسەرەکەی ڕۆیشتنو بڕیاردرا بەیانی لە نەخۆشخانە یەکتر ببینینەوە، ئێمەش چووینە ژووری دانیشتنی بارزانیو دوای ماوەیەك هەریەکەو ڕووی لە ژووری تایبەتی خۆی کرد، ماندووبوونو جیاوازی کات بەڕووی هەموومانەوە دیار بوو، ئەو دەمە کە ڕێکەوتی ٢٠/٦/١٩٧٦ لە ئێران کات بەر لەنیوەڕۆ بوو، کاك مەسعود تەلەفۆنی بۆ ماڵی بارزانی کردو لە سەلامەتی گەیشتنمان ئاگاداری کردنەوە.



www.mukiryani.com

# بارزانی له‌ مایوکلینك دا

رۆژی ٢٠/٦/١٩٧٦ هه‌مووما‌ن به‌ یاوه‌ری بارزانی چووینه‌ نه‌خۆشخانه‌ی مایوکلینك كه‌ شه‌قامێك پانیه‌كه‌ی (٢٠)م بوو له‌ هوتێله‌كه‌ی جیاكردبۆوه‌، وه‌ك پێشتر باسمكرد له‌به‌ر سه‌رما له‌وه‌رزی زستاندا خه‌ڵك به‌ ناو تونێله‌ تایبه‌تیه‌كه‌دا سه‌ردانی نه‌خۆشخانه‌كه‌یان ده‌كرد، له‌وێ پزیشكی تایبه‌تی بارزانی ((ماكفیرسن)) به‌ڕووه‌ خۆشه‌كه‌یه‌وه‌ پێشوازی كردین، بۆ ڕاستی ده‌ڵێم ئه‌و ڕێكیو خزمه‌تگوزاریه‌ی له‌و نه‌خۆشخانه‌یه‌دا بینیم له‌ هیچ شوێنێكی دیكه‌ نه‌مبینیبوو، مرۆ له‌ چاوه‌ڕوانی بێزار نه‌ده‌بوو.

بارزانی له‌گه‌ڵ پزیشكه‌كه‌ چوونه‌ به‌شی تایبه‌تو چه‌ندپشكنینێكی سه‌ر جێگه‌ی بۆ كرا وه‌ك هه‌نگاوی یه‌كه‌م كه‌ هه‌موویان موژده‌به‌خش بوون، به‌ڵام بۆ دڵنیابوون له‌ ئه‌نجامه‌ به‌راییه‌كان بارزانی ڕه‌وانه‌ی به‌شی ئه‌شیعه‌و شیكردنه‌وه‌ی خوێنو هه‌ندێك شیكردنه‌وه‌ی تر كرا، زۆری نه‌برد ئه‌نجامی ئه‌وانیش باش ده‌رچوو، كه‌ پزیشكه‌ تایبه‌ته‌كان له‌ ئه‌نجامه‌كانی وردبوونه‌وه‌ هه‌موویان سه‌ریان سوڕما، كه‌س پێشبینی ئه‌وه‌ی نه‌ده‌كردو نه‌ساغیه‌كه‌ی نه‌ما، ئه‌مه‌ مایه‌ی خۆشیی بوو بۆ هه‌موومان ته‌نانه‌ت پزیشكه‌كانیش به‌مه‌ دڵشاد بوون چونكه‌ له‌ یه‌كه‌م سه‌رداندا پێشبینی ئه‌وه‌یان كرد كه‌ بارزانی هه‌ر چه‌ند مانگێك ده‌ژیو جارێكی دیكه‌ نایبیننه‌وه‌، ئه‌مه‌یان به‌ موعجیزه‌یه‌ك له‌ قه‌ڵه‌مدا كه‌ له‌ توانای پزیشكه‌كان به‌ده‌ره‌، هه‌موومان به‌



www.mukiryani.com

دڵخۆشی گەڕاینەوە هوتێل، رۆژی پاشتر سەردانی نەخۆشخانەمان کرد، پشکنینی ددان بۆ بارزانی نەمر کرا، پاشان پشکنین بۆ سیهاد کرا، دەرکەوت کێشەکە تەنیا قەڵەویەو بەهەندێك راهێنانو وەرزشو دوورکەوتنەوە لە خواردنی چەور چارەسەر دەبێت. لە رۆژی سێیەمی مانەوەمان دا، خوالێخۆشبوو محەمەد سەعید دۆسکی لە هوتێلەکە هاتە لامانو ئێوارە چووین شیو بخۆین، بەرێوەبەری چێشتخانەکە خاتوو (ڤیڤیان) بەرووی خۆشەوە بەخێری هێناینو تەمەنی لە سەرووی پەنجا ساڵ دەبوو، هیچ هێمایەکی جوانیی بە دەموچاویەوە، دیار نەبوو، وێدەچوو بە جحێلیش هەروا بووبێت، بەلاّم گفتولفت شیرینو رووخۆش بوو، خوانێکی گەورەی هەشت نەفەری لە گۆشەیەکی بێدەنگو جوان دا بۆ رازاندینەوە، خاتوونێکی دیکەش کە ناوی ((ئیلسی))و تەمەنی (٤٥-٥٠) ساڵ دەبوو، ئەمیش خزمەتی دەکردین، تا بڵێی خزمەتگوزارو خاوێن بوو، وای لێهات دەیزانی کە هەر یەکەمان حەز لە چ جۆرە خواردەمەنیەك دەکەین.

ئەو ئێوارەیە،، کاتێك بە دیارخوانەکەوە دانیشتبووین، گوێم لە قسەی نێوان محەمەد سەعید دۆسکیو ((سلۆن)) بوو، دۆسکی بە تووڕەیی بە ((سلۆن))ی وت: من مێوانی ئەوانمو مێوانی ئێوە نیم. کە مەسەلەکەم لە دۆسکی پرسی وتی: ((سلۆن)) دەڵێت من تەنیا مەسرەفی بارزانیو ئەو یاوەرانەی دەکێشم کە لە ئێرانەوە هاتوون، کە بارزانی ئەمەی بیست وتی: موحسین پێیان بڵێ هەموویان مێوانی ئێمەن، کە ئەمەم بە سلۆن وت بێدەنگ بوو. دوای شیوخواردن پارەی هەموانم داو بەخشیشێکم دایە خاتوو ئیلسی، بە بەرێوەبەری هوتێلەکەشم وت تا محەمەد سەعید دۆسکی لەو هوتێلە بێت لیستی حیساباتی لەسەر ئێمەیە.



www.mukiryani.com

مایەوە سەر ئەوەی هەندێك باسی شاری رۆچستەر بکەم، ئەو شـاره سـەر بە ویلایەتی مینیسوتایە، ئەو دەمە شارێکی بچووكو ژمارەی دانیشـتوانی نزیکەی (٢٥٠٠٠) کەس دەبوو، نەخۆشخانەی بە ناوبانگی مایوکلینك لەو شارە بوو کە یەکێکە لە بـەناوبانگترین نەخۆشـخانەکانی جیهـان، زۆربـەی ئەوانەی دەهاتنە ئەو شارە بە مەبەستی سەردانی ئەو نەخۆشخانەیە دەهاتن بۆیە هوتێـلو چێشـتخانەی وای تێـدابوو کـە لەگـەڵ ڕووبـەڕی شـارەکەدا نـەدەگونجا، هـەر لـەو شـارەدا کۆگاکـانی جلوبـەرگی ئامـادەو لقـە بەناوبانگەکانیان هەبوون، بە کورتی شارێکی جوانو شەقامەکانی خـاوێنو دانیشتووەکانی باشو تێکەڵاو بوون. لە کۆتایی پشـووی هەفتـەدا چـووینە ماڵی دکتۆر ماکفیرسن، ماڵەکەی خانوویەکی جوانو کەوتبووە دەوروبـەری شارەکە لەوێ چاومان بە ئەندامانی خێزانەکەی کەوت، سـیهاد وەك یەکـەم هەنگاو بەرەو وەرزش یاری تۆپی باڵەی لەگەڵ منداڵەکاندا کرد، ئەو کاتـە خۆر بەدەرەوە بوو، لە باخچە فراوانەکە دانیشتین، چایەمان خـواردەوەو دوای بەسەربردنی کـاتێکی خـۆش درەنگـی شـەو گەڕاینـەوە هوتێـل. دۆسـکی پەیوەندی بـە چـەند کەسـایەتیەکی سیاسـیو ڕۆژنامەنووسـانو سـەرۆکی یەکێتی سەندیکای کرێکارانی ئەمەریکا ((جۆرج مینی))یـەوە کـرد کـە خاوەن دەسەڵاتو هاوسۆزی کێشەی کورد بوو، هەموو ئەوانـە بـەڵێنیان دا ئەگەر بارزانی هاتە واشنتن سەردانی دەکەنو هەروەها پالپشتی لەوە دەکەن کە بارزانی بە ئارەزووی خۆی لە ئەمەریکادا بمێنێتەوە. رۆژی سێیەم دۆسکی گەڕایەوە واشنتن.



www.mukiryani.com

# سەفەر بۆ كاليفۆرنيا

دواى ئەوەى زياتر لـە هەفتەيـەك لـە رۆچسـتەردا ماينـەوەو سـەردانى پزيشكەكانمان كرد بڕيـاردرا بـۆ مـاوەى هەفتەيـەك سـەردانى كاليفۆرنيـا بكەينو پاشان بۆ سەردانى پزيشكى ددان بگەڕێينەوە رۆچسـتەر، چـووينە شارى ((سان فرانسيسكۆ)) لە ويلايەتى كاليفۆرنيا كە كەوتۆتـە ليـوارى ئۆقيانووسى هێمن، بەراستى ئەم ويلايەتە جوانترين ويلايەتى ئەمەريكايەو زێدە ڕۆييش نييە ئەگەر بڵێم لە هەموو جيهاندا وێنەى نييە، سروشـتەكەى دڵڕفێنو ئاوهەواى لەبارەو هەموو وەرزەكانى ساڵى وەك بەهارى كوردستانە.

لە هوتێلێكى خۆشو جوان دابەزين، ڕۆژانە سەردانى شوێنەوارێكى ئـەو شارە يان چێشتخانەكانى ليوارمان دەكرد تا ماسـى بخـۆين، ڕۆژێكيـان بـە پياسە بە شەقامێكدا دەڕۆيشتين، بە بەردەم فرۆشگايەكى ميوەدا تێپـەڕين، ويستمان هەندێك ميوە بكڕين، جۆرە ميوەيەكمان بينى كە پێـى دەوترێـت ((لايچ- ليچ))، يەكەمجار بوو ئەم جۆرە ميوەيە ببينم، موبينى لێى پرسيم؟ وتم پێشتر نەمبينيوە، قلى ميوەكە لە دەنكە ترێ گەورەتر بوو، بە توێژێكى تەنكو دڕ دەورە درابوو وەك ئەو پەردەيـەى دەورەى بـەرووى چـياى داوە كـە توێژەكە لە پيشەسازى پێستەدا بەكاردێت.

دواى لابردنى توێژەكە، ئەو بەشەى لە ميوەكە دەخورێت وەديار دەكەوێت كە بريتييە لە مادەيەكى لينجو بەتامو بۆيەكى خۆشـى هەيـەو دەنكێكـى خڕەو لە كوردستاندا ئەوەم بەرچاو نەكـەوتووە، مـوبينى دەنكێكـى خـاوێن



www.mukiryani.com

کردەوەو خواردی، دوای ئەوەی پارەی میوەکانمان دا هێشتا چەند هەنگاوێك لە فرۆشگاکە دوورنەکەوتبووینەوە یەکێك لە کارمەندانی فرۆشگاکە بانگی کردین، کاتێك ئاوڕمان دایەوە وتی پارەی دەنکە لایچەکەتان نەداوە کە چارەگە دولارێکە، موبینی ئینگلیزی نەدەزانی، پێموت پارەی دەنکە لایچەکانتان نەدابوو، وتی ئێمە لە تاران تا لە ناو فرۆشگابین شت دەخۆین پارەش نادەین، هەموومان پێکەنین.

ڕۆژێکیان سەردانی دارستانی گەورە (National park)مان کرد، دارستانێکی چڕو داری زەبەلاحی وای تیایە کە تەمەنی سەدان ساڵە، مرۆڤ لە بەرزیو زەبەلاحی سەری سوڕ دەمێنێتو ئەگەر یەکێك لە لایەکی قەدی دارەکە بوەستێت ناتوانی ببینێ، لکە دارێکمان بینی کە کەوتبووە سەر زەوی، ڕێڕەوێکی بە قوولایی (٢)م دروستکردبوو کە ئۆتۆمۆبیلێکی نەفەر هەڵگر دەیتوانی بەبنیدا بڕوات، هەروەها دارێکی دیکەمان بینی کە شوورەیەکی نەوی بەدەوردا کێشرا بوو و لە تابلۆیەکدا نووسرابوو ((من لە ساڵی (١٧٧٦)دا ئەو دارەم چاندووە)) واتە ساڵی دروست بوونی وڵاتی ئەمەریکا، ئەو کاتەی ئێمە لەوێ بووین (٢٠٠) ساڵ بەسەر دروست بوونی ئەمەریکادا تێپەڕیبوو و بەم بۆنەیەوە لەسەرانسەری ئەو وڵاتەدا ئاهەنگ دەگێڕدرا، ئەو دارە سەرەڕای تەمەنی، بەڵام گەنجو زراڤ دیار بوو، ئێوارەی ئەو ڕۆژە گەڕاینەوە هوتێلەکەمان لە سان فرانسیسکۆ.

دوای بەسەربردنی هەفتەیەك لەو کەشوهەوا بەهاریەو سەردانی شوێنەوارەکان، دووبارە گەڕاینەوە ڕۆچستەرو لە هوتێلی جاران ((کیهلەر)) دابەزین، دوای بەسەربردنی هەفتەیەکی دیکەو چارەسەرکردنی گیروگرفتی ددانی بارزانی، هەروەها سەردانی دکتۆر ماکفیرسن لە ماڵەکەی خوێداو سەردانی ئەو بۆ لای ئێمە بە خاو خێزانەوەو خواردنی شیوی ئێوارە ئینجا



www.mukiryani.com

**چووینە واشنتنو بڕیاردرا لە مانگی ئەیلوولـدا بگەڕێینـەوە تـا پشـکنینی دەوری بۆ بارزانی بکرێت، ئەمە لە نیوەی دووەمی مانگی تەمووزدا بوو.**



www.mukiryani.com

## له واشنتن دا

دوای ئەنجامــدانی ســەرجەم کارەکــان لــە نەخۆشــخانەی مایوکلینــكو تەواوکردنی پشکنینەکان بــۆ بــارزانیو دڵنیــابوون لــە تەندروســتی ئــەو، هەروەها گەڕانو سووڕان بە ویلایەتی کالیفۆرنیاو تێپەڕبوونی ســێ هەفتــە بەسەر هاتنمان بۆ ئەمەریکا سەردانی واشنتنی پایتــەختی ئــەو وڵاتــەمان کرد، لام وایە لە میناپۆلیس باڵــەفڕمان گــۆڕی، گەیشــتینە واشــنتنو لــە باڵەفڕخانەی ((دالاس)) دابەزین، ئەو باڵەفڕخانەیە بە ناوی وەزیری دەرەوەی پێشوو ((جۆن فۆستەر دالاس)) ناودێر کراوەو (٢٠) میل لــە پایتەختــەوە دوورە.

محەمەد سەعید دۆسکی چاوەڕوانی دەکــردین، لــە هوتێــل شــیراتۆن کــە هوتێلێکی فــراوان بــوو و کــەوتبووە شــەقامی ((کونــەك تیکــەت))، بــە تەنیشت سویتەکەی بارزانییەوە ژوورێك بۆ هەریەك لــە ئێمــە تــەرخانکرا، سویتەکە لە ژوورێکی فەرشکراو بە کەلوپــەلی نایــاب بــۆ دانیشــتنو ســێ ژووری نوستن بۆ هەریەك لە بارزانیو مەسعودو سیهاد. بەراستی هوتێلێکی هێمن بوو، مەلەوانگەیــەکی گــەورەو شــوێنی تایبــەت بــۆ یــاری وەرزشــی تێدابوو، سیهاد زۆربەی کات مەلەی دەکرد، لــەو کاتــەدا کۆنگرەیــەك لــە هوتێلەکە سازدەدرا، بەشداربووەکان هەموویان ڕەشپێست بوون، هەندێکیان مەلەیان دەکرد، بە سوعبەت بە سیهادم وت ئەو ڕەشپێستانە کار لە ئــاوی



www.mukiryani.com

ناو حەوزەکە دەکەن، ئەمە کار لە پێستی تۆش دەکاتو ڕەش دەبێت، سیهاد باوەڕی کرد، دوایی پێموت سوعبەت دەکەم.

سەردانەکانی بارزانی بۆ لای هەندێك لە ئەندامانی کۆنگرێسو کەسایەتیە سیاسیە هاوسۆزەکان لەگەڵ کێشەی کورد دەستی پێکرد، سەردانی ((جۆرج مینی)) سەرۆکی سەندیکای کرێکارانی ئەمەریکاو یاریدەدەرەکەیمان کرد، ئەو مینییە خاوەن دەسەڵاتێکی سیاسی فراوان بوو، بەڵێنی ئەوەیان دا کە فشار بخەنە سەر حکومەتی ئەمەریکا تا سیفەتی مانەوەمان لە ئەمەریکا پێ بدەن، هەروەها چاومان بە چەند ڕۆژنامەنووسێکی بە ناوبانگ کەوت کە برادەرمان بوون لەوانە ((ولیەم سافایر))و ((جێمس هۆکلاند)) کە وتاری باشیان لە بەرژەوەندی کورد بلاوکردەوەو تیایدا سەرکۆنەی ئیدارەی ئەمەریکاو ((هێنری کیسنجەر))ی وەزیری دەرەوەیان کرد سەبارەت بەو هەڵوێستە خیانەتەی کە دەرهەق بە گەلی کورد نواندیان، هەروەها دانا ئادەم شمیدت سەردانی بارزانی کرد، ئەو ڕۆژنامەنووسە لەو کەسە بەراییانە بوو کە لە دەسپێکی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول دا سەردانی کوردستانی کردو کتێبی ( JORNEY AMONG Brave Me) دانا کە لەلایەن پارێزەر جەرجیس فەتحوڵڵا بە ناونیشانی ((رحلە الی رجال شجعان فی کوردستان)) وەرگێڕدرایە سەر زمانی عەرەبیو چەند جارێك چاپکرایەوە، دانا ئەو کاتە لە ڕۆژنامەی ((کریستیان ساینس مونیتر)) کاری دەکردو بەهۆی ڕووداوی ئۆتۆمبیل تۆزێك پەکی کەوتبوو، وتارێکی گرنگی دەربارەی کێشەی کوردو ڕۆڵی ئەمەریکاو کیسنجەری لەو چارەنووسە خەمبارەدا پیشاندا کە تووشی گەلی کورد هات، لە زۆربەی سەردانەکانماندا ((موبینی))و ((سلۆن)) یاوەرمان نەبوون.



www.mukiryani.com

ئەمەریکیەکان، لە شوێنێکی تایبەتی هوتێلەکەدا خوانێکی فراڤینیان بۆ ئامادەکردین کە هەندێك لە کاربەدەستانی ئەمەریکا لە وەزارەتی دەرەوەو ئاژانسی(C.I.A)و بەرێوەبەرەکەیان لە تاران تیایدا ئامادەبوون، لەلایەن ئێمەشەوە بارزانی، مەسعود، دۆسکی، د. نەجمەدین‌و من ئامادەبووین، گفتوگۆکانمان زۆر تووندو کەشوهەواکە زۆر گرژ بوو، پێمان وتن ئێوە بەشێکن لە پیلانەکە، هەڵوێستی بەرگریان زۆر لاواز بوو، هەموو هەنجەتیان ئەوە بوو کە نەیاندەزانی ((شا)) چی دەکات، بەلاّم ئەمە لە واقیع‌و لەو بەڵگانەی کە دوایی دەستمان کەوت دووربوو، ناچێتە عەقڵەوە کە(C.I.A) بەو قەبارەو رۆڵەی خۆی لە کێشەکەدا نەزانن کە یەکەم هاوپەیمانیان لە رۆژهەلاّتی ناوەراست دوای ئیسرائیل چی دەکات، ئاخۆ ((شا)) دەیتوانی بیّ ئەوان هیچ هەنگاوێك بهاوێت؟

فراڤینەکە لە کەشوهەوایەکی گرژو بیّ گەیشتن بە هیچ ئەنجامێك کۆتایی هات، ئەوان رۆیشتن‌و ئەمە دوا دیدارمان بوو لەگەلّ (C.I.A)و بەپێچەوانەی وەزارەتی دەرەوە، کە باڵیۆزێکیان ((موریس دریپەر)) بەردەوام سەردانی دەکردین بەتایبەتی دوای بەزینی ((جیرالّد فۆرد))و سەرکەوتنی ((جیمی کارتەر))ی سەر بە حیزبی دیموکرات، دریپەر بووە هەلقەی پێکگەیشتن لە نێوان ئێمەو ئیدارەی ئەمەریکا، لەو خانووەی کە بە کرێمان گرتبوو مانگانە سەردانی دەکردین تا لە بارودۆخمان بپێچێتەوەو کاری فەرمی‌و مانەوەمان بۆ جێبەجیّ بکات، ژمارەی تەلەفۆنی تایبەت‌و ماڵەوەشی لای دۆسکی بوو، لەکاتی پێویستدا تەلەفۆنی بۆ دەکرد.

بارزانی بەهەموو زیندەگی‌و چالاکیەکەوە لە سەردان‌و پەیوەندیەکانی بەردەوام بوو، سەرەرای تەمەن‌و نەخۆشی رۆژی واهەبوو لە جارێك زیاتر دیدارو چاوپێکەوتنی سازدەدا، دوای ماوەیەکی کەم توانیمان



www.mukiryani.com

((لۆبی))یەکی کوردی لە پیاوانی کۆنگرێس‌و سیاسەتمەداران‌و وەزیرانی پێشوو و ڕۆژنامەنووسان لە پایتەختی ئەمەریکادا پێکبهێنین، ئەوانە زۆربەیان هاوسۆزو بەرگریکاری کێشەی کورد بوون، لە زۆربەی ڕۆژنامەکاندا وتاری وادەنووسران کە باسی ڕۆڵی خیانەتکارانەی ئەمەریکایان لە شۆڕشی کورددا دەکرد، ئەمە لەو کاتەدا ئیدارەی ئەمەریکای تووشی لەڕوودامان کرد.

دریپەر بۆی گێڕاینەوە کە ((هێنری کسینجەر)) هەرکە گوێی لە ناوی کورد دەبێت هەست بە شەرمەزاری دەکات‌و وەك شێت تووڕە دەبێت‌و هاوار دەکات.

لێرەدا بە پێویستی دەزانم باسی ئەوە بکەم، لە دوای ڕاپەڕینی ساڵی (١٩٩١) لەگەڵ بەڕێز مەسعود بارزانی‌و سەرانی ئۆپۆزسیۆن لە هاوینی ساڵی (١٩٩٢) بەسەردانێکی فەرمی چووین بۆ ئەمەریکا، ئەو کاتە ((بوش)ی باوك لەسەر حوکم بوو، لە هوتێل دانیشتبووین کە پێیان ڕاگەیاندین کیسنجەر دەیەوێت چاوی بە کاك مەسعود بکەوێت، کاك مەسعود ڕەفزی ئەو دیدارەی کرد، چونکە ناوبراو خیانەتی لە شۆڕش‌و بارزانی نەمر کرد، دوایی بەدرێژی باسی ئەو سەردانە دەکەم.



www.mukiryani.com

# چێشتخانەی ((ليالی بغداد))

هەر لە هوتێلی شیراتۆن بووین کاتێك محەمەد سەعید دۆسکی پێی وتین چێشتخانەیەك لەو نزیکانە هەیەو خواردەمەنی ڕۆژهەڵاتی هەیەو خاوەنی مەسیحیەکی بە عومری ناوچەی زاخۆیەو با فراقین لەوێ بخۆین، ((سلۆن)) ئەو ڕۆژە بۆ ڕاپەڕاندنی هەندێك کاروبار ڕۆیشتبوو، ((موبینی))یشمان لەگەڵ خۆدا برد.

پێش ئەوەی بچینە ناو چێشتخانەکەوە دۆسکی وتی دەچم شوێنەکە بەسەردەکەمەوە نەبادا عێراقیەکی بەرپرس یان فەرمانبەرێکی باڵیۆزخانەی عێراق لەوێ بێت، گەڕایەوەو وتی کەسی وا لەوێ نیە جێگەی گومان بێت، لە سوچێك دانیشتین‌و خواردنی ڕۆژهەڵاتیمان بانگکرد، دەستمان بە خواردن کردو لەنێوان خۆماندا بە کوردی‌و جارجاریش بە فارسی لەگەڵ موبینی قسەمان دەکرد، خاوەن چێشتخانەکە کە ناوی ((یۆنان)) بوو لێمان نزیك بۆوەو دۆسکی تۆزێك دەیناسی، کە گوێی لێبوو ئێمە بە کوردی قسەمان دەکرد بە عەرەبی پێوتین ئاخۆ خەڵکی کوردستانی عێراقین، دیاربوو بارزانی نەدەناسی، وتمان بەڵێ، وتی: سەر بە بارزانین؟ وتمان: بەڵێ، وتی: داواکارم ئەگەر بینینتان پێی بڵێن کە چۆن پشتی بەو خائین لە بابی خائینە کوڕی شا بەست؟

هەموومان پێکەنین، موبینی کە گوێی لە وشەی ((شا))و ((خائین))بوو وەك بڵێی هەڵوەستەیەکی کرد، کاك مەسعود کە لەتەنیشت



www.mukiryani.com

موبینی دانیشتبوو بەچرپە قسەی لەگەڵ کرد کە من تێینەگەیشتم، ئێمە لەدڵی خۆماندا زۆر بەمە کەیف خۆش بووین، دوای فراڤین گەڕاینەوە هوتێلو ماڵاوایی‌مان لە یۆنان کردو کاك مەسعود بە زەردەخەنەوە خواحافیزی لێکردو دۆسکیش پێی وت کە دوایی سەردانی دەکات.

نازانم، بەڕێز (دێڤید کورن) ئەو زانیارییە ناڕاستانەی لە کتێبی (دوا ساڵەکانی بارزانی)دا باسکردوون لە کوێی هێناوەو، نە دکتۆر شەفیق قەزازو نە جەمال عەلەمدار لەو دیدارەدا ئامادەنەبوون، ئەو قسانە هیچ بنەمایەکیان نییە.

یۆنان خەڵکی گوندی ((سناط))ی ناوچەی زاخۆ بوو، ئەو گوندە دوای ئەوە ناوبانگی دەرکرد کە سەرکردەی شەهید ((ئەسعەد خوشەڤی)) ((سەرکردەی گشتی هێزە شۆڕشگێڕەکانی کورد لە ناوچەی بادینان)) لە شۆڕشی ئەیلوودا بارەگاکەی بردە ئەوێ، یۆنان لە تافی لاویدا وەك چێشتلێنەری باڵیۆزی عێراق لە ئەمەریکا ڕەگەزنامەی وەرگرتبوو، کاری ئازادی دەکردو پاشان چێشتخانەی ((لیالی بغداد))ی کردەوەو ژنێکی ئەمەریکی باشوری هێناو کوڕێکیشیان بوو، لەگەڵ هاوسەرەکەی چێشتخانەکەیان بەڕێوەدەبرد ، یۆنان دوای ئەوەی بارزانی ناسی بووە برادەرمانو سەرکۆنەی دۆسکی کرد کە بۆ ڕاستییەکەی پێ نەوت.

لە نەورۆزی ساڵی (١٩٧٧) لیژنەی ناوچەی پارتی کە تازە دامەزرابوو ئاهەنگێکی سازدا، یۆنان لەو ئاهەنگەدا ئامادەبوو، بەرخێکی مەحشیکراوی هێنابوو و لەتەنیشت بارزانی دانیشت، دوای ئەوەی هوتێلمان جێهێشتو خانوویەکمان بەکرێ گرت هەر میوانێکمان بۆ بهاتایە ئەوا یۆنان خواردنی بۆ ئامادە دەکردین.



www.mukiryani.com

لام وایه کۆتایی ساڵی (١٩٧٨) یان سەرەتای ساڵی (١٩٧٩) بوو یۆنان کەوتە نەخۆشخانە، بارزانی داوایکرد سەردانی بکەین، بارزانیو (ئیدریس) کە تازە هاتبووە ئەمەریکاو دۆسکیو من چووینە لای، ژنەکەی لە سەرینگانی دانیشتبوو، دیاربوو تەواو نەساغ بوو، زۆر لەوە دڵگران بوو کە بارزانی هاتۆتە لایو ناتوانێت لە جێگەی خۆی ڕاست بێتەوە، تۆزێك لای ماینەوەو هەندێك قسەمان کرد، دوای مالاوایی یۆنان فرمێسکی چاوی سڕیەوەو ژنەکەشی گریا، دوای چەند هەفتەیەك باری تەندروستی یۆنان بەرەو باشی چووەو لە نەخۆشخانە هاتەدەرەوە.

دوای چەند ساڵێك لە دۆسکیم بیستەوە دوای ئەوەی بارزانی وەفاتی کردو تەرمە پیرۆزەکەیمان بردەوە ئێران کە دۆسکیش یاوەرمان بوو، پاشان گەڕایەوە ئەمەریکاو هەواڵی وەفاتی بارزانی بە یۆنان ڕاگەیاند، دۆسکی وتی: یۆنان بە کوڵ گریاو دەیوت چۆن بارزانی بمرێتو منیش بژیم، دوای چەند هەفتەیەك کۆچی دوایی کرد.

ڕۆژان بەسەر دەچوونو ئێمەش لە هوتێل شێراتۆن بووین، کەسێکی ئەمەریکیان هێنایە لامان ناوی ((پات)) بوو، نازانم سەر بە (C.I.A) یان پۆلیسی لێکۆڵینەوەی فیدراڵی (F.B.I)بوو، پیاوێکی ڕووخۆشو تەمەنی بەرەو پەنجاو تۆزێك قەڵەو بوو، لای ئێمە خۆشەویستو تا لە هوتێل بووین هەر لامان بوو.

بارزانی لە پەیوەندیەکانی بە سیاسەتمەدارانەوە بەردەوام بوو، بۆ ڕاستیو مێژوو دەڵێم دۆسکی لەم بارەیەوە ڕۆڵێکی باڵای هەبوو، چونکە وەك دیپلۆماتێك لە واشنتنداو هەروەها وەك نوێنەری شۆڕشی کورد کاری کردبوو، جێگەی باسە، هاوسەری دۆسکی ئەمەریکی بەرەگەز لوبنانی بوو.



www.mukiryani.com

# بڕیاری نەگەڕانەوە

بەر لە کۆتایی هاتنی وادەی میوانداری کردنمان لەلایەن ئەمەریکاوە کە ماوەکەی شەش هەفتە بوو وەك لە سەرەتاوە پێیان وتین، دوو ڕۆژ پێش ئەوەی وادەکە کۆتایی بێت واتە لە کۆتایی مانگی تەمووز، موبینی لە باڵیۆزخانەی ئێران گەڕایەوەو وتی خاوەنشکۆ بروسکەیەکی بۆ بارزانی ناردووەو داوا دەکات کە بێتەوە تاران چونکە ماوەی چارەسەرکردنەکە کۆتایی هاتووەو هەروەها ئەمریکیەکان سەرقاڵی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتین‌و بەبۆنەی تێپەڕبوونی (٢٠٠) ساڵ بەسەر دامەزرانـدنی وڵاتەکەیاندا ئاهەنگ دەگێڕن، هەروەها لە بروسکەکەیدا هاتبوو دوای کۆتایی هاتنی ئەو ماوەیە هەر کاتێك بارزانی حەز بکات دەتوانێت بگەڕێتەوە ئەمەریکا.

دوای ئەوەی بروسکەکەمان خوێندەوە، کاك مەسعود بە موبینی وت کە بارزانی لە ژووری تایبەتی خۆیەتی‌و دەبێت مۆڵەت وەربگرین، موبینی چارەکە سەعاتێك لای بارزانی مایەوە، کە هاتە دەرەوە دەموچاوی هەڵبزڕکابوو، کە پرسیارمان لێکرد وتی: بارزانی جوێنی بە شا داوە، کاك مەسعود وتی: ئەوەندەی من باوکم بناسم جنێو نادات‌و وشەی ناشیرین بەکارناهێنێت، چووە لای باوکی‌و بارزانی وتی: جوێنم بە شا نەداوەو وتومە قسەی ڕاست ناکات.



www.mukiryani.com

ڕۆژی دوایـی مـوبینی گەڕایـەوە باڵیۆزخانـەو لـەو بڕوایـە دابـووم کـە پەیوەندی بە لێپرسراوەکانی لە تارانەوە کردوو پێیان وتبـوو چ بـە تـەنیا چ لەگەڵ ئێمەدا دەبێ بگەڕێتەوە. بۆ فراڤین چـووینە چێشـتخانەیەك، لەسـەر سفرە دانیشتبووین کە ((سلۆن)) وتی ئەمە دوا ژەمە لەگەڵ ئێوەدا، چونکە ماوەی مێوانداری کۆتایی هات، بارزانی وتی پێیان بڵێ کە ئـەوان مێـوانی ئێمەن‌و پارەی ئەوانیش دەدەین، کـە گەڕاینـەوە هوتێـل ((جسـتن سـلۆن)) ماڵاوایی لێکردین‌و ئیتر نەمان بینیەوە، لـەو کاتـەدا کەسـێکی دیکـەیان ناردە لامان کە ناوی ((فیلیپ))و، لـە کۆتـایی چـلەکانی تەمەنـدا بـوو، کەسێکی بێدەنگ‌و خۆی لە هیچ هەڵنەدەقورتاند، لەگـەڵ ((پـات))دا بـە نۆرە یاوەرمان بوو، لام وایە سەر بە (F.B.I) بوو.

ڕۆژی دوایـی مـوبینی مۆڵـەتی لـە بـارزانی وەرگـرت‌و وتـی بـەیانی دەگەڕێتەوە تاران، بەر لەوە بارزانی کۆبوونەوەیەکی پێکـردین وتـی بڕیـارم داوە لە ئەمەریکا بمێنمـەوە، چـونکە دەزانم دوای چـەند مـانگێکی دیکـە پێویستیم بە چارەسەری هەیەو دەبێت پێش کۆتایی مانگی ئەیلوول بچمەوە مایۆکلینك، هەروەها وتی لـەو بـاوەڕەدام کـە شـاو دەسـەڵاتدارانی ئێـران جارێکی تر بوارم نادەن سەفەر بکەمەوە بۆیە بڕیارم دا نەگەڕێمەوە، ئـەوەی حەزدەکات بمێنێتەوە ئەوەی حەزیش ناکات ئازادە لەوەی بگەڕێتەوەو لۆمـەی کەسیش ناکەم کە بچێتەوە لای ماڵ‌و منداڵەکەی، وتم گەورەم ئێمە بۆ ئـەوە یاوەریمان نەکردی تا جێت بهێڵین، بە نیسـبەت خۆمـەوە تـا حـەز بکـەیت لەلات دەمێنمەوە، دکتۆر نەجمەدینیش وتی دەمێنمـەوە، برایـان مەسـعودو سیهاد هیچیان نەوت، چونکە مەحاڵ بوو باوکیان جێبهێڵن.

ڕۆژی دوایی مـوبینی سـەفەری کـردو دوای مـاڵاوایی جانتایـەکم پێـدا هەناردەوە کە هەندێك جلك‌و پێداویسـتی تێـدابوو بـۆ خێزانەکـەم، پاشـان



www.mukiryani.com

زانیمەوە دوای دوو مانگ جانتاکەی تەسلیم کردبوون، تائێستاش نازانم هۆکاری ئەو دواکەوتنە چی بوو.

چەند ڕۆژێکی دیکە لە هوتێل شێراتۆن داماینەوە، ((پات))و ((فیلیپ))یش لەلامان بوونو مەسرەفی ئەوانیشمان دەکێشا، لەڕاستیدا، ئەو دوو کەسە خۆیان لە کاروباری ئێمە هەڵنەدەقورتاند، تەنها بۆ پاراستنمان لە دەرچوونەکانماندا یاوەریان دەکردین، لە هیچ کۆبوونەوەیەکدا ئامادە نەدەبوون، دوو کەسی زۆر هێورو بێدەنگ بوون بە تایبەتی فیلیپ، ((پات))یش کە کورتکراوەی ((پاتریك))بوو ڕووخۆشو سوعبەتچی بوو وەك پێشتر باسمکرد.

دوای چەند ڕۆژێك پات دیار نەما، فیلیپ پێیوتین کە لەبەر دوو هۆی سەرەکی وابەباش دەزانێت هوتێلەکەمان بگۆڕین، یەکەمیان لەبەر هۆکاری ئەمنی چونکە ماوەیەکی زۆرە لێرەینو ئەو هوتێلەش زۆر ناسراوەو خەڵك ڕووی تێدەکەن، هۆکاری دووەمیش مەسەلەی ئابووریە، چونکە ئێمە بڕیاری نەگەڕانەوەمان داوەو دەبێت دەست بە پارەوە بگرین، پێشنیارەکەی ((فیلیپ))مان پەسند کردو ڕامان سپارد کە لەگەڵ محەمەد سەعید دۆسکی هوتێلێکی گونجاو بدۆزنەوە، ئێوارە وتیان شوێنێکی گونجاومان دۆزیوەتەوە، لەو باوەڕەدابووم کە لێپرسراوە ئەمنیەکان ئەو هوتێلەیان دەست نیشان کردبوو.



www.mukiryani.com

# هوتێلی تازە

چووینە هوتێلە تازەکەوە کە کەوتبووە سەر شەقامی ویسکانسن، ناوەکەیم بیرنایەتەوە، بەڵام ئێستا بووە بە هوتێلی هۆلیدای ئین، ساڵی (١٩٩٢) کاتێك بە یاوەری سەرۆك مەسعود بارزانی بە سەردانێکی فەرمی چووینە ئەمەریکا هوتێلەکەم بینیەوە، هوتێلی تازە لە هی پێشتر بچووکتر و، خاوێن‌و بێدەنگ‌و کرێیەکەشی گونجاو بوو، ئەو لایەی کە بۆ ئێمە تەرخانکرابوو لە پێنج ژوور پێکهاتبوو کە یەکێکیان بۆ بارزانی بوو و ژوورێکی دیکەی بە تەنیشتەوە بوو کە دوو دەروازەی هەبوو، دەروازەی یەکەم رووی لە ژووری بارزانی بوو هی دووەمیش رووی لە ڕاڕەوەکە بوو و ئێمە بۆ دانیشتن بەکارمان دەهێنا، بەتەنیشت ژووری بارزانییەوە ژوورێکی دیکە بوو کە برایان مەسعودو سیهاد تیایدا دەنووستن، ژوورێکی دیکەش بۆ من‌و دکتۆر نەجمەدین‌و لە دەروازەی لایەکەشدا ژوورێکی تایبەت بۆ فیلیپ‌و پات تەرخانکرا بوو، یەك دوو ژووری دیکەش چۆڵ بوون، تا ئێمە لەو هوتێلە بووین، بەکرێ نەدرا، ئێمە بۆ ماوەی مانگێك واتە تا نیوەی مانگی ئەیلوول ئەو شوێنەمان بەکرێ گرت دواییش بۆ سەرەتای مانگی تشرینی یەکەم مانەوەمان درێژکردەوە.

ڕۆژێکیان محەمەد سەعید دۆسکی پێی وتین کە ((ولیەم ئیگلتن))ی کوڕ دەیەوێت سەردانی بارزانی بکات، ئەو پیاوە ساڵانی (١٩٥٤-١٩٥٦) ئەفسەری سیاسی کونسوڵیەتی ئەمەریکا بوو لە کەرکوك، دۆستی کوردو



www.mukiryani.com

ناسیاوی لەگەڵ کەسایەتیە کوردەکانی شارەکانی سلێمانیو کەرکووكو هەولێرو سەرۆك عەشیرەتەکاندا هەبوو، هەروەها زانیاریەکی زۆری دەربارەی شۆڕشەکانی کوردو بارزانیو شۆڕشەکانی لە سالآنی (١٩٤٣-١٩٤٥)دا ڕۆڵی لە کۆماری کوردستانی مەهابادا هەبوو، لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی رابوردوودا لە تەورێزدا وەك کونسوڵی گشتی کاری دەکرد، شارەزایی لە هەموو ئەو ڕووداوانەدا هەبوو کە لە ئێراندا قەومان بە تایبەتی لە کوردستان داو لە کاتی دووەم جەنگی جیهانیدا، پاشان شارەزایی تەواوی دەربارەی کۆماری کوردستانو دامەزراندنیو ڕۆڵی بارزانیو بارزانیەکان لەبەرگریکردن لەو کۆمارەدا پەیدا کرد، کتێبێکی لەمبارەیەوە کە ناونیشانی ((کۆماری مەهاباد)) نووسیوەو پارێزەر جەرجیس فەتحوڵلاّ کردوویەتی بە عەرەبی، لە ناوەندی سالآنی پەنجای سەدەی رابوردوو کە تازە کۆلێژی ((ماف))م تەواو کردبوو لە بەغدا زۆرم دەربارەی ئیگلتنو چالاکیەکانیو سەردانەکانی بۆ ناوچەی دزەییاتیو پەیوەندی برادەرایەتی لەگەڵ هەندێك لە خزمانمدا بیستبوو، بەلاّم چاوم پێی نەکەوتبوو.

دوای ڕۆژێكو لە سەعاتی دیاریکراودا ئیگلتن بە یاوەری دۆسکی هاتە لامان، بەخێرمان هێناو هاوسۆزی خۆی بەرامبەر کێشەی کورد پیشانداو پەژارەی خۆی دەربارەی ئەو چارەنووسە پیشاندا کەتووشی شۆڕش هات، وای دیارخست کە لەگەڵ هێنری کیسنجەری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا هاوڕا نەبووە.

دوای ئەو دیدارە پەیوەندی نێوانمان پتەوتر بوو بە دوای ئەوەش لە ئەورووپاو کوردستاندا یەکترمان دەبینی، بەم دواییانە لەتەمەنی (٨٠) ساڵیدا سەردانی کوردستانی کرد، ئەو کاتەی ئێمە لە ئەمەریکا بووین ئیگلتن تەمەنی پەنجا ساڵ بوو.



www.mukiryani.com

جارێکیان بۆ شیوخواردن داوەتی ماڵەکەی خۆی کردین، ژنی دووەمیشی ئامادە بوو، دوای نان خواردن ئەلبوومێکی وێنەی کۆنی دەرهێنا کە بریتی بوون لە کۆمەڵە وێنەیەك هی سەردەمی کەرکوك لەو کاتەی کە ئەفسەری سیاسی بوو، بارزانیو ئێمەش تەماشای وێنەکانمان کرد، لەمنی پرسی هیچ کام لەوانە دەناسیەوە، بەپێکەنینەوە وتم هەندێکیان خزمی منن، رێکەوتێکی جوانیش بوو یەکێك لەوانەی کە ئەو کاتە لە ئەمەریکا پەنابەربوو لەوێنەیەکدا دیاربوو کە ئەو دەمە منداڵ بوو و لەگەڵ باوکیدا وێنەی گیرابوو، پاشان بووە ئەفسەر لە سوپای عێراقداو دواییش هاتە ریزی شۆڕشەوە، ئەو منداڵەی کە لە وێنەکەدا دیاربوو ئیبراهیم تەڵعەت موشیر دزەیی بوو، ئێستا لە سوپای عێراق پلەی لیوایەو وەك مولحەقی سەربازی باڵیۆزخانەی عێراق لە هۆڵەندا کار دەکات.

هەر لەناو وێنەکاندا زۆر کەسی دیکەم ناسیوە، کە ناوەکانیانم دەهێنا ئیگلتن سەری سوڕدەماو وتی ئەو کاتە تۆ لەکوێ بوویو بۆ چاوم پێت نەکەوت، بە پێکەنینەوە وەرامم دایەوەو وتم تازە کۆلێژی مافم تەواو کردبوو و خەریکی پارێزەریو کاروباری بازرگانی بوومو ئەو کاتەش برادەرایەتی ئەمەریکاییو بەریتانیاییمان نەدەکرد نەوەك برادەرانمان بڵێن سەر بەوانن.

رۆژێکیان ئینگلتن تەلەفۆنی بۆ کردینو وتی جیم ئیکنز حەز دەکات سەردانی بارزانی بکات، ئینکز پێشتر باڵیۆزی ئەمریکابوو لە سعودیەو بەر لە دوو ساڵو بەر لە کوشتنی خوالێخۆشبوو مەلیك فەیسەڵ عەبدولعەزیز ئال سعود، دەستی لەکار کێشابووەوە، هۆکارەکەشی ئەوەبوو کاتێك هنری کیسنجەری وەزیری دەرەوە، بێ ئەوەی ئیکنزی بالیۆز ئاگادار بکاتەوە سەردانی مەلیکی کردبوو، ئیکنز بەمە تووڕەبوو چونکە لە نێوەندی



www.mukiryani.com

دیبلۆماسیدا کەسێکی دیارو لەبەر شـارەزاییو کەسـایەتییە بەهێزەکـەی، لای خانەوادەی مەلیك ریزی تایبەتی هەبوو.

بارزانی یەکسەر رەزامەندی بۆ ئەو دیدارە پیشانداو پێشتر ناوی ئیکنـزی بیستبوو، بەتایبەتی کە لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی رابـردوو و لەگـەڵ هەڵگیرسانی شۆڕشی کورد (ئیکنز) فەرمانبـەری باڵیۆزخانـەی ئـەمریکا بوو لە بەغداو لە بنەوە پەیوەندی لەگەڵ لقی پێنجدا هەبوو، هەڵقەی ئـەم پەیوەندییە بەرێز ئەسعەد خەیلانی ئەندامی ئەوسای لق بوو (خەیلانی لـە ناوەڕاستی شەستەکان چووە ئەمریکاو بڕوانامەی دکتۆرای وەرگرتو ئێسـتا پرۆفیسۆرە).

رۆژی پاشتر، ئیکنز بە یاوەری ئیگلتن لە هوتێل سەردانی بـارزانی کـردو محەمەد دۆسکیش ئامادەبوو، بە راستی ئیکنز کەسێکی بەهێزو خۆشەویست بوو، ناوەکەیم زۆر بیستبوو، بەلاّم چـاوم پێـی نەکـەوتبوو، لـە قسـەکانیدا بەدیارکەوت کە هاوسۆزی کێشەی کوردەو بە بارزانی سەرسامەو رقیشی لە هێنری کیسنجەر بوو، بارزانی نەمر بەو دیدارە دڵشـادبوو و سەرسامیشـی بەرامبەر ئازایەتییەکەی لە دەست لەکارکێشـانەوە پیشـاندا، ئیکنـز وتـی ئێستا خەریکی کاری ئـازادەو هـەروەها بریکـاری هەنـدێك لـە میرەکـانی سعودیەیە، دوای ئەو دیـدارە، چـەند جـارێکی دیکـە چـاومان بـە ئیکنـز کەوتو بارزانی بۆ شیوخواردن داوەتیکرد.

دوای چەند هەفتەیەكو لە کۆتـایی مـانگی تشـرینی یەکـەمی سـاڵی ١٩٧٧ کە تازە چووبووینە خانووی کرێ لەناوچەیەکی نزیـك (بلغـار مـاك ئەرسەر)، ناوی شوێنەکەم لەبیر نـەماوە، لەگـەڵ بـارزانی نـەمر سـەردانی (ئیکنز)مان لە ماڵەکەیدا کرد، ناوانم بۆ دۆسکی ئەو رۆژە نـەهات، کـاك مەسعود لە ئەورووپاو سوریا خەریکی رێکخستنی شۆڕشی گـولاّن بـوو کـە



www.mukiryani.com

تازە هەڵگیرسابوو، مـن ترومـبێلەکەم دەئاژۆت‌و بارزانی نەمریش لە تەنیشتم دانیشتبوو، ناونیشانی ماڵەکەی ئیکنزمان لە خۆی وەرگرت، بەو سـەردانە زۆر خۆشحاڵ بوو، دوای ئ\ەوە چەند جـارێکی دیکـە یـەکترمان بـینی، تـا ئێستاش برادەری سەرۆك بارزانی‌و ئێمەشە.

بەم دواییانـە، دکتـۆر نیـاز لاجـانی‌و تـاهیر هـەورامی، لـە فیلمێکـی دیکۆمێنتاری سەبارەت بە بارزانی نەمر، دیداریان لەگـەڵ ئیکنـز سـازدا، لەو دیـدارەدا سەرسـامی بەرامبـەر حیکمـەتی بـارزانی پیشـانداو باسـی دیدارەکانی واشەنتۆنی کرد.



www.mukiryani.com

## سەفەری بەرتیانیاو
## زانینی هەواڵی کۆچی دوایی برام

چەند هەفتەیەك بوو و بەر لەوەی بچینە هوتێلە تازەکەوە خەونی ناخۆشم بە خانەوادەکەمەوە لە عێراق دەبینی، هەر جارێك تەلەفۆنم بۆ ئەنوەرو عومەری برام یان شێروانی کوڕە گەورەم لە بەریتانیا دەکرد هەستم دەکرد قسەیان تەواو نییەو دەیانویست زوو تەلەفۆن دابخەن، ئەمە تووشی دڵەڕاوکەی دەکردم، ئەوەی کە زیاتر پێشبینی خراپ بوو لەلام گرتنی هەردوو برام کاك ئەحمەدو سەعدی و نەفی کردنیان بوو بۆ باشووری عێراق، چەند جارێك لەم بارەیەوە قسەم لەگەڵ کاك مەسعود کرد، بەڵام دڵنیای کردمەوە کە ئەمە تەنیا خەیاڵە، بەڵام هەستم دەکرد ساردییەك لە قسەکانیدا هەیەو خەبەری کۆچی دوایی کاك ئەحمەدی زانیبوو، ئەمەم خستە بەردەم بارزانی تا مۆڵەتم بدات سەردانی بەریتانیا بکەمو هەواڵێکی خانەوادەکەم لە عێراق دەست بکەویێتو چاوم بە براکانمو شێروانی کوڕم لە بەریتانیاو ئەڵمانیا بکەویت، بارزانی رازی بوو و داوایکرد تا دەگەڕێمەوە دکتۆر شەفیق قەزاز بێتە واشنتن، دوای دوو سێ ڕۆژ دکتۆر شەفیق گەیشتو منیش سەفەرم کرد، خەبەرم بۆ ئەنوەرو عومەریش نارد، بەیانی گەیشتمە باڵەفڕخانەی هیثرۆ، ئەمە لەنیوەی یەکەمی مانگی ئەیلوولی ساڵی (١٩٧٦)دا بوو، لە باڵەفڕخانە هەردوو برامو شێروانی کوڕم پێشوازیان کردم، دۆخەکە ئاسایی بوو، قسەی ئاساییم بۆ کردنو سۆراغی کەسوکارم



www.mukiryani.com

پرسیو وەرامی تەواوم دەست نەکەوت، سواری کۆنە ئۆتۆمۆبیلەکەی عومەر بووینو ماوەیەکی کورت ڕۆیشتین لەناکاو ئەنوەری برام لە پڕمەی گریانی دا، زانیم کاك ئەحمەدی برام کە لەجێگەی باوکمان بوو کۆچی دوایی کردووە، دنیا لەبەرچاوم تاریك بوو، هەموو دەستمان کرد بەگریان، قەت چاوەڕێی ئەو هەواڵە جەرگبڕەم نەدەکرد، کاك ئەحمەد تەندروستی زۆر باش بوو، لە سەرەتای پەنجاکانی تەمەنیدا بوو، من پێشبینی ئەوەم دەکرد کە لەگەڵ خانەوادەکەمان بیگرن یاخود بۆ باشووری عێراق نەفی بکەن، بەلاّم قەت چاوەڕێی ئەو هەواڵە دڵتەزێنە نەبووم کە گیانمی هەژاند، ئای لەو خەسارەتە، هەستمکرد دوو جار هەتیوو بووین، جاری یەکەم مندالّ بووین کە باوکمان مردو لە باوەشی دایکمان پەروەردە بووینو کاك ئەحمەد هەر چەند بە تەمەن بچووك بوو، بەلاّم جێگەی باوکمانی گرتەوە، قوربانی بە خوێندنو پاشەڕۆژی خۆی دا تا ئێمەی پێگەیاند، بە هەرچییەك گەیشتوین فەزڵەکەی بۆ ئەو دەگەڕێتەوە. گەیشتینە مالّی عومەری برام لە شاری ریدینگ کە لە باڵەفڕخانەی هیثرۆوە بەلای ڕۆژئاواوە نزیکەی (٣٠) میل دوور بوو، کە چووینە مالّەوە دیسان بوو بە گریانو برارۆ، لەسەر پێخەفێك کەوتمو براکانم جێیان هێشتم، نازانم خەو بردمیەوە یان نا، دانی عەسر لە ژوورەکە هاتمە دەرەوە، لەگەڵ ئەنوەرو عومەرو هاوسەرەکەیو شێروانی کوڕم دانیشتم، پەنجەم بەیەك دادەداو دەمپرسی ئەمە چۆن بووە، جۆرەها خەیالاّتم بۆ دەهات، براکانم چۆنیەتی وەفاتو تازیەوە پرسەکەیان بۆ گێڕامەوە، دیسان لە پڕمەی گریانم دا.

ئەو ڕۆژەم بە خەمو گریان بەسەر برد، ئێوارەی ڕۆژی دوایی بارزانی تەلەفۆنی بۆ کردمو سەرەخۆشی لێکردمو داوای کرد بەرامبەر ئەو کارەساتە خۆراگرېم، بەنیسبەت ئەوان ئەمە تازە نەبوو، چەند ڕۆژێك دوای وەفاتی کاك



www.mukiryani.com

ئەحمەد خەبەرەکەیان زانیبوو، بەر لە سەفەری ئەمەریکاو هێشتا لە ئێـران بووین، بەڵام لەمنیان شاردبۆوە.

هەفتەیەك لە بەریتانیادا مامەوە، هەندێك بـرادەر بـۆ خـەم ڕەواندنـەوە هاتنە لام، لە یەکێکیانەوە کە خانەوادەی دکتۆر نەجمەدین کەریم لە ماوەی هەفتەیەکدا دەگەنـە لەنـدەن، تەلـەفۆنم ب ۆدکتـۆر کـرد، یـەکێکی بـۆ پێشوازی نارد، دوای هەفتەیەك گەڕامەوە ئەمریکا.

لەکاتی مانەوەم لە لەندەن، چاوم بە کەمال شێخ غەریب کەوت کـە بـە سەردان هاتبووە ئەوێ، وتی دەگەڕێمەوە ئێـران، نامەیـەکم بـۆ (بـارزان)ی کوڕم نووسیو هەواڵی ئـەو کۆسـتەم پـێ ڕاگەیانـد، داوام لێکـرد تازیـەی پیاوان لە ماڵی بورهان ئاغای ئامۆزامو هی ژنان لە ماڵی ئێمە دابنێن.



www.mukiryani.com

# گەڕانەوەم بۆ واشنتن

دوای هەفتەیەك مانەوەم لە بەریتانیاو زانینی هەواڵی كۆچی دوایی بـرا گەورەم گەڕامەوە واشنتن تـا لـەپاڵ بـارزانی دا كـار بكـەم، وای تووشـی چ سەرسوڕمانێك هاتم كاتێك لە باڵەفڕخانەی- دالاس- لە واشنتن دابەزیم كە بینیم بارزانی لەگەڵ برایان مەسعودو سیهادو دۆسكیو شـەفیق قـەزاز لـە پێشوازیم ڕاوەستاونو ((فیلیـپ))یش یاوەریـان بـوو، دوای بەخێرهێنانـەوە دووبارە بەبۆنەی كۆچی دوایی كـاك ئەحمـەدەوە سەرەخۆشـیان لێكـردم، بـە بارزانیم وت حەزم نەدەكرد ئەو ئەزیەتە بكێشێت، گەڕاینەوە ئـەو ئوتێلـەی كە تیایدا دابەزیبووین.

ڕۆژی دوایی دكتۆر شەفیق مۆڵەتی خواست تا سـەردانی ((كـەیلان))ی كچی بكات كە لە ویلایەتێكی دیكـە جێنشـین بـوو و پاشـان بگەڕێتـەوە لەنـدەن، لـەنیوەی دووەمـی مـانگی ئـەیلوول دا بـووینو چـەند نووسینگەیەكمان ڕاسپارد تا لە شوێنێكی ئەمیندا خانوویەكی گونجاومـان بۆ بدۆزنەوە، بڕیـاریش وابـوو كـاك مەسـعود سـەفەری ئـەوروپاو سـوریاو كوردستان بكات چونكە بینی بارودۆخەكە لەبارە بە تایبەتی كە بەشـداری لە كۆبوونەوەی كوردە ئاوارەكاندا كرد، ئەو ئاوارانـە زۆربـەیان لـە هـەردوو ویلایەتی داكۆتای باكورو باشوور جێنشین بوون، هـەروەها بڕیـاریش وابـوو سامی عەبدولڕەحمان بێتە لای بـارزانیو بـارودۆخی كوردسـتانی بـۆ بـاس



www.mukiryani.com

بکاتو رێنمایی پێویستی لێ وەربگرێتو پاشان لەگەڵ کاك مەسعود بچنە ئەورووپاو سوریاو دواییش بچنەوە کوردستان.

دوای دوو سێ رۆژ کاك سامی گەیشتو هەمووومان چووینە- روچستەر- تا سەردانی- مایوکلینك- بکەین، ئەنجارەیان- فیلیپ- یاوەرمان نەبوو، بارزانی پشکنینی پێویستی بۆ کراو وەك سێ مانگ پێشتر ئەنجامەکەی باش دەرچوو، لەوێ چاومان بە دکتۆر- ماکفرسن-و خانەوادەکەی کەوتو بەیەکەوە نانمان خواردو دوایی چووینە شاری- میناپۆلیس- لەویلایەتی- مینیسوتا-و دوای بەسەربردنی شەوێك بارزانیو سامیو سیهاد لەوێ مانەوەو منو کاك مەسعودیش چووینە ویلایەتی داکوتا تا سەردانی هەندێك لە پەنابەران بکەین.

بارزانی نەمرو سامیو سیهاد لە هوتێلێکی ئاسوودەو خۆش لە شاری- میناپۆلیس- کە گەورەترینو جوانترین شاری ویلایەتی ((مینیسوتا-یە دابەزیبوون، بە باڵەفڕ نێوانی باڵەفڕخانەی- میناپۆلیس-و باڵەفڕخانەی- بسمارك- لەویلایەتی داکۆتای باکوور کەمتر لە دوو سەعات بوو، ژمارەیەکی زۆر لە پەنابەران هاتبوونە پێشوازی، ژمارەیەك لە وان ئەگەرچی چەند مانگێ بوو هاتبوونە ئەوێ بەلاّم بە ئوتۆمۆبیلی تایبەتی خۆیان هاتبوونو تەنانەت هەندێکیان بە باشی فێرە ئاژۆتن نەبوون، لە کاتی دابەزیندا سلاّومان لە پێشوازیکەران کردو بەداخەوە هەواڵی کۆچی دوایی یەکێك لە پەنابەران ((مولازم ئیسماعیل))مان پێگەیشت کە خۆیو هاوسەرەکەیو منداڵە شیرەخۆرەکەیان ئۆتۆمۆبیلەکەیان وەرگەڕابوو، ئیسماعیل گیانی لەدەست دابوو، هاوسەرەکەشی بە بریندارى بردرایە نەخۆشخانەو منداڵەکەش سەلامەت دەرچوو.



www.mukiryani.com

لەناو پێشوازیکەراندا ((عومەر مەلا ڕەسووڵ))یش هاتبوو کە خەڵکی گوندەکەمان بوو، عومەر بەر لەوەی بێتە ئەمەریکا لە خانووەکەی من لە کەرەج دا دەژیاو ئەویش ئوتۆمۆبیلێکی قەشەنگی کریبوو، پەنابەرێکی دیکەش لام وایە قادر حەمەدەمین مستەفا بوو لە پێشوازی کاک مەسعودو من دا ئامادەبوو. هەمووەمان چووینە ماڵی یوسف بۆتانیو بڕیاربوو کۆبوونەوەکە لەوێ سازبدرێت، بۆتانی لەبرا مەسیحیەکانی شاری سلێمانی بوو، دوو ژووری بۆ کاک مەسعودو من چۆل کردبوو، لام وایە لە خانووەکە یەك ژووری چۆل مابۆوە، یووسف زۆر بە باشی خزمەتی کردین، لەگەڵ پەنابەران قسەمان کردو باسی ڕێکخستنی کاروبارەکانمان کرد. کە زۆربەیان گەنجو زگورتی بوون، من مۆڵەتم لە کاك مەسعود وەرگرت تا بەدوای هەواڵی کۆچی دوایی مولازم ئیسماعیل دا بچم، قادر حەمەدەمینو مولازم ئیبراهیم زەنگنەو نوری دزەییو عومەر مەلا ڕەسووڵ دزەییو هەندێکی دیکە یاوەرم بوون کە ناوەکانیانم لەبیرنەماوە، تەرمەکەیان بردبووە یەك لەو خانووانەی کە تایبەت بوو بە مردووان، لەوێ قەشەیەك زۆر بە شێوازێکی جوان پێشوازی کردینو پاشان بە شێوازی ئیسلامی مەیتەکەیان شوشت، مولازم ئیبراهیم زەنگنە رۆلێکی جوانی بینی، مەیتەکەی شووشتو کفنی بۆ دووری، تەرمەکەی خرایە ناو سندووقو بەرەو گۆڕستانی شارەکە بەڕێ کرا، لە گۆشەیەکی گۆرستانەکەدا ڕووبەڕێك دیاریکرا تا ئەگەر کوردە پەنابەرەکان مردن لەوێیان بنێژن، کاك مەسعود پارەی زەویو رسوماتەکانی دا، بەڕێگای ئیسلامی مولازم ئیسماعیل بە خاك سپێردراو پاشان گەڕاینەوە ماڵی یووسف بۆتانی، دوای بەسەربردنی شەوێك لە میوانداری بۆتانیو لەگەڵ پەنابەران، پاش ئەوەی کاروباری پەنابەرانمان ڕێکخستو کاری پێویستمان بۆ لیژنە حیزبیەکان کردو لەگەڵ بارزانی شەوێکی دیکە



www.mukiryani.com

لـه- مینـاپۆلیس-دا ماینـەوەو پاشـان هـەموومان گەڕاینـەوە واشـنتنو چووینەوە ئوتێلەکەی پێشوو.

مـن وادەی دەرمانـەکانی بـارزانیم زەبـت کردبـوو، چـەند سـاڵێك بـوو سەعاتێکی ئۆمیگام هەبوو کە زۆر مەزبووت بوو، بەڵام ڕۆژێك لـە دەسـتم کەوتە خوارەوەو تێکچوو، بردمە لای سەعاتچیەك، داوام لە سیهاد کرد کـە سەعاتەکەی خۆیم بداتێ تا وادەی دەرمـان خواردنەکـە ڕێکبخـەم، سـیهاد سەعاتەکەی دامێ کە نازانم چ جۆرێك بوو، ڕۆژی دوایـی سـیهاد پرسـیاری سەعاتەکەی کردەوە ئاخۆ زەبتم کردووە یان نا، هەر کاتێك چوومابا دەرەوەی ئوتێل یان ئەگـەر دەسـتم بشووشـتایە سـیهاد ئاگـاداری دەکردمـەوە کـە ئاگاداری سەعاتەکە بمو تەڕ نەبێت، بەمە زۆر پێدەکەنیمو سـەربوردەیەکی پێشمەرگەی دێرین محەمەد عەزیز ناسراو بە ((بەربەیار))م بیرهاتەوە کاتێك لە شەستەکان کە سەردانی بارەگاکەیانم لە هێـزی دەشـتی هـەولێردا کـرد بۆی گێڕامەوە، ئەو سەربوردەیەم بۆ بارزانیش گێڕایەوە کە بەمجۆرە بوو ((لە کۆتایی چلەکانو سەرەتای پەنجاکان بەربەیار لە گوندی قۆڕیتان کـە (٢٠) کم لە باشووری هەولێر دوورە دادەنیشت، ڕۆژێکیان بـۆ ئاهـەنگێکی بـووك گواستنەوە لە گوندێکی دراوسێیان داوەت دەکرێت، لـە ڕۆژی دیـاریکراودا هەندێك لە لاوەکانی گوندەکە کـە داوەتکرابـوون داوای لێدەکـەن یاوەریـان بێتو بچنە سـەر شـاییەکە، بـەڵام داوای لێبووردنیـان لێـدەکاتو دەڵێـت جلوبەرگێکی ئەوتۆم نییە بیپۆشـم، یـەکێك لـە لاوەکـانی گونـد دەڵێـت قاتێکی زیـادەم هەیـەو بیپۆشـە، محەمـەد بەربـەیار رازی دەبێـتو دەچـنە گوندەکە، دوای شاییو بەزمو ڕەزم لاوەکـە نـاو بـەناو بـە بەربـەیار دەڵێـت ئاگاداری قاتەکەم بەو لەکاتی شاییدا تـەڕ نـەبێت، ئەگـەر لـە سـەر زەوی



www.mukiryani.com

دانیشتی وریابە پیس نەبێت، محەمەد بێــزار دەبێــتو لــە بەرچــاوی خــەڵك قاتەکە دادەکەنێتو پێیان دەڵێت کە هی ئەو نییەو هی ئەو زەلامەیە)).

بارزانی بەم ســەربوردەیە زۆر پێکــەنیو وتــی بەربــەیار دەناســمو چــەند جارێك لەگەڵ فارس باوە هاتوونەتە لام، دوای ماوەیەك بارزانی لــە شــوێنی خۆی هەڵساو مەسعودی بانگ کردە ژوورەکەی، دوای چەند چرکەیەك هاتــە دەرەوەو سەعاتێکی نوێی لــە جــۆری ((رۆلــیکس)) پێشــکەش کــردم، وتم ئەزبەنی لــە گێڕانــەوەی ســەربوردەکە مەبەســتم تــەنیا ســەیرو ســەمەرەی ڕووداوەکە بوو نەك سەعاتێکم بدەیتیێ، بارزانی وتی ئەو سەعاتە لای خــۆت بپارێزەو وەك یادگاریەك لــەلات بمێنێتــەوە، سوپاســم کــردو ئێســتاش دوای تێپەڕبوونی سی ساڵ ئەو سەعاتەم پاراستووەو لە دەستمدایەو بــە نــرخترین خەلاّتە لەلام، دوای چەند ڕۆژێك دۆســکی پێبڕاگەیانــدین کــە نووســینگەی بەکرێدان خانوویەکی دۆزیوەتەوەو بچین سەیری بکەین، لەگەڵ بارزانی نەمر چووین سەیری خانووەکە بکەین، دوای ئەوەی بینیمان گونجاوە گرێبەســتمان مۆرکردو بڕیارماندا لە ١/١٠/١٩٧٦ بگوازینەوە، خانووەکــە ســێ نهــۆم بوو، نهۆمی ئەرزی هۆڵێکی گەورەو تەوالێتو شوێنی وەستانی ئوتۆمۆبیلی تێدابوو، بە پەیژەیەك دەچووینە نهۆمی یەکــەم کــە هــۆڵی دانیشــتنو نــان خواردنو چوار ژووری نووستن کە هەریەکەیان حەمامی خۆی تێدابوو جگــە لە مەتبەخێکی مام ناوەندی، نهــۆمی دووەم دوو ژووری نووســتنو تــوالێتی تێدابوو، خانووەکە باخچەی پشتەوەو پێشەوەی هەبوو، بەلاّم وەك هی خــانووە ئەمەریکیەکان شوورەی نــەبوو، پرســیاری دەرو دراوســێکانمان کــرد وتیــان هــەموو ئەمــەریکین لــەلای چــەپمان مــاڵی یــەکێك لــە فەرمانبــەرانی باڵیۆزخانەی بەریتانیا بوو کە دوایی بووە برادەرمان، ئەو کاتە لــە کۆتــایی مانگی ئەیلوولی ساڵی (١٩٧٦)دا بووین.



www.mukiryani.com

# گواستنەوە بۆ خانووی کرێ

لە ١/١٠/١٩٧٦ هۆتێلمان جێهێشتو چووینە خانووی کرێ، دۆسکی کاری پێویستی بۆ دانانی کەلوپەلو ڕایەخ ئەنجامدا، بارزانی لە ژووری سەرەکیو کاک مەسعودیش لە تەنیشت ژووری باوکی جێنشین بوون، وەبیرم نایەتەوە ئاخۆ سیهاد لەگەڵ کاک مەسعود بوو یان لە ژوورێکی دیکە، منیش چوومە ژوورەکەی بەرامبەر ژووری بارزانیو سامیش چووە ژوورێکی دیکە.

بڕیار وابوو ئێوارەی ٢/١٠/١٩٧٦ برایان مەسعودو سیهادو سامی سەفەری لەندەن بکەنو خەریکی پێچانەوەی جانتاکانیان بوونو منو دۆسکیش بڕیارماندا بچینە ویلایەتی ڤرجینیا تا هەندێك ((چەك)) بکڕین، ئەو سەردەمە یاسای ئەو ویلایەتە ڕێی بەهەر کەسێك دەدا بە پیشاندانی ناسنامەی کەسایەتی پارچە ((چەك))ێك یان زیاتر بکرێت.

ویلایەتی ڤرجینیا لە ماڵەکەی ئێمەوە هەر چارەگە سەعاتێك دەبوو، ڕووبارێك واشنتنی پایتەختو ویلایەتەکەی لە یەك جیادەکردەوە، لەوێ چووینە کۆگایەكو دەمانچەیەکی جۆری ((سمیث))ی دولابو تفەنگێکی تۆماتێکمان کڕی، دەمانچەیەکیشمان لە دۆسکی وەرگرت، گەڕاینەوە ماڵەوەو دەمانچەیەکمان لە ژووری بارزانی داناو تفەنگێكو دەنامچەیەکیشم بردە ژوورەکەی خۆم.



www.mukiryani.com

ئێوارەی ئەو ڕۆژە برایان مەسعودو سیهادو سامی سەفەریان کرد بۆ لەندەن، بارزانی بۆ بەڕێکردنیان چووە باڵەفڕخانەو منو دۆسکیش یاوەری بووین، بۆ ئەو مەبەستە ئوتۆمبیلی دۆسکیو تاکسیەکمان بەکارهێنا، دوای بەڕێکردنیان بە ئۆتۆمۆبێلی دۆسکی لەگەڵ بارزانی دا گەڕاینەوە، لەرێگا بۆ شیو خواردن لاماندایە چێشتخانەیەكو پاشان گەڕاینەوە ماڵەوە کە بەهۆی سەفەری برایانەوە نیمچە چۆل دیار بوو.

نیوەشەو دۆسکی گەڕایەوە ماڵی خۆیو بارزانیو من بە تەنیا ماینەوە، درەنگی شەو بارزانی چووە ژوورەکەی خۆی وەکو عادەتی خۆی باوەڕم نەدەکرد زۆر نووستبێت، بەلاٌم من ئەو شەوە خەو نەچووە چاوم چونکە خۆم بە پارێزەری شەخسی بارزانی دادەنا، جگە لە چەند هۆکارێکی دەروونیش بە تایبەتی دوای ئەو هەموو میحنەیەی کە بینیمانو ئێستاش لەگەڵ بارزانی بەیەکەوە لەژێر یەك بنمیچ دایـن، بەیانی زوو ژوورەکەم جێهێشتو دوای ریش تاشینو چوونە حەمام خۆم گۆڕی، چوومە موتبەخەکەو هەندێك چێشتو ((چا)) یەکەم خواردەوە جگەرەیەکم داگیرساند، ئەو کاتە جگەرەکێش بووم، دەستم بە خوێندنەوەی ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە کرد، دۆسکی لەگەڵ رۆژنامە فرۆشێك پێکهاتبوو کە هەموو بەیانیەك رۆژنامەمان بۆ بهێنێت.

سەعات (١١)ی سەر لە بەیانی ئەو رۆژە ١٩٧٦/١٠/٣ بارزانی لە ژوورەکەی هاتە دەرەوە، لە ژووری نان خواردن هەندێك چێشتو ((چا))یەم بۆ ئامادەکرد، بارزانی زۆر حەزی لە ماست بوو، بڕێکی پەنیری کەم چەوریو هێلکەو رۆنێكو چەند پارچە نانێکم لەسەر مێزەکە بۆ دانا.

کە لەنان خواردن بۆوە، لەکاتی لابردنی قاپەکان دا بینم دەستی لە هێلکەو رۆنەکە نەداوە، لێمپرسی لەمەودوا هێلکەت چۆن بۆ ئامادە بکەم؟



www.mukiryani.com

وتی بەهەر جۆرێك بێت ئاساییە، بەلاّم پزیشك ڕێنمایی كردووم كە هێلكـە نەخۆم، بە پێكەنینەوە وتم ئەمە جیاوازی نێوان بەڕێزتانو ئێمەیە، بـارزانی وتی چۆن؟ وتم: من زۆر حەزم لە هێلكەیە بەلاّم پزیشك ڕێنمایی كردووم كە زۆر نەخۆم بەلاّم خۆم پێ كۆنترۆڵ ناكرێت، بەلاّم بەڕێزتان وا هێلكـەتان لـە بەردەمەو خۆشتان پێ كۆنترۆڵ دەكرێت، بارزانی وتـی: وا سـێ مانگـە لـە ئەمەریكام ئەمە یەكەم جارە كە چێشتێكی وا بە لەزەت بخـۆم، نـازانم ئـەو قسەیەی بارزانی هەر لەبەر من بوو یان بۆ هاندانم بوو، لەو باوەڕەدام لەبەر هەردووكیان بوو.

بیرمـان لـەوە كـردەوە كـە بـۆ چـوونە بـازاڕو هاتووچـۆو سـەردانەكان ئوتۆمۆبیلێك بكڕین، هەرچەندە زۆربەی كات دۆسكی بـە ئوتۆمۆبیلەكـەوە لامان بوو، بەلاّم ئوتۆمۆبیلێك هەر پێویست بوو، چونكە لە ئەمەریكا ماڵ نییە بێ ئوتۆمۆبیل.

ڕۆژی پاشتر لەگەڵ دۆسكی چـووینە نووسـینگەی تایبـەت بـە پێـدانی مۆڵەتی ئاژۆتنی ئۆوتۆمبیـل، دوای ئەنجامـدانی تاقیكردنـەوەو پشـكنینی پزیشكی توانیم مۆڵەتی ئەمەریكی وەربگرم، هەر ئەو ڕۆژە لەگەڵ بـارزانی چووینە پێشانگایەكی ئوتۆمبیلو بە چەند هەزار دۆلارێـك ئوتـۆمبێلێكی گونجاومان كڕی، نرخی ئوتۆمۆبیل لە ئەمـەریكا لـە چـاو ولاّتـانی دیكـە هەرزانترە. لە ڕۆژی یەكەمی چـوونە نـاو خـانووی كـرێ هێلـی تەلـەفۆنمان ڕاكێشا، خانمێكی ئەمەریكی ڕەش پێست كە تەمەنی نزیكـەی پـەنجا سـاڵ دەبوو ڕۆژانە ماوەی (٣-٤) سەعات ماڵەكەی خاوێن دەكردەوەو جلوبـەرگی ئوتوو دەكرد.



www.mukiryani.com

دوای دابینکردنـــی پێداویســـتیەکانمان لـــەو خـــانووەدا جـــێگیر بـــووین‌و ژیانێکی ئاساییمان دەستپێکردو هەردەم ئاگاداری ســـەلامەتی‌و ئاســـوودەیی بارزانی بووین.

کاك مەسعود تەلەفۆنی بۆ کردم‌و گوتی جانتای دەستی‌و جزدانـــی پـــارەو پەساپۆرت‌و هەرچی ئـــەوراقێکی تێـــدابووە، هـــەموویان دزیـــوە، داوای کـــرد یەکسەر هەندێك پارەی بۆ بنێرم، لەبەر باری تەندروستی ئـــەم هەواڵـــەم بـــە بارزانی رانەگەیاندو نەمویست بەکاری وەهاوە بێ تاقـــەتی بکـــەم، چـــاوەڕێ بووم تا محەمـــەد ســـەعید دۆســـکی هـــات، بـــە هەنجـــەتی کـــڕینی هەنـــدێك پێداویستی هاتمە دەرەوە، چوومە بانکێك‌و هەندێك پارەم بۆ کـــاك مەســـعود حەواڵە کرد، رۆژی پاشتر پارەکەی بەدەست گەیشت.

پاشان زانیمـــەوە کـــە پـــۆلیس ژوورەکـــەی پشـــکنیوە هـــیچ ئاســـەوارێکی شکاندنی دەرگاو پەنجـــەرەی نەدۆزیوەتـــەوە، تاوانبارەکـــە زۆر ئاســـایی چـــۆتە ژوورەوە، پاشان پۆلیس جانتاو پەساپۆرت‌و ئەوراقەکانیان بە فڕێـــدراوی لـــە نزیك هوتێلەکە دۆزیەوە، بەلاّم پارەکانیان دەرهێنابوو، من گومـــانی تـــەواوم لە کەسێك هەبوو، هەروەها کاك مەسعودیش گومـــانی لـــە هـــەمان کـــەس هەبوو، بەلاّم ئەم رۆژگارە بۆ رووشکێنکردنی لـــەبار نـــەبوو، ئێســـتاش ئـــەو کەسە ناو بەناو سەردانی کوردستان دەکات‌و ئەوپەڕی رێزی لێ دەنرێت.

لە مـــانگی تەموزی ســـاڵی داهـــاتوو واتـــە ســـاڵی ١٩٧٧، لەگـــەڵ کـــاك ئیدریس گەیشتینە لەندەن، لـــە ئـــەو هوتێڵـــەی کـــە دزیەکـــەیان لـــە کـــاك مەسعود کرد، ژووریان بۆ گرتبووین، کاك ئیدریس پرسی: هەمان هوتێڵـــە؟ وتم: بەڵێ، بە پێکەنینەوە وتی تا خۆمـــان‌و جانتاکانیـــان نـــەدزیوە بـــا لێـــرە بڕۆین.



www.mukiryani.com

## له واشنتن دا

ڕۆژان بەسەر دەچوونو بارزانیو من لەو خانووەدا بووین، دۆسکی سەعات (١٢)ی نیوەڕۆ دەهاتە لامانو تا نیوەشەوە دەمایەوە، نیوەڕۆیان لە ماڵەوە فراڤینمان دەخوارد یان دەچووینە چێشتخانەیەکی لاچەپی دوور لە چاوی عێراقیەکان، ئەگەر لە ماڵەوە فراڤینمان خواردبا هەندێك خواردنی سادەمان دروست دەکردو دۆسکیش یارمەتی دەدام، لە پێشمەرگایەتیدا فێری دروستکردنی هەندێك خواردەمەنی بوو بووم، بارزانی نەمر زیاتر حەزی لە خواردەمەنی ماڵەوە بوو هەرچەندە سادەش بوو.

گەلێك جار بۆ نان خواردن دەچووینە دەرەوەی ماڵ، بارزانی ئەو چێشتخانانەی پەسند دەکرد کە لە باڵەخانە بەرزەکان دابوونو کەوتبوونە دەرەوەی شار، هەندێك جار دەچووینە ئەو چێشتخانەیەی کە کەوتبوو نهۆمی شەشەمی باڵەخانەیەك ((ناوەکەیم بیرنەماوە)) لە نزیك هوتێلی ماریۆت، هەر بۆ زانین لە واشنتن ڕێگە بە هیچ باڵەخانەیەك نادرێت کە بەرزیەکەی لە (٦-٧) نهۆم زیاتر بێت واتە لە بورجی واشنتن بەرزتر نەبێت، ئێمە بەو چێشتخانەیەمان دەوت چێشتخانەی بلند، زۆربەی ڕۆژانی یەکشەممە ئەگەر کەشوهەوا خۆش بووایە دەچووینە چێشتخانەیەکی میللی دەرەوەی شار لەویلایەتی ڤرجینیا لەسەر ڕێگای (تایزن کۆرنەر) بە دووری نزیکەی (٢٠)کم، چێشتخانەکە فراوانو کەلوپەلەکانی سادەبوون، ڕۆژانی شەممەو یەکشەممەو خانەوادە ئەمەریکیەکان بە منداڵەوە ڕوویان تێدەکرد، ئەگەر



www.mukiryani.com

پێشتر گرت نەدابا بەزەحمەت شوێنت دەست دەکەوت، دەوروبەرەکەی بە باخو بێستانی فراوان رازابۆوەو چەندان ئاژەڵی ماڵیو تەیرو تـوارو تاوسـیان تێـدابوو بۆیـە ناومـان نـابوو ((چێشـتخانەی تـاوس))، دوای فـراڤین، پیاسـەیەکمان بـەناو باخچـە فراوانەکـەدا کـرد، سـەیری باڵنـدەو ئاژەڵـە کەویەکانمان کرد، ئەوەی پێویستە ئاماژەی بـۆ بکـەم بـارزانی حـەزی لـە وەرزشی بەپێ رۆیشتن بوو تەنانەت لەناو ماڵەوەشدا.



www.mukiryani.com

## بارزانی له سەردەمی منداڵی دا

ئەو درەنگە شەوانەی کە محەمەد سەعید دۆسکی جێیدەهێشتین بارزانیو من بە تەنیا دەماینەوە، لە هۆڵی نان خواردن مێزێك دانرابوو کە شەش کورسی بە دەورەوە بوو، بارزانی لەوسەرو منیش بەرامبەری دادەنیشتم، زۆر حەزی لە خوێندنەوەی کتێبی مێژوویی‌و جەنگەکان بوو و دەوری فەرهەنگە ئینگلیزی‌و عەرەبیەکانی دەکردەوە، جار جار پرسیاری هەندێك وشەو چۆنیەتی ژنەوتینی لێدەکردم، بارزانی نەمر زۆر حەزی لە تەماشاکردنی تەلەفزیۆن نەبوو تەنیا سەیری فیلمی سروشتی‌و دارستانو ئاژەڵی کێوی دەکرد، حەزی لە مۆسیقاو گۆرانی فۆلکلۆری‌و لاوك بوو، هەموو ئێوارەیەك بە ئامێری ریکۆردەر گوێی لە گۆرانی دەگرت، گەلێك جار لەبیرم دەچوو ریکۆردەرەکە پێبکەم، بە پێکەنینەوە بیری دەخستمەوەو دەیوت: گۆرانیەکی کۆنمان بۆ ناڵێی موحسین؟، زۆر حەزی لە دەنگی محەمەد عارف جەزراوی‌و عیسا بەرواری بوو، بە عیسای دەوت ((کەوی رەبات)) کە جۆرە کەوێکە قاسپەی قەبەو خۆشە.

جارجار ((چا))یەکم دەخستە بەردەمی، چەندان سەربوردەی بۆ دەگێڕامەوە بە تایبەتی هی سەردەمی منداڵی‌و زۆر بە ((ئەحمەدئاغای شێروانی)) خاڵۆی سەرسام بوو، دەیوت چەند مانگێك دوای کۆچی دوایی باوکم هاتوومەتە دنیاوە خاڵۆم فێری نیشان شکێنی‌و ڕاوی کردمو لەگەڵیدا چوومەتە ڕاو، تاقانەی دایکم بوومە، براکانی تریشم شەهید شێخ



www.mukiryani.com

عەبدولسەلام‌و شێخ ئەحمەدو محەمەد سدیق‌و شێخ بابۆن، شێخ بابۆ تەمەنی چەند مانگێك بوو کە باوکی کۆچی دوایی کردو بۆیە بەناوی باوکییەوە ناودێر کرا.

بارزانی لەگەڵ شێخ بابۆی برای بەیەکەوە گەورە بوون، جیاوازی تەمەنیان لە ساڵێك کەمتر بوو، تا کۆچی دوایی شێخ بابۆ لە کۆتایی ساڵی (١٩٧٥) ئەو پەیوەندیە برایەتی‌و ڕوحیەیان هەر بەردەوام بوو سەرەڕای جیاوازی دیدو بۆچوونیان، بە پێچەوانەی بارزانی، شێخ بابۆ توخنی سیاسەت نەدەکەوت‌و ژیانی بۆ کاروباری ئاینی تەرخانکردبوو، پێشتر باسی خوو ڕەوشت بەرزی شێخ بابۆم کرد کە لە ژیانیدا چەکیشی هەڵنەدەگرت‌و تەنانەت ڕاوی باڵندەو ئاژەڵیشی نەدەکرد. سیداد بارزانی کە کوڕی سەرکردەی نەمر بارزانییە دەڵێت: ((لە سەرۆك مەسعود بارزانیم بیستووە، منداڵ بووین جارێکیان لە شێخ بابۆمان پرسی ئاخۆ ئاژەڵێك یان باڵندەیەکی ڕاو کردووە؟ بە پێکەنینەوە وەرامی دایەوە: تەنیا جارێك کەوێکم بینی‌و نیشانم تێگرت سوپاس بۆ خوا نەمپێکا)). لە ژیانمدا پەیوەندی پتەوی برایانەو ڕێزگرتنی لە ڕادەبەدەری وەك نێوانی بارزانی‌و شێخ بابۆم نەبینیوە.

بارزانی دەیوت عەشیرەتی شێروان عەشیرەتی سەرەکی سەر بە شێخانی بارزان‌و بە سەرۆکەکەیان دەوت ((میری شێروانیان)) کە ئەو کاتە ناوی سوڵتان بوو و باوکی ئەحمەدئاغای خاڵی بارزانی بوو.

شێروانیەکان بە شێوازێکی نیمچە دیموکراسیانە سەرۆکیان هەڵدەبژارد، موختارو گەورەی گوندەکانی شێروانیان کۆدەبوونەوەو ئەو کەسەیان هەڵدەبژارد کە لێهاتوو بوو و دەکرا بە میری شێروانیان، سوڵتان بۆ ماوەیەك میری شێروانیان بوو، بەلاّم کە بینیان کەمتەرخەمەو کاروباری عەشیرەت فەرامۆش دەکات لایانبردو ئەحمەد ئاغای کوڕی واتە خاڵۆی بارزانیان لە



www.mukiryani.com

شوێنی دانا، ئەحمەد ئاغا پیاوێکی بێ فیزو نان دەرو ئازابوو، بەرگریەکی گەورەی لە شێخانی بارزان دەکردو لە هێرشی عەشیرەتەکانی دیکە پاراستنی.

بارزانی کە منداڵ بوو لەگەڵ خانەوادەکەی چەندان جار لەلایەن دەسەڵاتدارانی عوسمانیەوە دەستگیرکراون، کاتێکیش گەیشتە قۆناغی مێردمنداڵی زۆرجار ئەحمەد ئاغای خاڵۆی لەگەڵ خۆیدا دەیبردە ڕاوو فێری چەك هەڵگرتنو نیشان شکێنی دەکرد، بارزانی دەربارەی یەکێك لەو ڕاوانە دەیگێرایەوە تووشی ورچێکی گەورە هاتنو هێرشی بۆ هێنان، ئەحمەد ئاغا تەقەی لەورچەکە نەکردو چاوەڕێی ئەوەی دەکرد ئاخۆ بارزانی گەیشتۆتە ئەو تەمەنەی کە بەرگری لە خۆی بکات، کاتێك ورچەکە نزیك دەبێتەوە بارزانی تەقەی لێدەکاتو دەیکوژێت، ئەحمەد ئاغا زۆر بەوە دڵخۆش دەبێت کە بارزانی بوەتە ڕاوچیو نیشان شکێن.

بارزانی زۆر باسی ئازایەتیو لێهاتوویی ئەحمەد ئاغای خاڵۆیو ئەو خزمەتانەی کە پێشکەش بە شێخانی بارزانی کردوە بۆ دەگێڕامەوە. گەلێك جار بە پیاسە دەچووینە دەرەوەی شار یان بازاڕگەکان لە ناوچەی ((تایزن کۆرنەر))، ترومبێلەکەمان لە گەراج جێدەهێشتو نزیکەی دوو سەعات بەپێ دەڕۆیشتینو پاشان دەگەڕاینەوە ماڵەوە.

وارێککەوت سەردانی ماڵی ((محەمەد سەعید دۆسکی))مان کرد ((جاری یەکەم کە سەردانی ئەو ماڵەمان کرد کاك مەسعود هەر لە واشنتن بوو))، لە ماڵەکەی دۆسکیدا مێزی بلیارد هەبوو، هەندێك جار بلیاردمان دەکرد، بارزانی لە هەموومان باشتر یاری دەکرد، وێدەچوو پێشتر لە یەکێتی سوڤیەت فێری ئەو یاریە بووبێت، کاك مەسعودو دۆسکیش بە پلەی دووەم



www.mukiryani.com

دەهاتن‌و من لە هەموویان خراپتر بووم، سیهاد جار جار بەشداری دەکردو لەمن باشتر نەبوو.

لە ماڵەکەدا خواردنی برژاوی ئامادەکراومان دەخوارد (BAR-B-q باربیکو)، هاوسەرەکەی دۆسکی کە بە ئەسڵ عەرەبی لوبنان بوو لە تەندووری ماڵەکەدا نانی عەرەبی بۆ دەبرژاندین، بەمجۆرە چەند سەعاتێکمان لەو ماڵەو باخچە فراوانەکەدا بەسەر دەبرد، دوای یەکەم سەردان کە مەسعودو سیهادیش یاوەرمان بوون لەگەڵ بارزانی دوو سێ جاری دیکە سەردانی ئەو ماڵەمان کردەوە، جارێکیان لە پشووی هەفتەدا ویستمان سەردانیان بکەین، ماڵەکە هەر (٢٥-٣٠)کم لە ماڵی ئێمەوە دوور بوو، هێشتا لە سەرەتای ڕێگادا بووین کە بارانێکی زۆر بەخوڕ دایکردو فلّچە بە جام ڕانەدەگەیشت‌و بەرچاوی خۆمان نەدەبینی، ناچار لەبن پردێك ڕاوەستارین‌و سەعاتێك چاوەڕوان بووین تا کڕی کردەوەو ناچار گەڕاینەوە ماڵەکەی خۆمان.

بارزانی نەمر جار جار باسی ئەو شەڕانەی بۆ دەگێڕامەوە کە دژ بە سوپای عێراق لە ساڵانی سییەکانی دژ بە سوپای شا لە ناوەڕاستی چلەکان‌و دوای رووخانی کۆماری مەهاباد کردوویەتی، ئینجا دەهاتە سەر باسی ئەو شەڕانەی کە دوای گەڕانەوەی بۆ عێراق، یان لەکاتی ڕێ ڕۆیشتنە بەناویانگەکەی بۆ یەکێتی سۆڤیەت تووشی هاتووە.

بارزانی سەربوردەی ڕزگار کردنی بریندارێکی بۆ گێڕامەوە کە لە شەڕی دژ بە شا دا بریندار بوو، بارزانی دەیوت بریندارەکە دەیوت جێم بێڵەو خۆت ڕزگار بکە، بەلاّم من قوتارم کرد، ئەو بریندارە ((حەسۆی فاتێ)) بوو کە چەند ساڵێك لەمەوبەر کۆچی دوایی کردو ئێستا کوڕەکانی لە خزمەتی کاك مەسعودا کار دەکەن.



www.mukiryani.com

جارێك لە بارزانیم پرسی: جەنگاوەرەكان بۆ ئەوەندە تۆیان خۆشدەویستو بەبێ دوو دڵی فەرمانەكانتیان جێبەجێ دەكرد؟ بارزانی بە زەردەخەنەیەكەوە وەرامـی دایـەوە: هەڵسـوكەوتی مـن لەگـەڵ جـەنگاوەران هەڵسـوكەوتی سەركردەو سەرباز نەبوو، هەموویانم وەك كوڕو برای خۆم تەماشا دەكرد، لـە سەرجەم ئەو شەڕانەی كە دژی دوژمن بەشداریم تێدا كردوون شوێنی هـەرە مەترسیدارم بۆ خۆم هەڵبژاردووە، گیانی ئەوانم لە گیـانی خـۆم لا گـرنگتر بووە، هەروەها پێداویستیەكانی ئەوانم لە خواردنو جلوبـەرگ پێشـی خـۆم دابین كردووە.

بارزانی گێڕایەوە: لە یەكەم كاری دوژمنانەی بەعس لە ساڵی (١٩٦٣)و هێرشی بۆ سەر ناوچەی بارزان خەڵكی سڤیل سبەینان ڕوویان لە گردەكانی دەوروبەر دەكردو لە هێرشی باڵەفڕ خۆیان دەشاردەوە، وارێككەوت جارێكیان بارزانی بەلای یـەكێك لـەو پەناگـە سروشـتیانەدا تێپـەڕیو لـەوێ چـاوی بەسابیری كوڕیو ((سابیر لە ئەنفالی بارزانیەكان ساڵی (١٩٨٣)دا شـەهید كرا))، پێشمەرگەی دێرین ناسراو بە گورگۆ كەوت، ناوی تـەواوی حوسـێن مـەحمود مسـتەفاو خـەڵكی گونـدی بابكـێ بـوو، گورگـۆ لـە ڕیپێوانـە مەزنەكەی بارزانی بۆ یەكێتی سۆڤیەت یاوەری بووە، لە پیاوە ئازاكان بـوو، بـەلاّم بـەهۆی بـەناو سـاڵ كـەوتنی ئەگـەر زۆر پێویسـت نـەبا بەشـداری شەڕەكانی نەدەكرد.

گورگۆ شوێنێكی بـۆ خـۆی چـاك كردبـوو و لـە پلووكـە بـەرد پاكـژی كردبۆوە، سابیر داوای ئەو شـوێنە لـە گۆرگـۆ دەكـات بـەلاّم گورگـۆ ڕازی نابێتو سابیر موسیڕ دەبێت، گورگۆ توورە دەبێتو پێیدەڵێت: وا زەن دەكـەی خزمەتكاری باوكتم؟ سابیر تـووڕە دەبێـتو جێیـدەهێڵێت، بـارزانی دەگاتـە لایانو مەسەلەكە لە سابیر دەپرسێتو ئـەویش بـۆی دەگێڕێتـەوە، بـارزانی



www.mukiryani.com

پێدەکەنێت‌و بە سابیر دەڵێت ((سابیر نازانی من‌و تۆیش خزمەتکاری گورگۆو ئەمسالّی گورگۆین)).

بەجۆرە بارزانی خۆی بە خزمەتکاری گەلەکەی نەك گەورەی گەلەکەی حسێب دەکرد، چەندان جار بینیومە نامەی بۆ پێشمەرگەو یاوەرانی نووسیوە یان وەرامی نامەکانیانی داوەتەوەو لە کۆتاییدا نووسیویەتی ((براو خزمەتکارتان))، بەڕاستی ئەو زاتە خزمەتی گەورەی پێشکەش بەو گەلە کردووە، تەمەنی خۆی لە چیاو بەندیخانەدا بەسەربرد، چاوی لە بەرژەوەندی کەسێتی خۆی نەبوو بەڵکو بەرژەوەندی میللەتی دەویست‌و قەت نەحەسایەوە.

کاك مەحمود ئەحمەد عوسمانی پورزام‌و برای کاك زەید ئەحمەد عوسمان بۆی گێڕامەوە (ئەو کاتەی کە لە وەزارەتی دارایی عێراق بەڕێوەبەری گشتی بوو، دوای ئەوەی بەعس ساڵی ١٩٧٤ شەڕی دژ بە کورد دەستپێکردەوە، بڕیارێك لە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش کە سەدام حوسێن سەرکردایەتی دەکرد، نووسراوێك ئاراستەی سەرجەم فەرمانگەکانی دەوڵەت کراو داوای دەست بەسەرداگرتنی موڵك‌و ماڵی گواستراوەو نەگواستراوەی تایبەت بە مەلا مستەفای بارزانی کردبوو، دوای ماوەیەك بەڕێوەبەرایەتی گشتی تاپۆو فەرمانگەی دیکە وەرامی نووسراوەکەیان دایەوەو تیایدا هاتبوو کە مەلا مستەفای بارزانی هیچ موڵك‌و ماڵێکی گواستراوەو نەگواستراوەی نییە، ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش داوای کرد بە پەلە ئەو نووسراوە بکێشنەوەو بلاۆنەبێتەوە).

لەبەر ئەو هۆکارانە خەڵك بارزانییان خۆش دەویست‌و تاکە سەرکردەی بێ ڕکابەری میللەت بوو، ئەوەی کە ئەمڕۆ بەدەستمان هێناوە بەری ماندووبوون‌و قوربانییەکانی ئەو پیاوە گەورەبوو لە ماوەی نیو سەدە زیاتر،



www.mukiryani.com

هەروەها بە خوێنی پاکی شـەهیدانمان کـە قوربانیـان بـە ژیـانی خۆیانـدا گەیشتینە ئەو رۆژە.

بارزانی خاوەنی ترومبێل نەبوو، بەزۆری یان بەپێیان دەرۆیشت یاخود بـە سـواری هاتوچـۆی دەکـرد، دوای ئاگربەسـتی (٢٩)ی حـوزەیرانی سـاڵی (١٩٦٦) بـارزانی بـووە خـاوەنی پیکـابێکی دەبـل قەمـەرە، کـە لەگـەڵ پاسـەوانەکانی تێیـدا بـەکاری دەهێنـا، هـەر لـە کۆتـایی ئـەو سـاڵەدا خوالێخۆشـبوو ئەسـعەد فـەتاح هـەرکی ترومبێلێکـی (ریـنج رۆڤـەر)ی پێشکەش کرد کە سوکانەکەی لەلای راست بوو و لە بەریتانیاش کڕیبووی.



www.mukiryani.com

# هەڵبژاردنەکانی ئەمەریکا

وەك پێشتر باسمکرد وادەی هەڵبژاردنەکان لە ئەمەریکا بەخێرایی نزیك دەبۆوە، کێبڕکێی نێوان سەرۆك جیرالد فۆردو جیمی کارتەر گەیشتبووە ئەوپەڕی، سەرەڕای ئەوەی ئێمە مافی دەنگدانمان نەبوو، بەلاّم لە دلّەوە حەزمان دەکرد کارتەر سەربکەوێت لەبەر ئەو هۆیانەی کە پێشتر باسمکرد.

لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن، هەردوو پالێوراو ڕووبەڕووی یەکتر دەبوونەوە، ڕۆژنامەکان شتی سەیرو سەمەرەیان دەرهەقیان بلاّودەکردەوەو ئەو قسانەی نێوان هەردوولایان بە غاردانێی ئەسپان وەسف دەکرد.

لە نیوەی دووەمی مانگی تشرینی دووەمی ساڵی (١٩٧٦) لە سەرانسەری ئەمەریکادا هەڵبژاردن کرا، دەرەنگی شەو ئەنجامەکان ڕاگەیەندران‌و کارتەر بوو بە سەرۆکی ئەمەریکا، بەمە زۆر دڵخۆش بووین.

کارتەر خاوەنی کێڵگەیەکی فستقی سوودانی بوو لە ویلایەتی جۆرجیا، لەو بڕوایەدابووم پێش ئەوە، خۆی بۆ پۆستی سەرۆکایەتی بپالێوێت حاکمی ئەو ویلایەتە بوو.

وەك باو بوو سەرۆکی هەڵبژێردراو لە (٢٠)ی مانگی کانوونی دووەمی ساڵی دوای هەڵبژاردن بە فەرمی فەرمانڕەوایی دەکات تا زیاتر بواری هەبێت بۆ هەڵبژاردنی وەزیرەکان یان ئەو کەسانەی کە دەیەوێت کاری لەگەڵدا بکەن. یەکێك لەو کەسانەی کارتەر داوایکرد کاری لەگەڵدا بکات شیلزینگەر بوو، ئەو پیاوە لە کەسایەتییە دیارەکان‌و لە سەردەمی نیکسن



www.mukiryani.com

دا وەزیری بەرگری بوو، بەڵام بە سیاسەتی کیسنجەری وەزیری دەرەوە ڕازی نەبوو بۆیە دەستی لەکارکێشایەوە، ئێوارەیەکیان لەگەڵ هاوسەرەکەیدا سەردانی کردین و بەیەکەوە لە چێشتخانەیەکە شیومان خوارد، هەستمان بەوەکرد کە هاوسۆزی ئێمەیە و بە کەسایەتی بارزانی سەرسام بوو.

بانگەشەی هەڵبژاردن لە ئەمەریکا گەیشتبووە ترۆپك، کێبەڕکێ لەنێوان پاڵێوراوی دیموکراسیەکان و ((جیمی کارتەر)) و پاڵێوراوی کۆماریەکان ((جیراڵد فۆرد)) زۆر گەرم بوو، فۆرد ئەوکاتەو لەدوای ئابڕووچوونی وتەرگێت و دەست لەکارکێشانەوەی سەرۆك نیکسن بووە سەرۆکی ئەمەریکا، ئەو تاکە کەس بوو بەبێ هەڵبژاردن بووە جێگری سەرۆك کۆمار، پاش دەست لەکارکیشانەوەی جێگری سەرۆکی هەڵبژێردراو (ئەکینۆ) کە بە بەرتیل وەرگرتن تاوانبار کرا.

وەك باسمکرد، دوای دەست لەکارکێشانەوەی نیکسن، فۆرد بوو بە سەرۆك کۆمار، ئێمە لە قووڵایی دڵەوە حەزمان دەکرد جیمی کارتەر سەربکەوێت، چونکە ئەو تاوانی خیانەتەی کە (شا)ی ئێران دەرهەق بە گەلی کورد کردی لە ڕێکەوتننامەی جەزائیر لەسەردەمی سەرۆکایەتی فۆردو کیسنجەری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکادا بوو، کیسنجەر بەشداری بنەڕەتی ئەو تاوانە بوو.

ئێوارەیەك، بۆ شیوخواردن داوەتی ((ریچارد بیرل)) بووین، بیرل یاریدەدەری سیناتۆر ((جاکوب جاکسن)) و هاوسۆزی کێشەی کوردو برادەری ئێمە بوو، پاشان بوو بە بریکاری وەزارەتی بەرگری ئەمریکا ((پەنتاگۆن))، بارزانی و محەمەد سەعید دۆسکی و من چووین بۆ ئەو داوەتە، لەوێ چاومان بە ژمارەیەك سیاسەتمەدارو ڕۆژنامەنووسان و سەرنووسەری گۆڤاری ((ذ ڤیلج The Villege)) کەوت کە ناوەکەیم بیر



www.mukiryani.com

نەماوە، ئەو ڕۆژنامەنووسە لە گۆڤارەکەیدا، ئەو بەڵێنانەی بلاّوکردبووەوە کە ئەمریکا بە گەلی کوردی دابوو، هەروەها نامەکانی نێوان بارزانیو کیسنجەرو خیانەتی شای ئێران بە ڕەزامەندی کیسنجەر بلاّوکردبۆوە، دوای بلاّوکردنەوەی ئەو زانیارییانە، گۆڤارەکە ڕاگیراو سەرنووسەرەکەی بە تۆمەتی بلاّوکردنەوەی زانیاری نهێنی دەرکرا.

ئەوکاتەی لە هوتێل بووینو بەرلەوەی بچینە ناو خانووی کرێ، هەریەکە لە نووسەرو مێژوونووس ((د. حەننا بەتاتۆ)) (هەرکاتێك بارزانی بدیبایە، تێبینییەکانی دەنووسیەوە)و دکتۆر (ئەدمۆند غەریب)، ئەوکاتە لە هەرێتی لاویو خەریکی بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرا بوو، لاوێکی زیرەكو ئاگاداری کێشەی کوردو هاوسۆز بوو، سەردانیان کردین، ئەدمۆند بڕوانامەی دکتۆرای وەرگرت، بووە برادەری گەلی کوردو ئێستا لە یەکێك لە زانکۆکانی ئەمریکا مامۆستایە.

ئەدمۆند، لەو فیلمە بەڵگەنامەییەی کە دەربارەی ژیانی بارزانی بوو، بەشداری کرد، فیلمەکە لە دەرهێنانو پێشکەشکردنی بەڕێزان نیاز لاجانیو تاهیر هەورامی بوو، ئەدمۆند باسی کەسایەتی بەهێزو دیدارەکانی لەگەڵ بارزانی نەمردا کرد.



www.mukiryani.com

## ڕۆژی جاڕدانی مافەکانی مرۆڤ

زۆربەی وڵاتانی جیهان، بەبۆنەی جاڕدانی مافەکانی مرۆڤ ساڵانە ئاهەنگ دەگێڕن، ئەم جاڕنامەیە لە (١٠)ی کانوونی یەکەمی ساڵی (١٩٤٨) ڕاگەیەندراو وڵاتانی ئەندام لە نەتەوەیەکگرتووەکان ئیمزایان لەسەرکردو پەیمانیاندا کە پابەندبن، بەڵام لەزۆربەی جیهانداو لەلایەن ئەو وڵاتانەی کە ئیمزاشیان کردووە مافەکانی مرۆڤ پێشێل دەکرێن.

لە (١٠)ی کانوونی یەکەمی هەموو ساڵێکدا لەلایەن ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ وەك لیژنەی لێبوردنی نێودەوڵەتی ((ئەمنستی ئینترناشنال))و ((هیومان ڕایتس وۆچ))و هەندێك وڵات یادی ئەم جاڕنامەیە دەکرێتەوە، ئەمانە لیستێك بەناوی ئەو وڵاتو حکومەتانەوە بڵاودەکەنەوە کە مافەکانی مرۆڤیان پێشێل کردووە.

بەر لە وادەی ئەم یادکردنەوەیە بە دوو هەفتەو لە کۆتایی ساڵی (١٩٧٦)دا لەلایەن لیژنەی مافی مرۆڤی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان لە نیویۆرك داوەتنامەیەکمان بەدەست گەیشت، داوتنامەکە ئاراستەی سەرۆك بارزانی کرابوو تا لە بارەگای لیژنە بەو بۆنەیەوە وتارێك بخوێنێتەوە، ڕۆژی (٩)ی مانگ بە ئوتۆمۆبێل بەرەو نیویۆرك کەوتینەڕێ، منو دۆسکی یاوەری بارزانی بووین، گەشتەکەمان چوار سەعاتی دەخایاند، سەرەڕای ئەوەی کە سەرەتای وەرزی زستان بوو، بەڵام کەشوهەوا زۆر خۆش بوو، لەڕێگا، دوو جار بۆ نان خواردنو چاو قاوە خواردنەوە ڕاوەستاینو چێژێکی



www.mukiryani.com

زۆرمان لە بینینی دیمەنە سروشتیە دڵڕفێنەکان بینی، عەسری ئەو ڕۆژە گەیشتینە نیویۆرك‌و لە هوتێلێك دابەزین‌و ئەو شەوەمان بەسەربرد.

سەعات (١٠)ی سەر لە بەیانی ڕۆژی پاشتر واتە (١٠)ی کانوونی یەکەمی ساڵی (١٩٧٦) بە ئوتۆمۆبێلی خۆمان چووینە بارەگای لیژنەی مافی مرۆڤ، بارەگاکە کەوتبووە بەرامبەر بارەگای سەرەکی دەستەی نەتەوەیەکگرتووەکان‌و جادەیەك لێکی جیاکردبوونەوە، واتە هەریەکەیان کەوتبووە لایەکی جادەوە.

دوای پشوودانێکی کورت لەلای سەرۆکی لیژنە چووینە نهۆمی یەکەم، هۆڵی کۆبوونەوە لەو نهۆمە بوو، ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی لیژنەی مافی مرۆڤ، نوێنەری تایبەتی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ، سیاسەتمەتداران، ڕۆژنامەنووسان‌و هەندێك لە ئەندامانی سلکی دیبلۆماسی لەو هۆڵەدا ئامادەبوون.

کە چووینە ژوورەوە بارزانی بە چەپڵەڕێزان پێشوازی کرا، لە ریزی پێشەوە شوێنی دانیشتنمان بۆ ئامادەکرابوو، سەرۆکی لیژنە بەخێرهاتن‌و سوپاسی بارزانی کرد کە لەم یادەدا ئامادە بووەو ئینجا پوختەیەکی دەربارەی شۆڕشی کورد بێبەش بوونی میللەتی کورد لە مافە ڕەواکانی بۆ ئامادەبووان باسکرد، داوای لە بارزانی کرد تا وتارەکەی بخوێنێتەوە، بارزانی چووە شوێنی دیاریکراوو دۆسکیش بۆ تەرجەمەکردنی وتارەکەی یاوەری بوو، بەر لەوەی بگاتە شوێنی دیاریکراو بارزانی لەلای پەنجەرەیەك ڕاوەستا کە دەیڕوانیە گۆڕەپانی بەردەم بارەگاکە، لەوێ ئاڵای وڵاتانی ئەندام دەشەکایەوە، ئامادەبووان لەم هەروەستە سەریان سوڕما، بارزانی لە کاتی خوێندنەوەی وتارەکەیدا وتی دەزانن بۆ لای ئەم پەنجەرەیە ڕاوەستام؟ بینیم ئاڵای سەرجەم وڵات‌و گەلانی جیهان لە بەرامبەر بارەگای نەتەوەیەکگرتووەکان هەڵکراوەو



www.mukiryani.com

تەنیا ئالاّی کوردستانم نەبینی، هەندێك ولاّتی ئەندام ژمـارەی دانیشـتوانی ناگاتە چەند سەد هەزار کەسێك بەلاّم ژمارەی کورد لە (٣٠) ملیۆن زیاترە.

هــەروەها بــارزانی وتــی (ســەرەڕای ئەمــەو هەرچــەندە مــافی چـارەی خۆنووســینو دامەزرانــدنی دەوڵــەتێکی کــوردی مــافێکی ڕەوا سروشــتی خۆمانە، بەلاّم ئێمــە تــەنها داوای ئۆتۆنۆمیمــان لــە چوارچــێوەی کۆمــاری عێراقدا کردووە، ئێستا میللــەتی کــورد لەژێردەســتی ڕژێمــی بەغــدا لــە سێدارە دەدرێنو دەخرێتە بەندیخانەو تاراوگەوە)).

ئینجــا بــارزانی کەوتــە باســکردنی بــارودۆخی کــورد لــە ســەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقداو چـۆن هاوپــەیمانان لــە دوای دووەم جـەنگی جیهانیو لە پەیماننامەی ((سیڤەر))دا بــەڵێنی دامەزرانــدنی قەوارەیــەکی کوردییــان داو پاشــان ئــەو پەیماننامەیــە بــە پەیماننامــەی ((لــۆزان)) گۆڕدرایەوە دوای ئەوەی کە تورکیا تەنازولی لە ویلایەتی موسڵ بـۆ عێـراق کرد.

لە درێژەی قسەکانیدا بارزانی هاتە سەر باسکردنی شۆڕشەکانی کـوردو شۆڕشی ئــەیلوولو هۆکــاری هەڵگیرســاندنو پەرەســەندنیو پەیوەنــدی بــە ئێرانەوەو ئینجــا هاتنــە نــاوەوەی ئەمــەریکا وەك لایــەنێکی ســەرەکی لــە هاوکێشەکەدا، پاشان چۆن سەرکردایەتی کــورد دڵنیــابوو و باوەڕیشــی بــە ((شا))ی ئێران نەبوو، بارزانی باسی نامەکانی نێـوان خـۆیو کیســنجەری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکای کردو ئینجا ((شـا)) چـۆن خیانــەتی لەگـەڵی کورد کردو بە پێزانینی ئەمەریکا، ســەدام حوســێن نیــوەی شــەتولعەرەبو بەشێکی فراوانــی لــە خــاکی عێـراق لــە باشــوورو ناوەڕاســتیو تەنانــەت بەشێکی کوردستانیشی دا بە ((شا)).



www.mukiryani.com

بارزانی وتی ((کیسنجەر نیەتی نەبوو یارمەتی کوردو شۆڕشەکەی بدات، بەڵکو دەیویست ئەم شۆڕشە وەك کارتێکی فشار دژ بە سەدام بەکاربهێنێت تا سیاسەتی خۆی بگۆڕێت و لە یەکێتی سۆڤیەت و ولاتە سۆشیالیستەکان دووربکەوێتەوە)).

هەروەها لە قسەکانی روون بووەوە لە دواییشدا لە گۆڤاری ( The Village) بلاّوی کردەوە، ئەمە ئابڕووچوونێك بوو بۆ ئیدارەی ئەمەریکاو کیسنجەر.

بارزانی زۆر بە خێرایی و بە رەوانی بۆ ماوەی سەعاتێك قسەی کردو دۆسکیش تەرجومانی بوو، لە کۆتایی گوتارەکەیدا بارزانی سوپاسی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کرد کە ئەم هەڵەیان بۆ ڕەخساند تا کێشەی میللەتی کورد شرۆڤە بکات و داوای لێکردن بایەخ بەو کێشەیە بدەن ئەگەر لەڕووی مرۆڤایەتیەوەش بێت و چیتر مافەکانی پێشێل نەکرێت.

پاشان سەرۆکی لیژنە گوتارێکی کورتی خوێندەوەو تیایدا سوپاسی بارزانی کرد کە لە وتارەکەیدا ئەندامانی لیژنەو میوانەکانی لە ئازارو مەینەتی گەلی کورد ئاگادار کردەوەو پەیمانی دا لەمەودوا بایەخ بەو کێشەیە بدات.

دوای پشوودانێکی کورت کۆبوونەوەکە کۆتایی هات و بارزانی لەلایەن سەرۆکی لیژنەو ئەندامانەوە بە گەرمی بەڕێ کرا.

دوای فراڤین لە یەکێك لە چێشتخانەکانی نیویۆرك گەڕاینەوە هوتێلەکەمان، دوای پشوودان ئێوارە بەدەم چاخواردنەوەوە باسی شوێنێکی گونجاومان کرد تا شیوی تێدا بخۆین، بیستبووم لە نهۆمی سەدوو دووەمی مەڵبەندی بازرگانی جیهانی کە بەم دواییانە دروست کرابوو چێشتخانەیەکی خۆش هەیە، بەڕێگای هوتێلەکەی خۆمانەوە شوێنێکمان



www.mukiryani.com

گرِدا، ئێوارە چووینە چێشتخانەکە بریتی بوولە دوو تاوەرو لە (١٠٤) نهـۆم پێکهاتبوو، شوێنەکەمان کە لە نهۆمی (١٠٢) بوو دەبڕوانیە سەر هـەموو نیویۆرك‌و هەوربڕ بـوو، زۆر چـێژمان لـە دیمەنـەکانی نیویـۆرك بینـی بـە تایبەتی لە شـەودا. باڵەخانـەی نـاوبراو وەك لای هـەمووان ئاشـکرایە بـە هەردوو تاوەرەکەیـەوە لـە کردەوەیـەکی تیرۆریسـتیدا لـە ئـەیلوولی سـاڵی (٢٠٠١) لەلایـەن ڕێکخـراوی تیرۆریسـتی قاعیـدەوە تەقێندرایـەوە. ڕۆژی پاشتر نیویۆرکمان جێهێشـت‌و گەڕاینـەوە واشـنتن، لـەرێگا چـەند جارێـك پشوومان‌دا.



www.mukiryani.com

## هاتنی شێروان

(شـێروان)ی کـوڕە گـەورەم تەمـەنی (٢٠) سـاڵ بـوو و لـە بـەریتانیا دەیخوێند، دوای گەڕانەوەمان لە نیویۆرك‌و بەشداریکردنمان لـە کۆبوونـەوەی لیژنەی مافی مرۆڤی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان، شێروان لە بـەریتانیاوە تەلەفۆنی بۆ کردم‌و وتی نیازم وایە لـە پشـووی لـە دایکبـوونی حـەزرەتی مەسیحدا سەردانتان بکەم، ئەمەم بە بـارزانی وت یەکسـەر ڕازی بـوو، لام وایە (١٨) یان (١٩)ی مانگی کانوونی یەکەم بوو شێروان گەیشتە لامان‌و لە باڵەفڕخانەوە گەیاندمە ماڵەوە، چووە لای بارزانی‌و ویستی دەسـتی مـاچ بکات، بەلام بارزانی وەك عادەتی خۆی قبووڵی نەکردو لێنەدەگەڕا تەنانەت کوڕەکانیشی دەستی ماچ بکەن، شێروانی بـەخێرهیناو سـۆراغی خوێنـدن‌و کاروباری کرد.

شێروان زۆربەی ئێواران لە تەنیشت بارزانی دادەنیشـت هەنـدێك وشـەی ئینگلیزی فێردەکردو زۆرجار بارزانی دەیوت شێروان مامۆستامە، هەنـدێك جار بۆ نان خواردن یان گەڕان لە بازاڕو ناو شاردا بـە ئوتۆمـۆبیلی خۆمـان دەچووینە دەرەوەو هەموو جارێکیش دۆسکی یاوەرمان بوو.

شێروان دوو هەفتە لامان مایەوە، لە یەکێك لـە گەڕانـەکانمان بـارزانی دوو ساقۆی بۆ شێروان‌و بارزان کڕی، لە کۆتایی ساڵداو بەر لەوەی شـێروان بگەڕێتـەوە بـەریتانیا، بـارزانی هەسـتی بـەوە دەکـرد کـە نەخۆشـیەکەی گەڕاوەتەوە، دوو ڕۆژ دوای سەری ساڵی تازە واتە ساڵی (١٩٧٧) شـێروانمان



www.mukiryani.com

بەرێکرد، ڕۆژی پاشتر بەیاوەری دۆسکی چووینە شاری رۆچستەر لە ویلایەتی مینیسسوتا تا سەردانی مایۆکلینك بکەین، گەیشتینە ئەو هوتێلەی، کە پێشتر تیادا دادەبەزین و بەڕێوەبەرەکەمان دەناسی، لەوێ بینیمان زیاتر لە (٢٠٠) قوتابی هەرزەکاری کوڕو کچ، کە تەمەنیان لە نێوان (١٢-١٦) ساڵ دەبوو لەو هوتێلە دابەزیون، تا درەنگی شەو هەراو هۆریایان بوو. ڕۆژی دوایی چووینە نەخۆشخانە، پشکنینی پێویست بۆ بارزانی کرا، دیارکەوت کە نەخۆشییەکەی گەڕاوەتەوە، دەرمانی پێویستی وەرگرت و گەڕاینەوە واشنتن.



www.mukiryani.com

# گەڕانەوەی دکتۆر نەجمەدین کەریم

دوای دوو ڕۆژ پشوودانو بەکارهێنانی دەرمان گەڕاینەوە واشنتنو دەبوایە لە هەفتەی یەکەمی مانگی شوبات واتە دوای تێپەڕبوونی مانگێك بەسەر بەکارهێنانی وەجبەی یەکەمی چارەسەریەکە بچینەوە مایۆکلینك، چارەسەریەکە مانگی جارێك بوو و دەبووایە دوای هەر وەجبەیەکی چارەسەری پشکنینی خوێن لە واشنتن بکرایە.

دوای چەند ڕۆژێك دکتۆر نەجمەدینو هاوسەرەکەیو منداڵە شیرە خۆرەکەی لە بەریتانیا گەڕانەوە، لە نهۆمی ئەرزی خانووەکەماندا ژوورێکی فراوان هەبوو، کە گەرماوی تێدابوو، بڕیاردرا دکتۆر نەجمەدینو (زۆزان)ی هاوسەری کە نەوەی شەهید عەبدولڕەحمان قازی بوو لەگەڵ (شوان)ی کوڕیان کە تەمەنی چەند مانگێك دەبوو لەو ژوورە جێنشین بن، بارزانی زۆر (شوان)ی خۆشدەویستو وەك نەوەی خۆی تەماشای دەکرد.

یەکێك لە دکتۆرە بەناوبانگەکانی واشنتن کە ناوی (مان) بوو بارزانی دەناسیو هەموو مانگێك ئەنجامی پشکنینی خوێنمان پیشان دەدا، بارزانی داوای لە دکتۆر (مان) کرد کە کورسییەکی خوێندنی پسپۆری بۆ دکتۆر نەجمەدین دابین بکات، لەو باوەڕەدام بۆ وەرگرتنی پسپۆری لە نەخۆشی کۆئەندامی دەمارو مێشك یارمەتی دکتۆر نەجمەدینی دا، ڕۆژان تێپەڕین تا گەیشتینە مانگی شوبات، بڕیاردرا من لەگەڵ بارزانی سەفەر بکەم،



www.mukiryani.com

دۆسکی لەبەر چەند کارێكو دکتۆر نەجمەدینیش لەبەر منداڵەکانی نەیانتوانی یاوەرمان بن.

ولیەم ئیگلتن کە پێشتر باسمکرد پێیوتم کەوا (لی دینسمور) دەیەوێت سەردانی بارزانی بکات، دینسمور لە ویلایەتی (ویسکانسن)ی دراوسێی ویلایەتی (مینی سوتا) جێنشین بوو، ناوبراو ئەفسەری سیاسی کونسوڵی ئەمەریکا بوو لە کەرکوك، کە لە دوای ئیگلتن ساڵی (١٩٥٦) شوێنی ئەوی گرتەوەو تا شۆڕشی تەموزی ساڵی (١٩٥٨) لە کارەکەی بەردەوام بوو، دینسمور بە حوکمی ئیشەکەی زۆر شتی دەربارەی بارزانی بیستبوو، بەلاّم نەیبینیبوو، ئیگلتن ژمارەی تەلەفۆنەکەی دامێ، دوای ئەوەی ڕەزامەندی بارزانیم وەرگرت تەلەفۆنم بۆ دینسمور کردو بڕیارماندا لە شاری ڕۆچستەر دیدارەکە ساز بدەین.

ڕۆژی دوایی چووینە ڕۆچستەر، کەشوهەوا زۆر ساردبوو بە تایبەتی لە ویلایەتی مینی سوتا زیاتر لە نیو مەتر بەفر باریبوو، لەبەر خراپی کەشوهەوا دینسمور درەنگی شەو گەیشتو لە باڵەفڕخانە پێشوازیم کرد بردمە هوتێلەکەمان، ئێوارە بەیەکەوە شیومان خواردو بیروڕامان گۆڕیەوە، ناوبراو پەژارەیی خۆی بەرامبەر نەخۆشیەکەی بارزانی پیشانداو، هەروەها سەبارەت بە هەڵوێستی ئەمەریکا لەمەڕ ڕێککەوتننامەی جەزائیر تووڕە بوو، دوای ماوەیەك دینسمور بۆ حەسانەوە چووە ئەو ژوورەی، کە بۆی تەرخانکرا بوو و بڕیاردرا بۆ بەیانی چاوی بە بارزانی بکەوێت، منیش گەڕامەوە ئەو شوێنەی، کە بۆ بارزانی تەرخانکرا بوو.

بۆ بەیانی لەگەڵ دینسمور لە چێشتخانەی هوتێل چێشتمان خوارد، بەلاّم بارزانی لە ژوورەکەی خۆی چێشتی خوارد، ئینجا بەیەکەوە چووینە لای بارزانی، دینسمور لەلایەن بارزانییەوە زۆر بە گەرمی پێشوازی کراو



www.mukiryani.com

سوپاسی ئەو ماندووبوونەی کرا، کە بەو کەشوهەوایە هاتۆتە لای، دینسمور وتی (شەرەفێکی گەورەیە بۆ من کە بەدیدارتان شاد بووم‌و حەزم دەکرد لە کوردستان بهاتبامە لاتان نەك لێرە)، هەروەها وتی: (کە لە کەرکوك بووم زۆر شتم دەربارەی ئێوە خوێندۆتەوە بە تایبەتی کە لە یەکێتی سۆڤیەت بوون‌و زۆر سەرسام بووم، بەلاّم بەخت یاوەرم نەبوو بتانبینم‌و کەرکوك‌و عێراقم جێهێشت‌و دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی کوردیش هەر سۆراغم کردوون).

بارزانی سوپاسی کردو وتی دوای گەڕانەوەی لە یەکێتی سۆڤیەت زۆر هەوڵیدا کە هاوکاری ڕێژیمی تازە بکات، بەلاّم ڕێژیم دوای ماوەیەك دەستی بە سیاسەتی زوڵم‌و جیاوازی دەرهەق بە گەلی کورد کرد تا کار گەیشتە بەکارهێنانی هێزی سەربازی دژ بە گەلێکی ئاشتیخواز، کە ناچار ما بەرگری لە بوونی خۆی بکات.

هەروەها بارزانی وتی هەوڵیداوە خزمەتی گەلەکەی بکات، بەلاّم ئەوانەی کە بەڵێنیان دا پاڵپشتی بکەن لەوانە ئەمەریکا خیانەتیان لێکردو غەدریان لەگەلی کورد کرد، ئینجا بارزانی وتی: هەر دەبێت گەلی کورد بە مافە ڕەواکانی شاد بێت چ زوو چ درەنگ، لەو کاتەدا دینسمور بێزاری بەرامبەر هەڵوێستی ئەمەریکاو کیسنجەر دەربڕی‌و سەرسامی خۆی بەرامبەر گەلی کورد پیشاندا، کە دوو ساڵ لە نێوانیاندا ژیاوە.

دوای دوو سەعات گفتوگۆی دۆستانە بۆ فراڤین چوونە چێشتخانەیەکی ناو هوتێلەکە، دوای نیوەڕۆ دینسمور مۆڵەتی لە بارزانی وەرگرت‌و بەگەرمی بەڕێکراو دووبارە سوپاسی کرا، تا باڵەفڕخانە یاوەری بووم‌و بەڕێمکرد.



www.mukiryani.com

**ڕۆژی دوایی بەڕێگا تونێلەکەوە کە نەخۆشخانەی بە هوتێلەکە دەبەستەوە، خەڵك لەبەر سەرما بەو تونێلەدا دەچوونە نەخۆشخانە بە تایبەتی لە وەرزی زستان، دوای وەرگرتنی چارەسەری پێویست گەڕاینەوە هوتێل، بارزانی یەك دوو ڕۆژ حەسایەوەو ئینجا گەڕاینەوە واشنتن.**

**لە گەڕانەوەماندا لە باڵەفڕخانە چاومان بە سیناتۆری دیموکراسی (ئەدوارد کنێدی) کەوت، ئەدوارد برای سەرۆکی پێشووتری ئەمەریکی (جون. ف. کنێدی) بوو کە لەمانگی تشرینی دووەمی ساڵی (١٩٦٣) کوژرا، من ڕووم لە ئەدوارد کرد وتم: بارزانی لێرەیە، ئەدوارد سلاوی لە بارزانی کردو وتی: زۆرشتم دەربارەی تۆ بیستووەو بە کەسایەتیت سەرسامم‌و داوای ساغی‌و سەلامەتیت بۆ دەکەم، ئینجا داوای لێبوردنی کرد، چونکە باڵەفڕەکەی لەسەر فڕین بوو، هیوای خواست جارێکی دیکە یەکتر ببینینەوە.**



www.mukiryani.com

## بیرخەرەوەیەکمان دا بە سەرۆك کارتەر

دوای گەڕانەوەمان بۆ واشنتن جیمی کارتەر سێ هەفتە بوو کاروباری سەرۆکایەتی وەرگرتبوو، کارتەر بەوە ناسرابوو، کە بایەخ بە مافەکانی مرۆڤ و مافی گەلان بۆ وەدەستهێنانی ئازادی دەدات. بیرمان لەوە کردەوە بەناوی بارزانی بیرخەرەوەیەك دەربارەی بارودۆخو کێشەی کورد بدەین بە سەرۆك کارتەر، بارزانی بە خەتی خۆی چەند سەرە قەڵەمێکی پێویستی نووسی، کە بریتی بوون لە پووختەیەك دەربارەی مێژووی گەلی کوردو هەڵوێستی حکومەتە یەك بەدوای یەکەکانی عێراقو هەروەها چۆنیەتی هەڵگیرسانی شۆڕشی کورد لە ئەیلوولی ساڵی (١٩٦١)و قۆناغەکانیو هەڵوێستی ئێران، تا هاتنە سەر حوکمی حیزبی بەعسو پاشان ڕێککەوتننامەی (١١)ی ئادار لە ساڵی (١٩٧٠)، هەروەها لە بیرخەرەوەکەدا بارزانی ئاماژەی بەوە کردبوو، کە بەعس چۆن پەشیمان بۆوە بە تایبەتی دوای ئەوەی ڕێککەوتننامەی برادەرایەتی لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەتدا مۆرکردو بووە لایەنگری ئۆردووگای سۆشیالیزمو هەموو جۆرە تەقەمەنیو چەکێکیان پێداو پاشان چۆن ئەمەریکا هاتە ناو هاوکێشەکەوەو چەندان بەڵێنی بە شۆڕشی کورددا.

هەر لە بیرخەرەوەکەدا ئاماژە بەوە کرابوو، کە چۆن لە نیسانی ساڵی (١٩٧٤)دا شەڕ بەسەر کورددا سەپاو پێشمەرگە پاڵەوانەکان بۆ ماوەی ساڵێك بەرگری قارەمانانەیان کرد، تا سەدام حوسێن ناچار بوو لە



www.mukiryani.com

ڕێکەوتننامەی لەگەڵ شای ئێران ڕێك بکەوێتو بەشێکی زۆر لە خاكو ئاوی عێراق بدات بە ئێران.

لە کۆتایی بیرخەرەوەکەدا ئاماژە بەوە کرابوو، کە ئەمەریکاو بەتایبەتی (هینری کیسنجەر)ی وەزیری دەرەوە دانی نا بەوەی، کە نەیانویستووە یارمەتی گەلی کورد بدەن، بەڵکو ویستوویانە شۆڕشی کورد وەك کارتێکی فشار دژ بە حکومەتی بەعس بەکاربێنن تا سیاسەتی خۆی بگۆڕێت، کیسنجەر لەو باوەڕەدا بوو کە نیشانەی پێکا، ئینجا ئاماژەشمان بەوەکرد کە ‌بارودۆخ دوای ڕێکەوتننامەی جەزائیر چی بەسەرهاتو گەلی کورد لە عێراقو ئێران کەوتنە چ بارێکەوە.

دوای پاکنووسکردنی بیرخەرەوەکەو نووسینەوەی بە زمانی عەرەبی دامان بە محەمەد سەعید دۆسکیو خۆیو هاوسەرەکەی کە زمانی عەرەبی دەزانی کردیان بە ئینگلیزی لە کۆتایی مانگی ئاداری ساڵی (١٩٧٦) چاپو ئامادەکرا، دوای ئەوەی بارزانی ئیمزای کرد دامان بە کۆشکی سپی، هەروەها دۆسکی چەند دانەیەکی بەسەر ڕۆژنامەنووسانو کەسایەتی سیاسی ئەمەریکیو کوردە دانیشتووەکانی ئەمەریکا دابەشکرد، نازانم چۆن بیرخەرەوەکە گەیشتبووە دەست هەندێك کەسی دڵڕەشو هەندێك وشەو دەستەواژەیان گۆڕیبوو و وایان نووسیبوو کە بارزانی بە وشەی (گەورەم) ناوی کارتەری هێناوە، من ڕووبەڕووی هەر کەسێك دەوەستمەوە ئەگەر بارزانی لە هیچ برگەیەك وشەی وای بەکارهێنابێت، بەڵکو لە دەقە عەرەبییەکەدا دەستەواژەی (السيد رئيس الجمهوريه) بەکارهاتبوو، کە بە ئینگلیزی دەبێتە (MR-presindet) کە ئەمەش ئسوڵی یەکتر دواندنە، بەڵام دڵڕەشەکان هەموو هەلێکیان دەقۆستەوە تا ژەهری هەناویان بڕێژنو



www.mukiryani.com

بیانەوێت کەسایەتی ئەو سەرکردە مەزنە بشکێنن کە هەموو ژیـانی خـۆی بۆ خزمەتی گەلی کورد بەسەربرد.

مانگێك تێپەڕیو هیچ وەرامێکمان چنگ نەکەوت، لە کۆتـایی نیسـان یان سەرەتای مایس بوو نامەیەکمان لە کۆشکی سپی بەدەست گەیشت کـە ئاراستەی بارزانی کرابوو، لام وایە ئیمزای سەرۆکی فەرمانبەرانی کۆشـکی سپی بەسەرەوە بوو و تیایـدا هـاتبوو (سـەرۆك بیرخەرەوەکـەتانی بەدەسـت گەیشتو خوێندیەوەو دەبێتە جێگەی بایەخ پێـدانی)، لام وایـە دانەیـەکی عەرەبیو ئینگلیـزیو وەرامەکـەی کۆشـکی سـپی لـە ئەرشـیفی سـەرۆك مەسعود بارزانی پارێزراون.

دوای پێشکەشکردنی بیرخەرەوەکەو وەرگرتنەوەی وەرامی کۆشکی سـپی، تێبینی ئەوەمان کرد حکومەتی ئەمـەریکا بایـەخمان پێـدەداتو نوێنـەری وەزارەتی دەرەوەو باڵیۆز (مۆریس دریپەر) زوو زوو پەیوەندیمان پێوە دەکـات، دوای چەند رۆژێك داوەتنامەیەکمان لە وەزارەتی دەرەوە پێگەیشت تا چاومان بـە یاریـدەدەری وەزیـری دەرەوە بکـەوێت، لـەکاتی دیـاریکراودا بـارزانیو دۆسکیو من چـووینە باڵەخانـەی وەزارەتـی دەرەوە، لـە دەروازەی سـەرەکی باڵیۆز دریپەرو سـکرتێری یاریـدەدەری وەزیـری دەرەوە پێشـوازیان کـردینو ئێمەیان بردە نووسینگەی یاریدەدەری وەزیری دەرەوە، کە ناوەکەیم بیرنەماوەو بەڕووی خۆشەوە پێشوازی کردینو بارزانی بەخێرهێناو لە سۆراغی پرسـیو هیوای چاکبوونەوەی بـۆ خواسـت، لـەو دانیشـتنەدا بـاڵیۆز دریپـەرو ئـەو سکرتێرە ئامادەبوون، کە تێبینییەکانی تۆمار دەکرد، بـارزانی دەسـتی بـە شرۆڤەکردنی کێشەی کوردو هەڵوێسـتی حکومـەتی پێشـووی ئەمـەریکاو هەڵسوکەوتی حکومەتی عێراق لەگەڵ گـەلی کـوردو هـی ئێـران لەگـەڵ پەنابەران دا کرد، یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا وەرامی دایەوە، کـە



www.mukiryani.com

سەرۆك كارتەر ئاگاداری بارودۆخەكەیەو بیرخەرەوەكەی خوێندۆتەوەو ئیدارەی ئەمەریكا زۆر بایەخ بە بابەتەكە دەدات، ئەگەرچی پەیوەندی دیبلۆماسی نێوان ئەمەریكاو عێراقیش ئاسایی نییە، بەلاّم ئەمەریكا لەڕێگای دۆستەكانییەوە قسە لەگەلّ كاربەدەستانی عێراق دەكەن، تا هەلّسوكەوتیان لەگەلّ گەلی كورد باش بێت، ئینجا پرسیاری بارودۆخی ئێمەی لە واشنتن دا كرد، كە ئاخۆ هیچ گیروگرفتێكمان هەیەو بالّیۆز درییەری ڕاسپارد بایەخمان پێ بداتو پاشان سوپاسی بارزانی كردو تا دەروازەی بالّەخانەكە هاتو بەگەرمی بەڕێی كردین، ئەو دیدارە نزیكەی سەعاتێكی خایاند.



www.mukiryani.com

# جەژنی نەورۆز

لەگەڵ نزیك بوونـەوەی مـانگی ئـاداری سـاڵی (١٩٧٧) هەنـدێك لـە چالاكوانە پەنابەرەكانو ئەندامانی پارتی دیموكراتی كوردسـتان بیریـان لـە سازدانی ئاهەنگێك بەبۆنەی جەژنی نەورۆز لە (٢١)ی ئەو مانگەدا كردەوە، بارزانی ئەمەی بـە پەسـند زانـی، كـە دەبێتـە بۆنەیـەك بـۆ كۆبوونـەوەی ژمارەیەكی زۆر لـە پەنابـەرانو بەیـەكتر گەیشـتنیان، هـەروەها دەتـوانرێ كۆمەڵە رۆژنامەنووسێكو چەند برادەرێكی ئەمەریكی بانگهێشت بكرێن..

بۆ ئـەم مەبەسـتە هۆڵێـك بـەكرێ گـیراو خـەڵك داوەتكـران، لـەكاتی دیاریكراودا ژمارەیەكی زۆر لە میوانانو هەنـدێك لـە پەنابـەرانی دەرەوەی واشنتن، كە بەشێكی زۆریان ئەو كاتە لە هەردوو ویلایەتی داكوتای باكوورو باشوور دەژیان ئامادەبوون، هەروەها نوێنەری وەزارەتـی دەرەوەی ئەمـەریكاو هەندێك لە رۆژنامەنووسان ئامـادەبوون، لـەنێوان میوانەكانـدا (یۆنـان)ی برادەرمان كە خەڵكی گوندی (سنات)ی نزیـك زاخـۆ بـوو هـاتبوو، یۆنـان خاوەنی چێشتخانەی (ليالي بغداد) بوو لە واشـنتنو لـە سـەرەتای سـاڵانی پەنجاوە هاتبووە ئەو شارە، ئەو رۆژە بەرخێكی سوورەوەكراوی لەگـەڵ خۆیـدا هێنابوو و لە نزیك بارزانی دانیشتو زۆر بەتاسەوە حەزی دەكـرد بەشـداری پەنابەران بكات.

دوای چەند وتەیەكی بـەخێرهێنان، زۆربـەی ئامـادەبووان دەسـتیان بـە هەڵپەڕكێی كوردیو گۆرانی چڕین كـرد، لەلایـەن ئامادەبووانـەوە كـاری



www.mukiryani.com

پێویست بۆ ئاسایشی هۆڵەکە ئەنجام درابوو نەبادا کەسێکی نەناسراو یان گومانلێکراو بێتە ژوورەوە، بارزانی چەند سەعاتێك مایەوەو وێنەی یادگاری لەگەڵ هەندێکیاندا گرتو پاشان بە چەپڵەڕێزان بەرێ کرا، من یاوەریم کرد، ژمارەیەك پەنابەر بۆ هەڵبژاردنی لیژنەی کاروباری خۆیان مانەوە.

دوای ئەوەی هۆڵەکەمان جێهێشت پاشان زانیمانەوە، کە ئاهەنگەکە تا درەنگی شەوی خایاندووەو پاشان هەڵبژاردنی لیژنەکە لەلایەن ئەندامانی پارتییەوە کراوەو هەریەك لە عەبدولقادر حەمەدەمینو دکتۆر نەجمەدین کەریمو مولازم هەجەر سندی دەرچوون، ئەو لیژنەیە زۆری دەوام نەکرد، چونکە ئەندامەکانی لەناو خۆیاندا کۆك نەبوون، دوای دوو هەفتە دکتۆر نەجمەدینو هاوسەرەکەی ئێمەیان جێهێشتو چوونە خانوویەکی سەربەخۆ.

دوای گەڕانەوەمان لە شاری ڕۆچستەرو وەرگرتنی چارەسەری مانگانە دیسان پشکنینی خوێن بۆ بارزانی لە تاقیگەی دکتۆر ئەمرمان کرا، ئەنجامەکەیمان خستە بەردەم پزیشکی پسپۆر (مان)، پزیشکەکە شلەژاو وریای کردینەوە، کە ئەنجامەکە زۆر خراپەو پرسیاری تەندروستی بارزانی کردو وتمان زۆر ئاساییە، سەری سوڕماو وتی بەگوێرەی ئەو ئەنجامە ئەو نەخۆشە هەرچەند ڕۆژێکی دیکە دەژی، یەکسەر تەلەفۆنم بۆ دکتۆر شەفیق کرد تا تەلەفۆن بۆ کاك مەسعود بکاتو لە هەر کوێیەك بێت یەکسەر بگەڕێتەوە واشنتن، لەبەخت باشی کاك مەسعود لە سوریا بوو و نەتوانرا تەلەفۆنی بۆ بکرێت.

ڕۆژی پاشتر دکتۆر (مان) تەلەفۆنی بۆ کردینو پرسیاری تەندروستی بارزانی کرد وتمان زۆر ئاساییە، دکتۆر مان وتی پلەی گەرمی چەندە؟ ئاخۆ زۆر بەرزە؟ دکتۆر نەجمەدین هێشتا لامان مابوو پلەی گەرمی پێواو وتی ئاساییە، تەلەفۆنمان بۆ دکتۆر مان کردەوەو سەری سوڕماو داوای کرد



www.mukiryani.com

**دووبارە شیکردنەوەی بۆ بکەین‌و دیسان ئەنجامەکە ئاسایی بوو، دیارکـەوت لە جاری یەکەمدا هەڵەیەك بووە، دووبارە تەلـەفۆنم بـۆ لەنـدەن کـردو بـە دکتۆر شەفیقم وت، کە پێویست ناکات کاك مەسعود بگەڕێتەوە.**



www.mukiryani.com

# ژیانی بارزانی لە تاراوگەکان دا

شەوانە لەگەڵ بارزانی باسی فرە بابەتمان دەکرد، چ هەردووکمان چ خوالێخۆشبوو محەمەد سەعید دۆسکی لەوێ بووایە، کە تا درەنگی شەو لەلامان دەمایەوە، قسەکانمان بۆ زۆر لا پەلو پۆی دەهاویشت، جارێکیان باسی ژیانی خۆی لە تاراوگەی باشووری عێراق دوای گەڕانەوەیان لە تورکیا لە ساڵی (١٩٣٣)دا بۆ کردینو کە چەند ناخۆش بووە، ئەگەرچی خەڵکی باشوورو ناوەڕاستی عێراق زۆر ڕێزیان لێناوە، سەرەڕای ئەو بارودۆخە ناهەموارە بارزانی هەوڵی داوە کات بەفیڕۆ نەداتو زانیاری زیاتری دەست بکەوێت، بارزانی زۆر بە زانای گەورە خوالێخۆشبوو سەید ئەحمەد راوی سەرسام بوو و زوو زوو سەردانی دەکردو سوودی لە زانیاریەکانی وەردەگرت.

هەروەها بارزانی باسی ئەو رۆژگارەی بۆ دەکردین، کە لە سلێمانی لە ژێر ئیقامەی جەبریدا بووەو ئەو دەرماڵەیەی، کە وەری دەگرت سادەترین پیداویستی بۆ دابین نەدەکرد، ئەوددەمە بارزانی زیاتر دەچووە دەرمانخانەی ئەسکەندەر، خاوەنی ئەو دەرمانخانەیە لە برا ئەرمەنیە جێنشینەکانی سلێمانیو برادەرێکی نزیکی بارزانی بوو، هەروەها بارزانی زوو زوو چاوی بە شێخ لەتیفی کوڕی شێخ مەحموودی حەفید دەکەوت، شێخ لەتیف هەڵقەی پەیوەندی نێوان بارزانیو باوکی بوو بە تایبەتی، کە شێخ مەحموود لە مایسی (١٩٤١)و دوای هەرای ڕەشید عالی گەیلانی تاراوگەی بەغدای



www.mukiryani.com

جێهێشت، هەر لە دەرمانخانــەی ئەســکەندەر بــارزانی چــاوی بــە کەســانی نیشتمانپەروەر دەکەوت وەك شاعیران بێکەس‌و قانیع‌و هی دیکە.

پاشان ئەسکەندەر چووە بەغداو لەگــەڵ خوالێخۆشــبوو بابەعــەلی شــێخ مەحموود کۆمپانیایەکی هێنــانی دەرمانیــان بــە ناونیشــانی (کۆمپانیــای بازرگانی مستەفا) دامەزراند، بارزانی باسی ئەوەی بۆ گێڕاینەوە، کە چــۆن بەهاوکاری شێخ لەتیف خۆی گۆڕیوەو چووەتە ناو خــاکی ئێرانــەوەو ئینجــا حکومەتی عێراق خەلاتێکی بــۆ ئــەو کەســە تــەرخانکردووە، کــە بــارزانی دەستگیر بکات.

بارزانی ژمارەیەکی کەم لە پیاوەکانی ڕاســپارد تــا لــەناو خــاکی ئێــران بەدوای بکەون، لەوانە خوالێخۆشبوو محەمەد عیسا (پاشان بوو بە نزیکترین یاوەری‌و لە چوونیشی بۆ یەکێتی سۆڤیەت یاوەری بوو)، بارزانی گونــدێکی بۆ پیاوەکانی دەستنیشان کرد، کاتێك گەیشــتنە گوندەکــە هــەموو خۆیــان گۆڕیبــوو و کــەس نەیناســینەوە بەتایبــەتی خــەڵکی ئــەو گونــدەو گــەورە پیاوانیان، شەو کە لەدیوەخان دادەنیشن یەکێك لە پیاوانی ئــاوایی دەڵێــت حکومــەتی عێراق خەلاتێکی تەرخان کردووە بۆ هەر کەسێك، کــە بــارزانی دەســتگیر بکــات، ئەگــەر ببیبــنم ڕادەســتی حکومــەتی عێراقــی دەکــەم، لەوکاتەدا یەکێك لــە گــەورەی ئــاوایی، کــە لام وایــە ســەرۆك عەشــیرەتی مامەش دەبێــت بــێ ئــەوەی بزانێــت مــەلا مســتەفا وا لەوێیــە لــە کــابرا دەخوڕێت‌و دەڵێت کــەس ناتوانێــت بــارزانی ڕادەســتی حکومــەتی عێــراق بکاتەوەو داوادەکەم کەس بیر لەوە نەکاتەوە، ئینجا بارزانی هاتە سەر باســی ئەوەی، کە چۆن بــۆ بــەیانی گوندەکــە جێــدەهێڵن‌و دەگەنــەوە کوردســتانی عێراق‌و ناوچەکەی خۆیان، لــەوێ لایــەنگرانی بــارزانی کۆدەبنــەوەو ســاڵی (١٩٤٣ز) شۆڕشی بارزان هەڵدەگیرسێنن.



www.mukiryani.com

بارزانی نەمر هەردەم باسی ژیانی خۆی لە تاراوگەی یەکێتی سۆڤیەتدا بۆ دەگێڕاینەوە، کە دوای کۆماری کوردستان لە مەهاباد ڕووخاو حوزەیرانی ساڵی (١٩٤٧) وەك پەنابەر ڕووی لەو وڵاتە کرد، سەربوردەی ئەو شەڕانەی بۆ دەگێڕاینەوە، کە دژ بە سوپای ئێران کردوویانەو ئینجا لە مەهاباد پێش ئەوەی سوپای ئێران بگاتە ئەو شارە ماڵئاوایی لە قازی محەمەد کردووە، وردەکاری ئەو دیدارەم لە بەشی یەکەمی یادەوەریەکانمدا تۆمار کردووە وەك چۆن لە دەمی (میناخانم)ی هاوسەری قازی محەمەدم بیستبوو، لە مانگی ئابی ساڵی (١٩٥٨) لە شاری میونیخی ئەڵمانیاو بەرلەوەی بارزانیو یاوەرانی لە یەکێتی سۆڤیەت بگەڕێنەوە بەدیداری (میناخانم) شاد بوومو باسی ئەوەی کرد کە چۆن قازی محەمەد ئاڵای کوردستانی تەسلیم بە بارزانی کردووە تا بیپارێزێت، لەو دیدارەم لەگەڵ میناخانم هەریەك لە عەلی کوری (کوری ڕەش)و مەحموود کانەبی ئامۆزامو سەعدی برام کە ئەو کاتە بۆ بەشداریکردن لە کۆنگرەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد هاتبوونە ئەڵمانیا ئامادەبوونو سوپاس بۆ خوا هەموویان زیندوون، پاشان دەقی ئەو سەربوردەیەم لە بارزانی نەمرو خوالێخۆشبوو محەمەد عیسا کە لەو دیدارە مێژووییەدا ئامادەبوو بیستەوە.

بارزانی بانگێشتی تاران دەکرێت تا چاوی بە (شا)ی ئێران بکەوێت، چەند کەسێك یاوەری دەبن، یەکێ لەوانە خوالێخۆشبوو نوری ئەحمەد تەها بوو (نوری لە سوپای عێراقدا ئەفسەر بوو، دوایی بوو بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان)، دەسەڵاتدارانی ئێران بە هەنجەتی نابەجێ گەڕانەوەی بارزانییان دوادەخست، بارزانیو نوری وەك دەستبەسەر وابوون، نوری لەو باوەڕەدا بوو وەك قازی محەمەد لەسێدارە



www.mukiryani.com

دەدرێن، بۆیە داوای لە بارزانی کرد، کـە پێشـی ئـەو لـە سـێدارەی بـدەن، چونکە نایەوێت دیمەنی بارزانی بەپەتی قەنارەوە ببینێت.

دوای ماوەیـەك ژەنـەراڵ عـەلی رازمـارا کـە سوپاسـالاری ئێـران بـوو سەردانیان دەکـاتو وادەی دیـداری (شـا)یان پێـدەڵێت، شـا سـێ ڕێگـای لەبەردەم دانان، یەکەم: لە ئێران بمێننەوەو چەکەکانیان تەسلیم بکـەنو لـە شوێنێك دابنیشن، کە دەسـەڵاتدارانی ئێـران دەستنیشـانی دەکـەن. دووەم: بگەڕێنەوە عێراق، سێیەم: شەڕی سوپای ئێـران بکـەن، بـارزانی داوایکـرد ڕێگای بدەن تا بگەڕێتەوە مەهاباد تا راوێژ بە شێخ ئەحمـەدی بـرا گـەورەی بکات، چونکە عەشیرەتی بارزان لەژێر ئەمری ئەو دابوون، بەجۆرە ڕێگایـان پێدرا تاران جێبیلێنو بگەڕێتەوە کوردستانی ڕۆژهەڵات.

دوای ئەوەی لەگەڵ شێخ ئەحمـەد راوێـژیان کـرد بڕیاریانـدا بگەڕێنـەوە عێراقو ئەمەیان بە دەسەڵاتدارانی ئێران راگەیاندو داوایـانکرد مۆڵـەتیان بدەن تا بەفر دەتاوێتەوە، چونکە ئەوکاتە مانگی نیسان بوو و ڕێگاکان بەفر داپۆشیبوون، بەڵام دەسـەڵاتدارانی ئێـران چاوەڕوانیان نـەکردو هێرشـیان هێنایە سەر بارزانییەکان، بەجۆرە شەڕ لە نێوان هەردوو لادا هەڵگیرساو لە هەموو شەڕەکاندا ئێرانیەکان دۆڕاو بوون، ئەگەرچی بارودۆخی بارزانیەکانو خانەوادەکانیان زۆر ناخۆش بوو، سوپای ئێران زیانێکی زۆری لەڕووی سوپاو تەقەمەنیو بەدیلگیرانەوە بەرکەوت، کە هاتنـەوە نـاو خـاکی کوردسـتانی عێراق شێخ ئەحمەد بۆ پاراستنی ژیانی ئافرەتو منداڵو پیرەکـان بڕیاریـدا خۆی تەسلیم بە حکومەت بکات، بەڵام بارزانیو (٥٠٠) کەس لە یاوەرانی، کە زەلامی ئازاو شەڕکەر بوون چەند هەفتەیەك بـە ناوچـەکەدا سـووڕانەوە لەگەڵ هێزەکـانی سـوپاو بـەکرێگیراوان تووشـی پێکـداداان هـاتن پاشـان بڕیارياندا بگەڕێنەوە ناو خاکی ئێـرانو دوایـی ڕوو لـە یـەکێتی سـۆڤیەت



www.mukiryani.com

بکـەن، بـەجۆرە ڕێپێوانـە مێژووییەکـە دەسـتپێکرد، هەرچـەندە هـەموو دەروازەیەکیان بەڕوو داخرا، بەڵام سنووری تورکیایان بڕیو دوایی چوونە ناو خـاکی ئێـرانو لەگـەڵ سـوپای تـورکو ئێـران تووشـی شـەڕهاتن، دوای هیلاکیەکی زۆر ڕاوەدوونانیان لەلایەن سوپاو بەکرێگیراوانەوە دواجار توانیان لە (١٨)ی حوزەیرانی ساڵی (١٩٤٧) بگەنـە سـەر ڕووبـاری ئـاراس، ئـەو ڕووبارەی کە ئێرانو کۆمـاری ئازربێجـانی لێـك جیـادەکردەوە، ئـەو کاتـە ئازربێجان یەکێك بوو لە کۆمارەکانی یەکێتی سۆڤیەت سـەرجەم یـاوەرانی بارزانی توانیان لە ڕووبارەکە بپەڕنـەوە، بـەر لـەوەی سـوپای ئێـران بگاتـە شوێنەکە بارزانی دوا کەس بوو کە پەڕیەوە.

بەجۆرە بارزانیو یاوەرانی توانیان دوای مانـدووبوونێکی زۆر بچـنە نـاو خاکی یەکێتی سۆڤیەتەوەو (١٢) ساڵ لەو وڵاتەدا بمێننەوە، بـارزانی نـەمر زۆرجار باسی ئەو دەردەسەریانەی بۆ دەکردم کە لە سـالآنی بەراییـدا لـەوێ تووشیان هات، جەعفەر باقرۆفی سەرۆکی ئازربێجان رقـی لەگـەڵی کـوردو بارزانی بوو، بەوپەڕی توندوتیژی لەگەڵ پەنابەراندا جوولایەوەو بەسەر فـرە شارو کۆمارەکان دابەشی کردنو لە بـارزانی دایبڕانـدن، زۆربـەیان شـوێنی دانیشتنیان نەدەزانیو بەزۆر کاری ناخۆشیان پێ دەکرا، دوای مردنی ستالین بارودۆخەکە گۆڕاو توانیان سـەردانی یـەکتر بکـەنو لـە نزیـك یەکتریـەوە جێنشین بن.

بارزانی توانی سەردانی مۆسکۆ بکاتو چاوی بە گەورە لێپرسراوانی ئەو وڵاتە بکەویت لەوانە (خرۆشۆف) کـە ئەوکاتـە سـکرتێری گشـتی حیزبـی شیوعی سۆڤیەت بوو، بـارزانی دەربـارەی ئـەو دیـدارەی لەگـەڵ خرۆشـوف دەیوت بـە خرۆشـۆفم وت شـەڕی سـوپای شـەش حکومـەتانم کـردووە تـا گەیشتوومەتە ئێرە، خرۆشۆف دەڵێت: کـام حکومـەت؟ بـارزانیش دەڵێـت:



www.mukiryani.com

حکومەتی عێـراق‌و تورکیــاو ئێـران‌و بـەریتانیاو ئەمــەریکاو دواجـاریش حکومەتی ئازربێجـان‌و بـاقرۆف، خرۆشـۆف پێدەکـەنێت‌و فـەرمان دەدات بارزانی لە مۆسکۆ جێنشین بکەن، بـارودۆخی بارزانیـەکان باشـتر دەبێـت‌و بارزانی سەردانی خانەوادەکانی دەکرد تـا گەڕانـەوەیان بـۆ عێـراق لـەدوای شۆڕشـی (١٤) تـەموزی سـاڵی (١٩٥٨)، بـارزانی لـە ٦/١٠/١٩٥٨ گەیشتەوە بەغدا، هەریەك لە خوالێخۆشبووان ئەسعەد خۆشەڤی‌و میرحـاج ئەحمەد ئەفسەر لە سـوپای عێـراق یـاوەری بـوون، ئـەوانیتریش لـەمانگی نیسانی ساڵی (١٩٥٩) گەیشتنە بەندەری بەسرە.

دوای مردنی ستالین، هەریەك لـە (بیریـا)ی وەزیـری نـاوخۆی یـەکێتی سـۆڤیەت‌و دەسـتە ڕاسـتی سـتالین‌و هـەروەها (جەعفـەر بـاقرۆف)ی سەرکۆماری ئازربێجان چەند لێپرسراوێکی دیکە لە سـێدارە دران، ئەوانـە زۆر خراپەیان دەرهەق بەگەلانی سـۆڤیەت کـردو، ئەوپـەڕی توونـدوتیـژیان بەکارهێنا، دەیان هەزار کەسیان جینۆساید کردو هەزاران ڕووناکبیرو زانایان ناردە بەستەڵەکی سیبیریا بە تۆمەتی ئەوەی نەیاری ستالین بوون.



www.mukiryani.com

# پیلان بۆ لەناوبردنی بارزانی

ئەگەرچی نەخۆشییەکەی بارزانی سەختو هیوای چاکبوونەوەی زۆرکەم بوو، بەلاّم دوژمنان هەردەم بۆی لە بۆسەدا بوونو مادام لە ژیاندا بوو لێی دەترسان، چونکە سیمبولی بەرگریو خەبات بوو لای گەلی کورد، دوژمنان دەیانزانی ئەگەر بارزانی لە ژیاندا بێت ئەوا کوردان لە دەوری کۆدەبنەوەو دەبێتە ڕووگەی هیوایان، نەیاران لەوە بێ ئاگا بوون، کە بارزانی کەلەپوورێکی قووڵی لە خەباتو قوربانی لە دڵی میللەتەکەیدا چاندووەو ڕێبازێکی پیرۆزی بۆ گەلی کورد گرتۆتەبەر.

لە سەرەتای مانگی نیسانی ساڵی (١٩٧٧ ئەمەریکییەك تەلەفۆن بۆ خوالێخۆشبوو محەمەد سەعید دۆسکی دەکاتو داوای چاوپێکەوتنی دەکات، دۆسکی هۆکاری ئەو دیدارەی لێ دەپرسێت، ئەمەریکیەکە دەڵێت مەسەلەکە پەیوەندی بە ژیانی بارزانییەوە هەیە، دۆسکیش بڕیار دەدات ڕۆژی پاشتر تەلەفۆنی بۆ بکاتەوە، دۆسکی هاتەلامانو مەسەلەکەی بۆ باسکردین، ئەو کاتە بارزانیو من لە ماڵەوە بووین، بارزانی بەو دیدارە ڕازی بوو، داوای لە دۆسکی کرد کە زۆر وریابێت.

کابرای ئەمەریکی ڕۆژی پاشتر تەلەفۆن بۆ دۆسکی دەکاتەوە، لەسەر ئەوە ڕێك دەکەون، کە لە هوتێلێکی بەناوبانگی ناوجەرگەی واشنتن یەکتر ببینین، لە کاتی دیاریکراودا دۆسکی دەچێتە هوتێلەکە، واپێدەچێت کابرا شێوەی دۆسکی بناسێت، دوای دانیشتن ئەمەریکیەکە بە دۆسکی دەڵێت:



www.mukiryani.com

دەزانی هاتووم بتکوژم؟ دۆسکیش زۆر بەهێوری وەرامی دەداتەوە: جا تۆ لەو باوەڕەدایت، کە حیسابێکم بۆ ئەمە نەکردبێت؟ دە لاوی کورد یاوەری من دەکەنو ئێستا لەناو هوتێلو دەروازەکەدا دابەش بوونو چاودێری ئێمە دەکەن، هەر شتێکم لێ بێت لەناوت دەبەن.

کابرای ئەمەریکی دەڵێت: من لەلایەن حکومەتی عێراقیەوە نێردراوم ئەگەر شوێنی دانیشتنی بارزانیم بۆ ئاشکرا نەکەیت ئەوا بتکوژم، کابرا لە قسەکانی بەردەوام دەبێتو دەڵێت: من چوومەتە عێراقو ئەمەش پاسپۆرتەکەمە، لە عێراق دەسەلاٚتداران داوایان لێکردم بارزانی بکوژمو لە بەرامبەردا نیو ملیۆن دۆلارم بدەنێ، پێشەکی (٢٠٠) هەزار دۆلارم وەرگرتو دوای جێبەجێکردنی کارەکەش باقیەکەی وەربگرم، چەندان وێنەی بارزانییان بە جلوبەرگی کوردیو رۆژاوایی دامێ، لە کاتی لاویو هەروەها لەکاتی ژیانی لە واشنتن دا، زۆر بیرم لەو مەسەلەیە کردەوە، بە خۆم وت پێویستە ژیانی ئەو پیاوە شارەزابم، کە دەمەوێت بیکوژم، ئاخۆ ئەو پیاوە چی کردووەو حکومەتی عێراق دەیەوێت تۆڵەی لێ بکاتەوە؟ پیاسەیەکم بەناو کتێبخانەکانی واشنتندا کردو چەند کتێبێکم دەربارەی کوردو دوا شۆڕشەکەیو بارزانی دەسکەوت، دوای خوێندنەوەیان هیچ شتێکی خراپم تێدا نەبینی بەغەیری ئەوەی بارزانی خزمەتی میللەتەکەی کردووەو لەو پێناوەدا قوربانی داوەو پاڵەوانێتی نواندووە، دوای بیرکردنەوەیەکی قووڵ بە خۆمم وت باشە بۆ پیاوێك بکوژم، کە هەموو ژیانی بۆ خزمەتی گەلەکەی تەرخانکرد، هیچ هۆکارێك بۆ ئەمە نییە، بۆیە ڕای خۆم گۆڕیو وازم لەو بیرۆکەیە هێنا، دەشزانم، کە تۆ دەسەلاٚتدارانی ئەمەریکا لەو مەسەلەیە ئاگادار دەکەیتەوە، بەلاٚم شتێکی بەڵگەداریان بەدەستەوە نییە بۆ گرتنمو



www.mukiryani.com

ناتوانن هیچم دەرهەق بکەن، بەجۆرە دیدارەکەیان کۆتایی هـاتو دۆسـکی سوپاسی کابرای ئەمەریکی کرد.

ئێوارەی ئەو ڕۆژە دۆسکی هاتە لامانو قسەکانی بۆ گێڕاینەوە، بـارزانی پێکەنیو وتی: حکومـەتی عێـراق هـەموو جـۆرە ڕێگایـەك بـۆ مانـەوەی کورسیەکانیان دەگرنەبەر، بەڵام پاشەڕۆژ هەر بۆ میللەتانە، باوەڕم بـەخوای گەورە پتەوە ئەگەر ئیرادەی لەسەر نەبێت ناتوانن زەفەرم پێ بەرن.

دۆسکی وتی دەیەوێت دەسەڵاتدارانی ئەمەریکا لەمە ئاگـادار بکاتـەوە، بارزانی رازیبوو، دۆسکی تەلەفۆنی بـۆ لێپرسـراوی F.B.I (دەسـەڵاتدارانی ئەمنی فیدراڵی) کردو وردەکارییەکانو ناوی کابرای پێ وتن (ناوەکەیم بـیر نەماوە)، دوای چەند رۆژێـك دەسـەڵاتدارانی F.B.I بـە دۆسـکیان وت، کـە ئیشەکە راستەو ئەو پیاوە سەفەری بەغدای کـردووەو پێشـتریش چـاوی بـە چەند لێپرسراوێکی فەلەستینی کەوتووە، بەڵام هیچ شـتێکی بەڵگـەداریان دەربارەی ڕێکەوتنەکانو نیەتی کابرا بەدەسـتەوە نیـە، بۆیـە نـاتوانن هـیچ کارێکی یاسایی پێویست ئەنجام بدەن، بەڵام دەیخەنە ژێر چاودێریەوە. ئەمـە وردەکاری پیلانی داروودەستەکەی سەدام بوو دژ بە بارزانیو یەکێك بـوو لـە فرە پیلانەکان، لەکاتی نەخۆشیەکەشی کە هیـوای چـاکبوونەوەی زۆر کـەم بوو هەر لێی دەترسان.



www.mukiryani.com

# گەڕانەوەی مەسعود بارزانی

کاك مەسعود لەگەڵ برایان سامی عەبدولڕەحمانو سیهاد بارزانی لەمانگی تشرینی یەکەمی ساڵی (١٩٧٦) سەفەریان کرد، ئەمەش بەمەبەستی ڕێکخستنی کاروباری شۆڕشی گوڵان، کە چەند مانگێك بوو هەڵگیرسابوو، کاك مەسعود چەند هەفتەیەك لە ئەوروپا مایەوە تا کاروباری قوتابیان (کە لایەنگری پارتیو بارزانی بوون)و هەروەها کاروباری سەرکردایەتی کاتی حیزب، کە تازە دامەزرابوو ڕێکبخات، دوای ئەوە سەردانی سوریای کردو توانی پەیوەندیەکی پتەو لەگەڵ سەرکردایەتی سوریاو سەرۆك حافز ئەسەد دروست بکات، ئەو پەیوەندییە تا کۆچی دوایی سەرۆك ئەسەد هەر بەپتەوی مایەوە، هەندێك لە برایانو برادەرانی حیزبو لایەنگرانی بارزانی رۆڵێکی گەورەیان لە دروستکردنی ئەو پەیوەندیەو لێك نزیك کردنەوەی دیدو بۆچوونی هەردوولا بینی بە تایبەتی کاك عەلی سنجاری سەرەڕای ئەوەی، کە ڕێکخراوێکی تازەی دروستکرد، بەلاًم هەر لایەنگری بارزانی بوو.

لە ئەنجامی ئەمانەدا، کاك مەسعود توانی هێڵێکی گواستنەوە لەگەڵ کوردستان دروست بکاتو برێکی باش چەكو هەروەها خەڵکانێکی پێشمەرگەو ئەفسەر، کە لە سوریا بوون ڕەوانەی کوردستان بکاتەوە لەوانە مولازم عەلی (زەعیم عەلی)، مولازم محەمەد (سەردار ئەبوبەکر)و هەندێکی دیکەش کە ناوەکانیانم لەبیرنەماوە، پیاو بۆ خوا بلێت کاك



www.mukiryani.com

مەسعود سەرجەم ئەو کاروبارانەی بەباشی ڕێکخستو سەرجەم پێداویستیەکانی شۆڕشی گولأنی تازە لاوی دەستەبەرکرد، ئەو شۆڕشەی کە درێژەپێدەری شۆڕشی مەزنی ئەیلول بوو بەسەرکردایەتی مستەفا بارزانی نەمر، شۆڕشی ئەیلوول دوای ڕێکەوتننامەی نێوان هەردوو گۆڕبەگۆڕ محەمەد ڕەزا پەهلەوی شای ئێرانو سەدام حوسێنی جێگری ئەوسای سەرۆکی عێراق، تووشی نسکۆهات، شۆڕشی گولأن بووە ڕاستییەکی بەرجەستەو حیسابی بۆ دەکراو هیواو ئومێدی بۆ گەلی کورد گەڕاندەوە، ئەو گەشبینیەم بە دەموچاوی پەنابەرانەوە دەبینی، کە دوای خەمو پەژارەیی بۆ دواڕۆژی گەش دەیانڕوانی.

کاك مەسعود هەشت مانگی پتر پێچوو تا گەیشتە ئەو ئەنجامانە، دوای ئەوەی لەڕێکخستنی کاروبارەکان دڵنیابوو، سەرجەم پێداویستیەکانی شۆڕشی دابین کردو بینی ژمارەیەکی زۆر لەلاوان گەڕانەوە ریزی شۆڕش ئینجا گەڕایەوە ئەمەریکا.

لە کۆتایی مانگی مایسی ساڵی (١٩٧٧) بۆ پێشوازی کاك مەسعود چووینە باڵەفڕخانەی دالاس، بارزانی مکوڕ بوو، کە بچێتە باڵەفڕخانەو منو دۆسکیش یاوەری بووین، کاك مەسعود گەیشتو ویستی دەستی باوکی ماچ بکات، بەلأم بارزانی ڕازی نەبوو، دوای بەخێرهێنانەوە کەلوپەلەکانمان کۆکردەوەو گەڕاینەوە ماڵەوە.

نیشانەی ماندووبوون بە دەموچاوی کاك مەسعودەوە دیاربوو، چونکە ئەو ماوەیە زۆر هیلاك بوو، نیوەشەو دۆسکی گەڕایەوە ماڵەکەیو سەعات یەکی دوای نیوەشەویش بارزانی ڕووی لە ژوورەکەی کردو پاشان کاك مەسعودو ئینجا منیش چوومە ژوورەکەم.



www.mukiryani.com

ڕۆژی پاشــتر درەنــگ چێشــتمان خــوارد، ئینجــا کەوتینــە باســکردنی سەفەرەکەی کــاك مەســعودو ئەنجامــە باشــەکانی، کــاك مەســعود باســی دروستکردنی سەرکرایەتی کاتی پارتی دیموکراتی کوردســتانی کــرد، بــەوە زۆر خەفەتم خوارد، کە نەبوومە ئەندامی ئــەو پێکهاتــە تازەیــە ئەگەرچــی ڕێککەوتنیشی لەسەرکرابوو.

پێش سەفەری ئەمەریکا، بەردەوام لە ماڵی عەلی عەبدوڵڵا یان لەماڵی ئیدریس، کە شەهید فرەنسۆش ئامــادەدەبوو کۆدەبووینــەوە، ئەوکاتــە کــاك مەسعود لەگەڵ بارزانی ساڵی (١٩٧٥) یەکــەم ســەفەریان بــۆ ئەمــەریکا کردبوو، لەو کۆبوونەوانەدا باسی ڕێکخستنەوەی حیــزب و دەســتپێکردنەوەی شۆڕش و پێکهێنانی سەرکردایەتییەکی تازەمان دەکرد، کە ئێمــەش تیایــدا بین، لێرەدا دەمەوێت ئەوە ڕوون بکەمەوە، کە بۆ ئەوکاتە حــەزم دەکــرد لــە سەرکردایەتیدا بەشداربم.

کە هاتمە ریزی شۆڕش و بزووتنەوەی کوردایەتی مــەرامی پایــەو ســامانم نەبوو، بەڵکو دەمویست خزمەتێك ئەگەر بچــووکیش بێــت بــە نەتەوەکــەم بکەم، ئەو گەلەی، کە بڕوام بە کێشــە ڕەواکــەی هــەبوو و دەمزانــی لــەبن دەستی ڕەگەزپەرستاندا چ زوڵمێکی لێکراوەو چۆن چەوسێندراوەتەوە، ئەگــەر مەبەستم بەشــداریکردن بووایــە لــە ســەرکردایەتی حیــزب دەمتــوانی لــە کۆنگرەی شەشەم لە ساڵی (١٩٦٤) و کۆنگرەکانی دواتــر ئەمــە دەســتەبەر بکەم، مانەوەم لە دەرەوەی سەرکردایەتی حیزب ئەو مــاوە درێــژە لەبەرئــەوە نەبوو، کە باوەڕم بە حیزب و پرۆگرامەکەی نییــەو کەســێکی بێلایــەنم (وەك دەوترێت)، لێرە لە خوێنەری بەڕێز دەپرسم و دەڵێم: ئێوەو خواتان ئاخۆ ئەمە دەچێتە عەقڵەوە منێك کە (٤٨) ســاڵی تەمــەنم لــەریزی شــۆڕش و بزاڤــی کوردایەتیدا بەسەربردبێت و ئەو شۆڕشەی کە پارتی بە رابەرایەتی بارزانی و



www.mukiryani.com

پاشان كاك مەسعود سەركردايەتی دەكرد باوەڕم بەپرنسیپەكانی ئەو حیزبە نەبێت، كە دڵسۆزترین كەسی بووم؟ وەك لە بەشی یەكەمی كتێبەكەمدا ڕوونم كردوتەوە، هەر كاتێك بارودۆخی شۆڕش‌و حیزب باش بووبێت خۆم خستۆتە ریزی دواوەو هەر كاتێكیش تەنگژە هاتبێتە پێشەوە بە گوێرەی توانا خزمەتم خستۆتەڕوو، بەپێچەوانەی پانكەرەوەو هەلپەرستان لەگەڵ یەكەم نسكۆدا لە بەرپرسیاریەتی ڕایان دەكرد، ئەوەشم دەزانی، كە هەر كەسێكی دڵسۆزی بارزانی‌و شۆڕش‌و حیزب دەبێت هەموو توانای خۆی بخاتەگەڕ تا بەسەر نسكۆدا زاڵ بێت، بۆیە دوای نسكۆیە گەورەكە بڕیارمدا لەسەركردایەتی حیزب دا بەشداری بكەم.

دەگەڕێمەوە سەر كۆنگرەی هەشتەم، لەمەڕ بەشداری نەكردنم لە سەركردایەتی حیزب هەندێك چرپەچرپم بەرگوێ كەوت، بۆ ئەم مەبەستە ویستم لەمە دڵنیابم ئاخۆ ئەمە حەزی بارزانییە!، بارزانی فەرمووی: ئاخۆ خۆم حەزم لێیە؟ وتم حەز دەكەم خزمەت بە حیزب‌و شۆڕش بكەم‌و لە دەرەوەی سەركردایەتی بم، بارزانی وتی: بە ئارەزووی خۆت بكە، پایەی تۆ لای من هیچ جیاوازیەكی نییە ئەگەر لە سەركردایەتی حیزب یان لەدەرەوەیدا بێت.

بەهۆی بەشداری نەكردنم لەسەركردایەتی حیزب گلەییم لە كاك مەسعود كرد، بەمە نیگەران بوو و وتی نەمزانیوە كە ئارەزووت هەبووەو دەستم لەمەدا نییە، كاك سامی ئەو سەركردایەتیەی لە زۆربەی گەنجە نزیكەكانی خۆی رێكخستووە.

من ڕێزم بۆ هەموویان هەبوو، بەڵام ئەنجامە سلبیەكەی پاشان دیاركەت، بە تایبەتی لە كۆنگرەی نۆیەمدا كاتێك كاك سامی لە هەڵبژاردنەكانی حیزب رازی نەبوو، لەگەڵ سەرجەم ئەندامانی



www.mukiryani.com

سەرکردایەتیدا بەشداری بکات، بەڵکو دەیویست هەموو بەتەزکیە بەشداری لەسەرکردایەتیدا بکەن.

کاك مەسعود بینی بەمە نیگەرانم وتی: (لەبەرئەوەی تۆ دووربوویتو لەبەر یاوەریکردنی بارزانی زۆر سەرقاڵیت ئەمە هۆکاری بەشداری نەکردنتەو ئێستاش ئەگەر ئارەزوو دەکەیت دەتوانێت بەشداربێت)، وەرامم دایەوە (مادام لە سەرەتاوە بەشداریکردن لەسەرکردایەتی کاتی دوورخرامەوە ئێستاش ئارەزووم نییە)، بەمجۆرە مەسەلەکە لەبیرکرا.

دوای دوو سێ ڕۆژ، چووینە شاری ڕۆچستەر تا پشکنینی مانگانە بۆ بارزانی لە نەخۆشخانەی (مایۆکلینك)دا بکەین‌و دەرمانی‌و پێویست وەربگرین، لە هوتێلی (کهلر) دابەزین‌و کاك مەسعودو من یاوەری بارزانی بووین، ئێوارە کە بۆ شیو خواردن چووینە چێشتخانەی هوتێلەکە زانیمان خاتوو (ڤیڤیان)ی بەڕێوەبەری چێشتخانەی هوتێل نەشتەرگەری گۆڕینی دەماری دڵی بۆ کراوە، ئەو خاتوونە هەرچەندە زۆر ناشیرین بوو، بەلاّم زۆر ڕووخۆش‌و خوێن شیرین بوو و بەشێوەیەکی تایبەت لەگەڵماندا دەجوولایەوە، بارزانی فەرمانیدا من‌و کاك مەسعود سەردانی بکەین، ڕۆژی پاشتر لە نەخۆشخانە بە چەپکێك گوڵەوە سەردانمان کرد، پێش ئەوەی بچینە ژوورەوە بە سوعبەت بە کاك مەسعودم وت: (خۆ دەبێت ماچی بکەین‌و داوای شیفای بۆ بکەین!!)، کاك مەسعود وتی: (وەڵلاّ من دەگەڕێمەوەو تۆ بە تەنیا بڕۆ ژوورەوە)، پێکەنیم‌و وتم باشە تۆ تەنیا تەوقەی لەگەڵدا بکەو من لە جیاتی تۆیش ماچی دەکەم)، چووینە لای‌و لەسەر پێخەف ڕاکشا بوو و لە جاران ناشیرینتر دیار بووو خۆی نەڕازاندبۆوە، سلاّومان لێکردو کاك مەسعود تەوقەی لەگەڵ کردو منیش ماچم کرد، بە پێکەنینەوە هاتینە دەرەوەو گەڕاینەوە هوتێل، قسەکەمان بۆ بارزانی گێڕایەوەو پێکەنی.



www.mukiryani.com

له کۆتایی مانگی مایسی ساڵی (١٩٧٧) گەڕاینەوە واشنتن، پشکنینی تەواومان بۆ بارزانی کردو دەرمانی پێویستمان وەرگرت، سەرەڕای نەخۆشییەکەی، بەلاّم بارزانی زۆر بە ورە دیار بوو و هیچ ئاسەواری نەساغی پێوە دیار نەبوو، لەبەرامبەر ئێمەو میوانان خۆی بە نەخۆش پیشان نەدەدا، بەڵکو هەردەم ڕووخۆش بوو، کە گەیشتینە باڵەفڕخانەی دالاس دۆسکی لە پێشوازیمان دابوو، هەموومان گەڕاینەوە ماڵەوە.

دۆسکی، ڕۆژانە لە نیوەڕۆوە دەهاتە لامانو تا نیوەشەو لامان دەمایەوە، ئەگەر بارزانی دیدارێکی هەبووایە ئەوا تەلەفۆنی بۆ دەکردینو کاتو شوێنەکەی پێدەوتین ئەگینا ڕۆژی لای ئێمە بەسەردەبردو فراڤینو شیومان لە ماڵەوە دەخوارد، جار جار بارزانی حەزی لە پیاسە بوو، دەچووین لە چێشتخانەیەك نانمان دەخوارد، لام وایە بارزانی لەبەر ئێمە حەزی دەکرد بچینە دەرەوە ئەگینا زۆر حەزی لە چوونە دەرەوە نەبوو.

هەفتەی چەند جارێك بە تەلەفۆن لەگەڵ ماڵی بارزانی، کە لە کەرەج بوو قسەمان دەکرد، ئەو کاتە تەلەفۆن کردن زۆر ئاسان بوو، دەمانتوانی یەکسەر قسە بکەینو بێ ئەوەی پەیوەندی بە فەرمانگەی تەلەفۆناتەوە بکەین، لە کەرەج دا تەنیا ماڵی بارزانی هێڵی تەلەفۆنی بۆ راکێشرابوو، بەهۆی ئەو تەلەفۆنەوە دەمانتوانی سۆراغی پەنابەرانی ئەوێ بزانین، کە نزیکەی (١٠٠) ماڵ دەبوون لە کەرەج، زۆربەی تەلەفۆنەکانمان دوای نیوەشەو یان نیوەڕۆ بوو، چونکە جیاوازی کات لە نێوانماندا (٩) سەعات بوو.

لە ٣٠/٥/١٩٧٧ تەلەفۆنمان بۆ کەرەج کرد، کاك ئیدریس وتی ڕەزامەندی دەسەلاّتدارانی ئێرانی وەرگرتووە تا بێتە ئەمەریکاو سەردانی باوکی بکات، ئیدریس زۆر بەمە دڵشاد بوو و وتی: چەند هەفتەیەکە



www.mukiryani.com

خەریکەو ئەمڕۆ وەرامی دراوەتەوەو لە ماوەی هەفتەیەکدا دەگاتە لامان. ئێمەش لای خۆمانەوە زۆر بەم هەواڵە دڵخۆش بووین و بەتاسەوە چاوەڕێی گەیشتنی کاك ئیدریس بووین تا باسی بارودۆخی پەنابەرانمان بۆ بکات چونکە بە تەلەفۆن ئەو هەموو قسانە نەدەکران.



www.mukiryani.com

# هەواڵی کۆچی دوایی ئەسعەد خوشەڤیو
# هاتنی ئیدریس بارزانی

ڕۆژی یەکەمی مانگی حوزەیرانو لە کاتی نیوەڕۆ تەلەفۆنمان بۆ ماڵی بارزانی کرد لە کەرەج، بەداخو پەژارەوە هەواڵی کۆچی دوایی (ئەسعەد خوشەڤی)مان بیست، کە ڕۆژی پێشتر واتە لە نیوەڕۆی ١٩٧٧/٥/٣١ ئەمری خوای بەجێ هێنابوو، تەرمەکەی بردرابووە شاری شنۆ لە کوردستانی ڕۆژهەلاّت، کە گۆڕستانی شەهیدە، بارزانییەکانو ئەوانەی کە لە پاراستنی مەهابادو شەهیدانی پەنابەرانی تێدابوو، ئەم هەواڵە زۆر کاری لە بارزانی کردو ئێمەش زۆر خەمبار بووین.

ئەسعەد خۆشەڤی لە بارزانییەوە زۆر نزیك بوو، باوەڕی پێ دەکردو لە ئیش کردندا دەستەڕاستی بوو، بەبیستنی ئەم هەواڵە زۆر تاساو وەك نەریتی هەمیشەیی بۆ ماوەیەك بێدەنگ بوو، بێ ئەوەی قسە لەگەڵ کەس بکات دوای ماوەیەك هۆکاری مردنەکەی پرسی.

ئەسعەد خۆشەڤی، لە پاڵەوانە بەرابیەکانی جوولانەوەی کوردایەتیو سەر بە خانەوادەیەکی ناودارو قوربانیدەر بوو، لەسەرانی عەشیرەتی مزووری بالاّو سەر بە شێخانی بارزان بوو، لە گوندی بەناوبانگی (سێلکی) هاتۆتە دنیاوە، ئەو گوندەو عەشیرەتی مزووری لە سەرجەم بزاڤ و شۆڕشەکانی شێخانی بارزاندا دەیان شەهیدو قوربانیان داوە.



www.mukiryani.com

ئەسعەد خۆشەڤی خوالێخۆشبوو برا گچکەی شەهیدی پاڵـەوان خـەلیل خۆشەڤی بوو، کە لەناوەڕاستی سـالأنی سـی سـەدەی بیسـتدا شـەهیدبوو، مامی خۆشەڤی خەلیل بوو کە لەکاتی بەرگریکردن لە کۆماری کوردستان لە ساڵی (١٩٤٦)دا شـەهید بـوو، هـەروەها ئـامۆزای شـەهیدی پاڵـەوان عیسی سوار بوو، عیسا فەرماندەی هێزی زاخـۆو خـاوەنی دەیـان داسـتانی قارەمانێتی بوو و لە ئاداری ساڵی (١٩٧٥)دا شەهید بوو، ئەو خانەوادەیـە دەیان شەهیدی تریان داوە، کە ناوەکانیانم بیرنەماوە.

سەرەڕای رۆڵە سـەربازییەکەی، ئەسـعەد خۆشـەڤی کەسـێکی ئیـداری شارەزاو خاوەن کەسایەتییەکی کاریگەرو پیـاوێکی دەسـپاكو کۆمـەلأیـەتی بوو، لای هەمووان رێزو پایەی هەبوو، هەرێمی لقی یەکی پارتی دیموکراتی کوردستانی لە ناوچەی بادینان بەوپەڕی لێهاتوویی بـەڕێوەدەبرد، سـەرەڕای بوونی چەندان عەشیرەتی سەر بە حکومەت، بەلأم ناوچەکەی ژێـر ئیـدارەی خۆشەڤی رێکخراوترینو بەهێزترین ناوچە بوو لە شۆڕشی ئەیلوولدا، هێزی زاخۆ لەژێر فەرماندەیی شـەهید عیسـا سـوار بـوو، هێـزی دهـۆك لـەژێر فەرماندەیی عەلی خەلیل خۆشەڤی برازای ئەسعەد خۆشەڤی دابوو، عەلی[١] ئێستا لە ژیان دایەو بەداخەوە لەبەر نەخۆشی لە جێگادا کـەوتووە، هێـزی ئـاکرێو شـێخان لـەژێر فەرمانـدەیی حەسـۆ میرخـان دۆڵەمـەری دابـوو، خوالێخۆشبوو ئەسعەد خۆشەڤی جگە لـە هێزەکـەی خـۆی سـەرکردایەتی سـەرجەم ئـەو هێزانەشـی دەکـرد، پێداویسـتی بـۆ دابـین دەکـردنو گیروگرفتەکانی چارەسـەر دەکـردن بـێ ئـەوەی بـۆ سـەرکردایەتی گشـتیو

١ - پێش بلاوبوونەوەی ئەم کتێبە عەلی کۆچی دوایی کردو لە دۆستە نزیکەکانم بوو، خوا لێی خۆش بێت.



www.mukiryani.com

بارزانی بگەڕێتەوە، هێزی ئامێدیش لەژێر فەرمانـدەیی (سـەلیم)ی کـوڕی ئەسعەد خۆشەڤی دا بوو.

دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول‌و چوونمان وەك پەنابەر بۆ ئێران، ئەسـعەد خۆشەڤی بوو بە دەستەڕاستی کاك ئیدریس بۆ چارەسـەرکردنی گیروگرفتـی پەنابـەران، بەوپـەڕی حیکمەتـەوە کارەکـانی رایـی دەکـردن پـێش ئـەوەی گیروگرفتەکانیان بخەنـە بـەردەم بـارزانی یـا ئیـدریس، هـەروەها ئەسـعەد خۆشەڤی رۆڵێکی کاریگەری لە ئامادەکردنی پێشـمەرگەو هەڵگیرسـاندنی شۆڕشی گولاَندا بینی.

هـەواڵی کۆچـی دوایـی ئەسـعەد خۆشـەڤی هـەموومانی تاسـاند، خوالێخۆشـبوو هـاوڕێی تەمـەنی بـارزانی‌و یـەکێك لـە بـاوەڕپێکراوە سەرەکیەکانی بوو و زۆر پشتی پێ دەبەست، ئەم کارەسـاتە کاریگەرییـەکی بەسـەر هـەموو پەنابـەران بەتایبـەتی عەشـیرەتەکانی سـەر بـە شـێخانی بارزانەوە هەبوو، هەر کەسێك ئەسعەد خۆشەڤی ناسیبێ زۆر بۆی بە پەرۆش بوو، خوا بەهەشتی بەرینی بەنسیب بکات.

دوای کۆچی دوایی ئەسعەد خۆشەڤی بـە چـەند رۆژێـك‌و لـە هەفتـەی دووەمی مانگی حوزەیرانی ساڵی (١٩٧٧) کاك ئیدریس بۆ سەردانی باوکی هاتە ئەمەریکا، بارزانی حەزی لێبوو بۆ پێشوازی بچێتە باڵەفڕخانە، کـاك مەسعودو دۆسکی‌و من یـاوەری بـووین‌و چـووینە باڵەفڕخانـەی دالاس لـە واشنتن، کە باڵەفڕەکە گەیشت ئیدریس دابەزی‌و ویستی دەستی باوکی مـاچ بکات، بەلاَم بارزانی لێنەگەڕاو تەنیا ماچی کرد، ئێمەش تەوقەمان لەگەڵ دا کـرد، بـە بێـدەنگی سـواری ئوتۆمبێلەکـە بـووین‌و چـووینە ماڵـەوەو کەشوهەوایەکە بێدەنگی‌و خەمی پێوە دیار بوو.



www.mukiryani.com

لە ماڵەوە، کاك ئیدریس باسی ئەوەی کرد، کە ماوەیەکی زۆر لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ئێران خەریك بوو تا ڕەزامەندی سەفەری وەرگرت، بارزانی پرسیاری کەسو کارو پەنابەرانی لە ئیدریس کردو پاشان پرسیاری وەفاتی ئەسعەد خۆشەڤی کرد، ئیدریس وتی ئەسعەد ماوەیەك نەخۆش بوو، لە نەخۆشخانەی مەدائین خەوت، دوای نیوەڕۆی ١٩٧٧/٥/٣١ کۆچی دوایی کردو لە گۆڕستانی شەهیدانو پەنابەران لە شاری شنۆ بە خاك سپێردرا.

بارزانی بەرێگای تایبەتی خۆی پەژارەو خەمی دەربڕیو ماوەیەك بێدەنگ بوو، ئینجا ئیدریس دەستی بە قسە خۆشەکانی کردو هەموومان بە هاتنی خۆشحاڵ بووین، لە دەمی کاك ئیدریسەوە ساغو سەلامەتی خانەوادەکەم زانیو نامەیەکی (بارزان)ی کوڕیشم بەدەست گەیشت، کە تیایدا نووسیبووی کە کاك ئیدریس پێداویستیان دابین دەکات.

دوای شیو خواردنو بەسەربردنی چەند سەعاتێکی خۆش لەگەڵ ئیدریس، هەواڵی پەنابەرانو شۆڕشی گولان نیوەشەو داهات، تەلەفۆنمان بۆ ماڵی بارزانی لە کەرەجدا کردو سەلامەتی گەیشتنی ئیدریسمان پێ وتنو ئەویش قسەی لەگەڵدا کردن، دۆسکی مۆڵەتی وەرگرتو چووە ماڵەوە، سەعاتێکی دیکەش گوێمان لە قسە خۆشەکانی ئیدریس گرتو ئینجا بارزانی رووی لە ژوورەکەی کردو ئیدریسو مەسعودیش لەگەڵیدا چوون تا باسی کاروباری تایبەتی خێزانی خۆیان بکەن، منیش دوای ئەوەی دڵنیابووم، کە دەرگای سەرەکیو دەروازەکان داخراون ڕووم لە ژووری خۆم کرد.

ئیدریس نزیکەی شەش هەفتە لامان مایەوە، ئەو ماوەیە هەستمان بەهیچ بێزاریەك نەکردو نەمانزانی چۆن بەسەرچوو، ئەو ماوەیەی، کە ئیدریس لامان بوو بە ئوتۆمۆبیلی خۆمان بردمانە نیویۆرك، سەرەتای



www.mukiryani.com

هاوین بوو، ڕێگاکە زۆر جوان بوو و بارزانی دڵی بەو سەفەرە کرایەوە، دوای ئەوەی یەك دوو شەومان بەسەربرد گەڕاینەوە ماڵەوە.

ئەو ماوەیە بارزانی لە دیدارەکانی لەگەڵ کەسایەتیەکان‌و ڕاگەیاندنکاراندا بەردەوام بوو، ئەو دیدارانە یا لە ماڵی خۆمان یا لە شوێنی ئەوان ساز دەدران، ئێوارەیەك یەکێك لەوانە هاتە لامان و شیوی لەگەڵدا خواردین، کاك ئیدریس تازە گەیشتبوو، من‌و کاك مەسعود لە مەتبەخەکە خەریك بووین، بارزانی‌و کاك ئیدریس لەگەڵ میوانەکە لە هۆڵی تایبەت بە میوانان دانیشتبوون، گوێمان لێبوو کاك ئیدریس بە ئینگلیزیەکی باش لەگەڵ میوانەکە قسەی دەکرد، من‌و کاك مەسعود بەپێکەنینەوە سەیری یەکترمان کردو سەرمان سوڕما، کاك ئیدریس لە سەرجەم دیدارە فەرمی‌و نا فەرمیەکانی بارزانیدا بەشداری دەکرد.

کۆبوونەوەیەك لەگەڵ ئەو لیژنەیە سازدرا، کە لە مانگی ئادارو دوای ئاهەنگی نەورۆز بۆ کاروباری پەنابەران هەڵبژێردرابوو، وەك پێشتر ئاماژەم بۆ کرد لیژنەکە لە دکتۆر نەجمەدین عومەرو عەبدولقادر محەمەد ئەمین‌و مولازم هەجەر سندی پێکهاتبوو، ئیدریس ویستی گیروگرفتی نێوان لیژنەکە چارەسەر بکات، سەرنەکەوت‌و لیژنەکەش هەڵوەشایەوە.

لە کۆتایی مانگی حوزەیرانی ساڵی (١٩٧٧) چووینە شاری ڕۆچستەر لە ویلایەتی مینیسوتا تا پشکنینی ڕۆتینی بۆ بارزانی بکەین‌و دەرمانی پێویست وەربگرین، چەند ڕۆژێکمان لەوێ بەسەربردو دۆسکیش یاوەرمان بوو، لەو هوتێلەی کە تیایدا دابەزیبووین کاك ئیدریس قسەی خۆشی بۆ کارمەندانی دەکردو نوکتەی بۆ دەگێڕانەوە بە تایبەتی لەگەڵ (جیمس ڕوی ماکفرسن) پزیشکی تایبەتی بارزانی‌و خانەوادەکەی، ئەو پزیشکە بووە برادەرامان، لە هوتێل سەردانی دەکردین‌و ئێمەش دەچووینە ماڵەکەیان،



www.mukiryani.com

لەبیرمە کوڕەکەی ماکفرسن، کە ناوی (مایکـل) بـوو ئـەو کاتـە تەمــەنی (١٨) ساڵ بوو، ڕۆژێك بارزانی ئەمری کرد بیبەمە بـازاڕو دیارییــەکی بــۆ بکرم، کە خۆی هەڵیبژێرێت، چـووینە کۆگایـەك‌و (مایکـل) کامیرایـەکی هەڵبژارد، وەك لە بیرم مابێت نرخەکەی نزیکەی سەدو پەنجا دولار بوو.

لە سەرەتای مانگی تـەموزی سـاڵی (١٩٧٧) دوای ئـەوەی پشـکنینی پێویست بۆ بارزانی کـرا گەڕاینــەوە واشــنتن، کـاتی ئـەوە هـات ئیــدریس بگەڕێتەوە تاران، (بارزان)ی کوڕم ساڵی ڕابردوو قۆناغی دواناوەنــدی بــڕی‌و ساڵێك بێ خوێندن دانیشت‌و لە زانکۆکانی ئێران وەرنەگیرا، جار جار لەگەڵ شەهید فەتاح محەمەد ئەمین ئاغا هەفتەی دوو سێ جار دەچووە تاران تا لــە پەیمانگەیەکی تایبەت بە زمــانی ئینگلیــزی بخوێنێــت، (شــێروان)ی کــوڕە گەورەشم دوو ساڵ‌و نیو بوو لە بەرتیانیا بوو، ئەگەر بارزان بچــووبایەتە لای شێروان ئەوا خانەوادەکەم کەس نەبوو سەرپەرشتیان بکات، (سەفین)ی کوڕە گچکەم ئەو کاتە تەمەنی سێزدە ساڵ بوو، سەرەڕای ئــەوەی کــاك ئیــدریس بەردەوام سەرپەرشتی دەکردن‌و لە سەردانەکانی بۆ ماڵی پەنابەران زۆرجــار (بــارزان) یــاوەری بــوو، بــەلاّم کــارێکی زەحمــەت بــوو خانەوادەکــەم بــێ سەرپەرشتیار بمێننەوەو کاك ئیدرسیش ئیشوکاری زۆر بوو.

دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی بارزانی، لەسەر ئــەوە ڕێککــەوتین کــە کــاك ئیدریس ڕەزامەندی سەفەر بۆ خانەوادەکەم وەربگرێت‌و پەساپۆرتی ئێرانیــان بۆ پەیدا بکات کە ئەو کاتەش پێویســتی بــە ڕەزامەنــدی ڤیــزە نــەدەکرد، هەروەها لەسەر ئەوە ڕێککەوتین لەگــەڵ کــاك ئیــدریس بچــمە بــەریتانیاو چاوەڕێی هاتنی خانەوادەکەم بکەم تا جێنشین بن‌و بچــنە قوتابخانــەو مــافی پەنابەری وەربگرن‌و ئینجا بگەڕێمــەوە ئەمــەریکا، پــێش ئــەوەی ســەردانی باڵیۆزخانەی بەریتانیام لە واشــنتن دا کــردو داوای پەنابــەری سیاســیم لــە



www.mukiryani.com

بەرتیانیادا کرد، ئەمە هەڵەیەکی گەورە بوو کە کردم، مـاقووڵ نـەبوو تـۆ داوای پەنابەری سیاسی لە وڵاتێکدا بکەیتو لە وڵاتێکـی دیکـەی دەرەوەی وڵاتی خۆت دابنیشیت، شتێکی ئاسایی بوو، کە داواکەم رەتکرایەوە، ئەمـە کاریگـەری خراپـی هـەبوو بەسـەر داواکردنـی پەنابـەری سیاسـی بـۆ خانەوادەکـەم، بەتایبـەتی دوای شۆڕشـی ئیسـلامی لـە ئێـران، کـە پاسپۆرتەکەیان لێ وەرگرتمەوەو پاشان باسی ئەمەش دەکەم.

وەك باسمکرد لەسەر ئەوە ڕێکـەوتین، کـە لەگـەڵ کـاك ئیـدریس بچـمە بەریتانیاو تا دەگەڕێمەوە کاك مەسعود لای بارزانی بێت، بۆ ئیدریسو مـن زۆر زەحمەت بوو بارزانی جێبێڵین، بەڵام چار چیە؟ لە نیوەی مانگی تەموزی ساڵی (١٩٧٧) بە دڵێکی پڕ لە خەمو حەسرەتەوە بارزانی لە باڵەفڕخانـەدا ماڵاوایی لێکردینو واشنتنمان جێهێشتو ڕۆژی پاشتر گەیشتینە لەندەن.



www.mukiryani.com

# له بەریتانیادا

وەك پێشتر باسمكرد، ئیدریس‌و من، لە نیوەی مانگی تەموزی ساڵی (١٩٧٧)و سەرلەبەیانی گەیشتینە باڵەفڕخانەی ((هیثرو))، بەبێ گیروگرفت بە پرسگەكانی پاسپۆرتدا تێپەڕین، هەردووكمان بەناوی خوازراوە پەساپۆرتی ئێرانیمان لابوو، دوای ئەوەی جانتاكانمان وەرگرتەوە ڕوومان لە هۆڵی ڕێبواران كرد، ژمارەیەك لە كوردە دانیشتووەكانی بەریتانیاو عومەری برام‌و شێروانی كوڕم لە پێشوازیماندا بوون، هەروەها هەردوو خوالێخۆشبوان سابیر بارزانی ((كوڕی مستەفا بارزانی كە ساڵی (١٩٨٣) لە ئەنفالكردنی بارزانیەكاندا شەهید بوو، دوای كۆچی دوایی باوكی لە ساڵی (١٩٧٩) گەڕایەوە عێراق))و پارێزەر جەرجیس فەتحوڵلا لەوێ بوون، دوای سڵاوكردن‌و بەخێرهێنان چووینە ئەو هوتێلەی كە بۆمان تەرخانكرابوو كە هوتێلی ((مترۆپول)) بوو، هەمان ئەو هوتێلەی كە ساڵی رابردوو كاك مەسعود تیایدا دابەزی‌و جانتاو پارەو پاسپۆرتەكەیان لێ دزی، وەك پێشتریش باسمكرد كاك ئیدریس بەپێكەنینەوە وتی: ((با لێرە بڕۆین تا خۆمان‌و جانتاكانیان نەدزیوە)).

ئەو كاتە هاوین بوو، هوتێلەكان تژی بوون لە گەشتیارو میوان، بە زەحمەت ژوورێكت لە هوتێلێكی گونجاو دەست دەكەوت، تەنیا چوار رۆژ رێگەیان پێدابووین كە لەو هوتێلە بمێنینەوە، ناچار جانتاكانمان كە پاسپۆرت‌و هەندێك پارەی تێدابوو دا بە شێروان تا لای خۆی بیانپارێزێت‌و



www.mukiryani.com

ماڵەکەی لـە دەرەوەی لەنـدەن بـوو، دوای ئـەوەی ماوەیـەکمان لـە هوتێـل بەسەربرد بۆ فراڤین چووینە چێشتخانەیەك، لەوێ هەردوو خوالێخۆشـبووان سابیر بارزانیو جەرجیس فەتحوڵڵا قسەی خوشیان بۆ کردین.

کاك ئیدریس، دەبووایە دە رۆژ لە لەندەن بمێنێتـەوە، بـۆ مـاوەی دوو رۆژ هوتێلێکی دیکەمان گرتو پاشان هیچ هوتێلی دیکەمان دەست نەکـەوت، کاك هوشیار زێباری کە ماوەی ساڵێك بوو بۆ خوێندن هـاتبووە بـەریتانیا، لە هوتێلێکی میللی ناوچەی ڤیکتۆریا بۆ مـاوەی شـەوێك هـوتێلێکی بـۆ گرتین، وەك بەندکراو وابووین، رۆژی پاشتر هوتێلێکی گونجاومان بە نرخێکی گونجاو لەگەڕەکی ((ئیلینگ کومون)) کە تۆزێك لە سـەنتەری لەندەنـەوە دوور بوو دەست کەوت.

لەو ماوەیەدا، نیوەڕۆیەك بۆ فراڤین چـووینە مـاڵی عومـەری بـرام کـە لەشاری ((ریدینگ)) بوو و نزیکەی (٤٠) میل دوور بوو، برایان ئیدریسو سابیرو جەرجیسو د. پشتیوانو من بووین، بە شەمەندەفەر چووینو پاشـان گەڕاینەوە لەندەن.

کاك ئیدریس، دوای دە رۆژ گەڕایەوە تاران، سابیرو جەرجیسیش گەڕانەوە، بە تەنیا لە هوتێل مامەوە، بەڕێوەبەری هوتێل لـە بـرا ئاشـووریەکان بـوو رێگەی پێداین تا حەز بکەین لـەوێ بمێنینـەوە، ئـەو نەیدەناسـینو ئێمـەش خۆمان پێ نەناساند، لە هوتێل چاوەڕێی هەوڵەکانی کاك ئیدریسم دەکرد تا کاروباری ناردنی خانەوادەکەم بۆ تەواو بکات، لەو ماوەیەدا دکتۆر ئـەنوەری برام کە لە ئـەڵمانیا دادەنیشـت هاتـە بـەریتانیا، کـوردە عێراقیـەکانیش دەهاتنە ئەوێ، چاوم بە هەندێك لەو خزمو دۆستانە کـەوت کـە بـڕوام پـێ دەکردنو بەڕێگەی ئەوانەوە هەندێك هـەواڵی وڵاتم دەسـکەوت، جارجـاریش



www.mukiryani.com

هەردوو خوالێخۆشبووان (بابەعەلی شێخ مەحموود))و ((مەحموود بابـان))م دەبینی، هەردووکیان برادەری بارزانیو من بوون.

لە مانگی ئابی ئەو ساڵەدا، محەمەد حوسێن مـەلا دزەیـی ئـامۆزام لـە عێراقەوە هاتە بەریتانیا تا یەکجاری لەوێ بمێنێتەوە، پاشـان خێزانەکـەیو جەوهەری براشی هاتنو شـوقەیەکیان لـە ((هایـدپارك)) بـەلای ((هـای ستریت کنزینکتن))ەوە دەست کەوت، زۆربەی کات مـنو ئـەنوەرو محەمـەدو جەوهەر بەیەکەوە بووین، دوای ماوەیەك عیزەدین ئەمینی خزمیشمان هاتە لامان، جار جارەش سەردانی بارەگای نوێنەرایەتی شۆڕشی کوردم دەکرد کە لە ڕۆژانی شۆڕشی ئەیلوولدا کرابۆوە، بەڵام چالاکی زۆر کز بوو.

لەنیوەی دووەمی مانگی ئابی ساڵی (١٩٧٧)، بەرێگای بەڕێز (جـەمال عەلەمـدار) کـە سەرپەرشـتیاری کاروبـاری نوێنەرایـەتی کـورد بـوو لـە بەریتانیا دووبارە داوای مافی پەنابەری سیاسیم کرد، پاسپۆرتەکەم تەسـلیم بە فەرمانگەی کۆچ کرد لەسـەر داواکـاری خۆیـان، ئـەو کەسـەی بـەدوای داواکاری پەنابەری سیاسی دەکەوت ناوی ((باری ستویل)) بوو.

هەر لەو هوتێلە بووم کە باسمکرد، ڕۆژێکیان تووشی دوو گەنج بووم بـە شێوەزاری عێراقی قسەیان دەکرد، یەکێکیان سەرنجی تێدەگرتمو قسـەی بـۆ برادەرەکەی دەکرد، گومانم لێ پەیدا کردنو چوومە ژوورەکەم، بـە تەلـەفۆن قسەم لەگەڵ عومەری برام کـرد کـە ئوتۆمـۆبیلێکی ((فیـات))ی کـۆنی هەبوو و داوام کرد بگاتیو هەر هەلێکم دەست بکەوێت هوتێلەکە جێدێلم، عومەر ماوەی کەمتر لە سەعاتێك گەیشت، دوای ئەوەی هـەموو حیسـاباتم دا، لەگەڵ عومەر گەڕامەوە ماڵەکەیان.

بەڕێگای تاکە تەلەفۆنەکەی مـاڵی بـارزانی لـە شـاری کـەرەج، قسـەم لەگەڵ کاك ئیدریس کردو وتی ڕەزامەنـدی فـەرمی لـە دەسـەڵاتداران بـۆ



www.mukiryani.com

سەفەرکردنی خانەوادەکەم وەرگرتووە، بەڵام هەندێك کاروباری ڕۆتین ماوە، لە ماوەی دوو هەفتە کۆتاییان دێت، ئەو کاتە کۆتایی مانگی ئابی ساڵی (١٩٧٧) بوو.

پاش ئەوەی قسەم لەگەڵ کاك ئیدریس کرد، بە شێوەیەکی کاتی لە ماڵی عومەری برام کە لە ڕۆخ شاری ریدینگ بوو جێنشین بووم، بیرم لەوە کردەوە شوێنێك بۆ خانەوادەکەم پەیدا بکەم لە کاتی هاتنیان بۆ بەریتانیا.

شێروانی کوڕە گەورەم، ماوەی دوو ساڵ بوو لە کۆلێژی نیوبەری دەیخوێند، لەو کۆلێژەدا قوتابی فێری زمان دەبوو و بۆ چوونە زانکۆ ئامادە دەکرا، نیوبەری ئەو کاتە شارێکی بچووك‌و (٣٠) کم لە شاری ریدینگ‌و (١٠٠) کم-یش لە سەنتەری لەندەنەوە دوور بوو، لەسەر ئەوە ڕێککەوتین کە لەو شارە نیشتەجێ بن‌و منداڵەکانیشم لەوێ بخوێنن، دوای سۆراغێکی زۆر خانوویەکی گونجاومان لەو شارەدا دۆزیەوە کە لە کۆلێژی ناوبراو دوور نەبوو، هەروەها (سەیران)ی کچە گچکەشم لە قوتابخانەیەکی سەرەتایی نزیك ماڵەکەمان دەستی بە خوێندن کرد.

ئەو ناوچەیەی کە خانووەکەی تێدا بوو شوێنێکی جوان‌و زیاتر بە دیمەنی گوندان دەچوو، خاوەنەکەی حەزی دەکرد بیفرۆشێت نەك بەکرێی بدات، خانووەکە هەر حەوت ساڵ بوو دروستکرابوو، کۆمەڵگایەك بوو شێوەی مانگی یەك شەوەی دەنواند، ڕێگای ئۆتۆمۆبێل تەنیا بۆ دانیشتووانی کۆمەڵگاکە هەبوو، دوای راوێژ لەگەڵ عومەری برام‌و شێروانی کوڕم‌و هەروەها پرس‌و سۆراغ لە بانك، لەگەڵ خاوەن خانووەکە بە (٢٧٠٠٠) پاوەنی ئیستەرلینی پێکهاتین، نرخەکە گونجاو بوو، نیوەیم داو نیوەکەی تریش بە ڕێگای بانك‌و قیستی مانگانە، کاروباری فەرمی‌و بەناوکردن مانگێکی دەخایاند، پارێزەرێکم بۆ ئەم مەبەستەو بە گوێرەی یاسا راسپارد.



www.mukiryani.com

لە نیوەی مانگی ئەیلوول خانەوادەکەم گەیشتن، کاک ئیدریس بە تەلەفۆن وادەی گەیشتینانی پێ وتم، هەروەها پێی راگەیاندم کە هاوسەرەکەی ((نازدارخان))و هەردوو کورە جمکەکەشی ((نێچیرڤانو دلۆڤان))و کاک عەلی عەبدوڵڵا جێگری سەرۆکی پارتی هەموویان دەگەن، لەگەڵ عومەری برامو شێروانی کوڕمو سەردار حەمەئاغای (برای نازدارخان)و سایەخانی هاوسەریو نوری شاوێس ئەندامی مەکتەبی سیاسیو یەکێك لە نووسینگەی حیزب لە بەریتانیا چووینە پێشوازیان لە باڵەفڕخانەی هیثرۆ.

دوای سلاوو بەخێرهێنانو پشوویەکی کورت، کاک عەلیو کاک نوریو جەمال عەلەمدار رۆیشتن، نازدارخانو سەردارو نێچیرڤانو دلۆڤان چوونە ماڵی کاک سەردار، ئێمەش بە خاوو خێزانەوەو بە ئوتۆمۆبێلی عومەرو تاکسیەك چووینە ماڵی عومەر لە ریدینگ، ماوەیەك بە بێدەنگی دانیشتین، دوای کۆچی دوایی کاک ئەحمەدی برا گەورەم بەر لە ساڵێكو ((سامان))ی کوڕیشی لەوێ بوو، دوای پشوودانو فراڤین خواردن بینیمان ماڵەکەی عومەر جێگەی هەموو خانەوادەی تیادا نابێتەوە، بڕیارماندا هاوسەرەکەمو ((سەیران)) کیژە گچکەم لەوێ بمێننەوە ئەوانی دیکەش بچنە هوتێلێك لە نیوبەری، رۆژی پاشتر بڕیارماندا کەلوپەلی پێویست بۆ خانووە تازەکە بکڕین، کارێکی ئاسان نەبوو کەلوپەل بۆ خانوویەکی چۆڵو پێداویستی شەش حەوت کەس دابین بکرێ، بڕیارماندا ((سامان))ی برازاشم لامان بمێنێتەوە، ئەم کارە کاتو ماندووبوونی دەویست.

لە کۆتایی مانگی ئەیلولدا چووینە ناو خانووەکەوە، وردە وردە پێداویستیەکانمان دابین کرد، بیرمان لە کڕینی ئوتۆمۆبیلێك کردەوە، چونکە پێداویستی ژیانەو سەنتەری شارو بازاڕ لە ئێمەوە دوور بوو، ئوتۆمۆبیلێکی



www.mukiryani.com

جۆری ((ڤۆلڤۆ ستیشن واگۆن))مان کڕی، کە کورسی زیادەشی لە پشتەوە هەبوو و بەشی هەموو خانەوادەی دەکرد.

دوای دەستەبەرکردنی سەرجەم پێداویستییەکان، منداڵەکان هەریەکەو بە گوێرەی تەمەن‌و مافی خۆی ڕوویان لە قوتابخانە کرد، ((مستەر ستیوارت)) یەکێك لە مامۆستاکانی کۆلێژی نیوبەری ڕۆڵێکی باڵای لە پەیداکردنی قوتابخانەی گونجاو بۆ منداڵەکان بینی.

لەو ماوەیەدا، بەر لە چوونە ناو خانوو و پێشتریش سەردانی کاك عەلی عەبدوڵڵام دەکرد، کاك عەلی لە باڵەخانەی ((چیلسی گلوستەر)) شوقەیەکی بەکرێ گرتبوو، خوالێخۆشبوو ((نوری شاوەیس))یش هەردەم لەلای بوو، تەنیا لە پشووی کۆتایی هەفتەدا دەگەڕایەوە لای ((ڕەنج))ی کوڕی لە شاری مانچستەر، هەروەها هەردوو خوالێخۆشبووان عومەر دەبابەو ئیبراهیم ئەحمەد جار جار دەهاتنە لای کاك عەلی عەبدوڵڵا.

دوای ئەوەی بە تەواوی جێگیر بووین، تەلەفۆنم بۆ کاك سەردار حەمەئاغا کرد تا لەگەڵ خوالێخۆشبوو نازدارخان‌و منداڵەکان بۆ فراڤین بێن بۆ لای ئێمە، ئەو کاتە برایان ((نێچیرڤان‌و دلۆڤان)) تەمەنیان (١١) ساڵ بوو، دوای فراڤین خواردن گەڕانەوە ماڵی سەردار حەمەئاغا.

دوای چەند ڕۆژێك، پشووی قوتابخانەکان دەستی پێکرد، نازدارخان‌و منداڵەکان‌و سەردار حەمەئاغا هاتنەوە ماڵی ئێمە، ئێوارە سەردار گەڕایەوەو نازدارخان‌و منداڵەکان هەفتەیەك زیاتر لامان مانەوە، سەردانی ناوچەکانی دەوروبەرو باخچەی گیاندارانیان کرد، لەگەڵ خانەوادەی ئێمە کاتێکی خۆشیان بەسەربردو پاشان گەڕانەوە ماڵی سەردارئاغا لەناوچەی پرمنگەهام.



www.mukiryani.com

کەوتمە سەرو سۆراغی مەسەلەی پەنابەریەکەم، هەموو جارێك دەیانوت هێشتا تەواو نەبووە، بەرێگای برایان جەمال عەلەمدارو باری ستویل سۆراغم دەکرد، هەمان قسەیان دەوت، لەگەڵ ((مایکل ماکنیر ویلسن)) ئەندامی ئەنجومەنی گشتی بەریتانیا سەر بە پارتی پارێزگاران کۆبوومەوە، کە نوێنەرایەتی نیوبەری دەکرد، سەرجەم وردەکارییەکانو ڕاستی بارودۆخی خۆمم بۆ باسکرد، بەڵێنیدا سۆراغم بۆ بکات، بەلاّم وەرامێکی ئیجابیم دەست نەکەوت. فەرمانگەی کۆچبەران کەوتبووە دەوروبەری ڕۆژهەلاّتی لەندەن، لە نیوبەری دوور بوو، هەفتەی جارێك بە شەمەندەفەر دەچوومە ئەوێ بێ ئەوەی ئەنجامێکم دەست بکەوێت، جار جارەش دەچوومە لای برایان عەلی عەبدوڵلاّو نوری شاوەیس یان ئەوان دەهاتنە ماڵی ئێمە هەرچەندە دووریش بوو.

مانگی تشرینی دووەمی ساڵی (١٩٧٧) بوو، هەریەك لە ڕەئیس عەبدوڵلاّ سەدیق بەرواری، ئەندازیار محەمەد ئەمین عەلی ((حەمەدەمین بەگ))، فازیل سۆرانی، بە مەبەستی سەردانی پزیشك هاتنە لەندەنو لە ((چیلسی گلویستر)) جێشین بوون، کاك عەلیو کاك نوریش لەوێ بوون، بەردەوام سەردانم دەکردن، ڕۆژێکیان بە ئوتومۆبێلی خۆم چوومە دوایانو بۆ فراڤین داوەتی ماڵەوەم کردن.

هەفتەی دووجار لەگەڵ کاك ئیدریس یان کاك مەسعود تەلەفۆنم دەکردو لە تەندروستی بارزانیم دەپرسی، ڕۆژێك کاك ئیدریس وتی: شێخ حوسێنی خانەقا بۆ چارەسەری نەخۆشی سەردانی لەندەن دەکات، لەکاتی دیاریکراودا، کاك عەلیو کاك نوریو منو شێروانی کوڕم بۆ پێشوازی چووینە باڵەفڕخانەی هیثرۆ.



www.mukiryani.com

دوای ئەوەی باڵەفڕەکـە گەیشـتو ڕێبوارەکـان دابـەزین بینیمـان شـێخ حوسێن دوا کەوت، دوای چاوەڕوانییەکی زۆر لە موکەبیرەی دەنـگ گوێمـان لە ناوی بارزان بـوو، داوایـانکرد سـەردانی پرسـگەی باڵەفڕخانـە بکـات، چـووینە پرسـگەو بینیمـان پۆلیسـێك لای شـێخ حوسـێنە، شـێخ لەسـەر کورسیەکی جوولاو دانیشتبوو، پۆلیسەکە وتی ئەو ڕێبوارە هیچ بەڵگەنامە یان پسوولەیەکی لانییە، داوایکرد یاوەری بین، مـن لـەلای مامـەوە، شـێخ حوسێن لە حاڵەتێکی خراپدا بوو، لە پشت بەربەستەکە لەسەر کورسیەکی جوولاو دانیشتبوو، لێم پرسی: کوا بەڵگەنامەو پسووڵەی سـەفەرت؟ وتـی: هیچ نازانم، دەسەڵاتداران ویستیان بۆ ئێران بیگەڕێننەوە، بەڵام من نـاڕازی بووم‌و وتم بارودۆخی لەوەدا نییـەو خراپـە، پزیشـکی باڵەفڕخانـەیان بـانگ کردو چەند پشکنینێکیان بۆ کرد، بەدزی قسەی لەگەڵ لێپرسـراوان کـرد، لەو باوەڕەدا بووم کە پاڵپشتی دەکردم.

لەو کاتەدا باڵەفڕێك لە بەغداوە گەیشت، خۆم دا پەنایەك نەبادا یەکێك لە سەرنشینان بمناسـێتەوە، لێپرسـراوانی باڵەفڕخانـە پێیـان وتم چـاوەڕێی ڕەزامەندی وەزارەتی ناوخۆ دەکەن تا ڕازی بن لەسەر مانەوەی شـێخ حوسـێن بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك لە بەریتانیا بە مەبەستی چارەسەرکردن، سـەعاتێك چاوەنواڕ بووین‌و هیچ وەرامێکمـان دەسـت نەکـەوت، لەوکاتـەدا داوام لـە پۆلیسێك کرد، بچێت بە برایـان عـەلی عەبـدوڵڵاو نـوری شـاوەیس بڵێـت چاوەڕێی نەکەن‌و تا من دێمە دەرەوە تەنیا شێروان بمێنێتەوە.

دوای تێپـەڕبوونی زیـاتر لـە سـەعاتێك، ڕەزامەنـدی وەزارەتـی نـاوخۆ گەیشت، ڕێگەیان بە شێخ حوسێندا بۆ چارەسەرکردن بمێنێتەوە تا راپـۆرتی پزیشکی دەگات، دوای تەواوکردنی کـاری پێویسـتو کاتێـك دەمانویسـت بڕۆین بینیمان پۆلیسێك چەند ئەوراقێکی تەسلیم بـە ئەفسـەری جـەوازات



www.mukiryani.com

کرد، بینیمان ئەوانە بەڵگەنامەی سەفەری شێخ حوسێن بوو، دەسەڵاتدارانی ئێران ڤیزەیان لە باڵیۆزخانەی بەریتانیا لە تاران بۆ وەرگرتبوو، دیارە لەناو باڵەفڕەکەدا شێخ حوسێن بەڵگەنامەکانی لێ کەوتبوو، دوای دابەزینی سەرنشینەکان کاتێك کرێکارەکان ناو باڵەفڕەکە خاوێن دەکەنەوە چاویان بەو بەڵگەنامانە دەکەوێت‌و تەسلیمی پۆلیسی دەکەن.

لەو کاتەدا، هەموومان نەفەسمان هاتەوە بەر، من کورسیەکەم پاڵدەداو باڵەفڕخانەمان جێهێشت، لەگەڵ شێروان‌و شێخ حوسێن چووینە شوێنی دانیشتنی عەلی عەبدوڵلاّو نوری شاوەیس، شێخ حوسێن نەیتوانی بەسەر قالدرمەکانی باڵەخانەی ((چیسلی گلویستر)) بکەوێت، ((شەهاب))ی کوڕی رەئیس عەبدوڵلاّ بەرواری کە لە نەمسا پەنابەربوو و هاتبووە سەردانی باوکی، ((شێخ حوسێن))ی لە پشتی خۆی کردو گەیاندیە دەرگای مەسعەدەکە، لەوێوە بردمانە ئەو ژوورەی کە بۆی تەرخانکرا بوو، رۆژی پاشتر گەیاندمانە نەخۆشخانە، چەند رۆژێك لەوێ مایەوە، رۆژانە سەردانمان دەکردو لەوێ چارەسەری پێویستی بۆ کرا، دوای چەند رۆژێك بەرەو چاکبوونەوە چوو، بردمانەوە ژوورەکەی لە باڵەخانەی ((چیلسی گلویستر)) دوای هەفتەیەك بە تەندروستیەکی باشەوە گەڕایەوە تاران، پێش ئەوەی، نازدارخان‌و ((نێچیرڤان))و ((دلۆڤان))ی کوڕی، دوای ئەوەی شەش هەفتەیان لە بەریتانیادا بەسەربردو چارەسەریی پزیشکیان بۆ کرا گەڕانەوە تاران، لە باڵەفڕخانەی ((هیثرۆ))دا لەگەڵ سەردارئاغا بەڕێمان کردن وەك پێشتر باسمکرد، هەفتەی جارێك سۆراغی مەسەلەی پەنابەرییەکەم دەکرد بێ ئەوەی هیچ ئەنجامێکم دەسکەوێت، دەمویست پەنابەریەکە وەربگرم‌و تا زووە بگەڕێمەوە لای بارزانی لە ئەمەریکا، چەند کات بەسەردەچوو ئەوەندە هەستم بە نیگەرانی دەکرد، کاك مەسعود تەلەفۆنی بۆ کردم کە چوونەتە



www.mukiryani.com

خانوویەکی دیکە لە ویلایەتی ڤرجینیا، هەروەها کاك ئیدریس توانیویـەتی ڕەزامەندی دەسەلاتدارانی ئێران وەربگرێـت بـەناردنی پیاوێـك بـۆ خـانووە تازەکەی بارزانی تا ئیشو کاری ماڵەوەو بازاڕ بکات، ئـەو پیـاوە ((مسـتۆ سەمەد)) بوو، ئێستاش لـە ژیانـدا مـاوەو لـە سـەلاحەدین کـاری بـازاڕو پێداویستیەکانی ماڵ دەکات، هەروەها خوالێخۆشبوو (عەزیز مەلاك)) کـە چەند مانگێك بوو وەك پەنابەر لە ئەمەریکادا دەژیاو برای ((یاسین)) بوو، یاسین چالێنەری تایبەتی بارزانی بوو، سەرەڕای بەناوساڵدا کەوتنی ئێستاش لە نووسینگەی سەرۆك مەسـعود بارزانیـدا کاردەکـات، عـەزیز کاروبـاری مەتبەخی دەکرد، پیاوێکی چاكو هێورو خـاوێنو ڕووخـۆشو دینـدار بـوو، نوێژی دەکردو قورئانیشی دەخوێند ((خوالێی خوشبیٚ)).

سەرەڕای هەوڵدانێکی زۆرو هەوڵی هەردوو خوالێخۆشبووان ((بابەعـەلی شـێخ مـەحموود))و ((مـەحموود بابـان)) بەرێگـەی برادەرەکانیانـەوە تـا پەنابەریەکەم بۆ وەربگـرن، بـەلاٚم سـەرجەم هەوڵـەکان بـیٚ سـوود بـوون، مەحموود بابان، لە هەر بۆنەیەکـدا قسـەی لەگـەڵ بالوێزەکـانی پێشـووی بەریتانیا لە عێراقو سعودیەدا دەکرد، بەلاٚم هەر بیٚ سوود بوو، منیش بـە ڕێگای تایبەتی خۆمەوە قسەم لەگەڵ ئەو کەسانەدا دەکرد، کە لـەرۆژگاری باڵیۆزبوونم لە ((پراگ))و ((ئۆتاوا))دا یان لە سەردەمی بـە وەزیـر بـوونم دوای ڕێککەوتننامـەی (١١)ی ئـاداری سـاڵی (١٩٧٠-١٩٧٤) ناسـیمن، بەلاٚم هەر بیٚ سوود بوو.

ڕۆژان بەسەر دەچوونو هیچ ئەنجامێکم دەست نەکەوت، تووشـی بێـزاری هاتم، بڕیارمـدا قوربـانی بـە مەسـەلەی پەنابەریەکـە بـدەمو بچـمەوە لای بارزانی، کە لە هەموو شتێك زیاتر بەلامەوە گرنگتر بوو.



www.mukiryani.com

## بڕیارمدا بگەڕێمەوە بۆ ئەمەریکا

جار جار گوێم لێ دەبوو، یان لە هەندێك ڕۆژنامەدا هەواڵی ئەوەم بەرچاو دەكەوت كە بارودۆخ لە ئێراندا بەرەو پشـێوی دەڕوات، چـووزەرەی هەنـدێك خۆپیشاندان لێرەو لەوێ وەدیاردەكەوت، كاك مەسعود بەردەوام تەلەفۆنی بۆ دەكردم تا زوو بگەڕێمـەوەو ئـەو سـەفەر بكـاتو كاروبـاری پەیوەسـت بـە شۆڕشی گوڵانـەوە ئـەنجام بـدات، زۆر حـەزم لـە گەڕانـەوە بـوو ئەگەرچـی كاریگەریشی بەسەر مەسەلەی پەنابەریەكەمەوە هەبوو.

((زەید ئەحمەد عوسمان))ی پوورزامو برادەری نـزیكم تووشـی نەخۆشـی شێرپەنجە هاتبوو، لـە نەخۆشـخانەیەكی پاریسـدا بـوو، بڕیارمـدا هەركـە پاسپۆرتەكەم وەرگرتەوەو پێش ئەوەی بگەڕێمەوە ئەوروپا سەردانی بكەم.

داوام لە وەزارەتی كۆچبەران كـرد تـا پاسـپۆرتەكەم بدەنـەوەو دۆسـیەی پەنابەریەكەم داخەن، بەم بڕیارە خۆشحاڵبوون، بڕیاریاندا بەڕێگای پۆستەوە ئەگەرچی دواش دەكەوت پاسپۆرتە ئێرانیەكـەم بـۆ بنێرنـەوە، لـە مـانگی ئەیلوولی ساڵی (١٩٧٨ پاسپۆرتەكەم بۆ هاتەوە، تەلەفۆنم بۆ كاك مەسعود كردو پێموت: پەساپۆرتەكەم وەرگرتەوەو دوای چەند ڕۆژێك دەگەڕێمەوە.

تەلەفۆنم بۆ نەخۆشخانەكەی زەید كرد، نـەوزادی بـرا گچـكەی وەرامـی دامەوە: ((نەوزاد لە ویلایەتێكی لێـواری ڕۆژاوای ئەمـەریكادا نیشـتەجێ بوو، دواجار كە نەوزادم بینی ساڵی (١٩٥٧) بـوو، تەمـەنی نەگەیشـتبووە هەژدە ساڵ، بۆ خوێندن ڕووی لە ئەمەریكا كردبوو)). قسـەم لەگـەڵ زەیـد



www.mukiryani.com

کرد، به عاستەم نووزەی لەبەردەهات، داوایکرد بە پەلە بگەمە لای، زانیم کە لە دوارِۆژو ساتەکانی ژیانیەتی، بەڵێنم پێدا بەیانی دەگەمە لای.

ئەو کاتە عومەری برامو تەحسین هەورامیم لابوو، تەحسین لە سعوودیە کاری دەکرد، برِیارماندا یاوەرم بن، رۆژی پاشتر بە شەمەندەفەر رِوومان لە پاریس کرد، ئێوارە گەیشتینو رِوومان لەو هوتێلە کرد کە بۆمان تەرخان کرابوو و لەو شوقەیەش نزیك بوو کە زەید تیایدا دادەنیشت.

کە گەیشتینە هوتێل نەوزادو عارف محەمەد عەلی لەوێ بوون، عارف وەزیری مفەوەز بوو لە باڵویزخانەی عێراق لە پاریسو برادەری دێرینمان بوو، زەید خاڵۆی ناجیحەخانی خێزانی عارف بوو، دوای ئەوەی بەخێریان هێناین زانیمان سەعاتێك بەر لەوەی ئێمە بگەین زەید وەفاتی کردبوو، چووینە لای سوعادخانی خێزانی زەیدو هەردوو کچەکەی ((ڤیانو ناز))، سەرەخۆشیمان لێکردنو دڵنەواییمان کردنو گەرِاینەوە هوتێل.

لە هۆتێل تەلەفۆنم بۆ کاك مەسعود کردو هەواڵی کۆچی دوایی ((زەید))م پێرِاگەیاند، داوام لێکرد بارزانیش لەو هەواڵە ئاگادار بکاتەوە، بارزانی داوایکرد پرسەو سەرەخۆشی بەرِێزیان بە خانەوادەی زەید بگەیەنم، رۆژی پاشتر هەواڵی نەخۆشکەوتنی میر کامەران بەدرخانم زانی، ئەو هەواڵەشم بە بارزانی رِاگەیاند، بارزانی داوایکرد لە جیاتی بەرِێزیان بچمە لای میر کامەرانو سلاوی بارزانی پێرِابگەیەنمو هیوای چاکبوونەوەی بۆ بخوازین.

عومەرو تەحسین هەورامی مۆڵەتیان وەرگرتو گەرِانەوە بەریتانیا، چاوەرِوانی ئەوەم دەکرد، کە جەنازەی زەید بەرەو هەولێر بەرِێ بخرێ، چوومە ماڵی زەیدو پرسەنامەی بارزانیم پێرِاگەیاندن، پاشان چوومە ماڵی میرکامەرانو چەند دیاریەکیشم برد، سلاوو رێزی بارزانیم پێرِاگەیاند،



www.mukiryani.com

خاتوو ((سینەم خان)) خوشکەزای میرکامەران لە سەرینگانی خالۆی بوو، هەواڵی کۆچی دوایی زەیدەیشم پێوتن، میرکامەران کاسێتێکی دامێ کە بریتی بوو لەوتارێکی ئەو دەربارەی بارزانی لە کۆبوونەوەیەکی کوردان، وتی بیگەیەنە بە بارزانی، دوای ئەوە بارزانی بە تەلەفۆن قسەی لەگەڵ میر کردو لە تەندروستی پرسی، لام وایە میرکامەران لە مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی (١٩٧٨) بەر لە وەفاتی بارزانی بە سێ مانگ کۆچی دوایی کرد ((خوا لە هەموویان خۆش بێت)).

کە وادەی بردنەوەی جەنازەی زەید بۆ عێراق هات، کەسوکارەکەیو هەروەها عارف محەمەد عەلی داوایان لێکردم نەچم بۆ باڵەفرخانە نەبادا فەرمانبەرانی باڵوێزخانەی عێراق یان ڕێبوارە عێراقیەکان مبینن، بۆیە نەچوومو لە بەرێکردندا بەشداریم نەکرد.

ماڵاوایم لە کەسوکاری زەید کردو بە شەمەندەفەر گەڕامەوە بەریتانیا، ئێوارە گەیشتمو خۆم بۆ سەفەری ئەمەریکا ئامادە کرد، برایان مەسعودو دۆسکی کاری پێویستیان بۆ کردم تا باڵوێزخانەی ئەمەریکا لە لەندەن پسووڵەی چوونە ناو خاکی ئەمەریکام بداتێ.



www.mukiryani.com

# گەڕانەوە بۆ ئەمەریکا

دوای ئەوەی لە فەرەنسا گەڕامەوە لەندەن، چوومە لای برایان نوری شاوەیس و عەلی عەبدوڵڵاو لە سەفەرەکەم بۆ ئەمەریکا ئاگادارم کردن، بڕێك پارەم لە کاك عەلی قەرز کردو وتم کە گەیشتمە واشنتن بۆت دەنێرمەوە، سەردانی باڵیۆزخانەی ئەمەریکام لە لەندەندا کردو دوای دوو ڕۆژ ڤیزەی ئەمەریکام وەرگرت و بلیتی باڵەفڕیشم بڕی.

دوای ئەوەی پێداویستییەکانی ماڵەوەم دابین کردو ڕێنماییمدا بە شێروانی کوڕە گەورەم، لەکاتی دیاریکراودا ڕووم لە باڵەفڕخانەی هیثرۆ کرد، بە باڵەفڕەیەکی پان ئەمەریکان شەو گەیشتمە ئەمەریکاو نەمدەتوانی بگەمە واشنتن بۆیە شەوم لە یەکێك لە هوتێلەکانی ناو باڵەفڕخانەی نیویۆرك بەسەربرد، ڕۆژی پاشتر کاتی نیوەڕۆ گەیشتمە واشنتن.

لە باڵەفڕخانەدا تووشی سەرسوڕمان بووم، بینیم بارزانی لەگەڵ برایان مەسعودو دۆسکی هاتوونەتە پێشوازیم، ویستم دەستی بارزانی ماچ بکەم، بەلاّم وەك عادەتی هەمیشەیی قبووڵی نەکرد، تەوقەی لەگەڵدا کردم و بەخێری هێنام، وتم نەدەبوایە ئەو ئەزیەتە بکێشیت، فەرمووی خۆم حەزم لێ بوو.

ڕوومان لە خانووە تازەکە کرد، ئەو خانووەی کە من لەوێ نەبووم بەکرێیان گرتبوو، خانووەکە لەهی پێشتر گەورەترو جوانتر بوو، لەوێ عەزیز مەلاك و مستۆ سەمەدم بینی کە پێشتر باسمکردن، ئافرەتێکی مەکسیکیش



www.mukiryani.com

زۆر بە چاکی ماڵەکەی خاوێن دەکردەوەو جلوبەرگی بۆ دەشووشتین، مستۆ لە ئێران پەنابەر بوو، ماوەیەك بوو لە ئەمەریکا بوو، حەزی دەکرد بگەڕێتەوە، دوای گەیشتنم بە چەند رۆژێك مستۆ گەڕایەوە ئێران، عەزیز مەلاکیش تا وەفاتی بارزانی هەر لای ئێمە بوو، لە ئەمەریکا بووە پەنابەرو لەگەڵ خێزانەکەی لە ویلایەتی داکوتا جێنشین بوون، مەلاك کاری چێشت لێنانی دەکرد، پیاوێکی هێورو خاوێن بوو خوا لێی خۆش بێت، ئێوارەی ئەو رۆژە، هەریەك لە برایان هەجەر سندیو محیەدین رەحیم هاتنە لامان، هەردووکیان باوەڕپێکراو بوون، زۆربەی ئێواران دەهاتنە لامانو بەیەکەوە شیومان دەخوارد، هەجەر بەقسەی خۆشو نوکتە بەناوبانگ بوو.

بەمجۆرە، ژیانمان لەواشنتن ڕێڕەوی ئاسایی خۆی وەرگرت، دۆسکی بەر لە نیوەڕۆ دەهاتو تا درەنگی شەو دەمایەوە، دیدارەکانی بارزانی لەبەر بارودۆخی تەندروستی وردە وردە کەم بوونەوە، سەرەڕای ژانو ئازارێکی زۆر، بەلاّم بارزانی لەبەرامبەر ئێمە بەسەرەخۆی نەدەهێناو دەموچاوی تۆزێك پەنما بوو وەك بلّێی قەڵەو بوو بێت، پێی وتم: ((موحسین لەو پەنمانەی لەشو دەموچاوم سەرسام مەبە، ئەمە قەڵەوی ڕاستی نییە، بەڵکو کاریگەری نەخۆشیو دەرمانەکانە))، بێدەنگ بوومو هیچم نەوت. ئەو هەواڵانەی کە لەئێرانەوە دەگەیشتن وایان پیشاندەدا کە بارودۆخ رۆژ لەدوای رۆژ خراپتر دەبێت، خۆپیشاندان دژ بە رژێم سەرجەم شارەکانی ئێرانی گرتبۆوە، زانیمان کە کاك ئیدریس دەیەوێت مۆڵەتی سەفەر بۆ ئەمەریکا وەربگرێت، کاك مەسعود چاوەڕێی دەکرد تا کاك ئیدریس بگات ئینجا خۆی بچێتە سووریاو سەرپەرشتی کاروباری شۆڕشی گولاّن بکات.

وەك ئاماژەم بۆ کرد، دیدارەکانی بارزانی کەم بوونەوە، چەند ئەندام کۆنگرێسێكو هەندێك لەو ڕۆژنامەنووسانەی پێشتر دەمانناسین وەك:



www.mukiryani.com

((جیٚمس هوگلاند))و ((ولیەم سفایەر)) دەهاتنە لامان، هەروەها ((حنا بەطاطو))و ((ئەدمۆن غەریب)) بۆ دەسکەوتنی زانیاری سەردانیان دەکردین، یەکەمیان خەریکی دانانی کتێبێك بوو دەربارەی عێراق، دووەمیشیان خەریکی بەدەست هێنانی بڕوانامەی دکتۆرا بوو.

باڵیۆز ((مۆریس درییەر)) کە هەڵقەی پەیوەندی نێوان ئێمەو وەزارەتی دەرەوە بوو، جار جار سەردانی دەکردین، ئەگەر گیروگرفتیکمان هەبووایە بە تەلەفۆن قسەمان لەگەڵ دەکرد. دەرچوون و نان خواردنمان لە دەرەوە کەم بۆوە، زۆربەی کاتمان لە ماڵەوە بەسەردەبرد، کاك مەسعود یان من ئەگەر پێداویستیەکمان هەبووایە دەچووینە دەرەوە.



www.mukiryani.com

# نکاوێکی سەیر لە سوپەرمارکێت

کۆگایەکی بەناوبانگی ((سـیف وەی safe way)) کـەوتبووە ناوچـەکەی ئێمەوە، بۆ پێداویستی ماڵـەوە بەتایبـەتی خواردەمـەنی دەچـووینە ئـەوێ، رۆژێکیـان عـەزیزی چێشـتلێنەر داوایکـرد هەنـدێك گۆشـتو میـوەو خواردەمەنی بۆ بکڕین، دانی عەسر بـوو، کـاك مەسـعودو مـن ویسـتمان بچینە دەرەوە، بارزانی حەزی لێبـوو لەگـەڵ ئێمـە بێتـە دەرەوە، دۆسـکیش یاوەرمان بوو، سواری ئوتۆمۆبێلەکەمان بووینو چووینە سوپەرمارکێتەکە، لەکاتی گەڕان بەو شوێنەدا بارزانی رێنمایی دەکردین، کە ئەو جۆرە ترێیـە یان سێوە بکڕین، هەرچەند خۆی زۆری نەدەخوارد، بەڵام بۆ ئێمەی بوو.

لەکاتی سووڕانەوەماندا شتێکی سەیرمان بەدی کرد، پیـاوێکی تەمـەن (٤٠) ساڵانو ئافرەتێك کە سەروسیمایان بە خەڵکی رۆژهەڵات دەچـوو بـە تەنیشت ئێمەدا دەڕۆیشتن، سەیری بارزانییان دەکرد، پیاوەکە بە چرپە قسەی بۆ ئافرەتەکە دەکرد، ئێمە گومانمان پەیدا کردو بە پەلە شـتەکانمان کـڕی، لەناکاو هەردووکیان بزربوون، ئێمە زیـاتر گومانمـان پەیـدا کـرد، کاتێـك گەیشتینە شوێنی پارەدان، بینیمـان هـەردووکیان لـە پشـت سـندووقەکە ڕاوەستاون، دوای ئەوەی نرخی شتومەکەکانماندا دەورەی بارزانیماندا، من لـە پێشەوەو کاك مەسعود لە دواوەو دۆسکیش بە تەنیشتیەوە ڕۆیشتین، کە لـە دەروازەکە دەرچووین کابرا لێم هاتە پێشەوەو بەزمانی ئینگلیزی پرسی: ئایا ئەمە بارزانییە؟ منیش بە نیمچە تووڕەییەكو بـەزمانی ئینگلیـزی وەرامـم



www.mukiryani.com

دایەوە: تۆ کێی؟ وتی: ئەرمەنیم، لەوە دڵنیا نەبووم کە وتی کوڕ یان نەوەی ((ئەنترانیك پاشا))یە، بارزانی کە گوێی لە ناوی ئەنترانیك پاشا بوو ئەمری کرد با کابرا بێتە پێشەوە، پیاوەکە هات و ویستی دەستی ماچ بکات، بەلاّم بارزانی وەك عادەتی هەمیشەیی دەستی کێشایەوە، پیاوەکە وتی لە ((باوکم یان باپیرم)) بیستووە کە چ خزمەتێکتان پێشکەش بە ئەرمەنییەکان کردووە بەتایبەتی لە دوا ساڵانی فەرمانڕەوایی عوسمانیەکان، ئەمە ڕێکەوتی تەمەنە کە بە دیدارتان شاد بووم، زۆر شتم دەربارەی ئێوەو شۆڕشی گەلەکەتان خوێندوتەوە.

پاشان پیاوەکە ڕووی لە ئێمە کردو وتی: دەبێت زۆر باش خزمەتی ئەو پیاوە گەورەیە بکەن، ئەگەر لە تواناتاندا نەبوو منو هاوسەرەکەم ئامادەین خزمەتی بکەین، بارزانیو ئێمەش سوپاسی ئەو هەڵوێستەیمان کرد، هەندێك قسەمان کردو پاشان بەدەم زەردەخەنەوە لێکتر جیابووینەوە. لەڕێی گەڕانەوەماندا بەرەو ماڵ، بارزانی وتی: ((ئەنترانیك پاشا یەکێك بووە لە پێشەوا ئەرمەنەکانی تورکیا، لای کەسیش شاراوە نییە عوسمانیەکان لە دوا ساڵانی فەرمانڕەواییانداو لەکاتی یەکەم شەڕی جیهانیدا، چ قەسابخانەیەکیان دەرهەق بەو ئەرمەنیانە ئەنجامدا، ئەوانەی ڕزگاریان بوو وەك پەنابەر چوون بۆ سوریا کە ئەوکاتە لەلایەن فەرەنساوە داگیرکرابوو، هەندێکیشیان هاتنە کوردستان یان ڕوویان لە عێراق کرد، عێراق پاش یەکەم شەڕی جیهانی لە ژێر فەرمانڕەوایی بەریتانیادا بوو، لە سەرەتای بیستەکانی سەدەی ڕابردووشدا)) ئەنترانیك پاشا لەگەڵ خانەوادەکەیو هەندێك لە پیاوەکانی سنووریان بڕیو هاتنە کوردستان، بارزانیەکان لە پێشەوەی هەمووشیان بارزانی کە ئەو کاتە گەنج بوو زۆر یارمەتیان دان، پاشان میوانی خوالێخۆشبوو شێخ ئەحمەدی بارزانی بوون، زۆری ڕێزلێنانو



www.mukiryani.com

بە باشی مێوانداری کردن، لەدواییدا حەزیان کرد بچنە سوریا، شێخ ئەحمەد فەرمانیدا کە بارزانی ئەو ئەرکە بە ئەستۆوە بگرێت، بارزانیش بە سەلامەتی هەموویانی گەیاندە سوریا.

بەمجۆرە پەیوەندی نێوان کوردو ئەرمەن بە شێوەیەکی گشتی نێوان خانەوادەی بارزانیو خانەوادەی ئەنترانیك پاشا هەر بەباشی مایەوە، سەرەڕای ئەوەی کە هەندێك لە سەرۆك هۆزەکانی کوردستانی باکوور لەلایەن دەسەلاتدارانی عوسمانییەوە هەڵخەڵەتێندرانو دژی ئەرمەنیە سڤیلەکان راوەستان، بەلاّم ئەمە کاری لە پەیوەندی باشو پتەوی نێوان هەردوو گەلدا نەکرد، چونکە هەردوو گەل لەژێر دەستی ئەو دەسەلاتدارانە زۆر ئازارو مەینەتیان چەشتبوو. پەیوەندی پتەوی نێوان کوردو ئەرمەن تا ئەمڕۆ هەر بەردەوامە، کە بارزانی بۆ سلێمانی نەفی کرابوو، یەکێك لە برادەرە نزیکەکانی دەرمانساز ((ئەسکەندەر))و براکەی بوون لەسەرەتای چلەکانی سەدەی ڕابردوودا، دوای گەڕانەوەی بارزانی لە یەکێتی سۆڤیەت ئەو پەیوەندییە دووبارە دروست کرایەوە بەتایبەتی لە تشرینی یەکەمی ساڵی (١٩٥٨)و پاشان لە شۆڕشی ئەیلوولو لە جاران باشتر ڕەنگی دایەوە لەگەڵ ئەرمەنیە جێشینەکانی دەرەوەی عێراق بە تایبەتی لوبنان، ئەسکەندەر لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلوولدا زوو زوو سەردانی بارزانی دەکرد، تا وەفاتی بارزانی لە ١/٣/١٩٧٩ ئەو پەیوەندییە بەردەوام بوو، دوای چەند ساڵێك ئەسکەندەریش کۆچی دوایی کرد.



www.mukiryani.com

## هاتنی ئیدریس و سەفەری مەسعود

لـەمانگی تشـرینی دووەمـی سـاڵی (١٩٧٨)، پـێش گەیشـتنی کـاك ئیدریس، کاك مەسعودو منو دۆسـکی یـاوەری بارزانیمـان کـردو چـووینە شاری رۆچستەرو مایوکلینك، ئەو پشکنینە پزیشکیانەی کـە بـۆ بـارزانی کران مایەی دڵخۆشی نەبوون، هەرچەندە دەرمـانی پێویسـتی بـەکارهێنا، بەڵاّم ئەو دەردەکوشندەیە بلأوبوبۆوە، چاومان بە خانەوادەی دکتۆر ماکفیرسن کەوت‌و لە هوتێل بەیەکەوە شـیومان خـوارد، دوای ئـەوەی بـارزانی چـەند رۆژێك حەسایەوە ئینجا گەڕاینەوە واشنتن، بـە نیسـبەت کـاك مەسـعودەوە ئەمە دوا سەفەر بوو بۆ رۆچستەر، چونکە دوای گەیشتنی کاك ئیدریس بـە چەند رۆژێك، کاك مەسعود سەفەری ئەمەریکای کرد.

لە سەرەتای مانگی تشرینی دووەم، لە رۆچسـتەرەوە گەڕاینـەوە واشـنتن، دوای چەند رۆژێك کاك ئیدریس لە تارانەوە گەیشتە لامان، لە باڵەفڕخانەی دالاس پێشـوازیمان لێکـرد، بـارزانی مکـوڕ بـوو کـە بێتـە باڵەفڕخانـە، هەمووومان بەیەکەوە چووین، لە کاتی گەیشتنیدا، کـاك ئیـدریس ویسـتی دەستی باوکی ماچ بکات، بەڵاّم وەك عادەتی هەمیشەیی بارزانی نەیهێشت، بەخێرهاتنەوەمان کردو گەڕاینەوەماڵەوەو خوالێخۆشـبوو عـەزیز چـاوەڕێی دەکردین.

کـاك ئیـدریس، دەنگ‌وباسـی ئێـران‌و خزمـان‌و پەنابـەران‌و بـارودۆخی سیاسی‌و بەردەوام بوونی خۆپیشاندانەکان دژ بە (شا)ی بۆ باسـکردین کـە



www.mukiryani.com

زۆربەی شارەکانی ئێرانی گرتبۆوە، هەروەها وتی کۆمەڵە پەنابەرێکی کورد چوونەتە ناوچە سنوورییەکانی کوردستانی رۆژهەڵاتی بە ئێرانەوە لکاو بێ ئەوەی رەزامەندی دەسەڵاتدارانی ئێرانی وەربگرن و دەسەڵات نەیتوانیوە قەدەغەیان بکات.

ئێمە بەشەوقەوە بەدوای هەواڵەکانی ئێراندا دەگەڕاین، وێستگەکانی ڕادیۆو کەناڵەکانی تەلەفزیۆن هەواڵەکان و ئەو تەنگژەیەی کە ((شا)) تێیکەوتبوو دەگواستەوە.

بەمجۆرە لەگەڵ ئیدریس کاتمان بەسەردەبرد، زۆربەی ئێواران خوالێخۆشبوو شەهید محەمەد رەحیم و کاک هەجر سندی سەردانیان دەکردین، کاک مەسعود خۆی بۆ سەفەری ئەورووپا ئامادە دەکرد، تا سەرپەرشتی شۆڕشی گوڵان و دابینکردنی پێداویستییەکان و بارودۆخی کوردستان بکات، دوای گەیشتنی کاک ئیدریس بە چەند رۆژێک، کاک مەسعود وەک وێستگەی یەکەم چووە لەندەن، لە بەرێکردنیدا هەموومان ئامادەبووین، ئەمە دوا مالاوایی کاک مەسعود بوو لە بارزانی نەمری باوکی.



www.mukiryani.com

# دوا سەفەر بۆ مایۆکلینك

لــە حــوزەیرانی ســاڵی (١٩٧٦)ەوە، مانگانــە بــەردەوام ســەردانی نەخۆشخانەی ((مایۆکلینك))مان دەکرد، لەواشنتنەوە دەچووینە شاری رۆچستەر لـە ویلایـەتی مینیسوتا، نەخۆشـخانەی بـە ناوبـانگی جیهـان ((مایۆکلینك)) لەو شارە بوو، لەوێ پشکنینی پزیشکی بۆ بارزانی دەکراو دەرمانی پێویستی وەردەگرت، ئـەو ویلایەتـە کەوتۆتـە ناوەنـدی باشـووری ویلایەتە یەکگرتووەکان، نزیکـەی (١٥٠٠) میـل لـە رۆژئـاوای واشـنتنی پایتەختەوە دوورەو جیاوازی کات لە نێوانیانـدا دوو سـەعاتە، زستانەکەی زۆر ساردەو لە هەموو مانگەکانی ئەو وەرزەدا بەفر داپیۆشیوە.

دوای سەفەری کـاك مەسـعود بـە چـەند رۆژێـك، سـەردانی ویلایـەتی مینیسوتامان کرد، کاك ئیدریسو دۆسکیو مـن یـاوەری بـارزانی بـووین، لەنیوەی یەکەمی مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی (١٩٧٨) گەیشـتینو لـە هـوتێلی کیهلـەر دابـەزین، شـاری رۆچسـتەر بـە چـینێکی بـەفری چـڕ داپۆشرابوو، لە چاو سەردانەکانی پێشـتر هـێمن دەهاتـە بەرچـاو، ئەمـەش لەبەر دوو هۆ، یەکەمیان: سەرمای وەرزی زستان لـەو شـارەدا، دووەمیـان: جەژنی لە دایك بوونی حەزرەتی مەسیح نزیك بوبۆوە.

بەناو تونێلەکە کە هوتێلەکەی بە نەخۆشخانەکە دەبەسـتەوە بـە پیاسـە بەڕێکەوتین، ئەو تونێلە بۆ خۆپاراستن لە سەرماو بـەفر دروسـتکرابوو، وەك جاران، دکتۆر ((ماکفیرسـن))ی برادەرمـان پێشـوازی لێکـردین، چـووینە



www.mukiryani.com

شـوێنی تایبـەت بـە نەخۆشـیەکەی بـارزانی، دوای پشـکنینی ئیشـاعیو ئەزموونگەری، پزیشـکەکان بەوپـەڕی داخـەوە بڕیاریانـدا کـە چارەسـەری کەلکی نەماوەو دەردەکە تەشەنەی کردووەو ئەندامە سـەرەکیەکانی لەشـی بارزانی داگرتووە، هەر چارەسەریەك ناتوانێـت دەردەکـە رابگرێـت، بـەڵکو زیاتر هیلاكو ماندووی دەکات، دکتۆر ماکفیرسن زۆر خەمبار دیاربوو، کاك ئیدریس لەسەر ئەوە مکوڕ دیاربوو، کە دەرمان بدەن بـە بـارزانی، لەسـەر ئارەزووی نەخۆشەکەو کەسوکاری پزیشکەکان ناچار بـوون کـاری پێویسـت ئەنجام بدەن، هەندێك هێورکەرەوەیاندا بـە بـارزانی تـا لـەکاتی پێویسـتدا بەکاری بهێنێتو ئامۆژگاریشیان کردین کە سەردانیان نەکەینەوە.

دوای بەکارهێنانی ئەو چارەسەریانە، بارزانی هەسـتی بـە مانـدووبوونو سەرسـووڕان کـرد، داوامـان لێکـرد لەسـەر کورسـی بـزۆك دابنیشـێتو گەڕاینەوە هوتێل، مـن کورسـیەکەم پاڵـدەدا، بـەڵام کـاك ئیـدریس لێـی وەرگرتمو مکوڕ بوو کە خۆی کورسـیەکە پـاڵ بـدات، گەیشـتینە هوتێـلو بارزانی چووە ژوورەکەیو یەك دوو رۆژ حەسایەوە، ناو بەناو کـاك ئیـدریسو من دەچووینە لای تـا لـە تەندروسـتی دڵنیـابینو بـزانین چ پێویسـتییەکی هەیە، ئیـدریس لـە ژووری دووەمـی ئـەو لایـە دەخـەوت کـە بـۆ بـارزانی تەرخانکرابوو، منو دۆسکیش لە ژوورەکەی تەنیشتیان دەخەوتین.

رۆژی دووەم بـارزانی هەسـتی بـە چـاکبوونەوەیەکی بـاش کـرد، هێـزی هاتەوەبەرو چێشتی بەیانی داواکرد، هەنـدێك پـەنیرو ماسـتمان بـۆ لـەناو سـەلاجە بچـووکەکە دانـابوو، دوای یـەك دوو رۆژ بڕیارمانـدا بگەڕێینـەوە واشنتن، کە چووینە باڵەفڕخانەی رۆچستەر، بینیمان دکتۆر ((ماکفیرسن))و ((دانی))ی کوڕی بۆ بەڕێکردنمان هاتوون، دانی ئەو دەمە تەمەنی نزیکـەی



www.mukiryani.com

ده ساڵ دەبوو، زۆربەی جار بە یاوەری باوکی لە هوتێل دەهاتنە لای بارزانی، بارزانی زۆری خۆش دەویست بووبوونە برادەر.

ماکفیرسن زۆر خەمبار دەهاتە بەرچاو، ((دانی))ش بەپێچەوانەی جاران هێورو بێدەنگ بوو، کاتێ ویستمان بچینە ناو باڵەفڕەکەوە، ماکفیرسن لە بارزانی نزیك بۆوەو بە گەرمی دەستی گوشیو وتی بۆ من شەرەفێکی گەورە بوو کە بەدیداری ئێوە شادبووم، ماکفیرسن دەیویست لەقسەکردن بەردەوام بێت، بەلاّم فرمێسك بەری چاوی گرتو خۆی بۆ نەگیراو رووی لە ژووری دەموچاو شووشتن کرد، دانیش گریانی هاتو بە دوای باوکیدا رۆیشت، ئیدریسو من چووینە لایان، بینیمان ماکفیرسن بە کوڵ دەگری، منو کاك ئیدریس دڵمان دایەوەو بە گەرمی سوپاسمان کردو بۆ یەکجاری ماڵاّواییمان لێکردو گەڕاینەوە لای باڵەفڕەکە، لەرێگای گەڕانەوەماندا کاك ئیدریس وتی: یەکەمجارە بینیم ئەمەریکیەك وا لە پڕمەی گریان بدات.

گەیشتینەوە واشنتنو چووینە ماڵەوە، ئێمە لە جاران هێمنتر بووین، چونکە تەندروستی بارزانی خراپ بوو، بارزانی نەیدەویست خۆی وا دیار بخات، هەموو دەم نرکەو ئازارەکانی دەشاردەوە، لە بەرامبەر ئێمە خۆی ڕووخۆش پیشان دەداو نەیدەویست کەس بە نەخۆشیەکەیەوە سەرقاڵ بێت.



www.mukiryani.com

# هەوڵی تیرۆر کردنی مەسعود بارزانی

دوای ئـەوەی کـاك مەسـعود ئەمــەریکای جێهێشـت، ئێمـە بـەردەوام پەیوەندیمان لەگەڵیدا هەبوو، زانیمان کە دەیەوێت جـۆرە پەیوەندییـەك بـە ئیمام خومەینیو نووسینگەکەی لە پاریسەوە بکات، بارودۆخ لـە ئێرانـداو بەنیسبەت حکومەتی ((شا))وە رۆژ لەدوای رۆژ بەرەو خراپ بـوون دەچـوو، بارزانی لە تەلەفزیۆن بە چاوی خۆی بینی کـە ((شـا))ی ئێـران، لـەکاتی رۆیشتنیدا لە باڵەفڕخانەی تاران فرمێسکی دەهاتە خوارەوە، عەزیز مـەلاك کـە ((شـا))ی بینـی بـە حەسـرەتەوە جگـەرە دەکێشـیّ بـە توانجـەوە وتی((بیکێشـە.. زۆر بکێشـە، تـا دوێنـیّ زۆرت بـە ئێمـە کێشـا))، خوالێخۆشبوو عەزیز مەلاك وەك سەرجەم پەنابەران زۆر رقـی لـە ((شـا)) بوو، چونکە لە رێککەوتننامەی جـەزائیردا لەگـەڵ سـەدامی گـۆڕ بـەگۆڕ تاوانێکی گەورەیان دەرهەق بە گەلی کوردو شۆڕشی ئەیلوول ئەنجام دا.

لە (١٩٧٩/١/٨)، لـە چوارچـێوەی سـەردانەکەی بـۆ ئـەوروپا، کـاك مەسعود لە ڤیەننا بوو واتە سەعات (١)ی دوای نیوەشەو بە کاتی ڤیەننا، تاریق ئاکرەیی لەسەرخەت بوو، وتی پیلانێك بۆ تیرۆرکردنی کاك مەسـعود داڕێژرابوو خوا نەجاتیدا، ئێستا بۆ ئیفادە وەرگرتن وا لە بنکەی پۆلیسن.

کاك ئیدریسم بانگ کردو بە تەلەفۆن قسەی لەگەڵ تاریق ئاکرەیی کرد، کاك ئیدریس سەرەتا تۆزێك شڵەژا، بەلاّم دوایی دڵنیا بوو کە کاك مەسعود سەلامەتەو هەروەها زانی کە برایان ئازاد بەرواریو پیرۆت ئەحمەد گوللەیان بەرکەوتووەو بۆ چارەسەری بردراونەتە نەخۆشخانە، کاك ئیـدریس داوای لـە



www.mukiryani.com

بارزانی کرد کە قسە لەگەڵ تاریق بکات تا لە سەلامەتی کاك مەسعود دڵنیا بێت.

بارزانی داوای لێکردین تا دوای شیوخواردن باسی ئەو خەبەرە مەکەن، برایان دۆسکیو شەهید محیەدین رەحیمو هەجر سندی بۆ شیوخواردن کە وادەکەی سەعات (٨)ی ئێوارە بوو لامان بوون، دوای شیوخواردن بارزانی خەبەرەکەی بە ئامادەبووان راگەیاندو وتی بۆیە بەر لەشیوخواردن خەبەرەکەم پێ نەوتن تا بە ئیسراحەت نانەکەتان بخۆن.

لای کەس شاراوەنیە، سیاسەتی حکومەتی بەعس سیاسەتێکی شۆڤێنی دوژمنانە بوو، کە لەسەر تووندوتیژیو غەدر بەشێوەیەکی تایبەتی دەرهەق بە گەلی کورد دارێژرا بوو، بارزانی نەمر لەسەر هەق بوو کاتێك وادەی ئیمزاکردنی رێککەوتننامەی (١١)ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ هات، لە کۆبوونەوەیەکی هەردوو مەکتەبی سیاسیو تەنفیزی حیزبو شۆڕشدا وتی: ((بە هیچ شێوەیەك باوەڕم بە حیزبی بەعس نییە، بەڵام رێکەوتننامەکە بە ناچاری ئیمزا دەکەم، چونکە هەمووتان رازینو حیزبی بەعسیش یەکەمجارە دان بە ئۆتۆنۆمی بۆ کورد دەنێت)).

گومانەکەی بارزانی نەمر راست دەرچوو، هێشتا چەند مانگێك بەسەر رێکەوتننامەکەدا تێنەپەڕی بوو، بەعس دەستی بە کاری دوژمنانە کرد، هێرشیان بردەسەر لقی یەکی پارتی لە دهۆك، لە بەغدا هەوڵی تیرۆرکردنی کاك ئیدرسییان داو لە ئەنجامدا پێشمەرگەی پاڵەوان حەمید بەرواری بە سەختی بریندار بوو، دوای تێپەڕبوونی (٤٠) ساڵ بەسەر ئەم رووداوە کاك حەمید تائێستاش لە نەخۆشخانەیەکی ئەورووپادا بەدەست ئەو برینەوە دەناڵێنێت.

زەنجیرە پیلانێك بۆ تیرۆرکردنی بارزانی دارێژرا، لە هەموویان بەناوبانگتر پیلانی پیاوانی ئاینی بوو لە حاجی ئۆمەران لە (٢٩/٩/١٩٧١، بارزانی



www.mukiryani.com

بەڕێکەوت لەو پیلانە نەجاتی بوو، دوا جاریش ساڵی (١٩٧٧) لـە واشـنتن هەوڵێکی دیکەیاندا کە لەم کتێبەدا بەدرێژی باسم کردووە.

بەعسو سـەدام حوسـێن، تـەواو درکیـان بـەوە کردبـوو کـە بـارزانیو ئیدریسو مەسعودی کـوڕی لای گـەلی کـورد خـاوەنی چ ڕێـزو پایەیـەکن، چونکە ئەوانە بەردەوام لە پێناو بەدیهێنانی مـافی ڕەوای گەلەکەیانـدا لـە خەباتی بەردەوام دابوون، لـەکاتی هـەوڵی تیرۆرکردنـی کـاك مەسـعود دا، شۆڕشی گولآن سێ ساڵ بوو هەڵگیرسا بوو، جگە لەمـەش حیـزبو لایەنـە کوردیەکانی دیکە دەستیان بە چالاکی کـردەوە، بەپێچـەوانەی مەزەنـدەی سەدام حوسێن دوای مۆرکردنی ڕێککەوتننامەی خیانـەت لـە جـەزائیر لـە (٦)ی ئاداری ساڵی (١٩٧٥)، دووبارە کێشەی کورد هاتەوە مەیـدان، دوای نسکۆی شۆڕشی ئـەیلوول، سـەدام لـەو بـاوەڕەدا بـوو کـە شۆڕشـی کـورد تاهەتایە کۆتایی هات، بەلآم بینی کە ساڵێك دوای نسـکۆو سـەرەڕای ئـەو تەنازولانەی کە بۆ شا کـردی، شـۆڕش سـەرلەنوێ هەڵگیرسـایەوە، سـەدام نیوەی شەتولعەرەبو چەند ناوچەیەکی سنووری عێراقـی دا بـە ئێـران کـە هیچ کام لە حکومەتەکانی پێشـووی عێـراقو لـە سـەرەتای دامەزرانـدنی دەوڵەتی عێراق لە دوای یەکەم شەڕی جیهانی قبوڵیان نەکردووە.

سەدام حوسێن، کە زانی ((شا))ی هاوبەشی لە خیانەت بـەرەو هەڵـدێر دەچێتو هەموو هیواو تەنازولەکانی با دەیانبات، شێتو هار بـوو، ویسـتی تۆڵە بکاتەوە، وەك پێشتریش باسمکرد، بـارزانی نـەمرو هـەردوو کوڕەکـەی ئیدریسو مەسعود هاتنەوە مەیدانو بەردەوامیان بە شۆڕشدا.

بوونی کاك مەسعود لە ئەورووپاو بزاڤ و چالاکیەکانیو سەفەرکردنی بـۆ سوریاو سەرکردایەتی کردنی شۆڕشی گـولآنو هـەروەها سـەردانەکانی بـۆ دەرەوەی کوردستانو پەیدا کردنی پاڵپشتی بۆ شۆڕشی کوردو هەوڵـدان بـۆ پەیـداکردنی چـەكو یەکخسـتنی ریزەکـانو هاوکـاری لەگـەڵ حیزبـە



www.mukiryani.com

کوردیەکانی دیکە، هەموو ئەو چالاکیانەی کاك مەسعود بوونە چقڵ‌و چەقینە چاوی سەدام حوسێن‌و بەعس، بۆیە هەوڵیاندا بە هەر ڕێگایەك بێت کاك مەسعود لەناوبەرن، چونکە داینەمۆی جولانەوەکە بوو.

بەعس، چاوەدێری سەفەرو جولانەوەکانی مەسعودی دەکرد، کە لە کۆتایی ساڵی (١٩٧٨) گەیشتە ڤیەننا ئەمەیان بە هەلێکی گەورە زانی بۆ جێبەجێکردنی پیلانەکەو بەدیهێنانی خەونە گلاّوەکەیان.

خوالێخۆشبوو فارس حەمەد باوە، یەکێك بوو لە سەرکردە دیارەکانی شۆڕشی ئەیلوول‌و پاڵەوانی ئەو شۆڕشە بوو، لەبەر ڕۆڵە بەرچاوەکەی لە بارزانی زۆر نزیك بوو، دوو مانگ دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول نازانم لەبەر چ هۆیەك گەڕایەوە عێراق، ئاخۆ لەبەر تەنگ پێ هەڵچنینی دەسەلاّتدارانی ئێرانی بوو یان کاریگەری هەندێك لە خزمەکانی بوو کە بەر لە ئەو گەڕابوونەوە عێراق، قەت گومانم لەوەفاو دڵسۆزی فارس باوە بۆ بارزانی‌و هەردوو کوڕەکەی ئیدریس‌و مەسعود نەبوو.

دوای ئەوەی گەڕایەوە عێراق، فارس باوە لەگەڵ خانەوادەکەی روویان لە سوید کرد تاکو لە بەعس دووربێت نەبادا داوای لێبکەن چەك هەلبگرێت‌و ڕووبەڕووی شۆڕشی گولاّن ببێتەوە، سەرەڕای ئەوەی کە لە عێراقدا نەبوو، بەلاّم حکومەتی بەعس پەیوەندی لەگەڵدا نەپچڕاند، کاتێکیش کاك مەسعود چووە ڤیەننا، فارس باوە بەبێ زانیاری دەسەلاّتدارانی عێراق چووە لای، مەبەستی فارس لەو سەفەرە دیتنی کاك مەسعودو نوێکردنەوەی بەڵێنی وەفابوو ئەگەرچی بۆ عێراق گەڕابۆوە، فارس لەلایەن موخابەراتی عێراقیەوە خرابووە ژێر چاوەدێری، موخابەرات دەیزانی مەسعود لە ڤیەننایەو لەگەڵ فارس یەکتر دەبینن، خوالێخۆشبوو فارس باوە پەیوەندی بە کاك پیرۆت ئەحمەدەوە دەکات‌و پێی دەڵێت حەز دەکات کاك مەسعود ببینێت، پیرۆت هەردەم یاوەری مەسعودو ئیدریس بوو لە کاتی



www.mukiryani.com

سەردانەکانیاندا بۆ ڤیەنناو لە ئەندامە چالاکەکانی حیزبیش بوو لە ئەورووپا، پیرۆت خەبەرەکەی گەیاندە کاك مەسعودو ئەمیش رازی بوو، بەلاّم پێیوت ئاگاداربن‌و حیسابی هەموو کارێك بکەن.

ئێوارەی (٨/١/١٩٧٩) فارس گەیشتە لای پیرۆت‌و ئەمیش بردیە شوقەیەکی دیکە کە هی یەکێك لە هەڤالاّن بوو، پیرۆت نەیدەزانی کە لە لایەن موخابەرانی عێراقی خراونەتە ژێر چاودێریەوە، فارس گومانی لەوە هەبوو، بەلاّم تەواو دڵنیا نەبوو.

پیرۆت‌و فارس چوونە ئەو شوقەیەی کە کاك مەسعودو برایان ئازاد بەرواری‌و محەمەد رەزاو هی دیکە کە ناوەکانیانم لەبیر نەماوە لەوێ بوون، دوای ماوەیەك دانیشتنەکە کۆتایی هات‌و ویستیان بچنە دەرەوە، فارس هەر گومانی هەبوو کە چاودێریان دەکەن‌و لێنەگەڕا کاك مەسعود بچێتە دەرەوە، سەرەتا ئازاد بەرواری‌و پیرۆت ئەحمەدو محەمەد رەزا دەچنە دەرەوە، یەکسەر دەنگی تەقەو دەسڕێژ هات‌و هەموو روویان لە شوقەکە کردەوە، دوایی بە دیارکەوت کە برایان ئازاد بەرواری‌و پیرۆت ئەحمەد بریندار بوون، یەکسەر بردرانە نەخۆشخانەو سوپاس بۆ خوا دوای ماوەیەك چاك بوونەوە.

دوای لێکۆڵینەوە، بەدیارکەوت کە موخابەرانی عێراقی بەرێگای باڵیۆزخانەی عێراق ئەو پیلانە دڕاندانەیان داڕشتووە، مەبەستیشیان لەناوبردنی کاك مەسعود بوو، بەلاّم سوپاس بۆ خوا سەرنەکەوتن.

ئەمە تەواوی سەربوردەکە بوو، کە لەو برایانەوە بیستم کە لە شوێنی رووداوەکە بوون، بۆی هەیە برایانی دیکە رایەکی تر یان وردەکاری زیاتریان لابێت‌و لەگەڵ مندا جیاواز بن، بەلاّم ئەوەی کە باسمکرد شیکردنەوەو دیدو بۆچوونی خۆم بوو.



www.mukiryani.com

## دوا هەفتەکان لە واشنتن دا

دوای سەرنەکەوتنی پیلانەکەی ڤیەنناو دڵنیابوون لە تەندروستی کاك مەسعود، ژیان لە واشنتندا وەك جاران بە شێوەیەکی سروشتی بەڕێوەدەچوو، وەك منو برادەرانی دیکە تێبینیمان دەکرد تەندروستی بارزانی بەرەو خراپی دەچوو، بەلاّم ئەمە کاری لە ورەی نەدەکرد بەڵکو ئیرادەی زۆر بەرز بوو و بەرگەی ئازاری دەگرت، چونکە باوەڕێکی قووڵی بەخوا هەبوو و لەو باوەڕەشدا بوو کە مردن کارێکی ئاسایيو سروشتیە قەدەری هەموو مرۆڤێکە.

رۆژێکیان، باڵیۆز موریس دریپەر پەیوەندی پێوەکردین و وتی خۆی هاوسەرەکەی حەز دەکەن کە بارزانيو ئیدریسو من، لە ماڵەکەی خۆیاندا بۆ شیوی ئێوارە داوەت بکەن، ئەو کاتە لە نیوەی مانگی کانوونی دووەمی ساڵی (١٩٧٩)دا بووین، لە رۆژی دیاریکراودا چووینو زۆر بە جوانی بارزانییان بەخێرهێنا، بەر لەشیو خواردنو پاشانیش باسی فرە بابەت کرا بە تایبەتی پیلانەکەی ڤیەنناو بارودۆخی ئێران، بارزانی باسی وردەکاری ئەو پیلانەی کرد کە بۆ تیرۆرکردنی کاك مەسعود داڕێژرابوو و چۆن حکومەتی عێراق لە هەوڵی بۆگەن دژ بە گەلی کوردو بارزانيو کوڕەکانی بەردەوامن، بە نیسبەت بارودۆخی ئێرانیشەوە بارزانی شتێکی وای باس نەکردو چونکە رژێمی شا لە لێواری رووخان دابوو و هەر چرکەیەك چاوەڕێی دەکرد.



www.mukiryani.com

دوای شیوخواردنو قسەو باس، خەریك بوو مالاْواییان لێبکەین بینیمان دریپەر دەسگەمە لەگەڵ ژنەکەی دەکاتو لەپێش ئێمە ماچی کرد، کاك ئیدریس بە زەردەخەنەیەکەوە وتی ((هەتا نەیان قەومانـدووە با بـڕۆین))، مالاْواییمان لە دریپەر کردو بۆ داوەتەکە سوپاسمان کردو تا دەرگا یاوەرمان بوو، لەرێگا بە هەڵسوکەوتەکەی دریپەرو توانجەکەی کاك ئیدریس پێکەنین.

کاروبار بەم شێوەیە بەڕێوەدەچوو، جارێك یا دووجار بۆ نان خواردن چووینە دەرەوە، لە ماڵەکەماندا بارزانی دوو چاوپێکەوتنی سازدا، یەکێکیان لەگەڵ پیاوانی کۆنگریسو دووەمیش لام وایە لەگەڵ رۆژنامەنووسێك بوو، هەر لەو ماوەیەدا ((فەرهاد لوقمان بارزانی)) نەوەی مەلا مستەفا هاتە لامان، فەرهاد لە شاری- ناشفیلد-ی ویلایەتی تنسی جنێنشین بوو، تا وەفاتی باپیرەی لامان مایەوە، پێش ئەو کاتەش جارجار دەهاتە لامانو پاشان دەگەڕایەوە شوێنی دانیشتن، هەروەها ئەردەشێر سەیدا ((کچەزای بارزانی))و بورهان ئیسماعیل نەوەی شەهید شێخ عەبدولسەلام هاتنە لامانو چەند رۆژێك مانەوە، بارزانی پرسیاری کاروباریانی کرد.

لە کۆتایی مانگی کانوونی دووەمو سەرەتای مانگی شوباتدا بووین، کە ئیمام خومەینی لە تاراوگەی فەرەنساوە گەڕایەوە ئێران، ئەو پێشوازیە گەرمەمان بینی کە لە باڵەفڕخانەی تاراندا لێی کرا، سەدان هەزار کەس لە باڵەفڕخانە ئامادەبوون، دەسەلاْتدارانی حکومەت لە بەرامبەر ئەو بارەدا هیچ جولەیەکیان نەبوو.

چەند رۆژێك دوای گەیشتنی ئیمام خومەینی، حکومەت لە بەرامبەر فشاری جەماوەر خۆی نەگرتو رووخا، شاهبور بەختیار دوا سەرۆك وەزیرانی سەردەمی شای گۆڕ بەگۆڕ رایکرد، دەڵێن چەند رۆژێك خۆی شاردۆتەوەو



www.mukiryani.com

پاشان به یارمەتی سەرۆك وەزیرانی تازە مەهدی بازرگان، تارانی جێهێشت، شاهبور بەختیار لەلایەن موخابەرانی ئێرانیەوە لە پاریس کوژرا، مەهدی بازرگان، کابینەی تازەی دامەزراند، پۆستی وەزارەتی دەرەوەی بە کەریم سنجابی سپارد، سنجابی کوردی کرماشان بوو، لە سەرەتای پەنجاکان داو لە جولانەوەی دکتۆر محەمەد موسەدەقدا یەکێك بوو لە چالاکوانە دیارەکان، دکتۆر ((ئیبراهیم یەزد))یش کە ئۆپۆزیسیۆنێکی دیاربوو پۆستی جێگری سەرۆك وەزیرانی وەرگرت.

دوای رووخانی شا، بە تەواوی لە هەواڵەکانی ئێران دابڕاین، نەماندەتوانی تەلەفۆن بکەین و ئاگامان لە چارەنووس و بارودۆخی پەنابەران نەما، تەنانەت بەرێگای ولاتە ئەورووپییەکانیش نەماندەتوانی هەواڵمان دەستبکەوێت، ئێران بە تەواوی لە جیهانی دەرەوە دابڕاو هاتووچۆی باڵەفڕیش نەما.

دوای تێپەڕبوونی هەفتەیەك، بارزانی داوای لێکردم کە توانای خۆم بە گەڕ بخەم و وا بکەم بە تەلەفۆن قسە لەگەڵ ئێراندا بکات، پەیوەندیم بە مەڵبەندی بانگەوازی دەرەوە کرد، ئافرەتێك لەسەرخەت بە دەنگێکی نووساو کە نازانم لەبەر سەرما بوو یان نەخۆش بوو وەرامی دامەوە، ئەو کات ئێوارەی چوارشەممەی نیوەی مانگی شوبات بوو، پێم وت: ((دەتوانی یارمەتیم بدەیت و چاکەیەکم لەگەڵدا بکەیت؟)) وتی ((تەنیا ئێوارەی هەینی و شەموان کاری چاکە دەکەم))، وەرامم دایەوە مەبەستم ئەوە نییە دەمەوێت پەیوەندی بکەم بە ئێرانەوە، بە پێکەنینەوە وتی ((داواکاری یەکەمت زۆر ئاسانترە لەو داواکاریە)).



www.mukiryani.com

ئافرەتەکە جارێکی دیکە هەوڵی دایەوە، بەلاّم بێ فایدە بوو، ئافرەتەکـە وتی بەداخەوە ئەمە ناکرێت، وردەکاری قسەکانی نێوان خۆمو ئافرەتەکەم بۆ بارزانی گێڕایەوەو وتی ((ئەمە لای وان شتێکی ئاسایییە)).

ڕۆژی دوایی، واتە ئێوارەی پێنجشەممە دیسان هـەوڵم دایـەوە، بـەلاّم بـێ سوودبوو، ئێوارەی هەینیش دیسان هەوڵمداو ڕێکەوتـە سـەیرەکەش وابـوو، هەمان ئەو ئافرەتەی کە لە مەڵبەنـدی بانگـەوازی دەرەوەدا بـە دەنگێکـی نووساو ئێوارەی ڕۆژی چوارشەممە بە تەلەفۆن سوعبەتی لەگەڵ کـردم، هـەر ئەو لەسەرخەت بوو، بـێ هـیچ دوودڵیـەك پێمـوت ((تـۆ پێـت وتم تـەنیا ئێوارانی هەینیو شەممە کاری چاکە دەکەیت، ئێستا ئێوارەی هەینییـە!!))، پێکەنی وتی ((منت گرت))، داوایکرد لەسەرخەت بمێنێمەوە، دوای چـەند هەوڵدانێك توانیم قسە لەگـەڵی مـاڵی بارزانیـدا بکـەم، بـارزانی نـەمرو ئیـدریس وردەکـاری بـارودۆخی پەنابـەرانیان پێگەیشـت، زانیمـان کـە بارودۆخیان زۆر باشەو کەسیان تووشی بەلاّ نەهاتوونو ڕێژێمی تازە بە باشی هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا دەکات.

دوای ئەوەی، هێوریو ئارامی بۆ ئێران گەڕایەوەو پەیوەندیەکان گەڕانەوە دۆخی جارانیان، ڕۆژانـە قسـەمان لەگەڵـدا دەکـردنو هـەواڵی بـارودۆخی پەنابەرانمان دەزانی، بە بەردەوامیش تەلەفۆنمان لەگەڵ کاك مەسعود دەکـرد یان ئەو تەلەفۆنی بۆ دەکردین، کاك مەسعود ئەوکاتە لە ئەورووپا بوو، خۆی بۆ گەڕانەوە بۆ ئێران ئامادە دەکرد.



www.mukiryani.com

# بەشی دووەم
# لە وەفاتی بارزانییەوە تا راپەڕینە پیرۆزەکە
## ١٩٩١/٣/٥ — ١٩٧٩/٣/١



www.mukiryani.com

www.mukiryani.com

## کۆچی دوایی پیاوە مەزنەکە

دوای (٢٠)ی مانگی شوباتو پاش رووخانی ریژێمی شای ئێرانو هەروەها دوای دڵنیابوون لە بارودۆخی پەنابەرانو خزمان لە ئێران، تەندروستی بارزانی بەرەو خراپی چوو، زۆر لای ئێمە دانەدەنیشت، زۆربەی کات لە بەرامبەر ژوورەکەی پیاسەی دەکرد یان لەسەر پێخەفەکەی پاڵی دەدایەوە، بەرگەی ئازارەکانی دەگرتو هیچ گازاندەیەکی نەبوو، منو ئیدریس بەنۆرە چاودێریمان دەکرد، لەوادەی دیاریکراو ئەو دەرمانانەمان دەدایێ کە پزیشك بۆی نووسیبوو.

رۆژێکیان لەگەڵ ئیدریس کە لەسەر تەندروستی باوکی لە هەموومان نیگەرانتربوو، گفتوگۆمان کرد، لەسەر ئەوە رێککەوتین کە بارزانی لە نەخۆشخانە بخەوێنین، عەزیز مەلاکم بینی دەگریاو تکای لێ دەکردین یارمەتی بارزانی بدەین، مەسەلەکەمان بە بارزانی وت، حەز دەکەین لە نەخۆشخانە بخەویت تا چاودێریت بکەنو دەرمانی پێویستت بدەنێ، بەمە رازیبوو، بەڵام وتی حەزدەکات بە زیندوویی بیبەینەوە کوردستانی ئێران تا دوا ساتەکانی ژیانی لەنێوان ئازیزانو پەنابەران بەسەر ببات و ئێستاش حوکمی شا نەماوە.

بارزانی نەمر، تەواو دڵنیابوو کە چەند رۆژێکی ژمێردراو لە ژیانیدا ماوەو ساتی ماڵاوایی نزیك بۆتەوە، بۆیە لە بەرامبەر منو ئیدریسدا بەنسیبەت دوا مەنزڵو گۆڕی خۆی وەسیەتی کردو فەرمووی ((حەزدەکەم



www.mukiryani.com

ئەگەر کرا لە بارزان بە خاکم بسپێرنو ئەگەر نەشکرا ببەنەوە کوردستانی ئێران بە ئەمانەت لە تەنیشت شێخ بابۆ بنێژنو دواڕۆژ ببەنەوە بارزان)).

ویستمان تۆزێك دڵی بدەینەوە، بەڵام بە زەردەخەنەیەکەوە وتی((من کەسێکم باوەڕم بەخودا هەیەو چارەنووسی هەر مرۆڤێکیش مردنەو ئەمە کارێکی سروشتیە، لە ژیانمدا دەیان جار رووبەڕووی مردن بوومەتەوەو بەرێکەوت رزگارم بووە، بەڵام چونکە خودا ئیرادەی لەسەر نەبووەو وادەم نەهاتبوو هەر ژیاوم، ئێستاش دەزانم سەعاتەکە نزیك بۆتەوەو بە فەرمانی خودا رازیم)).

دوای رووخانی ریژێمی شا، دەمانویست بارزانی ببەینەوە کوردستانی ئێران، بەڵام دوای تێپەڕبوونی هەفتەیەك بەسەر شۆڕشی ئیسلامی ئینجا هەواڵی بارودۆخی ئێرانمان زانی، چەند رۆژێك هەر هاتووچۆ نەبوو، دوای ئەوە هێڵی ئاسمانی ئێران بەگەڕ کەوتەوە، بەڵام تەندروستی بارزانی لەبار نەبوو کە ئەو ماوە درێژە سواری باڵەفڕ ببێت.

خواڵێخۆشبوو محەمەد سەعید دۆسکی پەیوەندی بە نەخۆشخانەی ((جۆرج واشنتن))ەوە کرد، ئوتۆمۆبێلی فریاکەوتن هاتو بارزانیمان بردە نەخۆشخانەی ناوبراو، ئیدریسو دۆسکیو منو فەرهادی نەوەی، یاوەری بارزانی بووین، پاش نیوەڕۆی ٢٥/٢/١٩٧٩ لە ژوورێکدا پشکنینی پێویستی لەلایەن پزیشکەکانەوە بۆ کرا، ئێوارە داهاتو بڕیارماندا ئیدریسو من بەشەو لە نەخۆشخانە بینو بەرۆژیش دۆسکیو فەرهاد بێن.

شەوانە، لە نەخۆشخانەوە بە تەلەفۆن قسەمان لەگەڵ ماڵی بارزانی دەکرد، لەگەڵ کارگێڕی نەخۆشخانە یان فەرمانگەی تەلەفۆنات ((تەواو بەبیرم نایەتەوە)) رێککەوتین کە کرێی تەلەفۆنەکان بخەنە سەر لیستی تەلەفۆنی ماڵەوە، هەروەها هەوڵماندا باڵەفڕەیەکی تایبەت بەکرێ بگرین



www.mukiryani.com

تا له لەندەن بمانباتە تاران، دوای ئەوەی کە لە واشنتنەوە دەگەینە لەنـدەن، پزیشکەکان بەمە رازی نەبوونو وتیان بارزانی بەرگەی ئەو سـەفەرە درێـژە ناگرێت، ناچار بڕیارماندا لە نەخۆشخانە بمێنێتەوە.

لە نەخۆشخانە، بـارزانی چارەسـەری پێویسـتی بـۆ دەکـرا، کـە زیـاتر دەرمانی هێورکەرەوەی بەکاردەهێنا، هەر لەو رۆژەی کە گەیشتە نەخۆشخانە ژمارەیەك پزیشك لە دەوری کۆبوونەوەو دوای کاری پێویسـت لێیـان پرسـی ئاخۆ چ شتێکی دەوێت؟ یان چ شتێك ماوە بیلێت؟ بارزانی وەرامـی دانـەوەو وتی: ((ئێوە پزیشکی پسپۆڕنو دەزانن چ کارێك دەکەنو کاری ئێوەش پێش هەموو شتێك کارێکی مرۆڤانەیەو لە دواساتەکانی ژیانیشمدا خۆم خستۆتە بەردەستی ئێوە)).

پزیشکەکان دڵنیایان کردەوەو وتیان لە پێناو چارەسـەرکردنیدا هـەموو تواناکانیان بەگەڕ دەخەن، پزیشکەکان رۆیشـتنو ئێمـە لای بـارزانی ماینـەوە، سستەرو برینپێچەکان بـە بـەردەوامی ترپـەی دڵو فشـاری خـوێنو پلـەی گەرمیان دەگرتو پشکنینان بۆ دەکرد، مـەغریب داهـاتو وەك پێشـتریش باسمکردو بڕیارماندا بە نۆرە لای بارزانی بمێنینەوە، بەشەو شەهید ئیدریسو من، بەرۆژیش محەمەد سەعید دۆسکیو فەرهادی نەوەی.

چوار شەوو چوار رۆژ بە تەواوی لە نەخۆشـخانەدا ماینـەوە، بـێ ئـەوەی هەست بە ماندووبوونو خەوەکوتکە بکەینو بۆ مێژووش دەڵێم لەو ماوەیەدا چوار سەعات نەنووستم، کاك ئیدریسـیش هـەروەها. لەسـەر کورسـیەکەو بەرامبەر قەرەوێڵەکەی بارزانی دادەنیشتین، جارجار دەچووینە هەیوانەکـەی تەنیشت ژوورەکە، بە ئامێرەکە قاوەمان دەگرتەوەو منیش ئەو کاتە جگـەرەم دەکێشا، نیوەشەو بە تەلەفۆن قسەمان لەگـەڵ مـاڵی بـارزانی دەکـرد کـە



www.mukiryani.com

ئەوەدەمە لە ئێران بەیانی بوو، جیاوازی کات لـە نێـوان تـاران‌و واشـنتن ٩ سەعاتە.

لە شەوی چوارەم، واتە رێکـەوتی ١٩٧٩/٢/٢٨ کـات لـە ئەمـەریکا سپێدەی یەکی ئاداری ساڵی (١٩٧٩) بوو، کاك ئیدریس تەلەفۆنی بۆ تاران کرد، بارزانی نووستبوو، من لە تەنیشت ئیدریس راوەستابووم، زانیمان کاك مەسعود گەیشتۆتە ئێران‌و لە کەرەج وا لە نێوان کەسوکاری دایە، چـوومە ژوورەکەی بارزانی بینیم نووستوە، دوای چەند دەقیقەیەك چاوی کـردەوە، وتم ئەزبەنی کاك مەسعود بە سەلامەتی گەیشتۆتە کەرەج، وتی: تـۆ دڵنیـای؟ راستی هەواڵەکەم پێوت، بە زەردەخەنەیەکەوە وتی ((سوپاس بـۆ خـوا، زۆر دەترسام ئەو کورە تووشی بەلایەك ببێت، چونکە چاودێری دەکـەن، سـوپاس بۆ خودا))، بارزانی دووبارە نووستەوەو منیش لەسەر کورسیەکەی بەرامبەر قەرەویلەکە دانیشتم.

ئیدریس هاتە ژوورەوەو لەسەر کورسیەکی تر دانیشـت، دیسـان بـارزانی چاوی کردەوەو ئیدریس هەواڵی گەیشتنی کاك مەسعودی بۆ دووپـاتکردەوە، بارزانی دیسان خەوبردیەوە، پاش ماوەیەکی کورت، واتـە کـەمێك بـەر لـە بەرەبەیانی رۆژی یەکی ئادار، کاك ئیدریس بۆ پایـپ کێشـان چـووە دەرەوە، من چاوەدێری بارزانیم دەکرد، لە پـڕ چـاوی کـردەوەو وتـی ((موحسـین بـۆ نانووی؟)) وتم ((خەوم نایەت‌و هەست بە ماندووبوون ناکـەم))، دەنگێکـی ئاسایی‌و وەك بڵێی زۆر ساغە وتـی ((خۆتـان بەمنـەوە سـەرقاڵ‌و مانـدوو مەکەن، هەر چەند سەعاتێکی ژمێردراوم لای ئێوە مـاوە))، ویسـتم دڵـی بدەمەوەو هەندێك دوعام بۆ خوێند، بەلاّم بارزانی لە قسەکردن بەردەوام بوو و وتی ((ئەمە کاری خوایەو هیچ ناکرێت)).



www.mukiryani.com

بارزانی خەوی لێکەوتەوە، لە ژوورەکە هاتمە دەرەوە بینیم ئیدریس پیاسە دەکات، قسەکانی بارزانیم بۆ گێڕایەوە، ئیدریس وتی ((بارزانی وتی چەند سەعاتێکی ژمێردراو یان دیاریکراو؟)) وتم ((وتی چەند سەعاتێکی ژمێردراو))، ئیدریس بە خەمبارییەوە وتی ((دەزانێت کە سەعاتەکە نزیك بۆتەوە))، گەڕاینەوە ژوورەکە، کەوتینە چاوەدێریکردنی بارزانی.

لەگەڵ کازیوە ڕۆژی ١/٣/١٩٧٩، سستەریك هاتە ژوورەوە، ترپەی دڵو فشاری خوێنو پلەی گەرمی بارزانی پێوا، بە پێکەنینەوە وتی هەمووی زۆر باشە، بەمە زۆر دڵخۆش بووین، دوای ماوەیەکی کورت خاتوونێك هات، لەسەر سینیەك پەنیرو کەرەو ماستی لەگەڵ نانی برژاوو چایەی بۆ بارزانی هێنابوو تا چێشت بخوات، بارزانی لەسەر جێگاکەی قیت بۆوە، وتی ((لەپێناوی ئێوەدا هەموو شتێك دەخۆم، چونکە دەزانم بەمە دڵشاد دەبن))، قسەکەی ڕاست بوو، ئێمە زۆر دڵخۆش بووین، برایان محەمەد سەعید دۆسکیو فەرهاد لوقمان بارزانی گەڕانەوە.

پاش ماوەیەکی کورت، پزیشکی پسپۆڕو کارمەندان هاتن، چەند پشکنینێکیان بۆ بارزانی کرد، دڵخۆشیان پیشانداو وتیان تەندروستی زۆر باشەو دەتوانێت سەفەر بکاتو نەخۆشخانە جێبهێڵێت، ئێمە زۆر دڵخۆش بووینو لە نێوان خۆماندا کەوتینە گفتوگۆ، بڕیارماندا ڕۆژی پاشتر سەفەر بکەین، محەمەد سەعید دۆسکی پەیوەندی بە وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکاوە کرد، ئێمەش پەیوەندیمان بە باڵیۆزخانەی ئێرانەوە کرد، یەکێك لە کارمەندەکانی باڵیۆزخانە برای دکتۆر ئیبراهیم یەزدی جێگری سەرۆك وەزیرانی شۆڕشە تازەکەی ئێران بوو، هەردوولا وەرامیان باش بوو و هاوکارمان بوون.



www.mukiryani.com

نوێنــەرێکی وەزارەتــی دەرەوەی ئەمــەریکا کــە ئــافرەت بــوو هاتــە نەخۆشخانە، تا لە جیاتی حکومەتی ئەمەریکا مالأوایی لە بارزانی بکات، بارزانی لە شوێنی خۆی راست بـۆوە، بەدرێـژی باسـی گـەلی کـوردی بـۆ نێردراوەکە کرد، کە چۆن دوای رێککەوتننامەی خیانـەتکاری جـەزائیر لـە نێوان هەردوو گۆڕبەگۆڕ ((شا))و ((سەدام))و بە موبارەکبـایی گۆڕبـەگۆڕ ((هواری بومەدیەن))، شۆڕشی کورد بـەم رۆژە گەیشـت، هـەروەها باسـی ئەوەی کرد کە ئەمەریکا بە تایبەتی ((هێنری کیسنجەر))ی وەزیری دەرەوە ئاگاداری ئەو رێککەوتننامەیە بوو، لە ژێرەوە بـە نهێنـی پاڵپشـتی کـرد، سەرەڕای ئەوەی چەندان بەڵێنیان بە گەلی کوردو شـۆڕش‌و بـارزانی دابـوو، کیسنجەر مەبەسـتی بـەکارهێنانی شۆڕشـی کـورد بـوو وەك فشـارێك تـا حکومەتی عێـراق سیاسـەتی خـۆی بگۆڕێـت، محەمـەد سـەعید دۆسـکی قسەکانی بارزانی بۆ زمانی ئینگلیزی وەردەگێڕا، بارزانی داوای لە نێـردراوە ئەمەریکیەکە کرد کە گلەیی‌و گازاندە بگەیەنێتە حکومـەتی ئەمـەریکاو بزانن کە زوو یان درەنگ میللەتی کورد هەر بە ئامـانج دەگـات، هـەروەها بارزانی داوایکرد کە سوپاسی بگەیەنێتە ئیدارەی ئەمەریکا سـەبارەت بـەو ماوەیەی کە لە ئەمەریکادا مایەوە.

سەردانەکەی نێردراوی ئەمەریکا نزیکەی سەعاتێکی خایانـد، بـارزانی بە هەموو زیندەگییـەك وەك کەسـێکی سـاغ قسـەی دەکـرد، فەرمانبـەرە ئەمەریکیەکە هیوای سەفەرێکی خۆشی بۆ بارزانی خواست‌و بەڵێنیدا کـە ئەو قسانە بە ئەمانەتەوە بگەیەنێتە بەرپرسانی ئەمەریکا.

دوای ئەوەی نێردراوە ئەمەریکیەکە رۆیشـت، کـاك ئیـدریس‌و مـن لـە نەخۆشخانە هاتینە دەرەوە تا هەندێك پێداویستی بکڕین‌و خۆمان بۆ سەفەر ئامادە بکەین، دۆسکی‌و فەرهاد لای بارزانی مانەوە، تەندروسـتی بـارزانی



www.mukiryani.com

زۆر باش بوو لەگەڵ ئیدریس باسی ئوتۆمۆبیلەکەمان کرد، هەرچەندە دوو ساڵو نیو بوو ئەو ئوتۆمۆبیلەمان کڕیبوو، بەڵام زۆر بەکارمان نەهێنابوو و نویێ دەهاتە بەرچاو، بڕیارماندا یان بیدەینەوە بە کۆمپانیاکە یاخود بە یەکێکی دیکە بیگۆڕینەوە.

گەڕاینەوە ماڵەوە، ریشمان تاشیو خۆمان شوشت، سەعات (٥)ی ئێوارەی پێنجشەممە رێکەوتی (١)ی ئاداری ساڵی (١٩٧٩) بوو، خەریك بوو ماڵەوە جێبهێڵینو بچینە نەخۆشخانەکە زەنگی تەلەفۆن لێیدا، کاك ئیدریس تەلەفۆنەکەی هەڵگرت، فەرهاد لەسەر خەت بوو، هاواریکرد بەڕاکردنو بەپەلە بگەینە نەخۆشخانە، لە ماوەی چەند دەقیقەیەکدا بە ئوتۆمۆبیل گەیشتینە نەخۆشخانەو چووینە ژوورەکەی بارزانی، بینیمان فەرهاد بە کوڵ دەگریو محەمەد سەعید دۆسکیش فرمێسکی چاوی دەسڕێتەوە، پیاوی گەورەو مرۆڤی ئەسڵزادە دنیای بەجێهێشت، بۆ ئێمە هودمەیەکی گەورە بوو، تەرمە پاکژەکەیمان بینی لەسەر قەرەویڵەکە راکشابوو، چەرچەفەکەمان لەسەر لادا دەتوت نووستووە، منو ئیدریس لە پڕمەی گریانماندا بۆ لەدەستدانی ئەو سەرکردە مەزنە، دنیا لەبەر چاومان تاریك بوو، نەماندەزانی چۆن هەنگاوی داهاتوو بهاوێژین.

ئەو سەرکردە لێهاتووە بەجێیهێشتین کە هەموو ژیانی بۆ خزمەتی گەلەکەیو بەدیهێنانی مافی رەوای میللەتە زوڵم لێکراوەکەی تەرخانکرد، ئەو پیاوە مەردە سادەو بەوەفایە دنیای جێهێشت، هەموو حەزی خزمەتی گەلەکەیو زوڵملێکراوانو هەژاران بوو، لە پێناوی ئەو ئامانجەی تێیدا دەیان جار هەوڵی لەناوبردنی دراوە، تووشی بەندیخانەو تاراوگە هاتووەو چیا سەرکەشەکانی کوردستانی کردووە بە پەناگە تا بەرگری لەو ئامانجانە بکات.



www.mukiryani.com

بـارزانی کۆچـی دوایـی کـرد، بـەڵام کەلـەپوورێکی گـەورەو تـژی لـە پاڵەوانێتیی‌و کردەوەی چاکی بۆ جێهێشتین، ڕێگایەکی ڕۆشنی بۆ تێکۆشـان گرتەبەر ئەگـەر بـەوردیو دەسـپاکی پیایـدا بـڕۆین بـە ئامـانج دەگـەین‌و ئاواتەکانی گەلی کورد دێتەدی، ئەو ئاواتەی کە ئامـانجی بـارزانی بـوو لـە ژیانیدا.

ئەوەی کە ئێستا پێیگەیشتووین‌و ئەو مافانەی بەدەستمان هێنـاوەو ئـەو هەوا ئازادیەی هەڵیدەمژین، بەشێکە لە خەباتی بارزانیی‌و ئەو بنەمایانـەی کە ساڵانی ژیانی بـۆ بـەدیهێنانیان تـەرخانکرد، خـوێنی پـاکی هـەزاران شـەهیدیش دەبێـت هانـدەرمان بێـت بـۆ پاراسـتنی ئـەو دەسـکەوتانەو بەهەدەرنەدانیان‌و کارکردن لە پێناو بەرەو پێشەوەبردنیان.

سەعـات (٦)ی ئێوارە بوو، خۆر تازە ئاوابوو و دنیا تاریك داهاتبوو، لـە ئێران سەعـات (٣)ی پاش نیوەشەو بوو، نەدەکرا لەو کاتـەدا تەلـەفۆن بـۆ ئێران بکەین‌و ئەو هەواڵە دڵتەزێنە بگەیەنینە کەسوکار.

تەرمە پاکژەکەی بارزانی بردرایە شوێنی ئامـادەکردنی جـەنازە، عـەزیز مەلاکی چێشتلێنەرو هەندێك لە پەنابەرە کوردەکـان پاسـەوانی تەرمەکـە بوون، خوالێخۆشبوو عەزیز مەلاك تا سپێدەی ڕۆژی دوایی چەند ئایـەتێکی قورئانی پیرۆزی لەسەر خوێند.

هەرکە هەواڵەکە گەیشـتە پەنابـەرانی کـورد لـە ئەمـەریکاو کەنـدا، ژمارەیەکی زۆریان لە چەندان شارەوە بە هەڵەداوان گەیشتنە ماڵەکەی ئێمە لە واشنتن، تەلـەفۆن بـە بـەردەوامی لێـی دەداو پرسـەو سەرەخۆشـیان لێ دەکردین، من هەواڵەکەم بە دکتۆر- ماکفیرسن- پزیشکی تایبەتی بـارزانی نەمر لە مایوکلینك ڕاگەیاند، بە هەواڵەکە زۆر خـەمبار بـوو و داوایکـرد



www.mukiryani.com

پرسەنامەی بگەیەنمە کاك ئیدریس‌و وتــی لــەو کاتــەدا نــاتوانم راســتەوخۆ قسەی لەگەڵدا بکەم.

محەمەد سەعید دۆسکی، هەواڵەکەی گەیاندە رۆژنامەنووس ((دانا ئادەم شمیدت)) دۆستی دێرینی بارزانی‌و خاوەنی کتێبــی ((گەشــتێك لــە نێــوان پیاوە ئازاکــان))دا، شمیــدت لــە رۆژنامەنووســە بەراییــەکان بــوو کــە لــە سەردەمی شۆڕشی مەزنی ئەیلوولدا سەردانی کوردستانی کرد، ئەو کاتــەی هەواڵەکەی زانی شمیدت لە رۆژنامەی ((کریستیان ســاینس مونیتــەر))دا کاری دەکردو هەواڵەکــەی گەیانــدە ئاژانســەکانی دەنگوبــاس‌و رادیۆکــان، بەجۆرە هەواڵەکە بە هەموو جیهاندا بلاوبۆوە.

نیوەشەو کاك ئیدریس تەلەفۆنی بۆ ماڵەوەیان کرد ((تازە تەلەفۆنێکیان وەرگرتبوو))، خوالێخۆشبوو ((نازدارخــانم))ی هاوســەری وەرامــی دایــەوە، ئیدریس بە نازدارخانمی وت داوا لە شێخ محەمەد خالیدو مەسعود بکە بێنە ماڵی بارزانی تا قسەیان لەگەڵدا بکەم، بێ ئەوەی کاك ئیدریس هەواڵەکــە بە هاوسەرەکەی بڵێــت نازدارخــانم لــە مەســەلەکە گەیشــت‌و لــە پڕمــەی گریانیدا، دوای ماوەیەکی کەم، کاك ئیدریس دیسان تەلــەفۆنی بــۆ مــاڵی بارزانی کردەوە شێخ محەمەد خالیدو کــاك مەســعود لــەوێ بــوون، ((کــاك مەسعود بەر لە (٢٤) سەعات گەیشتبۆوە تاران))، هــەموو ئــەو هەواڵــە دڵتەزێنەیان زانی، کاك ئیدریس دەیویســت دڵــی کــاك مەســعود بداتــەوە، چونکە دەگریا، بەلاّم بێ سوود بوو، ئەوەدەمە لــە ئێــران ســەعات هەشــت‌و نیوی ســپێدەی رۆژی ١٩٧٩/٣/٢ بــوو، بــەلاّم لــە ئەمــەریکا نیوەشــەوی ١٩٧٩/٣/١ بوو.

رۆژی پاشتر، یەکێك لە باڵیۆزخانــەی ئێــران لــە واشــنتن تەلــەفۆنی بــۆ کردین، ئەو کەسە برای دکتۆر ئیبراهیم یــەزدی جێگــری ســەرۆك وەزیرانــی



www.mukiryani.com

حکومەتی تازە بوو بە سەرۆکایەتی مەهدی بازرگان، دوای رووخانی ریژێمی شا. کەسەکە وتی باڵیۆزخانە ئامادەی هەموو ئاسانکاریو یارمەتییەکی داواکراوە، دوایی زانیمانەوە بەرپرسانی پەنابەران پەیوەندیان بە دکتۆر یەزدیو کەریم سنجابی وەزیری دەرەوە لە حکومەتی تازە ((کوردی کرماشان بوو))ەوە کردووەو بە بروسکە داوایان لە باڵیۆزخانە کردووە تا ئاسانکاریو کاری پێویست ئەنجام بدەن. گەیشتینە رۆژی هەینی رێکەوتی ١٩٧٩/٣/٢، دەیان پەنابەر لە شارە جیاجیاکانی ئەمەریکاوە گەیشتنە واشنتن بۆ پرسەو سەرەخۆشیو دەربڕینی هەستیان بەرامبەر بەو کارەساتە دڵتەزێنە، زەنگی تەلەفۆن بەردەوام لێی دەدا، پەنابەرانی شوێنە دوورەکانو ناسیاوە بیانیەکانمان کە نەیاندەتوانی ئامادەبن سەرەخۆشیان لێ دەکردین.

ئێمە زۆر سەرقاڵ بووین چ بە ئامادەکردنی جەنازەکەو چ بە پێشوازیکردنی میوانانو چ بە خۆئامادەکردن بۆ سەفەر کە وادەکەی ١٩٧٩/٣/٣ بوو، باڵەفڕەیەکی ئێرانی لەو کاتەدا دەگەڕایەوە تاران، ژمارەیەك پەنابەری کورد لە ئەمەریکا بە نۆرە پاسەوانی تەرمە پاکژەکەی بارزانی یان دەکرد، حیکمەت بامەڕنی بە درێژایی ئەو رۆژانە لە سەرینگانی تەرمەکە بوو. کۆمپانیای ئامادەکردنی جەنازە بەشێوازی ئیسلامی هەموو کارێکی پێویستیان کرد، بەڵام کە گەیشتینەوە کەرەجی تاران دووبارە تەرمی بارزانی شۆردراو کفن کرایەوە.

لە کاتی دیاریکراودا، ئێوارەی شەممە ١٩٧٩/٣/٣ چووینە باڵەفڕخانەی دالاس لە واشنتن، دوای ئەوەی لەلایەن هەموانەوە بەڕێکراین، عەزیز مەلاك بە گریانەوە ماڵاوایی لێکردینو بە کاك ئیدریسی وت بواری بدات پارچەیەك لە پێخەفی بارزانی لێبکاتەوە تا وەك موتفەڕكو یادگاری لای خۆی بیپارێزێت، ئیدریس وتی بە کەیفی خۆت بکە.



www.mukiryani.com

تا باڵەفڕخانە، ژمارەیەكی زۆر پەنابەر یاوەرمان بوون كە حیكمەت بامەڕنیش لەگەڵیاندا بوو، دوای ئەوەی گەیشتینە باڵەفڕخانە، باڵیۆز مۆریس درییەر هاتە لامانو پرسەی حكومەتی ئەمەریكاو وەزارەتی دەرەوەی پێڕاگەیاندینو تا بەڕێكەوتین هەر لامان مایەوە، دوای ئەوەی ماڵئاواییمان لە هەمووان كردو سوپاسمان كردنو ڕوومان لە هۆڵی جێهێشتن كرد، ئیدریسو منو دۆسكیو فەرهاد یاوەری تەرمە پاكژەكەی بارزانی بووین.

كاتێك، هەر كەسەو لەسەر كورسی دیاریكراوی خۆی دانیشت، لە پەنجەرەی باڵەفڕەكەوە سەیرم كرد حیكمەت بامەڕنی لەبەرامبەر دەرگای كۆگای باڵەفڕەكە ڕاوەستاوەو پاسەوانی لە تەرمە پاكژەكەی بارزانی دەكات، ئەمەم بە كاك ئیدریس وت، وتی هەندێك كەس زۆر بە دڵسۆزیو دەسپاكیەوە ئەو ئەركە بەجێ دەهێنن كە داوایان لێكراوە، باڵەفڕەكە باڵەفڕخانەی دالاسی لە واشنتن جێهێشتو ئێمەش لەگەڵ تەرمە پاكژەكەی بارزانی بۆ دواجار لە سەعات (٩)ی ڕۆژی ٣/٣/١٩٧٩ ئەو وڵاتەمان جێهێشت.



www.mukiryani.com

# گەیشتنەوە ئێران و مەراسیمی بە خاك سپاردن

دوای فڕینێکی زۆرو نیشتنەوە لە باڵەفڕخانەی هیثرۆ لـە بـەریتانیا بـۆ مـاوەی سـەعاتێك، باڵـەفڕە بـەنزینی وەرگـرتو هەنـدێك لەسەرنشـینان دابەزینو هەندێکی تازەش سەرکەوتن، دوای چەند سـەعاتێك فـڕین، ڕۆژی دوایـی واتـە ١٩٧٩/١/٤ ئێـوارە گەیشـتینە باڵەفڕخانـەی تـارانی نێودەوڵەتی، هەریـەك لـە خوالێخۆشـبوو شـێخ محەمـەد خالیـد بـارزانی، مەسعود بارزانیو هی دیکە چاوەڕێی گەیشـتنی تەرمـە پیرۆزەکـە بـوون، هەروەها شێروانی کوڕە گەورەم کە لە بەریتانیا گەڕابۆوە هاتبووە باڵەفڕخانە تا لە مەراسیمی بە خاك سپاردن بەشداری بکات.

کاتێك گەیشتینە ماڵی بـارزانی لـە کـەرەج، بینیمـان ژمارەیـەکی زۆر پەنابەری ئافرەتو پیـاو ڕاوەسـتاونو چـاوەڕێمان دەکـەن، جەنازەکـە بـەدەم گریانو باوکەڕۆی ژنانو پیـاوان دانـرا، دوای شووشـتنی تەرمـە پیرۆزەکـەو بەجێگەیاندنی مەراسیمە ئیسلامیەکانی، بڕیاردرا ڕۆژی دوایـی تەرمەکـە ببردرێتـە شـاری شـنۆی کوردسـتانی ڕۆژهـەلاتی بەئێرانـەوە لکێنـدراو، گۆڕستانی شەهیدانو بارزانییە کۆچکردووەکانو پەنابەران لەو شـارە بـوو، دەسەلاتدارانی حکومەتی تازە بەڵێنیاندا باڵەفڕەی هەلیکۆپتـەرمان بـدەنێ تا تەرمە پاکژەکەو یاوەران ببردرێنە شنۆ ئەو شەوە، خوالێخۆشـبوو لوقمـان بارزانی کوڕی بارزانی نەمر لە بەغداوە تەلەفۆنی بۆ ئیدریسی بـرای کـردو پێی ڕاگەیاند ڕەزامەندی حکومەتی عێراقی وەرگرتووە بەهێنانەوەی تەرمی



www.mukiryani.com

بارزانی بۆ کوردستانی عێراق، کاك ئیدریس مەرجێکی دانا ئەمیش سەرجەم ئەو کەسوکارو پەنابەرانەی کە یاوەری تەرمەکە دەکەن، پاش بەخاکسپاردنی بارزانی بگەڕێنەوە ئێران، عێراق بەم مەرجە ڕازی نەبوو، کاك ئیدریس گومانی لە نیەت و راستیی حکومەتی عێراق هەبوو، ئەو داواکاریەی رەتکردەوە.

ڕۆژی پاشتر جەنازەکە ئامادەکرا، هەزاران پەنابەر کە کاك مەسعودیش لە نێوانیاندا بوو روویان لە شنۆ کرد، ئێمە چاوەڕێی گەیشتنی هێلیکۆپتەرەکانمان دەکرد، دوای نیوەڕۆ گەیشتن و لە گۆڕەپانی بەرامبەر ماڵی بارزانی نیشتنەوە، گۆڕەپانەکە تژی بوو لە هەزاران پەنابەر کە لە شارە جیاجیاکانی ئێرانەوە هاتبوون بۆ ئەوەی جەنازەکە بەڕێ بکەن و بۆ دواجار سەیری بکەن، کاتێك جەنازەکە لە ماڵ هێنرایە دەرەوە هاوارو قیژەقیژو گریان دەستیپێکرد، بەزەحمەت جەنازەکە بردرایە ناو یەکێك لە هێلیکۆپتەرەکان، لەو کاتەدا لەناو ئاپۆرەی خەڵکەکەدا لیوا روکن کەمال مەستەفام بینی، ناوبراو ئەفسەرێکی عێراقی و دۆستی بارزانی بوو، لە بەشی یەکەم و دووەمی ئەم کتێبەدا باسمکردووە، بینیم دەگری و دەیەوێت بگاتە جەنازەکە، گەیاندمە لای جەنازەکەو دەستی پێداهێناو فرمێسك بە چاویدا دەهاتە خوارەوە.

محەمەد خالید بارزانی، ئیدریس، من، محەمەد سەعید دۆسکی، چەند خزم و پاسەوان و پەنابەر سەرکەوتینە سەر باڵەفڕەکە، نیوەڕۆیەکی درەنگ گەیشتینە شاری شنۆ، هێلیکۆپتەرەکان لە دەشتاییەکی بە بەفر داپۆشراوی نزیك گۆڕەستانەکە نیشتنەوە، دەیان هەزار هاوڵاتی کوردستانی رۆژهەڵات و پەنابەرانی کوردستانی باشوورو چەندان کەس لە پارچە دابەشکراوەکانی کوردستان لەوێ ئامادەبوون.



www.mukiryani.com

لەکاتی هێنانە خـوارەوەی جەنازەکـە، خەڵکەکـە پێشـبڕکێیان بـوو تـا بیخەنە سەرشان، دەنگی تەکبیرو هوتاف لێدان بە کوردسـتان‌و نـەمری بـۆ بارزانی بەرزدەبۆوە، جەنازەکـە بردرایـە مزگـەوتێکی نزیـك‌و دوایـی گـۆڕ ئامادەکرا، دەیان پیاوی ئاینی‌و مەلا، لە نێوانیدا سەماحەتی قـازی شـاری شنۆ کە پیر ببوو دەورەی جەنازەکەیان دابوو، قازی شنۆ باسی رۆڵی بارزانی‌و ئەو خزمەتانەی کرد کە بەدرێژایی ژیانی پێشکەش بە گەلی کوردی کردووە، هەروەها ئاماژەی بە رۆڵی بارزانی‌و بارزانییەکان لە کۆماری کوردستان لـە مەهابادا لە سالاٌنی (١٩٤٥، ١٩٤٦) سـەرەتای سـاڵی (١٩٤٧)دا کـردو شـەهیدیان داوە، هـەروەها دووپـاتیکردەوە کـە بـارزانی شـەهیدە چـونکە خزمـەتێکی زۆری گەلەکـەی کـردووەو قوربـانی داوەو هـەروەها ئێـوارەی پێنجشەممە واتە شەوی هەینی دوور لە خزم‌و کەسان‌و لە تاراوگـەدا وەفـاتی کردووە.

ئێمـە چـاوەڕوانی گەیشـتنی کـاك مەسـعودمان دەکـرد، چـونکە بـە ئوتۆمۆبیل دەهات، بەلاٌم دواکەوت، دوای خۆرئاوابوون پیاوانی ئاینی وتیان با چیتر دوانەکەوێت تەرمەکە بەخاك بسپێرین، بەدەم هوتاف کێشان‌و شین‌و واوەیلاوی جـەماوەر تەرمەکـە بـە خـاك سـپێردرا، کـاك ئیـدریس کورتـە وتارێکی خوێندەوە سوپاسی ئامـادەبووانی کـردو بـەڵێنی پێـدان بـۆ رۆژی دوایی بیانبینێت.

لێرەدا، دەبێت باسی رۆڵی شەریفانەی خەڵکی شنۆ بکـەم کـە هـەرگیز لـەبیرناکرێت، ئـەو جـەماوەرە زۆرەیـان بەسـەر ماڵـەکان دابەشـکردو ئاووخواردن‌و پێخەفیان پێدان، لە چـللەی بارزانیـدا هـەمان هەڵوێسـتیان نواند ئەو شەوە، شێخ محەمەد خالید، کاك ئیدریس، من، محەمـەد سـەعید دۆسکی، سانیع شێخ ئەحمەد بارزانی، شێخ وەحید بـارزانی‌و هـیتر میـوانی



www.mukiryani.com

ماڵی ڕەشیدبەگی هەركی ((یەكێك لە سەرانی عەشیرەتی هەركی لە كوردستانی ڕۆژهەڵات)) بووین، ئەوپەڕی خزمەتو پاسەوانیان كردین، هەموو ماڵەكانی دیكەش هەر وایانكرد، ڕاستی دەبێت بوترێت.

ڕۆژی پاشتر، دوای سەردانی گۆڕی بارزانیو خوێندنی سورەتی فاتیحەو قورئانی پیرۆز، خەڵكەكە لە گۆڕەپانێكی گەورەی شاری شنۆدا كۆبوونەوە، تەكبیریان دەكردو هوتافیان بۆ نەمریو سەربەرزی بارزانی دەكێشا، هەندێك ڕۆژنامەنووسو وێنەگری بیانیش لەوێبوون، كاك مەسعودو پاشان كاك ئیدریس لەوتەكانیادا سوپاسی ئامادەبووانو خەڵكی شاری شنۆیان كرد سەبارەت بەو ئاسانكاریو خزمەتانەی كە پێشكەشیان كردو لە وتەكانیاندا ئەوەیان دووپاتكردەوە كە لەسەر ڕێبازو پەیڕەوی بارزانی بۆ خزمەتكردنی گەلی كورد بەردەوام بنو بەهیوای ئەوەی جارێكی تر یەكتر ببیننەوە.

بەدڵێكی پڕ لە خەمو حەسرەتەوە ماڵاوایمان لەو مرۆڤە گەورەیەو باوكە دڵسۆزە كردو لە مەزارە پیرۆزەكەیدا جێمان هێشت، ئێمەو میللەتی كورد بەشێوەیەكی گشتی زۆر پێویستیمان بە بارزانی بوو كە لەو بارودۆخەدا لە نێوانماندا بێت تا سوود لە حیكمەتو دووربینیو بیروڕایەكانی وەربگرین، خوا ڕەحمی پێ بكاتو جێگەی لەگەڵ ئەولیاو پیاوچاكان بێت.

بە ئوتۆمۆبیلان گەڕاینەوە كەرەج، شێخ محەمەد خالیدو كاك ئیدریسو من بەهەمان ئەو ئوتۆمۆبیلەی كە پێش ئەوەی سەفەری ئەمەریكا بكەم لام بوو گەڕاینەوە، ئوتۆمۆبیلی دیكەش بەدوامانەوە بوو، كە هەندێك پاسەوانی بارزانییان تێدابوو لەوانە شەهید عومەر محەمەدئاغا دەوڵەمەڕی.

لەڕێگەی گەڕانەوەماندا لە ورمێ لە ماڵی دكتۆر سەید عەزیز شەمزینی لاماندا، سەید عەزیز كوڕی سەید عەبدوڵڵا فەندی شەمزینییەو لە خانەوادەی بەناوبانگی نەهری كوردستانی باكوورە، خاوەنی هەردوو



www.mukiryani.com

ڕەگەزنامەی عێراقیو ئێرانی بوو، پێشتر لە سوپای عێراقدا ئەفسەر بوو، ساڵی (١٩٤٥) هاتە ریزی شۆڕشی بارزانیو پاشان کۆماری کوردستان لە مەهاباد، بۆ خوێندن چووەتە یەکێتی سۆڤیەتو بڕوانامەی دکتۆرای وەدەست هێناوە، سەرەتای ساڵی (١٩٥٩) لەگەڵ بارزانییەکان گەڕاوەتەوە عێراقو سەرەتای شەستەکانی سەدەی رابردوو ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە، لە دوولەت بوونەوەی حیزب لە ساڵی (١٩٦٤) گەڕایەوە ئێرانو جێنشین بوو، ساڵی (١٩٧٩) تووشی رووداوی ئوتۆمۆبیل هاتو توانای قسەکردنی نەما.

دوای ئەوەی لە تەندروستی سەید عەزیزمان پرسیو بە ئامادەبوونی خوالێخۆشبوو سەید فاروقی برای چەند ساتێك لای ماینەوە ماڵاوایمان لێکردو هیوای چاك بوونەوەمان بۆ خواستو شەو گەیشتینە کەرەج، رۆژی پاشتر، پرسە لە ماڵی شێخ محەمەد خالید دانرا، سەدان کوردی پەنابەرو کوردانی ئێرانو کوردانی پارچەکانی دیکەی کوردستان لە پرسەکەدا ئامادەبوون بەرادەیەك رۆژو شەو ئەو ماڵە پڕ خەڵك بوو، پرسەکە چەند رۆژێکی خایاند، ئامادەبووان خەمو پەژارەی خۆیان بەرامبەر ئەو کارەساتە دەردەبڕی، کە دەچوونە دەرەوە بڕوایان نەدەکرد ئەو سەرکردە ئەفسانەییەو کەسە هەرە ئازیزەیان لەدەست دابێت.



www.mukiryani.com

# له ئێران دا

مەراسیمی پرسە کۆتایی هات و ئیشوکار گەڕایەوە دۆخی جاران، ئەوانەی لە دەرەوەی ئێران بۆ پرسە دەهاتن وردە وردە ژمارەیان کەم بۆوە، سێ هەفتە بەسەر ئەمەدا تێپەڕی.

ڕۆژێکیان زانیم کە عەبدولڕەحمان حاجی عەلی لە کوردستانی عێراق گەڕاوەتەوە، عەبدولڕەحمان هاتبووە ریزی شۆڕشی گولان و کوڕەکەشی هەر لە شۆڕشدا بەشدار بوو، بەلام بەداخەوە هەوالی شەهیدبوونیم زانی.

عەبدولڕەحمانی حاجی عەلی، لە هەردوو شۆڕشی ئەیلوول و گولاندا پێشمەرگەیەکی پالەوان بوو، لە عەشیرەتی مامەسینی ناوچەی دزەیی یان دەشتی هەولێرو برادەرێکی نزیکیشم بوو بۆیە بڕیارماندا بچینە شاری یەزد تا پرسەو سەرەخۆشی لێ بکەین.

دوای وەفاتی بارزانی سەرکردە، خانەوادەی هیچ شەهیدێك پرسەیان دانەدەنا، چونکە بارزانیان بە پێشەنگی شەهیدان لە قەلەم دەداو ئەو پرسەیەی کە بۆ ئەو دانرا پرسەی سەرجەم شەهیدان بوو.

من و شەهید عەبدولڕەحمان قازی و خوالێخۆشبوو و بورهان عەزیزئاغای ئامۆزام بە ئوتۆمۆبیل بەرەو شاری یەزد بەرێکەوتین کە چەند سەعاتێك لە تاران دوور بوو، دانی عەسر گەیشتین، دوای ئەوەی پرسەو سەرەخۆشیمان لە خانەوادەی عەبدولڕەحمانی حاجی عەلی کرد زانیمان پێشمەرگەیەکی پالەوان بەناوی مەردان ((ناوی باوکیم بیرنەماوە)) ئەمیش شەهید بووەو



www.mukiryani.com

ماڵەکەشی لەوێ زۆر دوورنییە، چووینە پرسەکەی‌و لەوێ زۆر خەفەتم خوارد ژنە گەنجەکەی‌و منداڵە بچووکەکانیم بینی، وێنەکەی بەدیوار هەڵواسرابوو، ئەو شەهیدەم دەناسی‌و پێشتر بینیبووم، کاتێك ژنەکەی دەستی کرد بە گریان من‌و ئەوانەی لەوێ بوون خۆمان بۆ نەگیراو لە پرمەی گریانماندا.

ئەو شەوە لە ماڵی عەبدولڕەحمانی حاجی عەلی ماینەوە، رۆژی پاشتر دوای فراڤین لەگەڵ بورهاناغای ئامۆزام ماڵاواییمان کرد، بەلاّم شەهید عەبدولڕەحمان قازی رۆژێکی دیکە مایەوە، لەرێگای گەڕانەوەماندا لە شاری کاشان سەردانی خوالێخۆشبوو ((سەعید مەسیفی))مان کرد، مەسیفی لە پێشمەرگە پاڵەوانە دیارەکان‌و بەر لە نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول بەڕێوەبەری بەندیخانەی رایات بوو.

ئێوارە چووینە ماڵی سەعید مەسیفی چەند ساتێك لای ماینەوە، سەعید برادەرو خزمێکی دوورو سەر بە عەشیرەتی دزەیی بوو، ئەمە دوا دیدارم بوو لەگەڵ ئەو، گەڕایەوە عێراق‌و ساڵی (١٩٩١) کۆچی دوایی کرد، خوا لێی خۆش بێت، چووینەوە تاران‌و لەوێوە بۆ کەرەج، درەنگی شەو گەیشتین، چوومە ماڵی بورهاناغا.

ئەو ماوەیەی کە لە ئێران بووم، رۆژانە سەردانی ماڵی بارزانیم دەکرد، لەگەڵ برایان ئیدریس‌و مەسعود پێشوازی مێوانانمان دەکرد، دیوەخانی سەرەکیمان گواستەوە ماڵی شێخ محەمەد خالید بارزانی بەو پێیەی کوڕە گەورەی پێشەوای روحی بارزانیان خوالێخۆشبوو شێخ ئەحمەدەو لە هەموو بارزانیەکانیش بەتەمەنتر بوو، زۆربەی کاتمان لەو دیوەخانە بەسەردەبرد، هەندێك جار لە ماڵی خۆیاندا لە کەرەج سەردانی پەنابەرانم دەکرد، چونکە لە ساڵی (١٩٧٦) کاتێك بوومە یاوەری بارزانی نەمر بۆ ئەمەریکا چاوم پێیان نەکەوتبوو، ئەوکاتەی سەفەرم کرد هەریەك لە بەڕێزان عەبدوڵلاّ



www.mukiryani.com

ئاغای پشدەریو ئەندازیار محەمەد ئەمین بـەگ کاروبـاری پەنابـەرانیان لـە فەرمانگەکانی حکومەتدا جێبەجێ دەکرد، لەبەر ئەوەی محەمەد ئەمین بەگ باری تەندروستی باش نـەبوو کـاك عەبـدوڵلاٚ پشـدەری زۆربـەی کارەکـانی رادەپەڕاند، پیاو بۆ خوا بلێت ئیشەکانی زۆر باش ڕایی دەکرد.

محەمـەد ئـەمین بـەگ، دوای ئـەوەی لـە ناشـتنی بـارزانی نـەمردا بەشداریکرد، باری تەندروستی بـەرەو خراپـی چـوو، بـۆ چارەسـەری چـووە بەریتانیا، دوای چەند هەفتەیەك لەوێ کۆچی دوایی کرد ((خـوالێی خـۆش بێت))، تەرمەکەیان بردەوە عێراق، خانەوادەکەی لە ئێـران بـوونو پاشـان گەڕانەوە عێراق، تاکە کوڕەکەی کە ناوی بەیاد بوو لە ئەمـەریکای بـاکوور دەیخوێند، تا ڕاپەڕینی ساڵی (١٩٩١) هەر لەوێدا ژیانی بەسەردەبرد.

دوای وەفاتی بارزانی، زۆربەی ئەندامە سەرکردەکانی سەرکردایەتی کاتی پارتی دیموکراتی کوردستان گەڕانەوە کەرەجی ئێران، لەو خانووانەی کە بـۆ پەنابەران تەرخانکرابوون، خانوویان بۆ تەرخانکردن تا تیایدا جێنشـین بـن، رۆژێکیان لەگەڵ کاك مەسـعود سـەردانمان کـردن، بینـیم هـەموویان لـە ژوورێك کۆبوونەتەوەو ژمارەیان حەوت کەس بوو، خەریکی پێکەنینو نوکتە گێڕانەوە بوون، کە سلاٚومان لێکردن تەنیا دوانیان هەستانەوە، هەنـدێکیان راکشابوون تەنانـەت یـەکێکیان لەسەرپشـت راکشـابوو و هـەردوو قاچـی بەدیواری ژوورەکەوە هەڵپەرساردبوو، بێ ئەوەی جوولەی لێوە بێت خـەریکی خوێندنەوە بوو، بەمە زۆر خەفەتم خواردو لەدڵی خۆمدا وتم ئای لە سـادەیی بارزانیو وای لە هەڵسوکەوتی سەرکردە تازەکانی حیزبمان، هیچ ئاماژەیەکی ڕێزلێنانیان تەنانەت بەرامبەر سەرۆکی داهاتووی حیزب پیشان نـەدا، بـێ ئەوەی دابنیشم لە ژوورەکە هاتمـە دەرەوە، کـاك مەسـعودیش هاتـە دەرەوەو چووینە ماڵی شێخ محەمەد خالید، دڵم پڕ لە حەسرەت بوو، لـەو بڕوایـەدام



www.mukiryani.com

کاك مەسعودیش هەمان هەستی هەبوو بیٚ ئـەوەی هـیچ یـەکیٚکمان شـتی دڵی خۆی بە ئەویتر بڵیٚت، ئەمەم بۆ کاك ئیدریس گیٚڕایەوە، سەرکۆنەی ئەو هەڵسوکەوتە منالاٚنەی کردو نارەزایی دەربڕی.

هەندیٚك رۆژ بۆ کڕینی پیٚداویستی یان سەردان دەچـوومە تـاران، چـەند رۆژیٚك دوای بە خاك سپاردنی بارزانی، شیٚروانی کوڕە گـەورەم بـۆ خویٚنـدن گەڕایەوە بەریتانیا، شیٚروان بۆ بەشداریکردن لـە بـەخاك سـپاردن هـاتبۆوە ئیٚران، شیٚروان لە کۆلیٚژی نیوبەری برادەریٚکی هەبوو ناوی محەمەد بـوو کـە کوڕە زانایەکی ئاینی بوو لە تاران، سەید رەزای باوکی محەمەد تەلەفۆنی بۆ کردین بۆ فراڤین داوەتی کردین، لەکاتی دیاریکراودا، کاك ئیـدریس، شـیٚخ وەحید بارزانی، منو هەندیٚکی تر کە ناوەکانیانم لەبیرنەماوە چووینە مـاڵی سەید رەزا، لەویٚ بەدیارکەوت کە ئەو خانووە ماڵی ئەو نییە، ئەو هەرچەند فەرمانبەریٚکی سادەو لەسەر شا حیساب بوو، بەلاٚم دیارکـەوت کـە پیٚیـان وتووە ئەو داوەتە ساز بدات سەید رەزا گوایا پاریٚزگاری دەکرد.

جاریٚکی دیکەش، سەید رەزا بۆ فراڤین داوەتی کردم، دوو کەسی دیکەش لەویٚبوون کە یەکیٚکیان بازرگانی مافوورو کوردی کرماشان بوو، دوای نـان خواردن سەید رەزا ئیٚمەی بردە ژووریٚكو لەسـەر مـافوور دانیشـتین، سـەید شتیٚکی وەك نیٚرگەلەی هیٚناو شتیٚکی وەك بنیٚشت یان شەمیٚی خستە ناوی، لام وایە تریاك بوو، ئاگریان تیٚبەرداو دەستیان بە کیٚشان کرد، ئەوان بەنۆرە دەیان کیٚشاو داوایان لەمنیش کرد، داوای لیٚبوردنم کردو وتم لە ژیانمدا شتی وام تاقی نەکردۆتەوەو نامەویٚت تاقیشی بکەمەوە، ئـەوان پیٚکـەنینو وتیـان ئەمە لە ئیٚران شتیٚکی سروشتیو ریٚگەپیٚدراوەو یارمەتی بووژانـەوەی بـیرو رۆح دەدات، دوای ماوەیەك مۆڵەتم لیٚ وەرگرتنو گەڕامەوە کەرەج.



www.mukiryani.com

وەك باسمكرد، سەرەڕای سەردانی دیوەخانی شێخ محەمەد خالید بارزانی یان هەندێك لە پەنابەران لە ماڵی خۆیاندا، هەندێك جار لە ماڵی خوالێخۆشبوو جەرجیس فەتحوڵلاّ لەگەڵ لیوا روکن کەمال مەستەفاو شێخ حوسێن سەید ئەحمەد خانەقاو شێخ رەزا گولاّنیو بورهان ئاغا دزەییو کاك محەمەد عەزیز ((خوا عومری درێژ بکات)) کاتمان بەسەردەبرد، لەوێ گوێمان لە نوکتەکانی خوالێخۆشبوو عەبدوك باوەو پەیوەندی لەگەڵ جەرجیس فەتحوڵلاّ دەگرت.

هەریەك لە لیوا روکن کەمال مستەفاو محەمەد عەزیز لەولاّتێکی ئەوروپا داوای مافی پەنابەریتیان کرد، خۆیان بۆ سەفەر ئامادەکرد، یەکەمیان لە بەریتانیا گیرسایەوەو لەوێش لە ٨/١/٢٠٠٠ کۆچی دوایی کردو بە فەرمانی سەرۆك مەسعود بارزانی تەرمەکەی هێنرایەوە کوردستانو لەسەر وەسیەتی خۆی لەپیرمام بە خاك سپێردرا، کاك محەمەد عەزیزیش لە ساڵی (١٩٧٩)ەوە لە ئەڵمانیا وەك پەنابەری سیاسی دەژی، زۆربەی کاتەکانی لە کوردستان بەسەردەباتو جار جار بە مەبەستی چارەسەری پزیشکی سەردانی ئەڵمانیا دەکات.



www.mukiryani.com

# چلەی بارزانی نەمر

هەرکە وادەی تێپەڕبوونی چل ڕۆژ بەسەر کۆچی دوایی سەرکردەی مـەزن بارزانی نەمردا هات، واتە لە ١٠/٤/١٩٧٩ هەزاران پەنابـەر ڕوویـان لـە شاری کەرەج کرد تا بچنە شاری ((شنۆ))ی کوردستانی ئێـران، هـەروەها هەزاران لە پەنابەرانی دانیشتوانی شارەکانی باکووری تاران یەکسەر چوونە شاری شـنۆ تـا بەشـداری لـە مەراسـیمی چـللەی ماتـەمینی سـەرکردەی نەمریانو باوکی روحیان بارزانی نەمردا بکەن.

ڕۆژی ٩/٤/١٩٧٩، بەشێوەی کاروان کەرەجمان جێهێشت، کاروانەکـەی ئێمە نزیکـەی (٣٠) ئوتۆمۆبیـل دەبـوو، کـاك ئیـدریسو نزیکـەی (٢٠) پێشمەرگە لەگەڵ کاروانەکەی ئێمەدا بوون، یەکـەم گیروگرفـت لـە شـاری کەرەج دا تووشمان هات، کاتێك بە شـەقامەکانی ئـەو شـارەدا تێدەپـەڕین، مێردمنـداڵێك چـەکدارەکانی ئێمـەی بینـی یەکسـەر خەبـەری بنکـەی پۆلیسیدا، پۆلیس ماوەی نیو سەعات کاروانەکەی ڕاگرت، دوای ئەوەی لـە ناسنامەکانمان دڵنیابوون، پەیوەندیان بە تارانەوە کرد.

نیوەڕۆ گەیشتینە شاری زەنجانو لە چێشتخانەیەکی سەر ڕێگـای گشـتی لاماندا کە کـەوتبووە لێـواری شـارەکەوە، دوای نیـو سـەعات یـەکێك لـە پێشمەرگەکانمان کە پاسەوانێکی نزیکی بارزانی نەمر بوو ئەویش شەهیدی پاڵەوان ((عومـەر محەمـەدئاغا دۆلەمـەڕی)) بـوو هـاتو وتـی پاسـدارە



www.mukiryani.com

چەکدارەکان دەورەی چێشتخانەکەیان داوە، سەنگەریان گرتووەو لوولەی تفەنگەکانیان ئاراستەی ئێمە کردووە.

دوای ئەوەی پەیوەندیمان بە سەرۆکەکەیانەوە کرد دیار بوو ئەویش پەیوەندی بە لێپرسراوی یەکەمی شارەکەوە کرد کە ئاخوندێك بوو، هاتە لامانو دیارکەوت هیچ شتێکی دەربارەی ئێمەو بوونمان لە ئێران نەدەزانیو هەروەها نەیدەزانی ئێمە کێین.

کابرای لێپرسراو پرسیاری سەیری ئاراستە کردین، وەك لە کام خاڵ سنووری ئێرانتان بڕیوەو بۆ هاتوونەتە ناو خاکی ئێرانەوە، سەرەڕای ئەمانە پیاوێکی بەڕەوشتو بەوپەڕی ڕێزەوە بەخێری هێناین، ئاخوندەکە پەیوەندی بە تارانەوە کردو ئەوان مەسەلەکەیان تێگەیاندو ئەمیش داوای لێبووردنی کردو پرسی ئاخۆ پێویستیمان بە هیچ نییە؟ چەکدارەکان گەڕانەوە بارەگاکانیانو ئێمەش بەرێکەوتینو شەو گەیشتینە شاری ((شنۆ))، لەوێ ئامادەیی تەواو وەرگیرابوو و بەسەرماڵەکان دابەشیان کردین، بەراستی زمانو قەڵەم لە ئاست دانیشتوانی شاری شنۆدا لاڵە، پێشوازی گەرمیان لە هەزاران پەنابەری هاتوو لە ئێرانو کوردانی ئێرانو عێراقو بەشەکانی دیکەی کوردستان کرد، کەس بێ جێگەو شوێنو خواردن نەمایەوەو هەموو پێداویستییەکی حەسانەوەیان ئامادەکرد.

ڕۆژی دواتر، دەیان هەزار کەس لە شاری شنۆ بە دەوری مەرقەدی بارزانی نەمرو دەشتاییەکانی دەوری گۆڕستانەکە کۆبوونەوە، بەم بۆنەیەوە وتاری ماتەمینی خوێندرایەوە، شاعیری کوردستان خوالێخۆشبوو- هەژار- بەم بۆنەیەوە قەسیدەیەکی خوێندەوە کە تیایدا ئاماژەی بە ژیانو خەباتی سەرکردەی نەمر کرد کە هەر لە ڕۆژی لە دایکبوونییەوە تا کۆچی دوایی تووشی بەندیخانەو نەفیکردن هاتووەو خەباتەکەی لە پێناو گەلەکەیدا بووە،



www.mukiryani.com

زۆر لــە ئامادەبووەکــانم بینــی لــە پرمــەی گریانیــان دەدا، لــەو چــللەی ماتەمینیــەدا ژمارەیــەك رۆژنامــەنووس و وێنــەگری بیــانی ئامــادەبوون و مەراسیمەکەیان بە رۆژنامەکانیان لە دەرەوە راگەیاند.

ئینجا هەریەکە لە برایان ئیدریس و مەسعود قسـەیان بـۆ ئامـادەبووان کردو سوپاسی ماندووبوون و ئەرك کێشانیان کردن و بەڵێنی ئەوەیان پێـدان لەسەر هەمان ئەو رێبازەی کە بارزانی نەمر نەخشەی کێشابوو بەردەوام بن، هەروەها لەم بارودۆخەدا هاوکـاری یـەکتر بکـەن، لـە کۆتاییـدا سوپاسـی دانیشتوانی شاری شنۆیان کرد لە بەرامبەر ئەو هەموو خزمەتگوزاریانـەی کە بەم بۆنەیەوە پێشکەشیان کرد.

هەنـدێك لـە برایـانی کوردسـتانی رۆژهـەڵات، بیرخەرەوەیەکیانـدا بـە حکومەتی ئێران کە تیایدا هەندێك داوکـاری گـەلی کوردیـان لـە ئێرانـدا خستبووە روو، ئەوەی جێگەی داخـە لـە برگـەی هەشـتەمی بیرخەرەوەکـەدا برگەیەك هاتبوو و داوای کردبوو ((پەنابەرە کوردەکانی عێـراق لـە ئێـران دەربکرێن))، لەو بروایـەدام ئـەو برگەیـە لـە ژێـر فشـاری دەسـەڵاتدارانی عێراقدا بووە، چونکە پاڵپشتی بزووتنەوەی کوردستانی ئێرانیان دەکرد، ئەو جەماوەرەی کە بەشداری چللەی ماتەمینی بارزانی نەمریان کرد، ناو بـەناو هوتافیان دژ بەو برگەیە لێدەدا.

چللەی ماتەمینیەکە تا نیوەرۆی ئەو رۆژەی خایانـدو پاشـان خەڵکەکـە بلاوەیان لێکرد، خەڵکی رێزداری شاری شنۆ لێ نەگەران کەس بـێ فـراڤین بروانەوە، سینی خواردەمەنی لە شەقام و کۆڵانەکان دانرابوون، پیرو لاوی ئەو شارە بەناو خەڵکدا دەسوورانەوەو داوای فراڤین خواردنیان لێ دەکـردن، ئـەو هەڵوێستە مەردانەو رێزداریەی سەرجەم دانیشتوانی شاری شـنۆ قـەت لـە بیرناکرێت.



www.mukiryani.com

دوای ئەمانە، خەڵکەکە گەڕانەوە شوێنەکانی خۆیان‌و ئێمەش گەڕاینەوە کەرەج، ئەو چللەی ماتەمینیە بە سەلامەتی تێپەڕی جگە لـە ڕووداوێکـی هاتووچۆ لە نزیك شاری قەزوێن کە کاك ڕەشید عارف بریندار بوو و بردیانە نەخۆشخانە، کاك ئیدریس زۆر بایەخی پێداو شەهید فرەنسۆ هەریری نـاردە لای، دکتۆرەکان بەڵێنی باشییان پێدا.



www.mukiryani.com

# سەفەرم بۆ دەرەوەی ئێران

دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە دوو مانگ بە سەر وەفاتی بارزانی، بە برایان شێخ محەمەد خالید بارزانیو ئیدریسو مەسعودم وت ئەگەر نیازم وایە سەفەری بەریتانیا بکەم، چونکە خانەوادەکەم لەوێنو هەندێك کات بەسەر ببەمو دوای تەواوکردنی کاروباری پەنابەریم دەگەڕێمەوە ئێران، برایان هەموویان ڕەزامەند بوون.

دەسەلاّتدارانی ئێران لە سەردەمی ((شا))دا، دوای ئەوەی بووینە یاوەری بارزانی نەمر بۆ سەفەری ئەمەریکا جۆرە پاسپۆرتێکیان بەناوی خوازراوە پێدابووین کە ناوەکان زۆر لە ناوی ڕاستەقینەی خۆمانەوە نزیك بوون، لەگەڵ کاك عەبدوڵلاّ پشدەری سەردانی فەرمانگەی سەفەری حکومەتی شۆڕشی ئیسلامیمان کرد، کاك عەبدوڵلاّ کاروباری پەنابەرانی بەڕێوەدەبرد، کاتێك پاسپۆرتەکەم پیشانی ئەفسەرێکی لێپرسراوی گەنج کە پلەکەی مولازمی یەکەم بوو دا وتی: ((بەدوای ئەو پاسپۆرتەدا دەگەڕام، چونکە بەرێگایەکی تایبەت دەرچووە))، چەندی هەوڵماندا مەسەلەکەی تێبگەیەنین، بەلاّم بێ سوودبوو، پاسپۆرتەکەی لای خۆی گل دایەوەو هیچ کارێکی پێویستیشی دەرهەق بەمن نەکرد، بێ پاسپۆرت لە فەرمانگەکە هاتینە دەرەوە.

زۆربەی ولاتانی ئەوروپا، لە سەردەمی ((شا))دا ڕێگەیان بە هاوولاّتیە ئێرانیەکان دەدا ئەگەر پاسپۆرتی ئێرانیان هەبوایە بەبێ ڤیزا بچنە ناو



www.mukiryani.com

**ولاتەکانیانەوە، تا هاتنە سەر حوکمی شۆڕشی ئیسلامیش ئەمە کاری پێ دەکرا، شێروانی کوڕم کە پاسپۆرتێکی ئاسایی بەناوی راستەقینەی خۆیەوە هەبوو، لە بەریتانیاوە هاتە ئێرانو لە مەراسیمی ناشتنی بارزانی نەمردا بەشداریکردو گەڕایەوە بەریتانیا بێ ئەوەی تووشی هیچ گیروگرفتێك ببێت، منیش دەمویست پاسپۆرتە ئێرانیەکەم بپارێزم تا بەهۆیەوە بچمە بەریتانیا.**

**کاك عەبدوڵڵا پشدەری لەبیرەوەرییەکانیدا دەڵێت: پاسپۆرتەکەی موحسین دزەیی ساختەبوو بۆیە گلیان دایەوە، پێشتر دەربارەی ئەمە روونکردنەوەیەکەم لە رۆژنامەی بەڕێزی- خەبات- دا بڵاوکردەوەو تیایدا وتم پاسپۆرتی ناوبراو ساختە نەبوو، بەڵکو لە دەسەڵاتدارانی فەرمی ئێرانی وەرم گرتبوو و هەروەها ئەمە تاکە پاسپۆرت نەبوو، بەڵکو یەکێك بوو لەو پێنج پاسپۆرتەی کە پاسپۆرتی بارزانی نەمرو برایان مەسعودو سیهاد دکتۆر نەجمەدین عومەر کەریمی پارێزگاری ئێستای کەرکوك، بەم جۆرە بوو.**

**وەك کاك عەبدوڵڵا باسی دەکات، من بە هیچ پاسپۆرتێکی ساختە سەفەری بەریتانیاو هیچ ولاتێکم نەکردووە، چونکە پێویستیم بەمە نەبووە، پاسپۆرتی دیبلۆماسیم کە لە شوباتی ١٩٧٤ لە بەغدا دەرچووە تا شوباتی ١٩٧٨ کاری پێ دەکرا بەو سیفەتەی ئەوکاتە وەزیر بووم، هەروەها لەکاتی هەندێك سەرداندا کە وەك شاندی سەرکردایەتی شۆڕش دەچووم پاسپۆرتی ئێرانیم بۆ دابین دەکرا، سەرەڕای ئەمانەش، مەسەلەی پاسپۆرتی ساختە بۆ سیاسەتمەداران بەکارێکی ئاسایی دەزانم، سیاسەتمەداری ئۆپۆزیسیۆن پاسپۆرتی لێ وەردەگیرێتەوەو لە دەرەوەی ولاتی خۆیدا دەژی، شتێکی ئاساییە بەڵگەنامەی ساختەی هەبێت تا لە چالاکی سیاسی بەردەوام بێت بەتایبەتی لە ولاتانی رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا.**



www.mukiryani.com

دەگەڕێمەوە باسی سەفەرەکەم، دوای ئەوەی لـە گەڕاندنـەوەی پاسـپۆرتە ئێرانیەکـەم هیـوابڕاو بـووم، لەگـەڵ کـاك عەبـدوڵڵا پشـدەری چـووینە فەرمانگەی تایبەت بەدەرکردنی ((بەڵگەنامەی هاتووچۆ))-لێسی پـاس-Lesset passet، لە بەخت باشـیمان پیـاوێکی عەسـکەری بـە پلـەی لیـوا بەرپرسی ئەو فەرمانگەیەو هاوسۆزی کێشەی کـوردو پاڵپشـتی پەنابـەران بوو، وتی بەیانی بەڵگەنامەکانتان بۆ دەکـەمو پێویسـتە وێنـەی پێویسـت ئامـادە بکـەین، رۆژی دوایـی چـووینەوە لای، لەرێکـەوتی ١/٥/١٩٧٩ بەڵگەنامەکانمان وەرگرتو بۆ ماوەی مانگێك کـاری پـێ دەکـرا تـا ئێـران جێبهێڵینو مافی گەڕانەوەمان نەبێت، سوپاسی ئەفسەری ناوبراومان کـردو مەمنوونی بووین، بۆ راستیو مێژووش دەڵێم کاك عەبـدوڵڵا پشـدەری زۆر ئەزیەتی بۆ کێشامو مانـدووبوو بـە تایبـەتی کـاتی سـەردانی فەرمانگـە فەرمیـەکان وەك چـۆن لەگـەڵ پەنابـەرانیش مانـدووبوو، کـاك عەبـدوڵڵا فارسییەکی جوانی دەزانیو دەیتوانی بەو زمانە بنووسێتو بخوێنێتەوە.

رۆژی پاشتر بۆ وەرگرتنی ڤیزا چوومە کونسوڵیەتی بەریتانیا، بـارودۆخی خۆم بۆ باسکردنو وتم خانەوادەکەم لە بـەریتانیان، زانیـاری تـەواویان لـێ وەرگرتمو وتیان دوای هەفتەیەك بۆ ئەنجامەکەی وەرەوە.

بەر لەوەی ئێران جێبهێڵمو بەهیوای ئەوەی کـاتێکی دیکـە بگەڕێمـەوە، ماوەی مانگێکم لە بەردەمدا بوو، لەو ماوەیەدا سـەردانی مـاڵی پەنابـەرە دانیشتووەکانی کەرەجم کردو مالآواییم لێکردن بە تایبەتی ماڵی پاسـەوانە تایبەتیەکانی بارزانیو پیاوە نزیکەکانی، هەستم بە نزیکیەکی زۆر لەگـەڵ ئەوانەدا دەکرد، ئەو سەردانانە ئاسوودەییان بە هەستم دەبەخشـیو لـەرووی دەروونیەوە دڵشاد دەبووم، لـەو بڕوایـەدا بـووم ئـەوانیش هـەمان هەسـتو سۆزیان بەرامبەر من هەبوو.



www.mukiryani.com

هەریەك لە برایان لیوا روکن کەمال مستەفاو محەمەد عەزیز بەر لـەمن ڕەزامەندی سەفەرو ڤیزایان وەرگرتو کاتی سەفەریان هات، هەرچی پارەیان هەبوو لای من دایان نا، وایان زەن دەکرد من لـەوان باشـتر دەتـوانم پارەکـە بگوێزمەوەو وەك ئەوان نامپشکنن، پارەی هـەر یـەکێکیان لـە (١٠٠٠٠) دۆلاریـان زیـاتر نـەبوو، یەکـەمیان چـووە بـەریتانیاو دووەمیشـیان چـووە ئەڵمانیا.

دوای هەفتەیەك سەردانی کونسوڵیەی بەریتانیام کرد، وتیان لە لەنـدەن وەرامان بۆ نەهاتۆتەوە، ڕۆژ نارۆژێك ماوەی مانگێك سەردانی ئەویم دەکـرد، بەڵام بێ سوود بوو.

وەك باسمکرد، لەو ماوەیەدا زۆربـەی بـەیانیو ئێـواران سـەردانی مـاڵی پەنابەرانم دەکرد، هەموو بەیانیان دەچـوومە مـاڵی شـێخ محەمـەد خالیـد بارزانی، زۆربەی فراڤینو شیوم لەگەڵ ئەوان یان برایان کاك ئیدریسو کـاك مەسعود دەخوارد، هەندێك جاریش برادەرە پەنابـەرەکانی شـارە نزیکـەکانی دەرەوەی تارانم پێشوازی دەکرد، لێرەدا ڕووداوێکی خۆش دەگێڕمەوە، بورهـان ئاغا دزەیی ئامۆزام کە لە ماڵی ئـەوان دەمامـەوە ئوتۆمـۆبیلێکی کـۆنی هەبوو نازانم چ جۆرێك بوو، ئوتۆمۆبیلەکە پەکی کەوتو نازانم هۆکارەکـەی چـی بـوو، شـێرزاد ((شـێرۆ))ی کـوڕی وتـی مـن دەرچـووی پەیمانگـەی تەکنیکیمو چاکی دەکەمەوە، ماوەیـەکی زۆر خـەریکی مەکینەکـە بـوو و زۆربەی بەشەکانی دەرهێنا، بەڵام بێ سوود بـوو، وا ڕێکـەوت پێشـمەرگەی ناودار محەمەد بەربەیار خەبەری نارد سبەینێ دێتە لام، محەمەد لە شارێکی نزیك تاران دەژیاو میکانیکێکی شارەزا بوو لە بواری چاککردنەوەی هەموو جۆرە ئوتۆمۆبیلێك، شێرۆم دڵنیـا کـرد لـەوەی سـبەینێ بەربـەیار دێـتو ئوتۆمۆبیلەکە چاك دەکاتەوە.



www.mukiryani.com

محەمەد بەربەیار گەیشت، دوای پشوودانو چا خواردنەوە وتم محەمــەد زۆر مەدحم کـردی، داوا دەکـەم ئوتۆمۆبیلەکـەی بورهاناغـا چـاك بکەیتــەوە، محەمەد هەستایە سەر پێو وتـی: بـە ئیزنـی خـوا چـاکی دەکەمــەوە، دوو سەعات خەریکی بوو بەلاَم بە ماندوویی گەڕایەوەو وتی: ((شــێرۆ ئــەوهای تێکداوە بە باوکی منو هیچ فیتەرێك چاك نابێتەوە))، پێکـەنینو تـا ئـەو ماوەیەی لە تاران بـووم ئوتۆمۆبیلەکـە لـەوێ کـەوتبوو و نـازانم دوایــیش چارەنووسی بە چ گەیشت.

بەدرێژایی مانگی مایس، هەفتــەی ٢-٣ جـار سـەردانی باڵیۆزخانــەی بەریتانیام دەکرد یان تەلەفۆنم بۆ دەکردن تا بزانم ڤیزاکەم بەچـی گەیشــت، بەلاَم بـێ سـوود بـوو، هــەموو جـار وەرامیـان ئـەوە بـوو کـە ڕەزامەنــدی نەگەڕاوەتەوەو چاوەڕێ بکەم، زۆر بێزار بوومو ماوەی بەڵگەنامەکەشم تــەنیا دوو ڕۆژی مابوو، چوومە باڵیۆزخانەی ئەڵمانیای فیدراڵ، پێشتر لێپرســراوی دووەمی باڵیۆزخانەکەم دەناسی، پرسیارم کـرد وتیـان بـۆ باڵیۆزخانەیـەکی دیکە گواستراوەتەوە، کونسوڵ پێشوازی کردمو بردمیە ژووری تایبەتی خۆی، باسی بارودۆخی خۆم بۆ کردو پاسپۆرتی دیپلۆماسـی سـەردەمی وەزیریشــم پیشاندا، بەلاَم کاریگەری نەمابوو، چونکە سـاڵێکی بەسـەردا تێپــەڕیبوو، وتی ئەگەر پاسپۆرتە دیپلۆماسیەکەت کاریگەری مابا هەر ئێستا ڤیزام بۆ دەکردی، پاشان سەیری بەڵگەنامەی هاتووچۆی کرد، بەڵێنی دامـێ بـەیانی واتە ١٩٧٩/٥/٣١ ڤیزام بـۆ ئامــادە دەکـاتو وتــی باڵەفڕەیــەکی هێڵـی ئاسمانی ئەڵمانی ((لوفتانزا)) ڕۆژی پاشتر لە تارانەوە دەچــێتە فرانکفــۆرت واتە لە ٦/١، ئەو ڕێکەوتەش دوا ڕۆژی بەسەرچوونی بەڵگەنامەکە بوو کە دەسەلاَتدارانی ئێرانی بۆیان کردبووم.



www.mukiryani.com

به سوپاسەوە باڵیۆزخانەم جێهێشتو بەڵگەنامەم لەلا جێهێشتو بە ئومێدی ئەوەی بەیانی بچم لەگەڵ ڤیزای ئەڵمانیا وەریان بگرمەوە، ڕۆژی پاشتر، چوومە باڵیۆزخانەو ڤیزام وەرگرت، یەکسەر چوومە نووسینگەی هێڵی ئاسمانی ئەڵمانیا ((لوفتانزا))و تیکیتی سەفەرم بۆ شاری فرانکفۆرتی ئەڵمانیای فیدراڵ بڕی.

وەك باسمکرد، لە ماوەی مانگی ئایاردا سەردانی پەنابەرە دانیشتووەکانی شاری کەرەجم دەکرد، لە دوا هەفتەدا سەردانەکانم چڕتر کردەوە بە تایبەتی بۆ لای شێخانی بارزان ئەوانەی خزمی بارزانی نەمر بوون، لە دوو ڕۆژی دواییدا سەردانەکانم تایبەت بۆ لای کوڕانو نەوەکانی بارزانیو محەمەد خالید بارزانی، سەردانی ماڵی خوالێخۆشبوو ((سابیر))ی کوڕی بارزانی نەمرم کرد، سابیر لە ئەنفالکردنی بارزانییەکان ساڵی ١٩٨٣ شەهید بوو، پێشتریش سەردانم دەکردو پەیوەندیەکی تایبەتی برادەرایەتیمان هەبوو و لای من زۆر ڕێزدار بوو، لای سابیر چاوم بە خوالێخۆشبووی دایکیو خوشکەکانیو منداڵە بچووکەکانیو ساڵح مەحمود بارزانی پوورزای کەوت، هەموویان زۆر بەخێریان هێنام.

سابیر وتی شتێکی نهێنیت لەلا باس دەکەم ئەمیش ئەوە بوو بڕیاریدا بۆ عێراق بگەڕێتەوەو وتی با ئەمە نهێنی بێت لە نێوانمان هەنجەتیشی ئەوە بوو کە باوکی وەفاتی کردووەو هیچ کارێك نییە بیکاتو پێویست ناکات لە ئێران بمێنێتەوە، وەرامم دایەوە من ئێستا لە پایەیەکدا نیم تا کەس هان بدەم بۆ عێراق بگەڕێتەوە یان ڕێگری لێ بکەم، بەڵام بەو سیفەتەی کە برادەریو خۆم بە کەسێکی نزیکی بارزانیو خانەوادەکەی دادەنێم ئامۆژگاریت دەکەم کە نەگەڕێیتەوە، لێرە لەگەڵ براو خزمەکانتدا بمێنەوە، ئەگەر هەستت بە هەر گیروگرفت یاخود پەراوێزخستنێك کرد ئەوا قسە



www.mukiryani.com

لەگەڵ شێخ محەمەد خالید بکە، چونکە گەورەی خانەوادەیەو تێت دەگـاتو گیروگرفتەکانت چارەسەر دەکات.

سابیر، سەرەڕای ئەوەی کە وتی بیر لەو مەسەلەیە دەکەمەوە، بەلاّم دیـارە لەسەر گەڕانەوە مکوڕ بوو، گەڕایـەوە عێـراقو دوای ئـەوە بینیمـان پـاش ساڵێك عوبێدوڵلاو لوقمانی برای چیان بەسەرهاتو سابیریش لەگەڵ هەشت هەزار بارزانی دیکە لەسەر دەستی سەدامی گۆڕبەگۆڕو ڕێژێمـە فاشـیەکەی سـاڵی ١٩٨٣ ئـەنفالکران، خـوا لـەوانو سـەرجەم قوربانیـانی ئـەنفالو شەهیدانی عێراقو کوردو کوردستان خۆش بێت.

دوای ئەوەی ماڵی سـابیرم جێهێشـت کـە بەداخـەوە ئەمـە دوا دیـداری نێوانمان بوو، چوومە ماڵی شێخ محەمەد خالید مالاّواییم لێکرد، موسیر بوو کە بۆ بەڕێکردنم بێتـە باڵەفڕخانـە، بـەلاّم مـن قبـوڵم نـەکردو وتم ئەمـە مەحاڵە، دوایی بەوە رازی بوو کە ((رەبیع))ی کوڕی یاوەرم بێت.

ڕۆژی پاشتر، هەریەك لە برایـان ڕەبیـع شـێخ محەمـەد خالیـد بـارزانیو عەبدوڵلاّ پشدەری هەڵسـوڕێنەری کاروبـاری پەنابـەران یـاوەرم بـوون، لـە دەرگای باڵەفڕخانە سوپاسی ڕەبیعم کردو ئەوەی کە سابیر بۆی باسکردم بـۆم گێڕایەوەو داوام لێکرد ئەو قسانە بگەیەنێتە شـێخ محەمـەد خالیـد بـەڵکو بتوانێت سابیر لە گەڕانەوە پەشیمان بکاتەوە.

ڕۆژێك پێشتر، واتە ئەو ڕۆژەی کە ڤیـزەی ئـەڵمانیای فیـدراڵو تیکتیـی سەفەر بەرەو فرانکفۆرتم بڕی، بۆ دواجار سەردانی باڵیۆزخانـەی بـەریتانیام کرد تا بزانم چارەنووسی ڤیزاکەم بەچی گەیشتووە، وەك جـاران وتیـان هـیچ وەرامێکمان بەدەست نەگەیشتووە، وتم من سەفەری ئەڵمانیا دەکەم، چونکە کاریگەری پسووڵەکەم تەواو بووە، وتیان هەرکـە ڤیزاکـەت گەیشـت ئێمـە



www.mukiryani.com

دەینێرینە کونسولیەتی خۆمان لە شاری دۆسلدۆرف، پێویستە سەردانی ئەوێ بکەم.

عەبدوڵڵا پشدەری لە باڵەفڕخانە یاوەرم بوو، داوام لێکرد نەڕوات تا شوێنی پەڕینەوەی پاسپۆرت دەبرمو کارە فەرمیەکان تەواو دەکەمو سواری باڵەفڕە دەبم، من زۆر نیگەران بووم، چونکە بارودۆخ شڵەژاو بوو و حکومەتی شۆڕشی ئیسلامی نەکەوتبووە سەر پێ، فەرمانبەر بە ئارەزووی خۆی کاری دەکرد، هۆیەکی دیکەی نیگەرانیەکەم ئەو بەڵگەنامەی سەفەرە بوو کە لە باخەڵمدا بوو و هەروەها پاسپۆرتی ئێرانیم لێ سەندرابۆوە، لەو بڕوایەدا بووم کە ناوم لە تۆمارگەی باڵەفڕخانەدا بۆ قەدەغەکردنم لە سەفەر نووسرابێت، هۆکاری دووەمی نیگەرانیم بوونی هەندێك ئەمانات بوو لەلام، وەك پێشتر باسمکرد هەندێك پارەی لیوا روکن کەمال مستەفاو محەمەد عەزیز قادرم لەلا بوو و لەناو جانتای جلو بەرگدا پاراستبوومن.

دوای پشکنینێکی رۆتینی، بواریان دام بە خاڵی گومرگدا تێبپەڕمو بەشێوەیەکی ئاساییش بە خاڵی پاسپۆرتدا تێپەڕیم، دوا خاڵ شوێنێك بوو کە ئامێرێکی ئەلەکترۆنی بەشێوەی دەروازەیەك تیادا دانرابوو، کەسێك بەجلو بەرگی مەدەنی راوەستابوو، کە لام وایە پاسدار بوو، بۆ راستی دەڵێم پیاوێکی رێزدار بوو، دوای ئەوەی سەیری بەڵگەنامەکانی کردو لام وایە هەستیشی کرد کە نیگەرانو شڵەژاوم جگەرەیەکی دامێ، ((ئەوکاتە جگەرەکێش بووم))، بەشێوازێکی جوان پێیوتم چەند خولەکێك چاوەڕوان بم، بەڵگەنامەکانی وەرگرتو چووە ژوورێکی پشتەوە کە زۆر دوورنەبوو لە شوێنی چاوەڕوان کردنم، نیگەرانیو شڵەژاویم زیاتر بوو، بەلای راست ئاوڕم دایەوە بینیم عەبدوڵڵا پشدەری لە پشت بەربەستێکی شووشە راوەستاوەو پێدەکەنێت، بە زەردەخەنە وەرامم دایەوەو ئاماژەم بۆ کرد چاوەڕوان بێت، دوا



www.mukiryani.com

پێــنج خولــەکێك کــابرای لێپرســراو گەڕایــەوە، بــەدەم زەردەخەنەیەکــەوە بەڵگەنامەکانی دایە دەستم‌و وتی: ((فەرموو تێپەڕە، هیوادارم ســەفەرێکی بەختەوەر بکەیت))، دەستێکی درێژ کردو بە گەرمی تەوقەم لەگــەڵ کــردو سوپاسم کرد، دەستم بۆ عەبدوڵڵا پشدەری بــەرزکردەوەو مــاڵاوایيم لێکــرد، کاك عەبدوڵڵا چاوەڕوانی ئەوە بوو سواری باڵەفڕ ببم.

هەناسەیەکم هاتەوە بەرو چوومە هۆڵی ڕێبواران تا چاوەڕوانی سواربوونی باڵەفڕە ببم، نیگەرانیم هەر مابوو، تا باڵەفڕەکە نەفڕییاو باڵەفڕخانەی جێ نەهێشتبا دڵــم هــەر ئــاوی نــەدەخواردەوە، دوای نیــو ســەعات چــاوەڕوانی ئەنگوستم بەیــەك داددەاو جۆرەهــا شــتم بــە خەیاڵــدا دەهــات، گــوێم لــە بانگەوازی هێڵی ئاسمانی ئــەڵمانیا بــوو کــە داوایکــرد ڕوو لــەو باڵەفڕەیــە بکەین کە بەرەو فرانکفۆرت دەڕوات.

دوای وردبینی لە ناوەکان‌و تیکتەکان، سەرکەوتینە ناو باڵەفڕەکــە، کــە لەسەر کورسی خۆم دانیشتم کەسێك لە تەنیشتم دانیشتبوو تەمــەنی چــل ساڵ دەبوو و جل‌و بەرگێکی قەشەنگی پۆشیبوو، لام وایە بیزنسمان یــاخود فەرمانبەری دەوڵەت بوو.

کە لە تەنیشتی دانیشتم هەستمکرد زۆر نیگەران‌و شــڵەژاوە، وەك چــۆن من پێشتر وابــووم، هــەروەها بینــیم لەبەرخۆیــەوە دوعــاو ئایــاتی قورئــان دەخوێنێت، لەپڕ بە زمانی فارسی لێپرســیم: ئەمــە یەکــەمجارە بــە باڵــەفڕ سەفەر دەکەیت؟ وتم: نەخێر، زۆرجار بــە باڵــەفڕە ســەفەرم کــردووە، وتــی: ناترسیت؟ وتم: نەخێر ترسی بۆ چییە!، وتی: هەرچەندە سەفەریشم کــردووە، بەڵام هەر دەترسم، ویســتم هێــوری بکەمــەوەو وتم: مــرۆڤ ئەگــەر ئەجــەلی هاتبێت چ لە ماڵەوە بێت یــان پیاســە بکــات یــاخود لــەنێو ئوتۆمۆبیــل‌و باڵەفڕەدابێت هەر تووشی دێت، خوا ئیرادەی لەسەرچی بێــت ئــەوە دەبێــت‌و



www.mukiryani.com

پێویست به ترس و نیگەرانی ناکات، وتی: ئەمانە هەموو دەزانم، بەڵام هەر دەترسم، لێم پرسی: مەشرووب دەخوێتەوە؟ وتی: بەڵێ، وتم: هەرکە باڵەخانەمان جێهێشت و باڵەفڕەکە فڕی، پێکێك وێسکی داوابکە تا هێور ببێتەوە، وتی: هەندێك حەبی هێورکەرەوەم خواردووەو نابێت مەشرووب بخۆمەوە.

باڵەفڕەکە بزواو منیش دڵنیابووم و حەسامەوە، بەڵام هەستمکرد دراوسێکەم لە جاران نیگەرانترە، سەری دەلەرێتەوەو بەتووندی دەستی بە کورسیەکەیەوە گرتووە، پێکەنینم هاتی و لە دڵەوەش بۆی پەرۆش بووم و نیگەرانی و خەمی خۆم بیرچۆوە، دوای نزیکەی سەعاتێك فڕین باڵەفڕوانەکە وتی: ئاسمانی ئێرانمان جێهێشت و سنووری ئێرانمان جێهێشت و چووینە ناو تورکیاوە، ئەمە بووە مایەی دڵخۆشیم و دڵنیاییم و لام وایە زۆربەی سەرنشینەکانیش ئەو هەستەیان هەبوو، چونکە دەموچاویان شادی و بزەی پێوەدیاربوو، کاتێك بیستیان کە ئاسمانی ئێرانمان جێهێشت هەموو داوای مەشرووباتیان کرد، گوێت لە وشەی شادی و پێکەنینی سەرنشینەکان دەبوو، کەچی پێشتر تا بە ئاسمانی ئێرانەوە بووین خەم باڵی بەسەردا کێشابوون.

پێکێك وێسکیم بانگ کرد، چەند مانگێك بوو تامم نەکردبوو، دوای خواردنەوەی پێکە وێسکیەکەو خواردنی ژەمە نانێکی باش، خەوێکی قووڵ بردمیەوە، هەموو خەم و نیگەرانیەکان و دراوسێکەم بەلاوە نا، زیاتر لە دوو سەعات نووستم، قەت بەو جۆرە لەناو باڵەفڕەدا نەنووستووم ئەگەر گەشتەکە درێژیش بووایە، کە بە خەبەر هاتم دراوسێکەم بە هەمان نیگەرانی و شڵەژاویەوە بینی، چوومە گەرماوی باڵەفڕەخانەکەو دەموچاوم شووشت و قاوەیەکم خواردەوە، دوای ماوەیەکی کەم باڵەفڕوانەکە رایگەیاند



www.mukiryani.com

كە لە باڵەفڕەخانەی فرانكفۆرت دادەبەزینو داوایكرد بگەڕێینـەوە شـوێنی خۆمانو پشدێنەكانمان ببەستینەوە، دوای چەند دەقیقەیـەك باڵەفڕەكـە لـە شـوێنی تـەرخانكراو نیشـتەوە، مـاڵاۆاییم لـە دراوسـێكەم كـردو داوای سەلامەتیم بۆ كرد، لەگەڵ ریبوارەكان رووپمان لە خاڵی پشكنینی پاسپۆرت كرد تا بچینە ناو خاكی ئـەڵمانیاوە، بـە ئومێـدی ئـەوە بـووم دوای چـەند رۆژێكو ئەو بەڵێنەی كە باڵیۆزخانەی بـەریتانیا لـە تـاران پێیـان دابـووم ڤیزاكەم بگاتە كونسولیەتی بەریتانیا لە شاری دۆسلدۆرفی ئەڵمانیا.



www.mukiryani.com

# له ئەڵمانیای فیدراڵ دا

دوای دابەزینم له باڵەفڕخانەی فرانکفۆرتی نێودەوڵەتی لـه ئـەڵمانیای فیدراڵ، لەگەڵ ڕێبوارەکانی تر رووومان له خاڵی هاتنه ناوەوه کـرد کـه لـه پەنجـەرەوه کارەکانیـان رایـی دەکـردو هەریەکـەی ئەفسـەرێکی پاسـپۆرت سەرپەرشتی دەکرد ، کـه نـۆرەی مـن هـات پسـووڵەکەم پیشـان دان، دوای وردبینیو سەیرکردنی ئەفسەرەکه پرسی: چەند له ئەڵمانیا دەمێنیتەوه؟

وتم: من بەرەو بەریتانیا دەچـم، لێـره هەرچـەند رۆژێـك دەمێنمـەوه تـا ڤیزاکەم دەگات، ئەفسەرەکه پسووڵەکەی مۆرکردو ماوەی ٦ مانگ، مـافی مانـەوەی پێـدام، بـەڕێزو زەردەخەنەیەکـەوه پسـووڵەکەی دامـەوەو منـیش سوپاسم کرد ، رووم له هۆڵی کۆکردنەوەی جانتاکان کردو جانتاکەم دۆزیەوەو بێ گیروگرفت هاتمـەدەرەوه، تاکسـیەکم راگـرتو وتم بمگەیەنـه وێسـتگەی شەمەندەفەر، ئەو کاته وێستگەی شەمەندەفەر له شار بوو، بـەڵام ئێسـتاو دوای ئەو گۆڕانکاریانەی که له باڵەفڕخانەدا کران، شەمەندەفەرێکی خێـرا لەناو باڵەخانەدا هەیەو دەچێته هەموو شارەکان، سواری ئەو شـەمەندەفەره بووم که بەرەو کۆلۆن دەچوو. ئەنوەری برام پزیشکی نەشـتەرگەری بـوو لـه نەخۆشخانەی شاری رادافورمڤالد.

ئەو شاره ٤٠ کم لـه شـاری کۆلۆنـەوه دووربـوو، دکتـۆره ((شـلیر))ی کچیشی له کۆلۆن دادەنیشت، ناونیشانو ژمـارەی تەلـەفۆنی هـەردووکیانم



www.mukiryani.com

لابوو، دوای ئەوەی تەلەفۆنم کرد دیاربوو خاتوو فائیزەی هاوسەری ئـەنوەری برام هاتۆتە لای شلێری کچی لە کۆلۆن.

دوای ئەوەی گەیشتمە وێستگەی شەمەندەفەری کۆلۆن تاکسیەکم گرت‌و چوومە ماڵی شلێر کە لە شوقەیەك دادەنیشت، فائیزە بەخێری هێنام، شلێر لەگەڵ (شەهریار جاف)ی هاوسەری بەسەفەر چـووبوونە دەرەوەی ئـەڵمانیا، ئەودەمــە عەســری رۆژی ١/٦/١٩٧٩ بـوو، دوای ئـەوەی لەگـەڵ فـائیزە هەندێك قسەمان کـردو چـایەم خـواردەوە یەکســەر تـا ئێـوارەی ئـەو رۆژە نووستم، سەعات ٦ی ئێوارە لە خەو هەستام، ئەنوەری برام بـە ئوتۆمۆبیـل دوای تەواوبوونی کارەکانی لە نەخۆشخانەی رادافورمڤالـد گەڕایـەوە مــاڵ، بەیەکەوە شیوێکی زۆر بە تامان خوارد کە فائیزەخـان بـە سوپاسـەوە لێـی نابوو، دوای بەسەربردنی دوو سەعات بە ئوتۆمۆبیل ئەنوەری بـرام بردمیـە ماڵەکەی خۆی لە رادا فور مڤالد، شەو گەیشـتینە ئـەوێ‌و مـاڵی ئـەنوەر خانوویەکی گەورەی سەربەخۆ بوو، لەوێ ژوورێکیان بۆ تەرخانکردم، من وام زەن دەکرد هەفتەیەك تا دوو هەفتە لەوێ دەمێنمەوەو نەمـدەزانی نزیکـەی ساڵێك لە ئـەڵمانیای فیـدراڵ دەمێنمـەوە، چـونکە حکومـەتی بـەریتانیا رەزامەندی لەسەر ڤیزەکەم نەدابوو هەرچەندە ئەندامانی خێزانەکـەم لـەوێ بوون.

شاری رادافورمڤالد بەنیسبەت منەوە تازە نەبوو، لە سەرەتای حەفتاکان کاتێك باڵیۆزی عێراق بـووم لـە شـاری ((پـراگ))ی پایتـەختی کۆمـاری چیکۆسلۆڤاکیای ئەوسـا، چـەند جارێـك سـەردانی شـاری رادافورمڤالـدم کردبوو، پاشان لە سـەردانەکانمدا بـۆ ئـەڵمانیا چـەند جارێـك ئـەو شـارەم بینیوە، شارێکی بچکۆڵەبوو، ئـەنوەری بـرام لـە ناوەڕاسـتی شەسـتەکانەوە



www.mukiryani.com

لەوێ بوو، خەڵکەکە دەیانناسیو ڕێزیان دەگرت، لەلایەن ناسیاوەکانی ئەنوەرەوە منیش جێگەی ڕێزبووم.

هەفتەیەك پاش گەیشتنم بۆ ئەڵمانیا، چوومە شاری دۆسلدۆرف کە زۆر لە رادافورمڤالدەوە دوور نەبوو، سەردانی کونسوڵیەتی بریتانیام کرد، هیچ وەرامێکی ئەرێنیم دەست نەکەوت، هەمان ئەو وەرامەیان دامەوە کە لە باڵیۆزخانەکەیان لە تاران پێیان دەوتم ڕەزامەندی نەگەڕاوەتەوە، تەلەفۆنم بۆ لیوا روکن کەمال مستەفا کرد کە بەر لەمن مافی پەنابەری سیاسی لە بەرتیانیا وەرگرتبوو، بە شێروانی کوڕم ئەو پارەیەم بۆ نارد کە بە ئەمانەت لای من دایابوو، هەروەها تەلەفۆنم بۆ کاك محەمەد عەزیز قادر کرد کە پێش من گەیشتبووە ئەڵمانیاو مافی پەنابەری سیاسی وەرگرتبوو، محەمەد پێیوتم کە جەمال نامیق وەك پەنابەری سیاسی لە ئەڵمانیا وەرگیراوەو هەردووکیان دێنە لام ((جەمال نامیق سەرکردەیەکی دیاری پێشمەرگە بوو لە شۆڕشی ئەیلوول، دوای ڕێکەوتننامەی ١١ی ئادار لە ساڵی ١٩٧٠ کرا بە قایمقامی یەکێك لە قەزایەکانی سلێمانی، بەدەستپاکیو دڵسۆزی ناسرابوو، لە کۆتایی نەوەدەکانی سەدەی رابردوو کۆچی دوایی کرد- خوا لێی خۆش بێت))، دوا ئەوەی چاوم بە هەردووکیان کەوت ئەمانەتەکەم دایەوە محەمەد عەزیز کە لە تاران لای من داینا بوو.

هەموو هەفتەیەك سەردانی کونسوڵیەتی بەریتانیام دەکرد یاخود بە تەلەفۆن سۆراغی ڤیزاکەم دەپرسی، بەڵام بێ سوود بوو، مەزەندەم نەدەکرد ئەوەندە لە ئەڵمانیا بمێنمەوەو تووشی بێزاری هاتم، هەفتانەش تەلەفۆنم بۆ کاك ئیدریس دەکردو پرسی بارودۆخیانم دەکردو باسی چاوەنواڕیو بێزاری خۆم بۆ دەکرد، هەروەها بەردەوام تەلەفۆنم بۆ برایان عەلی عەبدوڵلا کە بە سەردان هاتبوو بەریتانیاو خوالێخۆشبوو نوری شاوەیس کە لام وایە وەك



www.mukiryani.com

پەنابەری سیاسی لەوێ وەرگیرابوو دەکرد، کاك عەلی هەموودەم رایدەسپاردم کە ئاگام لە جەمال نامیق بێت، ئەو کاتەی لــە دوای رێکەوتننامــەی ١١ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ کاك عەلی پارێزگاری سلێمانی بوو، جەمال نامیق لای ئەو قایمقام بوو.

سێ مانگ بەسەرهاتنم بــۆ ئــەڵمانیا تێپــەڕی بــێ ئــەوەی ئــەنجامێکی ڤیزاکەم دەست بکــەوێت، ســەرەڕای ئــەوەی خوالێخۆشــبوو مــەحمود بابــان بەرێگای دیپلۆماتکارەکان هەوڵێکی زۆری بۆ دام، هەروەها شێروانی کــوڕم بەرێگای یەکێك لە ئەنــدامانی ئەنجوومــەنی گشــتی بــەریتانیا لەناوچــەی نیوبەری کە ناوی ((مایکل ماکنیر ویلسن)) بوو لەگەڵ وەزارەتــی نــاوخۆی بەریتانیادا قسەی کرد، بەڵام بێ سوود بوو.

دوای راوێژ لەگەڵ د. ئەنوەری برام، لەسەر ئەوە رێککەوتین لە ئــەڵمانیا داوای مافی پەنابــەری سیاســی بکــەم چــونکە هــەر نــەبێت بەڵگەنامــەی سەفەرکردنی پەنابەران ((Travel document)) وەردەگرمو دەتوانم سەفەری بەریتانیاو زۆربەی وڵاتــە ئەوروپیــەکان بکــەمو بــەگوێرەی بڕیــاری نەتــەوە یەکگرتووەکان پێویستیم بە ڤیزا نابێت.

ئــەو فەرمانگەیــەی کــە تایبــەت بــوو بــەو کارانــە کــەوتبووە شــاری ((گومرسباغ))و رادافورمڤالدیش سەر بەوێ بــوو و ٤٠-٥٠کــم دووربــوو، جاری یەکەم لەگەڵ ئەنوەری برام چووین، خاتوونێك کــە تەمــەنی نزیکــەی ٥٠ ســاڵو بەرپرســی ئــەو فەرمانگەیــە بــوو، کــە ســەیری داواکــاریو بەڵگەنامەی ئێرانو پاسپۆرتی دیپلۆماسی کۆنی کرد زۆری بــەخێرهێنایین، ئافرەتێکی رووخۆشو دەیویست یارمەتیمان بدات، وتی داواکاریەکــەت بــۆ لایەنی پەیوەندیدار بەرزدەکەمەوە، هەروەها وتی تۆ شایستەی یارمەتییەکی



www.mukiryani.com

مانگانەی کە لایق بە پۆستی پێشووت بێت، ناونیشانی ماڵو ژمارەی تەلەفۆنی ماڵی ئەنوەری برام دا بە خاتوونەکەو گەڕاینەوە.

دوای تێپەڕبوونی دوو هەفتە، نامەیەکم لە فەرمانگەی ناوبراو بەدەست گەیشت، تیایدا داوایکردبوو رۆژو سەعاتی دیاریکراو لایان ئامادەبم، بەتەنیا چوومە شاری ناوبراوو کاتێك خاتوونە لێپرسراوەکەم بینی داوای لێ کردم بچمە بەشێکی دیکەی فەرمانگەکە، کە چووم هەندێك ئەفسەری پۆلیسو پزیشکێك لەوێ بوون، پزیشکەکە هەندێك پشکنینی بۆ کردمو هەندێك پرسیاری باری تەندورستی لێکردم، یەکێك لە ئەفسەرەکان پەنجەمۆری وەرگرتمو کێشو درێژی پێوامو پاشان گەڕامەوە رادا فور مڤالد.

دوای چەند رۆژێك چەکێکی پارەم بە بڕی ۱۵۰۰ مارکی ئەڵمانی بۆ هات، ئەو کات دراوی ئەڵمانیا مارك بوو و یۆرو لە گۆڕێ نەبوو، ئەو بڕە پارەیە ئەو کاتە دەیکردە نزیکەی ۷۰۰ دۆلار، ئەوان حسێبی ئەوەیان کردبوو کە من لە ماڵی برام دابەزیومو کرێی خانوو نادەم، پارەکە بەشی مەسروفی گیرفانو جگەرەی دەکرد، ئەوکاتە جگەرەکێش بووم.

رۆژێکیان، لە رادافۆرمڤالد، برایان محەمەد عەزیزو جەمال نامیق سەردانیان کردم، دوای ماوەیەك دانیشتن خوالێخۆشبوو جەمال نامیق وتی دەمەوێت بگەڕێمەوە عێراقو پرسی ئاخۆ رای من چییە؟

منیش هۆکارەکەم لێپرسیو وتی: برادەرکانم وەك عەبدولوەهاب ئەترووشیو رەشید سندیو عەقید شێخ رەزا گوڵانی ((بەڕێوەبەری پێشووی پۆلیسی هەولێر)) گەڕاونەتەوەو منیش دەگەڕێمەوە، ئامۆژگاریم کرد نەگەڕێتەوەو بە تایبەتی ئێستا مافی پەنابەری سیاسی لە ئەڵمانیا وەرگرتووە، پەیوەندی نێوان عێراقو رژێمی تازەی ئێران باش نییەو بەڵکو بەرەو خراپی دەچێت، لەو باوەڕەدام ئەمە لە بەرژەوەندی ئێمەیە، بینیم



www.mukiryani.com

جـــەمال لەســـەر بڕیارەکـــەی مکـــوڕە، لـــەو بـــاوەڕەدام لـــەبن کاریگـــەری عەبدولوەهاب ئەتروشی بـرادەری بـوو، پـاش چـەند ڕۆژێـك زانـیم لەگـەڵ ئەندامانی خێزانەکەی گەڕانەوە عێراق.

ڕۆژێکیان، پیـاوێکی ئـەڵمانی ((ناوەکـەیم بیرنـەماوە)) تەلـەفۆنی بـۆ ئەنوەری برام کردو وەك فەرمانبەری وەزارەتی دەرەوەی ئەڵمانیا خۆی ناساندو وتی دەیەوێت لە قاوەخانەیـەك ببینێـت لـە شـاری بـۆن، ئـەو کاتـە بـۆن پایتەختی کاتی ئەڵمانیا بوو، بەر لەوەی هەردوو ئەڵمانیا یەك بگرنەوەو لە رادا فور مڤالد ٣٠-٤٠ کم دووربوو.

لەوێ دوو کەسمان بینی چاوەڕێیان دەکـردین، کـە چـووینە قاوەخانەکـە منیان ناسییەوە، لام وایە وێنـەی فۆتـۆگرافی منیـان لـەکاتی داواکردنـی مافی پەنابەری بینیبوو، دوای بەخێرهێنان پرسی: بۆ هاتوومەتە ئـەڵمانیاو داوای مافی پەنابـەری دەکـەم، سـەرجەم وردەکاریـەکانم بـۆ گێڕانـەوەو وتم چاوەڕوانی گەیشتنی ڤیزەی بەریتانیا دەکەم، چـونکە خانەوادەکـەم لـەوێن، هەروەها وتم ئەگەر مافی پەنابەریش وەربگرم لە ئەڵمانیا نامێنمەوە، ئینجا پێموتن بۆیە مافی پەنابەریم لـە ئـەڵمانیا دەوێـت تـا بـەهۆی پاسـپۆرتی پەنابەرانەوە بتوانم بێ ڤیزا بچمە بـەریتانیا، ئەمـەش بـە گـوێرەی بڕیـاری دەستەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان.

کابرا پرسیاری بارودۆخی تازەی ئێرانی لێ کردم، وەرامم دایەوە زیاتر لـە چوار مانگە ئێرانم جێهێشتووەو ئەو کاتە بـارودۆخ جـێگیر نـەبوو و هـەراو ئـاژاوەو نـاڕێکی هەنـدێك فەرمانگـەی دەوڵـەتو نێـوان هاوولاتیانیشـی گرتبۆوە، ئینجا پرسیاری پەیوەنـدی نێـوان عێـراقو ئـەڵمانیای کـرد، وتم پەیوەندیەکە باش نییەو خراپتریش دەبێت، چونکە ڕژێمی تازەی ئێران شیعە حوکمی دەکەن، بەپێچەوانەی عێـراق کـە کەمینەیـەکی سـوننە حـوکمی



www.mukiryani.com

دەکـــەن، وتیـــان بـــۆ مـــافی پەنابـــەری سیاســـی یارمـــەتیم دەدەن‌و لەگـــەڵ فەرمانگەی پەیوەندیدار قسە دەکەن، یەکترمان جێهێشت‌و بەهیوای دیـدار ماڵاوایییمان کرد، نازانم ئـەو دوو کەسـە فەرمانبـەری وەزارەتـی دەرەوە یـان موخابەرانی ئەڵمانی بوون.

ڕۆژانی بێزاریم لە ئەڵمانیا بەسەردەبرد، هەستم بە تەنیاییەکی کوشـندە دەکرد، ئەنوەری برام بە درێـژایی ڕۆژ لـە نەخۆشـخانەبوو، بـەهۆی ڕووداوی کتوپڕ یـان نۆبەتـداری هەنـدێك جـار شـەو درەنگـان دەهاتـەوە، فـائیزەی هاوسەری یاوەری سامانی کوڕە گەورەی بوو کە ئەوکاتـە تەمـەنی ١٧-١٨ ساڵ بوو و لە لەندەن دەیخوێند، ڤیانی کچ‌و سالاری کوڕە گچکەیان دەچوونە قوتابخانە لە ڕادافورمڤالدو دوای نیـوەڕوان دەگەڕانـەوە، تـەنیا دەمامـەوە، شارەکە بچووك بوو، شوێنی کات بەسەربردنی تێدا نەبوو، تاکـە یانەیـەکی ((بولینگ)) هەبوو کە ئەنوەری برام تیایدا ئەنـدام بـوو، مـانگی جارێـك، لەگەڵ شەش حەوت برادەری دەچوونە ئەوێ‌و منیش دەچووم، لـە یارییەکـە بەشـدار دەبـووم، پارەکـە لـە سـەندووقێك کۆدەکرایـەوەو لای یـەکێك لـە ئەندامانی تیپەکە دادەنرا، هاوینی هەر ساڵێك یان دوو سـاڵ جارێـك بـەو پارەیە گەشتێك بۆ وڵاتێکی دراوسێ بۆ ئەندامانی تیپەکە ڕێك دەخـرا، لـە یەکێك لەو گەشتانە لە هاوینی ١٩٨٠ بەشدار بووم، لە بەرتیانیاوە هاتمـە ئەڵمانیا، بەراستی گەشتێکی خۆش بوو.

لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٩دا، نە ڤیزای بـەریتانیام بـۆ هـات‌و نـە مـافی پەنابەریم لە ئەڵمانیا وەرگرت، بەردەوام تەلەفۆنم بۆ هەڤاڵانم لـە تـاران بـە تایبەتی کاك ئیدریس دەکرد، دوو هەفتـە جارێـك تەلـەفۆنم بـۆ دەکـردن، لەوانەوە زانیم لە کۆتایی ساڵ دا حیزب کۆنگرەی نۆیەم دەبەسـتێت، چـەند حەزم دەکرد بەشداری بکەم‌و لەڕیزی پاڵێوراواندا بم، چونکە ئەو کۆنگرەیـە



www.mukiryani.com

دوای وەفاتی سەرۆكو دامەزرێنەرەكەی مستەفا بارزانی، سەرۆكی تازە هەڵدەبژێردراو هەروەها سەركردایەتیەكی تازە دوای نسكۆی ساڵی ١٩٧٥ سەرلەنوێ كاری ڕێكخستنی دەكرد.

بەردەوام لەگەڵ كاك عەلی عەبدوڵڵا كە لە لەندەن دادەنیشت پەیوەندیم هەبوو، دەیویست بەر لە كۆنگرە بگەڕێتەوە ئێران، بە كاك عەلیم وت حەزدەكەم، لە كۆنگرەدا بەشداری بكەم، بەڵام بەداخەوە بەخت یاوەرم نەبوو.

لە ١٤/١١/١٩٧٩ كۆنگرە لە كوردستانی ڕۆژهەڵات سازدراو نزیكەی ٣٠٠ نوێنەر كە لەنێوانیاندا برایان ئیدریسو مەسعودو هەموو ئەندامانی سەركردایەتی كاتی بەتایبەتی سكرتێری سەركردایەتی كاتی شەهید سامی عەبدولڕەحمانو ژمارەیەكی زۆر لە كادیرە پێشكەوتووەكانو ئەندامە چالاكەكان بەشداریان تێدا كرد.

سۆراغی كاروباری كۆنگرەم دەكرد، وەك پاشان زانیمەوە لەبەر وەفاتی بارزانی سەرۆكو دامەزرێنەرو سەركردەی شۆڕشی كورد، كۆنگرەكە لە كەشوهەوایەكی خەماویدا سازدرا، هەروەها بەهۆی بوونی هەندێك جیاوازی لەنێوان ژمارەیەك بەشداربوو جۆرە گرژیەكی تێكەوت.

كاك مەسعود بارزانی تاكە پاڵێوراوی سەرۆكایەتی حیزب بوو و بە تێكڕای دەنگ هەڵبژێردرا، بەراستی لەجێی خۆیدا بوو، كاك مەسعود سەلماندی شایستەی ئەو پایەیەو پاشان توانی بەژیریو پابەندبوونی بەرێنماییەكانی بارزانی باوكو لەسەر ڕێبازی ئەو بڕوات، ئەمەش بە هاوكاری هەڤاڵانی لە سەركردایەتیو لە حیزبداو هەروەها قوربانییەكانی پێشمەرگەو خوێنی شەهیدانو سەرجەم جەماوەر هاتەدیو حیزبو گەل بگەنە لێواری دڵنیاییو ئەو بارودۆخەی ئێستا تیایدا دەژین.



www.mukiryani.com

دەگەڕێمەوە سەر باسی کۆنگرە، دوای هەڵبژاردنی سەرۆكو خوێندنـەوەی ڕاپۆرتە جیاجیاکان، نۆرەی هەڵبژاردنی سـەرکردایەتی تـازەو ((کۆمیتـەی ناوەندی)) هات، وەك بیستمەوە شەهید سامی عەبـدولڕەحمان لەسـەر ئـەوە مکوڕ بووە کۆمیتەی ناوەندی تازە سەرجەم ئەندامانی سەرکردایەتی کـاتی بەخۆوە بگرێت بێ ئەوەی بەشداری لە پرۆسەی هەڵبژاردندا بکەن، واتـە بـە تەزکیەو ئینجا ئەندامانی دیکەی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرێن کە لـەو حاڵەتەدا ژمارەیان نەدەگەیشتە شەش حەوت ئەنـدام، کـۆنگرە بەمـە ڕازی نەبوو، چونکە لەگەڵ بنەماکانی دیموکراسیەت ناکۆك بوو.

لەگـەڵ ڕێـزم بـۆ خـەبات‌و تێکۆشـانی کـاك سـامی‌و هـەڤاڵانی لەسەرکردایەتی کـاتی‌و کارکردنیـان لـە بـارودۆخی دژواری دوای نسـکۆو سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی حیزب‌و ڕۆڵیان لە سـەرکردایەتیکردنی شۆڕشـی گـوڵان کـە درێژەپێـدەری شۆڕشـی ئـەیلوول بـوو و سـاڵێك دوای نسـکۆ هەڵگیرسایەوە، سەرەڕای ئەمانە ئەو داواکاریانەی هـەڤاڵانی سـەرکردایەتی کـاتی دژ بـە ئـەو گیانـە دیموکراسـیە بـوو کـە حیـزب لـە سـەرەتای دامەزراندنیەوە بنیاتی نابوو و لە پەیڕەوو پرۆگرامیشدا چەسپا بوو، من لەو بڕوایـەدا بـووم کـە کـاك سـامی عەبـدولڕەحمان‌و زۆربـەی هـەڤالانی سەرکردایەتی کاتی ئەگەر خۆیان پاڵاوتبا لە هەڵبژاردنی سەرکردایەتی تازە دەردەچوون، بەڵام ئەو هەر مکوڕ بوو و خۆی نەپاڵاوت، هـەڤاڵانی دیکەشـی خۆیان نەپاڵاوت، وایان پێ باش بوو وەك ئەنـدامی حیـزب بمێننـەوەو هـیچ لێپرسراویەتیەك وەرنەگرن.

لە کۆنگرەدا سکرتێری حیزب‌و کۆمیتەی ناوەنـدی تـازە هەڵبـژێردران، مامۆستا عەلی عەبدوڵڵا بـە سـکرتێرو هـەڤاڵان ((وەك لـەبیرم مابێـت)) ئیدریس بارزانی، نوری سدیق شـاوەیس، فـازل میرانـی، دکتـۆر ڕۆژ نـوری



www.mukiryani.com

شاوەیس دکتۆر محەمەد ساڵح جومعە، دکتۆر جەرجیس حەسەن، هوشیار زێباری، محەمەد مەلا قادر، فەلەکەدین کاکەیی، خورشید سەلیم شێرە، یونس رۆژبەیانی، زەعیم عەلی ((عومەر عوسمان))، فرەنسۆ هەریری، رەئیس عەبدوڵلا سدیق، حەمید بەرواری، رەشید عارف، حەمید ئەفەندی، بۆ کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردران، ئەو ناوانە وەك گوێم لێ بوو تۆمارم کردوون، بۆی هەیە بە هەڵەدا چووبم یان شتێکم لە بیرکردبێت، داوای لێبووردن دەکەم.

بەجۆرە کۆنگرە کۆتایی هات، چەند حەزم دەکرد تیایدا بەشداربم، بەڵام هیچ بەڵگەنامەیەکی سەفەرم نەبوو دەبوایە لە ئەڵمانیا بمێنمەوە تا ئەنجامی داواکاری پەنابەری سیاسیم وەربگرتایەو هەروەها چاوەڕوانی ڤیزای بەریتانیام دەکرد.

سەرەڕای ئەو بارە دژوارەی کە حیزب ئەوکاتە پیایدا تێپەڕی، بەڵام سەرکردایەتی تازە ((پیاو بۆ خوا بڵێت)) سەرەڕای توانا دیاریکراوەکەی توانی سەرلەنوێ حیزب رێك بخاتەوە، چالاکیەکانی فراوان بوون و پەیوەندی چاکی لەگەڵ زۆر لە حیزب و رێکخراوە نیشتمانییەکان دروستکرد، هەروەها توانی لەگەڵ هەندێك لەو وڵاتانەی کە هەڵوێستی ئیجابییان بەرامبەر حیزبە کوردیەکان و ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی هەبوو پەیوەندی دروست بکات، هەروەها سەرکردایەتی تازە توانی سەرلەنوێ شۆڕشی گولان رێك بخاتەوەو چالاکیەکانی فراوان بکات بەتایبەتی دوای تێکچوونی پەیوەندی نێوان رژێمی عێراق و دەوڵەتی تازەی ئیسلامی لە ئێران.

چاوەڕوانیم بە بێزاریەوە لە ئەڵمانیا درێژەی کێشا بێ ئەوەی هیچ ئەنجامێکی هەبێت، ساڵ تەواو بوو و گەیشتینە ساڵی ١٩٨٠، جار جار چاوم بە کاك تاریق ئاکرەیی دەکەوت کە لە شاری بۆن دادەنیشت، تاریق



www.mukiryani.com

سەردانی دەکردمو شارەکەی لە ئێمەوە دوورنەبوو، ئەو هەوالآنەمان ئالوگۆڕ دەکرد کە لە کوردستان پێمان دەگەیشت، جار جاریش چاوم بە کاك محەمەد عەزیز دەکەوت سەرەڕای ئەوەی تۆزێك لێکتر دوور بووین.

ڕۆژێك کاك عەلی قازی کوڕی شەهید قازی محەمەدی سەرۆکی کۆماری کوردستان لە ئێران داوەتی کردم (قازی محەمەد لەگەڵ هەڤالآنی ساڵی ١٩٤٧ لەسەردەمی ڕژێمی شای ئێرانی گۆڕبەگۆڕ لە سێدارە دران)). کاك عەلی لە دەوروبەری شاری بۆن خانوویەکی گەورەی هەبوو، بە باخچەو بێستانی فراوان دەورە درا بوو، جێگەی راوی باڵندەو کەروێشك بوو، ڕۆژێکی تەواوم لای ئەو بەسەربردو چەند برادەرێکی کوردستانی ڕۆژهەلآتو عێراقیش لەوێ بوون، بە سوپاسەوە مالآواییمان کردو گەڕاینەوە، محەمەد حوسێن مەلا دزەیی ئامۆزام لە باڵەخانەیەکی گەورەی لێواری ڕووباری راین شوقەیەکی نایابی هەبوو، لەوێ لەگەڵ خانەوادەکەی کە دەچوونە شاری کۆلۆن لە ئەڵمانیا کاتیان تیایدا بەسەر دەبرد، کلیلی شوقەکەی لای من دانا بوو، هەندێك جار کە دەچوومە کۆلۆنو نەمدەتوانی بگەرێمەوە ماڵی ئەنوەری برام لە شاری رادافورمڤالد، شەو لەو شوقەیە دەمامەوە. لە کۆتایی مانگی شوباتی ساڵی ١٩٨٠، لە وەزارەتی ناوخۆی ئەڵمانیا ((بەشی کۆچو پەنابەری)) بەناونیشانی ماڵی دکتۆر ئەنوەری برام لە شاری رادافورمڤالد کە شوێنی مانەوەم بوو نامەیەکم بەدەست گەیشت، نامەیەکی ئاسایی بە زمانی ئەڵمانی نووسرابوو و ئەنوەری برام بۆی خوێندمەوە، تیایدا هاتبوو حکومەتی ئەڵمانیا مافی پەنابەری سیاسی پێداوم، هەموو مافەکانی پەنابەری سیاسی بەگوێرەی بڕیاری دەستەی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان منیش دەگرێتەوە.

بەراستی موژدەیەکی خۆش بوو و بەنیسبەت منەوەو نەمدەزانی وا زوو ئەو مافە وەردەگرم، ئەنوەری براشم زۆر دڵخۆش بوو، یەکەم شت بیرم



www.mukiryani.com

لێکردەوە وەرگرتنــی بەڵگەنامــەی ســەفەر بــوو بــەهۆی ئــەوەوە دەمتــوانی سەفەری بەریتانیا یان هەر وڵاتێکــی ئــەوروپی بکــەم، ئــەو بەڵگەنامەیــە پەیماننامەی نەتەوەیەکگرتووەکان تایبەت بە پەنابەران ڕەزامەنــدی لەســەر دابوو و پێویستی بە ڤیزا نەبوو.

ڕۆژی پاشتر، ئەنوەری برام پەیوەندی بە فەرمانگەی پەیوەندیدارەوە کــرد، وتیان ئەنکێتی تایبەت دەنێرن کە تایبەتــە بــەمجۆرە پاســپۆرتانەو هــەموو زانیاریــەکی داواکــراوی تێدایــە، لــەو ماوەیــەدا بــەردەوام پەیوەنــدیم بــە کونســـولێەتی بــەریتانیا لــە دۆســلدۆرف دەکــرد تــا بــزانم ڤیزاکــەم چــی بەسەرهات، بەڵام بێ سوود بوو و دەیانوت ڕەزامەندی وەرنەگیراوە.

دوای دوو سێ ڕۆژ ئەنکێتەکە گەیشت، دوای ئەوەی ئــەنوەری بــرام پــڕی کردەوەو وێنەی فۆتۆگرافیمان پێــوە هەڵواســیو ڕۆژی پاشــتر گەڕاندمانــەوە فەرمانگەکە، بە ئارامیەوە سێ هەفتە چاوەڕوانم کرد، لە کۆتــایی مــانگی ئــاداری ســاڵی ١٩٨٠ بــە پۆســتی تۆمــارکراو پاســپۆرتەکەم گەیشــت، بەنیسبەت منەوە ڕێکەوتێکی خۆشو شادیەکی بێ سنوور بوو، ڕۆژی دوایی چوومە شاری کۆلۆنو تیکیتی هێڵی ئاسمانی ئەڵمانی ((لوفت هانزا))م بۆ ســەفەری لەنــدەن بــڕی، دوای دوو ڕۆژ، واتــە ئێــوارەی ٣١/٣/١٩٨٠ بــە تەلەفۆن قسەم لەگەڵ ماڵەوەمان لە شاری نیوبەری بەریتانیا کرد، داوام لە شێروانی کوڕم کــرد لــە باڵەفڕەخانــەی هیثــرۆ چــاوەڕێم بکــات، ئەمــە بــۆ خانەوادەکەم هەواڵێکی خۆش بوو، لەکاتی دیاریکراو چوومە باڵەفڕەخانــەی ((کۆلۆن بۆن)) لەگەڵ دکتۆر ئەنوەری برام، ئەو باڵەفڕەخانەیــە کــەوتبووە نێوان هەردوو شارەکەوە، کاتێك وادەی فڕین هات ماڵاوایيم لە ئەنوەری برام کردو فرمێسکی شادیو جیابوونەوەمان هەڵڕشت، دوای چــاوەڕوانیەکی زۆر سەرکەوتمە ناو ئەو باڵەفڕەیەی کە بەرەو بەریتانیا دەچوو.



www.mukiryani.com

# له بەریتانیاو هاتنی ئیدریس بارزانی

دوای ئەوەی لە باڵەفڕخانەی- کولن بوین- ماڵاواییم لە ئەنوەری برام کـرد، دوای پەنجاو پێنج دەقیقە گەیشتمە باڵەفڕخانەی- هیثرۆ، ماوەی گەشـتەکە زۆر کورت بوو، ئەو بوارەم نەبوو بیر لە رابـردوو و پلانـی دوارۆژ بکەمـەوە، دوای نیشتنەوەی باڵەفڕەکە بە نیو سەعاتو تـەواوکردنی کاروبـاری هاتنـە ناوەوە بە جانتاوە چوومە هۆڵی چاوەڕوانی، بینـیم شـێروانی کـوڕە گـەورەمو سـەیرانی کیـژە گچـکەم کـە ئـەو کاتـە تەمـەنی دوازدە سـاڵان بـوو لـە پێشوازیمدان، دوای بەخێرهێنانو دەربڕینی خۆشحاڵیان سـواری ئوتۆمۆبیـل بووینو دوای سەعاتێك گەیشـتمە ماڵەکـەمان لـە نیوبـەری، ئەنـدامانی خانەوادەکەم بەخێریان هێنامو تەنیا پـەیمانی کیـژە گـەورەم لـەوێ نـەبوو، پەیمان شووی بە خزمێکی خۆمان کردبوو، ئەو کاتە من لە ئەڵمانیا بـووم، دوای پرس بەمنو سـەرکردایەتیمان لـە کوردسـتانی رۆژهـەڵات گـەڕابۆوە عێراق.

دوای بەسەربردنی چوار پێنج رۆژ لەگەڵ خانەوادەکـەمو پێشـوازیکردنی هەنـدێك میـوان بـە تایبـەتی بـرادەرە کـوردە دانیشـتووەکانی بـەریتانیاو هەندێکیش تەلەفۆنیان بۆ کردم، نامەیەکم لە وەزارەتی نـاوخۆی بـەریتانیا بەدەسـت گەیشـتو تیایـدا هـاتبوو سـەرجەم ئەنـدامانی خانەوادەکـەم بەمنیشەوە مافی پەنابەری سیاسیمان لە بەریتانیا وەرگرتووە، ئەو هەواڵـە مایەی سەرسوڕمانو پێکەنین بوو بەتایبەتی بەنیسبەت منەوە، ئەو هەموو



www.mukiryani.com

ماوەیە چاوەڕوان بووم، بەلاّم ڤیـزای بـەریتانیام وەرنـەگرت، بـۆ هـەمووانو مێـژوو دەڵـێم ئەمـە بـۆ بـرادەری رەحمـەتیمو بـرادەری بـارزانی نـەمر خوالێخۆشبوو مەحموود بابـان دەگەڕێتـەوە کـە هـەموودەم لەگـەڵ بـرادەرە بەریتانیەکانی بۆ من هەوڵی دەدا.

مەحموود بابان لە میرانی بەناوبانگی بابان بوو، لە سەردەمی مەلەکیـدا وەزیر بوو لە حکومەتی عێراقدا، پاشان راوێژکاری وەزیری ناوەخۆی سعودی بوو، بە مەبەستی دامەزراندنی نووسینگەیەك بۆ میر سعودی کوڕی وەزیری ناوخۆی سعودی میر نایف عەبدولعەزیز ئال سعود هاتبووە لەندەن.

دوای ئـەوەی نووسـراوەکەی وەزارەتـی ناوەخۆمـان بەدەسـت گەیشـت، داواکاریەکمان بۆ بەدەستهێنانی بەڵگەنامەی سەفەرو پاسپۆرتی پەنابـەری پێشکەشکرد، دوای ماوەیەکی کەم بـەبێ گیروگرفـت ئەوانـەمان وەرگـرت، یەکـەم ئـیش کـە کـردم گەڕاندنـەوەی بەڵگەنامـە ئەڵمانیەکـە بـوو بـۆ فەرمانگەی پەیوەندیدار لەگەڵ نامەیـەکی رێـزو سـوپاس بـۆ حکومـەتی ئەڵمانیا سەبارەت بەو ئاسانکاریو یارمەتیانـەی ئـەو کاتـەی لـەوێ بـووم پێشکەشیان کردم، هەروەها لە مافی پەنابەری سیاسیم لە ئـەڵمانیا خـۆش بووم، چونکە ئەو مافەم لە بەریتانیا وەرگرت.

دوای هەفتەیەك گەیشتنم بۆ بەریتانیا، بەهۆی تەلـەفۆن لەگـەڵ ئێـران زانیم کاك ئیدریس بەو زووانە دێتە ئەوێ، هەروەها قسەم لەگەڵ خۆی کردو وتی دەسەلاّتدارانی ئێران مۆڵەتی سەفەریان پێداوەو چەند رۆژێکـی دیکـە دەگاتە لەندەن.

دوای تێپـەڕبوونی نزیکـەی هەفتەیـەك، کـاك ئیـدریس گەیشـتە باڵەفڕخانەی هیثرۆ لـە بـەریتانیا، مـنو شـێروانی کـوڕمو لام وایـە کـاك هوشیار زیباریو هەندێك کوردی دانیشتووی بـەریتانیا پێشـوازیمان کـرد،



www.mukiryani.com

کاتێـك گەیشـــتە هـۆڵی چـاوەڕوانی بەپێکەنینـــەوە پێـی وتم ((ئـەمجارەش بەیەکەوە گیروگرفتمـان چارەســەر بـوو))، ســاڵێك لەمــەو پێشـیش کاتێـك مەسەلەی پەنابەریم لـە بـەریتانیا هاتـەگۆڕێ بـێ ئـەوەی زوو بگەڕێمــەوە ئەمەریکا کاك ئیدریس هەروای پێـوتم، هـەروەها دەســەڵاتدارانی ((شـا)) سەفەری ئیدریسیان بۆ لای باوکی دواخست.

دوای بەخێرهێنان لەلایەن هەموانەوە، چووینە ئـەو هوتێلـەی کـە لـە ناوچەی ((چێلسـی)) لەنـدەن بـۆی تـەرخانکرابوو، کـاك ئیـدریس باسـی کاروبـاری دوای کـۆنگرەی نۆیـەمی بـۆ کـردین کـە چـۆن هـەڤاڵانی سەرکردایەتی تازە بۆ سەر لەنوێ ڕێکخستنەوەی حیزب دەستیان بە چالاکی کردۆتەوە لە ریزەکانی پێشـمەرگەدا، هـەروەها ئـەوەی بـۆ روون کردینـەوە پەیوەندی نێوان عێراق‌و ڕێـژێمی کۆمـاری ئیسـلامی تـازە بـە ئاراسـتەی راسـتدا نـاڕوات‌و پێشـبینی ئـەوەی کـرد لـە پاشـەڕۆژێکی نزیکـدا ئـەو پەیوەندییە بەرەو خراپتر بڕوات، هەروەها وتی زۆربەی پێشمەرگە دێرینەکان لەلایـەنگرانی پـارتی‌و بـارزانی کـە پێشـتر گەڕابوونـەوە عێـراق دووبـارە گەڕاونەتەوە ئێران تا بێنەوە ریـزی پـارتی‌و پێشـمەرگەو زۆربـەی پەنابـەرە کوردەکانیش لە شارە جیاجیاکانی ئێـران دەگەڕێنـەوە ناوچـە جیاجیاکـانی کوردستانی رۆژهەڵات، هەموویان بە گیانێکی پۆڵاینەوە سـەرەڕای وەفـاتی بارزانی، بەڵام زۆر گەشبینن.

کاك ئیدریس، وەك عادەتی هەمیشەیی رووخۆش‌و دەم بە پێکـەنین‌و پـڕ چـالاکی‌و بـزاڤ بـوو، دوای حەسـانەوە لـە هوتێـل، تۆزێـك بـەناو شـاردا سـووڕاینەوە، رۆژی پاشـتر سـەردانی باباعـەلی شـێخ مـەحمودو هەنـدێك برادەرمان کرد، هەروەها کاك ئیدریس چەند کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ کـوردە دانیشـــتووەکانی بـــەریتانیاو هەنـــدێك رۆژنامـــەوان ((ئەگەرچـــی لـــە



www.mukiryani.com

چوارچــێوەیەکی تەســکدابوو) ســازدا، ســەردانەکانی بــۆ لای کــوردە دانیشتوەکانی بەریتانیا کاریگــەری ئیجـابی هــەبوو بــە تایبــەتی بەســەر ئەندامانو لایەنگرانی پارتی، ورەی بەرزکردنەوەو دەستیان بــە رێکخســتنی حیزب لە بەریتانیا کردەوە، فریــادی کــوڕی خوالێخۆشـبوو شــێخ شــەفیعو نەوەی شێخ محەمەد بابۆ لەگەڵ هەندێکی دیکە یاوەری کاك ئیدریس بوون.

دوای دوو هەفتە، کاك ئیدریس بڕیاریدا بگەڕێتەوە ئێــران، لــەو کاتــەی کۆمەڵێك کورد دەورەیــان دابــوو و باســی ســەفەرەکەیو چــۆنیەتی بڕینــی تیکیتی ئەو باڵەفڕەیەی کە دەچێتە تاران دەکرد، یــەکێك لــە ئامــادەبووان هەستایەوەو وتی من ئەو کارە دەکــەم، ڕۆژی پاشــتر تیکیتــی ســەفەری لــە هێڵی ئاسمانی ئەڵمانی ((لوفت هانزا Luft Hanza)) هێنا کە لە لەندەنــەوە دەچووە فرانکفۆرتو دەبووایە دوو سەعاتیش چــاوەڕێ بکــاتو جانتاکــانیش لەلایەن کۆمپانیاکەوە بە باڵەفڕەی دووەم دەگوازرانەوەو ڕێبوار هــیچ کارێــك ناکات.

ڕۆژی دیاریکراو بــۆ بــەڕێکردنی کــاك ئیــدریس چــووینە باڵەفڕخانــەی هیثرۆ، هەندێك دراوی ئاسنی ئــەڵمانیم لەگــەڵ خــۆم هێنــاو دام بــە کــاك ئیدریس وتم لە باڵەفڕخانەی فرانکفۆرت پێویستیت پێ دەبێت بەتایبەتی بۆ تەلەفۆنکردن یان خواردنەوەی چــاو ســاردەمەنی، بــەڕێمانکردو گەڕاینــەوە ماڵەکانی خۆمان.

دوای تێپەڕبوونی چوار پێنج سەعات، لە ماڵەکــەی خــۆم لــە نیوبــەری زەنگی تەلەفۆن لێیداو کاك ئیدریس لەسەر خەت بوو و وتی ((زور ســوودم لە دراوەکانت بینی))، من سەرسامی خۆم پیشــانداو کــاك ئیــدریس وتــی: لــەکاتی دیــاریکراودا ســەرکەوتمە نــاو باڵەفڕەکــەو شــوێنی خــۆم گــرت، باڵەفڕەکە خەریك بوو بفرێــت کــە کاپتنەکــە بــەخێری هێنــاینو بــەزمانی



www.mukiryani.com

ئــەڵمانیو ئینگلیــزی وتــی باڵەفڕەکــە بــەرەو تــاران دەڕوات، وەك یەکــەم وێستگەی سەفەر لە بەغدا دەنیشێتەوە ((ئەو کاتە شــەڕی عێــراقو ئێــران دەستی پێ نەکردبوو)). کاك ئیدریس لە قسەکانی بەردەوام بوو و وتی: لــە شوێنی خۆم هەستامەوەو بە هــەموو هێزمــەوە هــاوارم کــرد نامــەوێت بــە بەغدا تێپەڕمو دادەبەزم، دوای مشتو مڕێکی زۆر لەگەڵ تیمی باڵەفڕەکەو هەردوولامان لەسەر رای خۆمان مکوڕ بووین، کاپتنی باڵەفڕەکە بڕوای بــە قسەکەم کردو خۆمو جانتاکانیان دابەزاندم، ئەو بەزمە سەعاتێکی خایانــد، تەلەفۆنم بۆ کاك تاریق ئاکرەیی کرد لە بۆن دادەنیشت تا بێتە باڵەفڕخانەی فرانکفۆرت بۆ ئەوەی یاوەرم بێتو باڵەفڕەیەکی دیکــەم بــۆ بدۆزێتــەوە کــە یەکسەر بچێتە تاران.

سوپاس بۆ خوا، کاك ئیدریس بەر لە روودانی کارەساتەکە زۆر وریا بــوو. ئەگینا دەبووە دیاریەکی گرانبەهاو لەسەر سینیەکی زێــڕ لەبــەردەم ســەدام دادەنرا، پەنجەمان بەیەك دادەداو گومانمان لەو کەسە پەیدا کرد کە تیکیتی باڵەفڕەکەی بڕیبوو و ئەو سەفەرەی رێکخستبوو، ناچێتە عەقڵەوە ئەو کەسە نەیزانیبی کە باڵەفڕەکە یەکەجار لە بەغدا دەنیشێتەوەو تا ئێســتا گومــان دەکەم، رۆژی پاشتر، بەرێگای کاك تاریق ئاکرەیی تیکیتی باڵەفڕەیەکیان بۆ بڕی کە راستەوخۆ دەچووە تارانو لە هیچ شوێنێك رانەدەوەستا، سوپاس بــۆ خوا بە سەلامەتی گەیشتە تاران.



www.mukiryani.com

# له بەریتانیادا

رۆژەکان بە هێمنی تێپەڕین، دوای ئەوەی گەیشتمە بەریتانیاو پاش سەفەری کاك ئیدریس کاتەکانم بۆ کاروباری تایبەتی خۆم تەرخانکردو بەرنامەیەکی تازەم دانا کە لەگەڵ بارودۆخی تازەم بگونجێت تا بە تەواوی لە بەریتانیا جێگیر ببم، منداڵەکانم هەریەکەو لە قۆناغی خۆیدا سەرقاڵی خوێندن بوون، بارودۆخی پارتیو شۆڕش لە ڕووی داراییەوە سنووردار بوو، دەیانتوانی بە بڕێکی کەم دەستی یارمەتیم بۆ درێژ بکەن کە بەشی پێداویستیەکانی نەدەکردم، بیرم لە دۆزینەوەی کارێکی گونجاو کردەوە تا هەندێك پێداویستی پێ دابین بکەم، بەڵام کۆسپە دەهاتە ڕێگام.

ڕۆژێکیان لە ڕۆژنامەیەکدا ریکلامێکم خوێندەوە کە پێویستیان بە کارمەندێك لە یەکێك لە بانکە عەرەبیەکان هەیە کە هی ولاتێکی عەرەبی بوو، ئەو مەرجانەم تێدا هەبوو، بنکەی سەرەکی ئەو بانکە لە پاریسی پایتەختی فەرەنسا بوو، بەڕێوەبەری گشتی دامەزراوەکە کەسێکی عەرەبەو زانیم کە برادەری خوالێخۆشبوو ((مەحموود بابان))ە، کە ئەمەم پێوت کاك مەحموود ئامادەی پیشاندا لەگەڵم بێتە پاریس، بۆ ڕۆژی پاشتر تیکیتی سەفەریشی بڕی.

وا ڕێککەوت محەمەد حوسێن مەلا دزەیی ئامۆزام لە پاریس بوو، لە هوتێلی بە ناوبانگی ((جۆرجی پێنجەم)) ناسراوترین هوتێلی پاریس ژووری بۆ گرتین، ڕۆژی پاشتر لەگەڵ مەحموود بابان چووینە لای کەسە



www.mukiryani.com

لێپرسراوەکە زۆری بەخێرهێنایەنو داواکاریەکەم تەسلیم کردو وتی هەموو توانای خۆم دەخەمەگەڕ، گەڕاینەوە لەندەنو دوای چەند هەفتەیەك لێپرسراوی ناوبراو تەلەفۆنی بۆ مەحموود بابان کردو وتبووی بەداخەوە ئەنجوومەنی کارگێڕی بە دامەزراندنم رازی نەبووە، زانیمەوە کە هۆکارەکەی ئەوە بووە کە من نەیاری رێژێمی ((سەدام حوسێن))مو پارتیمو لایەنگری بارزانیم لەگەڵ ئەو کاردەکەم، زۆربەی ئەندامانی ئەنجوومەنی کارگێڕی ئەو بانکە کەسایەتی سیاسیو بزنسمانی دراوو عەرەب بوون.

جارێکی دیکەش، لە رۆژنامەیەك رێکلامێکم خوێندەوە کە لە کۆمپانیایەك پێویستیان بە کارمەند بوو، داواکاریم پێشکەشکردنو تیایدا نووسیبووم زمانی ئینگلیزیو عەرەبیو فارسیو تورکی جگە لە زمانی زگماکی خۆم کە کوردییە دەزانم، دوای ئەوەی ئەنکێتەکەم بۆ ناردن بە تەلەفۆن داوایانکرد بچمە لایانو ناوونیشانیان دامێ، لەکاتی دیاریکراودا چوومە لایان، دوای چاوپێکەوتن زانیم کە ئەو کۆمپانیایە چەند هۆڵێکی قومار بەڕێوە دەبات، ئیشەکەم نەکرد سەرەڕای ئەوەی کە مووچەکەی زۆر چەور بوو، هەروەها ئەوان منیان زۆر بە سوود بۆ خۆیان لە قەڵەم دەدا، چونکە زۆربەی میوانەکانیان خەڵکی وڵاتە عەرەبییەکان بوون یان خەڵکی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوون، بەیەك لەو زمانانە قسەیان دەکرد کە من دەمزانی، سەرەڕای مکوڕ بوونیانو بەڵێنی ئەوەی زۆر ئیمتیازم پێ بدەن، بەڵام داوای لێبووردنم کردو سوپاسم کردن.

رۆژانی هاوین بەسەرچوون بێ ئەوەی کارێك یان چالاکیەکی دیاریکراوم هەبێت، زۆربەی کاتم لەگەڵ خانەوادەکەم یان ئەوانەی بە مەبەستی سەردانی پزیشك لە کوردستانەوە دەهاتن بەسەردەبرد، لەوانە هاوسەری برای کۆچ کردووم کاك ئەحمەد لەگەڵ یەکێك لە کوڕەکانی، هەروەها



www.mukiryani.com

((پەیمان))ی کیژە گەورەم کە من لە ئەڵمانیا بووم شووی کردو ((ژوان))ی کچی کاکە عەبدولقادری ئامۆزامو برای هاوسەرەکەمو هی دیکە، ئەوانە لە ماڵی من دادەبەزین، ئەمە جاری یەکەم بوو بە تایبەتی دوای وەفاتی کاک ئەحمەدی برام ئەو ئازیزانە بە تایبەتی هاوسەرەکەی ببینم، بۆنەیەکی زۆر خەماوی بوو.

گەیشتینە مانگی ئابی ساڵی (١٩٨٠)، مانگی پیرۆزی رەمەزان کەوتە ئەو مانگەوە، پێش جەژن هاوسەری کاک ئەحمەدو دێدەوانی کوڕیو خوشکەکەی دوای سەردانی پزیشك گەڕانەوە کوردستان، ((پەیمان))ی کچمو ((ژوان))ی کچی کاکەی ئامۆزام دواکەوتن، دوو هەفتە لای ئێمە مانەوەو بەر لە هەڵگیرسانی شەڕی عێراقو ئێران بە چەند رۆژێك گەڕانەوە، هەندێك جار چاوم بە برادەرە کوردەکانم بە تایبەتی ئەندامانو لایەنگرانی پارتی دەکەوت کە هەموویان گەڕابوونەوە رێکخستن، کاك هوشیار زێباری لە کۆنگرەی نۆیەم بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرابوو وەك پێشتر باسمکرد، لێپرسراوێتی سەرپەرشتیکردنی کاروباری حیزبی لە ئەوروپا پێ سپێردرا، پیاو بۆ خوا بڵێت رۆڵێکی گەورەی لە رێکخستنەوەی حیزب لە بەریتانیاو ئەوروپادا بینی، حیزب زیندەگی هاتەوە بەرەو وەك جاران دەستی بە چالاکی کردەوە، بەتایبەتی دوای هەڵگیرسانی شەڕ لە نێوان عێراقو ئێرانو بارودۆخەکە زۆر لە پێشتر گونجاوتر بوو.

رۆژێکیان، خوشکە ((فەوزیە))ی هاوسەری کاك سامی عەبدولڕەحمان بە تەلەفۆن قسەی لەگەڵ کردمو بە خەمبارییەوە وتی سامی لە تاران لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئێران دەستگیر کراوەو داوایکرد بەهۆی برایان ئیدریسو مەسعود هەوڵی ئازادکردنی بدەین، وتم هەموو توانایەکم دەخەمەگەڕ.



www.mukiryani.com

پەیوەندی کۆنو پتەوی برادەرایەتیم لەگەڵ کاك سامی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩٦٣)، سەرەڕای ئەوەی کە پاشان چووینە ریزی یەك حیزبەوەو لایەنگری بارزانی نەمر بووین، تەلەفۆنم بۆ کاك ئیدریس کردو سوێندی خوارد کە بۆ ئازادکردنی هەوڵێکی زۆریان داوە تەنانەت کاك مەسعود کەفالەتیشی کردووە، بەڵام بێ سوود بووە، هەروەها کاك ئیدریس وتی سەرەڕای هەندێش جارێکی دیکەش هەوڵ دەدەمو هەموو توانایەك دەخەمەگەڕ تا ئازاد بکرێت.

دوای دوو هەفتە، کاك ئیدریس تەلەفۆنی کردەوەو وتی ئەمجارە سەرکەوتینو سامی ئازادکرا، هەروەها خوشکە فەوزیەش تەلەفۆنی کردو سوپاسی کردم، دوای تێپەڕبوونی چەند مانگێك کاك سامی گەڕایەوە بەریتانیا، رۆژێك لە ماڵەوە بووم کە زەنگی تەلەفۆن لێیدا، کاك سامی لەسەر خەت بوو، پیرۆزبایی بە سەلامەتی گەڕانەوەم لێکردو ئەویش سوپاسی ئەوەی کردم کە بەرێگای برایان ئیدریسو مەسعود هەوڵی ئازادکردنیم داوە، داوای کرد یەکتر ببینین، لەسەر کاتو شوێنی دیاریکراو رێککەوتین.

چوومە شوێنەکە کە قاوەخانەی ناو هوتێلێکی بەناوبانگی لەندەن بوو و عێراقیەکان نەدەهاتنە ئەوێ، لەوێ یەکترمان بینی، گلەیی ئەوەم لێکرد لە کۆنگرەی نۆیەم بەشداری نەکردوە، چونکە کەسێکی بە توانایە، بەداخەوە کەسێکی وا بە تواناو لێهاتوو لە سەرکردایەتی حیزب دوورە بە تایبەتی لە بارودۆخێکی ئەوهادا، ئەویش هۆکارەکانی باسکرد کە پێشتر من باسمکرد، بەڵام قەناعەتم پێ نەهاتو کاك سامی وتی خەریکی دامەزراندنی حیزبێکی تازەیەو پەیوەندی بەزۆر لە ئەندامانی پێشوو و ئێستای پارتییەوە کردووەو کاك نوری شاوەیسو زۆربەی ئەندامانی سەرکردایەتی کاتی



www.mukiryani.com

پشتگیری دەکەن‌و داوای لەمنیش کرد بچمە ریـزی ئـەو حیزبـەی کـە بـەم زووانە رایدەگەیەنێت.

ویستم لەو بیرۆکەیە پاشگەزی بکەمـەوەو وتم هێـزە کوردیـەکان ئێسـتا پەرش‌و بـڵاون‌و نـاتوانین بـەم شـێوەیە بـەرەنگاری دوژمـن ببینـەوەو هـەر دڵسۆزێك دەبێت هەوڵی ئەوە بدات ریزەکانی یەك بخەن‌و ناکۆکیەکان بخەنـە ئەم لاوە، چۆن دەبێت ئێستا درزێکی دیکە بخەینە ریزی حیزبەکەمانەوەو تـا ئێستا بەدەست جودابوونەوەی پێشوو دەنـاڵێنین کـە (١٥) سـاڵی بەسـەردا تێپەڕیوە.

کاك سامی لەسەر ڕای خۆی مکوڕ بوو، وتی بەم زووانە حیزبە تازەکـەی رادەگەیەنێت‌و هەروەها مکوڕ بوو منیش بچمە ریزەوە بەو سیفەتەی برادەری کۆنم‌و ساڵانێك کارم لەگەڵدا کردووە، بینیم هەر مکورە منیش بەراشـکاوی وتم رێزی رایەکەت دەگرم، بەڵام من سیاسەت‌و کوردایەتیم لەگـەڵ پارتیـدا کردووە کە بارزانی نەمر سەرکردایەتی کـردووەو ئێسـتاش لەگـەڵ هـەمان حیزبداو لەگەڵ کوڕانی بارزانی کار دەکەم کە لەسەر رێبازی باوکیان دەڕۆن، بە پێچەوانەی ئەمە واز لە سیاسەت دەهێنم، پیاو بۆ خوا بڵێت کاك سامی ستایشی بارزانی نەمری کرد وتی زۆر زەحمەتە گـەلی کـورد سـەرکردەیەکی وەك بارزانی بدۆزێتەوە، بەڵام ئێستا بارودۆخەکە لە هی پێشتر جیاوازە، کـە هەڵساین وتم برادەرایەتی‌و خۆشەویسـتیمان هـەر بـەردەوام دەبێـت بـا لـە رێکخـراوی جیاوازیشـدا کاربکـەین‌و ئەگەرچـی ئـەو دوولایەنـە لەگـەڵ یەکتریشدا کۆك نەبن.

کاك سامی حیزبە تازەکەی ((پارتی گەل))ی راگەیاند، پێدەچـوو پـێش ئەوەی گەڕابێتەوە بەریتانیا بەسوریادا تێپەڕی بێت‌و پاڵپشتی لێپرسـراوانی



www.mukiryani.com

ئەوێی بەدەست هێنابێت، لە لیبیاش یارمەتی بۆ خۆیو حیزبەکەی وەرگرت.

وەك باسمکرد، پەیوەندی برادەرایەتی نێوان منو کاك سامی بەردەوام بوو، لە لەندەن یاخود لە کۆبوونەوەکانی نێوان حیزبە کوردیەکان لە ئەوروپا کە کوردی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی ئامادە دەبوون، چاومان بەیەکتر دەکەوت.

دوای کۆنگرە کە بەسەرپەرشتی عەقید قەزافی لە لیبیا سازدراو تیایدا ئۆپۆزیسیۆنی زۆربەی وڵاتانی جیهانی بانگهێشت کردبوو، مانگی نیسانی (١٩٨٦) هاتمە دیمەشق، کاك سامی لە بارەگای حیزبەکەی بۆ فراقین داوەتی کردم، لە کاك سامیم بیستەوە خوالێخۆشبوو حاجی ئەمین عەبدەی مامی هەروەك وەفاداری بارزانی ماوەتەوەو لە هەڵوێستی کاك سامی رازی نەبوو.

دوای راپەڕینەکەی میللەتەکەمان، چاوەکانی سامی هەر لەسەر شوێنی ئاسایی خۆی بوو لە پارتی، ساڵی (١٩٩٣) پارتی گەل لەگەڵ سۆسیالیستو پاسۆك کۆنگرەیان سازداو هاتنە ریزی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە کۆنگرەی یازدەمی پارتی کە لە ساڵی (١٩٩٣) سازدرا کاك سامی پایەی جیاجیای لە حیزبدا، بەدڵسۆزیو لێهاتوویی بینیو کاری کردو لە کابینەی چوارەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە کاك نێچیروان سەرۆکایەتی کرد کاك سامی پایەی جێگری سەرۆکی حکومەتی وەرگرت، تا رۆژی شەهیدبوونی لە (١)ی شوباتی ساڵی (٢٠٠٤) کە رێکەوتی یەکەم رۆژی جەژنی قوربان بوو هەر لە پایەی خۆیدا مایەوە، لەو دووکارە تیرۆریستییەی ناو لقی دووی پارتیو مەڵبەندی (٣)ی یەکێتی لە هەولێر (١٠٠) کادیرو لایەنگری هەردوو حیزب شەهید بوون.

لە بارەگای لقی دوو، جگە لە کاك سامیو سەلاحی کوڕی، هەڤاڵ سەعد عەبدوڵڵا ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتیو وەزیری کشتوکاڵو تازە



www.mukiryani.com

لێپرسراوێتی لقی دووی وەرگرتبوو، هەروەها کاك شـەکەوت شـێخ یـەزدین ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی وەزیری کاروباری ئەنجوومەنی وەزیـران، ئـەکرەم مەنتك کادیری پێشکەوتوو و پارێزگاری هەولێرو مەهدی خۆشناو جێگـری پارێزگاری هەولێرو کورەکەی ((دکتۆر زەردەشتی خۆشەویست))، عەمیـدی پۆلیس نەریمان عەبدولحەمید بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێرو چەندان کـادیری پێشکەوتووی حیزبو ئەندامانو لایەنگران کە (٥٠) کەس دەبوون شـەهید بوون، هەموویان هەڤاڵو برادەرو ناسیاوم بوون، بەراستی رۆژێکی خـەماوی بوو و بۆ هەردوو حیزبو گەلی کوردسـتان بەشـێوەیەکی گشـتی زیـانێکی گەورە بوو، خوا بیانخاتە ژێر رەحمەتی خۆیو بە هەشـتی بـەرینیان بەنسـیب بێتو جێگەیان لای ئەولیاو پیاوچاکان بێت.

دەگەڕێینـەوە سـەر بـارودۆخی بـەر لـە راپەڕینـە پیرۆزەکـە، سـەرەڕای هەڵگیرسانی شەڕی نێوان عێراقو ئێرانو بارودۆخ زۆر لە پێشتر یارمەتیدەر بوو، هێزەکانمان لە شۆڕشی گوڵانو هێزەکانی حیزبە کوردیـەکان بەشـێکی زۆری خاکی کوردستانیان ئـازاد کردبـوو، بـەڵام چـالاکی هـەموو حیـزبو هێزەکان لەگەڵ چالاکیەکانی شۆڕشـی مـەزنی ئـەیلوول پێوانـە نـەدەکرا، لەگەڵ هەندێش حکومەتی عێراق حیسابی بۆ ئەو هێزانە دەکرد بە تایبەتی لە دوا ساڵەکانی شەڕ لەگەڵ ئێرانو بەر لە بەکارهێنانی چەکی کیمیـاویو گازی ژەهراویو کاتێکیش تەرازووی شـەڕ بـەلای ئێرانـدا شـکایەوە، بۆیـە ڕێژێمی عێراق پەیوەندی بەو حیزبانـەوە دەکـرد تـا رێکەوتننامـەی ئاشـت بوونەوەیان لەگەڵدا مۆر بکات، بێگومان بە گوێرەی مەرجەکانی خۆی.

چالاکیەکانی حیزب لە دەرەوە بە بەراورد لەگەڵ پێشتر سنووردار بوو کە بریتی بوو لە هەندێك کۆبوونەوەی حیزبیو خۆپیشاندان لە هەندێك بۆنەداو هـەروەها بڵاوکـراوەو بەیاننامـەو هەواڵـەکانی شـۆڕش لـە کوردسـتان،



www.mukiryani.com

مەڵبەنـدی رۆشـنبیری کـوردی بـە یارمـەتی دەوڵەمەنـدە دانیشـتووەکانی دەرەوەی عێراق دامەزرا، ئەو مەڵبەندە بۆ تاکە حیزب یان دەستەیەك نەبوو، بەڵکو بۆ هەموو کـورد بـوو، تائێسـتاش هـەر مـاوە، بـەڵام بـەهۆی ئـەو پێشکەوتنەی لە کوردستانی باشووردا هەیە چالاکی کەم بووە.

برایان ئیدریسو مەسـعود لەگـەڵ سـەرکردایەتیو کـادیرانی حیـزبو پێشمەرگە پاڵەوانەکان سەرقاڵی کاروباری حیزبو شۆڕش بوون، یان ئەوەتا لە قوڵایی کوردستانی عێراقو بارەگاکانی پێشەوە بوون یاخود لە دواوە لـە بارەگای مەکتەبی سیاسی بوون لەسەر سنووری عێـراقو ئێـران، هەنـدێك جاریش یەکێکیان لەگەڵ ئەندامانی سەرکردایەتی دیکە لە حیزب ئامادەی کۆبوونەوەکانی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی دەبوون ئەگەر لە تاران ساز درابا.

جار جارەش یەکێکیان سەردانی سوریا یان لیبیای دەکـرد تـا بەشـداری هەندێك لە کۆبوونەوەکانی ئۆپۆزیسیۆن بێت، ئەم دوو وڵاتە تاکـە دوو وڵات بوون لە نێوان وڵاتە عەرەبییەکان کە هاوسۆزی کێشەی کوردو ئۆپۆزیسیۆنی عێراقـی بـوون بەشـێوەیەکی گشـتی لـەو کاتـەدا، زۆربـەی حیزبـە ئۆپۆزیسیۆنەکان بە کوردو عەرەبەوە بارەگـا یـان نوێنـەریان لـە دیمەشـقی پایتەختی سوریادا هەبوو، جاری واهەبوو دوای تـەواوبوونی کارەکانیـان لـە سوریا دەهاتنە ئـەوروپاو بـەزۆری سـەردانی ڤیـەننای پایتـەختی نەمسـاو ئەڵمانیاو سویسرایان دەکرد، زۆربەی سەردانەکان بۆ نەمسا بـوون ئەمـەش لەبەر دوو هۆکار، یەکەمیان ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانو کادیرانی حیزب لەوێ بوون، دووەمیان بە پەیوەندی پتەوی کەسایەتی نێوان سەرۆك مەسعود بارزانیو هەندێك لە لێپرسراوانی نەمسا لەوانـە بـەڕێز فیشـەر سـەرۆکی پەرلەمان کە پاشان بووە سەرۆکی نەمسا.



www.mukiryani.com

هـەر یـەکێك لەوانـەی ئـەو سـەردانانەی دەکـرد هەنـدێك ئەنـدامانی سەرکردایەتی یاوەری دەبوون لەمانە برایان فازیل میرانی، دکتۆر رۆژ نـوری شـاوەیس، هوشـیار زێبـاری، زەعـیم عـەلی ((عومـەر عوسمـان))، عەبدولموهەیمەن بارزانیو هی دیکە، دەهاتنە ئەوێ سەردانم دەکردنو چـەند رۆژێکـم لەگەڵیانـدا بەسـەردەبرد، لەوانـەوە راسـتەوخۆ هەواڵـەکانی کوردستانو بارودۆخی حیزبو شۆڕشم دەبیسـت، هـەروەها ئەمـەم بەهـەل دەزانی تا چاوم بە برادەرە کوردە پەنابەرەکانم لە کادیرانو ئەندامانی پـارتی بکەوێت کە لەوێ بوون.

لە یەکێك لە سەردانەکانی کاك ئیدریس لە مانگی کـانوونی یەکـەمی سـاڵی (١٩٨٥) بـۆ ڤیـەننا، چـاوم پێـی کـەوتو کـوڕە گەنجەکەشـی ((نێچیرڤان)) کە تەمەنی (١٩-٢٠) ساڵی دەبوو یاوەری بوو، لەو دیدارەدا برایان سەرداری حەمەئاغای خاڵی نێچیرڤان لە بەریتانیا، تاریق ئاکرەیی لە ئەڵمانیا ئامادەبوون، لەوێ چاومان بە برایان پیرۆت ئەحمەدو ئازاد بەرواریو کامەران موفتیو عیسمەتو هی دیکە کـەوت کـە تـا مانـەوەمان لـەوێ یاوەرمان بوون بـەرێگای ئـەو برایانـەوە دەنگوباسـی نـاوەخۆی کوردسـتانم پێگەیشت کە چۆن سەدام حوسـێنو بـەکرێگیراوانی هەڵسـوکەوت لەگـەڵ گەلی کوردی بێچارە دەکەن، هەروەها زانیم کە شۆڕشو حیزب پێشکەوتنیان بەخۆوە دیوە، نێچیرڤانی لاو ئەو کاتانەی لەگەڵ کاك ئیدریس کۆدەبووینـەوە دەهاتە لامان، لە هەندێك کاروباردا پرسی بە باوکی دەکرد، جارێکیان کاك ئیدریس بە زەردەخەنەیەکەوە وتی هـەر خانـەوادە یـان خێزانێـك کەسـێکی هەیە تا کاروبار بەڕێوەببات‌و ئێمەش بۆ ئەم مەبەسـتە نێچـیرڤانمان دەسـت نیشان کردووەو ((هەر ماڵێك کوێخایەکی هەیە، کوێخـای مـاڵی ئێمـەش نێچیرڤانە)).



www.mukiryani.com

لەو دانیشتنەدا، کاك ئیدریس پێی وتم کۆنگرەیەکی جیهانی لەمانگی نیسانی ساڵی (١٩٨٦) لە لیبیا ساز دەدرێتو ناوی ((مؤتمر المثابة العالمي))یە، پارتی بۆ ئەم کۆنگرەیە لەگەڵ حیزبە ئۆپۆزیسیۆنە عێراقیەکان داوەت کراوە، کاك مەسعودو هەندێك ئەندامی سەرکردایەتی بەشداری تێدا دەکەنو کاك مەسعود دەیەوێت منو برایان ئازاد بەرواریو پیرۆت ئەحمەد بەشداربین، لەگەڵ ئازادو پیرۆت رێککەوتین پەیوەندیمان بەردەوام بێتو لەکاتی دیاریکراودا بەیەکەوە بچینە لیبیا. لەگەڵ کاك ئیدریس چەند رۆژێکی خۆشمان لە ڤیەننا بەسەربرد، نەمدەزانی ئەمە دوا دیدارەو تا هەتایە یەکتر نابینینەوە، قەت ئەو رۆژانە لەبیر ناکەم.

خاتوو ((کەیفەت)) هاوسەری کامەران موفتی لەو هوتێلەی کە کاك ئیدریس تیایدا دابەزیبوو هاتە لامانو بۆ فراڤین لە ماڵەکەی خۆی داوەتی کردین، کاك ئیدریس وتی ((تۆ کە کچی ساڵحو نەوەی مستەفا ئاکرەیی بیت چۆن داواکاریەکەت رەت دەکەمەوە!))، مستەفا لە هەرە دڵسۆزەکانی بارزانی نەمرو خانەوادەی بارزانیان بوو، کورەکانیشی ساڵحو ئیبراهیمو حوسێن هەروا بوون، لە بەشی دووەمی کتێبەکەمدا باسی خوالێخۆشبوو مستەفا ئاکرەییم کردووە.

هەروەها جارێکیان کاك ئازاد بەرواری بۆ فراڤین داوەتی کردین، کە چووینە شوقەکەی زۆر خەفەتم خواردو شوقەکە کورسی تێدا نەبوو و لەسەر فەرشێکی سادە دانیشتین، وەك ئەوەی لە ئێران بین نەك ڤیەننا، داوام لە کاك ئیدریس کرد بەپێی توانا یارمەتی بدات.

بەمجۆرە لەگەڵ کاك ئیدریس هەفتەیەکم بەسەربرد کە قەت ناتوانم لەبیری بکەم، وەك باسمکرد ئەمە دوا دیداری نێوانمان بوو، ساڵێك دوای ئەو دیدارە بۆیەکجاری ماڵاوایی لێ کردینو لە دەستمان چوو، دوایی بەدرێژی، باسی ئەم کارەساتە دەکەم.



www.mukiryani.com

# له ليبيادا

وەك پێشتر باسمكرد، دوو وڵاتی عەرەبی پەیوەندییان لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی عێراق بەگشتیو ئۆپۆزیسیۆنی كورد بەتایبەتی هەبوو، ئەو دوانەش لیبیاو سوریا بوون، له سەردەمی سەرۆك حافز ئەسەد دا، هەر دوو وڵات دژی رژێمی سەدام حوسێن كاریان دەكردو پەیوەندیان لەگەڵ ئێراندا زۆر پتەو بوو بەتایبەتی سوریا، ئەگەرچی ئێرانیش لەگەڵ عێراقدا لەشەڕ دابوو.

بەنیسبەت ئۆپۆزیسیۆنی كوردیەوە، هۆكارەكانی پاڵپشتی كردن لە هەردوو وڵاتی ناوبراودا جیاوازبوو، بە بڕواو دیدو بۆچوونی خۆم عەقید موعەمەر قەزافی سەرۆكی رژێمی لیبیا باوەڕی بە مافی نەتەوایەتی گەلی كورد هەبوو، چەندان جار رایگەیاند كورد مافی چارەی خۆنووسینی هەیە، بەڵام بەنیسبەت رژێمی سوریاوە بارودۆخەكە جیاواز بوو، ئەو رژێمە باوەڕی بە هیچ مافێك بۆ گەلی كورد نەبوو و ئێستاش هەر وایەو دژی رژێمی ئەوسای عێراق بوو، واتە رژێمی سەدام حوسێن، هەریەكەو نوێنەرایەتی رێڕەوێكی جیاوازی حیزبی بەعسیان دەكرد، ئۆپۆزیسیۆنی كوردی چالاكترو لە گۆڕەپانەكەدا كاریگەریان دیاربوو و لە ئۆپۆزیسیۆنی عێراق چ بە شێوەی تاك چ بە كۆمەڵ بە گوڕتر بوو، بۆیە سەیر نیە كە سوریا بە رادەیەكی زۆر بایەخی بە ئۆپۆزیسیۆنی كوردی دا.

وادەی سازدانی كۆنگرەی ((المثابة العالمي)) لە لیبیا نزیك بۆوە كە هەفتەی یەكەمی مانگی نیسانی ساڵی (١٩٨٦) بوو، پێش ئەو وادەیە



www.mukiryani.com

لەگەڵ برایان ئـازاد بـەرواریو پـیرۆت ئەحمـەد قسـەم کـرد، لەسـەر ئـەوە رێککەوتین کە لە باڵەفرەخانەی رۆمای پایتەختی ئیتاڵیا دوو رۆژ بـەر لـە سـازدانی کۆنگرەکـە یـەکتر ببینینـەوە، لـەوادەی دیـاریکراودا سـواری باڵەفرەیەك بـووین کـە بـەرەو تەرابلوسـی پایتـەختی لیبیـا دەچـوو، کـە گەیشتینە ئەویۆ دوای تەواوکردنی کاروباری هاتنە نـاوەوە لەلایـەن چـەند کەسێکەوە پێشوازیکراین کە ئەو ئەرکـەیان پـێ سـپێردرا بـوو، یاوەریـان کردینو ئێمەیان بردە هوتێلێك ناوی ((باب البحر)) بوو و دەبڕوانیە دەریای سپی ناوەڕاست، هوتێلەکە تژی بوو لە خـەڵکی بەشـداربوو، ئەوانـەی کـە لێپرساوی تەرخانکردنی ژوورو ناسنامەی تایبەت بوون بۆ هـەر دوو کـەس ژوورێـكو بـۆ سـەرۆك حیـزب یـان رێکخـراو یـاخود ئەمینـداری گشـتی ژوورێکیان تەرخان دەکرد، برایـان ئـازادو پـیرۆت کەوتنـە یـەك ژوورو بـە لێپرساوەکانیان وت کە مـن ئەمینـداری گشـتی رێکخـراوێکم، ئـەوانیش ژوورێکی تایبەتیان بۆ تەرخانکردم، ناسنامەیەکیان دامێ کـە نـاوی منـی لەسـەر نووسـرابوو و لـەژێرەوەش نووسـرابوو ((ئەمینـداری گشـتی رێکخراوێکـی بێلایـەن))، بـە زەردەخەنەیەکـەوە ناسـنامەکەم بـە چاکەتەکەمەوە هەڵواسی.

دوای پشوودانێك لە ژوورەکانمان، لەگەڵ برایـان ئـازادو پـیرۆت چـووینە هۆڵی هوتێلەکـە کـە تـژی بـوو لـە داوەتکـراوانو هەریەکـەو ناسـنامەی بەشداربوونی بەسینگیەوە هەڵواسی بوو، لەوێ چاومان بە شـەهید سـامی عەبدولڕەحمان کەوت، لەگەڵ ژمارەیـەك کەسـایەتی ئۆپۆزیسـیۆنی کـوردو عەرەب راوەستا بوو، دوای سڵاو بەپێکەنینەوە دەستم بۆ ناسنامەکەی سـەر سینگم درێژکردو وتم ((سەیرکەن، وابوومە ئەمینداری گشتی بێ ئەوەی لە



www.mukiryani.com

حیزبەکـەم جیاببمـەوەو بەیاننامـەش دژی هـیچ دەسـتەو کـەس‌و لایـەنێك دەربکەم))، هەموویان پێکەنین.

دوای ئەوە، لەگەڵ ئازادو پیرۆت بڕیارماندا بچینە ئەو هوتێلەی کە کـاك مەسعودو شاندی یاوەری تیایدا دابەزی بوون، کاتێك لە هوتێلەکە هاتینـە دەرەوە کۆمەڵێك تاکسـیمان بینـی لـە شـوێنی تـەرخانکراو راوەسـتابوون، شوفێرەکان لەسەر زەوی دانیشتبوون‌و تاوڵەیان دەکرد، وتمان پێویستیمان بە تاکسیە تا بمانگەیەنێتە هوتێلی فلانی ((ناوەکەیەم بیر نەماوە))، بێ ئەوەی هیچ بایەخمان پێ بدەن‌و سـەیرمان بکـەن‌و وتیـان ئێسـتا سـەرقاڵین، دوای چارەگە سەعاتێك چاوەڕوانی یەکێك دوای ئەوەی یاریەکەی تەواوکرد ئێمەی گەیاندە هوتێلەکە، کرێیەکە زۆر هەرزان بوو.

هوتێلەکە تا بلێی قەشەنگ‌و بێ دەنگ‌و زۆریش قەرەباڵغ نەبوو، دیاربوو بۆ گەورە میوانان‌و بۆ بۆنەی جیاجیا تەرخانکرابوو، چووینە هـۆڵی یەکـەم بوو یان دووەم بینیمان کاك مەسعود دانیشتووەو هەریەك لە برایـان دکتـۆر رۆژ نوری شاوەیس‌و زەعیم عەلی‌و هوشیار زێباری‌و عەبدولوهەیمەن بـارزانی ((وەك لەبیرم مابێت)) دەوریان دابوو، کە ئێمەی بینی خۆی‌و یـاوەرانی بـە شادیەوە بەخێرهاتنیان کردین، بەیەکەوە دانیشتین‌و کاتێکی زۆرمان بـەفرە بابەت‌و باسـکردنی بـارودۆخی کوردسـتان‌و عێـراق بەگشـتی‌و بـارودۆخی حیزب‌و شۆڕش بەسەربرد، ئینجا هاتینە سەر باسی ئەو کۆنگرەیـەی بڕیـار بوو سبەینێ ساز بدرێت، چاوەڕێی ئـەنجامێکی کردەییمـان لـەو کۆنگرەیـە نەدەکرد چونکە لـە رۆژهـەڵات‌و رۆژئـاوای جیهـان خـەڵکیان بانگهێشـت کردبوو، هی وایان تێـدابوو تـەنیا نوێنەرایـەتی خـۆی دەکـرد کەچـی وەك نوێنەری گـەلێك یـان رێکخراوێـك خـۆی پیشـان دەدا، خـەونی زۆربـەیان



www.mukiryani.com

وەرگرتنی یارمەتی دارایی بوو لە عەقید قەزافی، قەزافی هەردەم ئامادەبوو لەو جۆرە بۆنانەدا پارە بەسەر ئەو کەسانەدا ببەخشێتەوە.

دوای بەسەربردنی ماوەیەك لەگەڵ کاك مەسعودو هەڤاڵانی، دوای ئەوەی لە جێگەو ڕێگەیان دڵنیابووین گەڕاینەوە هوتێلەکەمان، کاتی شیوخواردن هاتو چووینە هۆڵی چێشتخانەکە، لەسەر مێزێك دانیشتین، گارسۆنەکە لیستی خواردەمەنیەکانی خستە بەردەممان کە لە پەنجەکانی دەست تێپەڕی نەدەکرد، هەریەکەو خواردنی خۆی هەڵبژارد، دوای چاوەڕوانییەکی زۆر گەڕایەوەو چەند قاپێکی لە بەردەممان دانا، سەرمان سوڕما، چونکە داوای ئەو خواردنانەمان نەکردبوو، گلەییمان لێکرد، بەبێ هیچ لێبووردنێك وتی: ((جیاوازیان نیە، بخۆن))، ڕۆیشتو ئێمەش پێکەنین، بە ناچاری دەستمان بەشیو خواردن کرد.

ڕۆژی پاشتر، چووینە هۆڵی کۆبوونەوە، بریتی بوو لە هۆڵێکی فراوان و تژی بوو لەو خەڵکانەی کە لە هەموو لایەکی جیهانەوە هاتبوون، بە مەزەندەی من ژمارەیان دەگەیشتە شەش سەد تا حەوت سەد کەس، وەك لەبیرم مابێت شەش تا حەوت کەس سەرۆکایەتی کۆنگرەیان دەکرد لەمانە عەبدولسەلام جەلودی سەرۆك وەزیرانی لیبیاو جێگری عەقید قەزافی کە لەنێوانیان دانیشتبوو و سەرۆکایەتی کۆنگرەکەی دەکرد، هەروەها سەرۆکی کۆماری ((بەنین))ی ئەفریقیام بینی.

حیزبە کوردیەکانی بەشداربوو لەو کۆنگرەیە بریتی بوون لە پارتی دیموکراتی کوردستان، حیزبی سوشیالیستی کوردستان کە خوالێخۆشبوو ڕەسووڵ مامەند ڕابەرایەتی دەکرد، پارتی گەل کە ئەمیندارەکەی شەهید سامی عەبدولڕەحمان بوو، کەسانی دیکەش چ وەك تاك چ وەك ڕێکخراو ناوەکانیانم لەبیرنەماوە، یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەشداری ئەو



www.mukiryani.com

کۆنگرەیەی نەکرد، چونکە دوای ئـەوەی وتوێـژیان سـاڵی (١٩٨٤) لەگـەڵ حکومەتی عێراق دەستپێکرد وتوێژەکە سـەری نـەگرت تـازە گەڕابوونـەوە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیان.

کاك مەسعود، سەرۆکایەتی حیزبە کوردیەکانی دەکردو لەریزی پێشـەوە دانیشتبوو، ئێمـە وەك کوردەکـان لەیـەك شـوێن دانیشـتبووین، وتارەکـان خوێندرانەوە، بۆ هەر وتارێك دە تا پازدە دەقیقـە تـەرخان کرابـوو، داوا لـە کاك مەسعود کرا وتاری حیزبە کوردیەکان بخوێنێتەوە، کـاك مەسـعود بـە وردی شرۆڤەی بارودۆخی کوردی کردو چۆن ئەو گەلە لەبن دەسـتی رژێـمی سەدام حوسێن بەدەست کوشتنو بەندکردنو کۆچ پێکـردنو زوڵـم لێکـردن دەناڵێنێت، هەروەها ئاماژەی بەوەکرد شۆڕشی کورد رووبەڕووی ئـەو رژێمـە فاشیە وەستاوەو رۆڵی جەماهیریەتی لیبیو سەرۆك قـەزافی بـەرز نرخانـد، وتارەکەی کاك مەسـعود لـەو کاتـەی بـۆی دیـاریکرابوو زیـاتری خایانـد، ئاگاداریان کردەوەو دوای دوو دەقیقە سـەرۆکی دەسـتە داوایکـرد وتارەکـەی تەواو نەکات، کاك مەسعود وتارەکەی تەواو نەکردو هاتەوە شوێنی خۆی.

عەقیـد قـەزافی بـەرێگای تەلەفزیۆنـەوە چـاودێری کـۆنگرەی دەکـرد، بینیمان عەبدولسەلام جەلود بیستەکی تەلەفۆنەکەی بەردەمی بەرزکردەوە، چەند قسەیەکی کرد کە ئێمە گوێمان لێ نەبوو، یەکسـەر داوای لـە کـاك مەسعود کرد بێت وتارەکەی تەواو بکات، کاك مەسـعود هەسـتایەوەو بـەر لەوەی وتارەکەی بخوێنێتەوە وتی: ((لەسەرجەم مینبەرەکان بێبەش بووین بۆ ئەوەی تەعبیر لە دیدو بۆچوونی خۆمان بکەین، دەتانەوێت لـەم مینبـەرەش بێبەشمان بکەن؟))، ئینجا بەدەم چەپڵە لێدانو هوتاف کێشانی ئامادەبووان بە ژیانی قەزافی لە وتەکەی بەردەوام بوو.



www.mukiryani.com

پاشان بانگی (موبدیر ئەلوەیس)یان کرد کە سەرۆکی حیزبی نەتەوەیی ناسری کرا، تا لەبری حیزبە عەرەبییە نەتەوەییەکان وتار بخوێنێتەوە، لە کاتی بانگ کردنیدا عەبدولسەلام جەلوود بە (موبدیر لویس) بانگی کرد، (لویس)یش ناوێکی مەسیحیانەیە، لەو کاتەدا شاندی حیزبی دەعوە بە سەرۆکایەتی دکتۆر ئیبراهیم جەعفەریی هۆڵەکەیان جێهێشتو وتیان چۆن دەبێت (لویس)ی مەسیحی وتاری پێش شاندی ئیسلامیەکان بخوێنێتەوە، دوایی مەسەلەکەیان تێگەیاندنو بە پێکەنین گەڕانەوە هۆڵی کۆنگرە.

بەمجۆرە کۆنگرەکە بەدەم هوتاف کێشانو وتار خوێندنەوە لەلایەن کەسانێکەوە بەردەوام بوو کە تەنیا تەعبیریان لە خۆیان دەکرد کەچی وا خۆیان پیشاندەدا نوێنەری فلانە میللەتین، وتاری هەندێکیان تەنیا ستایشی قەزافیو ئاماژەدان بوو بە رۆڵی ئەو و مەبەستیشیان وەرگرتنی پارە بوو.

ئێوارەیەکیان، بۆ شیوخواردن داوەتی قەزافی بووین لە باخچەیەکدا، قەزافی دواکەوت، دوای نان خواردن کە بریتی بوو لە ساوارو چوار پشکە گۆشتی بۆ چوار کەس لەسەر دانرابوو، لەگەڵ کاك مەسعودو خوالێخۆشبوو رەسووڵ مامەندو شەهید سامیو من بە دەوری سینیەکەدا کۆبووینەوە، قەزافی هاتو هەندێك لە ئامادەبووان دەورەیان داو هوتافیان بۆ کێشا، ئێمە لە شوێنی خۆمان نەجوولاین، دوای چەند دەقیقەیەك قەزافی بزر بوو و ئێمەش گەڕاینەوە هوتێلەکانمان، ئێوارەیەکی دیکەش لە هەمان شوێن داوەتی دەستەی سەرۆکایەتی کۆنگرە بووین کە هیچ جیاوازی لەگەڵ داوەتەکەی پێشتر نەبوو.

کۆنگرەکە دە رۆژی خایاند بێ ئەوەی هیچ ئەنجامێکی کردەییو بەرچاوی هەبێت، هەندێك لە سەرۆکایەتی شاندەکان چاویان بە عەقید قەزافی



www.mukiryani.com

کەوت، بە کاك مەسعودیان وت دوو ڕۆژی تر بمێنێنەوە، چونکە عەقید قەزافی دەیەوێت دووبارە بیبێنێتەوە.

دوای تەواوبوونی کۆنگرە، کاك مەسعود داوای لێکردم کە بگەڕێمەوە سوریاو لەوێ چاوەڕێی بکەمو نەگەڕێمەوە ئەوروپا، بە تەلەفۆن قسەی لەگەڵ نوێنەری پارتی لە دیمەشق کاك غازی زێباری کرد تا پێشوازیم بکاتو شوێنی حەوانەوەم دابین بکات، برایان ئازاد بەرواریو پیرۆت ئەحمەدیش بڕیاریاندا بچنەوە نەمسا، بڕیارماندا ڕۆژی پاشتر هەموومان سەفەر بکەین.

پاش نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە، چووینە سەنتەری شار تا بازاڕ بەسەر بکەینەوەو هەندێك پێداویستی بکڕین، کە گەیشتینە ئەوێ سەرمان سوڕما، سەدا نەوەدی دوکانەکان داخرابوونو بەردەمیان تژی بوو لە قۆمەتە خۆڵ، هیچیان نەبوو بیفرۆشن، کۆگایەکی گەورەمان بینی دەرگای کرابۆوە، کاتێك چووینە ژوورەوە چەند شتێکی سادەمان بینی، پازدە کرێکاری بێ ئیش لەو کۆگایەدا بوون.

ڕۆژی پاشتر چووینە باڵەفڕخانە، منو شەهید سامیو خوالێخۆشبوو ڕەسووڵ مامەندو موبدر ئەلوەیس ((أبو عروبە)) بووین، لام وایە کاك عەدنان موفتیشمان لەگەڵ بوو کە ئەو کاتە لە حیزبی سۆسیالیستی کوردستان بوو، لە باڵەفڕەخانەی تەرابلوس شاندێکی یەکێتی دەهاتە ناو هۆڵی هاتنە ناوەوەی ڕێبواران، لەو کاتەی سەردەکەوتینە ناو باڵەفڕە تەنیا بەربەستێکی شووشە لە نێوان ئێمەو شاندەکەی یەکێتی دا بوو.

گەیشتینە باڵەفڕخانەی دیمەشق بینیم کاك غازی زێبازی لە پشت بەربەستێك ڕاوەستاوە کە لە ئەفسەری پاسپۆرت جیای دەکردەوە، دوای ئەوەی سەیری پاسپۆرتەکانیان کردین، یەکێك لە ئەفسەرەکان



www.mukiryani.com

پاسپۆرتەکەی شەهید سامی خستە لایەكو بردیە ژوورێكو وتی تۆ دەستبەسەری، گوێم لە نارِەزایی شەهید سامی بوو، بەڵام سوودی نەبوو، سەرەرِای ئەوەی کاری من تەواو بوو و کاك غازیش ئاماژەی بۆ کردم بچمە ژوورەوە، بەڵام هەر لەوێ مامەوە، پاشان کاك غازی هاتە لام و وتی بۆ دواکەوتی؟ مەسەلەکەی شەهید سامیم تێگەیاندو داوام لێکرد ئەگەر دەتوانێت شتێك بکات تا کاك سامی ئازاد بکەن، کاك غازی چووە ژوورەوەو لەگەڵ لێپرساوان قسەی کرد، دوای ماوەیەك هەموو هاتنەدەرەوە، ئەفسەرەکە بە زەردەخەنەیەکەوە وتی ببوون، لێك حاڵی نەبوونێکی سادە لە ناوەکەیدا هەبوو، هەموو بەیەکەوە باڵەفرِخانەمان جێهشت.



www.mukiryani.com

## له سوریادا

لەگەڵ کاك غازی زێباری، باڵەفڕخانەمان جێهێشت‌و چووینە سەنتەری شار، لە نیوەی مانگی نیساندا بووین‌و کەش‌و هەوا سازگارو سروشت جوان بوو، لە هوتێلی (الأموي) لە دیمەشق دابەزیم، ئەوکاتە گەورەترین هوتێلی دیمەشق بوو لەسەر شێوەی کۆن مابۆوە، دوایی ئەو چەندان هوتێلی جیهانی‌و نێودەوڵەتی دروستکران.

ئەمە جاری یەکەم نەبوو سەردانی دیمەشق بکەم، پێشتر لە شوباتی ساڵی ١٩٥١ کە قوتابی قۆناغی یەکەمی کۆلێژی ماف بووم لە بەغدا ئەو شارەم بینی، ئەمەم بەدرێژی لە بەشی یەکەمی کتێبەکەمدا باس کردووە، بەڵام دیمەشق لەچاو سەردانی یەکەممدا جیاوازبوو.

ئێوارە لەگەڵ کاك غازی زێباری چووینە دەرەوەو لە چێشتخانەیەکدا شیومان خواردو ڕۆژی دوایی شەهید سامی عەبدولڕەحمان سەردانی کردم‌و بۆ فراڤین لە بارەگای حیزبەکەی داوەتی کردم، لەوێ یەکێك لە ئامادەبوانی پێ ناساندم کە ئەندامی حیزبەکەی بوو بە ئەحمەد هەولێری خۆی ناساند، بەڵام لە ڕاستیدا ناوی (سالار خدر جەمیل) بوو خزمی من بوو، هەروەها برادەری دێرینم (عەلی سنجاری) کە پێشتر ئەندامی سەرکردایەتی پارتی بوو، سەردانی کردم، ئەوکاتە عەلی سەرکردایەتی ڕێکخراوێکی بەناوی (یەکێتی کوردستانی) دەکرد، ڕۆژانەش سەردانی دەکردم، هەروەها دکتۆر



www.mukiryani.com

مەحمود عەلی عوسمان، ئێوارەیەکیان لەماڵەکەی خۆیدا داوەتی کردم، لەوێ چاوم بەهەندێك لەسەرانی ئۆپۆزسیۆنی عەرەبو کورد کەوت.

کاك مەسعود لەسەر داواکاری قەزافی، چوار پێنج ڕۆژ لە لیبیا دامایەوە، بەڵام چاوی بە قەزافی نەکەوت، وایان پیشاندا بە دیداری دیکە سەرقاڵە، یان ئەوەتا لەبیری نەماوە، کاك مەسعود لەمە زیاتر چاوەڕوان نەبوو، لەگەڵ شاندە یاوەرەکەی گەڕانەوە دیمەشق، لە هوتێلی مێریدیان کە گەورەترین هوتێلی دیمەشق بوو دابەزینو میوانی حکومەتی سوریا بوون، منیش میوانی پارتیمان بووم لە هوتێلی (الأموي).

دوو ڕۆژ بەسەر گەڕانەوەی کاك مەسعود تێنەپەڕی بوو، کاتێك بالیۆزی لیبیا لە دیمەشق پێی ڕاگەیاندین، کە سەرهەنگ قەزافی چاوەڕێی دەکاتو باڵەفڕێکی تایبەت بۆ ئەم مەبەستە ئامادەکراوە، ئەو دەمە دەنگۆی ئەوە لە ئارادابوو کە ئەمەریکا گورزێکی سەربازی دەوەشێنێتە لیبیا، چونکە دوژمنداری دەکرد، کاك ئیدریسیش لە تارانەوە بە تەلەفۆن قسەی لەگەڵ کاك مەسعود کردو داوایکرد نەچێتە لیبیا، چونکە مەسەلەیەکی وا لە ئارادایە، هەروەها هەندێك لێپرسراوی سوری وتیان ئەو سەفەرە نەکات، بەڵام ڕۆژی پاشتر، کاك مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتیمان، بەیاوەری (موبدیر ئەلوەیس) وەك نوێنەری جودو چەند ئەندامێکی سەرکردایەتی حیزب (ناوەکانم بیرنەماوە) سەردانی لیبیایان کرد، عەسری ئەو ڕۆژە گەیشتن لە هەمان ئەو هوتێلەی کە ئێمە چووینە تەرابلوس (باب البحر) دابەزین، بڕیاربوو ڕۆژی پاشتر چاویان بەسەرهەنگ قەزافی بکەوێت، دوای پشودانو شیو خواردن هەریەکەو ڕووی لە ژووری نوستنی خۆی کرد، شەو درەنگان میوانانی هۆتێلەکە، لەگەڵ دەنگی باڵەفڕەو گرمو هۆڕی تەقینەوە بەخەبەرهاتن، باڵەفڕەکان لەچەند لایەکەوە بۆردومانی تەڕابلوسو هەروەها



www.mukiryani.com

ئەو شوێنەی کە دەیانووت جێگەی حەوانــەوەی قەزافیــە کــرد ، هەنــدێ لــە میوانانی هۆتێلەکە ، بە جلی نوستنەوە ڕوویــان لــە هۆڵەکــەو دەرەوە کــرد ، سەیرەکە لەوەدابوو هیچ بەرگریەك لەلایەن باڵەفڕەکانی لیبیــاو چــەکی دژە ئاسمانی لیبیاوە نەبوو ، بەڵام دوایی یەکێك لە ئەندامانی خانەوادەی قەزافی لە بۆردومانەکەدا کوژرا ، بۆردومان کردنی هوتێلی –باب البحر- لە پــلان دابوو ، بەڵام لەدوا چرکەدا ئەمریکا پەشیمان بۆوە ، دەیــانوت لەبــەر ئــەوەی ڕێبوارێکی زۆر لەوێ دابەزیون بۆیــە بۆردومانیــان نــەکردووە ، ڕۆژی پاشــتر سەرجەم فەرمانگەو چێشــتخانەو نانەواخانــەکان داخــران ، کــاك مەســعود دەیگێڕێتەوە کە هیچ نەبوو بیخۆین ، هوتێلەکە کارمەنــدی تێــدا نــەمابوو ، ناچار پەیوەندی بە باڵیۆزخانەی سوریاوە دەکەنو هەندێك نان پەیدا دەکەن ، هەروەها لە ڕێگای باڵیۆزخانەکەوە پەیوەندی بە ســوریاو ئێرانــەوە دەکــەن ، ئێمەش لە سەلامەتیان دڵنیابووین .

دوای تێپەڕبوونی سێ ڕۆژ ، بەسەر بۆردومانکردنی تەراِبلوسی پایتــەختی لیبیا لەلایەن ئەمریکاوە ، بارودۆخەکە هێور بۆوە ، کاك مەسعودو هەڤاڵانی کاریگەری ئەو بۆردومانە تێکدەرەیان بینی ، دوای ئەوەی چاویان بە قــەزافی کەوت ، هەموویان بەسەلامەتی گەڕانەوە سوریا ، دیسان کاك مەســعود لــە هوتێلی مێریدیان دابەزی ، ئێمەش بۆ بەخێرهاتنو بەسەلامەتی گەڕانــەوەی چووینە خزمــەتی ، منــیش دوای ئــەوەی هەفتەیــەکی دیکــەم لــە دیمەشــق بەسەربرد ، حەزم لێ بوو بگەڕێمەوە بەریتانیا ، کــاك مەســعودیش خــۆی بــۆ گەڕانەوە بۆ ئێران ئامادە دەکرد ، ماڵئاواییمان لەیــەکتر کــرد ، کــاك غــازی زێباری بەرپرسی نووسینگەی پارتیمان لە دیمەشق هاتە باڵەفڕخانەو بــەڕێی کردم ، دوای بەسەربردنی سێ هەفتە گەڕامەوە لەندەن .



www.mukiryani.com

دوای گەڕانەوەم بۆ بەریتانیا بە ڕێگای ڕۆما، لە باڵەفڕخانەی ڕۆما نزیکەی سەعاتێك مامەوە، ئەمەش لەبەر گۆڕینی باڵەفڕ بوو، لەهۆڵی چاوەڕوانی (ترانزێت) تووشی (خەلیفە مەحمودی) بووم، ئەو کاتەی من باڵیۆزی عێراق بووم لە (پراگ)ی پایتەختی چیکۆسلۆڤاکیا لە ساڵی ١٩٧٠، ناوبراو لە باڵیۆزخانەی لیبیا لە پراگ کاری دەکرد، دوای چاكو چۆنیو هەواڵ پرسین، وتی ئێستا باڵیۆزە لە ولاتێکی ئەورووپی (ناوەکەیم بیرنەماوە) وەك جاران بۆ لیبیا بە جۆشو خرۆش نەبوو، نازانم ئاخۆ چووبوە ڕیزی جوداخوازەکانو لە ترسانا نەیدەوێرا هیچ بلێت، یاخود هەر لەگەڵ ڕژێمی لیبیادا مابۆوە؟ دوای ئەو دیدارە کورتە لەیەکتر جیابووینەوەو گەڕامەوە لەندەن، کارێکی وانەبوو بیکەم، جار جار سەردانی هەندێك لە سەرانی ئۆپۆزسیۆنم دەکرد، یان دەچومە مەڵبەندی –أهل البيت–و چاوم بە شەهید مەهدی حەکیمو دکتۆر محەمەد بەحر ئەلعلوم دەکەوت، ئەو دووە کەسە مەڵبەندەکەیان بەڕێوەدەبرد.

لیژنەی ناوچەی پارتی لە بەریتانیا کاری خۆی دەکرد، شێروانی کورڕم لێپرسراوی لیژنەی ناوچەی پارتی ئەندامی لیژنەکەبوو، جگە لەمەش نووسینگەیەکی قەرزی خانووبەرەی بەڕێوەدەبرد، نووسینگەکەی کردبووە بنکەیەك بۆ چالاکی حیزبی، بەیاننامەو نامەکانی چاپو فۆتۆ دەکرد، بەڕێگای فاکسو پۆست لەسەر حیسابی خۆی دابەشی دەکردن، دوو یان سێ شووقە موڵکی شێروان بوون بۆ لایەنگران تەرخان کرابوونو لەلایەن شێروانەوە قەرزەکانیان دەدرایەوە، بۆماوەی سێ ساڵ بارێکی قورسی خستبوە سەرشانی خۆی، کاك هۆشیار زێباری ئەو کاتە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزب بوو سەرپەرشتی کاروبارەکانی حیزبی لە بەریتانیاو ئەورووپادا دەکرد.



www.mukiryani.com

## تاوانێکی هەرە گەورە

دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران، حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، شان بە شانی حیزب و ڕێکخراوەکانی دیکە بوژایەوە، ئەمینداری گشتی حیزب، شەهید دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملو، پەیوەندی لەگەڵ ڕژێمی عێراق باش بوو، یان ڕاشکاوانەتر بڵێم ڕژێمی عێراق دەیویست حیزبی دیموکرات وەك کارتێکی فشار دژی ئێران بەکاربهێنێت، ئەمەش لەبەر ڕێککەوتننامەی خیانەتکاری جەزائیر لە ساڵی ١٩٧٥، کاتێك ئێران یارمەتی شۆڕشی کوردی دەداو سنوری خۆی بۆ کردبۆوە.

لەبەشی دووەمی کتێبەکەمدا ئاماژەم بەوە داوە کە حکومەتی عێراق لە کۆتایی ساڵی ١٩٧١، داوای لە قاسملو کرد سەردانی عێراق بکات، ئەو کاتە لە -پراگ- ی پایتەختی چیکۆسلۆڤاکیا باڵیۆزی عێراق بووم، بروسکەیەك لە سەرۆکی ئەوسای عێراق (ئەحمەد حەسەن بەکر)ەوە هات، داوایکرد پەساپۆرتی عێراقی و بلیتی سەفەر بە هێڵی ئاسمانی عێراقی بدەن بە قاسملوو هاوسەرە چیکیەکەی کە ناوی خۆی نابوو (نەسرین) و لە چیکوسلۆڤاکیا دادەنیشتن.

بۆ هەق و مێژوو دەڵێم، قاسملو بەر لەوەی سەفەر بکات، هاتە نووسینگەکەم و لە باڵیۆزخانە ئەوەی دووپات کردەوە کە هیچ کارو چالاکیەکی وا ناکات تا زیان بە شۆڕشی کورد بگەیەنێت، قاسملو پەیوەندی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق باش بوو، پەیوەندی



www.mukiryani.com

کەسایەتیشی لەگـەڵ زۆربـەی سـەرکردەکانو بەتایبـەتی بـارزانی نـەمردا هەبوو، ساڵی ١٩٥٩ لەگەڵ هاوسەرەکەی سـەردانی عێـراقو کوردسـتانی کرد، بەر لە ڕێککەوتننامـەی جـەزائیر چـالاکیەکانی سـنوردار بـوو، وەك فەرمانبەری میری کاری دەکرد، دوای مـۆرکردنی ڕێکەوتننامـەی جـەزائیر، حکومەتی عێراق بواری چالاکی سیاسی نـەدا، زۆربـەی کـاتی لـە دەرەوەی عێراق بەسـەردەبرد، دوای پەیـدابوونی چـوزەرەی شۆڕشـی ئێـران، قـاسملو گەڕایەوە عێراقو عێـراقیش پشـتی گـرتو یارمەتیـدا، پاشـان گەڕایـەوە ئێرانو دووبارە کەوتەوە ڕێکخستنەوەی حیزب، بەتایبەتی دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی، کە گەلی کورد لـە کوردسـتانی ڕۆژهەلاتـدا، ڕۆڵێکـی گەورەی لە سەرکەوتنی ئەو شۆڕشەدا بینی.

وەك وتم، دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی، سەرانی بزوتنەوەی کـورد لە ئێـران کـە لـە حیزبـی دیمـوکراتی کوردسـتانی ئێـران خـۆی دەنوانـد، داواکاریەکیان پێشکەش بە دەسەلاتدارانی تازە کرد، کـە بریتـی بـوون لـە هەندێك داواکاری ڕەوا جگە لە بڕگەیەکیان نەبێت، ئەویش بڕگەی هەشـتەم بوو، لەو بڕگەیەدا داوای دەرکردنی کوردە عێراقیە پەنابەرەکانیان دەکرد کە لە خاکی ئێرانن. بەڕاستی ئێمە سەرمان لەو بڕگەیە سوڕما، بـووە مایـەی بێزاریمـان، چـۆن برایانمـان لەبەشـێکی کوردسـتانی ڕۆژهەلاتـدا، داوای دەرکردنی ئێمە دەکەن؟ ئەمە بوە مایەی نارەزایی جەماوەری کورد لە ئێـران بەر لە ئێمە، وەك پێشتر باسمکرد ئەو جەماوەرەی کە لە شاری شنۆ بەشداری چـلەی ماتـەمینی بـارزانی نـەمریان کـردو دژی بڕگـەی هەشـتەمی ئـەو داواکاریانە هوتافیان لێ دەدا.

پـارتیو سـەرکردایەتی پاڵپشـتی داوا ڕەواکـانی گـەلی کوردیـان لـە کوردستانی ڕۆژهەلاتدا دەکرد، بـەلام بـە شـێوازی شارسـتانیو دایـەلۆگی



www.mukiryani.com

ئاشتیو دوور لە پەنابردنــە بــەر توندوتیــژی کــە مــاڵوێرانیو دەردەســەری بەسەر کوردستاندا هێناوە، ئێمە لە کوردســتانی عێراقــدا ئــەو دەردەمــان چەشتوە، بەلاّم برایانمان لە کوردستانی ئێران بە پێچەوانەوەی ئەمــە بیریــان دەکردەوە، لام وایە پەنابردنە بەر توندوتیژی لەژێر فشــاری ڕژێمــی عێراقــدا بوو، هەروەها دانانی بڕگەی هەشتەم، داواکاریەکی عێراقیو بۆ ڕازی کردنی ئەو ڕژێمە بوو.

داواکارییەکان پێشکەش بە ڕژێمی تازەی ئێران کران، چەند دایەلۆگێکی سادە دەستی پێکرد، بەلاّم ملــهوڕی هــەردوولاو مکوڕبــوونی هەریەکــەیان لەسەر ڕاو هەڵوێستی خۆی، وایان کرد وتووێژەکان بپچڕێنو هەرلایەو پــەنا بۆ توندوتیژی ببات، ئێمە لەسەرەتاوە هیواخواز بووین بەو ئاقارەدا نەڕوات، چونکە چاوەڕێی ئەنجامە خراپەکــەیمان دەکــرد، بەداخــەوە شــەڕ لــە نێــوان هەردوولادا هەڵگیرسا، ئەنجامەکەی ماڵوێرانیو قەسابخانەی لە کوردستاندا لێکەوتەوە، برایانمان لە کوردســتانی ئێــران، لــەوە بەهەڵــەدا چــوبوون کــە سوپای ئێران دوای شا لاواز بووەو ڕوخاوە، بەئاسانی دەتــوانن بەســەریدا زاڵ بن، ڕژێمی عێراقیش کەوتە هەمان هەڵەوە، کاتێــك ســاڵی ١٩٨٠ شــەڕی لەگەڵ ئێران هەڵگیرساندو هەشت ساڵی خایاند.

پێکدادان لەنێوان هێزەکانی ڕژێمی ئێرانو لایەنگرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەردەوام بوو، جەماوەرێکی زۆر لــە دەوری (حــدکا) کۆبوونــەوە، لەو باوەڕەدابوون بارودۆخ لەبارە تا گەلی کورد لــە کوردســتانی ڕۆژهەلاّتــدا مافەکانی بەدەست بێنێت، بەداخــەوە لــەو پرۆســەیەدا زەرەرمەنــدی گــەورە گەلی کورد بوو، زۆربەی پێشمەرگەکانی (حدکا) کشــانەوە خــاکی عێــراق، حکومــەتی عێــراق پشــتی دەگــرتنو یارمــەتی دەدان، پــەتی ســێدارە لــە شارەکانی کوردستانی ئێران هەڵخرا، سەدان لاو بوونە قوربــانی، پەیوەنــدی



www.mukiryani.com

نێوان هەردوو حیزبی برا (پارتیو حدکا) لەو ماوەیەدا ساردی تێکەوتبوو، هەر حیزبەو لەلایەن ڕژێمێکەوە پاڵپشتی دەکرا کە دژی یەکتر بوون.

لە ٣٠ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٨١، واتە دوای تێپەڕبوونی دوو ساڵ بەسەر کۆچی دوایی بارزانی نەمر، هەندێك لە بەکرێگیراوانی موخابەراتی عێراقی، هەوڵیاندا تەرمە پیرۆزەکەی بارزانی لەناو گۆڕ دەربهێنن، بەلاّم عینایەتی ئیلاهی وایکرد نەتوانن ئەو تاوانە چەپەڵە بکەن، تاوانی وا لە مێژووی ئیسلامو گەلی کورد دا وێنەی نەبووە، تاوانکاران وەك جورجی شلەژاو ڕایانکردو لەلایەن هاولاّتیانەوە دەستنیشان کران، ئەو بەکرێگیراوانە توانیبویان خۆیان بخزێننە ڕیزەکانی (حدکا)وە.

ئەو کارە چەپەڵە کاریگەریەکی زۆری بەسەر سەرجەم کوردە پەنابەرەکانەوە هەبوو، بە پێشێلکردنی کەرامەتی خۆیان لەقەڵەم دەدا، ژنو منداڵو پیاو داوای تۆڵە سەندنەوەیان لەو دڕندانە دەکرد، سەرکردایەتی پارتیمان، نامەیەکی ئاراستەی سەرکردایەتی (حدکا) کرد، داوای تەسلیمکردنی ئەو تاوانبارانەیان کرد، بەداخەوە وەرامێکی وایان دایەوە کە لە شکۆی شەهید قاسملوی سکرتێری (حدکا) نەدەوەشایەوە، ڕاشکاوانە هەڕەشەیان لە پارتی کرد ئەگەر دژ بەو کارە چەپەڵە هەر کاردانەوەیەکیان هەبێت، سەرکردایەتیو خودی سەرۆك بارزانیو منیش، لەو باوەڕەدا بووین کە شەهید قاسملۆو سەرکردایەتی حدکا ئاگاداری ئەو تاوانە قێزەونە نەبوونو لایەنگریان نەکردووە، بەلاّم کەسەکانیان داڵدە داو بەرگریان لێکردنو شەڕی پارتییان کرد، نازانم ئەو هەڵوێستەی حدکا، ئەنجامی هەڵەی بڕیارەکانیان بوو یاخود لەژێر فشاری موخابەراتی عێراقیدا بوون، لام وایە بۆچونی دووەم ڕاستترە، لە ئەنجامی گەڕان بەدوای ئەو تاوانبارانەو هەوڵدان بۆ دەستگیرکردنیان لەلایەن پێشمەرگەکانی پارتیمانەوە، چەند



www.mukiryani.com

پێکدادانێك لەنێوان پێشمەرگەکانی هەردوولادا ڕوویدا، پاشان ئەو شـەڕانە تەشەنەیان کردو دەیان کەسی دەستبژێر بوونە قۆچی قوربانی.

شـەڕی عێـراقو ئێـران، کـە ڕژێمـی عێراقـی گۆڕبـەگۆڕ تیایـدا دەستپێشخەری کرد کلّپەی سەند، لەبەرژەوەندی هەردوولادا بوو کورد شەڕی کورد بکات، لەو ماوەیەدا هەندێك لـەو تاوانبارانـەی کـە ئـەو تاوانـەیان کردبوو بوونە هۆکاری ئەو براکوژیە، بەچارەنووسی ڕەشی خۆیـان گەیشـتن، لام وایە ژمارەیان ٥-٦ کەس بوو، دوای ئەوەی شەڕەکان کەم بوونـەوە، جـار جار ئەگەر مەفرەزەی هەردوولا تووشی یەکتر بهاتبان پێکدادان ڕووی دەدا.

لە تاریکە شەوێکی زستانی ساڵی ١٩٨٤-١٩٨٥، کە سەرمایەکی توند بوو بەتایبەتی لە ناوچە سنووریەکانو هەموو ڕێگاکان بەفر داپیۆشیبوون، مەفرەزەیەکی حدکا، ڕێیـان بزرکردبـوو، بەهەڵـە هاتنـە نـاو یـەکێك لـە ئۆردوگاکـانی هێزەکـانی پارتیمـان، کەوتنـە شـڵەژانو ترسـان، کەچـی لێپرسراوانو کارمەندانی ئۆردوگاکە بەخێریان هێنانو خواردنیـان پێـدانو ئاگریان بۆ کردنەوەو، شەو بەهێمنی لـەوێ نووسـتن، بـۆ بـەیانی ڕێگـەیان نیشاندانو چوونە شوێنی مەبەسـت، ئەمـە کاریگەریـەکی باشـی بەسـەر سەرجەم پێشمەرگەکانو سەرانی (حدکا)وە جێهێشت.

بارودۆخی نەشەڕو نە ئاشتی، چەند ساڵێك لە نێوان هەردوولادا درێـژەی کێشا، هەردوولا هەستیان بەو زیانـە کـرد کـە لەهـەردوو حیـزبو بزاڤـی نەتەوایەتی کورد بە شێوەیەکی گشتی کەوتوە.

ساڵی ١٩٨٩، بەر لە شەهید بوونی دکتۆر قـاسملو بەسـێ هەفتـە، لـە سوید کۆنگرەی سۆسیال دیموکراتی نێودەوڵەتی سازدرا، سـەرۆك مەسـعود بارزانی ئەوکاتە لە ئەورووپا بوو، بەشداری لە کۆنگرەکـەدا کـرد، هـەروەها شەهید قاسملوو بـەڕێز نەوشـێروان مسـتەفا لەلایـەن یـەکێتی نیشـتمانی



www.mukiryani.com

کوردستانەوە ئامادەبوون، پێشتر حیزبە کوردستانییەکان ئاشت بووبوونـەوە، بەتایبەتی یەکێتیو پـارتی کـە پاشـان بەدرێـژی باسـی دەکـەم، لـەکاتی کۆنگرەدا سەرۆك بارزانیو شەهید قاسملو چوونە ژورێكو سەعاتێك مانەوە، دوای ئەوە بە زەردەخەنەوە دەست لەناو دەست هاتنە دەرەوە، لەو کاتەدا بەڕێز نەوشیێروان مستەفا بەپێکەنینەوە وتی:

- دە ئاوا کۆكو تەبابن.

قاسملو وەرامی دایەوە ئەگەر ئێوە لێمان گەڕێن، ئێمە هیچ کێشەیەکمان نییە.

بەمجۆرە، ئەو لاپەڕە ڕەشەی نێوان هەردوو حیزب پێچرایەوە.

ئەمە دوا دیداری ئیجابی نێوان قاسملوو سەرۆك مەسعود بـارزانی بـوو، بەداخێکی زۆرەوە دوای دوو هەفتە، لە ڤییەنای پایتـەختی نەمسـا قـاسملو شەهید کرا (خوا لێی خۆش بێت).

بەنیسبەت ئەو تاوانبارانەی کە پڕیان دایە مەزاری بارزانی نـەمر، یـەك بەدوای یەك بە سزای عادیلانەی خۆیان گەیشـتن، دوا کەسـیان ئەفسـەرێك بوو لە سوپای سەدامی گۆڕبەگۆڕ سەر بە موخابەرات بـوو، لـە ڕاپـەڕینی پیرۆزی ساڵی ١٩٩١ بە سزای عادیلانە گەیشت.

نەفرەتی خوایان لێ بێتو (بئس المصیر) جێگەیان بێت.



www.mukiryani.com

## ئەندازیاری ئاشتی

لەبەشی دووەمی کتێبەکەمدا ئاماژەم بەو جودابوونەوەیە کرد کە لە ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستاندا ڕوویداو کاریگەرییەکی سلبی بەسەر سەرجەم بزاڤی نەتەوایەتی کوردو شۆڕشی مەزنی ئەیلولەوە جێهێشت، گەلی کورد زۆر ئازاری بەدەست ئەم کارەساتەوە چەشتو تا ئێستاش بەدەستیەوە دەناڵێنێت، بۆ ڕاستیو مێژوو دەڵێم بارزانی نەمر سەرۆکی پارتیو سەرکردەی شۆڕشی مەزنی ئەیلول زۆر مکوڕ بوو لەسەر یەکڕیزی حیزبو گەلو لەهەر بۆنەیەکدا باوەشی خۆی بۆ گەڕانەوەی جوداخوازەکان دەکردەوە، تەنانەت ئەوانەی بەکرێگیراویش بوونو لایەنگری حکومەتە یەك بەدوای یەکەکانی عێراق بوون، بارزانی نەمر بڕیاری لێبوردنی بۆ دەرکردن، کەواتە چۆن ئارەزووی نەبوو جوداخوازەکان بگەڕێنێتەوە ڕیزی حیزبو شۆڕش لەم ڕووەوە چەندان بەڵگە هەیە کە ڕاستی قسەکانمان دەسەلمێنێت.

ساڵی ١٩٦٥، کاتێك حکومەتی عەبدولسەلام عارف سەرلەنوێ هێرشی بۆ سەر گەلی کورد دەستپێکرد لەو بەڵێنانە پاشگەز بووەوە کە لە ڕێکەوتننامەی ١٠ی شوباتی ١٩٦٤ بەگەلی کوردی دابوو، دوای ئەوەی هەندێك نێوانچی کەوتنە بەینەوە، بارزانی خۆشحاڵی خۆی بۆ گەڕانەوەی جوداخوازەکان پیشانداو ئەوانیش لە ئێران گەڕانەوەو هاتنەوە ڕیزی شۆڕشو هەندێکیان پایەی سەرکردایەتیان لە شۆڕش پێدرا، هەروەها دوای



www.mukiryani.com

ڕێکەوتننامەی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ جوداخوازەکان داوایانکرد بگەڕێنەوە ڕیزی حیزبو شۆڕش، بارزانی نەمر باوەشی کردەوەو ئەوانیش بەبێ جیاوازی لەناوەوەو دەرەوەی کوردستان لەسەرجەم لقەکانی پارتیدا کاریان کرد، ئەمە لە بەرژەوەندی حیزبو شۆڕشدا بوو، بووە مایەی دڵخۆشی سەرجەم چینەکانی گەلی کوردو ئەم تەباییە چەند ساڵێکی خایاند تا نسکۆی ئاداری ساڵی ١٩٧٥ لە ئەنجامی ڕێککەوتننامەی خیانەتکاری جەزائیر لە نێوانی هەردوو گۆڕبەگۆڕ —شای ئێرانو سەدام حوسێن.

دوای ڕاگەیاندنی شۆڕشی گولآن لە ٢٦ی ئایاری ساڵی ١٩٧٦و دامەزراندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستانو ڕاگەیاندنی شۆڕشەکەیو هەروەها سەرهەڵدانی ڕێکخراوی دیکە، سەرلەنوێ ناکۆکی سەری هەڵدایەوە، پێکدادانو ڕووبەڕووبوونەوەی ناخۆش ڕوویداو ژمارەیەکی بەرچاو لە پێشمەرگەو سەرکردەی هەموو لایەنەکان بوونە قوربانی، ئەوە بە سلبی کاری لە بزاڤی هەموو لایەنەکان کردو بەتایبەتی چالاکیەکانیان دژ بە دوژمنی هاوبەش کە بەم ناکۆکییە دڵشاد بوو، هەردەم لە ڕێگای بەکرێگیراوەکانیەوە هەوڵیدەدا ناکۆکیەکە قووڵ بکاتەوەو بەردەوام بێت، ئەو ناکۆکیانە هەموو ڕێکخراوەکانی لەوە بێبەش کرد کە لە ژێر کۆنترۆڵی ڕێکخراوێکی دیکەدا چالاکی بنوێنن، ئەو بارودۆخە لە بەرژەوەندی هیچ لایەنێکی کوردی یان ئۆپۆزسیۆندا نەبوو، بەڵکو لەبەرژەوەندی ڕژێمی عێراقدا بوو، ئەو ناکۆکیانە بۆ سەرجەم حیزبو ڕێکخراوە کوردییەکانو تەنانەت ئۆپۆزسیۆنی عێراقیش مایەی پەژارەو ئازار بوو وەك پێشتر باسمکردو تا ساڵی ١٩٨٦ی خایاند، شەهید ئیدریس بارزانی زۆر بەمە نیگەران بوو هەردەم بیری لێدەکردەوەو دەیویست ڕێگایەك بۆ دەرچوون لەم تەنگژەیە بدۆزێتەوەو ئەو لاپەڕە ڕەشە بپێچرێتەوە، کاتێك ئەو بابەتەی



www.mukiryani.com

لەگەڵ كاك مەسعود وروژاند دیاركەوت كاك مەسعودیش بۆ ئەو مەسەلەیە زۆر بە پەرۆشە، دۆزینەوەی ڕێگایەك بۆ ئاشت بوونەوەی گشتی لەبەرژەوەندی هەموو لایەكو گەلی كورد دابوو.

لە كۆتایی هاوینی ساڵی ١٩٨٦، كاك مەسعود خەریكی سەردان بوو بۆ ناوچەی لقی یەكی پارتی (بادینان) دەبوایە بەر لە بەفر بارین بەڕێكەوێت، چونكە ڕێگا شاخاویەكان دەگیران، كاك ئیدریسی سەرپشك كرد لەوەی چی باشە بۆ كێشەی كورد ئەنجامی بدات، هەروەها لەگەڵ هەڤاڵانی مەكتەبی سیاسی باسی ئەو مەسەلەیان كردو ئەوانیش بەو بیرۆكەیە خۆشحاڵ بوون، برایان ئیدریسو مام جەلال نامەی ئیجابییان ئاڵوگۆڕكرد، بیرۆكەكەی ئیدریس مایەی خۆشحاڵیو پێزانین بوو لای هەمووان، شاندێكی سەركردایەتی پارتی سەردانی مەكتەبی سیاسی یەكێتی نیشتمانی كوردستانیان كرد بەگەرمی پێشوازی كران، سەردانەكان بۆلای یەكتر بەردەوام بوونو هەردوولا ئاشت بوونەوەو بارودۆخەكە تا ساڵی ١٩٩٤ی خایاند، كاك ئیدریس هەوڵێكی زۆری بۆ ئەو مەبەستە داو بەهەق شایستەی ئەوەبوو نازناوی (ئەندازیاری ئاشتی) پێ ببەخشرێت.



www.mukiryani.com

# کۆستێکی پڕ ژان

**ساڵی ١٩٨٦، ڕێزانی کچم لە زانکۆیەکی لەندەنی پایتەختی بەریتانیا دەیخوێند، شێروانی کوڕە گەورەم جگە لە کاری حیزبی نووسینگەیەکی تایبەت بە قەرزی خانووبەرەی لە لەندەن بەڕێوەدەبرد، (بارزان)ی کوڕە ناوەنجیم ماوەی ساڵێك بوو وەك ئەندازیار لە عەرەبستانی سعودیو لە کۆمپانیای (سعودی ئوجیە) کاری دەکرد، ئەو کۆمپانیایە هی خوالێخۆشبوو رەفیق حەریری بوو کە پاشان بوو بە سەرۆك وەزیرانی لوبنانو دواییش تیرۆر کرا، (خوا لێی خۆش بێت)، سەفینی کوڕە گچکەم لە شاری (میدن هید) Medin Head کە کەوتبوە نیوە ڕێگای نێوان نیوبەریو لەندەن لە زانکۆیەك دەیخوێند، ماوەی نێوانیان نزیکەی ١٠٠ کم دەبوو، لە ماڵەکەمان لە نیوبەری تەنیا منو دایکی شێروانو ڕیزانی کیژە گچکەم ماینەوە، بینیمان کە پێویست نیە لەوێ بمینێینەوە، شێروان بەدوای خانوویەکی گونجاو لە نزیك لەندەندا دەگەڕا، لە دەوروبەری ئەو شارە خانوویەکی کڕی تا خۆیو سەیرانی خوشکی تیایدا دابنیشن، ئەندامانی خێزانەکەمان لە پشوی کۆتایی هەفتەدا لەو خانووە ئەگەرچی بچوکیش بوو کۆدەبوونەوە، ئێوارەی ڕۆژی ١٩٨٧/١/٣١ی شووم کە ڕێکەوتی ڕۆژی شەممە بوو، شەممەو یەکشەممە ڕۆژانی پشوی کۆتایی هەفتەن، خانەوادەکەم وەك جاران سەفەری لەندەنیان کرد تا بەیەکەوە پشوی هەفتە بەسەر ببەن، من لەنیوبەری مامەوە، چونکە لەلایەن برادەرێك کە لە شارۆچکەیەکی**



www.mukiryani.com

نزيك نيوبەری دادەنيشت بەبۆنەی جەژنی لەدايك بوونی داوەت كرابووم، ئێواره چوومه ئەوێو كەس له ماڵ نەمايەوه، ئەو كاتەی ئێمه لەماڵ نەبووين دكتۆر پيرۆت چەند جارێك تەلەفۆنی كردبوو، بەلاّم هيچ وەرامێكی دەستنەكەوتبوو ژمارەی تەلەفۆنی خانووه بچكۆڵە كاتيەكەی لەندەنيشی لەلا نەبووه، نيوەی شەو گەڕامەوه ماڵەوه لەنيوبەری، لەسەر جێگا ڕاكشام بێ ئەوەی بزانم دكتۆر پيرۆت تەلەفۆنی كردووه، بەرەبەيان زەنگی تەلەفۆن لێيدا، سەرم سوڕما بەو كاته تەلەفۆن بكرێت، بيستەكی تەلەفۆنەكەم هەڵگرت، دكتۆر پيرۆت لەسەر خەت بوو، بەدەنگێكی پڕ لە حەسرەتو خەمەوه هەواڵی وەفاتی كاك ئيدريسی پێ ڕاگەياندم وەك بلێی هەوره بروسكه لێيدام، باوەڕم نەكردو چەند جارێك ويستم ڕاستی هەواڵەكه بزانم، خۆم بۆنەگيراو له پرمەی گريانمدا، لەسەر پێخەفەكەم دانيشتمو بەدەم گريانەوه بيرم لەو كۆسته پڕ ژانه دەكردەوه كه لەهی وەفاتی بارزانی نەمر كەمتر نەبوو بەتايبەتی لەو بارودۆخەدا، كاك ئيدريس هەڤاڵێكی زۆر نزيكم بوو، سەرەڕای ئەوەی سەركردەيەكی دياری حيزبو كەسێكی چالاكو سەرەكی بزاڤی نەتەوەيی كورد بوو كه منيش لەسەر ئەو ڕێبازه بووم، لەهەمان كاتدا بۆ من برايەكی ئازيز بوو، تێمدەگەيشتو تێيدەگەيشتم، هەروەها دەستەڕاستی سەرۆكی پارتيمان كاك مەسعود بارزانی بوو، له ساڵی ١٩٦٤ەوه ئيدريسم ناسیو پێی سەرسام بووم، چالاكیو قسه خۆشەكانی ڕۆژ له دوای ڕۆژ زياتر دەبوون، دوای ڕێكەوتننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠و بەتايبەتی دوای دەستپێكردنەوەی شەڕ له ساڵی ١٩٧٤و پاشان نسكۆی شۆڕش له ساڵی ١٩٧٥ زياتر له يەكتری نزيك كردينەوه.

چەند ڕۆژێك بەر له وەفاتی زانيم كه سەركردايەتی شاندی پارتی دەكات له (كۆنگرەی پاڵپشتی كردنی گەلی عێراق) له تاران، پاشان زانيمەوه



www.mukiryani.com

بەوپەڕی بوێریـەوە بەرپەرچـی ئەوانـەی دایـەوە کـە پێشـنیازی ڕژێمێکـی تایبەتیان بۆ عـێراق دوای ڕزگارکردنی کردبـوو، وتبـوی: (کـەس ناتوانێـت ڕژێمێکی دیاریکراو بەسـەر عێراقـدا بسـەپێنێ، گـەلی عێـراق بەهـەموو سەربەستیەکەوە دەتوانێت ئەو ڕژێمە هەڵبژێرێت کە دەیەوێت).

ئەو بیرۆکانەی وەك شریتی سینەما بە بەرچاومدا تێدەپـەڕین، بـیرم لـەو بۆشـاییە دەکـردەوە کـە بـەوەفاتی ئـەو کەسـایەتیە سـەرەکیە لـە ژیـانی هەمووماندا دروست دەبێت، بەسەرسامی لەو حاڵەتەدا نزیکـی سـەعاتێك دۆش دامام، دەستم دایە تەلەفۆن‌و خانەوادەکەم ئاگادار کردەوەو هەواڵی ئەو کۆستەم پێ ڕاگەیاندن‌و داوام کـرد بـە پەلـە بگەڕێنـەوە، دوای سـەعاتێك هەموویان گەیشتن، لەماڵەوە بوو بـە شـین‌و گریـان، دوای ماوەیـەك کـاك هۆشیار عەبدولرەحمان سیوەیلی‌و هاوسەرەکەی‌و پاشان کاك سەردار محەمەد عەبدولرەحمان ئاغا برای هاوسەری کاك ئیدریس‌و سـایە خـانمی هاوسـەری هاتنە لامان، هەر یەکەیان کە دەگەیشـتن لـە براڕۆیـان دەدا، ئـەو ماوەیـە تەلەفۆنەکە بەردەوام لـەکارادابوو، دەیـان کـورد دەیانویسـت لـەو هەواڵـە دڵتەزێنە دڵنیابن.

بڕیارمدا ئەو ڕۆژە سەفەر بکەم، پرسیم ئـاخۆ باڵەفڕەیـەك هەیـە بـەرەو تاران بچێت، زانیمـەوە باڵەفڕەیـەکی هێڵـی ئاسمـانی ئێرانـی ڕۆژی دوایـی دەچێتە ئێران، بیرمان لەوە کردەوە لە لەندەن پرسە دابنێین، لیژنەی ناوچـەی پارتی لە بەریتانیا وایان بەباش زانی لە لەندەن بمێنمەوە تـا لـە پرسـەکەدا بەشداربم، خەبەری ئەوەم بۆ هـات خـاتوو (نـەدا)ی کچـی کـاك ئیـدریس‌و فەرهاد لوقمان بارزانی‌و هاوسەری کە لە ئەمەریکا دادەنیشتن، ڕۆژی دوایی دەگەنە باڵەفڕخانەی (هیثـرۆ) تا بچێنە تاران، لەکاتی دیاریکراودا چـوومە باڵەفڕخانە، (نەدا) ڤیزەی نەبوو بەڵام فەرهاد پەساپۆرتی ئەمریکی هەبوو،



www.mukiryani.com

دەبوایە دوو سەعات چاوەڕێ بکەن تا باڵەفڕی ئێرانیـــان دەســـتکەوت، دوای ئەوەی لە بارودۆخیان ئاگاداربوون پۆلیسێك یاوەری کردنو بواریان دان بچنە هۆڵی پێشوازی، لەگەڵ کچە بچوکەکەیان (چورین) کە تەمـــەنی دوو ســـاڵ بوو هاتنە دەرەوە، ئەو دیدارەمان زۆر سۆزداری بـــوو، هەوڵمـــدا نـــەدا هێـــور بکەمەوەو دڵی بدەمەوە، بەڵام بێ سوود بوو، ئەو دەیزانی پەیوەندی باوکیو من چەند بەهێزە، کە منی بینی لە باوکەڕۆی داو منیش خـــۆم بـــۆ نـــەگیرا، کاتێك وادەی ماڵئاواییان هات پێم وتن دوای تەواوبوونی پرسە لە بەریتانیا کە پاش نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە دەستی پێدەکرد منیش دەگەمە لایـــان، بەڕاســـتی دیدارو دیمەنێکی خەماوی بوو.

هـــەر ئـــەو ڕۆژەی ئـــەو هەواڵـــە دڵتەزێنـــەم پێگەیشـــت، واتـــە ڕۆژی ١/٢/١٩٨٧و پاش ئەوەی بڕیـــاردرا پرســـە لـــە لەنـــدەن دابنرێـــت، منـــیش سەفەرەکەم دواخست، هەر یەکە لە شێروانو هۆشیار سیوەیلیو هەنـــدێکی دیکە کە ناوەکانم بیرنەماوە چونە مەڵبەنـــدی ئیســـلامی لـــە لەنـــدەن، ئـــەو مەڵبەندە گەورەترین مزگەوتی تێدابوو، لەلایەن سعودیەوە دروست کرابـــوو بەڕێوەدەچوو، داوایان لە بەڕێوەبەرەکەی کـــرد ڕێگایـــان پـــێ بـــدەن پرســـەکە لەوێ دابنێن، پرسیان کـــێ وەفـــاتی کـــردووە؟ پێیـــان وت ئیدریســـی کـــوڕی خوالێخۆش بوو مستەفا بارزانییە، بەڕێوەبەرەکە وەرامی دانەوە بڕیار لـــەلای ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی مەڵبەندەکەیە، کە لە باڵیۆزانی وڵاتە عەرەبییـــەکان پێکهـــاتووەو ئـــەمڕۆ ئێـــوارە کۆدەبنـــەوەو منـــیش کارەکـــەیان پێڕادەگـــەینمو وەرامتان دەدەمەوە.

ئێوارە پەیوەندیان بە بەڕێوەبەرەکە کـــردەوە، وتـــی ئەنجومـــەنی کـــارگێڕی ڕازی نەبووە، بێ ئەوەی هیچ ڕوونکردنەوەیـــەك بـــدات، برادەرانـــی ئێمـــە زۆر دڵگران بوونو پێیان وت ئەمە دژ بە بیرۆکەی خزمـــەتکردنی موســـڵمانانەو



www.mukiryani.com

بڕیارێکی سیاسییەو پێچەوانەی داب‌و نەریتی ئایینی پیرۆزی ئیسلامەو بۆ ڕازیکردنی حکومەتی عێراقە.

کە ئەمەم بیست بەتەلەفۆن پەیوەندیم بە مەڵبەندی (أهل البیت)ەوە کردو قسەم لەگەڵ شەهیدی خوالێخۆش بوو سەید مەهدی سەید موحسین حەکیم‌و سەید دکتۆر محەمەد بەحر ئەلعلوم کە سەرپەرشتی مەڵبەند بوون کردو داوام کرد پرسەکە لەوێ دابنێین، بەخۆشییەوە پەسەندیان کردو بەرامبەر وەفاتی کاك ئیدریس خەمی خۆیان دەربڕی، وتیان مەڵبەندەکە لەبن دەستی ئێوەیە، بڕیاردرا پاش نیوەڕۆی ڕۆژی ٢/٢/١٩٨٧ بۆ ماوەی سێ ڕۆژ پرسەکە لەوێ دابنرێت.

دوای نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە، بەر لەوادەی خۆی بە ماوەیەك، لەگەڵ هەندێك لە ئەندامانی پارتی چووینە مەڵبەندی (أهل البیت) لەبەشی ڕۆژهەلاتی شاری لەندەن، مەڵبەندەکە لەچەند هۆڵێکی فراوان پێکهاتبوو کە چەند دیوارێکی بزۆك لێکتری جیاکردبوونەوە، دەتوانرا ئەو هۆلانە بەیەکەوە بلکێندرێن، هۆڵەکان سەدان کورسیان تێدابوو، خەڵکێکی زۆر لە کوردو عەرەب ڕوویان لە پرسەکە کردو خەم‌و پەژارەی خۆیان بە لەدەستدانی کاك ئیدریس پیشان دەدا، برا شیعەکان لە مەراسیمی پرسەکەدا دەورێکی بالایان بینی، هەردوو بەڕێزان سەید مەهدی حەکیم‌و محەمەد بەحر ئەلعلوم لە دەروازەی هۆڵەکە دانیشتبوون‌و پێشوازیان لەخەڵك دەکردو بەخێریان دەهێنان، ژمارەیەکی زۆر لە برا کوردەکانی هەموو پارچەکانی کوردستان ئامادەی پرسەکە بوون، کوردە فەیلییەکان ڕۆڵێکی گەورەیان بینی‌و خۆیان بە خاوەنی پرسە دادەنا.

خوالێخۆشبوو عومەر مستەفا دەبابەو ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەهەر سێ ڕۆژی پرسەکەدا ئامادەبوون، تازە



www.mukiryani.com

هەردوو حیزبی ناکۆك پارتی دیموکراتی کوردستانو یەکێتی نیشتمانی کوردستان، لەسەر دەستی ئەندازیاری ئاشتی خوالێخۆش بوو ئیدریس بارزانی ئاشت بووبوونەوە وەك پێشتر باسمکرد.

بۆ مێژووش ئەوە دەڵێم کە کەسایەتی کوردی ناسراو خوالێخۆشبوو مەحمود بابان برادەری بارزانی نەمرو سەرۆك مەسعود بارزانی بە درێژایی هەرسێ ڕۆژی پرسەکە ئامادەبوو، سەرجەم مەسروفاتو ناخواردنی بە ئەستۆوە گرت، ئەمە بووە هۆکاری ئەوەی کە ڕژێمی عێراقی گۆڕبەگۆڕ نەجیب بابانی برایو سەعدی برام لە بەغدا دەستگیر بکەن.

لەسێیەم ڕۆژی پرسەکەدا هەر یەك لە شەهید سەید مەهدی حەکیمو دکتۆر محەمەد بەحر ئەلعلوم کە سەرپەرشتیاری مەڵبەندی (أهل البیت) بوون حەزیان کرد ئەوانیش ڕۆژێك پرسە دابنێن وە ڕۆژێکی دیکەش پرسەکە درێژ ببێتەوە، ئەو ڕۆژە خەڵکێکی زۆر ئامادەبوون، چەندان وتار خوێنرانەوەو ئاماژەیان بە ڕۆڵی کاك ئیدریس لە ئۆپۆزسیۆنی عێراقیدا کرد، منیش بەو بۆنەیەوە وتارێکم خوێندەوە سوپاسی بەشداربوانو أهل البیتو سەرجەم تازیکەرانم کرد کە لەو پرسەیەدا بەشداریان کرد، بەمجۆرە پرسەکە کۆتایی هاتو ڕۆژی دواتر سەفەرم کرد.



www.mukiryani.com

# سەفەری ئێران

ڕۆژی پاش تەواو بوونی پرسە، واتە ٦/٢/١٩٨٧ (وەك لـەبیرم مابێـت) بڕیارم دا سەفەر بکەم، هاوســەرەکەم (دایکــی شــێروان) لـەو ســەفەرەمدا یاوەرم بوو، بلیتی هێڵی باڵەفڕی ئێرانمــان بــڕی کــە ئێــوارەی ئــەو ڕۆژە لــە باڵەفڕخانەی هیثرۆ لە بەریتانیا بەرەو تاران دەفــڕی، ســپێدەی ڕۆژی پاشــتر واتە ٧/٢/١٩٨٧بەر لە خۆرهەلاتن بە سەعاتێك گەیشتینە باڵەفڕخانــەی تاران، دکتۆر شەوکەت بامەڕنی سەرۆکی نووسینگەی پارتیمــان لــە تــاران (ئێستا لە وەزارەتــی دەرەوەی عێــراق بــالیۆزە) چــاوەڕوانی دەکــردین، دوای تەواوکردنی کاروباری فەرمی کە بەخێرایی جێبەجێیان کرد، لەگەڵ دکتــۆر شەوکەت چووینە ماڵی کاك ئیدریســی ڕەحمــەتی لــە شــاری کــەرەج، کــە گەیشتینە ئەوێ خۆر هەڵنەهاتبوو.

هەر کە گەیشتینە ماڵەکە خەم دایگرتم، ئەو ڕۆژانەم بیرهاتەوە کە کــاك ئیدریس لەو ماڵە دەهات‌و دەچوو و پڕ بوو لە زیندەگی‌و پێشوازی میوانانی دەکرد، ئێستاش ماڵەکە دەڵێی خۆڵ‌و دۆی بەسەردا کراوە، خۆم بــۆ نــەگیراو لە پرمەی گریانمدا.

چووینە ژوورێك لــە نهــۆمی خــوارەوە، دوای ماوەیــەك (نــازدار خــانم)ی دایکی کاك نێچیرڤان هــات‌و دەســتیکرد بــە گریــان، دکتــۆر شــەوکەتیش لەلامان بوو، بەڕاستی دیمەنێکی یــەکجار کاریگــەرو خــەماوی بــوو، دوای ماوەیەك چووینە نهۆمی سەرەوە، کوڕەکــانی خوالێخــۆش بــوو (نێچــیرڤان-



www.mukiryani.com

دلۆڤان – باریز) چاوەڕێیان دەکردین، دیدارێکی خەماوی بوو بەتایبەتی لەگەڵ نێچیرڤان، بەر لە ساڵێك یاوەری باوکی بوو لە ڤییەنا، ئەو دیدارەو دیداری ڤییەنا چەند جیاواز بوو، دوای ئەوە چووینە ماڵی شێخ محەمەد خالید، ئەوان تازە لە گوندی سلیڤانای سەر سنوری ئێران- عێراق گەڕابوونەوە، خانەوادەی بارزانی نەمر لەوێ نیشتەجێ بوون، پرسەی کاك ئیدریس سەرەتا لەو گوندە دانراو پاشان هێنرایە کەرەج، کاك ئیدریس لەتەك بارزانی نەمر لەگوندی (هەلەج)ی نزیك سلیڤانا بەخاك سپێردرا، دوای هەولە چەپەڵەکەی بەکرێگیراوان لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٨١ وەك پێشتر باسمکرد.

لە ماڵی شێخ محەمەد خالید، سەدان کوردی پەنابەری عێراقیو کوردی ئێرانو عێراقییە دانیشتوەکانی ئێرانو تەنانەت ئێرانیەکانیش ئامادەبوون، پرسەکە چەند ڕۆژێك درێژەی کێشا، دوای تەواوبوونی پرسە لەگەڵ هاوسەرەکەم چووینە سەردانی مەزارگەکان لە کوردستانی ئێران، لە نیوەی مانگی شوباتی ساڵی ١٩٨٧ گەیشتینە گوندی سلیڤانا کە مەڵبەندی ناحیەیەك بوو بەماوەی ٣٠کم کەوتبووە ڕۆژئاوای شاری ورمێ لە نزیك سنوری تورکیا- ئێران، خانەوادەی بارزانی نەمر لەو گوندە جێنشین بوون، پاشان گواستیانەوە بۆ شوێنێك کە چەند کیلۆمەترێك لە باکوری گوندەکەوە دوور بوو ئەمەش بۆ ئەوەی دانیشتوانی گوندەکە لە بۆردومانی باڵەفڕە عێراقیەکان بەدوور بنو خەڵکەکەی ڕانەکەن، سەرەڕای ئەمەش هێزی ئاسمانی عێراق لە کۆتایی بەهاری ساڵی ١٩٨٨و بەر لە ڕاگەیاندنی ئاگربەست لەنێوان ئێرانو عێراق بەتوندی گوندی ناوبراوی بۆردومان کرد، لە ئەنجامدا ژمارەیەکی زۆر پیرو منداڵو ئافرەت شەهید بوون (خوا لێیان خۆش بێت)، دوای ئەو ڕووداوە کاك مەسعود مکوڕ بوو کە خانەوادەکە



www.mukiryani.com

بچنە ناوچەیەکی لاچەپو دوور لە ئاوایی تا دانیشتوانی گوند چیتر تووشی ڕاکـردن نـەبن، بـەبیرم دێـت، دوای ڕووداوەکـە لـە نزیـك سـنوور بـەدوای شوێنێکدا گەڕاین کە گونجاو بێتو لە گوندان دوور بێت، چەند شـوێنێکی گونجاومـان دۆزیـەوە، کاتێـك خـەڵکی گونـدی سـلیڤانا بەمـەیان زانـی، کۆبوونەوەو لەسەر ئەوە مکوڕ بوون خانـەوادەی بـارزانی لەشـوێنی خۆیـان بهێننەوەو ئەوان ئامادەبوون قوربانی بدەن، لەبەر مکوڕبوونی ئەوان خانەوادە بڕیاریاندا لە گوندەکە بهێننەوە.

دەگەڕێمە سەر باسی گەیشتنمان بۆ گوندی سلیڤانا لـە نیـوەی مـانگی شوباتی ساڵی ١٩٨٧، لەوێ چووینە ماڵی بارزانی نەمر، خانووەکە لەچەند ژوورێکی لە گڵو کا دروست کرابوو بە ڕێگایـەکی سـەرەتایی پێکهـاتبوو، خانووەکانی خەڵکی ئاوایی زۆر لە هـی ئـەوان باشـتر بـوو، لـەوێ دایکـی میهرەبانمان (حەمایل خان) دایکی کاك مەسعود پێشوازی کردین، لـەکاتی نووسـینەوەی ئـەم بیرەوەریانـەدا، بـەداخو پەژارەیـەکی زۆرەوە ئـەو دایکـە میهرەبانە کە هەموو لەژێر چەترو سۆزی ئـەودا کۆببونـەوە کۆچـی دوایـی کرد، بۆ گیانی پاکی لەسەرجەم کوردستان پرسە دانراو سەرجەم جـەماوەری کوردستان بەهەموو چینو توێژەکانیانەوە بەشداری ئەو پرسەیان کـرد، خـوا ڕەحمی پێبکاتو بەهەشتی بەرین جێگەی بێت (إنا لله وإنا اليه راجعون).

لەوێ چەند ڕۆژێکمان بەسەربرد، سەردانی مەزارگەی هەردوو نـەمرمان لە گوندی هەلـەج کـرد، بارەگـای مەکتـەبی سیاسـی پـارتی دیمـوکراتی کوردستان لە گوندی ڕاژان بوو، ئەو گوندە بـە دووری چـەند کیلۆمـەترێك کەوتبوە باشوری خۆرئاوای گوندی سـلیڤانا، مامۆسـتا عـەلی عەبـدوڵلاو زۆربـەی هـەڤالانی مەکتـەبی سیاسـیو کۆمیتـەی ناوەنـدی لـەوێ بـوون سەردانیان کردمو بەخێریان هێنام، هەموویان هەڤاڵو بـرادەری لەمێژینـەم



www.mukiryani.com

بوون، منیش چەند جارێك سەردانم كردن، هەفتەیەك لەوێ مامەوە پاشان گەڕاینەوە ماڵی خوالێخۆشبوو كاك ئیدریس لە شاری كەرەج، لەكاتی سەردانم بۆ بارەگای مەكتەبی سیاسی لە ڕاژانو هەفتەیەك مانەوەم لە ماڵی بارزانی لە گوندی سلیڤانا، تێبینی ئەوەم كرد كۆچی دوایی كاك ئیدریس چەند كاریگەری بەسەر ئەندامانی مەكتەبی سیاسیو سەركردایەتیەوە هەیەو دوای خۆی چ بۆشاییەكی گەورەی جێهێشتوە، كاك ئیدریس وەك هەڤالانی، ئەندامێكی مەكتەبی سیاسی بوو بەلاّم داینەمۆی بزاڤو چالاكی بوو، هەندێك كاروبار هەبوون بەبێ بەشداریكردنی ئەو ڕایی نەدەكران، بڕیار وابوو دوای گەڕانەوەی كاك ئیدریس لە تاران یەكسەر كۆبوونەوەی مەكتەبی سیاسی بكرێت، بەلاّم چ لەگەڵ قەدەر دەكەی كە بۆی لە بۆسەدابوو، بەداخێكی زۆرەوە دوای گەڕانەوەی لە تارانو كەرەجو گەیشتنی بۆ گوندی سلیڤانا، كاك ئیدریس ئێمەو ئەو دنیایەی لە ئێوارەی ١٩٨٧/١/٣١ جێهێشت.

دووبارە سەردانی كەرەجمان كردەوە، میوانی ماڵی كاك ئیدریس بووین كە تا ئەوكاتە پێشوازی خەڵكیان دەكرد، جاری یەكەم كە چووینە كەرەج دوای یەك دوو ڕۆژ هەریەك لە سەردار محەمەد ئاغا (خاڵی نێچیرڤان)و سیامەند عەبدولسەمەد بەننا ئەندامی مەكتەبی سیاسیو دۆستی نزیكی خانەوادەی بارزانی لە لەندەنەوە گەیشتن، دوای گەیشتنمانو دابەزینمان لەو ماڵە پڕ خەمو كەسەرەدا لەگەڵ نێچیرڤانو دلۆڤان پێشوازیمان لە تازیەكەران دەكرد، هەندێك جاریش دەچووینە ماڵو دیوەخانی شێخ محەمەد خالید بارزانی، ئەویش پێشوازی لەخەڵك دەكرد، هاوسەرەكەشم (دایكی شێروان) لە نهۆمی سەرەوەی خانووەكە لە گەڵ خانەوادەی خوالێخۆش بوو كاك ئیدریس بارزانی پێشوازیان لە خەڵك دەكرد.



www.mukiryani.com

لەو کەش‌و هەوایە پڕ خەم‌و کەسەرەدا، زیاتر لە دوو هەفتەم لەوێ بەسەربرد، هەموو سبەینەیەك کە لەخەو هەڵدەستام ئەو ڕاستیە تاڵەم دەبینی کە کەسێکی زۆر نزیك‌و برایەك‌و ئازیزترین هەڤاڵم لەدەستداوە، بەڵام لەگەڵ ئیرادەی خوای گەورە چ دەکرێت؟ لەو ماوەیەدا، نێچیرڤان‌و برایەکانی زۆر بایەخیان بە ئاسودەبوونم دەدا، دەمویست بۆیان ڕوونبکەمەوە کە من میوان نیم‌و پێویست ناکات بەو ڕادەیە بایەخم پێ بدەن‌و هەموو جۆرە پێداویستیەکی حەسانەوەم بۆ دەستەبەر بکەن، بەڵام ئەوان هەر بەردەوام بوون چونکە دەیانزانی پەیوەندیم لەگەڵ شەهید ئیدریسی باوکیاندا چۆن بوو، پاشان زانیمەوە کە کاك ئیدریس باسی پەیوەندیم لەگەڵ ئەم‌و خانەوادەی بارزانی بەشێوەیەکی گشتی‌و دڵسۆزی‌و نزیکیم لە بارزانی نەمرەوە بۆ کوڕەکانی کردبوو.

دوای بەسەربردنی دوو هەفتە لە کەرەج، خۆمان ئامادەکرد تا بگەڕێینەوە کوردستانی ئێران‌و بەشداری لە چلەی ماتەمینی بۆ کاك ئیدریس‌و ساڵیادی کۆچی دوایی بارزانی نەمردا بکەین.



www.mukiryani.com

# چلەی شەهید ئیدریس

لە هەفتەی دووەمی مانگی ئاداری ساڵی ١٩٨٧ گەڕاینەوە گوندی سلیڤانا تا بەشداری لە چڵلەی شەهید ئیدریسدا بکەین کە لام وایە ڕێکەوتی ١٢ی مانگی ئاداربوو، هەروەها ساڵیادی کۆچی دوایی بارزانی نەمر بوو، کاك نێچیرڤان بەهەمان مەبەست هاتبووە ناوچەکە، سپێدەی ڕۆژی دیاریکراو چووینە گوندی (هەلەج) مەزارگەی هەردوو نەمران لەوێ بوو، بەفر دەباریو ڕێگای داپۆشیبوو، ڕۆیشتن زەحمەت بوو، لەگەڵ هەندێش جەماوەرێکی زۆر لە ژنو پیاوی پەنابەرو دانیشتوانی گوندەکانی دەوروبەر ئامادەبوون، دوای خوێندنەوەی چەند ئایەتێك لە قورئانی پیرۆزو سورەتی ئەلفاتیحە، سکرتێری پارتی مامۆستا عەلی عەبدوڵڵا وتەیەکی سۆزاوی لەناو ئاپۆرەی هوتافاتو گریانی ئافرەتاندا خوێندەوە، گۆڕستانەکەمان جێهێشت تا لە یەکێك لە مزگەوتەکانی ناوچەکە دەست بە مەراسیمی چڵلەکە بکەین، خوێنەری بەڕێز دەتوانێ سەیری وێنەکانی پاشکۆی ئەو کتێبە بکات کە چۆن لەو ڕۆژەدا بەفر دەبارییو بەبۆنەی ئەو کارەساتە جەرگبڕەوە چ مەراسیمێك سازدرا.

لەشوێنی تەرخان کراو بۆ ئەم مەبەستە کۆبوینەوە کە بریتی بوو لە گەورەترین مزگەوتی ناوچەکە، سەرەڕای ئەوەی شوێنەکە پڕی بوو لەخەڵك لە دەرەوەو حەوشو لایەکانی مزگەوت سەدان ئافرەتو پیاو ئامادەبوون، سەرجەم ئافرەتەکانی خانەوادەی بارزانی کە لەناوچەکە بوون لەوێ



www.mukiryani.com

ئامادەبوون، هاوسەرەکەشم (دایکی شێروان) لە گەڵیاندا بوو، هەندێك لە کاربەدەستانی حکومەتی ئیسلامی ئێرانیش ئامادەبوون، مۆنتاربۆی دەنگ لە دەرەوەی مزگەوت دانرابوو تا ئامادەبووان گوێیان لەو وتارانە بێت کە بەم بۆنەیەوە دەخوێندرانەوە، شەهید فرەنسۆ هەریری کە هەڤاڵی نزیکی ئیدریس و دڵسۆزو بە وەفای بارزانی نەمر بوو پێشکەشکاری چلەی ماتەمینەکە بوو، دوای خوێندنەوەی چەند ئایەتێك لە قورئانی پیرۆز، هەڤاڵ عەلی عەبدوڵلاو هەندێك لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی وتاریان خوێندەوەو باسیان لە پایەو ڕۆڵی سیاسی شەهید ئیدریس لەناو پارتی و ئۆپۆزسیۆنی کوردی و عێراقی بەشێوەیەکی گشتی کرد، نۆرەی من هات، شەهید فرەنسۆ منی وەك هەڤاڵی نزیکی شەهید ئیدریس و دڵسۆزی بارزانی نەمر پێشکەش کرد، وتارەکەی من زیاتر سۆزداری بوو نەك سیاسی، باسی پایەی کەسایەتی و پەیوەندی لەگەڵ خۆم و کارە مرۆییەکانیم کرد، وتم هەڤالانی دیکە باسی ڕۆڵی دیاری ئەویان کرد، لەکاتی خوێندنەوەی وتارەکەمدا چەند جارێك وشەکان لە گەرومدا گیران، مامۆستا عەلی عەبدوڵلاش هەروەها، هەردوو شاعیری گەورە (هەژار) و (هێدی- خالید ئاغای حیسامی) بەدوو قەسیدەی بەرز بەشداریان کردو سەرجەم ئامادەبووان لە پرمەی گریانیاندا.

مەراسیمی ئەو چللەی ماتەمینە، بە زیندویی بە ڕێگای دەنگی کوردستانی عێراق بۆ سەرجەم دانیشتوانی کوردستان بەهەموو بەشەکانیەوە دەگوازریایەوە، تەنانەت ڕژێمی سەدام و دارودەستەکەی گوێبیستی بوون.



www.mukiryani.com

سەرۆك مەسعود بارزانیو شاندە یاوەرەكەی كە لە ناوچەكانی لقی یەكی پارتی بوونو لەو وەرزەدا نەیاندەتوانی ئامادەبن، چونكە ڕێگاكان بە بەفر گیرابوون، بەهۆی رادیۆوە بەخەمو پەژارەوە گوێبیستی مەراسیمەكە بوون.

لەكۆتایی مەراسیمەكەدا، كاك نێچیرڤان وتارێكی سۆزداری خوێندەوە سوپاسی ئامادەبوانی كردو ئاماژەی بەو بۆشاییە كرد كە لەسەر ئاستی گشتیو خانەوادەدا كۆچی دوایی باوكی جێیهێشت.

ئەوەی پەیوەندی بەخۆمەوە هەبێت، بەدرێژایی مەراسیمەكە فرمێسكم دەباراند، ئەمە بووە مایەی سەرسوڕمانی ئامادەبووان بەتایبەتی ئەوانەی نەیاندەناسیم، كاك عەبدولموهەیمەن بارزانی پێی وتم یەكێك لە لێپرسراوە ئێرانیەكان كە لەوێبوو پرسیاری كردبوو لەم حاڵەتە سەری سوڕمابوو.

بەمجۆرە چللەی ماتەمینەكە كۆتایی هات، خەڵكەكە ڕۆیشتنو منیش لەگەڵ كاك نێچیرڤان گەڕاینەوە گوندی سلیڤانا، دوای دوو ڕۆژ بروسكەیەكم لە سەرۆك مەسعود بارزانی بەدەست گەیشتو داوای كردبوو تا دەگەڕێتەوە سەفەر نەكەم، بڕیارمدا بمینێمەوە دوای چەند ڕۆژێكیش هاوسەرەكەم (دایكی شێروان) لەگەڵ كاك سەردار محەمەد ئاغا گەڕایەوە بەریتانیا.



www.mukiryani.com

# گەڕانەوەی سەرۆك مەسعود بارزانی

زیاتر لە دوو مانگ بەسەر چللەی لەدەستدانی کاك ئیدریس بارزانی تێپەڕی، بەو کۆچە لەناکاوەو بە دوورکەوتنەوەی سەرۆکی حیزب کاك مەسعود بارزانی مەراسیمی کاروبارەکان نیمچە پەکیان کەوت، دوای تێپەڕ بوونی دوو هەفتە بەسەر مەراسیمی چللەکە، لەگەڵ کاك نێچیرڤان بارزانی گەڕاینەوە ماڵی کاك ئیدریس لە کەرەج وەك پێشتر باسمکرد هاوسەرەکەم (دایکی شێروان) لەگەڵ کاك سەردار ئاغا گەڕانەوە بەریتانیا، خانەوادەکەم لەوێ نیشتەجێ بوون.

بەکۆچی دوایی کاك ئیدریس ماڵەکە نیمچە چۆڵ بوو، هەموو دانیشتوەکانی لە پرسەی بەردەوامدا بوون، بەردەوام تازیەکەران بە ژنو پیاوەوە دەهاتن، هەردەم گوێم لە گریانو واوەیلای ئافرەتان بوو، پیاوان بەتایبەتی بارزانییەکان لە ژوورێکی نهۆمی ژێرەوە دادەنیشتنو منیش بەشداریم دەکردن، زۆر جار وا ڕێدەکەوت یەکێك لەو پیاوانە لاوکێکی بەکاك ئیدریسدا هەڵدەگوت، هەموان لە پرمەی گریانیان دەدا بە منیشەوە، لەو کەسە دیارانە (سدیق کانی تاتی) بوو کە ناوی باوکیم لەبیر نەماوە، ناوبراو لە ڕێ ڕۆیشتنەکەی بارزانی بۆ یەکێتی سۆڤیەت لە ساڵی ١٩٤٧ یاوەری بەڕێزیان بوو، لام وایە هەندێك لەو شریتانە کە بەم بۆنەیەوە تۆمارکراون لای کاك فەرهاد لوقمان بارزانی نەوەی مستەفا بارزانی نەمر پارێزراون، لەو ماوەیەدا پێشوازیمان لەهەندێك لەو تازیەکەرانە کرد



www.mukiryani.com

بەتایبەتی برا عێراقیەکان کە لەکاتی کۆچی دوایی کاك ئیدریسدا لە ئێران نەبوون.

هەندێك جار دەچووینە ماڵی شێخ محەمەد خالید بارزانیو لە دیوەخانەکەی کاتمان بەسەردەبرد، ئەو کاتەی لە خانووەکەدا بووم لەو ژوورەی بۆم تەرخان کرابوو کوڕەکانی کاك ئیدریس بەتایبەتی یوسف کە تەمەنی ١٣-١٤ ساڵ دەبوو، بەردەوام دەهاتە لام، یوسف درکی بە پەیوەندی پتەوی من لەگەڵ باوکی ڕەحمەتی دەکرد، لەو بڕوایەدابووم ئەو وای هەست دەکرد نزیك بوونەوەی لەمن یەکێك لە ئەرکەکانی سەرشانیەتی بەرامبەر باوکی، وەك کەسێکی کاملو پیاو هەڵسوکەوتی دەکردو زۆرم خۆشویست، یوسف لە کۆنگرەی سێزدەهەمی پارتی کە لە کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠١٠ بەسترا بە ئەندامی سەرکردایەتی پارتی هەڵبژێردرا، دوای کۆچی بارزانی، حەوت ساڵ بەسەر بەجێهێشتنی شاری کەرەجدا تێپەڕی، لەو ماوەیەدا گۆڕانکاریەکی زۆر بەسەر دانیشتوانەکەیدا هاتبوو، زۆربەیان گەڕانەوە شارەکانی کوردستانی ئێران (کوردستانی ڕۆژهەلاّت)و پەنابەرەکان شوێنیان گرتنەوە، هەندێك جار لە ماڵەکانی خۆیاندا سەردانی ئەوانەمان دەکرد، یان سەردانی بارەگای پارتیمان لە کەرەجدا دەکرد کە دکتۆر شەوکەت بامەڕنیو هەڤالاّنی دیکە بەڕێوەیان دەبرد.

دوای تێپەڕبوونی چەند هەفتەیەك بەسەر مانەوەمان لە کەرەج، زانیمان بەم نزیکانە سەرۆك مەسعود بارزانی دەگەڕێتەوە بارەگای مەکتەبی سیاسی لە ڕاژان، کاك مەسعود سەردانی ناوچەکانی لقی یەکی لە ئامێدیو زاخۆو دهۆکدا کرد کە نزیکەی هەشت مانگی خایاند، لەگەڵ کاك نێچیرڤان گەڕاینەوە ناوچەکە، لام وایە نیوەی مانگی ئایار بوو.



www.mukiryani.com

بەر لە هاتنەوەی کاك مەسعود ، ڕۆژێکیان سەردانی بارەگای پارتیمان لەشاری شنۆدا کرد کە هەڤاڵ نەجمەدین یوسفی لێپرساوی بوو، کاتێك چووینە ژووری تەرخانکراو بۆ میوانان، لە ناکاو چاوم بە یاوەرو هەڤاڵی دێرینم عومەر قادر کەوت، سەرەتا نەیناسیمەوە، پاشان هاتە لامو دەستی لە ملم کرد ، زانیم لەگەڵ خانەوادەکەی گەڕاوەتەوە شاری شنۆ تا بێتەوە ڕێزی شۆڕش، عومەر لە شۆڕشی ئەیلولدا بۆ ماوەی ١٠ ساڵ یاوەرو هەڤاڵم بوو، نموونەی برادەری بەوەفا بوو، دوای ڕاپەڕینیش هەر یاوەرم بوو، بەر لەچەند ساڵێك بە ڕووداوێکی دڵتەزێن کۆچی دوایی کرد (خوا لێی خۆش بێت) ئێستاش لەگەڵ خانەوادەکەی پەیوەندیم وەك جارانە، لەکۆتایی مانگی ئایار، یان سەرەتای حوزەیرانی ساڵی ١٩٨٧و دوای ئەوەی بەفر توایەوەو دەتوانرا ئەگەر بەزەحمەتیش بێت لەهەندێك ناوچە بە ڕێگا شاخاویەکاندا بڕۆین، وادەی گەیشتنەوەی سەرۆك مەسعود بارزانی هات، لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر پێشوازیکەر چووینە خاڵی گەلی گادەر کە کەوتۆتە سنوری عێراقو ئێران، کاك نێچیرڤانو هەندێك لە براکانی، هەروەها براکانو کوڕەکانی کاك مەسعود لە پێشوازیدا بوون، هەر کە گەیشت دیمەنێکی زۆر سۆزاوی دروست بوو، سەرەتا دەستی لە ملی کاك نێچیرڤان کرد هەردووکیان گریان، کاتێکیش منی بینی دەستمان لە ملی یەك کردو سەرجەم ئامادەبوان دەستیان بەگریان کرد ، پاشان هەموومان سەردانی مەزاری نەمرانمان لە گوندی (هەلەج)دا کردو لەوێش بوو بە گریان، پیاوێکی ئاینی چەند ئایەتێکی لە قورئانی پیرۆز خوێندەوەو ئینجا گەڕاینەوە ماڵی بارزانی لە گوندی سلیڤانا، ڕۆژی پاشتر پێشوازیمان لە دەیان تازیەکەرو خەڵکانی دیکە بەبۆنەی گەڕانەوەی کاك مەسعود کرد ، سپێدەی ڕۆژی پاشتر، مامۆستا عەلی عەبدوڵلا سکرتێری ئەوسای پارتیو



www.mukiryani.com

ژمارەیەك لە ئەنـدامانی مەكتـەبی سیاسـیو كۆمیتـەی ناوەنـدی هاتنـە گوندی سلیڤانا بۆ پرسەو بەخێرهێنانـەوەی كـاك مەسـعود، كـەشو هـەوا گۆڕابـووو سـەرەتای وەرزی هـاوین بـوو، كـەپرێكمان دروسـتكردو نزیـك ڕوبارۆچـكەیەك لـە شـاخەكانی دەوروبـەری گوندەكـە دەهاتـە خـوارەوەو بەلێواریدا تێدەپەڕیو ئاوێكی سازگارو ساردی هەبوو، لەهـەر سـەعاتێكدا پێشوازیمان لـە دەیـان میـوان دەكـرد، ئـەو میوانانـە خـەڵكانی سـەرجەم پارچەكانی كوردستان بوون، سلاّویان لەكاك مەسعود دەكردو سەرەخۆشـیان لێ دەكـرد، هـەروەها ژمارەیـەك بەرپرسـی مـەدەنیو سـەربازی ئێرانـی ئامادەبوون.

ئەوەم لەبیرچـوو كاتێـك لـە مـانگی شـوبات لەگـەڵ دایكـی شـێروان گەیشتینە ئێران لەناكاو چاوم بە عومەری بـرامو خانەوادەكـەیو هـەروەها برازاكانم (دێدەوانو ئاسۆس) كوڕانی كاك ئەحمەدی برامو كـوڕێكی ڕەقیـب حوسێن مەلا دزەیی ئامۆزام كە ناوی دكتۆر كامەران بوو كەوت، هەموویان لەدەست فشاری سوپای سەدامو جەیشـی شـەعبی ڕایـانكردبوو، عومـەرو خانەوادەكەی بەر لە كۆچی دوایی كاك ئیدریس بەچەند هەفتەیەك گەیشتن، لە هوتێلێكی سادەی شاری كەرەج دابەزین، كاتێك كـاك ئیـدریس بەمـەی زانی ناڕازی بوو، چووە لایو یەك قسەی پێی وت (چۆن دەبێت برای موحسین لە هوتێل دابەزێتو ئێمەش لە كەرەج خانوومان هـەبێت) هـەموانی بـردە ماڵەكەی خۆی، دكتۆر كامەران لە نەخۆشخانەی زێوە كـاری دەكـرد، ئـەو شوێنە كۆمەڵگەو خێوەتگەیـەك بـوو بـۆ پەنابـەرە كـوردە عێراقییـەكان، كامەرانو ئاسۆسو دێدەوان لـەوێ جێنشـین بـوون، كۆمەڵگەكـە كـەوتبوە نێوان ورمێو شنۆو لەشوێنی دانیشتنی ئێمـەوە دوور نـەبوو، دوای كۆچـی لەناكاوی كاك ئیدریس، عومەری برام ئەوێی جێهێشت چونكە زۆر قەرەباڵغ



www.mukiryani.com

بووو چووە خانووی کرێ، پاشان فیـزەی نەمسـای وەرگـرت چـەند مانگێـك لەوێ مایەوە، ئینجا بە یارمەتی (ولیم ئیگلتن) دانەری کتێبـی (کۆمـاری مـەهاباد) کـە پێشـتر بـاڵیۆز بـوو و یـەکێك لـە ڕێکخراوەکـانی نەتـەوە یەکگرتوەکانی لە ڤییەنا بەڕێوەدەبرد توانی بگاتە ئەمەریکا، تا ئەم چـەند ساڵانەی دواییش هەر لەوێ بوو بەشی کوردی ڕادیـۆی دەنگـی ئەمـەریکای بەڕێوەدەبرد، دێدەوان مافی پەنابـەری لـە نەمسـا وەرگـرت‌و ئێسـتاش لـە بەریتانیا جێنشینە، دکتۆر کامەران‌و ئاسۆسیش هاتنـە بـەریتانیاو مـافی پەنابەریان وەرگرت.

دەگەڕێمـەوە سـەر بابەتەکـەمان، دوای گەڕانـەوەی کـاك مەسـعودو جێگیربوونمان لە گوندی سـلیڤاناو پێشـوازیکردنی تازیەکـەران‌و میوانـان، هەروەها دوای سەردانی بارەگای مەکتەبی سیاسی حیزب لـە ڕاژانـی نزیـك سلیڤانا، ئەو دوو گوندە وەك پێشتر باسمکرد کەوتوونەتە سێگۆشەی سـنوری هەریەك لە ئێران‌و تورکیاو عێراق، دوای ئـەوەی کـاك مەسـعود بڕیاریـدا سەفەری کەرەج بکات، چونکە خانەوادەی شەهید ئیـدریس‌و شـێخ محەمـەد خالید بـارزانی لـەوێ بـوون، بارەگـای شـێخ محەمـەد خالیـد لـە گونـدی بێمزۆرتـەی سـنوری عێـراق بـەلای شـاری شـنۆوە بـوو، دوای دیـدارێکی سۆزداری‌و خەماوی لەگەڵ خێزانـی کـاك ئیـدریس، چـووینە مـاڵی شـێخ محەمەد خالیدو پاشان گەڕاینەوە ماڵی کاك ئیدریس، میوانان ڕویان لـەوێ کرد کە ئێرانی‌و لێپرسراوە عێراقیە دانیشتوەکانی ئێران بەتایبەتی ئەوانەی نـەیاری ڕژێمـی عێـراق بـوون‌و هـەروەها کـوردانی ئێـران‌و پەنابـەرانیش ئامادەبوون.

هەر لەو ماوەیەدا، چەند کۆبونەوەیەك لەگەڵ لێپرسراوە ئێرانیـەکان لـە تاران سازدرا، منیش بەشداریم تێدا کردو دیـدو بۆچـونمان گۆڕیـەوە، دوای



www.mukiryani.com

چەند ڕۆژێك مانەوەو سازدانی چەندان دیدار لەگەڵ لێپرسـراوانو میوانـان، هەمووکمان گەڕاینەوە کوردستانو کاروبار گەڕایەوە دۆخی سروشـتی خـۆی، هەموو ڕۆژێك لە گوندی سلیڤاناوە دەچووینە بارەگای مەکتەبی سیاسی لـە گوندی ڕاژان، سەرۆك مەسعود بارزانی ڕۆژانـە لەگـەڵمان کۆدەبـۆوە باسـی بارودۆخی حیزبو شۆڕش دەکراو کاری پێویستی بۆ ئەنجام دەدرا، وەك پێشتر باسمکرد بەهەوڵو کۆششی ئەندازیاری ئاشـتی شـەهید ئیـدریس، هـەموو حیزبـە کوردیـەکان ئاشـت بوونـەوە، مـەفرەزەکانی پـارتیو حیزبـە کوردستانیەکان بەبێ هیچ بەربەستێك بەهـەموو ناوچـەکاندا دەسـوڕانەوەو هاوکاری یەکتریان دەکرد، ئەمەش بووە هۆکاری زیادبوونی چـالاکیەکانیانو کاریگەری زۆریان بەسەر دوژمنـەوە جێهێشـتو بـووە مایـەی نیگـەرانیان چونکە ڕژێمی عێراق ئەو کاتە لەگەڵ کۆماری ئیسـلامی ئێـران لەشـەڕدا بوو، هەروەها جەماوەری کوردسـتان پێشـوازی لـەو ئاشـتبوونەوەیە کـردو هاوکاری مەفرەزەکانیان دەکرد.



www.mukiryani.com

# سەفەری بەریتانیا

کۆتایی مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٨٧، حەزم کرد سەردانی بەریتانیا بکەم بۆ بەسەربردنی هەندێك کاتو چەند پشکنینێکی پزیشکی، سەرۆك مەسعود بارزانی ڕەزامەندی نیشاندا، بلیتی باڵەفرِم بڕیو شوێنی خۆم گرت، لە ڕاژان ماڵئاواییم لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسیو کۆمیتەی ناوەندیو ئەوانیتر کرد.

لێرەدا ڕووداوێکی خۆشم بیرهاتەوە جێی خۆیەتی بیگێڕمەوە، ڕۆژێك بەر لە سەفەرم بۆ تاران یان ڕاستر بڵێم کەرەج تا لەوێوە سەفەری لەندەنی پایەتەختی بەریتانیا بکەم، چاوم بە برایان (نیهادو سیهادو سیدادو وەجیە) کوڕانی بارزانی نەمرو هەروەها هەندێك لە کوڕانی شەهید ئیدریسو مەسروری کوڕی سەرۆك مەسعود بارزانی کەوت، کاك نیهاد ئاگای لەوادەی سەفەرەکەم نەبوو، کاك مەسرور پێشنیازی کرد بەنۆرە هەر یەکە بەرخێك بکڕێتو ئەویش سوری دەکاتەوەو ئەگەر کەشو هەوا لەبار بێت لە ڕۆخ ڕووبارەکە دەیخۆین، ئەمەش وەك ڕێزلێنانێك بەبۆنەی سەفەری منەوە، مەسرور ڕوی لە نیهاد کردو وتی تۆ لە هەمووان بەتەمەنتری با دەستپێشخەریەکە لەتۆوە بێت، نیهاد بەهەموو سینگ فراوانیەکەوە قبولی کردو بەرخەکەی کڕی، ئەو ڕۆژە کەشو هەوا لەباربوو، بەرخ سورکرایەوە، لەڕۆخ ڕووبارەکە فراڤینمان کرد، دوای نان خواردن کاك نیهاد پرسی، ئینجا



www.mukiryani.com

ڕۆژی پاشتر نۆرەی کێیە؟ وتیـان بـەیانی موحسـین سـەفەر دەکـات، نیهـاد تورەبوو وتی فیلّتان لیّ کردم، هەموو پیّکەنین.

بۆ بەیانی چوومە کەرەج، هەریەك لە عومەر قادر یـاوەری دێـرینم کـە لەگەلّ خانەوادەکەی لە شاری شنۆ دادەنیشتو هەروەها پیّشمەرگەی دێـرین ئەکرەم سۆفی برادەری خانەوادەکەمان یاوەرم بوون، چەند ڕۆژێـك لـە مـالّی شەهید ئیدریس مامەوە، کوڕەکـانی وەك مامیّـك هەلّسـوکەوتیان لەگـەلّ دەکردم.

ڕۆژی دیـاریکراوی سـەفەر، هەریـەك لـە دکتـۆر شـەوکەت بامـەڕنیو عومەر قادرو ئەکرەم سۆفی تا بالّەفڕخانە یـاوەرم بـوون، دوای تـەواوبوونی کاروبارەکان مالّئاواییمان لە برایان کرد، سواری بالّەفڕەیەکی هیّلّی ئاسمانی ئیّران بووم، تارانم جیّهیّشتو ڕووم لە لەندەن کرد.



www.mukiryani.com

# له بەریتانیادا

لەسەرەتای مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٨٧ گەیشتمە باڵەفڕخانەی هیثرۆ، لەوێ شێروانی کوڕمو هەندێك لە ئەندامانی خانەوادەو ئەندامانی پارتی پێشوازیان کردم دوای بەخێرهێنان ڕومان لە ماڵەوە کرد لەشاری (نیوبەری) کە نزیکەی ٨٠کم لە باڵەفڕخانەوە دووربوو، برایانی دیکەش چوونە لەندەنو ماڵیان لەوێبوو.

چەند ڕۆژێك لەماڵ مامەوە پێشوازیم لەچەندان برادەرو هەڤاڵی پارتی کرد، وەك پێشتر باسمکرد ئێمە بەنیازبوین بۆ خانوویەکی دیکە لە لێواری لەندەن یا شارێکی نزیك بگوێزینەوە، چونکە زۆربەی ئەندامانی خانەوادە بۆکار یان تەواوکردنی خوێندن چوبوونە لەندەن یان نزیکی ئەو شارە، سەرەڕای ئەوەی کە خانەوادەکەم دە ساڵیان لە شاری نیوبەری بەسەربرد بەلاّم پێویستی نەدەکرد لەو شارەدا بمێننەوە.

ژیان لە نیوبەریدا زۆر خۆش بوو، ئەو سەردەمە شارێك بوو ژمارەی دانیشتوانی نەدەگەیشتە سی هەزار کەس، خەڵکەکەی باش بوونو یەکتریان دەناسی، ئێمە لەڕۆخ شارەکە نیشتەجێ بووین کە هەر لە ژیانی گوند دەچوو، خانووەکەی ئێمە لە کۆمەڵگەیەك بوو لەبیست خانوو پێك هاتبوو، پەیوەندیمان لەگەڵ سەرجەم دراوسێکان زۆر باش بوو، ئەوانیش زۆر هاوکارمان بوون لەکاتی پێویستیدا یارمەتیان دەداین.



www.mukiryani.com

ڕێکەوتێکی سەیر بوو ئەو خانەوادەی کە لەتەنیشت ئێمە جێنشین بـوون خانەوادەی واڵتەرز Walters بوون، دوو کیـژی بچـکۆڵەیان هـەبوو ئـاوزەی سەیرانی کیژە گچکەکەم بـوون‌و لەیـەك قوتابخانــە دەیانخوێنــدو بووبوونــە دەستەخوشك، ئێستاش پەیوەندیان بەردەوامە ئەگەرچی شارەکانیان لەیەکتر دوورن، کابـانی مـاڵ برینپیێچـێك بـوو نـاوی (جـۆیس) بـوو، مێردەکـەی بەڕێوەبەری لقی کۆمپانیایەکی ئۆتۆمبێل بوو، ئەوانیش بـەر لـەوەی ئێمـە بگوازینەوە چوبوونە شارێکی دیکە، بەلاّم پەیوەندیمان هەر مابوو بەتایبەتی لەنێوان کیژەکان‌و سەردانیان دەکردین، باسی ئەو ڕێکەوتە سـەیرە دەکـەم، دوای ڕاپەڕینی میللەتەکەمان لە ئاداری ساڵی ١٩٩١و پـاش هێرشـەکەی ڕژێمـی عێـراق‌و کۆچـڕەوە ملیۆنیەکـەی میللەتـە خۆڕاگرەکـەمان ئینجـا ڕاگەیاندنی ناوچەی ئارام لەلایەن نەتەوە یـەکگرتوەکان خـاتوو (جـویس)ی دراوسێی دێرینمان وەك بـرینپیێچ یـاوەری هێزەکـانی بـەریتانیا بـوو هاتــە ناوچەکە، پاشان بووە یاوەری ڕێکخراوێکی خێرخوازو هاتە هـەولێر، تـوانی پەیمانی کیـژە گـەورەم کـە پێشـتر مێـردی کردبـوو لەهـەولێر دادەنیشـت بدۆزێتەوە، بەشادی چـاویان بەیـەکتر کـەوت، ئینجـا حـەزی کـرد دایکـی هاوسەرەکەم ببینێت، بەیەکەوە چوونە ماڵی کاکە عەبـدولقادری ئـامۆزام‌و لەوێ خاتوو جـویس چـاوی بـە دایکـی کاکـە کـەوت‌و کـاتێکی خۆشـیان بەسەربرد بەیەکەوە فرافینیان خوارد، کـە گەڕایـەوە بـەریتانیا لـە خـانووە تازەکەمان سەردانی کردین، یادەوەری جوان‌و وێنەی یادگاری لەگەڵ خۆیـدا هێنایەوە.

دراوسـێیەکمان بـەناوی مسـتەر پوکـوك، خـەریکی کشـتوکاڵ بـوو، ژنەکەشی لە کۆلێژی نیوبەری مامۆستا بوو، منداڵەکانم لەو کۆلیژەدا ئـەو ژنەیان ناسی، پوکوك پیاوێکی زۆر باش‌و خاوەنی کێڵگەیـەك بـوو کـە لـە



www.mukiryani.com

ئێمەوە زۆر دوور نەبوو، لەوەرزی دروێنەی گەنمدا بەتایبەتی لە ئاخرو ئۆخری مانگی تەمووز، بۆ ڕاوە کەروێشك داوەتی دەکردم، کەروێشکەکان ژمارەیان زۆربوو و لەو کێڵگەیە خۆیان شاردبۆوە، تفەنگی ڕاویشی دەدامێ، وەرزشێکی جوانو کاتێکی یەکجار خۆشمان بەسەر دەبرد، کافیتریای گەڕەك ڕاستەوخۆ کەوتبووە پشت ماڵی ئێمە، جادەیەك لەنێوانیادا بوو، دانیشتوانی ناوچەکە بەتایبەتی هی کۆمەڵگەکەی ئێمە، تیایدا کۆدەبونەوەو کاتێکی خۆشیان بەسوعبەتو پێکەنین بەسەر دەبرد، گراهام خاوەنی کافیتریاکەو ماریای هاوسەریو هاری باوکی گراهام، کەسی باشو لەگەڵ میوانان ڕووخۆشو قسەی خۆشیان بۆ دەکردن.

ئەو ماوەیەی لەوێ مامەوە، کە نزیکەی دوو مانگی خایاند، تەنیا جارێك چوومە ئەڵمانیای فیدراڵ (ڕۆژئاوا) ئەوکاتە یەکیان نەگرتبۆوە، چەند ڕۆژێکم لەگەڵ دکتۆر ئەنوەری برامو خانەوادەکەی لەشاری ڕادافور مڤالد بەسەربرد، وەك پێشتر باسمکرد کە چۆن بەناچاری یەك ساڵ تیایدا مامەوە بەر لەوەی سەفەری بەریتانیا بکەم.

لەکاتی مانەوەم لەبەریتانیادا، لەگەڵ شێروانی کوڕم، چەند خانوویەکمان بینی تا یەکێکیان بکڕین، بۆ ئەوەی لە شوێنی کارو خوێندنی منداڵەکانەوە نزیك بێت، خانوویەکی گونجاومان هەڵبژاردو لەسەر نرخەکەی پێکهاتین، بەڵام کاروباری فەرمی کڕینەکە بەر لەوەی لەمانگی شوبات سەفەری ئێران بکەم، تەواو نەبوو، بۆیە نەمانگوازتەوە ناو خانووەکە، شێروان سەرپەرشتی گواستنەوەی بۆ خانووە تازەکە کردو دوای سەفەرکردنم چوونە ناو خانووەکە.



www.mukiryani.com

# تیرۆرکردنی سەید مەهدی ئەلحەکیم

پەیوەندیمان لەگەڵ خانەوادەی خوالێخۆشبوو سەماحەتی ئایەتوڵڵای مەزن (سەید موحسین ئەلحەکیم) گەورە مەرجەعی بەناوبانگی شیعە، بۆ سەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردوو دەگەڕێتەوە، سەید حەکیم، سەبارەت بە گەلی کوردو شۆڕشی ئەیلول خاوەنی هەڵوێستی شەرەفمەندانە بوو، لەبەشی دووەمی کتێبەکەمدا بەدرێژی باسی ئەو پەیوەندیەم کردووە، ساڵی ١٩٦٥ سەرۆکی ئەوسای عێراق (عەبدولسەلام محەمەد عارف) داوای لە ئیمام حەکیم کرد کە فەتوا بدات بە حەرامکردنی شۆڕشی کورد (شۆڕشی ئەیلول)، سەید حەکیم ڕازی نەبوو، بەڵکو فتوایدا کە شەڕ دژ بەو شۆڕشە حەرامە، ئەمەش بووە مایەی پێزانین‌و سوپاسی گەلی کوردو بارزانی نەمر بەشێوەیەکی تایبەتی، پەیوەندی لەنێوان هەردوولا دروست بوو چەندان نامەیان بۆ یەکتر نارد.

لەسەردانەکەی کاك ئیدریس بارزانی بۆ بەغدا لەساڵی ١٩٦٧، بەبۆنەی پیرۆزبایی جەژنی ڕەمەزان لەسەرۆك عەبدولرەحمان محەمەد عارف، (عەبدلرەحمان دوای ئەوەی عەبدولسەلامی برای لە نیسانی ساڵی ١٩٦٦ بە ڕووداوی کەوتنەخوارەوەی فڕۆکە گیانی لەدەستدا، بوو بە سەرۆك کۆماری عێراق) هەروەها سەردانی کاك مەسعود بارزانی لە جەژنی قوربان بۆ هەمان مەبەست‌و هەر لەو ساڵەدا، سەردانی کوفەو کەربەلای کرد تا جەژنە پیرۆزە لە ئیمام حەکیم‌و سەردانی مەزارگە پیرۆزەکانیش بکات،



www.mukiryani.com

لەهەردوو سەرداندا من یاوەریان بووم، برایان ئیدریس‌و مەسعود لەلایەن دانیشتوانی کوفەو کەربەلا بەگەرمی پیرۆزباییان لێکرا، ئەمەش بەڵگەی هاوسۆزی دانیشتوانی باشوور لەگەڵ شۆڕشی کوردو خۆشەویستیان بۆ سەرکردەکەی (بارزانی نەمر) بوو.

بەهاری ساڵی ١٩٦٨، سەماحەتی ئەلحەکیم دەستی بە بەجێهێنانی فەریزەی حەج کرد، لەبری بارزانی نەمر بۆ بەڕێکردنی چوومە باڵەفرخانەی موسەننا، تاهیر یەحیای سەرۆك وەزیرانی ئەوسای عێراقیش بۆ بەڕێکردنی هاتبوو، هەزاران کەس لەو باڵەفڕخانەیەدا بۆ بەڕێکردنی ئەلحەکیم کۆبوونەوە، ئەمە دوا دیدارمان بوو لەگەڵ سەماحەتیاندا، دوای چەند مانگێك، بە کودەتایەکی سەربازی لایەنگرانی عارف هاوکاری بەعسیان کردو حوکمیان گرتە دەست، پاشان لە کودەتایەکی دیکەدا دوای دوو هەفتە بەعسیەکان ئەوانیشیان لەناوبرد.

خوالێخۆشبوو سەید مەهدی حەکیم، کوڕی ئیمام سەید موحسین ئەلحەکیم، کەسێکی چالاك‌و پەیوەندیەکی باشی لەگەڵ هەموو هێزە سیاسیەکاندا هەبوو، ئەمەش بووە مایەی نیگەرانی بەعسیەکان، چونکە کوڕی ئەو زاتە بەر لە هاتنی بەعسیەکان پڕبوو لە سیاسەتمەداران، دوای ئەوەی دەسەلاتیان بەدەستەوە گرت، بەعسیەکان دەستیان بە لەناوبردنی نەیارەکانیان کرد، سەید مەهدی ئەلحەکیم یەکێك بوو لە ئامانجەکانیان، ویستیان دەستگیری بکەن، بەلام خۆی شاردەوە، لەبەشی دووەمی کتێبەکەمدا، بەدرێژی باسی قوتارکردنی سەید مەهدیم کردووە کە چۆن لە ساڵی ١٩٦٩، بارزانی نەمر، لە مەلبەندی سەرکردایەتی شۆڕشەوە، ڕەوانەی ناوچەی هەولێری کردم، لەوێ پەیوەندیم بە هەندێك لە برادەرانی شۆڕشەوە کرد کە لە حکومەت نزیك بوون، بەنهێنی پەیوەندیم بە



www.mukiryani.com

خوالێخۆشبوو (شێخ جەیتۆ سەید تەها شەمزینیو ئەسعەد فەتاح ئاغای هەرکی)یەوە کرد، شێخ جەیتۆمان ڕەوانەی کەربەلا کرد، لەوێ خەبەری بۆ ناردین کە سەید مەهدی ئەلحەکیم بەسەلامەتی گەیشتۆتە دەرەوەی عێراقو دواجار لە بەریتانیا جێگیر بووە.

دەگەڕێمەوە بەریتانیا، لەو ماوەیەداو بەر لە سەفەرو گەڕانەوەم بۆ ئێران چوومە مەڵبەندی -أهل البیت- تا سەردانی مەهدی ئەلحەکیمو بەڕێز محەمەد بەحر ئەلعلوم بکەم، وەك پێشتر باسمکرد ئەو مەڵبەندەیەیان بەڕێوەدەبرد، ناسیاویم لەگەڵ مەهدی ئەلحەکیم بۆ ساڵی ١٩٦٦ دەگەڕێتەوە، ئەو کاتەی ئەندامی لیژنەی باڵای ئاشتی بووم، لە شوێنی حەوانەوەی لە بەغدا سەردانمکرد، پیاوێکی سادەو ڕووخۆش بوو، تا شەهیدبوونی لە سودان لە ساڵی ١٩٨٨، ئەو پەیوەندییە هەر بەردەوام بوو، دوا دیدارمان لە مەڵبەندی -أهل البیت- بوو، لەو دیدارەدا زانیم کە بۆ بەشداری کردن لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی ئیسلامی داوەتکراوەو بەو زووانە سەفەری سودان دەکات، لەمە سەرم سوڕما، چونکە ڕژێمی سودان پەیوەندیەکی باشی لەگەڵ ڕژێمی عێراقدا هەبوو، دوای چەند ڕۆژێك سەید حەکیم چووە سودان، خەریکی خۆ ئامادەکردن بووم تا بۆ ئێران بگەڕێمەوە، بەداخەوە هەواڵی شەهیدبوونیم بیست کە لەلایەن نۆکەرانی موخابەراتی عێراقو بەهاوکاری موخابەراتی سودان ئەو کارەیان کردبوو، لەمەڵبەندی ناوبراو پرسەی بۆ دانرا، سەدان عێراقی جێنشینی بەریتانیا لە پرسەکەیدا بەشداربوون، چەندان وتار دژ بە ڕژێمی عێراق خوێندرانەوەو سەرکۆنەی ئەو کارەیان کرد، پرسەکە جۆرە خۆپیشاندانێك بوو.

زانیاری گەیشتە دەست پۆلیسی ئەسکۆتلەندیارد، کە ڕژێمی عێراق بەنیازە هەندێك لە نەیارانی، لە عێراقیە دانیشتووەکانی بەریتانیا پاکتاو



www.mukiryani.com

بكات، منو شێروانی کوڕم لەوانە بووین، ئاگاداریان کردینەوەو نـاوی ئـەو شوێنانەیان پێـوتین کـە نۆکـەرانی موخابـەراتی عێراقـی تێدایـەو وتیـان مەچوونە ئەو شوێنانە، هەروەها ژمارەی تەلـەفۆنمان وەرگـرت تـا لـەکاتی پێویستیدا داوای یارمەتی بکەین.

دوای کۆتایی هاتنی پرسەی شەهید مەهدی ئەلحەکیم کە چەند ڕۆژێکی خایانـدو ئاسـەواری تـوڕەیی‌و ڕق بـەدەم‌و چـاوی بەشـداربوانەوە دیـاربوو، هەروەها دوای ئاگادارکردنەوەی پۆلیسی سـکۆتلاندیارد، گەڕامـەوە تـاران، شێروانی کوڕم ڕاسپارد کە لە دەستدرێژی نۆکەرانی ڕژێمی عێراق ئاگاداری خۆی بێت.

دوای ئـەوەی گەیشـتمە تـاران، وەك عـادەت لـە مـاڵی خوالێخۆشـبوو ئیدریس بارزانی دابەزیم، بەر لەوەی سەفەری کوردستان بکەم کـە سـەرۆك بـارزانی‌و مەکتـەبی سیاسـی لـەوێبوون، لەلایـەن هەنـدێك لێپرسـراوی ئێرانیـەوە بـۆ فـراقین لـە هـوتێلی –ئیسـتیقلال- داوەتکـرام، لـەکاتی دیاریکراودا چووم، دوای بەخێرهێنان‌و باسکردنی بارودۆخە خراپەکەو شەڕی عێراق‌و ئێران، ئەوان پرسیاری شەهیدکردنی مەهـدی ئەلحـەکیمیان کـرد، منـیش چـۆنیەتی سـەفەرەکەی بـۆ سـودان‌و هـەروەها هاوکـاری نێـوان موخابەراتی عێراق‌و سودانم بۆ کوشتنی شرۆڤە کرد، لەوە سەرم سوڕما کە وتیان ئەمەریکیەکان مەهدی حەکیمیان کوشتوە، لێم پرسین هۆکاری ئـەو بۆچونەیان چـیە؟ وتیـان چـونکە حـەکیم لایـەنگری بـەریتانیا بـوو بۆیـە ئەمریکا کوشتویەتی، وتم من نازانم ئاخۆ لایەنگری بـەریتانیابوو یـان نـا، بەڵام تەواو لەوە دڵنیام کە ڕژێمی عێراقـی ئـەو تاوانـەی کـردووە، کـەس‌و کاری حەکیم‌و هەزاران لەو عێراقیانەی کە لە بەریتانیا بـوون هـەمان ڕای منیان هەبوو.



www.mukiryani.com

دوای فراڤین، لێپرسراوە ئێرانییەکان بەگەرمی بەڕێیان کردمو منیش بۆ ئەو داوەتە سوپاسم کردن، چوومە ماڵی کاك ئیدریس لە کەرەج، دوای چەند ڕۆژێك، لەگەڵ کاك نێچیرڤان بارزانی چووینە ناوچەی کوردستانو گوندی سلیڤانا لە سنوری کوردستانی باشور (کوردستانی عێراق) خانەوادەی بارزانی نەمرو سەرۆك مەسعود بارزانی لە دەوروبەری ئەو گوندە بوون.



www.mukiryani.com

# كارەساتی هەڵەبجە

لە کۆتایی مانگی شوباتدا بووین کە لەگەڵ کاك نێچیرڤان بارزانی، گەڕاینەوە ناوچەی کوردستان، سەرۆك مەسعود بارزانیو مەکتەبی سیاسی سەرقاڵی چەند کارێك بوون، بۆ یادکردنەوەی کۆچی دوایی بارزانی نەمرو تێپەڕبوونی ساڵێك بەسەر کۆچی دوایی کاك ئیدریس ئامادەگی وەردەگیرا، هەروەها ئامادەگی بۆ کردەیەکی سەربازی بەهاوبەشی هێزەکانی (ی. ن. ك)و حیزبە کوردستانیەکانی دیکە وەردەگیرا تا کۆنترۆڵی چەند ناوچەیەکی سەر سنوری ئێران بکەن وەك (خورماڵ- بیارە- تەوێڵە) هەروەها بروسکەو نامە ئاڵوگۆڕ دەکرانو لەگەڵ (ی. ن. ك)و حیزبەکانو شاندەکان یەکتریان دەبینی تا بەرەیەکی یەکگرتوو دروست بکەن کە هەمووان بەخۆوە بگرێتو لەیەك چوارچێوەدا کاربکەن پاشان بە بەرەی کوردستانی ناسرا، ئەو بەرەیەی کە شەهید ئیدریس، دوای ئاشتبوونەوە لەگەڵ یەکێتی هەنگاوی بۆ نا.

ڕۆژی ١٩٨٨/٣/١ یادی تێپەڕبوونی نۆ ساڵ بەسەر کۆچی دوایی بارزانی نەمرو ساڵێك بەسەر کۆچی دوایی کاکە ئیدریس بوو، جەماوەر ڕوویان لە گوندی دزەی ناوچەی مەرگەوەڕ کرد، ئەو گوندە نزیکەی ١٥-٢٠ کم لە باشوری گوندی (ڕاژان)ەوە دوور بوو، مزگەوتو حەوشە فراوانەکە تژی بوون لە خەڵك، سەرۆك مەسعود بارزانیو نوێنەرانی هەندێك حیزبی کوردستانیو هەروەها هەندێك لێپرسراوی ئێرانیو پارێزگاری ورمێ لەو



www.mukiryani.com

دیدارەدا ئامادەبوون، بەم بۆنەیـەوە چـەند وتارێـك خوێندرانـەوەو هـەردوو شاعیری ناوداریش (هەژار)و (هێدی) بە شیعرەکانیان یادەکەیان ڕازاندەوە.

بەفر، چـیاو دەشـتەکانی ناوچـەکەی داپۆشـیبوو، ناوچـەیەکی بچـووك لەنێوان هەردوو گوندی (ڕاژان)و (دزە) هەیە کە بە زریـانی بـەفر ناسـراوە پێی دەڵێن (کەوی زەرد) لەدوای کۆتـایی هـاتنی یادکردنەوەکـە، کـەژاوەی ئۆتۆمبێلان بەرەو ڕاژانو سـلیڤانەو ورمـێ گەڕانـەوە، کـە گەیشـتنە ئـەو ناوچەیە زریانی بەفر هەڵیکردو لەماوەی چەند دەقیقەیەکدا ڕێگـای بـەرەو ناوچەکەی داپۆشی، لەگەڵ سەرۆك مـەسـعود بـارزانی لەیـەك ئۆتۆمبێلـدا لەڕیزی پێشەوەی کەژاوەکـەدا بـووین، بەزەحمـەت لەگـەڵ دوو ئۆتـۆمبێلی دیکەدا دەربازبووین، ئەوانی ترو بەتایبەت پارێزگـاری ورمـێ ناچـار بـوون چاوەڕێ بکەن تا ئامێری خاوێنکردنەوەی ڕێگا گەیشتە ناوچەکە.

دوای یادکردنـەوەی هـەردوو ئازیزەکـە، هەریەکـەو گەڕایـەوە شـوێنی دانیشتنی خۆی، وەك پێشـتر بـاسمکرد، لەهـەموو لایەکـەوە خـەریکی خـۆ ئامادەکردن بوون تا کردەیەکی سەربازی هاوبەش دژ بە ڕژێمی عێراق ئەنجام بدەن، شارۆچکەو ناوچە سـنوریەکان داگـیر بکـەن، هێـزە کوردسـتانیەکان توانیان بە ئاسانی ئامانجـەکانیان بپـێکن، هێزەکـانی ڕژێمـی عێـراق لـە شارۆچکەو ناوچە سنوریەکانی ئێران کشانەوەو زیانێکی زۆریـان لێکـەوت، بەلاَم هەندێك لە هێزە کوردیەکان توانیان شارۆچکەی هەڵەبجـە داگیربکـەن کە ئەمە لە پلانەکەدا نەبوو، هێزەکـانی عێـراق ئـەم هەڵـەیان قۆزتـەوەو یەکەیەکی پاسدارانی شۆڕش چـووە نـاو شارۆچـکەکەو هێزەکـانی عێـراق کشانەوە، بەجۆرە شارۆچکەکە بە تەواوی کەوتە ژێر کـۆنترۆڵی یـەکێك لـە حیزبە کوردیەکانو پاسدارانی شۆڕشی ئێرانی، هەندێك لە دانیشـتوان لـە



www.mukiryani.com

ترسی تۆپبـارانی عێـراق ناوچـەکەیان جێهێشـت، بـەڵام زۆربـەیان لەبـەر بارودۆخی تایبەتیانو دڵنیابوون لە سەلامەتیان مانەوە.

دوای دوو سێ ڕۆژ لە داگیرکردنی شارۆچکەکە واتە لـە ١٦/٣/١٩٨٨، باڵەفڕەکانی ڕژێمی عێراقی شارەکەیان بۆردومان کرد، خەڵکەکە وایـانزانی بۆردومانەکە بەبۆمبی ئاساییە بۆیـە خۆیـان لـە ژێـرزەمینو پەناگەکانـدا شاردەوە، بەڵام بۆدومانەکە بـە گـازی کیمیـاویو ژەهـراوی بـوو بـەخێرایی بڵاوبونەوە، لەماوەی چەند دەقیقەیەکـدا ٥ هـەزار کـەس شـەهیدبوون کـە زۆربەیان منداڵو گەنجو پیرو ئافرەت بوون، خەڵکەکە ویستیان ڕابکەن، بەڵام لاشەکانیان لەسەر شەقام دەکەوتن، هەندێك لە کەلوپەلەکانی گواسـتنەوە تژی بوون لە خەڵكو ویستیان ڕابکەن، بەڵام هەر لە شوێنی خۆیان گیانیان لەدەستدا، ئۆتۆمبێلو عارەبانەکانیان پڕبوون لە لاشەی ژنو منداڵ.

ڕۆژی پاشتر، ڕۆژنامەوانانو وێنەگران چوونە شوێنەکەو ئەو قەسابخانەیان بەچاوی خۆیان بینی کە ویژدانی جیهانی هەژانـد، بەتایبـەتی دوای ئـەوەی وێنەکان لە ڕۆژنامە ناودارەکانی جیهان بڵاوبوونەوە، جگە لـە هیتلـەر لـە دووەم شەڕی جیهانیدا کەس تاوانی وا چەپەڵی نـەکردووەو لەیەکـەم شـەڕی جیهانیشدا گازی ژەهراوی بەکارهات.

لـە ئـەنجامی ئەمـەدا، جگـە لـە ژمارەیـەکی زۆر شـەهیدو قوربـانی، ژمارەیەکی زۆریش بریندار بوونو نەخۆش کەوتن، هەندێکیان تا ئێستا بەو دەردەوە دەناڵێنن، جگە لە جێهێشتنی چەندان کارەسـاتی کۆمەڵایـەتی وەك لێك جیابوونەوەی خێزانو ونبوونی هەندێکیان، سـەرەڕای هـەموو ئەمانـە هیچ وڵاتێك بەتایبەتی وڵاتە عەرەبیو ئیسلامیەکان ورتەیان لێوە نـەهاتو تەنانەت هەندێکیان نکۆڵیان لەو تاوانەی ڕژێمی عێراق کردو وتیان گـازی ژەهراوی بەکارنەهێناوە، گەورە بەرپرسێکی وڵاتێکی عـەرەبی وتـی (چـیان



www.mukiryani.com

دەویت؟ خۆ گولاّوپرژێنیان ناکەین)، سەیرەکەش لەوەدایە ولاّتە زلهێزەکانو زۆربەی ولاّتە عەرەبییەکان دوای تێپەڕبوونی کەمتر لە دوو ساڵ واتە پاش داگیرکردنی کوێت هەڵوێستی خۆیان سەبارەت بەو کارەساتە گۆڕی، گەورە لێپرسراوە عەرەبەکە، ئەوەی کە وتی (خۆ گولاّوپرژێنیان ناکەین) بەدوای سەرکردە کوردەکان ڕای دەکردو تکای لێدەکردن بەیەکەوە کارێك بکەن.

دوای ئەنجامدانی تاوانی هەڵەبجەو پاش ئیفلاس بوونی ڕژێمی عێراقو بەتاڵبوونی گەنجینەکەی، ڕژێم کەوتە کۆکردنەوەی پارە لە هاولاّتیانی ناوەوەو دەرەوە، باڵیۆزخانەکان لەو ولاّتانەی کە ژمارەیەکی زۆر دەوڵەمەندی عێراقی تێدابوو، کەوتە کۆکردنەوەی خەڵكو داواکردنی پارە، لە بەریتانیا باڵیۆزی ئەوسای عێراق (محەمەد مەشات) داوەتنامەیەکی ئاراستەی عێراقیە دەوڵەمەندە دانیشتوەکانی بەریتانیا کرد، سێ لە ئەندامانی پارتی توانیان بەنهێنی بچنە ناو ئەو کۆبونەوەیە، ئەمانیش (محەمەد مەعروف) لێپرسراوی لقی پارتی لە ئەوروپا، (سالار محەمەد ئەمین) برای شەهید فەتاحاغا، (شێروان)ی کوڕم، باڵیۆز دەستی بە قسە کردو داوایانکرد پیتاك بدەن بە حکومەتەکەیان، ئەو سێ کەسەی ناوم بردن پرسیاریان ئاراستەی باڵیۆز کردو داوای کرد هۆکاری بۆردومانکردنی هەڵەبجە بەگازی ژەهراوی ڕونبکاتەوە، پیاوانی ئەمنو موخابەرات هێرشیان بۆسەر ئەو سێ کەسە هێنا، بە باڵیۆزیان وت ئەوانە خائینن، غەڵبە غەڵب کەوتە ناو هۆڵەکە، بووە شەڕی نێوان بەکرێگیراوانی ڕژێمو ئەو سێ لاوە، بەدەستو دار لە یەکتریان دەدا، بەکرێگیراوان دەیانویست ئەو سێ گەنجە ببەنە پەنایەکی هۆڵەکە یان موتبەقەکە تا بەچەك یان چەقۆ بیانکوژن، ئەگەر پیاوانی پۆلیسو پۆلیسی سکۆتلاندیارد لەوێ نەبووان ئەوا چارەنووسی ئەو سێ کەسە کوشتن بوو.



www.mukiryani.com

دوای ئەوەی ڕژێمی عێراق گازی ژەهراوی لە هەڵەبجە بەکارهێناو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش لەئاست ئەو تاوانە قڕوقەپی لێکرد، ئەمە وای لە ڕژێم کرد کە لەسەر ئەم هەنگاوە چەپەڵە بەردەوام بێت، بەرامبەر هێزەکانی ئێران لە زۆربەی شەڕەکاندا گازی ژەهراوی بەکارهێنا، ئەمە وای لە ئێران کرد بە ئاگربەست ڕازی بێت، پاشان لە ناوچەی بادینانو خواکورکو ناوچە سنوریەکانی ئێرانیش کە کوردی تێدا جێنشین بوو هەروەها لە گوندی (شێخ وەسان)و (دۆڵی بالیسان)یش هەمان تاوانی کرد.



www.mukiryani.com

# سەفەری کرماشان

گەیشتینە مانگی نیسانی ساڵی ١٩٨٨، پەیوەندی نێوان سەرکردایەتی پاسدارانی شۆڕش‌و پارتی دیموکراتی کوردستان جۆرێك لە ساردی تێکەوت، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕایەوە سەرکردایەتی پاسداران دەیویست لە چەند شوێنێکی جیا جیای ناوچە لقی یەکی پارتیمان (ناوچەی بادینان)دا بارەگا بکاتەوە، ئێمەش ئەو کارەمان بە پێویست نەدەزانی.

لە ئەنجامی ئەمەدا زۆر کاروبارو کۆبوونەوەو گیروگرفتی نێوانمان هەڵپەساردن، هەردوولا حەزمان کرد لە کرماشان کۆببینەوە، بارەگای (سەرکردایەتی رەمەزان) کە لام وایە بەرپرسی کاروباری ئۆپۆزسیۆنی کوردی‌و عێراقی لەو شارە بوو.

لەڕۆژی دیاریکراودا، لەگەڵ سەرۆك مەسعود بارزانی‌و کاك نێچیرڤان‌و برایانی مەکتەبی سیاسی وەك لەبیرم مابێت (فازل میرانی)و (زەعیم عەلی-فەریقی یەکەم عومەر عوسمان)و هەندێك لە پاسەوانانیش یاوەرمان بوون لەوانە شەهید (عومەر محەمەد ئاغا)و (عەلی سلێمان)و (حەمەد فەقۆ) هەروەها (عەبدوڵلاّ)ی بەرپرسی پەیوەندیەکان چووینە کرماشان، ڕۆژەکەم بیرنەماوە بەلاّم لام وایە نیوەی یەکەمی مانگی نیسان بوو، ئێوارە گەیشتینە کرماشان، چووینە ئەو شوێنەی کە بۆمان تەرخان کرابوو، شەو لەوێ ماینەوە، بۆ بەیانی کۆبوونەوەکان دەستیان پێکرد بەلاّم دۆستانە نەبوون، گەڕی دووەم دوای نیوەڕۆ دەستی پێکردەوە، دیسان دۆستانە نەبوو، لەکاتی



www.mukiryani.com

کۆبونەوەکەدا ئەفسەرێك هاتە ژوورەوەو وەرەقەیەکی دا بە سەرۆکی لایەنی ئێرانی (لام وایە بروسکە بوو) دوای خوێندنەوەی نوسراوەکە بە شڵەژاوی هەستایەوەو وتی لەبەر کارێکی گرنگ کۆبوونەوەکە جێ دەهێڵم، دوای چەند سەعاتێك گەڕایەوەو وتی لەبەر کارێکی گرنگ کۆبونەوەکە بۆ کاتێکی دیکە دواخرا، زمانی گۆڕاو زیاتر نەرمی نواند، پاشان زانیمانەوە کە هێزەکانی عێراق گازی ژەهراویان بەکارهێناوەو شاری (فاو)یان وەرگرتۆتەوە کە پێشتر لە لایەن ئێرانەوە داگیر کرابوو.

کات بەرەبەری خۆرئاوابوون بوو، سەرەڕای ئەوەی درەنگ بوو بەلاّم بڕیارماندا بگەڕێینەوە، دوای نیوەی شەو گەیشتینە مەهاباد، کاك مەسعود حەزی کرد ئەو شەوە لەوێ بمێنینەوە، چونکە ساڵی ١٩٤٦ لەو شارە لەدایك بووە، ساڵی ١٩٤٥ بارزانییەکان ڕوویان لە مەهاباد کردو بەشداریو بەرگریان لە کۆماری کوردستاندا کرد.

کە چووینە ناو شارەکەوە، ڕێکەوت تووشی دەوریەیەکی پاسداران بووین، کە پرسیاری هۆتێلمان لێکردن باشترین هوتێلێکیان بۆ دەستنیشان کردین (ناوەکەیم بیر نەماوە).

کاتێك چووینە هۆتێلەکەوە پێشوازیەکی ئەوتۆ نەکراین، بینیمان بەڕێوەبەری هۆتێل تەلەفۆن لەگەڵ کەسێك دەکاتو پێیوتین نابێت چەك بێننە ناو هۆتێلەکەوە، سەرەڕای ئەمە (ئەحمەد فەقۆ)و پاسەوانەکانی دیکە دەمانچەکانیان شاردەوەو هاتنە ژوورەوە.

بەڕێوەبەری هۆتێل وتی ژوورەکانمان ئامادەکردووەو ئەم ژوورەش تایبەتە بەسەرۆك مەسعود، کە بەڕێوەبەر ڕۆیشت منو نێچیرڤان چووینە ئەو ژوورەی کە بۆ کاك مەسعود تەرخان کرابوو بینیمان بەسەربانی یەکێك لە خانووەکانەوە نووساوە بەهۆی ئەو پەنجەرانەی کە دەیانڕوانیە سەربانەکە



www.mukiryani.com

بەئاسانی دەتوانرا بچیتە ژوورەوە، ئەو خانووەش هی خاوەن هۆتێلەکە بوو، پاشان زانیمانەوە هۆتێلەکە هی ئامۆزای یەکێك لەو درِندانەیە کە بەشداری لە دەستدرێژی بۆ سەر گۆرِی بارزانی نەمردا کرد، پاشان لەلایەن هێزەکانمانەوە بەسزای عادیلانە گەیشت.

دوای بینینی ئەم دیمەنە، گومانی ئەوەمان کرد کە پیلانێك دژی سەرۆك مەسعود بارزانیو ئێمە لە ئارادایە، نێچیرڤان مکورِ بوو لەسەر ئەوەی هوتێلەکە جێبێلِین بەلاّم کاك مەسعود رِازی نەبوو، ئیتر هەمووومان لایەنگری نێچیرڤانمان کرد، مەهابادو هۆتێلەکەمان جێهێشتو بەرەبەیان گەیشتینە سلیڤانا.



www.mukiryani.com

# دیداری تورکان

سنوری عێراق لەگەڵ تورکیـا، نزیکـەی ٣٠٠کـم لـەلای بـاکوور درێـژ دەبێتەوە، لـە ڕۆژهـەلاَت تـا ڕۆژئـاوای لەناوچـەی سـێ سنوریشـدا بـەلای ڕۆژئاوادا لەگەڵ سنوری ئێران تێك دەکەنەوە تا سنوری هەردوو ولاَت لەگەڵ سنوری سوریا بەیەك دەگەن، هەموو ئەو ناوچە سنوریە شاخاویانە شـوێنی عاسێنو بە ئاسانی کۆنترۆڵ ناکرێن، لەوەرزی زستان بـەفر دایاندەپۆشـێت، ڕێگای پیادە دەگیرێت، ئەگەرچـی هێڵـی سـنور زەوی چـەماوەی زۆرە بـەلاَم گۆشەیەك یان کەلێنێکی درێژ لەسنوردا هەیە کـە لەبەرژەوەنـدی تورکیـا دایە، ئەو کەلێنە دێتە ناو خاکی عێراقیشەوە، ڕێبوار لەناو خاکی عێراقدا ناچارە ئەو ناوچەیە ببڕێتو بەو خاکە بەرینە چەماوەدا بڕوات، دەبێـت یـەك ڕۆژە ڕێ بەپێ بڕوات، بۆ پێشمەرگە زەحمەت بوو ئەو ڕێیە ببڕێتو ناوچـەکە مەترسیدار بوو ڕەبیەی سوپای عێراقی تێدابوو.

سەفەرکردن لە ڕۆژهەلاَتەوە (شوێنی بارەگای سەرکردایەتی)و لە ڕۆژئاوا (شوێنی بارەگای لقی یەك) یان ناوچەی دهۆك دەبوایە زۆر بـە پـارێز بێـت بەتایبەتی ئەگەر لە خاکی عێراقـدا بوایـەو لەچـاوی سـەربازانی عێراقـی بەدوور با، ئەگەر بەناو خاکی تورکیاشدا بوایە ڕێگاکە کـورتتر بـوو بـەلاَم دەبوایە ئاگاداری جەندرمەش بین، بۆیە هاتوچۆ لەنێوان ئەم دوو ناوچـەیەدا زەحمەت بوو بەتایبەت ئەگـەر پێشـمەرگە چـەكو تەقەمـەنیو ئازوقـەیان لابایە.



www.mukiryani.com

لەسەرەتای مانگی حوزەیران، سەرۆك مەسعود بارزانی داوای لێکردم سەردانی سنوری تورکیا بکەمو چاوم بەهەندێك لێپرسراوی تورك بکەوێت ئەمەش بەمەبەستی وەرگرتنی ڕەزامەندی ئەوان تا هەندێك لە ئەندامانی پارتیمان لە کاتی سەفەریاندا بتوانن بە خاکی تورکیادا تێپەڕن، بەڕێگای لێپرسراوانی حیزب لەناوچەکە یەکێك لە برادەرانمان خەبەرمان بۆ ناردنو ئەوانیش دوای یەك دوو ڕۆژ خەبەری ڕازی بوونیان ناردەوە، شوێنو کاتی دیدارەکە دەستنیشان کرا.

پێش وادەکە بەڕۆژێك، لەگەڵ بابەکر زێباری (تا کاتی نووسینی ئەم یادەوەریە سەرۆك ئەرکانی سوپای عێراقە) بەڕێکەوتین، لەو سەفەرەدا خوالێخۆشبوو عومەر قادر یاوەری دێرینمو ئەکرەم سۆفیو مەحمود موسا مێرگەسوریو حەمەدەمینی برازایو ئازاد سولتان یاوەرم بوون، ئەمانە هەموویان پاسەوانی کاك نێچیرڤان بوون، هەروەها پاسەوانەکانی بابەکریش یاوەرمان بوون، پاشان کاك عومەر عوسمان مێرگەسۆریو خوالێخۆشبوو دکتۆر سەعید هاتنە پاڵ شاندەکەمان، شەومان لە بارەگای دکتۆر سەعید بەسەربرد، پێش ئەوەی بگەینە بارەگاکە بەناوچەی عاسێی خواکورکدا تێپەڕین کە بە شاخی بەرز دەورە درابوو، بارەگای سەرەکی زۆربەی حیزبە کوردستانیەکانو هەندێك لە بارەگای پاسدارانی شۆڕشی ئێران لەو ناوچەیە بوون، سەفەرەکەمان بە سواری ولاّغ یان بە پێ بوو، لێپرسراوانی ئێرانی تووشی سەرسوڕمان بوون کە بە بەرچاویان تێپەڕین بۆیە بەڕێگای هەندێك بەکرێگیراو چاودێریان کردین.

دوای ئەوەی شەوەکەمان لەبارەگای دکتۆر سەعید بەسەربرد، بەیانی بەرەو سنوور ڕۆیشتین، دوای نزیکەی دوو سەعات گەیشتینە ماڵی هاولاّتیەك ناوی (سەمەد)و سەر بە عەشیرەتی بارزان بوو، ماڵەکەی نزیك



www.mukiryani.com

ئەو ڕووبارە بوو کە سنوری عێراقو تورکیای لێك جیادەکردەوە، لەوێ خەبەرمان بۆ لایەنی تورکی نارد کە گەیشتوین، ماوەی سەعاتێك بەپێ ڕۆیشتین، بەهۆی بەردەبازێکەوە کە لە کۆلکەدار دروستکرابوو و تیرەکەی نەدەگەیشتە پێیەك لەگۆماوێك پەڕینەوە، لەژێر بەردەبازەکە شەپۆلی ئاو زۆر بەهێز بەسەر گاشە بەردەکان دەکەوت، بەردەبازەکە دوو مەتر زیاتر بەرزایی بوو، ئەگەر مرۆڤ بکەوتایە خوارەوە بەسەلامەتی دەرنەدەچوو، کە پەڕیمەوە خۆمو هەڤالاٌم سەریان سوڕما.

گەیشتینە دەشتاییەکی بچووكو دوای چەند خولەکێك هەلیکۆپتەرێکی تورکی گەیشت، ماجید بەگی برادەرمان کە سەرۆکی شارەوانی چەلێو ناوە فەرمیەکەی (چقورجە) بوو دابەزی، ماجید بەگ پاشان بوو بە ئەندام پەرلەمانی تورکیاو بەر لە دووساڵ کۆچی دوایی کرد، (خوا لێی خۆش بێت).

دوای سلاٌوو بەخێرهێنان، مەحمود موساو حەسکۆ بوون بە پاسەوانمانو بەهەلیکۆپتەرەکە چووینە لای تورکەکان، دیدارەکە لە بنکەیەکی سنوری سازدرا، شاندی تورکی لە ئاستێکی بەرز دابوو، سەرۆکی شاندەکە گەورە بەرپرسێکی دەزگای میتو والی ناوچەکەو گەورە لێپرسراوێکی وەزارەتی دەرەوەو ژمارەیەك ئەفسەری ئەمنو سەربازی بەشدار بوون، زۆریان بەخێرهێنایینو باس لە پەیوەندی دراوسێیەتی نێوان هەردولا کرا، من کەمە تورکیەکم دەزانی، بەلاٌم ماجید بەگ بووە تەرجومانی نێوانمان بەشاندی تورکیمان وت خوالێخۆشبوو بارزانی نەمر زۆر لەسەر پەیوەندیو دراوسێیەتی لەگەڵ تورکیا مکوڕ بوو، حەزی نەدەکرد هیچ گیروگرفتێك ڕوو بدات، ئێمەش هەر لەسەر ئەم ڕێڕەوە دەڕۆین، لە شۆڕشی ئەیلولەوە تا ئێستا هیچ گیروگرفتێك ڕووی نەداوە، خاڵی سەرەکی جێی بایەخی



www.mukiryani.com

تورکەکان مەسەلەی (پ.ك.ك) بوو کە چوار ساڵ بوو دامەزرا بوو، دەیانوت هاوکاریان مەکەن، ئامانجی ئێمە ئەوەبوو کە تورکیا لەکاتی پێویستدا ڕێگا بە پێشمەرگەکانمان بدات بەوێدا تێپەڕن، بەڕاشکاوی بەوانمان وت کە ئێمە پەیوەندیمان لەگەڵ پ.ك.ك بەتایبەتی لە ساڵی یەکەمو دووەمی هاتنە مەیدانیانەوە باش بوو هەندێك یارمەتیمان دان وەك ڕێکخراوێکی سیاسی تازە دامەزراو بەڵام دوای ئەوەی جێی پێی خۆیان قایم کردو هەندێك هەڵوێستی دژ بە پارتیان نواند هەموو جۆرە پەیوەندیەکمان پچڕاند.

لایەنی تورکی بە داواکاریەکانمان ڕازی بوو، دوای فراڤین خواردنو گۆڕینەوەی چەند خەلاتێك بۆ یادگاری، بەهەلیکۆپتەر ئێمەیان ناردەوە ناو خاکی عێراقو لە ماڵی سەمەد دابەزین، تێبینی ئەوەم کرد لایەنی تورکی بەو دیدارە خۆشحاڵ بوون، دوای نزیکەی سێ ساڵ ئەو قسەیەم لە فەرمانبەرێکی وەزارەتی دەرەوەی تورکیا بیستەوە، ئەو کاتە ساڵی ١٩٩١ بوو پەیوەندی فەرمی لەنێوانمان دروست بوو لەچوارچێوەی شاندێك لە تورکیا بینیم.



www.mukiryani.com

## پرۆسەی ئەنفالە بەدناوەکان

دوای بۆردومـــانکردنی هەڵەبجــە بــەگازی کیمیــاوی، ڕژێمــی بەعســی گۆڕبەگۆڕ بۆ لەناوبردنی گەلی کورد پەنای بردە بەر شێوازێکی دیکە کە بە (پرۆسەی ئەنفال) ناسراوە، لە گوندەکانی گەرمیان دەستی پێکردو زۆربــەی دانیشــتوانەکانی دەســتگیرکردنو ئــەوانی دیکەشــی بــرد بــۆ ئۆردوگــا زۆرەملێیەکان، ئەوانەی دەستگیرکران بردرانە باشــوری عێــراقو لــە گــۆڕی بەکۆمەڵدا زیندەبەچاڵ کران، ژمارەی ئــەنفالکراوانی کوردســتان گەیشــتە ٢٠٠ هەزار شەهید کە ژمارەیەکی زۆریان ئافرەتو منــداڵ بــوون، گونــدو خانووەکانیان خاپورکرانو ئاژەڵو ســەروەتیان تــاڵان کــران، ژمــارەی گونــدە خاپورکراوەکان گەیشتە چوار هەزار گوند، بەڕاستی ئەمە تاوانێك بــوو لــە مێژوودا وێنەی نەبووە، جۆرێك بوو لەو هۆلۆکۆستی هیتلەرو نازیەکان بــەر لە دووەم جەنگی جیهانو لە کاتی جەنگدا دەرهەق بە جوولەکەکان کردیان.

ئەوانەی بردرانە ئۆردوگا زۆرەملێکــان، بــە کۆلەمــەرگی دەژیــان، ئــاوو خواردنیــان لێ قەدەغــەکرا، ســەرەڕای شــێوازی ســەرکوتکەرانەکەی ڕژێــم، دانیشــتوانی شــارەکان بــەهانای براکانیانــەوە هــاتن، ئــاوو خواردەمــەنیو پێداویستیان بۆ دابین کردن.

ئەوەی جێگەی داخە زۆربەی وڵاتانی جیهانو عەرەبیو ئیسلامیەکان لــە ئاست ئەو تاوانەی کە دەرهەق بە گەلی کــوردی موســڵمان کــرا قڕوقــەپیان



www.mukiryani.com

کرد ، ئەوەی جێگای سەرسوڕمانیشە ، دوای ئەوەی عێراق کـوێتی داگیرکـرد ئەو وڵاتانە ئەو تاوانە گەورەیەی ڕژێمی دڕندەی سەدامیان باسکرد.

دوای نەمانی ڕژێمی بەعس، زۆربەی لایەنەکان باسی تـاوانی ئـەنفالیان کرد ، پەرلەمانی عێراق ئەمەی بـە جینۆسـاید دەرهـەق بـە گـەلی کـورد ناساند، هەروەها ئەو دادگا تایبەتەی بۆ دادگایی کردنـی سـەرانی ڕژێمـی لەناوچوو ئەوانەی لـەو پرۆسـەیەدا بەشـداریانکرد پێکهێنـرا، پەرلـەمانی ئەورووپاش هەمان بڕیاری دا.

دوای ماوەیەك گۆڕە بەکۆمەڵەکان دۆزرانەوەو ئێسكو پروسکی هەنـدێك لە قوربانیانی ئەنفال گوێزرانەوە، ئێستاش نـاوە نـاوە گـۆڕی بەکۆمـەڵ لـە بیابانەکانی باشـووری عێـراق دەدۆزرێنـەوە، ئەوانـەی ئێسـكو پروسـکیان هاتەوە کوردستان، لە مەراسیمێکی شکۆداردا کە شایستەی شەهیدان بـوو بەخاك سپێردران.



www.mukiryani.com

# ئاگربەست لەنێوان عێراقو ئێرانو
# هەندێك ڕووداوی دیكە

عێراقو ئێران بۆماوەی هەشت ساڵ شەڕێكی بێ ئامانیان كـرد، سـاڵی ١٩٨٠ دەستی پێكردو ساڵی ١٩٨٨ ئاگربەست ڕاگەیندرا، ئـەو شـەڕە دوو ملیۆن قوربانی لە كوژراوو برینداری لەهـەردوولا لێكەوتـەوە، بـووە هـۆی وێرانكردنی هەردوو وڵاتو قەلۆش بوونی گەنجینەكانیان بەتایبەتی عێراق، ئەگەرچی وڵاتانی كەنداو بەپارە پشتی عێراقیـان دەگـرت، ڕژێمـی عێـراق كاتێ دەستی بەو شـەڕە كـرد وایـدەزانی ئێـران دوای نـەمانی ڕژێمـی شـا پارووپەكە بە ئاسانی قووت دەدرێت، سەرەتا هەندێك سەركەوتنی بەدەست هێناو هێزەكانی چوونە ناو خاكی ئێرانـەوەو وەك عادەتیـان تـاڵانو بڕۆیـان كرد، بەڵام ئەمە زۆری نەخایاند، هێزەكانی عێـراق لـەژێر فشـاری ئێرانـدا كشانەوە، ماوەی ٨ ساڵ هـەر بـڕۆو ڕاكـەڕاك بـوو، لـەو ماوەیـەدا نەتـەوە یەكگرتووەكان چەندان بڕیاری بۆ ڕاگرتنی شـەڕ دەركـرد، دوای تێپـەڕبوونی دوو سێ ساڵ بەسەر شەڕەكە ڕژێمی عێراق هەستی بە قورسایی ئەو جەنگە كرد، زۆر حەزی دەكرد ڕابوەستێت، بەڵام لایەنی ئێرانـی چـونكە هەڕەشـەی لێكـرا ڕەتـی دەكـردەوە، لێـرەدا باسـی وردەكـاری شـەڕەكەو ڕووداوە تراژیدیایەكانی وەك هەموو شەڕێك ناكەم، بەڵام دەمەوێت باسی ئەمە بكەم ڕاگرتنی شەڕو ئاگربەست لـەنێوان هـەردوولاو ئـەو ڕووداوانـەی كـە پـێش شەڕەكە بەماوەیەكو لەكاتی شەڕو لەدواییشدا قەومان، بەنیسـبەت گـەلی

کوردو بزاڤی ڕزگاریخوازییەوە گرنگیان هەیە، لام وایە لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٨٨ نەتەوە یەکگرتوەکان بڕیارێکی دیکەی دەرکرد، تیایدا داوای ئاگربەستو کشانەوەی هێزەکانی هەردوولای کرد، عێراق بەمە ڕازی بوو، بەلاّم ئێران ڕەتیکردەوە، شەڕ بەردەوام بوو هەرچەند وەك جاران گەرم نەبوو، موجاهیدینی خەڵك، بە یارمەتی هێزەکانی عێراق توانیان بچنە ناو خاکی ئێرانەوە، بەلاّم دوایی ناچارکران بکشێنەوە، لەو بارودۆخەداو دوای ئەوەی هێزەکانی عێراق، لەشەڕەکەدا گازی ژەهراوی قەدەغەکراویان بەکارهێناو گوندو شارەکانی بەچەکی کیمیاوی بۆردومان کرد، ئیمام خومەینی ناچاربوو ئاگربەست قبوڵ بکاتو وتی (ئەم ڕازیبوونە وەك فڕکردنی پەرداخێك ژەهر وایە)، بەجۆرە ئەم شەڕە بێ ئامانە دوای ئەو هەموو کارەساتەو پاش هەشت ساڵ لە نێوان هەردوو وڵاتی دراوسێدا ڕاوەستا.

ڕووداوە گرنگەکان بە نیسبەت ئێمەوەوە کەمن تیایاندا ژیابم ئەمانە بوون:

١- داستانی خواکوڕك.

٢- داوەتکردنی حیزبە کوردستانیەکان لەلایەن سەرۆك وەزیرانی ئێرانەوە.

٣- بەرەی کوردستانی.



www.mukiryani.com

## یەکەم: داستانی خواکورك

دەربارەی ئـەم داســتانو ڕووداوە مێژوویـیــە گرنگـە زۆر نووسـراوە، دوای ئەوەی تارمایی شەڕ دوورکەوتـەوەو هێزەکـانی عێـراق ئـەرکیان لەهـەموو ناوچەکاندا تەواوبوو، ڕژێـم ڕووی هێزەکـانی لـە کوردسـتان کـرد، تـوانی زۆربەی ئەو ناوچانە داگیر بکاتـەوە کـە لەلایـەن هێـزە کوردسـتانیەکانەوە ڕزگارکرابوونو جۆرەها چەکی کیمیاوی بەکارهێنا، هەموو هێزەکانی عێراق ڕوویـان لەناوچـەی خواکـورك کـرد، حیزبـە کوردسـتانیەکان لەناوچـەکە کشابوونەوەو بارەگاکانیان چۆڵ کردبوو، بەلاّم هێزەکـانی پـارتی دیموکراتی کوردسـتان بەرگریـەکی پاڵەوانانـەیان کـردو بـۆ مـاوەی شـەش هەفتـە بەرەنگاریان بوونەوەو زیانێکی زۆریان بە دوژمن گەیانـد، ئـەم هەڵوێسـتە پاڵەوانییە بووە مایەی سەرسـوڕمانی هـەموان، پێشـمەرگە پاڵەوانـەکان بەخۆشیو شادیەوە وەك بلّێی بۆسەر شایی دەچن ڕوویان لەو بەرەیە دەکـرد، دانیشتوانو پەنابەرانو خەڵکی ناوچەکە ئامادەیی خۆیان بۆ هـەموو جـۆرە یارمەتیەك لە خواردنو جلو بەرگ نیشاندا، کوردە دانیشتوەکانی تاران لەو ڕووەوە درێغیان نەکرد، کاك سامی فەیلی ڕۆڵێکی شـەرەفمەندانەی بینـی، بڕێکـی زۆر لـە جـلو بـەرگو خـواردنو کـەلو پـەلو پێداویسـتی نـاردە بارەگاکـانی پشـتەوە، ئـەم داسـتانە مەزنـە بـووە مایـەی سەرسـوڕمانی دەسەلاّتدارانی ئێران، سەرەڕای ڕاگەیاندنی ئاگربەست لە عێراق دوای چەند هەفتەیەك بەلاّم داستانەکە بەردەوام بوو.



www.mukiryani.com

لەمانگی ئەیلول، دوای ئەوەی سەرما لەناوچەکە تاوی سەندو هێزەکانی عێراق چەکی کیمیاویان بەکارهێنا، سەرۆك بارزانی کە سەرپەرشتیاری بەرەکانی شەڕی دەکرد وای بەباش زانی کۆتایی بەکوشتار بێتو بکشێنەوە سنور، سەرۆك بارزانی وتەیەکی بەناوبانگی بۆ پێشمەرگەکانی داو پێشبینی گۆڕانکاری لە ناوچەکەدا کرد.

پێشبینییەکەی سەرۆك بارزانی ڕاست دەرچوو، دوای تێپەڕبوونی نزیکەی دوو ساڵ بەسەر ئەو داستانەدا، عێراق کوێتی داگیرکرد، ئەمەش بوە هۆکاری گۆڕانکاری لە ناوچەکەداو گەیشتنە ئەو دەرەنجامەی ئەمڕۆ.



www.mukiryani.com

## دووەم: سەرۆك وەزیرانی ئێران
## حیزبە كوردییەكان بانگهێشت دەكات

ئیمام خومەینی لە ژیان دابوو، میر حوسێن موسەوی كە ئێستا سەرۆكی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانە، ئەو كاتە سەرۆك وەزیران بوو، دوای ئەوەی ئایەتوڵڵا ئیمام خومەینی ئاگربەستی لەگەڵ عێراق قەبووڵ كرد، دوای چەند ڕۆژێك سەرۆك وەزیرانی ئێران داوەتنامەیەكی ئاراستەی حیزبە كوردستانیەكان كرد تا هۆكاری ڕازیبوونی ئێران بە بڕیاری نەتەوە یەكگرتووەكانو ئاگربەست لەگەڵ عێراقدا ڕوون بكاتەوە، هەروەها ڕاوبۆچونی حكومەتی ئێران لەمەڕ ئۆپۆزسیۆنی عێراق بەگشتیو كورد بە تایبەتی بخاتەڕوو.

داستانی خواكورك ئەو كاتە گەیشتبووە چڵەپۆپە، سەرۆك بارزانی لەبەرەكانی شەڕدا بەشداربوو زۆربەی ئەندامانی مەكتەبی سیاسیش یاوەری بوون، بۆیە نەیتوانی بەشداری لەو داوەتەدا بكاتو مامۆستا عەلی عەبدوڵڵا (سكرتێری حیزب)و منی دەستنیشان كرد تا بچینە تارانو ئامادەی ئەو دیدارە بین كە سەرۆك وەزیران داوای كردبوو، ڕۆژی دیاریكراو دوای هەماهەنگی لەگەڵ حیزبە كوردییەكان چووینە تارانو نووسینگەی سەرۆك وەزیران، نوێنەرانی زۆربەی حیزبە كوردستانیەكان ئامادەبوون، جگە لە ئێمە بەڕێز نەوشیروان مستەفا وەك نوێنەری (ی. ن. ك)و خوالێخۆش بوو ڕەسوڵ مامەند نوێنەری حیزبی سۆسیالیستی كوردستانو خوالێخۆشبوو



www.mukiryani.com

مەلا عەلی عەبدولعەزیز نوێنەری بزوتنــەوەی ئیســلامیو هــی دیکــه کــه لەبیرم نەماون ئامادەبوون.

ســەرەتا ســەرۆك وەزیرانــی ئێــران قســەی کــردو لــەمیانی وتارەکەیــدا بارودۆخی نێودەوڵەتیو پاڵپشتی ولاّتــانی عــەرەبیو ڕۆژئــاوای لــه عێــراق ڕوونکردەوە، هەروەها وتی کە ڕۆژئاوا چاوپۆشی لە عێراق کرد ئــەو کاتــەی چەکی کیمیاوی قەدەغەکراوی نێودەوڵەتی بەکارهێنا بۆیە ئێران ناچار بــوو ئاگربەست قبووڵ بکات، سەرەڕای ئەمــەش هەڵوێســتی بەرامبــەر عێــراق نەگۆڕاوە، پاشان برایان عەلی عەبدوڵلاّو نەوشێروان مستەفا قسەیان کــردو ئەوەیان ڕوونکردەوە کە سەرەڕای ئاگر بەستی نێــوان ئێــرانو عێــراق بــەلاّم ئۆپۆزسیۆنی کوردی بەرامبەر عێراق بەهەر ڕێگایەك بێت بــەردەوام دەبێــت لەکۆتاییدا، خوالێخــۆش بــوو مــەلا عــەلی عەبدولعــەزیز وەك ئــەوانی دی بەکوردی قسەی کردو یەکێك لە ئێرانیەکان تــەرجومان بــوو، بــۆ ڕاســتیو مێژوو دەقی هەندێك لە قسەکانی مەلا عەلی وەك خۆی دەگێڕمەوە کە وتی: (بەڕاشکاوی پێمان بڵێنو درۆمان بۆ مەکەن، لە ئیسلامدا درۆ نیە، ئــاخۆ لە هاوکاری ئێمە بەردەوام دەبن یان هەڵوێستتان وەك شا دەبێت؟)، ســەرۆك وەزیران بە سینگ فراوانیەوە قسەکانی وەرگرتو وتی: (ئێمە دەستبەردارتان نابینو هەڵوێستمان سەبارەت بە ڕژێمی عێراق وەك خۆیەتیو نەگۆڕاوە، لــە یارمەتیدانتان بەردەوام دەبین)



www.mukiryani.com

## سێیەم: بەرەی کوردستانی

شەهید ئیدریس بـارزانی، هێـزی ڕژێمـی عێـراق‌و توانایـە گەورەکـەی بەهەند وەرگرتبوو، درکی بەوە کردبوو کە ناتوانرێت ڕووبەڕووی ئەو دوژمنە بوەستینەوە ئەگەر کورد ڕیزەکانی یەك نەخات‌و نـاکۆکی نێـوان لایەنـەکان چارەسەر نەکرێت، یەکەم هەنگاو کە هاویشتی، ئاشـتبوونەوە بـوو لەگـەڵ یەکێتی نیشتمانی کوردستان، لەوکارەدا سـەرکەوت‌و نـەك هـەر لەلایـەن هەردوو حیزب بەڵکو لەلایەن هەموو نێوەندەکانی گەلی کـوردەوە پێشـوازی لێکرا، بووە مایەی ئاسـودەیی، هـەر بۆیـە شـەهید ئیـدریس بـارزانی بـە (ئەندازیاری ئاشتی) ناودێر کرا.

هەنگاوێکی تر لەبیری ئیـدریس بـارزانی دابـوو، ئـەویش کۆکردنـەوەی سەرجەم حیزبە کوردستانیەکان بوو لە ڕێکخستن یا بەرەیـەك تـا بەیەکـەوە کاربکەن، بەڵام بەداخەوە مەرگ بواری نەدا، بەر لەوەی بیرۆکەکەی جێبەجێ بکات ئێمەو ئەو دنیایەی جێهێشـت، بـەڵام بـەردی بناغـەی دانـاو پاشـان پێکهێنرا.

کۆتایی هاوینی ساڵی ١٩٨٨، حیزبە کوردستانیەکان کەوتنە پەیوەندی‌و شاندیان ڕەوانەی لای یەکتر کرد، سەبارەت بە پێکهێنانی بـەرە گفتوگۆیـان کرد، هەموو لایەنەکان لەسەر ئەوە کـۆك بـوون کـە ئەمـە پێویسـتیەکی گرنگە، لەکاتی ئیمزاکردندا من لەوێ نـەبووم بـەڵام بـەرە پێکهێنـراو تـا ڕاپەڕینە مەزنەکـەی میللەتەکـەمان بـەردەوام بـوو بەوپـەڕی دڵسـۆزیەوە



www.mukiryani.com

سەرکردایەتی کرد، لەکاتی پێکهێنانی بەرەدا بڕیاردرا برایان مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانو جەلال تاڵەبانی ئەمینداری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان سەرۆکایەتی بکەن یەکەمیان لە ناوەوەی وڵاتو دووەمیان لە دەرەوە کاروبارەکانی بگرنە ئەستۆ.

دوای ڕاپەڕینە مەزنەکە لە ئاداری ١٩٩١، بەرە کاروباری کوردستانی لەهەموو لایەکەوە بەڕێوەدەبرد تا لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٢ پەرلەمانو حکومەتی هەرێمی کوردستان پێکهات، بەجۆرە ئەرکی بەرە کۆتایی هات، لە ڕاستیدا بوونی بەرە سەرەڕای تەمەن کورتیەکەی شتێکی بەسوود بوو، ئیشوکارەکانی مایەی سوپاسو پێزانینە.



www.mukiryani.com

# ئەنفال لە ناوچەی بادینان

پاش ئەوەی شەڕی نێوان عێراق‌و ئێران دوای هەشت ساڵ کۆتایی هات، هەروەها پاش ئەوەی ڕژێمی عێراق پرۆسەی ئەنفالی لە ناوچەکانی گەرمیان‌و هەندێك ناوچەی دیکەی کوردستان تەواو کردو جۆرەها چەك لەوانە چەکی کیمیاوی بەکارهێناو خەڵکی ناوچەکانی قەتلوعام کرد، پاش ئەو هەموو تاوانانە، ڕژێم هێزێکی گەورەی لە سوپاو بەکرێگیراوان ناردە ناوچەی بادینان (پارێزگای دهۆك) کە ناوچەی لقی یەکی پارتی دیموکراتی کوردستانی لێ بوو، هێزەکانی پارتی تاکە هێزی ئۆپۆزسیۆن بوون کە لەو ناوچەیە بوون.

هێزەکانی ڕژێم، هێرشیان بردە سەر هەموو گوندو شارۆچکەکان، گازی ژەهراویان بەکارهێنا، ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوانی ناوچەکە بەتایبەتی پیرو ژن‌و منداڵ بوونە قوربانی، هەزاران کەس لەو بێ تاوانانە دەستگیرکران‌و ژمارەیەکی زۆریان ڕەوانەی گرتوخانەکانی باشووری عێراق کران تا چارەنووسیان بە چارەنووسی ئەوانی پێش خۆیان گەیشت، گوللەباران کران‌و بەکۆمەڵ لە بیابانەکانی باشوور لەگۆڕ نران، ئەوانەی کە دەستگیرکران ڕەوانەی ئەو کۆمەڵگە زورەملێیانە کران کە هێشتا تەواو نەبووبوون بێ نان‌و ئاو دایان نان، هەزارانیان بە زۆرەملێ ڕەوانەی ناوچەی بەحرکە کران کە نزیکەی ١٠کم لە هەولێرەوە دوورە، خەریك بوو لە برسان‌و لە تینوێتیدا بمرن، بەڵام خەڵکی ناوچەکەو دانیشتوانی هەولێر بەهانایەنەوە



www.mukiryani.com

چوونو پێداویستیان بۆ دابین کـردن، ئەگەرچـی ڕژێـم قەدەغـەی دەکـردن، (حاجی فازیل ئاغای گەورەی گوندی جێژنیکان) خزمـەتێکی زۆری کـردنو خواردنێکی زۆری بۆ بردن، بۆ ئەم کارە پیاوانەی جێگای سوپاسو پێزانینە، هەروەها هەموو ئەوانەی کە لەو بارودۆخـە ناهـەموارەو توندوتیـژی ڕژێـم، بەکەڵکی ئەو لێقەوماوانە هاتن، جێگەی سوپاسو پێزانینن.

هەزاران کەس لە دانیشتوانی ناوچەکەو پێشـمەرگە، ئەوانـەی لەدەسـت هێزەکانی ڕژێمو نۆکەرەکانی ڕزگاریان بوو، ژمارەیەکی زۆریـان دوای چـەند ڕۆژێك لەسەر سنور مانەوە، دەسەڵاتدارانی تورکیا سنوری بۆ کردنـەوەو لـە ناوچەی ماردین لە خیوەتگاکان جێنشـین بـوون، تۆرگـۆت ئـۆزال ئەوکاتـە سەرۆك وەزیران بوو پاشان بوو بەسەرۆك کۆمار (خوا لێی خۆش بێت).

هەزارانی دیکەش، دوای ئەوەی ماوەیەکی زۆر بەپێ ڕۆیشـتن، لـە ئێـران بوونە پەنابەر، هەرچی مەڕو ماڵاتو کەلو پەلو ئازوقەیان هەبوو لەلایـەن هێزەکانی ڕژێمـەوە تـاڵانو بـڕۆ کـران، ئەگەرچـی ژیـان لـە خیوەتگاکـان ناخۆشەو کەس حەسودی پێ نابات بەڵام باش بـوو نەکەوتنـە دەسـتی ئـەو ڕژێمەی کە دەستی بە خوێنی هەزاران ڕۆڵەکانی گەلەکەمان سوورە.

لەکاتی هێرشـی بـۆ سـەر بادینـانو دوای ئـەوەی ژمارەیـەکی زۆر لـە پێشمەرگەو هاوڵاتیان توانیان سنوری تورکیـا بـبڕنو چـەند ڕۆژێـك لـەوێ بمێننـەوە، سـەرۆك مەسـعود بـارزانی داوای لێکـردم تـا پەیوەنـدی بـە باڵیۆزخانـەی تورکیـا لـە تارانـەوە بکـەمو داوای ئـەوە بکـەین ڕێگـە بـە خەڵکەکەی سەر سنور بدات بچنە ناو خاکی تورکیاو لە دەسـت هێزەکـانی ڕژێم ڕزگاریان بێت، چوومە باڵیۆزخانەی تورکیاو چاوم بە بـاڵیۆز کـەوتو نامەکەی بارزانیم دایە دەست، باڵیۆز (ناوەکەیم بیرنەماوە) پیاوێکی چـاكو بەڕێز بوو، پەیمانیـدا بـەزووترین کـات نامەکـە بگەیـەنێت، دوای ڕۆژێـك



www.mukiryani.com

دەسەڵاتدارانی تورکیا سنوریان کردەوەو خەڵکەکەی سەر سنوور چوونە ناو تورکیاو لەدەست جەوری ڕژێم ڕزگاریان بوو.

دوای ئەوە بەچەند ڕۆژێك، سەرۆك مەسعود بارزانی بڕیاریدا شاندێك ڕەوانەی تورکیا بکات، تا بارودۆخی پەنابەران بەسەر بکەنەوەو سوپاس ئاراستەی دەسەڵاتدارانی تورکیا کەن، بڕیاردرا شاندەکە لە منو بابەکر زێباری (سوپاسالاری ئێستای سوپای عێراق)و شوکری نێروەیی (ئەندامی خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان) پێك بێت، قسەمان لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ئێران کرد، بیرۆکەکەیان لەلا باش بوو، پەساپۆرتی خزمەتگوزاریان پێداین، ئەو پەساپۆرتە زیاتر بەو گەورە فەرمانبەرانەی دەوڵەت دەدرا کە بەسەردانی فەرمی دەچوونە دەرەوە، دوای ئەوە سەردانی باڵیۆزی تورکیام کرد، بیرۆکەکەی زۆر لەلا پەسەند بووو ڤیزەی پێداین، بڕیارماندا بەڕێگای وشکانی سەفەر بکەین، گەڕاینەوە ئێرانو چاومان بەسەرۆك بارزانی کەوتو ڕێنمایی پێویستو مەسروفاتی سەفەرمان لێ وەرگرت، پارەکە شتێکی وانەبوو، هەر بایی ڕێگای دەکرد چونکە بارودۆخی دارایی حیزب لەوکاتەدا سنوردار بوو.

ڕۆژی پاشتر، دوای چەند سەعاتێك ئاژووتن گەیشتینە خاڵی سنوری نێوان ئێرانو تورکیا کە ناوی (بازرگان) بوو، کارمەندانی سەرسنور لە پەساپۆرتو ڤیزاکانمان وردبوونەوە، هیچ ڕێگریەکیان نەکرد، بەلاّم ڕازی نەبوون هیچ بڕە پارەیەك لەگەڵ خۆمان ببەینە دەرەوە، لەمە سەرمان سوڕما، چۆن دەشێت کەسێك سەفەر بکاتو پارەی لە گیرفاندا نەبێت، ئەو پارەیەی لای ئێمە بوو تەنیا بایی سێ کەس بوو، پێیان وتین قسە لەگەڵ لایەنە بەرپرسەکان دەکەن، تا ڕەزامەندی وەربگرنو پێویستە چاوەڕێ بکەین.



www.mukiryani.com

ڕۆژی دواتریش هەر چاوەڕوان بووین، بەڵاٚم هیچ وەرامێـك نـەبوو، ناچـار گەڕاینــەوە ورمــێو لــەوێوە چــووینە ڕاژانو ســەفەرەکەمان نــەکرد، لــەو بڕوایەدام کە ئەم کارە بەتەگبیر کرابوو حەزیان نەکرد ئەو ســەفەرە بکـەین، کە دەسەڵاٚتدارانی ئێران ئەو پەساپۆرتانەیان پێداین وایـان زەن دەکـرد کـە دەسەڵاٚتدارانی تورکیا ڕازی نابنو ڤیزەمان پێنادەن، کـاتێکیش حکومــەتی تورکیا ڕازی بوو دەسەڵاٚتدارانی ئێران بەو ڕێگایە قەدەغەیان کردین.



www.mukiryani.com

## سەفەر بۆ دەرەوەی ئێران

پاش تەواوبوونی شەڕی نێوان عێراق‌و ئێران، هەروەها دوای تەواوبوونی پرۆسەی ئەنفالە بەدناوەکان لە ناوچەی بادینان‌و داستانی بەناوبانگی خواکورک، جۆرێك لە هێمنی‌و کپی ناوچەکەی گرتەوە، ڕژێمی عێراق لەو باوەڕە دابوو کە بەتەواوی دەستی بەسەر بەرگریکردنی کوردانـدا گرتـووە، هەندێك لە هێزەکانی لە کوردستاندا کێشایەوە، بەڵام خەیاڵ پڵاو بوو، چونکە هەندێك مەفرەزەی پێشمەرگە، لە سەرجەم حیزبەکانی کوردستان دەستیان بە بزاڤ کردو گەیشتنە قووڵایی کوردستان.

لەمانگی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٨٨، سەرۆك مەسعود بارزانی بڕیاریدا سەفەری دەرەوەی کوردستان بکات، سەرەتا بە سوریادا بڕوات‌و پاشان بچێتە هەندێك وڵاتی ئەورووپی، چووینە کەرەج‌و چەند ڕۆژێك لەماڵی خوالێخۆشبوو ئیدریسدا ماینەوە، لەو سەفەرەدا هەندێك لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی یاوەری سەرۆك بوون، منیش بڕیارمدا بچمە بەریتانیا.

بەر لە سەفەرەکەو ڕۆژی هەینی لە هەفتەی پێش سەفەرەکە، سەرۆك مەسعود بارزانی، لە حەوشەی ماڵی خوالێخۆشبوو ئیدریس، لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە پەنابەران کۆبۆوە، باسی دوا پەرەسەندنی بارودۆخەکەی بۆ کردن‌و دووپاتی کردەوە کە پاشەڕۆژی نزیك بۆ گەلی کوردەو هەردەبێت بە مافەکانی بگات، ورەی ئامادەبوانی بەرز کردەوە، لێرەدا قسەیەکی خۆشی خوالێخۆشبوو (مەلا دۆری)م بیردێتەوە کە لەو کۆبونەوەیەدا کردی، مەلا



www.mukiryani.com

دۆری لەو کەسانە بوو کە لەسەفەرەکەی بارزانی نەمر بۆ یەکێتی سۆڤیەت، یاوەری بارزانی بوو، خەڵکی گوندی دۆرێی نزیك بارزان بوو، ئەو گوندە ئێستا شوێنی پشودانی سەرۆك بارزانیە، ئەگەر بواری هەبێت لەوێ دەحەسێتەوە.

مەلای دۆرێ بەسەرۆك بارزانی وت (داوا دەکەم لەو سەفەرەدا، دەوڵەتێك بدۆزیتەوە هەموو نەوتی کوردستانیان بدەیتێ‌و بایی یەك فانۆس بۆ ئێمە بمێنێتەوە، بەڵام بەمەرجێك یارمەتیمان بدەن)، ئامادەبووان بەو قسە خۆشە پێکەنین، وێدەچێت ئەو پێشبینیە ئێستا ڕاست دەرچوبێت، دوای چەند ڕۆژێك، لام وایە لە چوارەم هەفتەی مانگی کانوونی یەکەم بوو، سەرۆك مەسعود بارزانی چووە سوریا، منیش دوای دوو سێ ڕۆژ چوومە بەریتانیا.

دوای دوو مانگ مانەوە لە سوریا (نووسینگەی پارتی لەو ولاتەدا هەبوو) پاش دیداری لێپرساوە سوریەکان‌و لەسەرویانەوە سەرۆك حافز ئەسەد، سەرۆك مەسعود بارزانی سوریای جێهێشت‌و ڕووی لە ئەورووپا کرد، وەك عادەتی، نەمسا یەکەم وێستگەی بوو، چەند پشکنینێکی پزیشکی کردو لەوێ سەردانم کردو چەند ڕۆژێك مامەوە، کاك وشیار زێباریش لەوێ بوو، لە ڤییەنا برایان پیرۆت ئەحمەد، سەباح زێباری، هەروەها ئازاد بەرواری، کامەران موفتی، مستەفا گۆران، عیسمەت مزوری‌و هەندێك پەنابەری کورد، یاوەری سەرۆك مەسعود بارزانی بوون.

جارێکیان، بە ترۆمبێلی د. پیرۆت دەسوڕاینەوە، ترومبێلێکی باڵیۆزخانەی عێراق کە هەندێك بەکرێگیراوی موخابەراتی تێدابوو سەری لەدوو ناین، پیرۆت ویستی دەست غەڵەتیان بدات، بەخێرایی ڕووی لە لقە جادەیەك کرد، بەڵام ترومبێلەکە هەر بە دوامانەوە بوو، بە ڕێکەوت تووشی پۆلیس هاتین، پیرۆت مەسەلەکەی تێگەیاندن، ترومبێلەکەی ئەوان بەر



www.mukiryani.com

لەوەی پۆلیس بیانبینێت خۆی بزرکرد، دوای بەسەربردنی هەفتەیەك لەگەڵ سەرۆك مەسعود بارزانی، گەڕامەوە لەندەن بەلاّم بەڕێزیان هەر لە ڤیيەنا مانەوە، لە مانگی ئایار کاك رەبیعی کوڕی خوالێخۆشبوو شێخ محەمەد خالید بارزانی، بەمەبەستی چارەسەری پزیشکی هاتە ڤیيەنا، دووبارە گەڕامەوە ئەوێ، بینیم سەرۆك مەسعود بارزانیو کاك رەبیع لە باڵەفڕخانەی ڤیيەنا بۆ پێشوازیم هاتوون، لەسەر ئەو ماندووبونەیان نیگەرانیم پیشاندا، چەند ڕۆژێك لایان مامەوەو پاشان گەڕامەوە لەندەن.

لە کۆتایی حوزەیرانی ساڵی ١٩٨٩، بەمەبەستی بەشداریکردن لە کۆبوونەوەی ئیشتراکیەتی نێودەوڵەتی، سەرۆك بارزانی چووە ستۆکهۆڵمی پایتەختی سوید، لەو کۆبونەوەیەدا، بەڕێز نەوشیّروان مستەفا وەك نوێنەری (ی. ن. ك)و شەهید قاسملو وەك نوێنەری (حدكا) ئامادەبوون.

لەماوەی پشوداندا، سەرۆك بارزانیو دکتۆر قاسملو کۆبوونەوە، باسی پەیوەندی نێوان هەردوو حیزبو ئەو ڕووداوە جەرگبڕانەیان کرد کە لەنێوان هەردولادا قەومان، گەیشتنە ئەنجامی ئەرێنیو بڕیاریاندا لاپەڕەیەکی تازە بکەنەوەو نەرێنیەکانی ڕابردوو لەبیربکەن، بەزەردەخەنەوە دەست لەناو دەست لەهۆڵەکە هاتنە دەرەوە، دوای کۆبوونەوەی ئیشتراکیەتی نێودەوڵەتی، سەرۆك مەسعود بارزانی گەڕایەوە ڤیيەنا، دیاربوو دکتۆر قاسملو ژوانی لەگەڵ هەندێك کاربەدەستی ئێرانی هەبوو، تا دەربارەی کێشەی کورد وتوویژ بکەن، لام وایە کەس ئاگای لەمە نەبوو، لەو سەفەرەدا شەهید فازل مەلا مەحمود، ئامۆزای بەڕێز فاروق مەلا مستەفا یاوەری بوو، لەکاتی کۆبوونەوە لە شوقەیەکدا، درانە بەر دەستڕێژو بەغەدر شەهید کران (خوا لێیان خۆش بێت) ئەمە ڕووداوێکی جەرگبڕ بوو، کاری لەهەموو کوردێك کرد، بەتایبەتی ئەوانەی لە نزیکەوە شەهید قاسملویان دەناسی، دوای ئەو



www.mukiryani.com

ڕووداوه جەرگبڕە بەچەند ڕۆژێكو لە نیوەی مانگی تەمووز، سەرۆك مەسعود بارزانی چووە لەندەن، كاك وشیار زێباری یاوەری بوو، لەلایەن هەندێك لە ئەندامانی حیزبو منیشەوە، لە باڵەفڕخانە پێشوازیمان كرد، لە ڕووی ئەمنیەوە هەندێك كاری پێویستم ئەنجامدا.

بەڕێوەبەری ئاسایشی ناوچەكە نزیك بوو لە باڵەفڕخانەی هیثرۆ، برادەری سەفینی كوڕم بوو باڵەفڕخانەكەش سەر بە بەڕێوەبەرایەتیەكەی ئەوبوو، ئێمە لەخانوویەكی فراوانو جواندا جێنشین بووین، لەناوچەیەكدا ناوی (فارنهام كومون (Farnham common) بوو كە ١٠-١٢كم لە باڵەفڕخانەی هیثرۆ دووربوو، نزیكەی ٢٥كم لە لەندەن دووره، كاك مەسعود لەو ماڵەی ئێمە دابەزی، توانیمان دوو پارچە چەك پەیدا بكەین، كوڕەكانم (شێروانو بارزانو سەفین) بوونە پاسەوان، بارزان ئەوكاتە لە سعودیە كاری دەكردو بە مۆڵەت هاتبۆوە، هەروەها برایانی شەهید فەتاح محەمەد ئەمین ئاغاو هۆشیار عەبدولرەحمان سیوەیلیو براكەیو هی دیكە بەنۆرە نۆبەتیان دەگرت، بۆ گواستنەوەش، ترۆمبێلی من یان كاك سیامەند بەننامان بەكاردەهێنا، كاك مەسعود نزیكەی پێنج هەفتە لە بەریتانیادا مایەوە، لەو ماوەیەدا، ڕێكخراوە جیاجیاكانی حیزبو ژمارەیەك لە ڕۆژنامەنووسانو لایەنەكانی ئۆپۆزسیۆنی كوردیو عێراقی بەسەر كردەوە.

لێرەدا دەمەوێت جیاوازی نێوان بارودۆخی ئێستامانو پەیوەندیەكانمانو ئەو كاتە ڕوون بكەمەوە، كاك وشیار زێباریو من، هەر یەكەمان بەڕێگای كەناڵی تایبەتی خۆیەوە، پەیوەندیمان بە وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیاوە كرد، وادەی دیدارێك لەگەڵ گەورە فەرمانبەرێكی دابنێین، دوای هەوڵدانێكی زۆر، ڕەزامەندیان نیشاندا كە تا چاومان بە یەكێك لە فەرمانبەران بكەوێت، دیدارەكە لە دەرەوەی وەزارەت ساز بدرێتو بۆ ئەم مەبەستە



www.mukiryani.com

ژوورێك له نووسینگه بازرگانیه‌كه‌ی –شێروان- ی كوڕم ده‌ستنیشـان كـرا، فه‌رمانبه‌ره‌كه لام وایه (لێپرسراوی كاروباری عێراق بوو) له‌واده‌ی خۆی زۆر دواكه‌وت‌و به‌ته‌له‌فۆن وتی ڕێگا زۆر قه‌ره‌باڵغه، پاشان چێشتخانه‌یه‌كی بـۆ نان خواردن ده‌ستنیشان كرد، له‌و باوه‌ڕه‌دابووم، فه‌رمانبه‌ره‌كـه نه‌یده‌ویست ئه‌و دیداره له شوێنێك بێت كـه هـی ئێمـه بێـت، هـه‌ر چـۆنێك بـوو لـه چێشتخانه‌یه‌كی نزیك ناوچه‌كه كۆبووینه‌وه، ده‌ربـاره‌ی بـارودۆخی ئه‌وكاتـه بـیروڕا ئـاڵوگۆڕكرا، دیداره‌كـه زیـاتر دۆسـتانه بـوو هـیچ بـه‌ڵێنێكی لێنه‌كه‌وته‌وه.

ئێستاش، سـه‌رانی گـه‌وره‌ی وڵاتـان‌و جێگره‌كانیـان‌و سـه‌رۆك وه‌زیـران‌و كه‌سایه‌تی ناسراوی جیهـانی سـه‌ردانی سـه‌رۆك بـارزانی ده‌كـه‌ن، ڕۆژ نیـه شاندێك سه‌ردانی نه‌كات.

سه‌رۆك بارزانی نزیكه‌ی شه‌ش هه‌فته لـه بـه‌ریتانیادا مایـه‌وه واتـه تـا كۆتایی مانگی ئاب مایه‌وه، ڕۆژی ١٦ی ئاب یـادی دامه‌زرانـدنی پـارتی‌و له‌دایك بوونی كاك مه‌سعود بارزانی بوو، به‌م بۆنه‌یه‌وه، بـێ ئـه‌وه‌ی ئاگـای لێببێت، له‌لایه‌ن خانه‌واده‌كه‌مه‌وه (كێك)ی له‌دایك بـوون ئامـاده‌كرا، ئـاڵای كوردستان‌و ناوی سه‌رۆك بارزانی‌و ناوی پارتی بـه پیتـی ئینگلیـزی p.d.k له‌سـه‌ر نه‌خشـێندرابوو، لـه ئاهـه‌نگێكی بچـكۆلانه‌دا بـه‌و دوو بۆنه‌یـه پێشكه‌شكرا.

كاك سیامه‌ند به‌ننا، كه‌سێكی بـه‌ناوی (جـۆن لیتـل) ده‌ناسـی، لیتـل سكرتێری تایبه‌تی سه‌رۆكی كلێسای ئینگلیزی‌و قه‌شـه‌ی كنتربـری (ئـه‌رج بیشوپ ئۆف كنتربری) به‌ڕێز (روبه‌رت رامسی) بوو.

Robart Ramci, arch bishop of Canterbury



www.mukiryani.com

ئەمە وەك پایەی پاپای کڵێسای کاسۆلیکی بوو، بەر لە پێنج سەدە کڵێسای ئینگلیزی لە سەردەمی مەلیك هێنری هەشتەم لە فاتیکان جیابۆوە، هێنری لە ژنێك زیاتری هێنا، ئەمە لە کڵێسای کاسۆلیکی قەدەغە بوو بۆیە بڕیاریاندا لە کڵێسای ئینگلیزی بەدەربنێن، ئەمە تا ئەمڕۆش بەردەوامە، سەرەڕای ئەوەی یاسای بەریتانی ڕێگا بە فرە ژنی نادات، مستەر جۆن لیتل، ئەو دیدارەی لەگەڵ قەشەدا ڕێکخست، مـن و هۆشیار زێباریو سیامەند بەنناو شێروان دزەیی، یاوەری سەرۆك بارزانی بووین، ئەگەرچی بێشووب بە خاوەن دەسەڵاتو کاریگەری بەسەر لێپرسراوانەوە هەبوو، بەڵام دیدارەکە زیاتر دۆستانە بوو، کاك مەسعود باسی بارودۆخی کوردی کردو رامسیش هاوسۆزی پیشانداو داوای سەرکەوتنی بۆ کردن، دوای گرتنی چەند وێنەیەکی یادگاری، دیدارەکە کۆتایی هات.

دوای ئەمە بەچەند ڕۆژێك، (سەفین)ی کوڕم لە نەخۆشخانە نەشتەرگەری بۆ کرا، بارزانی سەردانی کردو چەند وێنەیەکیان بۆ یادگاری گرت.

لەکۆتایی مانگی ئابو لەسەرەتای ئەیلول سەرۆك بارزانی بەریتانیای بەجێهێشت، لە باڵەفڕخانەی هیثرۆ ماڵئاواییمان لێکرد، بەرپرسی ئاسایشی ناوچەکە، کە هاوڕێی (سەفین)ی کوڕم بوو، وەك جاران کاروباری ئەمنی بەڕێوەدەبرد، سەرۆك بارزانی چووە ڤییەنای پایتەختی نەمسا، هاوسەرەکەی لە نەخۆشخانەیەك چارەسەری بۆ دەکرا، نەمسا خاڵی سەرەتاو کۆتایی سەرجەم سەردانەکانی کاك مەسعودو خوالێخۆشبوو ئیدریس بارزانی بوو، هەروەها وێستگەی سەرەکی زۆربەی نەخۆشەکانمان بوو، تا ئەمڕۆش ئەوە هەر بەردەوامە، ئەمەش بەهۆی پەیوەندیە باشەکانی سەرۆك



www.mukiryani.com

مەسعود بارزانی لەگەڵ بەڕێز (فیشەر) کە سەرۆکی پەرلەمانی نەمسا بوو، هەروەها بەڕێز کرایسکی سەرۆکی پێشوی نەمسا.

دوای کەمتر لە دوو هەفتەو پاش تەواوبوونی چارەسەری هاوسەری سەرۆك بارزانی، لە نیوەی دووەمی مانگی ئەیلولی ۱۹۸۹ هەموویان گەڕانەوە تاران، لەوێوە چوونە گوندی (سلیڤانا) لە کوردستانی ڕۆژهەلأت، خانەوادەی بارزانی لەوێ جێنشین بوون، دوای گەڕانەوەی سەرۆك بارزانی بەچەند ڕۆژێك، ئامادەسازی بۆ گرێدانی دەیەم کۆنگرەی پارتی کرا.



www.mukiryani.com

# دەیەم کۆنگرەی پارتی دیموکراتی کوردستان

ئەوکاتەی لە ئێران بوومو بەر لەوەی سەفەری ئەورووپا بکەم، هەروەها بەر لەوەی کاك مەسعود سەفەر بکات، باس لە سازدانی دەیەم کۆنگرەی پارتی دەکرا، کۆنگرەی نۆیەم ساڵی ١٩٧٩و پاش کۆچی بارزانی نەمر سازدراو دە ساڵی بەسەردا تێپەڕیبوو، گرێدانی ئەو کۆنگرەیە، لە کۆبوونەوەیەکی کۆمیتەی ناوەندی باسکرا، بەڵام بڕیاردرا دوای گەڕانەوەی سەرۆك مەسعود بارزانی لەسەفەری ئەورووپاو سوریا ساز بدرێت.

ئەوکاتەی لە ئێران بووم، تێبینی ئەوەم کرد جۆرە ساردیەك لەپەیوەندی نێوان سکرتێری حیزب مامۆستا عەلی عەبدوڵلاو هەڤالانی مەکتەبی سیاسیدا هەیە، لەوانم گوێ لێبوو کە لە هەڵسوکەوتی سکرتێر ناڕازین، بەڵام بۆ هەقو مێژوو دەڵێم، هەموویان تا ئێستاش ئەوپەڕی ڕێزیان بۆی هەیە، چونکە لەهەموویان بەتەمەنترو گەورەترو کۆنترە لەناو حیزبداو یەکێکە لە ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەر، دوای ئەوەی کە بارزانی نەمر بڕیاری دامەزراندنی حیزبیدا، تا ئێستاش لەلایەن سەرۆك مەسعود بارزانیو ئەندامانو لایەنگرانی پارتیەوە، ئەوپەڕی ڕێزی لێ دەگیرێت، تاکە کەس لە دامەزرێنەرانی پارتی کە لە ژیاندا ماوە (خوا تەمەنی درێژ بکات) لە ئیشو کاردا بەدەستپاکیو ڕاستگۆیی ناسراوە.

بەر لە سەفەرمان بۆ دەرەوەی کوردستانو ئێران، لەگەڵ کاك مەسعود بارزانی، لە کەرەجی نزیك تارانو لە ماڵی ئیدریسی نەمر، کاك مەسعود



www.mukiryani.com

باسی گرێدانی کۆنگرەی بۆ کردم کە بڕیار بوو دوای گەڕانەوەی لە سەفەرەکەی ساز بدرێت، داوای لێکردم خۆم بپاڵێوم بەلاَم داوای لێبوردنم کردو وتم: ئەوەی لەتوانامدا بێت بۆ خزمەتی پارتیو شۆڕش دەیخەمە گەڕ، جا ئەگەر لە سەرکردایەتی یان لەدەرەوەی سەرکردایەتی بم، هۆکاری داوای لێبوردنەکەم (ئەو کاتە بەکاک مەسعودم نەوت) ئەوە بوو، کە لە دامەزراندنی سەرکردایەتی کاتیدا، دوای نسکۆی شۆڕش بەشداریم پێنەکرا، ئەو کاتە حەزم دەکرد بەشدار بوومایە چونکە پارتی دوای نسکۆ کەوتە دۆخێکی خراپەوە، هۆکاری ئەمە نازانم، ئەو دەمە لەگەڵ بارزانی نەمر لە ئەمەریکا بووم، دوای ئەوەی کاك مەسعود لە ئەوروپا گەڕایەوەو پاش دامەزراندنی سەرکردایەتی کاتیو بە ئامادەبوونی بارزانی نەمر، ئەمەم بە کاك مەسعود وت، لەبەشێکی ئەم کتێبەدا بەدرێژی باسی ئەوەم کردووە، کە حەزم دەکرد لە کۆنگرەی نۆیەمیش بەشداربوومایە، بەلاَم ئەو دەمە لە ئەڵمانیا گیرم خواردبوو، هیچ بەڵگەنامەیەکی سەفەرم نەبوو، تا بچمە ئێران، پێشتر بەدرێژی باسی ئەوەم کردووە، سەرۆك مەسعود بارزانی پرسی: ئەگەر لە کۆنگرە بەشداربی، کێ هەڵدەبژێری بۆ کۆمیتەی ناوەندی؟ وەرامم دایەوە: ناوەکانم نایەتەوە بیر بەلاَم بەدڵنیاییەوە برایان نێچیرڤان بارزانیو پیرۆت ئەحمەد هەڵدەبژێرم، جگە لە زۆربەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی ئێستا، کاك مەسعود وتی: نێچیرڤان مافی خۆیەتی، دوای ئەوە هەریەکەو ڕووی لە شوێنی مەبەست کردو بڕیاردرا لە ئەوروپا یەکتر ببینینەوە، پێشتر باسی سەردانو چالاکیەکانی سەرۆك مەسعود بارزانیم لە ئەوروپاو سوریا کرد، کە نزیکەی نۆ مانگی خایاند، لەنیوەی دووەمی مانگی ئەیلولی ساڵی ١٩٨٩ گەڕایەوە ئێرانو کوردستانی ڕۆژهەلاَت، دوای چەند ڕۆژێك لە گەیشتنی، ئامادەگی بۆ سازدانی دەیەم کۆنگرە کرا، بڕیاردرا لە مانگی



www.mukiryani.com

کانوونی یەکەمی ئەو ساڵە، لە گوندی (یەشماوە)ی نزیك بارەگای مەکتەبی سیاسی کۆنگرەکە ببەسترێت، لە کۆتایی مانگی تشرینی دووەم، ئەندامانی کۆنگرە لە ئەوروپاو ئەمەریکا، لەمانە (شێروان)ی کوڕە گەورەم بەرەو ئێران هاتن، ژمارەیان لە ۳۰۰ کەس زیاتر بوو، من لەبەر هەندێك هۆکاری تایبەت داوای لێبوردنم کردو بەشداریم نەکرد.

لە ڕۆژانی کۆنگرەدا، کاك وشیار زێباری تەلەفۆنی بۆ کردم وتی دەیانەوێت شێروان بۆ ئەندامیەتی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێرن، ئاخۆ ڕای من چیە؟ وتم: شێروان تاکە کەسە کە خانەوادەکەی ئێمە بەخێو دەکات، دەترسم بەمە کاری بازرگانی لەکیس بچێت، کۆنگرە نزیکەی هەفتەیەکی خایاند، شێروان بە قسەی منی کردو خۆی نەپالاوت لەو کۆنگرەیەدا، پایەی سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی نەماو لەجێگەی ئەو جێگری سەرۆك دانرا، مامۆستا عەلی عەبدوڵلا تاکە پالێوراوی ئەم پایەیە بوو، مەسعود بارزانی بە کۆی دەنگ بە سەرۆکی حیزب هەڵبژێردراوە، برایان نێچیرڤان بارزانیو پیرۆت ئەحمەدو هەندێك هەڤاڵی دیکە بە کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردران، بەمجۆرە کۆنگرە تەواوبوو.

پاشان، بەتایبەتی دوای ڕوخانی ڕژێمی سەدام حوسێن لە ساڵی ۲۰۰۳، بۆم دەرکەوت کە من دەرهەق بە شێروان هەڵەبوومو ڕازی نەبووم لە دەیەم کۆنگرەدا خۆی بۆ کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێرێت، تێبینی ئەوەم کرد لەلایەن سەرۆکی حیزبەوە فەرامۆشکراوە، سەرەڕای ئەو خزمەتە گەورانەی کە بەر لە ڕاپەڕینو پاشان پێشکەشی کردووە، سەرۆك مەسعود بارزانیو کاك هۆشیار زێباری زیاتر ئاگاداری ئەو خزمەتانەن.

شێروان، بەشێکی گەورەی کاتی خۆیو کاری بازرگانی بۆ حیزبو ئەندامان تەرخانکرد، لە ئەنجامدا تووشی تەنگژەی دارایی هاتو ئەمەش



www.mukiryani.com

کاریگەری بەسەر خۆیو ئێمەوە هەبوو، لەبەردەمی رژێمی پێشوودا هەوڵی کوشتنیان دا، لە ناوەڕاستی سالأنی هەشتا، خوالێخۆشبوو مەلا عەبدوڵلا ئیسماعیل ناسراو بە مەلا ماتۆڕ هاتە لەندەن، بە نهێنی پەیوەندی بە منەوە کردو داوای کرد کە لەگەڵ (شێروان)ی کوڕم ئاگاداری خۆمان بین، چونکە لەلایەن رژێمەوە خراوینەتە سەرەوەی ئەو لیستەی کە نیازیان وایە بیانکوژن، داوای کرد کە ئەم نهێنییە لەنێوان خۆمو خۆیدا بێت چونکە ئەگەر پێبزاننەوە دەیکوژن.

دوای کارەساتی هەڵەبجە، شێروانو دوو ئەندامی دیکەی حیزب، لە لەندەن خۆیان خزاندە ناو ئەو کۆبوونەوەیەی کە (محەمەد ئەلمەشات)ی بالیۆزی عێراق لە بەریتانیا بۆ کۆکردنەوەی پیتاك لە دەوڵەمەندە عێراقییەکان سازی دابوو، ئەگەر پۆلیس سکۆتلەندیارد لەوێ نەبووایە ئەوا چارەنووسیان کوشتن بوو، دوای ئەوە زۆریشیان لێدان.

دوای رووخانی رژێم، زۆر لەو کەسانەمان بینی کە شێروان هێنابنە ریزی حیزبو پارمەتیدانو پاشان پاسەی بەرزیان وەرگرتو پایەکەیان بۆ پەیداکردنی ملیۆنەها دۆلار بەکارهێنا، لە کۆنگرەی سێزدەدا کە بە بەرچاوی شێروان زۆر لەو برادەرانەی ویسامی بارزانیان وەرگرت، (لەگەڵ ریزم بۆ هەموویان) چارەنووسی شێروان، سەرەڕای ئەو خزمەتانەی کە پێشکەشی کرد هەر فەرامۆشیو لەبیرکردن بوو، بەداخەوە لە کۆمەڵگەی عێراقی بەشێوەیەکی گشتیو هی کوردستان بە تایبەتی، بازاڕی هەڵپەرستانو ماستاوچیان گەرمە، بەلأم خەڵکانی دڵسۆزو جدی لەبیرچوونەتەوە.



www.mukiryani.com

# پاریس بووە مەڵبەندی چالاکی کوردان

لەسەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، خاتوو (دانیال میتران) هاوسەری (فرانسوا میتران)ی سەرۆکی حیزبی سۆسیالستی فەرەنسا پاشان بووە سەرۆك کۆمار، بەڵێ ئەو خاتونە خۆبەخشانە لە پێناو کێشەی کورد لەهەموو پارچەکانی کوردستاندا کەوتە کارکردن، ئەو ڕێکخراوەی کە سەرکردایەتی دەکرد (فەرەنسای ئازاد) (France liberty) بۆ کورد بەگەڕخست، هەموو کاتی خۆی بۆ یارمەتیدانی کورد تەرخان کرد، فەزڵی ئەمەش بۆ میر کامەران بەدرخان دەگەڕێتەوە، کە تا بەر لەمردنی لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٨ هەر لەگەڵ خاتوو دانیال پەیوەندی هەبوو، هەروەها ڕۆڵی کەندال نەزان سەرۆکی ئینستوتی کورد لە پاریس‌و شەهید دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملوو هاوسەرە چیکیەکەی خاتوو نەسرین لەو بوارەدا دیارە، ئەو کاتەی هەردووکیان لە کۆتایی ساڵانی حەفتا لە پاریس بوون.

دوای هەڵگیرسانی شەڕ لەنێوان کۆماری ئیسلامی ئێران‌و حدکا لە ساڵی ١٩٧٩ لە کوردستانی ئێران، کە دە ساڵێکی خایاند، هەریەك لە دکتۆر –برنارد کۆشنەرو دکتۆر تیستۆ- کە لە ڕێکخراوی پزیشکانی بێ سنوورو سەر بە حیزبی سۆسیالستی فەرەنسا بوون، چوونە کوردستانی ڕۆژهەلاّت، ماوەیەکی زۆر لەوێ مانەوەو خزمەتێکی زۆریان کردن، کە مایەی پێزانینە.



www.mukiryani.com

دوای گەڕانەوەیان، کۆشنەر هاتە پاڵ مەدام میتران، لەزۆر بوارەوە خزمەتی کوردی کرد، بەڵام دکتۆر تیستۆ بەداخەوە لە ڕووداوێکدا جوولەی قاچەکانی لەدەستداو ئێستا لە سەر کورسی خولاو دادەنیشێت، ساڵی ٢٠٠٧، دوای سەرکەوتنی سارکۆزیو وەرگرتنی پۆستی سەرۆك کۆماری فەرەنسا، کۆشنەر بوو بە وەزیری دەرەوە، دکتۆر تیستۆ-ش سەرەڕای ئەوەی کە هەر لەجێوەیە، بەڵام ئێستا کونسولی فەرەنسایە لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان، ساڵی ١٩٨٣ فرانسوا میتران لە هەڵبژاردندا سەرکەوتو بوو بە سەرۆك کۆماری فەرەنسا، خاتوو دانیالی هاوسەری چالاکتربوو توانی سۆزی مێردەکەی بەلای کێشەی کورد ڕابکێشێت.

دوای کۆتا هاتنی شەڕی ئێرانو عێراق، هەروەها پاش ئەوەی حکومەتی عێراق، لەهەموو لایەکی کوردستاندا گازی ژەهراوی بەکارهێنا، دەیان هەزار کەس لە منداڵو ژنو پیاو وەك پەنابەر ڕویان لە ئێرانو تورکیا کرد، خاتوو میتران لە ساڵی ١٩٨٩ سەردانی خیوەتگەی پەنابەرانی لە تورکیا کرد، هەندێکی بردنە فەرەنسا، مافی پەنابەری سیاسی پێدانو لەشارو شارۆچکەکانی دەوروبەری پاریس جێنشینی کردن، منداڵەکانیان خرانە بەر خوێندن، ژمارەیەکی زۆریان لە کارگەکان دەستیان بە ئیش کرد، تا ئێستاش ژمارەیەکیان لەوێ دەژین.



www.mukiryani.com

# کۆنگرەی کوردی لە پاریس

خاتوو دانیال میتران، هانی حیزبە کوردستانیەکانی هەموو پارچەکانیدا تا چالاکیەکانیان لەدەرەوەدا بگوازنەوە بۆ فەرەنسا، لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٩ ئەو حیزبانە چەند جارێك لە پاریس کۆبوونەوە، لەکۆبونەوەیەکدا، کە هەموو حیزبەکانی کوردستان جگە لە (پەکەکە) تیایدا بەشداربوون، منو دکتۆر پیرۆتو کەمال بورقای سەرۆکی پارتی سوسیالستی کورد لە تورکیا بەشداربووین، باس لە چۆنیەتی هەماهەنگیو هاوکاری نێوان ئەو حیزبانە کرا، بەو سیفەتەی هەموویان سەر بەیەك گەلن.

لە پاریس خاتوو دانیال میتران داوای لێکردین سەردانی ئەو پەنابەرە کوردانە بکەین کە لە تورکیاوە هێنابوونی، لەگەڵ دکتۆر پیرۆتو شەهید جەعفەر گولیو یاریدەدەرێکی خاتوو میترانو نوێنەرێکی ئینیستیتۆی کورد لە پاریس سەردانی پەنابەرەکانمان کرد، زۆربەی گیروگرفتەکانمان بۆ چارەسەرکردن کە کێشەی سادەبوون لەمانە گۆڕینی شوێنەکانیان تا لە کەسوکاریانەوە نزیك بن، هەموویان بۆ هاوکاری کردنی دەسەڵاتدارانی فەرەنسا ئامادەییان پیشاندا.

یەکێك لە کۆبوونەوە هەرە گرنگەکانی کە لە پاریسدا سازدرا (کۆنگرەی کورد بوو لە پاریس)، خاتوو میترانو ڕێکخراوەکەی، لە کۆتایی مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٨٩ ئەو کۆبونەوەیان ڕێکخست، داوەتنامە ئاراستەی زیاتر لە دووسەد کەس لە حیزبە کوردیەکانی سەرجەم



www.mukiryani.com

کوردستان‌و کەسایەتیە کوردەکانی ئەوروپاو ئەمەریکاو هەروەها ئەو سیاسەتمەدارانەی کە بە کێشەی کوردەوە خەریك بوون یاخود هاوسۆز بوون کرا، ڕێکخراوەکەی خاتوو مێتران مەسرەفی ئەو کۆنگرەیەی لە ئەستۆ گرت، بەشداربوانی بەسەر هۆتێلە جیاجیاکانی پاریس دابەشکرد، ژمارەیەك لە کوردانی کۆمارە جیاجیاکانی یەکێتی سۆڤیەت بەتایبەتی برا ئێزیدیەکان‌و هەروەها پرۆفیسۆری وەك —جەلیلی جەلیل خاتوو زاخارۆف هاوسەری نەیاری بەناوبانگ زاخارۆف، لە ئەمەریکاش ولیەم ئیگلتن خاوەنی کتێبی (کۆماری مەهاباد)و خاتوو نەسرین هاوسەری شەهید قاسملو، هەندێکی دیکە کە ناوەکانیانم بیرنەماوە بەشداربوون، بەلاّم لە کوردستانی باشووردا، بەڕێزان جەلال تاڵەبانی، سامی عەبدولرەحمان، دکتۆر مەحمود عوسمان، لەگەڵ ژمارەیەك لە ئەندامانی حیزبەکانیان بەشداربوون، لەلایەن پارتیمانەوەش من‌و پیرۆت ئەحمەدو سەفینی کورم بەشداربوین، دوایی شەهید جەعفەر گولی نوێنەری پارتی لە فەرەنسا پەیوەندی پێوەکردین، هەروەها هەژار موکریانی‌و ژمارەیەك لە ئەندامانی حیزب، بەتایبەتی ئەو پەنابەرانەی کە تازە هاتبوون‌و پێشتر لە دەستی گازی ژەهراوی کە حکومەتی عێراق دژ بە کوردان بەکاری هێنا رایانکردبوو لەو کۆنگرەیەدا بەشداربوون.

کاك هۆشمەند زەید عوسمان، کوڕی زەید ئەحمەد عوسمانی پورزام، لە پاریس دادەنیشت، بەرپرسی جێنشینبوونی ئەو ئەندامانە بوو کە لە دەرەوە هاتبوون، ژوورێکی لە هوتێلی (کۆنکۆرد لاڤارید) بۆ گرتم کە هۆتێلێکی پلە یەك بوو، دکتۆر پیرۆت‌و سەفینیش چوونە هۆتێلێکی دیکە.

ئێوارە گەڕامەوە هۆتێل، ناونیشانی ئەو هۆڵەم وەرگرت کە کۆنگرەکەی تێدا سازدەدرا، شەوم لەو هۆتێلە گەورەیە بەسەربرد، بەیانی لەخەو



www.mukiryani.com

هەڵسامو پاش خۆ ئامادەکردن بـۆ چێشـت خـواردن ڕووم لـە چێشـتخانەی هۆتێلەکە کرد، خەریکی چێشت خواردن بووم، کە گوێم لێ بوو لە پشـتەوە یەکێك بە کوردی قسەی دەکرد، گومانم پەیدا کرد چونکە من تاکـە کـەس بووم لە بەشداربووانی کۆنگرەکە لەو هۆتێلـە دابـەزیبووم، کـە لـە ژێـرەوە سەیرم کرد (زەکیە ئیسماعیل حەقی)و (شێخ جەعفەر بەرزنجی) ناسراو بـە شێخ چۆپی سەرۆکی ئەنجومەنی جێبەجێ کردنی بەعس لە هەولێر یەکێکی دیکەش کە سەرەتا نەمناسیو دوایی زانیم بەهائەدین ئەحمەدە، یەکێك بوو لە ئەمیندارەکانی ئەوسا، بەیەکەوە دانیشتبوون، چێشتەکەم تەواو نـەکردو بەپەلە گەڕامەوە ژوورەکەم، کەلو پەلم خستە ناو جانتاوە، تەلەفۆنم بۆ دکتۆر پیرۆتو سەفین کردو وتم لەبەر ئەوەی شاندی عێراقی لێرەن من ئەو هۆتێلـە جێدێلم، جانتاکەم ببەنە هـۆتێلێکی دیکـەو مـن دەچـمە هـۆڵی کـۆنگرە، ژوورەکەم جێهێشت، کاتێك لە مەسـعەد دابـەزیم، ئـەوانم بینـی چـاودێری مەسعەدەکانیان دەکرد، زەکیە بەدەسـت ئامـاژەی بـۆلای مـن کـرد، شـێخ جەعفەرو بەهادین منیان وەك کەس نەدەناسی، زەکیەشم لـە سـاڵی ١٩٥٣ ناسی، ئەو کاتەی قوتابی کۆلێـژی مـافو ئەنـدامی پـارتیو لـە بـرادەرە نزیکەکانم بوو، پاشان بووە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیو سـەرۆکی یـەکێتی ئافرەتانی کوردستان، هاتە ڕیزی شۆڕشـی ئـەیلولو دوای نسـکۆ گەڕایـەوە بەغداو بەتەواوی هاوکاری بەعسیەکانی کرد.

بەپەلە لە هوتێل هاتمە دەرەوە، تاکسیەکم گرتو چوومە هۆڵی کۆنگرە، بە برادەرەکانم وت: حکومەتی بـەعس ئەوانـەی نـاردووە تـا بەشـداری لـە کۆنگرەو بەرگری لە ڕژێمی عێراق بکەن، کـۆنگرە دەسـتی پێکـرد، خـاتوو مێترانو کۆشنەرو (رافائیل)ی یاریدەدەری خـاتوو مـێتران بـەڕێوەیان بـرد، پاشان هاوسەری زاخارۆفو هەندێك کەسایەتی دیکە چوونە پاڵیان.



www.mukiryani.com

لەناكاو كۆشنەر ڕایگەیاند كە شاندێكی عێراق لە دەرەوەی هۆڵەكەن‌و دەیانەوێت لە كۆنگرە بەشداری بكەن‌و دیدو بۆچونی حكومەتی عێراق بخەنە ڕوو، غەلبە غەلب كەوتە ناو هۆڵەكەو دەنگی هوتاف دژ بە خائینان بەرز بۆوە، بۆ ڕاستی‌و مێژوو دەڵێم: بەڕێز جەلال تاڵەبانی ڕۆڵێكی گەورەو سەرەكی گێڕا، لە قەدەغەكردنی ئەوانە بۆ هاتنە ناو هۆڵی كۆنگرەو، تاڵەبانی چووە پشت مێزی سەرۆكایەتی‌و وتی: (ئەوانە خیانەتیان لە گەلی كورد كردووە)، هەروەها ئەوانەی بە خیانەتی فیشی بەراورد كرد، ئەو كاتەی هاوكاری نازیەكانی كرد، دوای ئەوەی لە دووەم جەنگی جیهانیدا فەرەنسایان داگیركرد، هەروەها وتی: (فەرەنسیەكان دوای ئازادكردنی وڵاتەكەیان (فیشی)یان دادگایی كردو پاشان لە سێدارەیاندا)، ئینجا تاڵەبانی وتی (لاریمان لەوە نیە بالیۆزی عێراق بێت‌و بەرگری لە حكومەتەكەی بكات، بەڵام نابێت ئەو خائینانە بەشداری بكەن، ئەگەر بێنە ژوورەوە، ئێمە هۆڵەكە چۆڵ دەكەین).

هەموو هەستانە سەرپێ‌و پشتگیری قسەكانی تاڵەبانیان كرد، دەستەی سەرۆكایەتی بڕیاریدا ئەوانە بەشداری كۆنگرە نەكەن، مایەپووچ‌و هیوابڕاو گەڕانەوە.

كۆنگرە دوو ڕۆژی خایاند، بوارێكی فراوان‌و هەلێكی گونجاوبوو نەك هەر بۆ یەكتر ناسینی بەشداربووانی هەموو پارچەكانی كوردستان، بەڵكو بۆ كوردە دانیشتوەكانی وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات‌و كەسایەتیەكان هەلێكی مەزن بوو، من ئەمەم بەهەل زانی‌و سڵاوی سەرۆك بارزانیم بە خاتوو مێتران گەیاندو لە بەشداری نەكردنی داوای لێبوردن دەكات، خوالێخۆش بوو عیسمەت شەریف تەرجومانی نێوانمان بوو.



www.mukiryani.com

زۆربەی بەندەکانی پرۆگرامی کۆنگرە پەیوەست بوو بە بـارودۆخی کـورد لە کوردستانی باشوور، ئەمەش لەبـەر خراپـی بـارودۆخی ئـەو پارچـەیەی کوردستان، لەکۆتایی شەڕی عێراق ئێران داو بەکارهێنانی گـازی ژەهـراوی لە هەڵەبجەو هەندێك جێگەی دیکە، هەروەها پرۆسەی ئەنفالـە بـەدناوەکان کە بووە هۆی لەناوبردنی هـەزاران کـەس و منـاڵی شـیرەخۆرەو ئافرەتیشـی گرتەوە، هەزاران گوند خاپور کران، هەزاران کەسیش یان بوونە پەنابەر لـە وڵاتانی دراوسێ یاخود خرانـە زینـدانو گرتوخانەوەکانـەوە یـا زیندەبەچـاڵ کران.

سەرەڕای ئەوەی، نوێنەرانی بەشـەکانی دیکـەی کوردسـتان، ڕۆشـناییان خستە سەر بەشەکانی دیکە، بەڵام لەبەر ئەو هۆیانەی کە بـاسمکرد بەشـی شێر بەر کوردستانی باشوور کـەوت، دەسـتەی سـەرۆکایەتی کـۆنگرە، بـێ ئەوەی ڕاوێژ بە حیزبە کوردیەکان بکات، وتاری حیزبە کوردیەکانی عێـراق لەلایەن دکتۆر مەحمود عەلی عوسمان خوێندرایـەوە، پاشـان بـەڕێز جـەلال تاڵەبانی وتارێکی خوێندەوە، لەگـەڵ دکتـۆر مـەحمود شـرۆڤەی بـارودۆخی باشوریان کردو ئەو ئێش و ئازارانەیان خستە ڕوو کە میللەتەکەمان تووشـی هاتووە.

بەڕاستی کۆنگرە میهرەجانێکی گەورەی کوردان بـوو، هـەروەها یـەکێك بوو لەو خزمەتە جوانانەی کە خاتوو دانیال مـیتران پێشـکەش بـە کـوردی کرد، کە قەت لەبیر ناچێتەوە، خوا لەو خاتوونە خۆش بێـت، کـە بەشـێکی گەورەی ژیانی بۆ خزمەتی چاك بە گەلی کورد تەرخان کرد.



www.mukiryani.com

# کێرڤی سەدام حوسێن دابەزی

شەڕی نێوان هەردوو ولاّتی دراوسێ (عێراق‌و کۆماری ئیسلامی ئێـران) کە تـازە درووسـت ببـوو، دوای ڕوخـانی فـەرمانڕەوایی (محەمـەد ڕەزا شـا پەهلەوی شای ئێران) کۆتایی هات، ئەو شەڕە کە هەشـت سـاڵی خایانـدو زیانی یەك ملیۆن قوربانی لە کوژراوو بریندارو پەککەوتە لە هەردوو ولاّت داو بانکەکانیان کە دەیان ملیار دۆلاری ئیراداتی نەوتی تێدابوو ئیفلاسـیان کرد، هەردوو ولاّت بەتایبەتی عێراق دەیان ملیۆن دۆلار قەرزی کەوتە سەر جگە لەو ملیارەهایەی وەك یارمەتی لە ولاّتە عەرەبییەکان وەریدەگرت.

سەدام حوسێن، لەو باوەڕەدابوو کە بەسەرکەوتوویی لەو شەڕەدا دەرچـێ، هەروەها لەو باوەڕەدابوو بەیەکجاری بزاڤی ڕزگـاریخوازی نەتـەوەیی کـوردی سەرکوت کردووە، بەمە خۆی هەڵدەکێشـاو لـە جـاران زیـاتر غـرور بـوو، حیسابی بۆ کەس نەکرد، چ ئەو ولاّتە عەرەبییانەی لە کاتی شـەڕدا هـەموو یارمەتیەکیانداو چ ئەو ولاّتە ڕۆژئاواییانەی کە بەنهێنی کۆمـەکیان کـردو سەرەڕای ئەوەی ئەنجومەنی ئاسایشی سەر بەنەتەوە یەکگرتووەکان بڕیاریـدا نابێت چەك بدرێت بەو دوو ولاّتە، بەلاّم ئەوان چاوپۆشیان لێکرد.

پەندێکی کۆنی کوردی هەیـە دەڵێـت: (هـەموو شـتێك لـە باریکیـدا دەشکێت، تەنیا مرۆڤ نەبێت کە لـە غروریـدا دەشـکێت) واتـە غـرور وای لێدەکات کەپوی بڵند بێت‌و خۆی بە گەورە بزانێت.



www.mukiryani.com

سەدام حوسێن وای هەست دەکرد تاکە هێزی گەورەی ناوچەکەیەو خاوەنی دووەم یان سێیەم سوپایە لە جیهاندا، ئەو بیرۆکە خەیاڵیانە لای بوبوون بە واقیع، ئەوانەی سەر بەو بوون، هەردەم پشتیان دەگرتو هانیاندەدا، جا چ لە ترسان یان ئەوەتا درکیان بە ڕاستی نەکردبوو، ئەوانەی بەرەنگاری دەبوونەوە چارەنووسیان گرتنو لەناوچوون بوو وەکو فەریق روکن (عەدنان خەیروڵلا تەلفاح) وەزیری بەرگریو خاڵۆزای، سەرەتای ساڵی ١٩٩٠، بەداوەتنامەی حکومەتی عێراق، ڕۆژنامەنووسان دەهاتنە عێراق تا سەردانی ئەو قەسرانە بکەن کە سەدام حوسێن لە هەموو لایەکی عێراقدا دروستی کردبوون، سەدام بانگەشەی ئەوەی دەکرد دوای شەڕ وڵات بنیات دەنێتەوە، لە نێوان ئەو ڕۆژنامەنووسانەدا لاوێکی بە ئەسڵ ئێرانی ناوی (بازۆفت) بوو لە بریتانیا دادەنیشتو مافی پەنابەری سیاسی پێدرابوو، لەوە دڵنیانیم ئاخۆ ڕەگەزنامەو پاسپۆرتی بەریتانی هەبوو یاخود بەڵگەنامەی سەفەری پەنابەران کە لە جیهاندا دانی پێدانراوە لابوو، بازۆفت لەگەڵ کۆمەڵێك ڕۆژنامەنووس هاتنە عێراق، دەسەڵاتدارانی عێراق دەستگیریان کردو تۆمەتی سیخوڕیان دایە پاڵ، حکومەتی بەریتانیا داوایکرد ئازادی بکەنو بیگەڕێننەوەو تەنانەت خاتوو (مارگرێت تاتچەر)ی سەرۆك وەزیرانی ئەوسا داوای ئازادکردنو گەڕاندنەوەی بۆ بەریتانیا کردو سەدام بەڵێنیشی پێدا، بەڵام ڕۆژی پاشتر لە سێدارەیاندا، سەدام بەوپەڕی غروور لووتبەرزیو گاڵتەجارییەوە وتی (داوایانکرد بیگەڕێنینەوە، بەڵێ لەناو دارەمەیت بۆمان ناردنەوە).

ئەو کارە چەپەڵە بووە مایەی نارەزایی کۆمەڵگەی بەریتانیو وڵاتانی جیهان بە گشتی، خاتوو تاتچەری سەرۆك وەزیران بەیەك قسە وتی: (ئەمە کارێکی بەربەریانە بوو).



www.mukiryani.com

بەجۆرە ولاّتانی ڕۆژئاوا، زیاتر گومانیان لە سەدام پەیـداکرد، گەیشـتنە ئەو قەناعەتەی کە تەنیا بەهێز لەناو دەبرێتو چـاوەڕێی هـەلی گونجاویـان دەکرد، خۆ بەزلزانینی سەدام زیادی کردو تا وادەکـەی هـات، داگیرکردنـی کوێت ئەو پوشکەیەبوو کە پشتی حوشـتری شـکاند، یـەکێك لـەو بزمـارە گەورانەی کە بەسەر جەستەی سەدام حوسێن کەوت، ئەوەبوو کە لە بەهاری ۱۹۹۰، لە کۆبونەوەیەکی ئاشکرادا ئامێرێکی گچکەی بەدەسـتەوە گـرتو بایدەداو هەڕەشەی لە ئیسرائیل دەکردو دەیگوت: (بە دوو سەرە لێی دەدەم)، نازانم مەبەستی گازی ژەهراوی بوو یا شتی دیکە.

بەجۆرە گومـانی ولاّتانی ڕۆژئاوا دەربارەی سـەدام حوسـێن زیـادی کـردو گەیشتنە ئەو بڕوایەی کە تەنیا بەهێز دەتوانن دەمکوتی بکەن، چـاوەڕوانی هەلی گونجاویان دەکرد، خۆبەزل زانینی سـەدام گەیشـتە ئـەو ڕادەیـەی کـە کوێتی داگیرکرد، ئەمەش عەرەب وتەنی (القشة التي قصمت ظهـر الـبعير) بوو.



www.mukiryani.com

# داگیرکردنی کوێت

چاوچنۆکی سەدام حوسێن بێ سنوور بوو، خۆی لە سەرووی بەشـەرو لـە ئاسـتی پەیامبەرانـەوە دەبینـی، هەلپەرسـتەکانی دەوروبـەری بۆیـان پـان دەکردەوە، سیفەتی ئەوهایان دەدایە پاڵ کە لە ئـادەمیزاد دا نییـە، ئـەویش بڕوای دەکردو زیاتر پێی هەڵدەخەڵەتا.

سـەدام، کۆشـكو باڵەخانـەی وای لەسەرانسـەری عێـراقو ناوچـە شاخاویەکاندا دروستکرد کـە هـەموو سـنورێکیان تێپەڕانـد، هـیچ مـیرو شازادەیەك نەیدەتوانی شان لە شانی بدات، خەزێنەی عێراق بەتاڵو لـەژێر قەرزدا دەینالاند، لە ئـەنجامی شـەڕی درێژخایـەن لەگـەڵ ئێرانـدا، ولاتـی نیمچە خاپوورو میللەت بەدەست گرانیەوە گیری خواردبوو، کەچـی ئـەویش پارەی تەخشانو پەخشان دەکرد، سەدام، بیری لە سەرچاوەیەکی دیکەی پـارە کردەوە، لەو بڕوایـەدابوو کـە بـەو سـوپا ملیـۆن سـەربازەی هـیچ هێزێـك لەناوچەکەو جیهاندا ناتوانێ ڕووبەڕووی بوەستێتەوە، لـە ڕاسـتیدا ژمـارەی سەربازەکانی نزیکەی یەك ملیـۆن دەبـوو، بـەلاٌم بایـەخی بـەجۆرو توانـاو لێهاتوویی نەدەدا.

ولاٌتـی کوێـت، بـەلای سـەدامەوە، پاروویـەك بـوو ئاسـان قـوت دەدرا، داهاتەکانی ئەو ولاٌتە هەندێك لە تەماعـەکانی دەهێنایـە دی، لـە هـزری نەخۆشیدا پلانی بۆ داگیرکردنی ئەو ولاٌتە گچکۆکە بێ وەیە دانا، ڕاوێژی بە وەزیری بەرگریو سوپاسالارەکەشـی نـەکرد، بـەڵکو لـە ڕادیـۆوە وەك هـەر



www.mukiryani.com

هاولاتیەك هەواڵەکەیان بیست، تاکە ڕاوێـژپێکراوی سـەدام لـەو کاتـەدا، عـەلی حەسـەن مەجیـدی ئـامۆزای (عـەلی کیمیـاوی) بـوو، کـە پێشـتر سەرپەرشتی بەکارهێنانی کیمیاوی هەڵەبجەو هەندێك ناوچەی کوردسـتانی کردبوو، هەروەها قوسەی کوڕیو هەندێك لە نزیکەکانی خۆی ئاگاداربوون.

ڕۆژی ٢ی ئابی ساڵی ١٩٩٠ هێزی میکـانیکیو هەلیکۆپتـەرو گـاردی کۆماری ڕوویان لە کوێت کـرد، لـەماوەی چـەند سـەعاتێکدا ئـەو وڵاتـە گچکەیان داگیرکرد، ئەو کارە سەرجەم جیهانی وروژاندو لەکۆتاییشدا سەری سەدام حوسێنو ڕژێمە دیکتاتۆریەکەی خوارد.

داگیرکردنی کوێت وەك وتم کاری لە ناوچەکەو جیهانو بەتایبەتی ئێمەی کوردیش کرد، پێشتر هەندێك لە سەرانی وڵاتانی عەرەبی خۆیان لـە ئێمـە دوور دەگرت، بەڵام پاشان لێمان نزیك بوونەوە، دەیانوت فشار بخەینـە سـەر ڕژێمو کاری لە دژدا بکەین، هەروەها وڵاتە زلهێزەکانیش وەهابوون، ڕژێمـی سەدام حوسێن سپڵە بوو، سەرەڕای ئەو یارمەتیانەی کـە کوێـت لـە کـاتی شەڕداو هەروەها ئەو هەموو پارەو قەرزانەی کە بە عێراقیدا، کەچی سـەدام بەو کارە دڕندانەیە پاداشتی دانەوە، بەڕاستی ئەو پەندەی بەسەردا دەسەپێت (اتق شر من أحسنت اليه).

شێخ جابر ئەحمەد ئالسەباحو خانەوادەکەی، لەدەست دڕنـدەکانی سـەدام ڕایانکرد، هێزە داگیرکەرەکان دەسـتیان بـەتاڵانو بـڕۆ کـرد، هـیچ کۆگـاو دوکانێكو ماڵێکیان نەهێشت، سەدام، عەلی کیمیـاوی ئـامۆزای کـرد بـە حـاکمی ڕەهـای کوێـت، ئـەویش لـە ڕێگـای تـاڵانو کوشـتنو بـڕینو دەستگیرکردنی خەڵکیدا، زۆربەی کـەلو پەلـەکانیان بەتایبـەتی ئەوانـەی کۆشکی میرو دوڕو گەوهەرو تەنانەت کەلوپەلی خواردەمەنیو کـوپی چـاو قاوە کـە وێنـەی میرنشـینیان لەسـەر کێشـرابوو، بـۆ عێـراق گواسـتەوە،



www.mukiryani.com

ئەنجومەنی ئاسایش چەندان کۆبونەوەی سازدا، چەندان بڕیاری سەبارەت بە عێراق دەرکرد، لەمانە سەپاندنی سزای ئابووریو جێبەجێ کردنی بەندی حەوتەم، کە بریتی بوو لە بەکارهێنانی هێز، ئەگەر بێتو بڕیارەکەی ئەنجومەنی ئاسایش (واتە یەکسەر لە کوێت بکشێتەوە) جێبەجێ نەکات.

ولاٚتە زلهێزەکان، بەتایبەتی ئەمەریکاو تەنانەت یەکێتی سۆڤیەتیش (بەر لە ڕوخانی بە سالێك) هەولیاندا سەدام ڕازی بکەن تا لە کوێت بکشێتەوە، بەلاٚم بێ سوودبوو، ئەمەریکاو زیاتر لە سی ولاٚتی دیکە (ولاٚتی عەرەبیشی تێدابوو) هێزیان نارده ناوچەکە لە سعودیەدا گردبوونەوە.

چەند جارێك، جێمس بێکەر وەزیری دەرەوەی ئەمەریکاو تاریق عەزیز جێگری سەرۆك وەزیرانو وەزیری دەرەوەی عێراق کۆبوونەوە تا سەدام ڕازی بکەن، بەلاٚم بێ سوودبوو.

دوای داگیرکردنی کوێت، پەیوەندی بە کوردەوە کرا، بەڕێز جەلال تالەبانی سەردانی ئەمەریکای کرد، لەکاتێکدا پێشتر بۆ کورد زەحمەت بوو ڤیزە وەرگرێت، ئەگەر بچووبایە ئەویش نەیدەتوانی لێپرسراوێکی ئەمریکی ببینێت، تالەبانی لەلایەن چەند لێپرسراوێکی وەزارەتی دەرەوەو چەند لایەنێکی فەرمی ئەمەریکاوە پێشوازی لێکرا، باسیان لە بارودۆخی عێراقو ڕۆلی کورد لە ڕووداوەکانی دواییدا کرد.

وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا چەند پەیوەندیەکی بە ئێمەوە (هوشیار زێباریو من) بەو سیفەتەی نوێنەرایەتی پارتیو سەرۆك مەسعود بارزانی دەکەین کرد، بەلای ئەوانەوە، دوای بەکارهێنانی هێز لەلایەن هاوپەیمانانەوە کورد یەکەمین بژارده بوو.

سزاکانی نەتەوەیەکگرتوەکان زیاتر بوونو فشاریان دەخستە سەر عێراق، ولاٚتانی ڕۆژئاوا، لەوانە بەریتانیا، کاری پێویستی زۆر توندیان دژ بە



www.mukiryani.com

باڵیۆزخانەکانی عێراق ئەنجامدا، لەمانە داخستنی باڵیۆزخانەو دەرکردنی باڵیۆزو دیبلۆماتکاران، هەروەها چاودێری کردنی جوولەو هەڵسوکەوتی هەر عێراقیەك، کە گومانی ئەوەیان لێکردبا سەر بە ڕژێمی عێراقە.

لەکۆتایی مانگی ئەیلول، یان سەرەتای تشرینی یەکەم (تەواو لەبیرم نەماوە)، وەزارەتی دەرەوەی فەرەنسا، داوەتنامەی ئاراستەی نوێنەرانی حیزبە سەرەکیەکانی کوردستان کرد، من لەکاتی دیاریکراودا سەفەرم کرد، بەڵگەنامەی سەفەری بەریتانی بۆ پەنابەرانم لابوو، کە گەیشتمە باڵەفڕخانەی شارڵ دیگۆل لە پاریس، کاتێك ئەفسەری پاسەپۆرت سەیری بەڵگەنامەی سەفەرەکەی کردم زانی من عێراقیم هیچ قسەی نەکرد، بیستەکی تەلەفۆنەکەی بەرزکردەوەو چەند قسەیەکی کرد کە من گوێم لێنەبوو، دوای چەند چرکەیەك، شەش پۆلیس دەوریان دام، چەند هەوڵمدا لە ئەفسەرەکە بگەیەنم کە من لەلایەن وەزارەتی دەرەوە داوەتکراوم، بەلاّم کەس قسەی نەکرد، بردمیانە ژوورێکی شووشەیی‌و وتیان لەسەر کورسیەك دابنیشە، پۆلیسێك لام مایەوەو ئەوانیتر چوونە دەرەوە، ویستم پێی بڵێم کە لە هۆڵی پێشوازیکەران چاوەڕێم دەکەن، بەلاّم پۆلیسەکە هیچ قسەی نەکرد، دوای نزیکەی نیو سەعات، لاوێك بە جل‌و بەرگی مەدەنی هاتە ژوورەوە، بە ئینگلیزی قسەی کرد، تێمگەیاند من نوێنەری سەرۆك مەسعود بارزانی‌و پارتیم، بە داوەتنامەی وەزارەتی دەرەوەی فەرەنسا هاتووم‌و سبەینێ کۆبوونەوەمان هەیە، کابرا چووە دەرەوەو دوای چارەکە سەعاتێك یەکێکی دیکە بەجل‌و بەرگی مەدەنی هاتە ژوورەوە، بەزەردەخەنەوە پاسەپۆرتەکەی بەدەستەوە گرتبوو، لەو لێك حاڵی نەبوونە داوای لێبوردنی کرد، تا دەرەوەی باڵەفڕخانە یاوەرم بوو، لەوێ شەهید جەعفەر گولی نوێنەری پارتی لە فەرەنساو هی دیکە چاوەڕێم بوون.



www.mukiryani.com

ڕۆژی پاشتر، لەگەڵ برایان: جەلال تالەبانی، شەهید سامی عەبدولرەحمان (هێشتا نەگەڕابۆوە ناو پارتی) هەندێك كەسی دیش لەگەڵ دكتۆر كەندال نەزان، چووینە وەزارەتی دەرەوەی فەرەنسا، لەگەڵ گەورە لێپرسراوێكی ئەو وەزارەتە كۆبووینەوە، باس لە بارودۆخی عێراقو ڕۆڵی كورد لە ئەگەری هەڵگیرسانی شەڕ لە نێوان هاوپەیمانانو هێزەكانی عێراقدا كرا، دوای ڕێككەوتن لەسەر هاوكاری، كۆبوونەوەكە تەواو بوو.

لەو ماوەیەدا ولاتانی هاوپەیمانو زۆربەی ولاتە عەرەبیەكان هێزو تفاقیان دەناردە سعودیە، ولاتە عەرەبیەكان بەیەكەی سەربازی گچكە بەشداربوون، لایەنی كوردی وای دەبینی، كە ئەمە هەلێكی مێژووییەو نابێت لە كیسی بدات، حیزبە كوردستانیەكان، بەتایبەتی هەردوو حیزبی سەرەكی (پارتیو یەكێتی) شەوو ڕۆژ بۆ لەدەستنەدانی ئەم هەلە كاریان دەكرد، لەهەمان كاتدا، بەرەی كوردستانی كە تازە دامەزرابوو خەریكی كۆبوونەوە بوو بۆ ئەگەری هەڵگیرسانی شەڕ پلانی دادەنا.

بەردەوام، لەلایەن هەندێك لە لێپرسراوانی ولاتە عەرەبیەكان بەتایبەتی دەوڵەتی كوێت، پەیوەندی بەسەرۆك مەسعود بارزانیەوە دەكرا، بەتایبەتی ئەو كەسایەتیە بەرپرسانەی كە پێشتر لە شەڕی ڕژێمی عێراق دژ بە گەلی كوردو بەكارهێنانی چەكی كیمیاوی لە هەڵەبجەو ئەنفالدا هەڵوێستی نەرێنیان هەبوو.

لەهەمان كاتداو سەرەڕای ئەم هەموو كارانە، پەیوەندی كردن بە سەدامەوە هەر بەردەوام بوو، بەتایبەتی دیدارەكانی نێوان جیمس بیكەر وەزیری دەرەوەی ئەمەریكاو تاریق عەزیز وەزیری دەرەوەی عێراق، تا سەدام ڕازی بكەن لە كوێت بكشێتەوە، سەرەڕای هەوڵی ولاتانو سەرۆكەكانیان، بەتایبەتی یەكێتی سۆڤیەت، (بریماكۆف)ی ناردە لای سەدام، بەلام ئەو هەر



www.mukiryani.com

ملهورِ بوو، نازانم مكورِبوونی سـەدام، كـەم درك كردنــی بــوو بـەوەی ئـەو هەموو كارانەی هاوپەیمانیان تەنیا لە سنوری هەرِەشـەدایە، یـاخود كـەپو بلّندیو باوەرِ بەخۆو سـوپاكەی بــوو، ئەگـەر ئامۆژگـاری ئـەوانی دیكـەی لەگوێ گرتبا، ئەو چارەنووسە رِەشـەی بـەردەم پـەتی سـێدارەی بـۆ خـۆیو دەسـتو پێوەنـدەكانی نـەدەبینی، سـەرەرِای ئەمانـە، مكورِبـوونی سـەدام بەچاكی بەلای گەلی عێراقو بەشێوەیەكی تایبەتیش بەلای گـەلی كـورد دا شكایەوە، چونكە هەلێكی دەگمەن بوو بـۆ رِزگـاربوون لـەو زولّمـەی ئـەو خوێنرِێژەو ئەو هەموو مەینەتیەی كە میللەت لەژێر دەستی ئەودا بینی.

پەیوەندی كردن بە ئێمەوە بەردەوام بــوو، هەنـدێك لـەو كەسـایەتیانەی دوای نسكۆی سالّی ١٩٧٥ پەیوەندیان پچرِاند، دووبـارە هاتنــەوە مەیـدان، تەنانەت ئەوانەی دەیانویست دەستكەوتی بازرگانی بەدەست بێنن، ئەوانیش هاتنە سەر خەت.

وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا، یەكێك لە بالّیۆزەكانی (جولیان واكەر) وەك هەلقەی پەیوەندی نێوان وەزارەتو ئۆپۆزسیۆنی عێراقـیو كـوردی تـەرخان كرد، واكەر پێشتر بالّیۆزی بـەریتانیا بـوو لـە ئیمـاراتو زمـانی عـەرەبی دەزانی.

لەرِۆژی یەكەمی داگیركردنی كوێت لـە ئـابی سـالّی ١٩٩٠، بـەرِێگای تەلەفزیۆنو هەروەها وێستگەی رِادیۆی بەریتانیا (BBC)یەوە، بلأوكـراوەی دەنگوباسمان دەبینیو دەبیست، سـەفینی كـورِم، ئەوانـەی لەسـەر شـریتی ڤیدیۆ تا رِزگـاركردنی كوێـت تۆمـاركرد، ئێسـتا نزیكـەی ١٠٠ شـریتی لەلایە، كە بریتین لـە ٣٠٠ سـەعاتی هەوالّـە وێنـەدارەكانی داگیركـردنو رِزگاركردنی كوێت.



www.mukiryani.com

منو کاك هوشیار زێباری له چالاکیو کۆبوونەوەی بەردەوامــدا بــووین، بەتایبەتی لەگەڵ ئەو لایەنانەی کە بەرژەوەندیان لەوەدابوو هاوکارمان بــن، بەردەوام پەیوەندیمان بەسەرۆك بارزانییــەوە دەکــردو زانیاریمــان دەگۆڕیــەوە، زانیمــان کــه بــەرەی کوردســتانی لــەکاتی هێرشــی هاوپەیمانانــدا، خــۆی ئامادەکردووە، هەموو ئێوارەیەك گوێمــان لــه دەنگوبــاس دەگــرتو لــەخوا دەپاڕاینەوە سەدام پەشیمان نەبێتەوەو چاوەڕێی سەعاتی سفر بکات.

لەکۆتایی مانگی کانونی یەکەمی ساڵی ۱۹۹۰، خوالێخۆشــبوو عــەلی فەتاح دزەیی ئامۆزام، لە بەغداوە تەلەفۆنی بۆکردم بە یەك قسە وتی: (تــا ئێستا تەمو مژ بەری ئاسمانی گرتووە، بەسەبرەوە چــاوەڕێی بــارانین، چــونکە زۆر پێویستیمان پێیەتی)، زانیم مەبەســتی چــیە، منــیش پێمــوت (بێــزار مەبە، خوا حەز بکات بەم زووانە دەبارێت).



www.mukiryani.com

# سەعاتی سفرو پرۆسەی ڕزگارکردنی کوێت

هێــزە هاوپەیمانــەکان، دوای گردبوونــەوەیان، نیــوەی مــانگی کــانونی دووەمیان دەستنیشان کرد تا سەدام لەکوێت بکشێتەوەو ئاگاداریان کــردەوە ئەگەر وانەکات ئەوا بــە گــوێرەی بەنــدی حەوتــەم لــە بڕیــاری ئەنجومــەنی ئاسایشی سەر بە نەتەوەیەکگرتوەکان هێز بەکاردێنن، ژەنەڕاڵی ئەمــەریکی (شوارزکۆف) سەرکردایەتی هێزی هاوپەیمانانی دەکرد، شــەوان تــا درەنــگ گوێم لە هەواڵی تایبەت بەدوا پەرەسەندنەکان دەگرت.

شەوی ١٦/١/١٩٩١، دوای نیوەشەو بەرامبەر تەلەفزیۆن دانیشتبوومو سەیری هەواڵی ناوچەکەم دەکــرد، بینــیم مووشــەكو تــۆپ بەســەر بەغــدا دادەبارنو پرۆسەی هاوپەیمانان دەستی پێکرد، زەنگی تەلەفۆن لێیداو کــاك هوشیار زێباری لەسەر خەت بوو، هاواری دەکردو هوتافی دەکێشا کە کــردە سەربازیەکە دەستی پێکرد، وتم منیش ئاگادارم.

هێرشی هاوپەیمانان لە وشکاییو ئاسمــانیو دەریــادا بــەردەوام بــوو بــێ ئەوەی هیچ بەرگریەك هەبێت جگە لەچــەند مووشــەکێك کــە کاریگــەریان نەبوو لەلایەن عێراقەوە ئاراستەی ئیسرائیلو شاری ریاز لە سعودیە کرا.

موشــەکەکان، لــە کەشــتیگەلی ئەمــەریکی لــە کەنــداو ئاراســتەی ئامانجەکانیان دەکراو بە وردی دەیان پێکان، هێزەکانی وشکایی لە سعودیە بە دوو ئاراستە بەرەو کوێت کشان، بەشێکی دیکەیان بۆ ناو خاکی عێــراق دزەیان کرد، هێزەکانی عێراق بەخێرایی ورەیان ڕووخا، بێ هــیچ بەرگریــەك



www.mukiryani.com

بەسەدانو هەزاران تەسلیم بە هێزەکانی هاوپەیمانان دەبوون، سەربازەکان بەدەست برسێتیو تێنوێتی دەیانناڵاند، لە تەلەفزیۆن، دیمەنێکی پێکەنیناویم بینی، هەندێك ڕۆژنامەنووسی بیانی، بە ئۆتۆمبێلی سەربازی لەناو خاکی کوێتدا دەسوڕانەوە، تووشی هەندێك سەربازی عێراقی هاتن، سەربازەکان ئاڵای سپیان بەرز کردبۆوەو دەیانویست تەسلیم ببن، ڕۆژنامەنووسەکان وتیان ئێمە ڕۆژنامەنووسینو سەرباز نین، بەڵام عێراقیەکان لەسەر تەسلیم بوون مکوڕ بوون.

هێزەکانی عێراق، بەدەبابەو زرێپۆشەوە بەرەو عێراق ڕایان دەکرد، لەو کاتەدا هێزەکانی هاوپەیمانان بە فڕۆکە بۆردومانیان کردنو ژمارەیەکی کەمیان ڕزگاریان بوو، ڕێگای نێوان عێراق- کوێت، سەدان ئامێری سەربازی سووتاوو پەککەوتوویان لێکەوتبوو کە لە ئەنجامی بۆردوماندا خاپوور ببونو شوێنەکە ببووە گۆڕستانی ئەو ئامێرانە.

لەکوێتدا، کاتێك هێزەکانی هاوپەیمانان نزیك بوونەوە زۆربەی هێزە عێراقیەکان تەسلیمیان بوونو هەندێکیشیان بەرەو سنوور ڕایان دەکرد، ڕووخاوو ماندووبوونو نەفرەتیان لەو بارودۆخەو ئەوانە دەکرد کە ڕەوانەی ئەو دۆزەخەیان کردن.

لە تەلەفزیۆندا ئەفسەرێکی عێراقی بە پلەی (موقەدەم روکن)م بینی، کوژرابوو کە دەیویست بە ئۆتۆمبێلێکی دزراوی کوێتی ڕابکات، قاچێکی لەناو ئۆتۆمبێلەکەو قاچێکی دیکەی بەدەرەوە بوو، بەجۆرە هێزەکانی عێراق بڵاوەیان پێکرا، ئەو هێزەی سەدام شانازی پێدەکرد لەچەند دەقیقەیەکدا وەك خانووچۆلەی منداڵان خاپوور بوو.

ئەو یەکە سەربازیانەی هاوپەیمانان کە چوونە ناو خاکی عێراقەوە هیچ بەرگریەکیان نەبینی، گەیشتنە شاری ناسریەو خێمەیان هەڵداو ڕاوەستان،



www.mukiryani.com

لەوێ خەڵکەکە پێشوازیان لێکردن‌و لەو باوەڕەدابوون ئەو سوپایە لەدەست جەورو ستەمی دیکتاتۆریەتی سەدام ڕزگاری کردوون، ئەو هێزەی هاوپەیمانان ئەگەر بەردەوام بوونایە لەماوەی دوو سێ ڕۆژدا بە ئاسانی دەگەیشتنە بەغدا، سەدام‌و داروودەستەکەی خۆیان بۆ ڕاکردن ئامادەکردبوو، بەڵام وەستانی شەڕ ڕزگاری کردن.

لە ١٩٩١/٣/٤، کوێت بەتەواوی ڕزگارکراو یەك سەربازی عێراقی تێدا نەما، (جۆرج بۆش)ی باوك سەرۆکی ئەمەریکا بەهەنجەتی ئەوەی بڕیاری نەتەوەیەکگرتوەکان تەنیا بۆ ڕزگارکردنی کوێت بوو، فەرمانی ڕاوەستانی شەڕیدا، جەنەڕاڵ شوارزکۆف ڕایگەیاند کە بە نیاز بوو لە هێرشەکەی بەردەوام بێت‌و بە ئاسانی دەگەیشتە بەغدا، بەڵام فەرمانی پێدرا کە شەڕ ڕاوەستاوە.

هێزە ڕوخاوەکەی عێراق، لەکاتی کشانەوەیاندا گەیشتنە بەسرەو شێتانە تەقەیان دەکرد، هەندێك ئەفسەرو سەرباز تەقەیان لە پەیکەرێکی سەدام کردو جەماوەر ڕژانە سەر شەقام، لە ناسریە هێزە هاوپەیمانەکان لەوێ بوون جەماوەر ڕاپەڕین‌و بارەگای ئەمن‌و ئیستیخبارات‌و بەعسیەکانیان داگیرکرد، ئەمە سەرەتای ڕاپەڕینی شارەکانی باشوور بوو، گەیشتە شارەکانی دیکەش.

لە کوردستانیش، هێزەکانی بەرەی کوردستانی، بەڕابەرایەتی سەرۆك مەسعود بارزانی‌و لەگەڵ نەوشیروان مستەفا، دەستبەکاربوون، لە ڕانیەوە لە ١٩٩١/٣/٥و بەیارمەتی جەماوەرو دوای بەرگریەکی کەم توانیان ڕزگاری بکەن، ئەمە دەستپێکی ڕاپەڕینی میللەتەکەمان بوو لە کوردستانی باشوور.



www.mukiryani.com

## سەفەری توركیا

توركیا وڵاتێكی گرنگە، بە درێژایی ٣٠٠ كم سنورەكەی لەگەڵ كوردستانی باكور درێژ بۆتەوە، واتە بە درێژایی سنوری كوردستانی باشوور، كوردستانی باكوور بە توركیاوە لكێنراوە كە بەشە هەرە گەورەكەی چوار پارچە دابەشكراوەكەی كوردستانە بەسەر ئێرانو – توركیاو – عێراقو – سوریەو ژمارەی دانیشتوانیشی لەهەموو پارچەكان زیاترە.

لەسەرجەم ناوچە سنوریەكانی كوردستاندا، عەشایر یاخود خانەوادە هەن لەهەردوو بەرەی سنوردا نیشتەجێن، سنوری توركیا ناوچەیەكی شاخاوی عاسێیەو بە ئاسانیو بەشێوەیەكی تەواو كۆنترۆڵ ناكرێت، خەڵكی ناوچە سنوریەكان تێكەڵاوی یەكترنو كاری بازرگانیو ئاڵوویر دەكەن، هەروەها بۆ كوردە دانیشتوەكانی ناوچە سنوریەكان بەنیسبەت سەرجەم بەشەكانی كوردستانەوە كارێكی ئاسان بوو كە بێنە ڕێزی شۆڕشی كوردانی كوردستانی باشوور.

سیاسەتی بارزانی نەمرو شۆڕشی ئەیلولو پاشان شۆڕشی گوڵانو هەروەها سیاسەتی حیزبە كوردستانیەكانی دیكەش لەدوای نسكۆی شۆڕشی ئەیلول ئەوە بوو كە خۆ بەدوور بگرن لەهەر گیروگرفتێك لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ، لەو ماوەیەدا هیچ گیروگرفتێك بە تایبەتی لەگەڵ توركیا ڕوی نەدا.



www.mukiryani.com

لەکاتی شۆڕشی ئەیلولو گولاَندا، لەسەر ئاستی لێپرسراوانی ناوچە سنوریەکانو هەندێك ناوچەدا، پەیوەندی نافەرمیو رانەگەینراو لەنێوان تورکیاو ئێمەدا هەبوو، وەك لەبەشی دووەمی کتێبەکەمدا باسمکردوون منو هەڤاڵی خوالێخۆشبووم نافیز جەلال، ئەو کاتەی ئەندامی لێژنەی باڵای ئاشتی بووین لە سەردەمی خوالێخۆشبوو سەرۆك عەبدولڕەحمان عارف داو ئەو کاتەش لە (٢٩)ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٦ ئاگربەست لەنێوان شۆڕشی کوردو حکومەتدا هەبووو بەرێککەوتننامەی بەزاز ناسراوە، بەڵێ لەوکاتەدا لە بەغدا چاومان بە باڵیۆزی تورکی کەوتو ئارەزووی پەیوەندی دۆستانەمان لەگەڵ تورکیا پیشاندا، باڵیۆز بەڵێنی هیچی نەدا تەنیا ئەوە نەبێت کە ئەم زانیارییە بگەیەنێتە حکومەتەکەی، هیچ وەرامێکمان دەست نەکەوت.

دوای ئەوەی بەعس هاتە سەر حوکم، ئەو کەسەیان دەستگیرکرد کە لەماڵەکەی خۆیدا دیدارەکەی لەگەڵ باڵیۆزی تورکیا بۆ ڕێکخستین، ئەو کەسە ناوی بەهادین قۆجەوە بووو خەڵکی کەرکووك بوو، بۆ هەتاهەتایە حوکم دراو لە بەندیخانەدا مرد، برایە گەورەکەشی کە ناوی عیزەدین بووو دیدارەکەی بۆ ڕێکخستین، توانی رابکاتو خۆی بگەیەنێتە ڕێزی شۆڕشی کوردو پاشان چووە ئێرانو ئینجا بەریتانیا، نازانم ئێستا ماوە یان نا.

هەروەها، هەر لە بەشی دووەمی ئەم کتێبەدا، باسی ئەوەم کردووە کە لەگەڵ برایان بابەکر زێباری (سەرۆك ئەرکانی ئێستای سوپای عێراق)و عومەر عوسمان مێرگەسۆریو دکتۆر سەعید ئەحمەد، چاومان بە هەندێك لێپرسراوی خوجێی تورك کەوت لە ئەنقەرەوەش هاتبوونە سەر سنوورو لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٨٨ یەکترمان بینی، ئەمە یەکەم دیدار بوو لەو ئاستەداو زۆر باشو بەسوودیش بوو.



www.mukiryani.com

دەگەڕێمەوە سەر بابەتی سەفەری تورکیاو دەستپێکردنی پەیوەندی فەرمیی و راگەیەندراو، دوای ئەوەی خوالێخۆشبوو تۆرگۆت ئۆزاڵ بوو بە سەرۆك وەزیران و پاشانیش بوو بە سەرۆکی کۆماری تورکیا، بارودۆخەکە لە پیشان زیاتر بۆ پەیوەندی دۆستانە لەباربوو، ساڵی ١٩٨٨ کاتێك هێزەکانی عێراق چەکی کیمیاویان دژ بە دانیشتووانی هەندێك ناوچەی سەر بە پارێزگای دهۆك بەکارهێنا، خەڵکەکە ئەوەی توانی خۆیان رزگارکردو روویان لە تورکیا کرد تورکیاش سنووری بۆ کردنەوە، هەزاران کورد روویان لەوێ کردو نزیکەی چوار ساڵ لەناو خێمەدا ژیانیان بەسەربرد.

دوای داگیرکردنی کوێت، نازانم کۆتایی ساڵی ١٩٩٠ یان سەرەتای ساڵی ١٩٩١ بوو، بەڕێز کامەران قەرەداغی بە مەبەستی چاوپێکەوتنێکی رۆژنامەوانی لەگەڵ سەرۆك تۆرگۆت ئۆزاڵ سەردانی تورکیای کرد، کامەران ئەو کاتە لە رۆژنامەی ((الحياة)) کە لە لەندەن دەردەچوو کاری دەکرد، لە میانی چاوپێکەوتنەکەدا کاتێك بارودۆخی کوردستانی عێراق هاتە ناو باسەوە، کامەران قەرەداغی پێشنیازی کرد کە راستەوخۆ پەیوەندی بە بەڕێزان مەسعوود بارزانیی و جەلال تاڵەبانییەوە بکرێت، ئۆزاڵ ئەمەی بە هەند وەرگرت و رۆژنامەنووسی ناودار جەنگیز چانداری ناردە لەندەن، چاندار لەماڵی دکتۆر ئەحمەد چەلەبی بە ئامادەبوونی بەڕێز جەلال تاڵەبانیی و دکتۆر لەتیف رەشیدی یاوەریی و بەندەو دکتۆر هوشیار زێباریی و دکتۆر چەلەبی لەگەڵ ئێمە کۆبۆوە.

((لە وتارێکدا، کە لە رۆژنامەی (خەبات)دا بڵاوم کردۆوە، وتبووم کە بەڕێز کامەران قەرەداغی لەو کۆبوونەوەیەدا ئامادەبوو، دیارکەوت من بە هەڵەدا چووبووم، لەبەرئەوەی بیست ساڵ بەسەر ئەو بەروارەدا تێپەڕیوە،



www.mukiryani.com

کامەران لەوتارێکدا ئەو بەسەهووچوونەی بۆ راست کردمەوە کە لەو کۆبوونەوەیەدا بەشداری نەکردووە)).

لە کۆبوونەوەکەدا، چاندار ئارەزووی بەڕێز ئۆزاڵو حکومەتی تورکیای لە پەیوەندی راستەوخۆ لەگەڵ کوردی عێراقو چاوپێکەوتن لەگەڵ بارزانیو تاڵەبانی پیشاندا، چاندار وتی ئەمە لە بەرژەوەندی هەردوولایە، ئێمەش پێشوازیمان لەو بیرۆکەیەکردو ئامادەگی خۆمان بۆ سەفەری تورکیا پیشاندا.

پێش تەواوبوونی کۆبوونەوەکە، کاك هوشیار زێباری لەبەر کارێکی تایبەتو ژوانێکی دیکە کۆبوونەوەکەی جێهێشت، بەندەو بەڕێزان تاڵەبانیو دکتۆر لەتیف رەشیدو ئەحمەد چەلەبی ماینەوە، بینیمان سیاسەتی تورکیا گۆڕانکاریەکی بەرچاوی بەسەردا هاتووە، دوای شرۆڤەکردنی بابەتەکە لەگەڵ بەڕێز تاڵەبانی گەیشتینە قەناعەتی تەواو کە وەرامی ئەو پێشنیازەی سەرۆکی تورکیا بدەینەوەو ئەو هەلە لەکیس نەدەین.

سەرجەم ئەو پەرەسەندنو وردەکاریانەم گەیاندە سەرۆك بارزانی، بەڕێزیان زۆر بە گەرمی پێشوازی لەم پەرەسەندنە چاوەڕوان نەکراوە کرد، ئیتر هیچ کەسێك لە کوردستانی عێراق جورئەتی نەدەکرد بە ئاشکرا لە سنووری تورکیا نزیك بێتەوە تەنیا لە چەند حاڵەتێکی دەگمەندا نەبێت، ئێستاش سەرۆکی تورکیا ئامادەیە راستەوخۆ سەرانی کورد ببینێت.

لەنیوەی دووەمی مانگی شوباتی ساڵی ١٩٩١دا بووین، شەڕی کوێت زۆر گەرم بوو، هێزەکانی عێراق بێ هیچ بەرگریەك گورز لەدوای گورزیان بەردەکەوت، هێزی هاوپەیمانان بۆ پاککردنەوەی کوێت لە پاشماوەی هێزەکانی عێراق لە پێشڕەویدا بوون، سەرۆك بارزانی، سەرقاڵی ئامادەکردنی هێزەکانی بەرەی کوردستانی بوو تا هێرش ببەنە سەر هێزەکانی عێراق لە کوردستانو پاککردنەوەی سەرجەم ناوچەکان لەو



www.mukiryani.com

هێزانە لەکاتی هەرەسهێنانیاندا، سەرۆك بارزانی هەرچەندە پاڵپشتی ئەو دەستپێشخەریەی سەرۆك ئۆزاڵی دەکرد، بەڵام لەو بارودۆخەدا نەیدەیتوانی کوردستان جێ بهێڵێت، داوای لێکردم لەکاتی گەیشتنی داوەتنامە نوێنەرایەتی بەڕێزیان بکەم، هەروەها داوای لێکردم بە نوێنەرایەتی بەڕێزیان سەردانی سوریاو لوبنان بکەم تا لە کۆنگرەی ئۆپۆزسیۆنی عێراقیدا بەشداربم، بڕیار وابوو کۆبوونەوە کە لە ١٩٩١/٣/١١ لە بەیروت ساز بدرێت، داوای سەرکەوتنی لە کارەکانیان بۆ کردنو خۆم ئامادەکرد.

سەرەتای مانگی ئادار بەڕێز کامەران قەرەداغی تەلەفۆنی بۆ کردم ((دەڵێم بەڕێز قەرەداغی بوو نەوەك جاری پێشوو بەسەهوودا چووبم))، قەرەداغی وتی رۆژی ٨ی ئادار پێشوازیمان دەکەن، بەڕێز تاڵەبانی سەردانی سوریای کرد تا لە کوردستان نزیك بێتو لە بەیروتیش بەشداری لە کۆنگرەی ئۆپۆزسیۆندا بکات.

رۆژی ٤ی مانگی ئادار، سەرۆك ((جۆرج بوش))ی باوك پرۆسەی رزگارکردنی کویتو کۆتایی شەڕی راگەیاند، داوای لە خەڵکی عێراق کرد راپەڕنو حوکمی دکتاتۆری سەدام بڕوخێنن، داوای لە هێزەکانیش کرد لە پێشڕەوی بوەستنو لە ناسریە راوەستان، لە باشوور راپەڕینی گەلی عێراق دەستیپێکردو بەشێوەیەکی سەرەکی حیزبە ئیسلامیەکان کە بارەگاکانیان لە ئێران بوو سەرکردایەتیان دەکرد، لە کوردستانیش هێزەکانی بەرەی کوردستانیو بە یارمەتی جەماوەر لە ٥ی مانگی ئادار رانیەیان رزگارکردو راپەڕینی پیرۆز دەستیپێکردو سەرجەم کوردستانی گرتەوە.

لە ١٩٩١/٣/٨ بلیتی سەفەری تورکیام بڕی، کۆمپانیاکانی باڵەفڕەوانی عادەتیان وایە تا ڤیزای وڵاتەکە وەرنەگریت بلیتی سەفەرت



www.mukiryani.com

نادەنێ، دیاربوو بە نیسبەت سەفەری منەوە ڕێنماییان پێگەیشتبوو، ڕۆژی دیاریکراو چوومە باڵەفڕخانەی هیترۆ تا بچمە تورکیاو پاشان بچمە بەیروتو بە نوێنەرایەتی سەرۆك بارزانی بەشداری لە کۆنگرەی ئۆپۆزسیۆندا بکەم کە بڕیار وابوو لە ١١/٣/١٩٩١ ساز بدرێت، کاتێك چوومە باڵەخانەی هێڵی ئاسمانی تورکیاو بلیتی سەفەرو بەڵگەنامەی تایبەتی سەفەر Travel Dicoment م پیشان دان جۆرێك لە نیگەرانی دایگرتم، فەرمانبەری بەرپرس بەڕووی خۆشەوە پێشوازی کردمو بەخێری هێنامو وتی ئێوە میوانی سەرۆك کۆمارن، نیگەرانییەکەم نەماو دوای ئەنجامدانی کاری پێویست لە شوێنی پلە یەك جێگایان بۆ کردمەوە ئەگەرچی بلیتی پلەی ئابووری (نمرە دوو)م بڕیبوو، کە باڵەفڕەکە فڕی بینیم لە نێوان سەرنشینانی پلە یەکدا بەڕێز (بلێند ئەجەوید)ی سەرۆك وەزیرانی پێشوی تورکیاو هاوسەرەکەی دانیشتبوون. دوای ماوەیەك ئەجەوید لە شوێنی خۆی هەستاو چووە تەوالێت، کە گەڕایەوەو بەر لەوەی لە شوێنی خۆی دابنیشێت، لێی چوومە پێشو بە ئینگلیزی قسەمان کرد، دوای چاكو چۆنی وتم سەر بە ئۆپۆزسیۆنی عێراقیمو دەچمە بەیروت تا بەشداری لە کۆنگرەیەکدا بکەم، هەروەها نەموت کوردمو بە داوەتنامەی سەرۆك کۆمار دەچمە تورکیا، چونکە دەمزانی هەڵوێستی ئەجەوید چۆنەو دژ بە هەموو جۆرە پەیوەندییەکی نێوان کوردو حکومەتی تورکیایە، وتی با دانیشین، لەسەر دوو کورسی بەتاڵ دانیشتین، پرسیاری بارودۆخی عێراقی کرد، وتم گەلی عێراق بە عەرەبو کوردەوە دژ بە ڕژێمی دیکتاتۆری راپەڕیونو کۆنگرەی بەیروت سەرجەم لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن بەخۆوە دەگرن، تا هەماهەنگی بکەنو لە راپەڕین بەردەوام بن، ئەجەوید وتی سەدام لە گرتنی کوێت هەڵەبوو، چەند ئامۆژگاریم کردو وتم بکشێتەوە بەلاَم گوێی لە ئامۆژگاری



www.mukiryani.com

برادەرەکانی نەگرت، لە قسەکانیدا بەدیارکەوت تا ئەوکاتە لەگەڵ سەدام هاوسۆزبوو و بۆ چارونووسی ئەو داخی هەڵڕشت، پاشان چووە شوێنی خۆیو منیش گەڕامەوە شوێنی خۆم.

باڵەفڕەکە گەیشتە ئەستەمبوڵ، کە دابەزیم بینیم کەسێك لە دەروازەکەدا چاوەڕێم دەکات دوای بەخێرهێنان بە شێوەزاری کوردی باکور قسەی کرد، بە ترۆمبێلێکی تایبەت چووینە هۆڵی پێشوازی، پاسپۆرتو پلێتەکەی برد، دوای نیو سەعات گەڕایەوەو پلێتی سەفەری ئەنکەرەی بۆ هێنامو وتی کاروباری سەفەرەکەم تەواو کردووەو تا ئەنکەرە یاوەرم دەبێت، دوای سەعاتێك فڕین گەیشتینە ئەنکەرە.

دوای ئەوەی جانتاکەم وەرگرتەوە لە باڵەفڕخانە دەرچووینو ئۆتۆمبێلێك چاوەڕێی دەکردین، بردمیانە شوێنی تەرخانکراو، لام وایە خانووی میوانداری سەر بە دەزگای ئەمن بوو، زانیم ڕۆژی پاشترو دوای نیوەڕۆ بەڕێز جەلال تاڵەبانیش دەگات.

دوای گەیشتنی تاڵەبانی، ئێوارەی ڕۆژی ٩/٣/١٩٩١ گەڕی یەکەمی کۆبوونەوەمان دەستپێکرد، لایەنی تورکی وەکیلی وەزارەتی دەرەوە لە تورکیا پێی دەڵێن ڕاوێژکار، سەرۆکایەتی دەکرد، ئەو پیاوە لەکۆتایی چلەکانی تەمەنی دابوو، کەسێکی بەڕەوشتو ڕووخۆش بوو ناوی (ئوزچیری) بوو، هەروەها (جەنگ دوعا تەپە)ش ئامادەبوو، ناوبراو دوایی بووە برادەرمانو نزیکەی دوو ساڵ لەمەوبەر کۆچی دوایی کرد (خوا لێی خۆش بێت)، هەروەها ژمارەیەك بەرپرسی سوپاو ئەمنو هەواڵگریش ئامادەبوون، یەکێك لەوانەی کە لە کۆبوونەوەکە ئامادەبوو حوزەیرانی ساڵی ١٩٨٨ لە سنوور بەشداری کۆبوونەوەکەمانی کرد، لایەنی ئێمەش تەنیا بەڕێز تاڵەبانیو من ئامادەبووین کۆبوونەوەکە بە بەخێرهێنانو پیشاندانی ئارەزووی هەردوو



www.mukiryani.com

لایەن بە دروستکردنی پەیوەندیو هاوکاری یەکتر دەستیپێکرد، هەواڵەکانی ڕاپەڕینمان پێدەگەیشت، بێگومان حکومەتی تورکیا ئاگاداری ڕووداوەکانی سەر سنوری نێوان عێراقو کوردستان بوو، ڕاپەڕین وەك بڵێی ئاگر لە پووش بەربووبێت ئەوها گڵپەی سەندبوو، شارەکانی کوردستان یەك لەدوای یەك بە ئاسانی ئازاد دەکران، هێزەکانی عێراق بە ئاسانی خۆیان بەدەستەوە دەدا لە فەیلەقی پێنج، ژمارەیان لە نۆهەت هەزار سەرباز زیاتربوو، ئەمە بووە هۆی بەهێزبوونی هەڵوێستمان بەرامبەر بەرپرسانی تورکیا.

گەڕی یەکەمی وتووێژەکان، لە کەشو هەوایەکی دۆستانەدا بەڕێوەچوو، پاشان قسە هاتە سەر بابەتی پارتی کرێکارانی کوردستان، لام وایە ئەمە مەبەستی سەرەکی لایەنی تورکی بوو، لە قسەکانیاندا بەدیارکەوت کە دەیانویست بزانن ئاخۆ پەیوەندیمان لەگەڵ pkkدا هەیەو دەتوانین کاریان لێ بکەین، بۆم روون کردنەوە کە وەك پارتی پەیوەندیمان لەگەڵیاندا نییە، لەسەرەتای دامەزراندنیان وەك حیزبێکی سیاسی زۆر یارمەتیمان دان، بەڵام دوای ئەوەی بوونە خاوەن هێز دەستیان بە دژایەتی ئێمە کردو ساڵی ١٩٨٦ پەیوەندییەکانمان پچڕاند، بەڕێز تاڵەبانیش وتی: دەتوانێت قسەیان لەگەڵدا بکاتو داوا بکات ئاگربەست رابگەیەننو چارەسەرییەکی ئاشتیانە بۆ کێشەکە بدۆزنەوە.

دوای کۆتایی هاتنی گەڕی یەکەمی کۆبوونەوەکە، یەکێك لە لێپرساوان بە ئۆتۆمبێلێکی تایبەت بووە یاوەرمان تا بەئەنکەرەدا بسوڕێینەوەو سەردانی چەند شوێنەوارێك بکەین، ئەو لێپرساوە هەمان ئەو کەسە بوو کە لە ئەستەنبول پێشوازی کردین، کورد بوو و بەزمانی کوردی قسەی دەکرد وەك پێشتر باسمکرد.



www.mukiryani.com

هەردوای کۆبوونەوەکە، بەڕێز تاڵەبانی پەیوەندی بە (ئەریك ڕۆلـۆ)ەوە کردو پێی وت ئێمە لە ئەنکەرەین، ڕۆلۆ باڵیۆزی فەرەنسا بوو لە ئەنکەرەو بۆ فراڤێن داوەتی ماڵی خۆی کردین، ناوبراو سەرنووسەری ڕۆژنامەی بەناوبانگی فەرەنسی لۆمۆند بوو، پێشتر چەند جارێك سەردانی کوردستانی کردبوو و چاوی بە بارزانی نەمر کەوتبوو، زمانی عەرەبی دەزانیو لە کاروباری کورد بەشێوەیەکی گشتیش لەهی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست شارەزابوو.

ڕۆژی دواییو کاتی نیوەڕۆ، داوامان لە لێپرسراوان کرد بمانبەنە باڵیۆزخانەی فەرەنسا، دیاربوو ئەمەیان لەلا خۆش نەبوو، بەلاَم ڕێیان لێ نەگرتینو وتیان لەکاتی ئێستا حەزمان نەدەکرد ئەو سەردانە ئاشکرا بێتو بەلاَم ئارەزووی خۆتانە.

چووینە ماڵی باڵیۆزی فەرەنساو زۆری بەخێرهێناین، پێشتر هەردووکمانی دەناسی، ئامادەبوونمان لە ئەنکەرەو بەم شێوەیە مایەی سەرسوڕمانو نکاوێك بوو بۆ ئەو، باسی وردەکاری ئەو سەردانەو هەروەها بارودۆخی کوردستانو ڕاپەڕینو کۆنگرەی ئۆپۆزسیۆن کە بڕیار بوو دوای دوو سێ ڕۆژ لە بەیروت ساز بدرێت بۆ (ئەریك ڕۆلۆ) کرد، وتی ئەمە پەرەسەندنێکی گەورەو سەیرە لە هەڵوێستی تورکیاو داوای کرد ئەم پەیوەندیە بەردەوام بێت، پرسیارێکی ئاراستەکردم وتی بارزانی لەو سەردانە ئاگادارە؟ وتم : بەڵێو من بەنوێنەرایەتی بەڕێزیان هاتووم چونکە ئەو ئێستا سەرقاڵی سەرکردایەتیکردنی ڕاپەڕینە، فراڤینمان خواردو دوای هەندێك وتووێژ گەڕاینەوە شوێنی حەوانەوەمان.

عەسری ڕۆژی ١٠/٣/١٩٩١، کۆبوونەوەیەکی دیکەمان سازداو لەکەش‌و هەوایەکی برادەرانەدا هەردوولا ئارەزووی خۆمان بە بەردەوامبوونی ئەو پەیوەندییەو هاوکاریەو بەردەوامبوونی پیشاندا، بەنیسبەت فیدراڵی



www.mukiryani.com

یان کۆنفدرالیەت لەگەڵ تورکیا کە بەڕێز تاڵەبانی پێشنیازی کـرد وتیـان ئەمەمان خستۆتە بەردەم سەرۆك کۆمار بەلاّم ڕازی نەبوو، سـلاّوی سـەرۆك کۆماری پـێ ڕاگەیانـدین و وتـی لەسـەردانەکەی داهـاتوودا چـاوی پێمـان دەکەوێت، بـەجۆرە کۆبوونـەوەکان کۆتاییـان هـات و بـەهیوای ئـەوەی لـە ئایندەیەکی نزیکدا یەکتر ببینینەوە، ویسـتمان بچـینە سـوریاو لەوێشـەوە بچینە بەیروت تا لە کۆنگرەی ئۆپۆزسیۆندا ئامـادەبین، لەبەرئـەوەی هێڵـی ئاسمانی ڕاستەوخۆ لە نێوان ئەنکـەرەو دیمەشـقدا نـەبوو و دەبوایـە بچـینە ئەستەنبۆل یان ئەدەنە کە لەسنوری سـوریاوە نزیـك بـووو دەمـانتوانی بـە ئۆتۆمبێل سەفەر بکەین، ڕۆژی پاشتر بە باڵەفڕە چـووینە ئەدەنـەو هـەمان کەسی پێشوو یاوەرمـان بـوو، دوای ڕۆژئـاوابوون گەیشـتین و چـووینە ئـەو هۆتێلەی کە بۆمان دیاری کرابوو، لە هۆتێل بەڕێز تاڵـەبانی بـە تەلـەفۆن قسەی لەگەڵ عەبدولحەلیم خەدامی جێگری ئەوسای سەرۆکی سوریا کـردو داوایکرد بۆ سبەینێ واتە ١٢/٣/١٩٩١ هۆکاری گواستنەوەمان بۆ دابـین بکات تا بچینە دیمەشق، خەدام ئامـادەیی پیشـاندا. لەکاتێکـدا خـەریکی شیوخواردن بووین لە چێشتخانەی هۆتێلەکەو شوێنەکە نهـۆمی دووەم یـان سێیەم بوو دەیڕوانیە شەقامی گشتی سەنتەری شـار، گوێمـان لـە دەنگـی تەقەبوو، یاوەرەکەمان ڕایکردە دەرەوەو دوای ماوەیەکی کەم بە شـڵەژاویەکی دەستکردەوە هاتەوەو وتی کەسێك لەسەر شـەقامی گشـتی خـۆی کوشـت، باشە بۆ لە ماڵەوە خۆی ناکوژێت؟ لەگەڵ تاڵەبانی بـە بزەیەکـەوە سـەیری یەکترمان کرد، گومانمان لـە قسـەی یاوەرەکـەمان هـەبوو بـەلاّم هیچـمان نەگوت، ئەو شەوەمان لە هۆتێل بەسەربرد.

سبەینێ شـاری ئەدەنـەمان جێهێشـت، ئۆتـۆمبێلی تایبـەتی حکـومی لەگەڵ یاوەرەکەمان ئێمەی گەیاندە سنوری تورکیـا- سـوریا، لـە ئـەنجامی



www.mukiryani.com

پەیوەندییــە تەلەفۆنیەکــەی تالّــەبانی لەگــەڵ خــەدام وەك بــاسمکرد دوو ئۆتۆمبێلی حکومی چاوەڕێمان بوون، ئۆتۆمبێلێك بۆ تالّەبانیو من تەرخان کرابووو ئەوی دیکەش بۆ سێ کەس بە جلی مەدەنی کە لام وایــە پاســەوان بوون تەرخانکرابوو، تورکیامان جێهێشــتو مالاّوایمــان لــە یاوەرەکــەمان کردو سوپاسی ماندوبوونمان کرد، لە ڕێگای بەرەو دیمەشق منو مام جــەلال باسی فرە بابەتمان کرد، سەردانەکەمان بۆ تورکیا بە ئیجابی هەڵسەنگاندو وتمان ئەمە گۆڕانکاریەکی مەزنە لە سیاسەتی تورکیا، هاتینە سەر باســی جیابونەوەکەی ساڵی ١٩٦٤و هەردووکمان داخو پەژارەیی خۆمان پیشــانداو ئەوەشمان دووپات کردەوە کە ئەم جیابوونەوەیە زیانێکی گەورەی بــە حیــزبو شۆڕش گەیاندو زەرەرمەندی گەورەش گەلی کــورد بــوو، تالّــەبانی دووپــاتی کردەوە کە دژی جیابوونەوە بووەو پەیوەندی لەگەڵ بــارزانی لەوپــەڕی باشــی دابووە، هەروەها وتــی هــەردوو خوالێخۆشــبووان ئیــبراهیم ئەحمــەدو نــوری شاوەیس هەڵوێستی سەرەڕۆیان هەبوو.

خوالێخۆشبوو نوری شاوێس لەگەڵ کاك عەلی عەبــدوڵلاّ لــە کــانوونی دووەمی ساڵی ١٩٦٦ هاتنەوە ریــزی حیــزبو ئــەوانی تــریش چــوونە پــاڵ حکومەت.

نازانم چەند بەڕێگاوە بووین تا گەیشتینە دیمەشق، دوای چەند سەعاتێك مانەوەو فراڤین خورادن، دیمەشقمان جێهێشتو چووینە بەیروت، ڕۆژی دوایی کۆنگرەی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی سازدرا، پاشان لەبابەتێکی تایبەتــدا باســی دەکەم.



www.mukiryani.com

# کۆنگرەی بەیروت

دوای بەزینی هێزەکانی سەدام حوسێن لەبەرامبەر هێزەکانی هاوپەیمانان لە کوێت، ڕاپەڕین لە عێراقدا گەیشتە ئەوپەڕی گڕگرتن، ئەو ڕوخانە گەورەیەی کە بەسەر ئەو سوپایە هات وای لێکرد کە هیچ جۆرە دیسپلین‌و سیستەمێکی سەربازی نەمێنێت، جگە لە بەشێکی گاردی کۆماری کە سەدام بۆ پاراستنی خۆی دایتابوو ئەوانی تر پەرش‌و بڵاوبوون.

سەرەڕای ئەوەی کە ڕاپەڕین زۆربەی شارەکانی باشووری گرتەوەو سەرانی سوپای ڕژێمی سەدام سەرجەم مەرجەکانی هاوپەیمانانیان جێبەجێ کردو لە چادرێکی هەڵدراوی نزیك ناسریە تەسلیم بە ژەنەراڵ شوارزکۆف بوون، بەڵام ڕاپەڕینەکانی باشوور، ئامانجەکانیان نەپێکاو پاشەکشەیان کرد، سەدام حوسێن بەهۆی هەندێك لە پاشماوەی سوپا بەزیوەکەی توانی شارەکان کۆنترۆڵ بکاتەوە بەتایبەتی کاتێك سەرانی هاوپەیمانان چاوپۆشیان لەمە کرد، ئەمەش پاڵی بە ڕژێمەوە نا بەڕێگایەکی دڕندانەو بێ بەزەیی ڕاپەڕینەکان سەرکوت بکات، سەرکردەی ئەو کارە بەربەریانە بە ئامۆزای سەدام (عەلی کیمیاوی) گۆڕبەگۆڕ سپێردرا.

بەڕای من سەرنەکەوتنی ڕاپەڕین لە باشووردا بۆ هەڵەی هەندێك لەسەرانی ڕاپەڕینەکە دەگەڕێتەوەو هەروەها دەست تێوەردانی دەرەکیش هەبوو، کۆمەڵێك خەڵکی ڕاپەڕیو وێنەی ئیمام خومەینیان بەرز کردبۆوەو هوتافی ئێرانیان دەکێشا.



www.mukiryani.com

هەندێك لە یەكەی پاسداران كە جلوبەرگی هاوولاّتیانی عێراقیان پۆشیبوو و دروشمو هوتافی ئێرانیان دەوتەوە هاتنە مەیدان، ئەمە وای لە هاوپەیمانان بە تایبەتی گومان لەوە بكەن كە راپەڕینەكە ئێرانیەو یان لە دەسكردی ئەو ولاّتەیە.

لە كوردستاندا، بەشێكی زۆر لە شارو شاروچكەكان رزگار كران، ئەمەش دوای ئەوەی كە شاری رانیە بووە دەروازەی راپەڕین، شارەكان بەبێ بەرگرییەكی توند یەك لەدوای ئازاد دەكران، ئەگەر زوو بەخۆنەكەوتبان هەمان هەلەی باشوور لە كوردستان دووبارە دەبۆوە، هەلەی كوردستان لە هی باشوور جیاواز بوو، هەندێك لە شیوعیەكانو یان ئەوانەی لەسەر ئەو حیزبە حیساب دەكران، لە سەرەتای راپەڕیندا ئالاّی سۆڤیەتیان بەرزكردبۆوە، دەزگاكانی راگەیاندن وێنەی ئەو دیمەنانەیان دەگواستەوە، یەكێك لەو شریتە ڤیدیۆیانە لای سەفینی كورڕم پارێزراوە، وەك پێشتر باسمكرد ئەوە زوو چارەسەركراو هیچ كاریگەرییەكی نەرێنی بەسەر راپەڕینەوە نەبوو.

كە گەیشتینە بەیروت، سەرجەم شارو شارۆچكەكان لە خۆرهەلاّتو ناوەڕاستی كوردستانی باشوور ئازاد كران، سلێمانیو هەولێرو كۆیەو سەرجەم شارۆچكەكان ئازاد كرانو كەوتنە دەست هێزەكانی بەرەو جەماوەری كوردستانو بەتەواوی لە هێزەكانی سەدامو بەعسیەكان پاك كرانەوە، ئێمە لە كۆبوونەوەكان سەربەرزو هەلوێستمان بەهێزبوو، بەلاّم برایان لە سەرانی حیزبە شیعیو عەرەبییەكان لە بارودۆخی راپەڕینی باشووری عێراق نیگەران بوو، چونكە هەلوێستەكە بەتەواوی روون نەبوو.

دیمەوە سەرباسی كۆنگرەی ئۆپۆزسیۆنی عێراق لە بەیروت، كۆنگرەكە بە پارەی سعودیەو بە سەرپەرشتی سوریاو سعودیە بەرێوەدەچوو،



www.mukiryani.com

سعودیەکان شارەزاییەکی ئەوتۆیان دەربارەی کاروبـاری ئۆپۆزسـیۆن نـەبوو، بۆیە سوریا لەو کۆنگرەیە هەموو شتێك بوو.

سەرپەرشتیو کۆنترۆڵی هەندێك لە لایەنەکانی دەکـرد، سـاڵانی پێشـتر پەیوەنـدی لەگـەڵ سـەرجەم لایەنەکانـدا هـەبوو، هـەموویان نووسـینگەو بارەگایان لە سوریادا هەبوو، مانگانەش هەندێکیان کەمە یارمەتیـەکیان وەردەگرت.

سعودیە، چەند ملیۆن دۆلاری خستبووە بن دەستی سوریاو ئەمیش بەشی شێری بەرکەوتو لە یەك ملیۆن دۆلار زیاتری سەرف نـەکرد، کـۆنگرە لـە یەکێك لەو هوتێلە گەورە نیمچە باشانە سـازدرا کـە دوای شـەڕی نـاوخۆی لبنان مابۆوە، سێ چوار ڕۆژی خایاندو زیاتر لە میهرەجان یاخود ئاهـەنگی یەکتر ناسینی لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی دەچوو کـە بـۆ یەکـەم جـار یەکتریان دەبینی، هەر لـەو کۆنگرەیـەدا هەنـدێك کەسـایەتی بـێ لایـەنی سەربەخۆی ناسراو کە لە ئۆپۆزسیۆندا ڕۆڵیان هەبوو بەشداریان کرد، جگـە لە ژمارەیەك سەرکردەی هەر حیزب یان ڕێکخراوو لایەنێکی ئۆپۆزسیۆن.

لەو کۆنگرەیەدا چەندان کەسایەتی ناسراوی سـەربەخۆ کـە ڕۆڵیـان لـە ئۆپۆزسـیۆن کاریگـەربوو بەشـداریان کـرد جگـە لەسـەرانی حیـزبو ڕێکخراوەکانی ئۆپۆزسیۆن ئەوانەی کە لەبیرم ماون وەك پارتیو یەکێتی لەو کۆنگرەیەدا بەشداربوون، بەنـدە وەك نوێنـەری سـەرۆك مەسـعود بـارزانی، برایـان دکتـۆر ڕۆژ نـوری شـاوەیس، فـازڵ میرانـی، فەلەکـەدین کاکـەیی ئەنـدامانی مەکتـەبی سیاسـی، دکتـۆر پـیرۆت ئەحمـەدو ئـازاد بـەرواری ئەندامانی کۆمیتـەی ناوەنـدی، خوالێخۆشـبوو محەمـەد سـەعید دۆسـکی نوێنەری حیزب لە ئەمەریکا، بەڕاستی هەڤاڵ عیزەدین بـەرواری نوێنـەری حیزبو سەرۆك بوو لە نووسینگەی شام، لەو کۆنگرەیەدا ڕۆڵێکـی گرنگـی



www.mukiryani.com

بینیو چالاکیەکی بەرچاوی نواندو توانی لەگەڵ زۆر لایەنی لوبنانی دیدارمان بۆ ڕێك بخات، لام وایە هەندێك کەسی دیکە لەلایەن پارتیەوە لەو کۆنگرەیەدا بەشداربوون، بەڵام یادەوەریم هەر ئەوەندە یارمەتیدام، داوای لێبوردن لەوانو خوێنەری بەڕێز دەکەم.

هەرلایەنەو وتاری جۆشدراوی خوێندەوەو خۆی وا پیشاندەدا کە دەوری گەورەی لە ڕاپەڕینو ئەوەی بەسەر ڕژێمی عێراقدا هاتووە بینیوە، لە کۆنگرەدا لێژنەیەك بۆ ڕێکخستنو هەماهەنگی لەنێوان لایەنەکان پێکهێنراو ناویان نا (لێژنەی کاری هاوبەش) من وەك نوێنەری سەرۆكو پارتی ئەندامی ئەو لێژنەیە بووم.

دوای کۆتایی هاتنی کۆنگرە، هەڤاڵ عیزەدین بەرواری دیدارو سەردانی بۆ ڕێکخستین لەماڵی شێخ مەهدی شەمسەدین سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای شیعە لە لوبنان، خوالێخۆشبوو برادەری کوردو سەرۆك مەسعود بارزانی بوو، پیاوێکی چاكو خاوەن دەسەڵات بوو، هەروەها (نەبیە بەڕی) سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران لەبەرئەوەی بارودۆخ لە لوبنان ناجێگیر بوو، لەو سەردانانەدا دوو ئۆتۆمبێلی پڕ چەکدار یاوەرمان بوون، لەو دیدارانەدا باسی گۆڕانکارییەکان لە عێراقو دەنگوباسی ڕاپەڕینی کوردستانو پەیوەندی نێوان پارتیو ئەو لایەنانە کرا، ئەوەم لەبیرچوو، لەکاتی ڕاگەیاندنی ناوی ئەندامانی لێژنە شێخ (سامی عەزاری ئەلمەعجون) یەکێك لە شێخەکانی هۆزی (بەنی حچێم) لە شوێنی خۆی هەستاوەو بەهەموو هێزیەوە هاواری کرد کە چۆن نوێنەرێکی هۆزە عەرەبییە عێراقیەکان لەو لێژنەیە دانەنراوە، لام وایە ئەمە بەهاندانو دەست لەپشتدانی سعودیە بوو چونکە شێخ سامی لەگەڵ خانەوادەکەی ماوەیەکی زۆر بوو لەو وڵاتە دەژیاو کاری پارێزەری دەکرد، خوالێخۆشبوو شێخ مەهدی



www.mukiryani.com

شەمسەدین هەولێدا ساردی بکاتەوەو ناوەکەی خستە ناو لیژنەکەو ئەمیش بێدەنگ بوو، پیاو بۆخوا بڵێت شێخ سامی کەسێکی بەتواناو کاریگەربوو، پاشان بووە برادەری سەرۆك بارزانیو ئێمە، تا بڵێی بەخشندەبوو، دوای ڕوخانی ڕژێمی سەدام حوسێنو پێکهێنانی یەکەم وەزارەت بەسەرۆکایەتی دکتۆر ئەیاد عەلاوی، شێخ سامی تیایدا بووە ئەندام.

دوای کۆتایی هاتنی کۆنگرەو تەواوکردنی دیدارەکانمان، لەنیوەی دووەمی مانگی ئادار گەڕاینەوە دیمەشق، لەوێ مژدەی خۆشی ڕاپەڕینمان لەبەشی ڕۆژئاوای کوردستانی باشور پێگەیشت، شاری زاخۆ ڕزگارکرا، شاری دهۆكو شارۆچکەکانی دیکەش بەڕێوەبوون، پارێزگای دهۆك یان ناوچەی لقی یەکی حیزبمان هەردەم قەلاّیەکی پتەوی پارتی بووە، بە ڕێگەی نووسینگەی حیزبمان لە دیمەشق بروسکەیەکم بۆ سەرۆك بارزانی ناردو تکام لێکرد بایەخ بەناوچەکە بدات بەتایبەتی کە زانیم سەرانی حیزبەکانی دیکە بە نیازن بەم زووانە بەڕێگای قامیشلو لە دیجلە بپەڕنەوەو بگەڕێنەوە، بروسکەکان بەڕێگای بارەگای شەهید شەوکەت شێخ یەزدین لەکوردستانی ڕۆژهەلاّت دەنێردران ئینجا دووبارە بۆ سەرۆك بارزانی دەنێردران، چونکە پەیوەندی ڕاستەوخۆ لە نێوان نووسینگەی دیمەشقو ئامێری تایبەت بەسەرۆك لە کوردستانی باشووردا نەبوو.

ڕۆژی پاشتر، وەرامی بروسکەی سەرۆکم پێگەیشتو تیایدا داوای لە هەڤالاّن دکتۆر ڕۆژو فازڵ میرانی کرد بەپەلە بگەنە ناوچەی لقی یەك، ڕۆژی ٢٠ یان ٢١ی ئادار بوو ئەمەم بەو دوو برایە ڕاگەیاند، دکتۆر ڕۆژ هەندێك کاری پێویستی لە ئەلمانیا هەبوو وتی دوای تەواوکردنیان دەگەڕێمەوە، بەلاّم هەڤاڵ فازڵ میرانی لە ٢٣ی ئادار گەڕایەوە، دوای ئەمە بلاّوەمان لێکردو هەرکەسەو گەڕایەوە شوێنی خۆی.



www.mukiryani.com

بڕیاردرا بارەگای لیژنەی کاری هاوبەش لە لەندەن بێت، دوای یەك دوو کۆبوونەوە زانیم تەمەنی درێژ نابێت، چونکە سوریا هەوڵیدەدا کۆنتڕۆڵی بکات، هەندێك لە ئەندامانی لیژنە تا پرسیان بە حکومەتی سوریا نەکردبا هیچ بڕیارێکیان نەدەدا، هەندێك بە جدی ویستیان ئەلتەرناتیفێك بۆ ئەو کۆنگرەیە بدۆزنەوە کە دوایی بە ناوی (کۆنگرەی ڤییەنا) ناسراو پاشان باسی دەکەم.



www.mukiryani.com

# بەشی سێیەم
# لە ڕا پەڕینە پیرۆزەکەوە تا ڕووخانی ڕژێم
# ١٩٩١/٣/٥ — ٢٠٠٣/٤/٩



www.mukiryani.com

www.mukiryani.com

## ڕاپەڕین و کۆڕەو

وەك پێشتر باسمکرد، ڕاپەڕین ئەوها تاوی سەند وەك بڵێی ئاگر لە پوش بەربووبێت ئەوهابوو، سەرجەم شارو شارۆچکەکانی کوردستان ئازادکران، جەماوەرو تەنانەت بەکرێگیراوانو هاوکارانی ڕژێمی پێشوو پێشوازیان لە بەرەی کوردستانی کردو هاریکاریان کرد، کاك مەسعود بارزانی سەردانی هەر شارێك یان شارۆچکەیەکی ڕزگاربووی دەکردو وتاری بۆ دەدانو بەبۆنەی ڕزگاربوونیان لەبن دەستی زوڵمی ڕژێم پیرۆزبایی لێ دەکردنو ئاماژەی بە ڕۆڵو هاوکاریان لەگەڵ بەرەی کوردستانیدا دەکرد، هەروەها داوای یەك ڕیزیو لەبیربردنەوەی ناکۆکی پێشووی دەکرد، بەڵێنی حوکمێکی دیموکراسیو هەڵبژاردنێکی ئازادی لە نزیکترین هەلدا پێ دەدان.

سەرەڕای جەورو زوڵمی ڕژێم، هیچ کارێکی تۆڵەسەندنەوە بەتایبەتی دژ بە سوپا ڕووینەدا، بەلاّم ڕێکخراوەکانی بەعسو فەرمانگەکانی ئەمنو موخابەرات کە بەرگریان کرد چارەنووسی هەندێکیان کوشتن بوو، ئەوانەی توانیشیان ڕایان کرد، کەسانی ناو سوپا ئەوەی چەکی تەسلیم بکردایە پێشوازی لێدەکراو سەرەڕای گرانیو کەمی خواردەمەنی لە مالاّن میوانداری دەکران، ژمارەی کەسانی سوپا کە تەسلیم بوون گەیشتە دەیان هەزار کەس، فەیلەقێکی تەواو لە کوردستان بەچەکی قورسو سوکەوە تەسلیم بوون، لە بەخت باشیش زیانێکی ئەوتۆ بە کورد نەکەوت، ژمارەیەکی کەم شەهیدیان بەخشی، لە هەولێر ئافرەتێکی قارەمان لەگەڵ جەماوەر هێرشی بردە سەر



www.mukiryani.com

دەبابەیەك ئەویش شەهیدی نەمر (خەجە حەمەد باوە)ی خوشکی خوالێخۆشبوو (فارس حەمەد باوە)ی پاڵەوان بوو، ڕۆژی ٢١ی ئادار واتە ڕۆژی نەورۆز هێزەکانی پێشمەرگە لە هەولێرو سلێمانی شان بەشانی جەماوەرێکی زۆر بەرەو کەرکوك چوون، لەوێش لەگەڵ جەماوەری کەرکوكو پێشمەرگەکان، دوای شەڕێکی توندو بەرگریەکی سەختی بارەگاکانی بەعسو هێزەکانی سوپا توانیان شارەکە لە چنگی بەعس ڕزگار بکەن، ڕزگارکردنی کەرکوك خەلاتێك بوو لە ڕۆژی نەورۆزدا پێشکەش بە گەلی کورد کرا، بەمجۆرە زۆربەی شوێنەکانی کوردستان ڕزگارکرانو کەوتنە ژێر کۆنترۆڵی بەرەی کوردستانی.

لەلایەکی دیکەوە ڕزگارکردنی کەرکوك زەنگێکی ترسناك بوو بۆ ڕژێمی فەرمانڕەواو هەندێك وڵاتی ئیقلیمیو تەنانەت ئەمەریکاش، ئەو لایەنانە واقیعە تازەکەیان پێ قەبوڵ نەکرا کە کەرکوك شارێکی کوردستانی بێتو کورد تێیدا فەرمانڕەوا بێت، بۆیە ئێستاش سەیر نیەو دوای تێپەڕبوونی نزیکەی ١٠ ساڵ بەسەر ڕوخانی ڕژێمی سەدام حوسێن، هەندێك لە هەڵگرانی بیری شۆڤێنی هەمان بیرکردنەوەیان هەیەو لە جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ی دەستوری عێراقی تازە خۆ گێل دەکەن، ئەو دەستورەی دوای ڕوخانی ڕژێم داڕێژراو سەدا هەشتای گەلی عێراق دەنگی بۆدا.

ئەو مادەیە دەقەکەی بریتیە لە ئاساییکردنەوەو ڕاپرسی بە نیسبەت شاری کەرکوكو ناوچە دابڕێنراوەکانی دیکەی کوردستان کە بەناوچەی کێشە لەسەرەکان ناسراوە، ئاساییکردنەوە واتا نەهێشتنی سەرجەم کارەکانی ڕژێمی پێشوو وەك گۆڕینی سنوری کارگێری هەندێك پارێزگاو کۆچی زۆرەملێو بەعەرەب کردن.



www.mukiryani.com

هێزەکانی سەدام حوسێن سەرەڕای بەزینیان توانیـان ڕاپـەڕینی خـەڵکی باشوور سەرکوت بکەن، دوای ڕزگارکردنی کەرکوك هێزەکـانی هاوپـەیمانان بەتایبەتی ئەمەریکا لە ئاست جولەی پاشماوەی هێزەکـانی سـەدام چـاویان نوقاند، ئەو هێزانە بەرەو کوردستان پێشڕەویان کـرد، ئامـانجی یەکـەمیان شاری کەرکوك بوو، چونکە بەلای ئەوانەوە سـامانێکی نـەوتی زۆر گرنگـی تێدابوو، توانیان شارەکە داگیر بکەنو کەوتنە کوشـتو بڕینـی خەڵکەکـەو جیاوازیان لەنێوان پیرو گەنجو ئافرەتو مـندالأندا نەدەکرد، هـەموو کاتێـك قسەکەی بارزانی نەمرم بیردێتەوە، ئەوکاتـەی مەسـەلەی کـەرکووك خـاڵی ناکۆکی بوو لەکاتی وتووێژەکان لەگەڵ حکومەتە یەك لـەدوای یەکـەکانی عێراقدا، بارزانی خوالێخۆشبوو دەیوت: (نەوت بۆ هـەموو گـەلان مایـەی نیعمەتە بەلاّم بۆ کورد نیگبەتە)، ئەو قسەیە چەند وردو جوانە، لە جیـاتی ئەوەی پارەی ئەو سامانە بۆ خزمەتی گەلو پێشکەوتنی ولاّت سەرف بکرێت کەچی چەکی تازەو تێکدەری پێ دەکـڕاو دژ بـە گـەلی کـورد کـە خـاوەنی سامانەکە بوو بەکاردەهات.

دوای کۆنترۆڵ کردنی کەرکوكو کوشتو بڕی دانیشتوانەکەی، هێزەکـانی ڕژێم لە کۆتایی مانگی ئادار بەرەو شارەکانی دیکەی کوردستان پێشڕەوییان کرد، گەلی کورد، هەقیقەتی ڕژێمو شێوازە دڕندانەکەی لـە هەڵسـوکەوتدا دەناسی، دەیزانی ئەو ڕژێمـە سـڵ لـە بـەکارهێنانی چـەکی قەدەغـەکراوی نێودەوڵەتی ناکاتەوە، پێشتر ئەزموونیان لەگەڵ ئەو ڕژێمەدا هەبوو بۆیە کە هێزەکانی نزیك دەبوونەوە خەڵك شارەکانیان چۆڵ دەکرد، لێرەدا باسی شاری هەولێر دەکەم، وەك بیستم ڕۆژی ٣١/٣/١٩٩١ لـە ٩٠٪ ی خـەڵك پـێش ئەوەی هێزەکانی سەدام بگەن شارەکەیان چۆڵ کـرد، خـەڵك بـە ئاراسـتەی باکوور ڕوویان نا، بەپێو بە تراکتۆرو جۆرەها شتی دیکە ڕایانکرد، ڕێگـای



www.mukiryani.com

هاملتۆن (ڕێگای مەسیفو شەقلاوە) توانای ئەو ئاپۆرەیەی نەبوو، دەیان هەزار کەس بەپێو چەندانیش بە ئۆتۆمبێل بوون بەهۆی قەرەباڵغیو داخستنی ڕێگاکانو پەککەوتنی ئۆتۆمبێلەکان چونکە بەنزین زۆر کەم بوو، هێزەکانی ڕژێمو هەلیکۆپتەرەکان ڕەمەکیانە بۆردومانیان دەکرد، ئەمە بووە هۆی شەهیدبوونی ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوان، ئەوانەی کە لەشاریشدا مابوونەوە، چارەنووسیان کوشتن یان نادیاربوو، هەلیکۆپتەرێك موشەکێکی ئاراستەی ئۆتۆمبێلێك کرد، سەرجەم سەرنشینەکانی کە ژمارەیان ٩ کەس بوو لە یەك خێزان بوون بە ژنو منداڵەوە شەهیدبوون، جێگەی باسە کەسوکاری ئەو شەهیدانە بەپارەی شەهیدەکان مزگەوتێکیان لەهەولێر دروستکردو ناویان نا مزگەوتی نۆ شەهید (خوا لەهەموویان خۆش بێت).

بارودۆخی شارەکانی دیکەی کوردستان لەهەولێر باشتر نەبوو، خەڵکەکە شاریان چۆڵکردو ڕوویان لە سنوری ئێرانو تورکیا کرد، ڕێگای شاخاوی عاسێیان گرتەبەر کە تا ئەو کاتە بەفر دایپۆشیبوون، لەکەشو هەوایەکی ساردو باراناویدا ژمارەیەکی زۆر بەتایبەتی منداڵو پیر مردن، لەبەخت باشی ئەوکاتە ژمارەیەکی زۆر لە پەیامنێرو ڕۆژنامەنووسی بیانی بە وێنەگرانەوە لە کوردستان بوون، بوونە یاوەری کۆچبەران، وێنەی ئەو کارەساتەیان دەگرت، ئەمە ویژدانی جیهانی هەژاند، فشار لەسەر وڵاتانی ڕۆژئاوا زیاد بوو، حکومەتی فەرەنساو سەرۆك کۆمارەکەی فرانسوا میتران، حکومەتی بەریتانیاو سەرۆك وەزیرانەکەی جۆن مێجەر، کارەساتەکەیان لەلایەنی مرۆییەوە وەرگرتو توانیان ڕەزامەندی ئەنجومەنی ئاسایش وەربگرنو ناوچەیەکی ئارام دیاری بکەن تا گەلی کورد لەدەست کوشتو بڕی سەدام ڕزگار بکەن.



www.mukiryani.com

مــن‌و هــه‌ڤاڵ هوشــیار زێبــاری بــه‌ داوه‌تنامــه‌ی حكومــه‌تی ســعودیه‌ به‌ســه‌ردانێكی فــه‌رمی چــوبووینه‌ ســعودیه‌، پــێش كۆڕه‌وه‌كــه‌ داوه‌تنامــه‌ ئاراسته‌ی زۆربه‌ی لایه‌نه‌كانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقــی كرابــوو، له‌وانــه‌ی كــه‌ داوه‌تكرابوون دكتۆر ئیبراهیم جه‌عفه‌ری‌و، هــی دیكــه‌ لــه‌ حیزبــی ده‌عــوه‌، دكتۆر ئه‌یاد عه‌لاوی‌و خوالێخۆشبوو دكتۆر ته‌حسین معه‌لله‌و دكتۆر سه‌لاح شێخلی‌و هی دیكه‌ له‌ بزوتنــه‌وه‌ی ویفــاقی عێراقــی، خوالێخۆشــبوو مــه‌لا عه‌لی عه‌بدولعه‌زیزو هی دیكه‌ له‌ بزوتنه‌وه‌ی ئیسلامی، جگه‌ لــه‌ حیــزب‌و ڕێكخراوی تر كه‌ ئێستا ناوه‌كانیانم بیرنه‌ماوه‌، به‌نیســبه‌ت ئێمــه‌وه‌ تێبینــی هیچ هۆكارێكی كرده‌ییمان بۆ ئه‌م داوه‌ته‌ نه‌كرد، نازانم ئه‌وانی تــر ڕایــان چ بووه‌، له‌و بڕوایه‌دام هۆكاری سه‌ره‌كی ده‌ستپێكردنی كۆڕه‌و بوو، ئــه‌وان لــه‌و بڕوایه‌دابوون ڕاپه‌ڕین شكستی هێنا، زۆرمان هه‌وڵدا له‌گه‌ڵ ده‌ســه‌ڵاتدارانی سعودیه‌دا هه‌ندێك یارمه‌تی مرۆیی وه‌ك خیوه‌ت‌و خوارده‌مــه‌نی بــه‌ ڕێگــای توركیاوه‌ بگه‌یه‌نێته‌ ئه‌و خه‌ڵكه‌ ئاواره‌یه‌، به‌ڵام بێ سوودبوو، من‌و هوشــیار زێباری گه‌ڕاینه‌وه‌ به‌ریتانیا تا ئاگاداری ده‌نگوباسی كوردســتان‌و كۆڕه‌وه‌كــه‌ بین، له‌وێ زانیم له‌ســه‌ره‌تای ڕاپــه‌ڕین (شــێروان)ی كــوڕم لــه‌ كوردســتانه‌، شێروان له‌گه‌ڵ خۆیدا وێنــه‌گرو ڕۆژنامــه‌وان (گــوین ڕۆبــه‌رتس)ی بردبــوو، ناوبراو له‌ ساڵی ١٩٧٤وه‌ براده‌ری سه‌رۆك بارزانی‌و ئێمــه‌ش بــوو، شــێروان له‌سه‌رجه‌م سه‌ردانه‌كانی سه‌رۆك بارزانی بــۆ شــاره‌ ڕزگاركراوه‌كــان یــاوه‌ری به‌ڕێزیان بوو، پێش كۆڕه‌وه‌كه‌ (گوین ڕۆبــه‌رتس) گه‌ڕایــه‌وه‌ له‌نــده‌ن، چــه‌ند فلیمێكی له‌سه‌ر ڕاپه‌ڕین له‌گه‌ڵ خۆیدا هێنابۆوه‌، بــه‌ڵام شــێروان هــه‌ر لــه‌ كوردستان مایه‌وه‌و هــیچ هــه‌واڵێكی نــه‌بوو، چــه‌ندان هــه‌ڤاڵ‌و بــراده‌ر لــه‌ پێشه‌وه‌ی هــه‌موان خوالێخۆشــبوو مــه‌حمود بابــان ســه‌باره‌ت بــه‌ نادیــاری چاره‌نوسی شێروان دڵیان ده‌دامه‌وه‌و هاوخه‌میان پیشان ده‌دا، پێم ده‌وتن مــن



www.mukiryani.com

پێشترو ئێستاش هەر پێشمەرگەمو ئـەو ئەزموونانــەم زۆر دیـوە، شـێروانیش یەکێکە لە ڕۆڵەکانی گەلی کوردستانو چارەنوسی وەك ئەوانی تـرە، ئەگـەر نیگەرانیش بم بۆ چارەنوسی گەلەکەم نیگەرانم.

ئەو وێنانەی لە تەلەفزیۆن نیشان دەدران دڵی مرۆڤیان دەخستە خورپـە، سەدان ئافرەتو پیرو منـداڵ نـەیان دەتـوانی بـە ڕێگـای عاسـیۆ بەبـەفر داپۆشراو دا بڕۆن، کەشو هەوا ساردو باراناوی بـوو، دەیـان منـداڵ ڕۆژانـە دەمردن، ئەو دیمەنانە بینینیان ئاسان نەبوو بۆیە سۆزی زۆرانی ڕاکێشا.

لەو ماوەیەدا سەرۆك مەسعود بارزانی بەتەلەفۆن قسەی لەگـەڵ کـردم، لام وایـە لـە ڕێگـای ئـامێری یـەکێك لـە پـەیامنێران یـان کەناڵـەکانی تەلەفزیۆنەوە بوو، سەرۆك وتی: سەرۆك بـوش داوای لـە عێراقیـەکان کـرد ڕاپەڕینو شۆڕش دژ بە ڕژێم بەرپابکەن، بەلاّم دوایی چاوپۆشی لە کوشـتو بڕی پاشماوەی هێزەکانی سەدامو گاردی کۆماریو هەلیکۆپتەرەکان دەرهـەق بەخەڵکی سڤیل کرد، هەروەها وتی: بڕوا بکە ئێمە بەرگری دەکەینو دەبێت سوپا بەسـەر لاشـەی ئێمـەدا بێتـە پێشـەوە، مەحاڵـە خـاکی کوردسـتان جێبێڵینو جارێکی دیکە لە ولاّتێك ئاوارە بینەوە، لەسەر خـاکی کوردسـتان دەژینو دەمرین.

دوای ئەوەی هێزەکانی ڕژێم هەولێریان داگیر کـردەوەو کەوتنـە کوشـتو بڕی ئەو خەڵکەی کە لەوێ مابوونەوە، سوپایەکە بـەرەو پیرمـامو شـەقلاّوە پێشڕەوی کرد، لە گوندی کۆڕێی نێوان پیرمامو شەقلاّوەو لـە شـوێنێك کـە پێی دەوترێ دەربەنـدی کـۆڕێو نزیکـەی کیلۆمـەترێك کەوتۆتـە بـاکوری گوندەکەوە، هێزەکانی پێشمەرگە بۆیان لە بۆسەدا بوون، بۆڕاستیو مێـژوو دەیڵێم زۆربەی ئەو پێشمەرگانە سەر بە پارتی دیموکراتی کوردسـتان بـوون بەسەرۆکایەتی خوالێخۆشبوو دکتۆر سەعید ئەحمەد نادر.



www.mukiryani.com

هێزەکان، لەناو دەربەندەکـە سـەنگەریان گرتبـووو چـاوەڕێی هێزەکـانی حکومەتیان دەکرد ، هێزەکانی هەندێك لـە حیزبـە کوردسـتانیەکانیش لـە هەردوولای هێزەکانی ئێمەوە سـەنگەریان گرتبـوون، کـە هێزەکـانی ڕژێـم گەیشتن لەهەموو لایەکەوە گوللەو (ئاربی جی)یان بەسـەر دابـاری، چـەند دەبابەیەك ئاگریان گرتو تا ئێستاش بۆ یادگاری لـە دەربەندەکـەدا مـاون، دەبابەکانی تر بایان دایەوە، ئەو سەربازانەی کە پێشڕەویان کرد ژمارەیـەکی زۆریان کوژرانو ئەوانی تریش ڕایان کردو هەندێکیشـیان لـەناو دارسـتانو ڕەزی گوندەکە خۆیان شاردەوە، سوپای ڕژێم بەتەواوی بـەزیو لـە پێشـڕەوی وەستاو داوای وتووێژی کرد.

بەم جۆرە وتوویژ لەگەڵ سەدام دەستپێکرد ، سەرەڕای ئەوەی کە وتووێـژ لە بەرژەوەندی ڕژێمدا بوو، چـونکە مانـدووو لـە لێـواری ڕووخانـدا بـوو، دەیویست گەلی کورد ڕابکێشێتو یان لە خراپترین بـاردا بێلایـەنی بکـات، بەلاّم لەهەمان کاتدا وتووێژ لەبەرژەوەندی گەلی کوردیش دا بوو.

نزیکەی دوو ملیۆن کەس لە ئافرەتو پیرو منداڵ لە شاخو دۆڵو ولاّتانی دراوسێ ئاوارەبوون، وتووێژ باریانی سوکتر دەکردو هەندێکشیان دەگەڕانـەوە ماڵی خۆیان.

لەسەر داوەتنامەی ڕژێم، یەکـەم شـاندی کـوردی بەسـەرۆکایەتی مـام جەلال تاڵەبانیو ئەندامێتی کاك نێچیرڤان بـارزانی لـە پـارتی دیمـوکراتی کوردستانو برایانی دیکە لە حیزبەکانی بەرەی کوردستانی چـوونە بەغـدا، دوای هەفتەیەكو خستنە بەرباسی هەندێك بابەت شاندەکە گەڕانـەوە، دوای چەند ڕۆژێك شاندێکی دیکـە بەسـەرۆکایەتی هـەڤاڵ مەسـعود بـارزانیو ئەنـدامێتی بـەڕێز نەوشـیروان مسـتەفاو برایـانی دیکـە لـە حیزبـە کوردستانیەکان چوونەوە بەغدا، گفتوگۆ بەردەوام بوو بەلاّم بێ ئەوەی بگەنە



www.mukiryani.com

هیچ ڕێکەوتنێك، ئەو شاندەش گەڕایەوە هی دیکەش چوونەوە، دیدارەکان بێ هیچ ئەنجامێك بەردەوام بوون.

دەنگوباسی وتوویژ گەیشتە ولأتانی هاوپەیمان، هەرچەندە ئەوان لەو میحنەتەی کورد هیچ پاڵپشتیەکی بەڵگەداریان نەکرد، بەلأم دژی هەر جۆرە وتوویژێك بوون لەگەڵ ڕژێم، لەگەڵ دەستپێکردنی وتوویژ وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا هەندێك لایەنی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی بانگهێشت کرد، من بە نوێنەرایەتی پارتیو بەڕێز محەمەد تۆفیق رەحیم بە نوێنەرایەتی یەکێتیو دکتۆر تەحسین معەللە بە نوێنەرایەتی بزوتنەوەی ویفاق، لەگەڵ (دۆگلاس هێرد) وەزیر لە وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا کۆبووینەوە، مەبەست لەو کۆبوونەوەیە پیشاندانی بیروڕای ئەوان بوو، ڕووبەڕوو پێیان وتین دژی هەر جۆرە وتوویژێکین لەگەڵ ڕژێم، دوای کۆبوونەوەکە هەموو چوونە دەرەوە، داوام لە دۆگلاس هێرد کرد چەند دەقیقەیەکمان بۆ تەرخان بکات، ئەو ڕازی بوو، محەمەد تۆفیق رەحیمیش ویستی بچێتە دەرەوە، پێمـوت بمێنەوە، بە هێردمان وت : دوو لە سێی دانیشتوانی کوردستان ئاوارەبوون، لەو بارە تراژیدیایەدا حکومەتی بەریتانیا چەکمان دەداتێ تا بەرگری لەخۆمان بکەین؟ بەنەخێر وەرامی دایەوە وتی: هەموو جۆرە یارمەتیەکی مرۆییو ئەوەی لەتوانادا بێت دەیدەین بەگەلی کورد، پێمانوت: بۆ ڕزگارکردنی میللەتەکەمان لەو کارەساتە ناچاربووین وتوێژ بکەین، بەمجۆرە کۆبونەوەکە کۆتایی هات، سەرەڕای نەگەیشتن بەهیچ ئەنجامێك لەگەڵ ڕژێم، بەلأم وتوویژ هەلێکی باش بوو تا زۆربەی هاولأتیان بگەڕێنەوە سەر ماڵو حاڵی خۆیان، کاری توندو تیژیو کوشتو بڕی ڕاوەستا، ئەنجومەنی ئاسایش ناوچەی دژە فڕینی ڕاگەیاند، فڕینی باڵەفڕە لە باکوری هێڵی پانی ٣٨



www.mukiryani.com

قەدەغە کرا، هەروەها بڕیاردرا سـەرجەم هێـزە سـەربازیەکان لـە شـارەکان بکشێنەوە تا خەڵك بە ئاسودەیی بچنەوە جێگەو ڕێگەی خۆیان.

ئەو دیمەنە تراژیدیایانەی کە لە تەلەفزیۆن پیشاندەدرانو هـەروەها ئـەو بارودۆخەی کە کوردی تیادا دەژیا، کاری لە دەرونی ملیۆنەها بینـەر کـرد، نووسەرو چیرۆکنووسی بەریتانی (جیفری ئارچەر) کە پاشان بوو بە ئەندامی ئەنجومەنی لۆرداتی بەریتانیا، ئاهەنگێکی فراوانی بۆ کۆکردنـەوەی پیتـاك بۆ گەلی کورد ڕێکخست، ئاهەنگەکە لە گۆڕەپانی بـەناوبانگی ویمبلـی لـە لەندەن کە لە گۆڕەپانە هەرە گەورەکانی تۆپی پێیە لە ئەوروپا ڕێکخرا، لەو ئاهەنگەدا ژمارەیەکی زۆر لـە خـەڵكو کەسـایەتیە گـەورەکانی بـەریتانیا ئامـادەبوون لەمانــە (مـیر چـارلیس)و هاوسـەرەکەی شـازادە دایانـای خۆشەویست (دوایی بە کارەساتی ئۆتۆمبێل ساڵی ١٩٩٧ لە پاریس کۆچی دوایـی کـرد)، هـەروەها (جـۆن مێجـەر)ی سـەرۆك وەزیرانـی بـەریتانیاو وەزیرەکـانو کەسـایەتی سیاسـی ئامـادەی بـوون، هـەر لـەو ئاهەنگـەدا ناودارترین گۆرانیبێژی ئافرەتو پیاوی بەریتانیو هی دەرەوەو هونەرمەنـدی ناوداری کورد شڤان پەروەر گۆرانیان چڕیو ئاڵای کوردستان هەڵکرا.

هاوڵاتی کورد نازم زەهاوی (پاشان لەسەر لیسـتی پـارتی پارێزگـارانی بەریتانیا بەئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران هەڵبژێردرا) ڕۆڵێکی گەورەی لەو ئاهەنگەدا بینـی، بروسـکەی سـەرۆك مەسـعود بـارزانی بـۆ ئامـادەبووان خوێدرایەوە، لە بروسکەکەدا ئاماژە بەوە درابوو ئەم ئاهەنگە ئەوەی سەلماند کە گەلی کورد جگە لە شاخەکان برادەری دیکەی هەیە.

پیتاکەکە بەڕێگای تەلەفۆن زۆر بەخێرایی دەگەیشتو گەیشتە نزیکـەی ٢٠ ملیۆن جونەیهی ئیستەرلینیو بەڕێگای خاچـی سـوور سـەرف دەکـرا،



www.mukiryani.com

جێگەی باسە جیفری ئارچەر بوو بە برادەری گەلی کوردو ساڵانی ١٩٩٢-١٩٩٣ دووجار سەردانی کوردستانی کرد.

لەمانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٩١، کاك مەسعود بارزانی ویستی مەنسوری کوڕی بۆ چارەسەری بنێرێت بۆ بەریتانیا، مەنسور لە ڕاپەڕیندا بریندار ببوو، کاك مەسعود ئەو کاتە بۆ وتوێژ لە بەغدا بوو، سەرەتا حکومەتی عێراق ویستی وەك نیشاندانی نیازپاکیەك مەنسور بە یاوەری سیدادی مامی (برای کاك مەسعود) ڕەوانەی بەریتانیا بکات، ڕەوانەی باڵیۆزخانەی عێراق لە عەمانی کردنو داوای ڤیزەی بەریتانیای بۆ کردنو فەرمانبەری تایبەتی باڵیۆزخانەی عێراق ویستی سەردانی باڵیۆزخانەی بەریتانیا بکات، بەلاّم لێنەگەڕان نزیك بێتەوە، کاك مەسعود لە بەغداوە تەلەفۆنی بۆکردمو هەروەها کاك سیدادیش تەلەفۆنی کرد، پەیوەندیم بە وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیاوە کرد تا بە باڵیۆزخانەکەیان لە ئوردن ڕابگەیەنن ڤیزە بە برایان سیدادو مەنسور بدەن، هەر ئەو ڕۆژەش شێروانی کوڕم گەیشتە لایان.

سیدادو مەنسور لەناو باڵیۆزخانەی عێراق بوون، شێروان، سەرەتا لە چوونی بۆ باڵیۆزخانە دوودڵ بوو، چونکە پێشتر ڕژێمی عێراق هەوڵی کوشتنی دابوو بەلاّم وا ئێستاش بە گەرمی پێشوازی دەکەن، شێروان چووە ناو باڵیۆزخانەو ئەوانی بردە باڵیۆزخانەی بەریتانیاو ڤیزەی بۆ وەرگرتنو هەردووکی هێنانە بەریتانیا.

دوای گەیشتنیان، پەیوەندیم بە دکتۆر فوئاد هەناریيەوە کرد تا بیانباتە لای نوژداری پسپۆر، کاری پێویست بۆ کاك مەنسور ئەنجامدراو دکتۆر هەناری ڕۆڵێکی گەورەی گێڕاو جێگەی سوپاسە.



www.mukiryani.com

نوژداره بیانییەکە گوتی: (لە ئەنجامی شەڕی درێژخایەنی نێوان عێراق‌و ئێران، باشترین نوژدار لەو دوو وڵاتــەدا هەڵکــەوتوون)، ئــەو شــەڕەی بــووە مایەی برینداربوونی یەك ملیۆن بریندارو کوژراو لە هەردوو وڵاتدا، سیدادو مەنسور، دوو مــانگ لــە مــاڵی منــدا مانــەوە، ســەفینی کــوڕم لــەکاتی سەردانی پزیشك‌و گەڕان بەناو لەندەندا، یاوەری مەنسور بوو.



www.mukiryani.com

# سەفەری كوردستان

لە هەفتەی یەكەمی مـانگی ئـابی سـاڵی ١٩٩١ بڕیارمـدا بـەڕێگای توركیـاوە بـۆ كوردسـتان بگەڕێمـەوە، بـەهۆی بـەرەو پێشەوەچـوونی پەیوەندیەكان بە نیسبەت ئێمەوە سەفەر بۆ توركیا ئاسایی بوو، ڕێكەوتیش وابوو بەڕێز (كایا تۆپەری) ڕاوێژكاری (تورگۆت ئـۆزال)ی سـەرۆك كۆمـار بەتەلەفۆن قسەی لەگەڵ كردمو وتی بۆ هەنـدێك كاروبـاری پەیوەسـت بـە هەردوولا دەیانەوێت یەكتر ببینن، تۆپەری بوو بە برادەری ئێمـەو لای ئـۆزال كەسێكی باوەڕپێكراو بوو، دوای مردنی ئۆزال كرا بە بـاڵیۆزی توركیـا لـە ژنێفو پاشان خانەنشین كرا.

ئەوەشـم بیرچـوو باسـی بكـەم، دوای ماوەیـەك شـێروان بـە سـەلامەتی گەڕایـەوە، بـەپێ گەیشـتبووە سـەر سـنوور، زۆر مانـدوو ببـوو برسـیەتی چێشتبوو، لەسەر سـنوور سـەربازانی تـورك هەڕەشـەیان لێكردبـوو، دوای ماندوبوونێكی زۆر گەیشتەوە بەریتانیا.

لە لەندەنەوە چوومە توركیا، سەرەتا چوومە ئەستەنبولو پاشان چـوومە ئەنكەرە، وەك جاری یەكـەم كەسـێك چـاوەڕوانی دەكـردمو بردمیـە هـۆڵی پێشـوازی V.I.P دوای تـەواوكردنی هەنـدێك كاروبـار بردمیـە لای ئـەو باڵەفڕەی كە بۆ ئەنكەرە دەچوو، لەوێ كەسێكی دیكە چاوەڕێم بوو، بردمیە هۆتێلی ئیچ قەلا، هوتێلەكـە تـازە دروسـتكرابوو، خاوەنەكـەی كـوردێكی دیاربەكری بوو، ناوی (محەمەد ئیچ قەلا)بوو.



www.mukiryani.com

ئێوارە گەیشتمە ئەوێ، ڕۆژی پاشتر تۆپەری لە هۆتێل سەردانی کردم، دوای هەندێك بیروڕا گۆڕینەوە، ڕەزامەندی حکومەتی تورکیای سەبارەت بە بەرەو پێشەوەبردنی پەیوەندی لەگەڵ پارتیمان پیشاندا، هەروەها پێی ڕاگەیاندم حکومەتی تورکیا ڕازیە کە پارتیمان نووسینگەیەك لە تورکیا بکاتەوەو ئامادەن هەموو جۆرە یارمەتیەك لەم ڕووەوە پێشکەش بکەن، هەروەها وتی چاوەڕێی ئەوەن بارزانی لە ئایندەیەکی نزیکدا سەردانی تورکیا بکات، منیش سوپاسی خۆم پێ ڕاگەیاندو وتم دوای هێوربوونەوەی بارودۆخەکە بە دڵنیاییەوە بارزانی سەردانی تورکیا دەکات.

دوای ئەمە سەردانی وەزارەتی دەرەوەی تورکیام کرد، لەوێ بالێوز (جەنگ دوعا تەپە)ی برادەرمان پێشوازی کردم، ئەمو ستافەکەی لە وەزارەتی دەرەوەدا لێپرسراوی پەیوەندیەکانی تورکیاو کورد بوون، جەنگ خۆشحاڵی خۆی بەرامبەر بە ڕەزامەندی حکومەتی تورکیا بە کردنەوەی نووسینگەی پارتیمانو پێشکەشکردنی هەر یارمەتییو ئاسانکاریەك پیشاندا، بە پێکەنینەوە وتی هیوادارم تۆ بەرپرسی نووسینگەکە بیت، سوپاسم کردنو دڵنیام کردنەوە بەم زووانە نووسینگەکە دەکرێتەوە، بەڵام کێ دەبێتە بەرپرسی، ئەمە پەیوەستە بە سەرۆك مەسعود بارزانییەوە، هەروەها دووپاتم کردەوە هەر یەکێك ببێتە بەرپرس کار لەسەر بەرەو پێشەوەبردنی پەیوەندیەکانی نێوان پارتیمانو حکومەتی تورکیادا دەکات، دوای هەندێك وتووێژ کە پەیوەست بوو بەهەردوولامان گەڕامەوە هۆتێل.

لە هۆتێل، کەسێك سەردانی کردم ناوی (أبو فاروق) بوو، ناوی یەکەمیم بیرنەماوە سەر بە خانەوادەی (دیوەچی) بوو، زمانی عەرەبی دەزانی، تا ئێستاش بەشێکی ئەو خانەوادەیە لە موسڵ دادەنیشن، ئەبو فاروق ئامادەگی بۆ هەر یارمەتیەك لە ئایندەدا پیشاندا، دیارکەوت ئەو پیاوە



www.mukiryani.com

بازرگانەو برادەری (کایـا تۆپەری)یـە، پیـاوێکی خزمـەتگوزارو نێوبـانگی باشی هەبوو.

ئێوارەی ئەم ڕۆژە گەشتی ئاسمانی بۆ دیاربەکر هەبوو، ئەوکاتـە سـەفەرم کرد تا شەو لەوێ بەسەر ببەمو ڕۆژی دواییش بە ئۆتۆمبێـل بچـمە دهـۆك، کاك نێچیرڤان بارزانی نووسینگەکەی لە هاوینەهـەواری سەرسـەنگ بـوو، کاك فازڵ میرانی لێپرسراوی لقی یەکی پارتی بوو لە دهۆك، لـە دیاربـەکر شەوەکەم لە هۆتێل بەسەربردو لەوێ بـە تەلـەفۆن قسـەم لەگـەڵ لێژنـەی ناوچەی زاخـۆ کـردو، ئـەوان تەلـەفۆنی تورکیایـان بـەکاردەهێنا چـونکە لەسەرەتای شەڕی کوێتدا هێڵی تەلـەفۆنی عێراقـی پـەکی کـەوتبوو، بـە هەڤالانی لێژنەی ناوچەم وت ڕۆژی دوایی دەگەمە ئـەوێو خەبـەری برایـان نێچیرڤان بارزانیو فازڵ میرانی بدەن.

نیوەشەو، کاتێك لە پرخەی خەودا بووم، زەنگـی تەلـەفۆن لێیـدا، کایـا توپەری لەسەر خەت بوو، وتی سەرۆك کۆمـار سـلاوی هەیـەو داوا دەکـات بگەڕێیتەوە ئەنکەرە تا لە کۆبوونەوەیەکی گرنگ کە بەیانی سـاز دەدرێـت بەشداری بکەیت، هەروەها وتی هەموو کارێکی پێویستیان بە دابینکردنـی باڵەفڕو هۆتێل تەواو کردووە، ناچار دووبارە تەلـەفۆنم بـۆ لێژنـەی ناوچـەی زاخۆ کردەوەو دواخستنی سەفەرەکەم پێ ڕاگەیاندن.

ڕۆژی دوایی گەڕامەوە ئەنکەرە، کۆبونەوەکە لە بارەگـای سـەرکردایەتی جەندرمە سازدرا، بەڕێز جەلال تاڵەبانی ڕۆژێك پێشتر گەیشتبووە ئەنکـەرەو لە کۆبوونەوەکەدا ئامادەبوو، هەروەها بـەڕێز توپـەری ڕاوێـژکاری سـەرۆك کۆمارو باڵیۆز (جەنگ دوعا تەپە) لە وەزارەتی دەرەوەو ژەنـەڕاڵ (ئەشـرەف بتلیس) سـەرکردەی هێزەکـانی جەندرمـە ئامـادەبوون، ژەنـەڕاڵ ئەشـرەف کوردبوو، دوای دوو سـاڵ لـە ڕووداوی کەوتنـە خـوارەوەی باڵـەفڕدا گیـانی



www.mukiryani.com

لەدەستدا، دەڵێن ڕووداوەکە گۆنگەرە بووە چونکە نـاوبراو هاوسـۆزی کـورد بووەو پاشان بووە برادەری بارزانیو هـی ئێمـەش (خـوا لێـی خـۆش بێـت) هەروەها کۆمەڵە ئەفسەرێکیش لەو کۆبونەوە ئامادەبوون.

لە ڕاستیدا، لە کۆبوونەوەکەدا هیچ بابەتێکی کردەیی باس نەکرا، جگـە لە هاریکاریو هەماهەنگیو ڕێگەنەدان بە بەکارهێنانی خاکی کوردسـتان بۆ هەر کارێك کە زیان بە ئاسایشی تورکیا بگەیـەنێت، پاشـان کاتـەکانی کۆبوونەوە بەبابەتی گشتیو هەندێك قسەی خۆش بەسەرچوو، کۆبوونەوەکـە بەو ڕادەیە گرنگ نەبوو کە مەزندەمان دەکرد.

سپێدەی ڕۆژی دوایی گەڕامەوە دیاربەکر، بـەڕێز تۆپـەری پەیوەنـدی بـە والی دیاربەکرەوە کرد بایەخم پیێ بداتو تا دەگەمە سنور پۆلیس یاوەرم بن، یاریدەدەری والیم لە باڵەفڕخانە بینـی، بەیەکـەوە چـووینە سـەردانی والی، دوای فراڤین عەسری ئەو ڕۆژە دیاربەکرم جێهێشت، ئۆتۆمبێلێکی پۆلیس تا سنور یاوەرم بوو، دوای خۆرئـاوابوون گەیشـتمە ئـەوێ، لـە خـاڵی سـنوری تورکیا (خـابوور) چـاوم بـە پەرلـەمانتاری بـەریتانی (جێرمـی کوربـون) (Jermy Corbon) کـەوت، نـاوبراو سـەر بـە پـارتی کرێکـارانو دۆسـتی کوردبوو، یاوەرەکـەی نـاوی ئیحسـانو خـەڵکی کوردسـتانی بـاکور بـوو، دەیانویسـت بچـنە کوردسـتانی باشـوورو بارودۆخەکـە بەسـەر بکەنـەوە، بەیەکەوە لە سنوور پەڕینـەوە، بینـیم شـەهید مـەلا ڕەمـەزانو ژمارەیـەك کادری حیزبو پێشمەرگە کە ژمارەیـان لـە ٢٠ کـەس زیـاتر بـوو بـەڕیز لەلایەك ڕاوەستاون، دوای سلاّوو بەخێرهێنان، چەند ئۆتۆمبێلێـك ئێمـەیان بردە دهۆكو ئینجا بۆ بارەگای کاك نێچیرڤان لەسەرسەنگ، مەلا ڕەمـەزانو چەند پێشمەرگەیەك یاوەرمان بوون، لەسەرسەنگ کـاك سـیامەند بـەنناو خوالێخۆشبوو عەلی خەلیل خۆشەویم لای کـاك نێچـیرڤان بینـی، لام وایـە



www.mukiryani.com

١١ی مانگی ئابی ساڵی ١٩٩١ بوو، ئەو شەوەمان لە بارەگای کاک نێچیرڤان بەسەربرد، هۆتێلی کۆنی سەرسەنگ کە سەر بە بەڕێوەبەرایەتی هاوینەهەوارەکان بوو کرابووە بارەگای کاک نێچیرڤان بارزانی.

ئەو شەوە چاوم بە کۆلۆنێل ریچارد ناب‌و چەند ئەفسەرێکی دیکەی هاوپەیمانان کەوت کە سەردانی کاک نێچیرڤانیان کردبوو، ئەوان بارەگایان لە زاخۆ بوو، ئەرکەکەشیان هەماهەنگی‌و چاودێریکردنی هێزەکانی عێراق بوو، بەڵام جێرمی کۆرن‌و ئیحسانی یاوەری ئەو شەوەیان لەوێ بەسەربردو بەیانی بۆ تەواوکردنی کارەکانیان‌و سەردانی شوێنی دیکە ڕۆیشتن.

ئەو ڕۆژە لە سەرسەنگ مامەوە، پێشوازیم لە ژمارەیەك دۆست‌و هەڤاڵان کردو بەخێریان هێنام، لەکاك نێچیرڤانم بیست کە سەرۆك مەسعود بارزانی هەروا لە بەغدایە، بە بروسکەیەك هەواڵی گەیشتنم پێ ڕاگەیاند، ڕۆژی دوایی چوومە دهۆك تا سەردانی لقی یەك‌و کاك فازڵ میرانی بکەم، لەکاك فازیلەوە زانیم کە دەسەڵاتی کارگێڕی عێراقی لە شارەکەدا ماوەو یەکێك خۆی بە پارێزگار دەزانێت، بەڵام دەسەڵاتی ڕاستەقینە لەبن دەستی ئێمەدایە، هەروەها میرانی وتی شار بارەگای بەرەی کوردستانی تێدایەو هەر حیزبێکی ئەندام لەبەرە نوێنەری هەیەو ڕۆژی ١٦ی ئابیش بەبۆنەی دامەزراندنی پارتییەوە ئاهەنگێکی جەماوەری دەگێڕن.

گەڕامەوە سەرسەنگ، ژمارەیەك لە خزمانم، ئەوانەی کە لە کۆڕەوەکەی دوای ڕاپەڕین هەولێریان جێهێشتبوو لە دەرەوەی شارو بەدوور لە چاوی دەسەڵاتدارانی حکومەت دەژیان کە زانیان لەوێم هاتنە لام، یاوەری دێرین‌و بەوەفام خوالێخۆشبوو عومەر قادریش هاتە لام.

ڕۆژی ١٦ی ئاب، لەگەڵ برایان نێچیرڤان بارزانی‌و سیامەند بەننا بۆ بەشداری کردن لە ساڵیادی دامەزراندنی پارتی چووینە ئاهەنگەکەی لقی



www.mukiryani.com

یەك، ئاهەنگەکە لە گۆڕەپانێك سازدرا، هونەرمەندی کوردی کوردستانی ڕۆژئاوا شیرین حەسەن مەلاو چەند هونەرمەندێکی خۆمانیش بەشداریان تێداکرد، هەزاران کەس ڕژابووە ئەوێ، ئەو کەسەی ئەرکی پارێزگاری دهۆکی پێ سپێردرابوو لاوێك بوو کە لام وایە کوڕی یەکێك لە سەرۆك عەشیرەتەکانی ناوچەکە بوو، بەدرێژایی ئاهەنگەکە ورتەی لێوە نەهاتو نیگەرانی پێوەدیاربوو.

دوای کۆتایی هاتنی ئاهەنگەکە گەڕاینەوە سەرسەنگ، ڕۆژی دوایی کۆلۆنێل ناب بەهەلیکۆپتەرێکەوە هات، وتی دەمەوێت گەشتێك بکەین‌و لە ئاسمانەوە ئەو قەسرانە ببینم کە سەدام لە ناوچەکەدا دروستی کردون، بەسەر چیای گارەو ناوچەی سەرسەنگ‌و ئانیشکێدا سوڕاینەوە، سێ قەسری سەرەکیمان بینی، یەکێکیان لەسەر لوتکەی چیای گارە بوو، بە سەرخەری کارەبایی مرۆڤ دەیتوانی بچێتە سەری، دوو قەسرەکەی دیکەش بەتایبەتی قەسری ئانیشکێ درێژی شورەکەیان سەدان مەتر دەبوو، لەناو شورەکەش چەند قەسرێك هەبوون لە قەسری سەرۆك بچوکتربوون کە بۆ میوانان‌و کەسە نزیکەکانی خۆی تەرخانکرابوون.

مرۆڤ سەرسامی دایدەگرت کاتێك چاوی بەو زێدە مەسرەفی‌و تەخشان‌و پەخشانە دەکەوت، سەدام بە مالّی خەلّك لەسەرجەم عێراقدا قەسری دروست دەکرد کەچی ولاّتیش زۆر پێویستی بەو پارەیە بوو تا ولاّت ئاوەدان بکرێتەوە، بەتایبەتی شەڕی دژ بە ئێران کە هەشت سالّی خایاندو عێراق ملیارەها دۆلاری وەك قەرز کەوتە سەرشان کە هی ولاّتانی عەرەبی‌و بیانی بوو، میللەتی عێراق بەدەست برسیەتی‌و قات‌و قڕیەوە دەینالاّندو دەستەو دایەرەی ڕژێمەکەی سەدامیش تەپلّی شادیان لێدەدا.



www.mukiryani.com

دەتوانرا بۆ مەبەستی گەشتو گوزار سوود لەو قەسرانە وەربگیرێن‌و بکرێن بە هۆتێلی گەشتیاری یاخود مۆزەخانەو خانووی میوانداری، بەلاّم کاتی ڕاپەڕین دەستی تالاّن‌و بڕۆی گەیشتیّ‌و وێران بوون.

دوای گەشتەکەمان، کۆلۆنێل ناب ئامادەیی پیشاندا بە هەلیکۆپتەر بمباتە ناوچەی دیانا کە بارەگای سەرۆك مەسعود بارزانی نزیك بوو لەویّ، سوپاسم کردو وتم دوای دوو ڕۆژی تر سەردانی ئەو ناوچەیە دەکەم.

ڕۆژی دیاریکراو، کۆلۆنێل ناب دوو هەلیکۆپتەری ئامادەکرد، یەکێکیان کۆمەڵێك سەربازی تێدابوو، ئەوەی دیکەش بۆ گواستنەوەی ئێمە جگە لە کۆلۆنێل ناب دوو ئەفسەری دیکەش هاتبوون، ناب وتی دەتوانی دوو کەسی دیکەش بێنیت، هەریەك لە قەرەچوغی کوڕی کاك ئەحمەدی برام‌و سیروانی کاکەی خالۆزای شێروانی کوڕم یاوەرم بوون، کاتێك لە هەلیکۆپتەرەکە نزیك بووینەوە، بینیمان یەکێك دانیشتووە کێشی نزیکەی ١٦٠-١٧٠ کگم دەبێت، کۆلۆنێل ناب داییەزاندو داوای لێبوردنی کردو وتی لەتوانادا نیە بیگوازینەوە، پاشان زانیم ئەو زەلامە قەڵەوە ئەڵمانیەو ناوی (زیگی)یەو ئەندام پەرلەمانی یەکێك لە ویلایەتەکانی ئەڵمانیایە، ئێستا دۆستی کوردەو جار جار لەگەڵ کوڕەکەی سەردانی کوردستان دەکات‌و بەکاری بازرگانیەوە خەریکە.

دوای نیو سەعات فڕین، باڵەفڕەکە لەنزیك سۆران نیشتەوە کە ئەو کاتە شارەدێیەکی بچووك بوو، لەکاتی دابەزین بینیم هەندێك لە خزم‌و دۆستانم هاتونەتە پێشوازیم لە پێشەوەیان (وریا)ی کوڕە گەورەی برای کۆچکردوم (کاك ئەحمەد)و برایەکانی‌و هەردوو خوالێخۆشبووان (عومەر قادر) برادەری بەوەفاو یاوەری دێرینم، لەگەڵ حاجی فەقیّ عەبدوڵلاّ هەروەها عومەر ئاغای سورچی‌و هی دیکەش، مالاّواییم لە کۆلۆنێل ناب‌و



www.mukiryani.com

برادەرەکانی کردو ئەوان چوونە شوێنێکی تر، لەگەڵ وریا چوومە شوێنی حەوانەوەیان، ئەوان دوای کۆڕەو لەوێ جێنشین بوونو نەگەڕانەوە هەولێر.

دیانە، لە سۆرانو شوێنی نیشتنەوەی هەلیکۆپتەرەکان بە ئۆتۆمبێل چەند دەقیقەیەك دوور بوو، دوای هەواڵ پرسینی خانەوادەو کەمێك پشوودان، زانیم سەرۆك مەسعود بارزانی دوای دوو هەفتە مانەوە لە بەغدا وا بەرەو کوردستان بەڕێوەیە، لەگەڵ وریاو هەندێك هەڤاڵی دیکە بۆ پێشوازی کردن چووینە دەربەندی کۆڕێی نێوان شەقلاوەو پیرمام کە لەگەڵ هەولێر لەژێر کۆنترۆڵی هێزەکانی ڕژێمدا بوون، کە گەیشتینە ئەوێ، دوای کەمێك کەژاوەی سەرۆك بارزانی گەیشت، دوای سڵاوو بەخێرهێنان تا بارەگای خۆی لە گوندی سارداوی نزیك سۆران یاوەری بووین.

بارەگای زۆربەی حیزبە کوردستانیەکانو بارەگای بەرەی کوردستانی لە شەقلاوە بوو، کاك مەسعود داوای کرد بەیەکەوە کۆببنەوە، لەوە دڵنیانیم کۆبوونەوەکە ڕۆژێك دوای گەیشتنی کاك مەسعود بوو یان پاشتر سازدرا، لەکاتی دیاریکراودا، سەرۆك بارزانی داوایکرد لەو کۆبونەوەیەدا یاوەری بم کە سەرجەم ئەندامانی بەرەی کوردستانیو سەرانی حیزبەکان یان نوێنەریان ئامادەبوون.

کاك مەسعود، ئەنجامی سەردانەکەیو وتووێژەکانی لەگەڵ ڕژێمی بەغداو ئەو خاڵانەی حکومەت لەسەری ڕازی بووە بۆ ئامادەبووان کرد، وتی لەسەر هیچ شتێك لەگەڵ حکومەت ڕێك نەکەوتووم بەڵکو پێیم وتون مەسەلەکە لەگەڵ بەرەی کوردستانی باس دەکەم، دیارکەوت ئەو خاڵانەی کە حکومەت ئامادەبوو لەسەریان ڕەزامەند بێت زۆر کەمتر بوون لەو خاڵانەی کە لە ١١ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ لەسەری ڕێککەوتن.



www.mukiryani.com

هەموو لەسەر ئەوە کۆك بوون کە پەلە لە کارەکەدا نەکرێت، هاوڕێ کەریم ئەحمەد ئەندامی مەکتەبی سیاسی ئەوسای حیزبی شیوعی عێراق وتی (پێویستە پەلە نەکەین‌و بەر لە هەر ڕێکەوتنێك ڕاوێژ لەگەڵ هاوپەیمانان‌و ئەمەریکا بکەین)، کاك مەسعود بە زەردەخەنەیەکەوە وەرامی هاوڕێ کەریمی دایەوەو وتی (بەر لە ٢٠ساڵ ئێوە بەیاننامەتان دژ بە ئێمە بلاوکردەوە چونکە پەیوەندیمان لەگەڵ ئەمەریکا هەبوو)، هاوڕێ کەریم وتی (٢٠ ساڵ دوای ئێوە ئێمە گەیشتینە ئەو قەناعەتە)، هەموو پێکەنین، کۆبوونەوەکە کۆتایی هات، کاك مەسعود وتی بۆ وتووێژ ناچینە بەغداو نیاز وایە هەڵبژاردنی پەرلەمان لە کوردستاندا بکرێت، ئەوکاتە بابەتەکە بۆ نوێنەرانی گەل جێ دەهێڵین.

گەڕاینەوە بارەگای بارزانی لە سارداو، لەوێ کاك مەسعود پێی وتم (زۆر زەحمەتە لەگەڵ حکومەت بگەینە هیچ ڕێککەوتنێك، هەر بە عەقڵیەتی کۆن هەڵسوکەوت دەکەن، گیانی خۆ بەزلزانین‌و شۆڤینیەت بەسەریاندا زاڵە، سەرەڕای بەزینیان لە شەڕی هاوپەیمانان‌و ئەو ماڵوێرانیەی بەسەر عێراقیاندا هێناو سوپاکەیان ڕووخا، کەچی وا زەن دەکەن بەهێزن‌و لەسەر ئەو بنەمایەش وتووێژمان لەگەڵ دەکەن)، هەروەها بە پێکەنینەوە وتی (گریمان گەیشتینە ڕێککەوتنێك، باشە چۆن دەتوانین لەگەڵ عودەی کوڕی سەدام بژین، هەڵسوکەوتە شێتانیەکەی‌و دەم‌و چاوە دڕندانەکەیم بینیوە کە لە مرۆڤی ئاسایی ناکات).

گەڕامەوە دیانا، خزمان‌و برادەرانی هەولێرو دەوروبەری دەهاتنە سەردانم، بەسوپاسەوە کاك مەسعودیش سەردانی کردم، هەفتەی دووجار بۆ زانینی هەواڵ‌و ڕووداو دەچوومە سارداو، دوای چەند ڕۆژێك کاك نێچیرڤان لە دهۆك گەڕایەوە، بەڕێزان سیامەند بەنناو عەلی خەلیل خۆشەوی‌و هی دیکە



www.mukiryani.com

یاوەری بوون، گەیشتینە مانگی تشرینی یەکەم، بڕیاردرا شاندێك بچێتە تورکیا تا گفتوگۆ دەربارەی پەیوەندی نێوان هەردوولاو مەسەلەی کردنەوەی نووسینگەی پارتیمان لە ئەنکەرەدا بکرێت، بڕیاردرا کاك نێچیرڤان سەرکردایەتی شاندەکە بکات، چوومە زاخۆ تا بەتەلەفۆن قسە لەگەڵ لێپرسراوانی تورکدا بکەم، ئەوکاتە هیچ دەزگایەکی پەیوەندی (جگە لە هێلی تەلەفۆنی تورکی لەزاخۆدا) نەبوو، وەك پێشتر باسمکرد.

لەزاخۆ، تەلەفۆنم بۆ بەڕێز (جەنگ دوعا تەپە)ی برادەرمانو باڵیۆز لە وەزارەتی دەرەوەی تورکیا کرد وتم نیازی سەفەرمان هەیە، بە دڵخۆشی وەرامی دایەوەو پرسیاری شاندەکەی کرد، وتم : لە ئاستێکی بەرزدایە، دوعا تەپە وتی دوای نیو سەعاتی دیکە تەلەفۆنم بۆ بکەرەوە، لەکاتی دیاریکراودا تەلەفۆنم بۆ کردن وتیان بەو سەردانە زۆر خۆشحاڵنو شاندەکە هەر کاتێك لەسەر ئاستێکی بالاً پێشوازی لێ دەکرێت.

لەنیوەی یەکەمی مانگی تشرینی یەکەم چووینە دهۆك، کاك نێچیرڤانو سیامەند بەنناو من، ئەو شەوە لەوێ ماینەوە، ئێوارە سەردانی موشیر ئاغای سەرۆك عەشیرەتی گۆرانمان کرد، کە دوای هێرشی هێزەکانی ڕژێم موشیر ئاغا گوندی رۆڤیای جێهێشتبوو، موشیر ئاغا خەنجەرە دەسك زێڕەکەی پێشکەش کاك نێچیرڤان کرد، کاك نێچیرڤان ویستی وەری نەگرێت، بەلاًم من پێم وت (وەری بگرە ئەمە دیاریەکی گونجاوە بۆ سەرۆك تورگوت ئۆزال)، ئەمیش بە سوپاسەوە وەریگرت.

ڕۆژی پاشتر، بە ئۆتۆمبێل چووینە دیاربەکر، لەوێشەوە بە باڵەفڕە چووینە ئەنکەرە، عەسر گەیشتینە باڵەفڕخانەو باڵیۆز دوعا تەپە پێشوازی کردینو لەسەر داخوازی خۆمان ئێمەی بردە هۆتێلی ئیچ قەلاً.



www.mukiryani.com

ڕۆژی دوایی، لە هۆتێل چاومان بە بەڕێز جەلال تاڵەبانیو ژمارەیەك سەرکردەی ئۆپۆزسیۆن (لە لیژنەی کاری هاوبەشو دەرەوەی لیژنەکە کەوت) ئەوان بە نیازبوون چاویان بە سەرۆك تۆرگۆت ئۆزال بکەویێتو چاوەڕوانی وادەکە بوون.

دوای ماوەیەك، ئۆتۆمبێلێکی حکومی هات، شاندی ئێمەی بردە وەزارەتی دەرەوە، ئۆتۆمبێلێکی دیکەش کە پاسەوانی تێدابوو بەدوامان کەوت، بەڕێز دوعا تەپە پێشوازی کردین، کۆبوونەوەیەکمان سازدا کە تیایدا گەورە فەرمانبەرانی وەزارەتی دەرەوەو ئەمنو سوپا تیایدا بەشداربوون، بابەتی پەیوەندی نێوان هەردوولاو کردنەوەی نووسینگەی پارتی لە ئەنکەرە تەوەری باسەکان بوون، ئەوان نیگەرانیان بەرامبەر چالاکیەکانی P.K.K پیشاندا، ئێمەش وتمان بەگوێرەی توانا ڕێگە بەوە نادەین خاکی کوردستان دژ بە دراوسێکانمان بەکاربێت، بەلاّم درێژایی سنوری نێوانمانو عاسێیی ناوچەکەو چۆڵبوونی لەخەڵك لەئەنجامی کۆچ پێکردنی دانیشتوان لەلایەن ڕژێمی عێراقەوە، هەروەها وێرانکردنی گوندەکان بوونەتە هۆکاری ئەوەی بەئاسانی ناوچەکە کۆنترۆڵ نەکرێت، هەر لەو کۆبونەوەیەدا بڕیاردرا سیامەند بەننا لێپرسراوی نووسینگەی پارتی بێت لە ئەنکەرە.

بە ئۆتۆمبێل ئێمەیان بردە نووسینگەی سەرۆك کۆمار، لەوێ تورکۆت ئۆزال بەڕووی خۆشەوە پێشوازی کردین، (کایا تۆپەری) ڕاوێژکاریو یەکێکی دیکە ئامادەبوون، کاك نێچیرڤان خەنجەرە دەسك زێڕەکەی وەك دیاری پێشکەش بەسەرۆك کۆمار کرد، بە سوپاسەوە وەریگرتو بە تۆپەری پیشاندا، ئینجا هاتە سەر باسی پەیوەندی نێوان هەردوولاو دەیەوێت پەرە بەم پەیوەندیە بداتو دەستکاری دەستور بکات، هەروەها بە ناڕاستەوخۆ



www.mukiryani.com

خۆی وای پیشاندا کە کوردەو خەڵکی مەلاَتیایە زۆربەی دانیشتوانی ئەوێش کوردن، کار لەسەر چارەسەرکردنی کێشەی کـورد دەکـات، هـەروەها وتـی ناڕازیە بەرامبەر شێوازی ڕژێمی عێراق دەرهەق بە گەلەکـەی‌و پێشـوازیش لە شاندێکی ئۆپۆزسیۆن دەکات.

کاك نێچیرڤان سوپاسی ئـەو پێشـوازیەی کـردن‌و هەوڵـەکانی سـەرۆك کۆماری بۆ دروستکردنی ئەم پەیوەندیانە کردو وتی ئێمەش بەوە خۆشحاڵین پەرە بەم پەیوەندیانە بدەین کە خزمەتی هەردوولامان بکات، کاك سیامەند بەننا بـە زمـانی ئینگلیـزی وەرگێـڕی نێوانمـان بـوو، دوای گرتنـی چـەند وێنەیەکی یادگاری، مالآواییمان لەسەرۆك کۆمار کرد، بـەڕێز تۆپـەری تـا دەرەوەی نووسینگە یاوەرمان بوو، لەوێ ئۆتۆمبێلەکان چاوەڕێمان بوون.

پاشان بەسەردانێکی ئاسـایی چـووینە لای بـاڵیۆزی بـەریتانیا، باسـی سەردانەکەمان بەسەرکەوتوویی بۆ تورکیا کردو باڵیۆزیش بەمـە خۆشـحاڵ بوو، ڕۆژی دوایی چووینە ئەستەنبوڵ، لە باڵەفڕخانە هەمان ئەو کەسەی کە لەیەکەم سەردانمان لەگەڵ بـەڕێز تاڵـەبانی پێشـوازیکردین دیسـان لـەوێ پێشوازی کردین، ئەمەش لەسەر ڕاسپاردەی بـاڵیۆز دوعـا تەپـە هـەروەها پێشنیاری منیش بـوو چـونکە ئـەو کەسـە زمـانی کـوردی دەزانـی، دوای بەسەربردنی دوو ڕۆژ لەوێ سەردانی چەند شوێنەوارێکی ئەسـتەنبوڵ، هـەر یەك لە بەڕێزان نێچیرڤان بارزانی‌و سـیامەند بـەننا بـە ڕێگـای دیاربـەکر گەڕانەوە کوردستان‌و منیش چوومە بەریتانیا.

کە گەیشتمە بەریتانیا، هەندێك لە چالاکوانانی ئۆپۆزسـیۆن سـەرقاڵی پێکهێنانی کـۆنگرەو لیژنـەی دیکـە بـوون وەك ئەڵتـەرناتیڤێك بەرامبـەر لێژنەی کاری هاوبەش کە لە کۆنگرەی بەیروت بڕیاری لەسەر درا، لێژنـەی کاری هاوبەش نیمچە مـردوو بـوو، هـیچ چـالاکیەکی نـەبوو، لەسـەرەتای



www.mukiryani.com

پێکهێنانی دوو کۆبوونەوەی سازدا بەڵام ئەندامەکانی لەنێوان خۆیاندا کۆك نەبوون بۆیە نەگەیشتنە هیچ بڕیارێك، یەکێك لەوانەی کە لەپێش هەمووان داوای گرێدانی کۆنگرەیەکی دیکەی کرد دکتۆر ئەحمەد چەلەبی بوو، زۆربەیان پشتیان گرتو منو هوشیار زێباریش وەك نوێنەرانی سەرۆك بارزانیو پارتی لایەنگری بووین، چونکە گەیشتینە قەناعەتی تەواو هیچ سوودێك لە لیژنەی یەکەم نابینینو هەروەها ولاتانی ڕۆژئاواو هاوپەیمانان لە پێشەوەی هەموان ئەمەریکا لایەنگری گرێدانی کۆنگرەی دووەمن.

لەکۆتایی مانگی تشرینی دووەم زانیمان ڕژێمی عێراق، سەرجەم دەزگا کارگێڕیەکانی لە شارو شارۆچکەکانی کوردستان کشاندۆتەوە، هەروەها هێزەکانیشی بردۆتە هێڵی پانی ٣٦، هەروەها زانیمان سەرۆك مەسعود بارزانی بارەگاکەی بردۆتە هاوینەهەواری پیرمام، دوای ئەوەی ڕژێم هێزەکانی کشاندەوە سەرۆك بارزانی لەسەرێ ڕەش (سەری بڵند) جێگیربوو، پاشانیش زانیمانەوە بەرەی کوردستانیو سەرجەم حیزبەکانی گەڕاونەتەوە هەولێر، سەرقاڵی پێکهێنانی کارگێڕی کاتین تا بارودۆخ لەبار دەبێت بۆ هەڵبژاردنی گشتی کە داواکاری سەرۆك مەسعود بارزانی بوو لە سەرەتای ڕاپەڕین.

منو هوشیار زێباری بیرمان لە دابینکردنی ئامێرێکی تەلەفۆن بۆ پەیوەندی کردن لەگەڵ نووسینگەی سەرۆك بارزانی کردەوە، ئەو کاتە مۆبایل نەبوو، ئامێرێکی پەیوەندی لەلای ئەو پاپۆڕانە بوو کە لە ئۆقیانوسەکان لەنگەریان گرتبوو، ئەمیش سەر بە کۆمپانیا گەورەکان بوو، نرخی قسەکردن زۆری تێدەچوو، بۆ پەیداکردنی ئەو ئامێرە ڕووم لە محەمەد حوسێن مەلا دزەیی ئامۆزام کرد کە یەکێك بوو لە دەوڵەمەندە کوردەکانی دانیشتوی بەریتانیا، ئەمیش شوانی کوڕی بۆ ئەم مەبەستە ڕاسپارد، دوای چەند ڕۆژێك، شوان ئامێرەکەی کڕی کە نرخەکەی لە ٢٥ هەزار ژونەیهی



www.mukiryani.com

ئیستەرلینی زیاتر بوو، شوان وتـی نرخـی یـەك دەقیقـە قسـەكردن لـە ٨ ژونەیهی ئیستەرلینی زیاترە، سوپاسی شوانمان كرد.

بینیمـــان ئامێرەكـــە زۆر قورســـە، لەمـــەش دڵنیانـــەبووین ئـــاخۆ دەسەلاٚتدارانی توركیا ڕێگا دەدەن بینێرینە كوردستان، منو هوشیار بیرمان لەوە كردەوە باشترین ڕێگایەك ئەو ئامێرەی پێدا بنێرینە كوردسـتان، یەكـە سەربازیە بەریتانیـەكان بـوون لـە ناوچـەكەدا، بـەرێگای وەزارەتـی دەرەوە پەیوەندیمان بە دەسـەلاٚتدارە سـەربازیەكانەوە كـرد، ئامێرەكـەیان گەیانـدە ئەوێو لە بارەگای سەرۆك بارزانی چەسپ كـرا، بووینـە خـاوەنی پەیوەنـدی تەلەفۆنی ڕاستەوخۆ، ئامێرو ژمارەكـەی بـە ناونیشـانی مـن تۆمـار كـرا، لیستی تەلەفۆنو تێچونەكەی مانگانە ڕاستەوخۆ بۆ من دەهات.



www.mukiryani.com

# سەفەری سەرۆك بارزانی

لەكۆتایی ساڵی ١٩٩١ی سەدەی ڕابردوو، هەڵبژاردنی گشتی لە توركیادا كرا، حیزبی فەرمانڕەوا (نیشتیمانی دایك) كە بەڕێز تۆرگۆت ئۆزال بەر لەوەی ببێتە سەرۆك كۆمار (سەرۆكی وەزیران بوو) شكستی هێنا، دوای ئەو مەسعود یەڵماز سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیرانو حیزبی وەرگرت، لەو هەڵبژاردنەدا (حیزبی ڕێگای ڕاست) كە سلێمان دیمیریل سەركردایەتی دەكردو سیاسیەكی پێگەیشتووو پێشتریش سەرۆك وەزیران بوو، سەركەوتنی بەدەستهێنا، دیمیریل، حكومەتی تازەی بە هاوپەیمانی لەگەڵ حیزبی (دیموكراتی میللی) كە ئەردال ئینینۆی كوڕی دووەم سەرۆكی توركیا (عیسمەت ئینینۆ) سەركردایەتی دەكرد پێكێهێنا.

دیمیریل، پۆستی سەرۆكایەتی وەزیرانو (ئینینۆ)ش جێگری سەرۆك وەزیرانی وەرگرت، (حیكمەت چەتین)یش كە سەر بە حیزبی ئینینۆو كوردبوو پۆستی وەزارەتی دەرەوەی وەرگرت. لە نیوەی كانونی دووەمی ساڵی ١٩٩٢، (كایا توپەری) ڕاوێژكاری سەرۆك كۆمارو (جەنگ دوعا تەپە)ی باڵیۆز تەلەفۆنیان بۆ كردمو وتیان لەسەر داواكاری سەرۆك كۆمار سەردانی توركیا بكە، پەیوەندیم بە بارەگای بارزانییەوە كردو هەواڵەكەم بەسەرۆك ڕاگەیاند، دوای دوو ڕۆژ سەردانی توركیام كرد، لە باڵەفڕخانە فەرمانبەرێكی وەزارەتی دەرەوە پێشوازی كردمو بردمیە هۆتێل، پێی وتم بەیانی دێت بەدواماو دەمباتە وەزارەتی دەرەوە.



www.mukiryani.com

ڕۆژی پاشتر فەرمانبەرەکە هات‌و بردمیە وەزارەتی دەرەوەو لە ژووری وەزیر داینام، حیکمەت چەتین، بە ڕووی خۆش‌و زەردەخەنەوە پێشوازی کردم، باسی پەیوەندی نێوان هەردوولامان کرد، چەتین خۆشحاڵی خۆی بەرامبەر بەخێرهێنانی بارزانی پیشاندا ئەگەر سەردانی تورکیا بکات، تێبینی ئەوەم کرد بەم پەیوەندیەمان زۆر خۆشحاڵەو هاوسۆزیەکی زۆری پیشاندا، ئەگەرچی بە کوردیش قسەی لەگەڵ نەکردم، لەو دیدارەدا بریکاری وەزارەتی دەرەوە کە لە تورکیا پێی دەڵێن ڕاوێژکارو باڵیۆز (دوعا تەپە) ئامادەبوون، دوای ئەوەی چەند وێنەیەکی تەلەفزیۆنی وەرگیراو پاش نیو سەعات (حیکمەت چەتین) بەڕێی کردم‌و وتی بەڕێز (ئەردال ئینینۆ) جێگری سەرۆك وەزیران چاوەڕێم دەکات، چوومە نووسینگەی جێگر، پیاوێکی تا ڕادەیەك بەتەمەن‌و لاواز بەلاّم سادەو باش دیاربوو، نیو سەعات لای دانیشتم‌و چەند وێنەیەکی تەلەفزیۆنیمان وەرگیرا، یەکێك هاتە ژوورەوەو وتی سەرۆك وەزیران چاوەڕێمە، ئەوان بردمیانە نووسینگەی سەرۆك وەزیران.

کاتێك چوومە ژوورەکەی، بە ماچ‌و پێکەنین پێشوازی کردم، وەك بڵێی لەمێژ بوو دەمناسیێ، باڵیۆز دوعا تەپەو ڕاوێژکارێکی سەرۆك وەزیران‌و پیاوێکی موخابەرات‌و بەڕێوەبەری نووسینگەی سەرۆك وەزیران ئامادەبوون، دوای بەخێرهێنان، سەرۆك وەزیران خۆشحاڵی بەرامبەر ئەو پەیوەندیە تازەیە پیشاندەدا وتی هەوڵ دەدات بەرەو پێشەوەی ببات تا لە خزمەتی هەردوولادا بێت، باسی چالاکیەکانی P.K.K هاتە گۆڕێ چۆن خاکی (باکوری عێراق) لەسەر سنور بۆ چالاکیەکانیان بەکاردێنن، داوایان کرد ڕادەیەك بۆ ئەمە دابنرێت.

پێموتن، ئێمە پەیوەندیمان بە پارتی کرێکارانی کوردستانەوە نیەو بەمەش ڕازی نین ئەو شوێنانەی کە لەژێر کۆنترۆڵی ئێمەدایە دژ بە ولاّتە



www.mukiryani.com

دراوسێکانمان بەکار بێت، بـەڵام بـەرزەفتکردنی سـنوور کـارێکی زەحمەتـە چونکە ناوچەکە عاسێیەو خەڵکەکـە لـە ئـەنجامی سیاسـەتی حکومـەتی عێراق کۆچیان کردووەو گوندەکان خاپورکراون، هەروەها ئەوەم ڕوون کـردەوە ئێمە باوەڕمان بە توندو تیژی نیە بەڵکو حەز دەکەین سـەرجەم گیروگرفتـە هەڵواسراوەکان بەڕێگای ئاشتیو دیالۆگ چارەسەر بکرێن، بێ ئـەوەی پـەنا بۆ چەك ببردرێت، ئینجا وتم: کەسـانێك هـەن باوەڕیـان بـە دیموکراسـیەت هەیەو دژی توندو تیژین وەك بەڕێزان (کەمال بورقای)و (حـەمرەش ڕەشـۆ) بۆچی لێیان نابوورن تا بە ئاشـتیانەو ڕێگـای دیموکراسـی وەك حیزبـەکانی دیکە چالاکی بنوێنن.

دیمیریل وتی: لەم مەسەلەیە دەتوێژینەوە، هەروەها وتی لەگـەڵ سـەرۆك کۆمار ڕێککەوتون کـە ڕۆژی ٢٠ی شـوبات پێشـوازی لەسـەرۆك بـارزانی دەکەن، ئەو دیدارە سەعاتێکی خایاندو وەکو دیداری برادەرانـەی نێـوان دوو برادەری دێرین بوو، چەند وێنەیـەکی تەلـەفزیۆنیو فۆتۆگرافیمـان گـرت، دوای دیدارەکە سەرۆکایەتی وەزیرانم جێهێشت تا بچمە لای تورگۆت ئۆزال.

ئۆزال، لە دیمیریل گەرمتر پێشـوازی کـردم چـونکە پێشـتر پەیوەنـدیمان هەبوو، هەروەها جدیتر بوو لە دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەکی گونجاو بۆ کێشـەی کورد، بێ گومان ئۆزال لەمانی تر هاوسۆزتر بوو چونکە بەڕەگەز کورد بوو، وەك دیدارەکەی پێشوو (کایا توپەری) کە کەسێکی نزیکی ئۆزالو یـەکێك لە ڕاوێژکارەکانی پێشوو ئامادەبوون.

قسەکانمان گشـتی بـوون، دووبـارە داوامکـرد لـە (کـەمال بورقـای)و (حەمرەش رەشۆ) ببوورن چونکە ئەوان دژی توندوتیژین، ئـۆزال وتـی داوام کردووە ڕۆژی ٢٠ی شوباتی ساڵی ١٩٩٢ بارزانی سەردانی تورکیا بکات تـا



www.mukiryani.com

پێشــوازی بکــەم، وتم ئــەو داوەتنامــەیــەی پــێ ڕادەگەیــەنم‌و بێگومــان بــە خۆشحاڵیەوە وەری دەگرێت.

کاتی هاتنە دەرەوەم، ڕۆژنامەنووسان‌و پەیامنێرانی تەلەفزیۆن دەوریــان دام، داوایان کرد باسی بابەتی ئەو دیدارانەیان بۆ بکەم، بە کــورتی وەرامــم دانەوەو وتم سەرۆك کۆمارو سەرۆك وەزیران داوەتنامەیان ئاراستەی ســەرۆك بارزانی کردووە تــا ســەردانی تورکیــا بکــات، وتیــان وادەی ســەردانەکە چ کاتێکە؟ وتم: بەم نزیکانەیە، هەروەها باســی داوای لێبــوردنم لــە بورقــای‌و حەمرەش بۆ کردن.

بۆ بەیانی، ڕۆژنامــەکان بــە مانشــێتی گــەورە نووســیبویان (نوێنــەری بارزانی داوای دەرکردنی لێبووردنی گشتی دەکات).

گەڕامــەوە هۆتێــل، ئێــوارە ڕادیــۆو تەلەفزیۆنــەکانی تورکیــا هــەواڵی چاوپێکەوتنەکەی ئەو ڕۆژەیان بلاوکردەوە، وێنەکان لە شاشــەی تەلــەفزیۆن پیشان دران، ئەو کاتە لە کوردســتان کــەناڵی تەلــەفزیۆنی خــۆجێیی یــان ئاسمــانی نــەبوو بــەڵکو بــەهۆی دانــانی دەفــر (صــحن) دەتــوانرا کەناڵــە ئاسمانیەکانی ببینن، ئەو دەفرانەیان لە بارەگاکەی بارزانی دانابوو، کــەناڵی تورکیایــان کردبــۆوەو دیدارەکــەمی لەگــەڵ لێپرســراوانی تــورك بینیبــوو، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە داوەتنامەی بارزانی بۆ تورکیاوە هەبوو.

زەنگی تەلەفۆنی ژوورەکەم لێیدا، کاك سیداد بارزانی لەسەر خەت بــوو، دوای سلاو‌و هەواڵ پرسین وتی: سەرۆك مەسعود بــارزانی دەیــەوێت قســەت لەگەڵ بکات، بارزانی وتی دیدارەکــەتم بینــی‌و زۆر پێــی خۆشــحاڵ بــووم‌و پیرۆزباییــت لێ دەکــەم‌و چــاوەڕوانی گەڕانــەوەتم، منــیش وتم ئــەوەم بــەناوی جەنابتانەوە کــردووە چــونکە نوێنــەری ئێــوەم، پشــت بــەخوا دوو ڕۆژی تــر لەلاتانم.



www.mukiryani.com

کــەش‌و هــەوا زۆر ســاردبوو، زۆربــەی ناوچــەکان بەتایبــەتی باشــوری ڕۆژهەلاّت (کوردستانی باکور) بە بەفر داپۆشرابوون، دوای چێشت خــواردن چەندان پەرلەمانتاری کوردو پارێزەرو کەسایەتیە کوردەکان هاتنە سەردانم، بەخێریان هێنام‌و پرسیاری ســەردانەکەی بــارزانی‌و وادەکــەیان کــرد، هــەر لەوکاتەدا خەبەریان بۆ هێنام کە کەسێك دەیەوێت بێتە لات، یەکێك هات‌و بەناوی (سەمەد)ەوە خۆی پێشکەشکرد، ناوی باوکیم بــیر نــەماوە، خــەڵکی شەمدینان بوو، وتی (لە تەلەفزیۆن بینیم نوێنەری بارزانی لە تورکیا ئــەو دیدارانەی ئەنجام داوە، سەرەڕای خراپی کەش‌و هەوا توانیم بگەمە دیاربەکرو بەباڵەفڕەش هاتمە ئێرە تا بتبینم) هەروەها وتی (مــن دەوڵەمەنــدم خــاوەنی دوکان‌و خانوو باڵەخانەم، ئەمەش بە فەزڵی بارزانی نەمر بوو کە بووە هۆی ئەوەی ئەم سامانەم هەبێت).

سەمەد دەستی بە گێڕانەوەی سەربردەکەی کردو، مەسەلەکەم بیرهاتــەوە چونکە بــارزانی نــەمر بــۆی گێڕابوومــەوە، پوختــەی ســەربردەکە ئەوەیــە، ئەوکاتــەی بارزانیــەکان لــە ســاڵی ١٩٣٣ لــەژێر فشــاری هێــزی ئاسمــانی بەریتانی‌و هەردوو ســوپای عێــراق‌و بــەریتانیا ناچــارکران بەســەرۆکایەتی خوالێخۆشبوو شێخ ئەحمەد بارزانی بەرەو تورکیا کــۆچ بکــەن، حکومــەتی ئەتاتورك داوای کرد چەك دابنێن‌و لەو شــوێنانە دابنیشــن کــە حکومــەت بۆیان دیاری دەکــات، یــاخود بگەڕێنــەوە عێــراق، شــێخ ئەحمــەد بیرۆکــەی یەکەمی پەسەند نەکرد، لەو کاتەدا پێویستیان بەچەند ولاّخێك دەبێــت تــا ژن‌و منداڵەکان بگوازنەوە، کابرایەکی خاوەن ولاّخ دەڵێت دەبێــت پێشــەکی کرێیەکەم بدەیتێ، بارزانی ئەوەندە پارەی لانەبوو بیدات بــە کــابرا، بــاوکی سەمەد (سەمەد هێشتا لەدایك نەبووبوو) ڕادەکات‌و دەڵێــت پارەکــە هــەر



www.mukiryani.com

چەندە بێت من دەیدەم، کـابرای خـاوەن ولاٚخ ڕازی دەبێـتو دەیانگوازێتـەوە شوێنی مەبەست.

سالاٚن بەسەرچوون، ساڵی ١٩٦٦، لاوێك لە کوردستانی باکور هاتە لای بارەگای بارزانی لە گوندی دیلمانو داوای کرد چاوی بە بـارزانی بکـەوێت، کە پرسیاری ناویان کرد وتی (سەمەدی کوڕی فلاٚنم) لـە شـەمدینان، کـە ناوەکەیان دا بە بارزانی، فەرمانیدا بیهێننە ژوورەوە، پێشوازی لێکردو زۆری بەخێرهێنا، چەند ڕۆژێك میوانداری کرد، فەرمانیدا دوو ولاٚخی بـۆ بکـڕنو بڕێك پارەی گونجاویشی پێدا، هـەروەها بـارزانی فەرمانیـدا چ کەلوپـەلێك هەڵدەبژێرێتو دەتوانێت بیباتەوە تورکیا بۆی بکڕن)، ئەمە بـارزانی نـەمر بۆی گێڕامەوە.

سەمەد وتی پاشان لەسەر سنوور دەستم بە کاری بازرگـانی کـرد، دوای چەند ساڵێك پارەیەکی باشم کۆکردەوە، لەناو تورکیادا بوومـە یـەکێك لـە دەوڵەمەندەکانی ناوچەکە، ئەمەش هەموو بە فەزڵی بارزانی بوو.

لێرەدا وەفای بارزانی بەدیارکەوتو دوای سی ساڵ ئەو چـاکەیەی بـاوکی سەمەدی دایەوە.

ڕۆژی دوایی، بە باڵەفڕە چـوومە دیاربـەکر، ئۆتـۆمبێلێکی پـۆلیس تـا شاری خابووری سەر سنوور یاوەرم بوو، کـە سـنوورم بـڕی چـوومە لێژنـەی ناوچەی پارتی لە زاخۆ، چەند پێشمەرگەیەك تا پیرمام یاوەرم بوون، سەعات ١٠ی ئێوارە گەیشتم، چوومە ماڵی سەرۆك بارزانیو کاك نێچیرڤانیش لەوێ بوو، باسی دیدارەکانم لە تورکیا بۆ بەڕێزیان کرد، بەمە زۆر خۆشـحاڵ بـوو داوەتنامەکەشـی قـەبوڵ کـرد، ئینجـا هاتینـە سـەر باسـی نووسـینگەی نوێنەرایەتی پارتی لە تورکیا، کاك سیامەند بـەننا هەرچـەند هەفتەیـەك وەك نوێنەری پارتی لە ئەنکەرەدا مایەوە، دەبوایە کەسـێکی دیکـە بچـێتە



www.mukiryani.com

شوێنی، سەرۆك بارزانی وتی ئەکرەم مایی کە لە سویسرا جێنشینە بۆ ئەم کارە ڕادەسپێرێت.

نیوەشەو هەر کەسەو چووە شوێنی خۆی، لە خانوویەکی نزیك ماڵی بارزانی شوێنێکیان بۆ تەرخان کردم، ناوچەکە بەفر دایپۆشی بوو، ڕێگایەکی تەسکیان کردبۆوە کە تەنیا کەسێك دەیتوانی پێیدا بڕوات و هەموو لای بەفربوو، بە زەحمەت گەیشتمە خانووەکە هەرچەندە سی مەترێك لە خانووی بارزانییەوە دوور بوو، بەیانی دوای چێشت خواردن، مۆڵەتم لەسەرۆك بارزانی وەرگرت تا بچمە هەولێر، بۆ بینینی کەسوکارو خزمانم، ئەو شارەی لە مانگی کانونی دووەمی ساڵی ١٩٧٤ەوە جێمهێشتبوو، دوای هەژدە ساڵ، یەکەم جار کە پێم نایە خاکی هەولێر، ڕاستەوخۆ چوومە ماڵی ئەدیب و شاعیرو برادەری دێرینم (عەلی فەتاح دزەیی) ئامۆزام کە لەسەر پێخەفی مەرگ ڕاکشابوو، هەرکە بینیمی وتی (نەمووت ئەمە دوا ماڵئاوایی نیە) دوو ساڵ پێشتر بەمەبەستی چارەسەری شێرپەنجە کاك عەلی هاتبووە لەندەن، دوای تەواوبوونی چارەسەری بەرەو عێراق دەگەڕایەوە، لەکاتی بەڕێکردن وتی (ئەمە دوا ماڵئاوایی نیە)، سێ ڕۆژ دوای سەردانەکەم کاك عەلی کۆچی دوایی کرد (خوا لێی خۆش بێت).

چوومە ماڵی برای کۆچ کردووم (کاك ئەحمەد) چەند ڕۆژێك لەوێ پێشوازی خزم و برادەرانم کرد، دوای چەند سەردانێکی پێویست گەڕامەوە پیرمام، دوای چەند ڕۆژێك مۆڵەتم لە سەرۆك بارزانی وەرگرت و گەڕامەوە بەریتانیا، دەبوایە هەفتەیەك بەر لە سەردانەکەی سەرۆك بارزانی بۆ تورکیا من بگەڕێمەوە.

چوومە دیاربەکر، لەوێوە بۆ ئەستانبوڵ و ئینجا لەندەن، ڕۆژی دوایی لە ١٠ی شوبات تەلەفۆنم بۆ ئەکرەم مایی کرد لە سویسرا تاکو دڵنیابم



www.mukiryani.com

سەفەری توركیای كردووەو وەك نوێنەری پارتی لەوێ دەستبەكار بووە، ئەكرەم داوای لێبوردنی كردو وتی ئێستا لە كۆرسێك دەوام دەكەم، ئەمەم بە تەلەفۆن بەسەرۆك بارزانی ڕاگەیاندو وتم بەر لە سەردانەكەتان پێویستە لەوێ نوێنەرمان هەبێت، سەرۆك بارزانی داوای كرد (سەفین)ی كوڕم با بۆ ماوەی ٦ مانگ لەوێ بێت، سەفین ئەو كاتە لە كۆمپانیایەك كاری دەكرد، خەبەرم بۆ نارد یەكسەر واز لە كارەكەی بێنێت و دوای دوو ڕۆژی دیكە سەفەر دەكەین.

ڕۆژی ١٢ی شوبات، منو سەفین چووینە توركیا، ڕۆژی دوایی لە وەزارەتی دەرەوە لەگەڵ باڵیۆز دوعا تەپە كۆبووینەوە، (سەفین)م پێ ناساندو پاشان سەردانی باڵیۆزخانەی ئەمەریكامان كرد تا گفتوگۆ دەربارەی گواستنەوەی بارزانی لە زاخۆوە بۆ دیاربەكر بەهەلیكۆپتەرەكانی ئەمەریكا بكەین.

ڕۆژی دوایی چوومە دیاربەكرو پاشان گەیشتمەوە كوردستان، سەفین لە ئەنكەرەدا مایەوە، بەشێوەیەكی كاتیو تا نووسینگەو شوێنی حەوانەوەی بۆ دەدۆزینەوە لە هۆتێلی ئیچ قەڵا دابەزی.

كە لە لەندەن بووم، كاك هوشیار زێباری سەردانێكی فەرمی بۆ سەرۆك بارزانی ڕێكخستو تا پاش توركیا سەردانی بەریتانیا بكاتو ڕۆژی ١٩٩٢/٢/٢٦ وادەی بینینی (جۆن مێجەر)ی سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا بوو.

گەیشتمە كوردستان، سەرۆك بارزانی خەریكی خۆ ئامادەكردنو پەیداكردنی دیاری بوو لە دەستكردی كوردستانی تا پێشكەشی لێپرسراوانی هەردوو وڵاتی بكات.



www.mukiryani.com

ســـپێدەی ڕۆژی ١٩/٢/١٩٩٢، بـــەڕێگای وشـــکانی هاوینەهـــەواری سەلاحەدینمان جێهێشتو چووینە دهۆكو دواییش زاخـۆ، لـە دهـۆك کـاك فازڵ میرانی ئەندامی مەکتـەبی سیاسـیو بەرپرسـی لقـی یـەکی پـارتی دیموکراتی کوردستان لەو کاتەدا، پەیوەندی پێوەکردین، کاك مەسـرور کـە ئەو کاتە لە سەرکردایەتی حیزب نەبوو، هەروەها هوشیار زێباری ئەنـدامی مەکتەبی سیاسیو بەرپرسی ئەوسای پەیوەندیەکانی دەرەوە، یاوەری سـەرۆك بـارزانی بـوون، لـە زاخـۆ هەلیکۆپتـەرێکی ئەمـەریکی سـەر بـە هێـزی هاوپەیمانان، ئێمەی بـردە بنکـەی ئینجـەرلیکی ئەمـەریکی لـە تورکیـا، لەوێوەش هەلیکۆپتەرێکی تورکی بردنیە شاری دیاربـەکر، دوای پشـودانو فراڤین خواردن لەیانەی جەندرمە، بە باڵەفڕەیەکی هێڵـی ئاسمـانی تورکیـا چووینە ئەنکەرە، لە دیاربەکر یەکێك لە پەیامنێرانی ڕۆژنامەی –حریە- ی تورکیم بینی کە پێشتر دەمناسی، هەواڵی سەردانەکەی بارزانیان بیستبوو، هاتبووە دیاربەکر تا بەهەمان باڵـەفڕە بگەڕێتـەوەو یـاوەری بـارزانی بێـت، چەند پرسـیارێکی ئاراسـتەی بـارزانی کـردو ئـەویش وتـی : لەسـەر ئـەو داوەتنامـەی کە لەلایەن سەرۆك کۆمارو سەرۆك وەزیران ئاراسـتەی کـراون، سەردانی تورکیـا دەکـات، شـایانی باسـە زۆربـەی ڕۆژنامـەکانی ئەوسـای تورکیا، دەستکاری قسەی دیدارەکانیان دەکردو هەنـدێك ڕسـتەیان دەبـڕیو هەندێکیان زیاد دەکرد بەگوێرەی ئارەزووی خۆیان، لە گواستنەوەی هـەواڵو دیدارەکان دەستپاك نەبوون.

گەیشتینە ئەنکەرە، کایا تۆپـەری ڕاوێـژکاری سـەرۆك کۆمـارو بـاڵیۆز جەنگ دوعا تەپەو ژمارەیەك فەرمانبەری وەزارەتی دەرەوەی تورکیاو سـەفین دزەیی بەڕێوەبەری نووسینگەی حیزب لە ئەنکەرە (تەنیا هەفتەیەك بەسـەر دەستبەکاربوونی تێپەڕیبوو) پێشوازیان کردین.



www.mukiryani.com

دوای پشودانێکی کورت لە هـۆڵی شـەرەف، لەسـەر داواکـاری خۆمـان چووینە هۆتێلی ئیچ قەلاْو پێشوازیکەران ڕۆیشتن، بڕیاردرا سبەینێ دەست بە دیدارەکانمان بکەین، هەندێك لە پاسەوانانی سەر بە ئەنجومەنی وەزیران، لەسەرجەم سەردانو دیدارەکانماندا یاوەرمان بوون.

ڕۆژی پاشتر، لـە ٢٠/٢/١٩٩٢، دەسـتمان بەسـەردانەکان کـرد، ئـەو ڕۆژی، سەرۆك بارزانی جلو بەرگی کوردی پێشمەرگانە (کە هەردەم شانازی پێوەدەکات) پۆشیبوو جامانەی بەناوبانگی سووری بارزانیانی لەسەر نابوو، ئەمە ڕووداوێکی مێژوویی‌و نکاوێکی گـەورە بـوو بـۆ کـوردانی باشـوورو مایەی سەرسوڕمانیان بوو، بـارزانی بـە جـل وبـەرگی کوردیـەوە، لەگـەڵ سەرۆك کۆمارو سەرۆك وەزیرانو گەورە لێپرسراوانی تورك دەربکەوێت.

یەکەم سەردان، بۆلای وەزیری دەرەوە، (حیکمـەت چـەتین) بـوو، چـەتین بەڕەگەز کوردو سەر بە پارتی دیموکراتی کۆمەلاْیەتی بوو، دوای هاوپەیمانی حیزبەکەی لەگەڵ حیزبـی سـلێمان دیمیریـل هاتـە نـاو کابینـەی وەزارەت، پیاوێکی چاك بوو خۆشحاڵی خۆی بەرامبـەر سـەردانەکە پیشـاندا، تـەنیا کاتی بەڕێ کردنمان بە کوردی قسەی کرد، سەردانەکە کـورتو تـەنیا نیـو سەعاتی خایاند، تیایدا باس لە پەیوەندی نێوان هـەردوولاو گرنگـی بـەرەو پێشچوونی کرا، چەتین لەلایەن خۆیەوە ئامادەگی تەواوی پیشاندا.

لە وەزارەتـی دەرەوەوە، چـووینە نووسـینگەی جێگـری سـەرۆك وەزیـران (ئەردال ئینینۆ) ئینینۆ، سەرۆکی حیزبی دیمـوکراتی کۆمەلاْیـەتی کـوڕی سەرۆك کۆماری ناودار (عیسمەت ئینینۆ) بوو کە لـە دوای دامەزرێنـەری تورکیا (کەمال ئەتاتۆرك) بووە سەرۆك کۆمار، دەیانوت بنەماڵەی ئـەردال ئینینۆ بەڕەگەز کوردن، پیاوێکی باشو بێ وەیو لاواز بـوو، ئـەو سـەردانە زیاتر هەواڵ پرسین بوو (زانیمەوە کە ناوبراو دوو ساڵ بەر لە نووسـینی ئـەم



www.mukiryani.com

یادەوەریانەم کۆچی دوایی کردووە، خـوا لێـی خـۆش بێـت). پاشـان نـۆرەی سەردانی سەرۆك وەزیران (سلێمان دیمیرێل) هات، دیمیریل بـە خۆشـحاڵیەوە پێشوازی لە بـارزانیو شـاندی یـاوەری کـرد، لـە نووسـینگەکەیدا گـەورە لێپرسراوانی سوپاو ئـەمن ئامـادەبوون، دوای بـەخێرهێنان دیمیریـل باسـی مەسەلەی پـارتی کرێکـارانی کوردسـتانو چـالاکیەکانیانی لـە (بـاکوری عێراق)دا کرد کە سنوور دەبەزێننو کاری تێکدەرانـە دەکـەنو دەگەڕێنـەوە حەشارگەکانیان.

سەرۆك مەسعود بـارزانی وەرامـی دایـەوە کـە ئەوانـە لەلایـەن سـەدام حوسێن هێنراونەتە ناوچەکەوە، دوای ئەوەی خەڵکی ناوچـەکە بـە زۆرەملـێ کۆچیان پێکرا، ئێستاش لـە ناوچـەیەکی چـۆڵی دوورەدەسـت دان، گونـدە چۆڵەکانی سەرسنوور بۆ حەوانەوەیان بەکاردێنن، هەروەها وتی ئێمە ڕێگـە نادەین خاکی خۆمـان دژ بـە دراوسـێکانمان بـۆ کـاری خراپـە بـەکاربێت، بەتایبەتی ولاتی تورکیا کە هەر لە شۆڕشـی ئەیلولـەوە پێـداگری لەسـەر دراوسێیەکی باش کردووە.

دوای ئـەو قسـەو باسـانە کۆبوونەوەکـە کۆتـایی هـات کـە زیـاتر لـە سەعاتێکی خایاند، سەرەتا چەند وێنەیەکی تەلـەفزیۆنیو فۆتـۆگرافی بـۆ یادگاری گیران، چووینە کۆشکی –جـان کایـا- کـە نووسـینگەی سـەرۆك کۆمـار –تۆرگـۆت ئـۆزال- لـەوێبوو، ئـۆزال بـە خۆشـحاڵیەوە بەگـەرمی پێشوازی لە سەرۆك بارزانی کرد، نیشانەی پتەویو دڵسۆزی پەیوەندی نێوان هەردوولا بەدەمو چاویەوە دیار بوو، قسەکانی لە دڵەوەو دروستکراو نەبوون، چەند وێنەیەکی تەلەفزیۆنیو فۆتۆگرافی گیرانو ڕاوێژکاری کایا تۆپـەریو یەکێکی دیکە ئامادەبوون، زۆربەی قسەو باسەکان دەربارەی بابەتی گشتیو چـۆنیەتی دروسـتبوونی ئـەو پەیوەندیانـە بـوو، ئـۆزال وتـی کـار لەسـەر



www.mukiryani.com

هەمواركردنی دەستوری توركیا دەكات تا هەموو گیروگرفتەكانی ئەو ولاَتـە چارەسەربن (بەشێوەیەكی ناڕاستەوخۆ مەبەسـتی چارەسـەركردنی كێشـەی كورد بوو)، ئەو سەردانە زیاتر لە سەعاتێكی خایاند، كاریگەریەكی جوانی لە دەروناندا جێهێشت بەتایبەتی لـەلای سـەرۆك مەسـعود بـارزانی، ئـەو پەیوەندیە تا كۆچی دوایی سەرۆك ئۆزال هەر بەردەوام بـوو، مردنـی ئـۆزال گومانی لای زۆر كەسو بەتایبەتی خانەوادەكـەی دروسـتكرد، دوای ئـەوەی وێنەی دیـدارەكان ئێـوارەی ئـەو ڕۆژە لـە تەلـەفزیۆن پیشـان دران‌و كـاك مەسعود لەگەڵ گەورە لێپرسراوانی توركیا بە جلی كوردی دەركەوت، دەیان پەرلەمانتاری كورد، پارێزەرو كەسایەتی هاتنە هۆتێلی ئیچ قەلاَ تا بارزانی بەخێر بێنن‌و سلاَوی لێبكەن، خۆشحاڵی خۆیان بەم سەردانە پیشاندا.

ڕۆژانی دواتر، دیداری دیكە لە وەزارەتی دەرەوە سازدران، بـۆ فـراڤین لـە یانەی ئەفسەران داوەتكراین، هەروەها سەردانی هەردوو باڵیۆزی ئەمەریكاو بەریتانیامان، لـە باڵیۆزخانەكانیانـدا كـرد، ئێـوارەی ڕۆژی ٢٤ی مـانگی شوبات ١٩٩٢، كەسایەتی كـوردو وەزیـری پێشـوو (شـەرەفەدین ئالچـی) ئێوارە خوانێكی لەسەر شەرەفی سەرۆك مەسعود بارزانی سازكرد، زیاتر لە سەد كورد ئامادەبوون‌و خۆشحاڵی خۆیان بەرامبەر دیداری بارزانی دەربڕی.

سپێدەی ڕۆژی ٢٥/٢/١٩٩٢، ئەنكـەرەمان جێهێشـت لـە باڵەفڕخانـە باڵیۆز جەنگ دوعا تەپە بـەڕێی كـردین، چـووینە ئەسـتەنبوڵ‌و لـەوێوەش یەكسەر بۆ لەندەن، لە ئەستەنبوڵ كاك فازڵ چووە دیاربەكرو پاشان هاتـەوە كوردستان.



www.mukiryani.com

# لەبەریتانیادا

لە ٢٥/٢/١٩٩٢، لەگەڵ کاك مەسعود بارزانی، لە ئەستەنبولەوە چووینە لەندەن، کاك مەسعودو شاندە یاوەرەکەی، لە شوقەیەك دابەزین کە هی محەمەد حوسێن مەلا دزەیی ئامۆزام بوو، وادەی دیداری بارزانی لەگەڵ جۆن میێجەری سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا، ڕۆژی ٢٦ی ئەو مانگە بوو، چووینە باڵەخانەی ژمارە ١٠ ی داونینگ ستریت کە بارەگای سەرۆك وەزیران بوو، شاندی یاوەری سەرۆك بارزانی بریتی بوون لە هۆشیار زێباری‌و من‌و شێروان دزەیی، کە چووینە ئەوێ (جۆن میێجەر)ی سەرۆك وەزیران‌و (دۆگلاس هیرد)ی وەزیری دەرەوەو (دۆگلاس هۆگ)ی وەزیری دەوڵەت لە وەزارەتی دەرەوە، پێشوازی سەرۆك بارزانیان کرد، لەدڵی خۆمدا پێکەنینم هات، ئەوەم بیرهاتەوە کە کەمتر لە سێ ساڵ پێش ئەمە، سەرۆك مەسعود بارزانی سەردانی بەریتانیای کرد، دوای ماندوبوونێکی زۆر توانی لەدەرەوەی باڵەخانەیەکی حکومیدا چاوی بە فەرمانبەرێکی وەزارەتی دەرەوە بکەوێت، ئێستاش سەرۆك وەزیران پێشوازی دەکات، لە دڵی خۆمدا وتم (سبحان مغیر الأحوال) دوای دانیشتن، سەرۆك بارزانی دیاریەکی پێشکەش بە جۆن میێجەر کرد کە بریتی بوو لە خەنجەرێکی کوردی دەسك زێڕ، میێجەر خەنجەرەکەی لەکاڵان دەرهێناو بە سوعبەت وتی (ئێستا کەس لە ئەنجومەنی نوێنەران ناتوانێ گفتوگۆم لەگەڵدا بکات)، هەروەها وتی حکومەتەکەم پشتیوانی لەگەلی کورد دەکات‌و هەست بەو ئازارە دەکات کە لەدەست حکومەتی



www.mukiryani.com

بەعسدا چەشتویانەو هەموو یارمەیتەکی مرۆیی پێشکەش دەکات)، پاشان باسی دەوری خۆی لـە دابینکردنـی نارچـەیەکی ئـارام بـۆ کـورد لـەکاتی کۆڕەوەکەدا کرد.

سەرۆك بارزانی، سوپاسی سەرۆك وەزیرانو حکومەتی بـەریتانیای کـرد سەبارەت بەو ڕۆڵەی کە لە پاراستنی کورد دا بینیویانە، دوای نیو سەعات ئەوێمان جێهێشتو بە یاوەری دوگلاس هـۆك چـووینە وەزارەتـی کاروبـاری دەرەوە کە کەوتبووە تەنیشت بارەگای سەرۆك وەزیران، لەگەڵ دۆگلاس هێـرد کۆبووینەوەو باسی بارودۆخی عێراق بەگشتیو کوردستانمان بەتایبەتی کرد، سەرۆك بارزانی وتـی نیـازی وایـە دوای کشـانەوەی دەزگـا کارگێڕیـەکانی حکومەت، ئەو بۆشاییە کارگێڕییە بە هەڵبژاردنێکی گشتی بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانو پێکهێنانی حکومەتێکی خۆجێیی بۆ بـەڕێوەبردنی کاروباری ناوچەکە پڕبکاتەوە.

ڕۆژی دواتر، کاك مەسعود سەردانی نووسـینگەی –جیفـری ئارچـەر–ی کرد، پێشتر باسی ئەوەم کرد کە چۆن لە مـانگی نیسانی ساڵی ڕابـردوو لـە کاتی کۆڕەوەکەدا ئارچـەر لـە ئاهەنگێکـدا هەڵمـەتێکی گـەورەی پیتـاك کۆکردنەوەی بۆ کورد کرد، ئێـوارەی هـەمان ڕۆژیـش، کـاك مەسـعود بـۆ ئاهەنگێکی پێشـوازی کـە لەلایـەن کـارگێڕی ڕۆژنامـەی (ئۆبزێرڤـەر)ەوە سازدرابوو، بانگهێشت کرا، لەو ئاهەنگـەدا شـازادە –ئـان– کچـی شـاژن ئەلیزابیسی دووەم ئامـادەبوو، هوشـیار زێبـاریو سـیامەند بـەنناو مـنو شێروان دزەیی یاوەری سەرۆك بارزانی بووین، لەگەڵ شـازادە –ئـان– بـیروڕا ئاڵوگۆڕ کراو چەند وێنەیەك بۆ یادگاری گیران.

هەروەها سەرۆك بارزانی، چاوی بە دکتۆر محەمەد بەحر ئەلعلومو دکتـۆر ئەحمەد چەلەبیو چەندان سـەرانی دیکـەی ئۆپۆزسـیۆنی عێراقـی کـەوت،



www.mukiryani.com

لەبەر ئەوەی لیژنەی کاری هاوبەش، کە لە کـۆنگرەی بـەیروت لـە مـانگی ئاداری ساڵی پێشتر دروستکرابوو، هیچ چالاکیەکی نەبوو و چـووبووە ڕێـزی مردووانەوە، تەنیا یەك دوو کۆبوونەوەی کردبوو، بۆیە دکتـۆر چـەلەبی بـە بارزانی وت کە نیاز وایە کۆنگرەیەکی دیکەی ئۆپۆزسیۆن لە چەند هەفتەی داهاتوو لە ڤیەننا ساز بدرێت، داوای لە بـارزانی کـرد کـە بەشـدار بێـت، بارزانی وەرامی دایەوە کە بەم زووانـە لـە کوردسـتان هەڵبـژاردنی گشـتی دەکرێت، تا دوای هەڵبژاردن ناتوانێت بەشـداری هـیچ کۆنگرەیـەك بکـەن، بەحر ئەلعلومو دکتۆر چەلەبیو هانی ئەلفکیکی قەناعەتیان بەمە هـاتو بڕیاریاندا کۆنگرەکە بخەنە دوای هەڵبژاردنی گشتی لە کوردستان.

سەرۆك مەسعود بارزانی سەردانی مەحمود بابانی لـە ماڵەکەیـدا کـرد، بابان برادەری نزیکی بارزانی نەمرو پاشـان بـووە بـرادەری نزیکـی سـەرۆك مەسعود بارزانی، ساڵی ١٩٩٧ کۆچی دوایی کرد (خوا لێی خـۆش بێـت)، هەروەها سەرۆك بارزانی چاوی بە لیوا روکن کەمال مستەفا کەوت، ناوبراو پێشتر سەرکردەی فیرقە بوو لە سوپای عێراقدا، پاشان هاتە ڕێـزی شۆڕشـی کوردو جێگەی بڕواو ڕێز بوو لەلای بـارزانی نـەمرو کـاك ئیـدریسو کـاك مەسعود، هەروەها لای ئێمەش چونکە پیـاوێکی بەڕەوشـتو دڵسـۆز بـوو، ساڵی ٢٠٠٤ لە لەندەن کۆچی دوایـی کـردو لەسـەر وەسـیەتی خـۆی لـە گۆڕستانی هاوینەهەواری پیرمام بەخاك سپێردرا، لەسەر داواکـاری سـەرۆك بارزانی، لەلایەن بەڕێزان سیامەند بەنناو شـێروان دزەیـیو دکتـۆر غـولام فەرەج، تەرمەکەی هێنرایەوە کوردستان، مەکتەبی سیاسـیش لـە هـەولێر پرسەی بۆ دانا (خوا لێی خۆش بێت).

هەروەها سەرۆك مەسعود بارزانی لە هۆڵێ هۆتێـل (کرۆڤنـەر هـاوس) ئاهـەنگێکی پێشـوازی سـازدا، ژمارەیـەکی زۆر لـە پەنابـەرانی کـوردو



www.mukiryani.com

فەرمانبەرانی وەزارەتی دەرەوەو کەسیایەتیە عێراقیەکانو ڕۆژنامەنووسانی بیانی تیایدا ئامادەبوون.

هەر لەکاتی مانەوەیدا لە لەندەن، کاك مەسعود سەردانی بالێۆز (برنارد دوران)ی لە بالێۆزخانەی فەرەنسادا کردو پاشان بالێۆز دوران لە ماڵەکەی خۆیدا بۆ فراڤین سەرۆك مەسعود بارزانی داوەتکرد، لە بەشی دووەمی ئەم یادەوەریانەمدا بەدرێژی باسی ئەوەم کردووە، ساڵی ١٩٦٨ کە چەند هەفتەیەك بەسەر هاتنە سەر حوکمی بەعس تێپەڕ ببوو لە بەغدا (دوران)م ناسی خوالێخۆشبوو —زەید ئەحمەد عوسمان- ی پورزام پەیوەندی پێوە کردم کە دوران نامەیەکی لەلایەن دکتۆر کامەران بەدرخان)ەوە هێناوەو دەیەوێت وەك نوێنەری سەرۆك دیگۆل بیگەیەنێتە دەست بارزانی نەمر تا لە نزیکەوە ئاگاداری بارودۆخی کوردستان بێت، پاش هاتنە سەر حوکمی بەعس، ڕێگاکان مەترسیان لەسەر بوو، وام بەباش زانی لە ڕێگای تارانەوە بینێرم، نامەیەکم بۆ شەمسەدین موفتی (نوێنەری شۆڕش لە تاران) نارد، دوران لەوێوە چووە سەردانی بارزانی نەمرو ماوەیەك لە کوردستاندا مایەوە، هەروەها باسی ئەوەم کردووە کە چۆن دوران، بۆ دیداری لێپرسراوە فەرەنسیەکان یارمەتی داین، ئەو کاتەی کە لەگەڵ شەهید سامی عەبدولرەحمان لە ساڵی ١٩٧٤ سەردانی فەرەنسامان کرد.

دەگەڕێمەوە سەر پێشوازیەکەی بالێۆز دوران لە سەرۆك بارزانی لە ماڵەکەی خۆیدا، وەك سەرۆك کۆمارێك پێشوازی لێکردو ئاڵای کوردستان لە دەروازەی ماڵەکەی دەشەکایەوە، ئەو دیدارە مایەی شادیو خۆشحاڵی بالێۆز بوو، تا مانەوەی لە لەندەن دیدارەکانمان بەردەوام بوو.

سەردانەکەی سەرۆك مەسعود بارزانی بۆ لەندەن نزیکەی دوو هەفتەی خایاند، تژی بوو لە دیدار چ لەگەڵ لێپرسراوانی بەریتانیا چ لەگەڵ



www.mukiryani.com

لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقیو ڕۆژنامەنووسانی بیانیو عەرەبو ڕێکخراوەکانی پارتی.

لە میانەی ئەو سەردانەدا، سەرۆك مەسعود بارزانی سەردانی خاتوو مارگرێت تاتچەر سەرۆك وەزیرانی پێشووی بەریتانیا کە بە ئافرەتی ئاسنین ناسرابوو کرد، تاتچەر لەهەموو سەرۆك وەزیرەکانی بەریتانیا، زیاتر لەسەر کار مایەوەو دوازدە ساڵ دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت، دوای ونستن چەرچل، بەناوبانگترین سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا بوو، ساڵی ١٩٩٠ حیزبی پارێزگاران تاتچەری بە جۆن مێجەر گۆڕیەوە.

لەو دیدارەدا، منو هوشیار زێباریو سیامەند بەنناو شێروان دزەیی، یاوەری سەرۆك بارزانی بووین، دیدارەکە لە نووسینگەی تایبەتی سازدراو تیایدا جیفری ئارچەری برادەرمانو برادەری تاتچەرو سەر بە حیزبەکەی ئەو ئامادەبوو.

سەرۆك بارزانی، دیاریەکی پێشکەش بە تاتچەر کرد، کە چارشەوێکی سووفی دەستکردی کوردەواری بوو، تاتچەر بە وردی تەماشای کرد، پێی سەرسام بووو سوپاسی سەرۆك بارزانی کرد، لەو دیدارەدا باس لە بارودۆخی کوردستانو کۆڕەوی پاش ڕاپەڕین لە ئەنجامی ترس لە هێزەکانی سەدامو بێدەنگی هاوپەیمانان کرا، تاتچەر داخو پەژارەی خۆی دەربڕیو وتی لە تەلەفزیۆنو ڕۆژنامەکان بەدواداچوونی کردووەو وتی (ئەگەر ئەوسا لە دەستەڵات بمابایە کاروبار بەجۆرێکی دیکە دەبوو)، بەڵام نەیووت چی دەکرد، دوای گرتنی چەند وێنەیەك بۆ یادگاری، تاتچەر خۆشحاڵی بەرامبەر ئەو سەردانە پیشانداو دیدارەکە نزیکەی سەعاتێکی خایاند، دوای ئەو دیدارانە کە دوو هەفتەیان خایاند، سەرۆك بارزانی چووە پاریسو یەکەمجار یاوەری بوومو پاشان کاك هوشیار زێباری لە ئەڵمانیاوە هاتە لامان، وەك دوا وێستگە چووینە ڤییەناو دواییش هاتینەوە کوردستان.



www.mukiryani.com

# له ئەوروپادا

دوای لەندەن، چووینە پاریس‌و یاوەری سەرۆك بارزانی بـووم، لـە پـاریس سەرۆك چەند دیدارێکی لەگـەڵ لێپرسـراوانی فەرەنسـاو ڕۆژنامەنووسـان‌و کەسایەتیە سیاسیەکان‌و مەڵبەندی ڕۆشنبیری کـوردی کـە بـەڕێز کەنـدال نەزان بەڕێوەی دەبـرد ، سـازدا ، بـۆ ڕاسـتی‌و مێـژوو دەڵـێم، زۆربـەی کـات یاوەرمان بوو و چەندان سەردان‌و دیداری لەگەڵ کاربەدەسـتە فەرنسـیەکان بۆ ڕێکخستین، سەردانی دۆستی کورد (خـاتوو دانیـال مـیتران) هاوسـەری سەرۆکی ئەوسای فەرەنسامان لە نووسینگەکەیدا کرد ، خـاتوو دانیـال ئـەو کاتە ڕێکخراوی بەرگری لە ئازادیـەکانی بـەڕێوەدەبرد ، ئـەو کاتـە (برنـارد کۆشنەر) دۆستی کورد هاوکـاری بـوو، کۆشـنەر، کـرا بـە وەزیـری دەرەوە، لەکاتی کردنەوەی کونسولیەتی فەرەنسا لە هـەولێری پایتـەختی هـەرێمی کوردستان، سەردانی کوردستانی کرد.

دوای ئەو چەند دیـدارە دۆسـتانەیە کـە هەفتەیـەکی خایانـد، هاتینـە ئەڵمانیا، لەوێ سەردانی شاری (دۆسلدۆرف)ی پایتەختی هەرێمی (ویسـت راین فیستفالیا)مان کردو چاومان بـە وەزیـری نـاوخۆی هەرێمەکـە بـەڕێز (شنور) کەوت، شنور پێشی چەند مانگێك هـاتبووە کوردسـتان‌و میـوانی سەرۆك بارزانی بوو، ئەو هەرێمە گرنگترین‌و گەورەترین هـەرێمی ئـەڵمانیاو ژمارەی دانیشتوانی لەهەموو هەرێمەکان زیـاترە، شـنور لەسـەر شـەرەفی سەرۆك بارزانی ئێوارەخـوانێکی شـیوخواردنی سـازدا، ژمارەیـەکی زۆر لـە



www.mukiryani.com

لێپرسراوانو کەسایەتیەکانی ئەڵمانیا تێیدا ئامادەبوون، لەبەشی یەکـەمی بیرەوەریەکانمدا، بەدرێژی باسی ئەوەم کردووە کە چۆن پیرە پیاوێکی ئـەڵمانی لێمان نزیك بـۆوەو کتێبێکـی بەدەسـتەوە بـووو وتـی (رەمـزی) دەناسـن؟ مەبەستی ڕەمزی نافیعی بنەماڵەی ناسراوی رەشید ئاغا بـوو لـە هـەولێر، ڕەمـزی سـاڵی ١٩٤٣ لـەکاتی دووەم شـەڕی جیهانیـدا لەگـەڵ چـەندە ئەفسەرێکی ئەڵمانی بە پەڕەشووت دابەزین تا پەیوەنـدی بـە هەنـدێك لـە عەشیرەتەکانەوە بکاتو شۆڕش بەرپا بکەن، ئەڵمانیەکان بەڵێنیان پێـدابوو کە یارمەتی کورد دەدەن، خوالێخۆشبوو رەمزی پیـاوێکی نەتـەوە پـەروەرو خەریکی خوێندنو کۆکردنەوەی پیتاك بوو بۆ حیزبـی هیـوا، پاشـان چـووە ئەستەنبولو لەوێ ئەڵمانەکان پەیوەندیان پێوە کردو بردیانە بەرلین، لـەوێ ئەڵمانەکان بەڵێنیان پێدا ئەگەر هاوکاریان بکات ئەوانیش یارمەتی گـەلی کورد دەدەن، لەجیاتی ئەوەی لە هەولێر دابەزن، بە هەڵە یان بە ئەنقەسـت لە ناوچەیەکی دهۆك بە پەڕەشووت ڕەمزیو چوار ئەفسەرەکەیان دابەزانـد، بۆیە دەڵێم بـە ئەنقەسـت چـونکە دەیـانوت کـاپتنی فڕۆکەکـە هاوکـاری هاوپەیمانان بوو (ئەمـە زیـاتر واتـە وات بـوو)، دوای مانـدووبوونێکی زۆر هاتنە هەولێر لەماڵی نافیع رەشید ئاغا خۆیـان شـاردەوە، بـەڵام دەنگـۆی دابەزینیان لە شاردا بڵاوبۆوە، دەسەڵاتدارانی عێراقیو بـەریتانی بەمـەیان زانی، دەسەڵاتداران زۆربەی کەسایەتیە دیارەکانی خانەوادەی رەشید ئاغایان دەستگیر کرد، دوای چەند ڕۆژێك ڕەمزیو برادەرەکانی، لـە حەشـارەگەیەکی نزیك گوندێکی سەر بە ماڵی رەشید ئاغا دەستگیر کران.

کاتێك بە پیرە پیاوە ئەڵمانیەکـەم وت (رەمـزی) دەناسـم، لـە تەنیشـتم دانیشتو وتی من سەرۆکی ئەو تیمە بوومو ناوی (مولەر) بـوو، کتێبێکـی دامێ کە باسی سەرەتاو بنەتای ئەو پرۆسەیەی دەکرد، پرسیاری (سوعاد)ی



www.mukiryani.com

برای ڕەمزی کردو کە ئەوسا تەمەنی ١٦ ساڵ بووو لەگەڵ ئەوان خرابووە بەندیخانەوە، وتم بەر لە دوو ساڵ کۆچی دوایی کردو کوڕەکانی لە هەولێرن، مولەر وتی سەردانی هەولێر دەکەم، دوای ماوەیەك هاتە هەولێرو چاوی بە کوڕەکانی سوعاد کەوتو ئاهەنگێکی فراڤینیان بۆ سازدا کە من تیایدا ئامادەبووم، مولەر سەردانی ئەو شوێنەی کرد کە کردبوویان بە حەشارگەو هەروەها ئەو شوێنانەی کە تیایدا دەستگیر کران، لەکاتی نووسینی ئەم چەند دێرەدا زانیم مولەر دوو ساڵ لەمەوبەر کۆچی دوایی کردووە.

بەڕاستی، ڕەمزی پیاوێکی نەتەوەپەروەرو لەو باوەڕە دابوو ئەوەی کە دەیکات خزمەتە بەگەلی کورد، دوای دەستگیرکردنیان، چوار ئەفسەرەکە بە دیلی جەنگ لەقەڵەم دران‌و ڕەمزیش فەرمانی لە سێدارەدانی بۆ دەرچوو پاشان کرا بە حوکمی هەتا هەتایی، لەگەڵ کاری بێگاری، لام وایە سوعادیش ساڵێك حوکمدرا، ڕەمزی دوای ئەوەی (٥) ساڵی لە بەندیخانە بەسەربرد، ئازاد کرا، تووشی نەخۆشیەك هاتبوو، هیوای چارەسەرکردنی نەبوو، دوای دوو ساڵ کۆچی دوایی کرد (خوا لێیخۆش بێت)، ئەوەی جێگەی داخە، سەرەڕای ئەوەی کە لە پێناو گەلی کورد قوربانی بە ژیانی خۆیدا، کەچی لەبیرکراوە.

دەگەڕێمەوە سەر بابەتەکەمان، لەکاتی ئاهەنگی شیو خواردنەکە، وەزیر شنورو سەرۆك بارزانی بیروڕایان ئاڵوگۆڕ کرد، ڕۆژی پاشتر چەند دیدارێك لەگەڵ گەورە لێپرسراوانی هەرێمەکە سازدراو پاشان چووینە شاری (بۆن) کە ئەو کاتە پایتەخت بوو، بەر لەوەی بەرلین ببێتەوە پایتەختی ئەڵمانیای فیدراڵ، لەوێش چەند دیدارێکمان سازداو ئینجا چووینە ڤیەننای پایتەختی نەمسا وەك دوا وێستگە، بارزانی لەسەرجەم سەردانەکانیدا بەر لەوەی بگەڕێتەوە کوردستان سەردانی نەمسا دەکات.



www.mukiryani.com

له ڤیەننا، سەرۆك بارزانی چاوی کەوت بە ژمارەیەك لێپرسراوی نەمساوی، لەسەروی هەموویانەوە سەرۆك فیشەر کە ئەوسا سەرۆکی پەرلەمان بوو، دوای بەسەربردنی چەند ڕۆژێك لەوێ بەڕێگای ئەستەنبول گەڕاینەوە کوردستانو پاشان هاتینە دیاربەکرو لەوێوەش بە ئۆتۆمبێل هاتینەوە کوردستان تا خۆمان بۆ هەڵبژاردنی گشتی ئامادە بکەین.



www.mukiryani.com

# هەڵبژاردنی گشتی لە کوردستاندا

لە ژیانمدا بەشداریم لە هیچ هەڵبژاردنێك لە عێراقدا نەکردووە، لە سەردەمی مەلەکیدا، هەڵبژاردنی نیمچە شکلی دەکرا، زۆربەی کاندیدکراوانی حکومەت بە تەزکیە دەردەچوون، لەو شوێنانەی کە هەڵبژاردنیان تێدا دەکرا، تەنیا لەچەند حاڵەتێکی دەگمەن نەبێت ئەگینا هەر کاندیدکراوانی حکومەت دەردەچوون، لەبەرئەوە حکومەت ناچار دەبوو ڕێگا بۆ هەڵبژاردنی ئازاد خۆش بکاتو کاندیدی ئۆپۆزسیۆن دەردەچوو، لەهەموو حاڵەتەکاندا ئۆپۆزسیۆن ژمارەیان لە پەنجەی دەست تێپەڕی نەدەکرد.

لەسەردەمی کۆماریدا، هەڵبژاردن هیچ ئاسەواری نەما، دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول لە ئەنجامی ڕێکەوتننامەی خیانەتی جەزائیر لە ئاداری ساڵی ١٩٧٥، ناونراو بە ئەنجومەنی یاسادانان پێکهێندرا، هەڵبژاردن لەو کاتەدا زیاتر بە دامەزراندنی فەرمانبەران دەچوو، دوای ئەوەی سەدام حوسێن سەرۆکایەتی کۆماری بەدەستەوە گرت، یان ڕاستتر بڵێم دەستی بەسەر کورسی سەرۆکایەتیدا گرت، ناو بەناو هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمار دەکرا، سەدام حوسێن تاکە کاندیدبوو ڕێژەی ٩٩,٩٩٪ ی بەدەستدێنا، ئەمە دیاردەیەك بوو لە زۆربەی ئەو ڕژێمە عەرەبیانەی کە خۆیان بە شۆڕشگێڕ دادەنا، لەدوا هەڵبژاردنو بەر لە ڕوخانی سەدام ١٠٠٪ ی دەنگەکانی بەدەستهێنا!!.



www.mukiryani.com

ئەمە دیمەنی هەڵبژاردنەکان بوو لە عێراقی سەردەمانی پێشــوو، بۆیــە کە باسی هەڵبژاردن لە کوردستاندا کرا، بەنیسبەت هاوڵاتیانــەوە شــتێکی نامۆ بوو، سەرجەم حیزبەکانی سەر گۆڕەپانی کوردســتان بەشــداریان تێــدا کرد، گەلی کورد بەوپەڕی سەبرەوە چاوەڕوانی ئەو ڕۆژەی دەکرد کە بڕیار بوو لە نیسانی ساڵی ١٩٩٢ ساز بدرێت، پاشان بۆ مانگی ئایــاری ئــەو ســاڵە دواخرا، بانگەشەی هەڵبژاردن بەوپەڕی ئازادیەوە دەکرا، کۆبوونەوەی گشــتی لە یاریگەو گۆڕەپانە گشتیەکان ساز دەدرا، بەرەی کوردستانی کە دەسەڵاتی فەرمی بوو لە کوردستان، بڕیاریدا هەڵبژاردن ڕێژەیی بێتو کوردستان یەك ناوچەی هەڵبــژاردن بێــت، هــەروەها بڕیاریــدا ژمــارەی کورســی نوێنــەران (١٠٠) کورسی بێتو (٥) کورسیش بۆ برا مەسیحیەکان، هەروەها براوەی خوارەوە بۆ بردنەوە ٧٪ ی سەرجەم دەنگدەرانی بەشداربووی هەڵبژاردن بێت، لە ژیانمدا، میللەتم نەدیوە بە قەد میللەتی کورد، ئەوەندە بەشــەوقەوە ڕووەو هەڵبژاردن بچێت، لە ڕۆژی دیاریکراودا، ژنو پیاوو تەنانەت نەخۆشەکانیش ڕوویان لە بنکەکانی هەڵبژاردن کرد، پەنجا چاودێری نێودەوڵەتیو هــەروەها ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆژنامەنووسانی بیــانی، چــاودێری هەڵبــژاردنیان کــرد، پرۆسەکە تا خۆرئاوابوون بەردەوام بــووو پاشــان ســەعاتێك درێــژ کرایــەوە، سەرەڕای ئەمەش هەزاران کەس لەبەر کــەمی ماوەکــەو کــەمی بنکــەکان، لەدەنگدان بێبەش بوون.

لەبــەر نــەبوونی ئــامێری نــوێی دەنــگ ژمــاردنو دووری هەنــدێك لــە بنکەکانو گیروگرفتی ناوخۆش ئەنجامی هەڵبژاردن چەند ڕۆژێك دواکــەوت، جگە لە پارتی دیموکراتی کوردستان کــە ٥١٪ یــان بەدەســت هێنــا، هــیچ حزبێــك ڕێــژەی دیــاریکراوی بەدەســت نــەهێنا، هەڵبــژاردن لــەنێوان بــرا مەســیحیەکانیش کــراو جولانــەوەی ئاشــووری لــەکۆی (٥) کورســی، (٤)



www.mukiryani.com

کورسی بەدەستهێناو کورسیەکیش بەر برایەکی ئاشووری سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان کەوت.

سەرەڕای بوونی چەندان دەستکاریو سەرپێچی، ئەمە باشترینو یەکەمین هەڵبژاردن بوون لە کوردستانو تەنانەت لە عێراقو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش.

بۆ ڕێگرتن لە هەر جۆرە ناکۆکیەك لە گۆڕەپانی کوردستان بەتایبەتی کە تازە ساڵێك بەسەر ڕاپەڕین تێپەڕیبوو بەشێکی گەورەی کوردستانی باشوور ڕزگارکرابوو، پارتی وای بەباش زانی لە کورسیەکی خۆی خۆش بێتو بیدات بە یەکێتیو حکومەتێکی هاوپەیمانی لەنێوان هەردوو حیزبدا پێکبهێنرێت، بەمەش سەرۆکی حکومەت بەر یەکێتیو سەرۆکی پەرلەمانیش بەر پارتی کەوت، پەرلەمان کۆبۆوەو خوالێخۆشبوو جەوهەر نامیق سالم ئەندامی مەکتەبی سیاسی (پ. د. ك) کرا بە سەرۆكو بەڕێز محەمەد تۆفیق ڕەحیمیش بوو بە جێگرو فرسەت ئەحمەدیش لە (پ. د. ك) بوو بە سکرتێری پەرلەمان.

بەڕاستی خوالێخۆشبوو جەوهەر نامیق سالم، بە درێژایی ئەو ماوەیەی کە سەرۆکی پەرلەمان بوو کە ماوەی (٧) ساڵ بوو تواناو شارەزایی خۆی سەلماند، فرسەت ئەحمەدیش، پایەی سکرتێری بەردەوام بوو، لەبەر لێهاتوویی‌و شارەزایی لەکاروباری یاساکانی پەرلەمان، لەهەموو خولەکان هەڵیاندەبژاردەوە.

دوای یەکەم کۆبوونەوەی پەرلەمان، حکومەت پێکهێندرا، د. فوئاد مەعسوم لە (ی. ن. ك) کرا بەسەرۆکی یەکەم کابینەو جێگرەکەشی د. ڕۆژ نوری شاوەیس لە (پ. د. ك) کرا بە جێگری سەرۆکی حکومەتو وەزارەتەکانیش بە یەکسانی لە نێوان هەردوو حیزب دابەشکرانن ئەگەر وەزیرەکە یەکێتی بوایە ئەوا جێگرەکەی پارتی دەبوو بە پێچەوانەش،



www.mukiryani.com

هەردووكیان خاوەن یەك دەسەلاٌت بوون، ئەویش مانای وایە هەر وەزارەتێك دوو وەزیری هەبوو، پاشان ئەگەر وەزیر پێشتر ئەندام پەرلەمان بوایە، ئەوا كورسیەكەی لەدەستدەداو یەكێكی دیكە لە لیستەكەی جێگەی دەگرتەوە.

لەبەر ئەم شێوازەی بەڕێوەبردن، وەزارەتەكان ئیفلیج بوون، ئەمە بووە هۆی دواكەوتنی ئیش‌و كاری هاولاٌتیان‌و كەلٌەكەبوونیان، بەڕاستی پێكەنینت بە بارودۆخەكە دەهات، حكومەتی بەم جۆرە لە گەمەی مندالاٌن دەچوو، بەربەرەكانیی نێوان هەردوو حیزب‌و هەریەكە لە پێناوی دەستكەوت بۆ حیزبەكەی، ركابەری گەیشتە چلٌ‌و پۆپە، ئەگەر وەزیرێك فەرٍاشێكی سەر بە حیزبەكەی خۆی دامەزراندبا ئەوا جێگرەكەشی یەكێكی سەر بە حیزبەكەی خۆی دادەمەزراند، بێ ئەوەی پێویستیان پێی هەبوایە، فەرمانگەكان تووشی هەلاٌوسان بوون‌و تا ئێستاش بەدەستیانەوە دەنالٌێنن، هەروەها ئەگەر وەزیرێك كەلوپەلی ژوورەكەی بگۆڕیبا ئەوا جێگرەكەشی كەلوپەلی گەورەترو گرانتری دەكڕی، ڕكابەری نەك تەنها دیوانی وەزارەتەكان، بەلٌكو هەموو فەرمانگەكانی گرتەوە، ئەمەش بە هاندانی وەزیران‌و جێگرەكانیان، لە ئاكامدا ئەمە بووە هۆی هەلٌگیرسانی شەڕی شومی ناوخۆ، كە لەدواییدا بەكورتی باسی دەكەین.

بەدیدی من، ئەو شێوازە سەرنەكەوتووە بۆ دوو هۆكار دەگەڕێتەوە، یەكەم كەم شارەزایی كادیرانی هەردوو حیزب ئەوان زۆربەی ژیانیان لە شاخ‌و شەڕ دژ بە دەسەلاٌت بەسەربردبوو لە ژیانی كارگێڕی دووربوون، دووەم بوونی بێ متمانەیی لەنێوان هەردوو حیزب، چونكە دوژمنداریەكی درێژ لە نێوانیاندا هەبوو، سوپاس بۆخوا ئێستا ئەمە نەماوە، ئێستا هەردوو حیزب هاوپەیمانن، بەرژەوەندی كوردستانیان خستۆتە سەرووی بەرژەوەندیەكانیان، هەرێمی كوردستان لەهەموو بوارێكەوە نەك هەر لەگەلٌ عێراق، بەلٌكو لەگەلٌ ولاٌتانی دیكە بەراورد ناكرێت.



www.mukiryani.com

# کۆنگرەی ڤیەننا

کۆنگرەی بەیروت، لە ئاداری ساڵی ١٩٩١ سازدرا هیچ سەنگێکی نەمابوو، لیژنەی کاری هاوبەش کە لێکەوتەی ئەو کۆنگرەیە بوو پاش پێکهاتنی تەنیا دوو سێ دانیشتنی سازدا، هەندێك لە ئەندامەکانی دەیانویست سەر بە سوریا بێتو بڕیارەکانی بە ئارەزووی ئەو وڵاتە بێت، ئەمە لە کاتێکدا بوو کە بارودۆخ لە عێراقدا جیاوازبوو، پاش شەڕی کەنداو، سوریا ئۆپۆزسیۆنی عێراقی کۆنترۆڵ کرد|، بەڵام ئێستا ئەمەریکا کۆنترۆڵی گۆڕەپانی عێراقو بەتایبەتیش کوردستانی کردووە.

دوای هەڵبژاردنەکانی کوردستانو پێکهێنانی حکومەت، هەندێك لە برایانی ئۆپۆزسیۆن بەتایبەتی دکتۆر ئەحمەد چەلەبیو محەمەد بەحر ئەلعلومو خوالێخۆشبوو هانی ئەلفکیکی، بیرۆکەی سازدانی کۆنگرەیەکی دیکەی ئۆپۆزسیۆنیان وروژاند، ئەمەریکا هانی ئەو بیرۆکەیەی داو ئامادەگی یارمەتیشی پیشاندا، ئەو برادەرانە سەرلەنوێ باسی ئەو بابەتەیان لای لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن بەتایبەتی هەردوو حیزبی سەرەکی، (پ. د. ك) بەسەرۆکایەتی مەسعود بارزانیو (ی. ن. ك) بەسەرۆکایەتی جەلال تاڵەبانی کرد، ئەو بیرۆکەیە بووە مایەی ڕازیبوونی هەموو لایەنەکان سەرەڕای ئەوەی کە هەندێك لایەن لەسەرەتادا بەشداریان لە کۆنگرەدا نەکرد، بەڵام دوای ئەوە هەموو لایەنەکان تیایدا بەشداربوونو بوو بە



www.mukiryani.com

ئەمری واقیع، تاکە ڕێکخراوی گۆڕەپانەکەبوو کە تیایدا سەرجەم حیزب‌و ڕێکخراوەکان هاوپەیمان بن‌و ئەمەریکاش هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا بکات.

بڕیاردرا، لە کۆتایی مانگی حوزەیرانی ساڵی ۱۹۹۲ کۆنگرەکە لە ڤیەنا سازبدرێت‌و ئێمەش بەشداری تێدا بکەین، لە هەرێمدا من‌و برایان هوشیار زێباری‌و ئازاد بەرواری‌و نزیکەی ۲۰ ئەندامی حیزبیش لە هەندەران بەتایبەتی دانیشتووەکانی ڤیەنناو بەریتانیاو وڵاتانی دیکەی ئەوروپا، بەشداربوون.

کۆنگرەکە لە هۆتێلێکی شاری ڤیەننادا سازدرا، زیاتر لە سەد ئەندام، کە نوێنەرایەتی حیزب‌و لایەنەکان بوون، بەشداریان کرد، بەڵام زۆرینە نوێنەرانی هەردوو حیزبە سەرەکیەکەی کوردستان بوون، کۆنگرە چەند ڕۆژێکی خایاند، باس لە سەرجەم ئەو گیروگرفتانە کرا، کە ڕووبەڕووی ئۆپۆزسیۆن دەبوونەوە، پاشان ئەو ئەندامانە هەڵبژێردران تا سەرپەرشتی کاروباری کۆنگرەکە بکەن، من‌و هوشیار زێباری لە پارتی هەڵبژێردراین تا سەرپەرشتی کاروباری کۆنگرە بکەین، دوو کەسیش لە (ی. ن. ك) جگە لە ئەحمەد چەلەبی‌و هانی ئەلفکیکی‌و هی دیکە، کۆنگرەکە ناونرا (کۆنگرەی نیشتیمانی عێراقی)، دکتۆر ئەحمەد چەلەبی، تا ئێستاش ئەو ناوە بۆ ئیش‌و کارە سیاسیەکانی بەکاردێنێت، ئەو سیفەتەی لە یەکەم کۆبوونەوەی دوای کۆنگرەی ڤیەننا کە لە هاوینەهەواری سەلاحەدین لە مانگی تشرینی یەکەم‌و دووەم سازدرا بۆ ماوەتەوە، بەسەرۆکی کۆنگرە هەڵبژێردرا، لە کۆنگرەی سەلاحەدیندا، ژمارەیەکی زۆر لەوانەی کە لە کۆنگرەی دامەزراندن لە ڤیەننا بەشداربوون، ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی‌و حیزبی دەعوەو حیزبی شیوعی عێراق‌و بێلایەنەکان‌و هی دیکە بەشدار بوون، بەڵام ئەوانەی سەر بە سوریاو عەرەبە ناسویونالیستەکان بوون کۆنگرەیان



www.mukiryani.com

جێهێشت، ئەمەش دوای ئەوەی پەرلەمانی کوردستان بە پێشنیازی سەرۆك مەسعود بارزانی بیرۆکەی سیستەمی فیدراڵی بۆ عێراق خستە ڕوو.

کۆنگرەکە چەند ڕۆژێکی خایاند، چەندان کێشەی پەیوەست بە عێراق قسەیان لەسەر کرا، لیژنەی جیا جیا بۆ لێتوێژینەوە لەسەرجەم کاروبارەکان پێکهێندرا، پاشان دەستەی کارگێڕیو جێبەجێکردنی کۆنگرە هەڵبژێردرا، لە پارتی منو هوشیار زێباری، لە یەکێتی دکتۆر لەتیف رەشیدو لام وایە دکتۆر کەمال فوئادو هەروەها دکتۆر ئەحمەد چەلەبیو هانی ئەلفکێکیو شێخ محەمەد محەمەد عەلی لە ئەنجومەنی باڵای ئیسلامیو لە بزوتنەوەی ویفاقیش دکتۆر ئەیاد عەلاویو شێخ سامی عەزاری ئەلمەعجون، لە عەشیرەتە عەرەبەکان هەڵبژێردران، پاشان هەڵبژاردن بۆ سەرۆکی کۆنگرە لەلایەن دەستەی کارگێڕییەوە کراو بە زۆربەی دەنگ د. ئەحمەد چەلەبی بوو بە سەرۆك.

کۆنگرە دەستی بە چالاکیەکانی کرد، لە پیرمام بارەگای کردەوەو هەروەها لە باڵەخانەی ژمارە ١٠٠ی نایتس (بریدج) باشترین شوێنی لەندەن بارەگایەکی کردەوە، زۆربەی حیزبە بەشداربووەکانی کۆنگرەش لە پیرمام بارەگایان کردەوە، لە چالاکیە هەرە دیارەکانی کۆنگرە لە دەرەوە پەیوەندی کردن بوو بە باڵیۆزخانەی وڵاتە عەرەبییەکانو وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیاو باڵیۆزخانەی ئەمەریکاو ناردنی شاند بۆ میسرو کوێت، چالاکیەکانی کۆنگرە دوو ساڵی خایاند تا شەڕی شوومی ناوخۆ هەڵگیرساو کارەکانی سست بوونو تا ئاشتبوونەوەی گشتی نێوان (پ. د. ك)و (ی. ن. ك) لە ساڵی ١٩٩٩ ئینجا وردە وردە دەستی بەکار کردەوە، تا ڕووخانی ڕژێمی عێراق لە ٩/٤/٢٠٠٣ بەردەوام بوو.



www.mukiryani.com

# ئۆپۆزسیۆن لە ئەمەریکا

دوای تەواوبوونی کۆنگرەی ڤیەنناو بەر لە کۆبوونەوەی سەلاحەدین، دکتۆر ئەحمەد چەلەبی کاری بۆ ئامادەکردنی شاندێکی ئۆپۆزسیۆن کرد تا سەفەری ئەمەریکا بکەن، ئەو بابەتەی لەگەڵ بەڕێزان بارزانیو تاڵەبانی باسکرد، چونکە دوو لایەنی گرنگی ئۆپۆزسیۆن بوون، هەروەها کوردستان تاکە شوێن بوو کە بەشێکی لە عێراق ڕزگارکرابووو لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن کارو چالاکیان تێیدا دەکرد، بەبێ کوردستان دەبوایە ئۆپۆزسیۆن وەك پێشتر لە دەرەوەی عێراق بوایەو هیچ کاریگەریەکی بەسەر ڕژێمەوە نەدەبوو.

بارزانیو تاڵەبانی، بیرۆکەکەی چەلەبیان پەسەند کرد، شاندی ئێمە چووە ئەستەنبول، هەر یەك لە فازڵ میرانیو هۆشیار زێباریو من یاوەری بارزانی بووین، بەڕێگای دیاربەکر چووینە ئەستەنبول، سەرۆکی تورکیا تورگۆت ئۆزال لەوێبوو، پێیان وتین دەیەوێت چاوی بە بارزانی بکەوێت، لەکاتی دیاریکراوداو لە شوێنی مانەوەیدا چووین بۆلای، دیدارەکە وەك دیدارێکی دۆستانەی نێوان برادەرە دێرینەکان بوو، هەردوولا جەختیان لەسەر بەردەوام بوونی پەیوەندیەکانو بەرەوپێش چوونیان کردەوە، بەر لە دیداری سەرۆك کۆمار، لە ڕێگا ویستمان سەردانی خوالێخۆشبوو شێخ عوسمان نەقشبەندی بکەین، شێخ عوسمان لە دەوروبەری ئەستەنبولو لەگەڕەکی (بیوك چەکمجە) دادەنیشتو شوێنەکە نزیکەی سەعاتێك لە چەقی شارەوە دوور



www.mukiryani.com

بوو، لەنیوەی ڕێگادابووین زەنگی تەلەفۆنی ناو ئۆتۆمبێلەکە لێیداو وتیان سەرۆك کۆمار چاوەڕێتانە، ناچار گەڕاینەوەو سەردانی شێخمان پێ نەکرا، ڕۆژی دواتر، دوای دە سەعات لەناو باڵەفڕ گەیشتینە واشنتن، چووینە ئەو هوتێلەی کە دکتۆر چەلەبی بۆی گرتبووین، دەبوایە مەسروفاتمان لەسەر کۆنگرە بوایە، چەلەبی وتی تۆ مەسروفات بکەو لیستەکەم بدەرێ‌و دوای پەیدا کردنی پارە بڕەکەت دەدەمەوە، پاشان بە دوو سێ ساڵ‌و بە قیست پارەکەی داوە!!

شاندی یەکێتی، جگە لە تاڵەبانی لە دکتۆر بەرهەم ساڵح‌و دکتۆر لەتیف رەشید پێکهاتبوون، شاندی کۆنگرەش لە دکتۆر محەمەد بەحر ئەلعلوم‌و عەمید روکنی فڕۆکەوان عارف عەبدولرەزاق (یەك لەسەرۆك وەزیران لە سەردەمی عەبدولسەلام داو سەرکردەی چەند کودەتایەکی سەرنەکەوتوو) پێکهاتبوو.

لە ئەمەریکادا، شاندەکە چاوی بە ژمارەیەك لێپرسراوی وەزارەتی دەرەوەو C.I.Aو ڕۆژنامەنوسان‌و پیاوانی کۆنگرێس کەوت، لەهەموو دیدارەکاندا، باسی بارودۆخی عێراق بەگشتی‌و کوردستان بە تایبەتی‌و هەڵوێستی سەدام حوسێن‌و هەڵسوکەوتی لەگەڵ گەلەکەیدا دەکرا، دوا جار وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا (جیمس بیکەر) (لەسەردەمی سەرۆك جۆرج بوشی باوك کە لەسەر دەستی ئەو کوێت ڕزگارکراو سەدام بەزی) پێشوازی لە شاندەکە کرد، من‌و کاك فازڵ دوا کەوتین، وەزیر تەنیا پێشوازی لە سەرانی حیزبەکان کرد، واتە بەڕێزان بارزانی‌و تاڵەبانی‌و چەلەبی‌و محەمەد بەحر ئەلعلوم‌و عەمید روکنی فڕۆکەوانی خانەنشین عارف عەبدولرەزاق، وشیار زێباری وەك تەرجومان یاوەری سەرۆك بارزانی بوو، لەو باوەڕەدام بەشداریکردنی عارف عەبدولرەزاق لەسەر داواکاری ئەمەریکیەکان بوو، ئەوان حەزیان دەکرد



www.mukiryani.com

یەك لەسەرانی عەرەبە سونەکان لەگەڵ شاندەکە دابن، ئەگەر لیوا روکنی خانەنشین حەسەن نەقیب لە سوریا نەبوایە، دەبوایە ئەوە بەشی ئەو بوایە، بەڵام سوریا حەزی نەدەکرد نەقیب لەگەڵ شاندەکەدا بێت، نەقیب بە پێچەوانەی عارف عەبدولرەزاق زیاتر چالاكو ئامادەگی لە گۆڕەپانەکەدا دیاربوو، ئەویتر چالاکیەکی وای نەبوو شایانی باس بێتو خۆی لە تێکەڵاوبوون لەگەڵ ئۆپۆزسیۆن بەدوور دەگرت، دوای شەڕی کوێت کەوتە بەرچاوان.

وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا بەرگری ئەمەریکای لە گەلی عێراقو کوردستان بۆ شاندەکە دووپات کردەوەو وتی بوار بە سەدام حوسێن نادەین تاوانەکانی پێشوو دووبارە بکاتەوە، بەڕێزان بارزانیو تاڵەبانی، بابەتی دەرهاوێشتنی کوردستانیان، لە ئابلۆقەی ئابووری سەپێندراو بەسەر عێراقدا وروژاند، وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا وەرامی دایەوە ئەو بڕیارە لەلایەن نەتەوەیەکگرتوەکان دەرچووەو کوردستانیش بەشێکە لە عێراق، ناکرێت دەربهاوێشترێت، بەڕێز مەسعود بارزانی مەسەلەی ڕژێمی فەرمانڕەوای لە عێراقدا وروژاندو وتی لە نیەتیدایە کوردستان هەرێمێکی فیدراڵی لە چوارچێوەی کۆماری عێراقی فیدراڵدا بێت، وەك وڵاتە یەکگرتووەکانو ئەڵمانیای فیدراڵو میرنشینە عەرەبیە یەکگرتووەکانو چەندان دەوڵەتی دیکەی فیدراڵی، بیکەری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا، ئەم بیرۆکەیەی پەسەند کردو هەموو پاڵپشتیەکی پیشاندا، بەمجۆرە کۆبوونەوەکە کۆتایی هات.

شاندی کۆنگرە ئێوارەیەك لە واشنتن ئاهەنگێکی پێشوازی سازدا، ژمارەیەکی زۆر لە سیاسەتمەدارانو ڕۆژنامەنووسانو کارمەندانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکاو C.I.A تیایدا ئامادەبوون، لەوێ چاوم بە نیومان کەوت



www.mukiryani.com

کە پێشتر کونسولی ئەمەریکا بوو لە تەورێزی ئێران، پێشتر لەگەڵ خوالێخۆشبوو ئیدریس بارزانی دەمانبینی، ئەو کاتەی ئێمە لە واشنتن بووین، نیومان یاریدەدەری وەزیری دەرەوە بوو، کە یەکترمان بینی، پەژارەیی خۆی بۆ کۆچی دوایی ئیدریس پیشانداو لە کورەکانی پرسی، وتم نێچیرڤان کورە گەورەی لە دەیەم کۆنگرەی حیزبدا بەئەندامی م. س هەڵبژێردراو ئێستا دەستەراستی سەرۆك مەسعود بارزانییە، سێیەم کوری ئیدریسیش ئێستا بەمەبەستی خوێندن لە ئەمەریکایەو ناوی (باریز)ەو لەم ئاهەنگەدا ئامادەیە، باریزم بە نیومان ناساندو ئەویش خۆشحاڵ بوو بەیەکەوەم جێهێشتن.

لێرەدا کێشەیەك هەیە دەبێت ئاماژەی بۆ بکەین، ئەوکاتەی لە واشنتن بووین هێنری کێسنجەر (کە لەکاتی ڕێکەوتننامەی خیانەتی جەزائیر لە ساڵی ١٩٧٥ وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا بووو شۆڕشی ئەیلول بووە قوربانی) ویستی چاوی بە بارزانی بکەوێت، بەڵام بارزانی ڕەفزی کردەوە، ئەمە هەڵوێستی شەرەفمەندانەی ڕاستی بارزانی بووو وەك تۆڵەسەندنەوەیەك بوو، چونکە کیسنجەر لە ڕێکەوتننامەی جەزائیر هەڵوێستی زۆر سلبی بوو دەیویست شۆڕشی کورد وەك کارتی فشار دژ بە سەدام بەکاربهێنێت تا هەڵوێستی بگۆڕێت، هیچ سۆزێکی بۆ کێشەی کورد نەبوو، پاشان زانیمەوە بەڕێز تاڵەبانی کێسنجەری بینیوە، بەڵام نەمزانی باسی چییان کردووە.

دوای ئەو دیدارانە چووینە نیویۆرك، لەوێ چاومان بە دکتۆر پەترۆس غالی ئەمینداری گشتی نەتەوەیەکگرتوەکان کەوت کە گەورە یارمەتیدەرانی لەگەڵ دابوو، لەبەر ئامادەبوونی ئەوان جارێك بە ئینگلیزی‌و جارێك بە عەرەبی قسەمان دەکرد، باسی بارودۆخی عێراق‌و کوردستانمان بەتایبەتی کرد، غالی هاوسۆزی پیشاندا بەڵام هیچ بەڵێنێکی پێ نەداین،



www.mukiryani.com

دوای ئەو سەردانە شاندەکە گەڕایەوە بەریتانیاو لەوێش هەر شاندەو بەگوێرەی پرۆگرامی تایبەتی خۆی دەستی بە دیدارەکان کرد، خوالێخۆشبوو، روشدی چەلەبی برا گەورەی دکتۆر ئەحمەد چەلەبی لە ماڵەکەیدا داوەتێکی فراڤینی سازدا، تیایدا جگە لەبەڕێز جەلال تاڵەبانی، کە ژوانێکی دیکەی هەبوو، هەموو ئەندامانی شاندەکە ئامادەبوون، عارف عەبدولرەزاق و هەندێکیش کە ئەندامی شاندەکە نەبوون، ئامادەبوون، لەوێ فرە قسە کرا، عارف عەبدولرەزاق وتی (سەرجەم جولانەوەی بارزانییەکان بە هاندانی بەریتانیا بوو) سەرۆک بارزانی، سەری راوەشاندو بەزەردەخەنەیەکەوە گوتی (نازانم، چۆن دەتوانین لە پاشەڕۆژدا لەگەڵ ئەم جۆرە عەقلیەتانەدا بژین، سەدام حوسێن و رژێمەکانی پێشووش ئەو قەوانەیان لێدەدا).

ئەو پەندە باوەی کە دەڵێت (سکت دهراً ونطق کفراً) پڕ بە پێستی قسەکەی عارف عەبدولرەزاق)ە بۆ بەدرۆخستنەوەی ئەو قسە نابەجێیە، یادەوەریەکانی (مێجەر لاین)م خوێندەوە، ناوبراو ئەفسەرێکی بەریتانی و پاش یەکەم شەڕی جیهانی و تا کۆتایی دووەم شەڕ، لە کوردستان بوو، لاین دەڵێت (چوومە ڕەواندز تا سەرپەرشتی هێزە ئاسمانیەکانی بەریتانیا بکەم کە لەگەڵ هێزەکانی عێراق خەریکی لێدانی بارزانیەکان و سەرکوتکردنی بارزانیەکان بوون) هەروەها مێجەر لاین ناوی هەندێك لەو ئەفسەرە بەریتانیانەش دێنێت کە لەگەڵ هێزە عێراقیەکان دژ بە بارزانیەکان بەشداربوون، لە بابەتێکی دیکەی ئەو کتێبەدا بە درێژی باسی ئەم بابەتەم کردووە کە ئەمە لە شۆڕشی بارزانی ساڵی ١٩٣٣دا بوو، عارف عەبدولرەزاق کۆچی دوایی کرد (خوا لێی ببورێت) دوای بەسەربردنی چەند رۆژێك لە لەندەن و سازدانی چەند دیدارێکی فەرمی و کەسی لەلایەن



www.mukiryani.com

بارزانییەوە، ئینجا ڕووی لە فەرەنسا کرد، منیش یـاوەری بـووم دڵنیـا نـیم ئاخۆ مەسروری کوڕی یان باریزی برازای یاوەری بوون یان نا، برایان هوشیار زێباریو فازڵ میرانی دواکەوتن، زێباری لەبەر هەنـدێك کـاری حیزبـی لـە لەندەن مایەوە، میرانیش بە ڕێگای تورکیاوە گەڕایەوە کوردستان، لە پاریس چاومان بە مەدام مێترانو کۆشنەرو رافائیل کەوت، دکتـۆر کەنـدال نـەزان یاوەرمان بوو، چەند دیدارێکی فەرمیو حیزبی بۆ ڕێکخستین.

لەکاتی مانەوەمان لە پاریس لە جنێـف ئـەیوب بـارزانی کـوڕی شـێخ محەمەد بابۆ ئامۆزای سـەرۆك، تەلـەفۆنی بـۆ کـاك مەسـعود کـردو وتـی دیدارێکی گرنگی لەگەڵ کۆمیسـیۆنی بـاڵای ئاوارەکـان بـۆ ڕێکخسـتووە، مەسەلەی پاسەوانیشی زامن کردووە، من ئـەو بیرۆکەیـەم پەسـەند نـەکرد چونکە لە پرۆگرامدا نەبوو، بەڵام بـارزانی حـەزی لێبـوو، ڕۆژی پاشـتر بـە باڵەفڕە چووینە سویسرا، لە باڵەفڕخانە ئەیوبو کەسێکی دیکە پێشوازیان کردین، ئەو کەسە تا جانتاکانمان تەسلیم کردو سواری تاکسی بـووین هـەر چاوەڕێی دەکردینو پاشـان بـزر بـوو، چـووینە شـوێنی حەوانـەوەمان لـەو هۆتێلەی کە ئەیوب بۆی گرتبووین، هـۆتێلێکی ئاسـاییو لـە دەوروبـەری ژنێف بوو، دوای ماوەیەك بۆ شیوخواردن چووینە چێشتخانەیەكو سـەرۆکی یەکێك لـە ڕێکخراوەکـانیش یاوەرمـان بـوو، لەکاتێکـدا خـەریکی قسـەو شیوخواردن بووین، گارسۆنێك بـە ئـەیوبی وت بەتەلـەفۆن داوات دەکـەن، ئەیوب دوای ئەوەی گەڕایەوە، نیشانەی شڵەژانو نیگەرانیم بەدەمو چـاویەوە بینـی، دووبـارە چـووە سـەر تەلـەفۆنو بـە زیـاتر شـڵەژاوی گەڕایـەوە، هەسـتامەوەو ئـەیوبم بـردە پەنایـەكو وتم ئەمـە هـیچ پەیوەنـدی بـەکاك مەسعودەوە هەیە؟ وتی بەڵێ بەڕێوەبـەری هۆتێـل پێـی وتـوە یـەکێك لـە باڵیۆزخانەی عێراق هاتووەو پرسیاری ژووری کـاك مەسـعودی کـردووە، وتم



www.mukiryani.com

ئێمه ئەو هوتێله جێدێڵین، بـاریز یـان مەسـرور دڵنیـانیم کامـەیان بـوون لەگەڵ هوشیاری کوڕی ئەیوب چـوون جانتاکانمـان بێـنن، پەیوەنـدیمان بـه فەوزی قەدورەوە کرد کـه ئەنـدامی حیـزب بـوو لـه سویسـرا دادەنیشـت، مەسەلەکەمان تێگەیانـد (فـەوزی ئێسـتا نوێنـەری حکومـەتی هـەرێمی کوردستانه له سویسرا) فەوزی بەپەله هـات‌و دوو دەمانچەشـی هێنـابوو، چووینه هۆتێلێك که کەوتبووه نیوه ڕێگای که بەرەو لۆزان دەچـوو، سـەرۆك بارزانی‌و من سەرو دەمانچەمان هەڵگرت، سـبەینێ چـووینه باڵەفڕخانـەو دەمانچەکانمان دایەوە کاك فەوزی‌و بەیەکەم باڵەفڕە چووینه ڤیەننا.



www.mukiryani.com

# دیداری مەلیك حوسێن

پێشتر بە درێژی باسی پەیوەندی نێـوان شۆڕشــی ئـەیلولو مەملەکـەتی ئوردونی هاشمیو پەیوەندی کەسایەتی نێوان بارزانی نـەمرو خوالیێخۆشــبوو جەلالەتی مەلیك حوسێنی مەلیکی ئوردنم کرد، هەروەها باسی پەیدابوونی ئەو پەیوەندیەم کرد کە چۆن لە نیوەی دووەمی شەستەکانی سەدەی ڕابــردوو دەستپێکرد، کاتێـك خوالیێخۆشــبوو مــەحمود بابــان (وەزیــر لەســەردەمی مەلەکیدا) کە لە ئوردن دادەنیشــت، لەلایــەن ســەرۆك وەزیرانــی ئەوســای ئوردن (وەسفی تەل) نێردرایە لای بارزانی، دایکـی وەسـفی تــەل کوردبــوو لەخانەوادەی بابان بوو، بابانی بە خاڵۆی خۆی دادەنا، هەروەها وەسفی تــەل، چەند جارێك (مریۆد)ی برای ناردە لای بارزانی نەمرو ئیدریسو مەســعودو ئەندامانی مەکتەبی سیاسی پارتی، مەبەست لەم سەردانانە، دروستکردنی جۆرێك لە پەیوەندی نێوان شۆڕشی ئەیلولو مەملەکـەتی ئـوردنی هــاشمی بوو، پاشان ئەو پەیوەندیانە پەرەیان سەندو مەلیك حوسێن ڕاستەوخۆ هاتــە ناوەوەو (شەریف حوسێن کــوڕی عــەلی) خزمــی نــاردە لای بــارزانیو کــاك ئیدریسو کاك مەسعودو هەندێك لە لێپرسراوانی شۆڕش.

شەریف حوسێن کوڕی عەلی هاوسەری شازادە بەدیعــەی کچــی مــەلیك عەلییە، شازادە بەدیعە خوشکی میر عەوبدولئیلاو پــووری خوالیێخۆشــبوو مەلیك فەیسەڵی دووەمە، کە دوا مەلیکی عێراق بــوو، زاڵمانــە لــە ١٤ی تەمووزی ساڵی ١٩٥٨ کوژرا، بەدیعە تا ئێستا لە ژیاندایــەو لــە لەنــدەنی



www.mukiryani.com

پایتەختە، سەرۆك مەسعود بارزانی لەسەرەتای نەوەدەکان، بەهۆی ناسیاوی پێشتر، لە لەندەن چاوی بە شەریف حوسێن کوڕی عەلی کەوت، شەریف لە نیوەی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو کۆچی دوایی کرد، لام وایە مەلیك حوسێنیش لەکاتی سەردانی بۆ ئێراندا، لە یەکێك لە هاوینەهەوارەکانی سەر دەریای قەزوین لەگەڵ بارزانی نەمردا کۆبۆوە.

پەیوەندی نێوان ئوردن و شۆڕشی ئەیلول لە سەر ئاستی سیاسی و پەیوەندیەکاندا بەردەوام بوو، ئوردن دەوڵەتێکی هەژار بوو، نەیتوانی هیچ یارمەتیەکی لۆجیستی پێشکەش بە شۆڕشی کورد بکات، مەلیك حوسێن، چوار زەمالەی خوێندنی بۆ قوتابیانی کورد پێشکەش بە بارزانی نەمر کرد تا خوێندن لە زانکۆکانی ئوردندا تەواو بکەن، یەکێك لەو قوتابیانە هوشیار زێباری وەزیری دەرەوەی ئێستای عێراق بوو.

ئەمە پوختەیەکی پەیوەندی دێرینی نێوان شۆڕشی ئەیلول و سەرکردە نەمرەکەی بارزانی لەگەڵ مەلیك حوسێن مەلیکی ئوردن بوو، ئەو پەیوەندیەی کە سەرەتا خوالێخۆشبوو (مەحمود بابان) دۆستی دڵسۆزی بارزانی نەمرو سەرۆك مەسعود بارزانی و برادەری نزیکی خانەوادەی ئێمە لە ساڵی ١٩٤٩ەوە بناغەی دارشت، هەرجارێك سەرۆك مەسعود سەردانی لەندەنی بکردایە چاوی بە بابان دەکەوت و لەکاتی نەخۆش کەوتنشیدا لە نەخۆشخانە سەردانی کرد، لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٧٧ مەحمود بابان کۆچی دوایی کرد لە ئوردن بەخاك سپێردرا (خوا لێی خۆش بێت).

دەگەڕێینەوە سەر باسی دیدارەکەم لەگەڵ مەلیك حوسێن، لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٣، بارەگای ئۆپۆزسیۆن و کۆنگرەی نیشتیمانی، لە باڵەخانەی ژمارە ١٠٠ی نایتس بریدجی بەرامبەر کۆگای بەناوبانگی جیهانی (هارودس) بوو، کۆنگرە وادەی بۆ دیداری باڵیۆزی دەوڵەتی ئیمارات (عیسا



www.mukiryani.com

ئـەلگورگ) دانـابوو، لەوکاتـەدا بڕیـاردرا مـنو خوالێخۆشـبوو هـانی ئەلفکێکی بەناوی کۆنگرەوە لەو دیدارەدا بەشدار بین.

باڵیۆزخانەی ئیمارات، کەوتبووە ناوچەیەکی نزیك لە بارەگـای کـۆنگرە، ماوەی نێوانیان لە ١ کم کەمتر بوو، کەش و هەوا خۆش و خۆر بەدەرەوە بـوو، منو فەکیکی بڕیارماندا بەپێ بچـینە ئـەوێ، لەگـەڵ بـاڵیۆزی ئیمـارات کۆبووینەوە، ئەو پیاوە هاوسۆزی ئۆپۆزسیۆن بـوو، پێشـتر دەمنـاسـیو بـەر لەداگیرکردنی کوێت دەمزانی هەڵوێستی چۆنە، سەرەڕای ئەوەی کە بـەڵێنی هیچ یارمەتیەکی نەدا، بەڵام پشتگیری خۆیو حکومەتەکەی بۆ ئۆپۆزسیۆن پیشاندا.

دوای کۆبوونەوەکـە، مـنو فکیکـی بـەپێ گەڕاینـەوە، لـەنیوەی ڕێگـا ترومبێلێکمان بینی بەهەمان ئاراستەی ئێمە دەڕۆیشـتو مـەلیك حوسـێن دەیئـاژووت، یـاوەرێکی کـە تەمـەنی هـەر سـی سـاڵ بـوو لـە تەنیشـتی دانیشتبوو، ئەو شەقامەی نێوان (نایتس بریدج)و شەقامی (هـای سـتریت کنزنکتن) شەقامێکی پانەو خەڵکێکی کەم بەسەریەوە بوو، کاتێك ئاوڕمان دایەوە، مـەلیك حوسـێن بەدەسـت سـڵاوی کـرد ئێمـەی نەدەناسـی بـەڵام بەدەموچاوماندا زانی ڕۆژهەڵاتین.

باڵەخانـە گەورەکـەی (کینکسـتون هـاوس) کـەوتبووە ئـەو ناوچـەیە، ترۆمبێلەکەی مەلیك حوسێن لای ئەو باڵەخانەیە ڕاوەستا، مەلیك دابـەزی بەڵام نەچووە ژوورەوە) پێدەچوو هەر بۆ سەردان هاتبێت، ئێمـە هـەر پـازدە بیست هـەنگاوێك لـە باڵەخانەکـەوە دوور بـووین، چـووینە لای سـڵاومان لێکردو خۆمـان پـێ ناسـاند، یاوەرەکـەی (١٠) هـەنگاو دوور لـە مـەلیك ڕاوەستابوو، مەلیك کە زانی کوردمو سەر بـە بـارزانیم، پرسـیاری سـەرۆك مەسعود بارزانی کردو پێی وتم سڵاوم هەیە، هەروەها پرسیاری تەندروسـتی



www.mukiryani.com

مەحمود بابانی کرد، کە ئەو کاتە بەدەست شێرپەنجەوە دەینالاند، وتی سلاوی منی پێ بگەیەنەو بڵێ پەیوەندیت پێوە دەکات، بەزەردەخەنەوە بەرێی کردینو زۆر بە سادەیی هەڵسوکەوتی کرد، نیوەڕۆ یەکترمان جێهێشت، بڕیارمدا سەعات ٥ی دوای نیوەڕۆ بچمە لای بابانو سلاوی مەلیك حوسێنی پێ ڕابگەیەنم، لەڕێی گەڕانەوەماندا بەهانی ئەلفکیکیم وت: ئەگەر ئەوە سەدام یان یەکێك لە کوڕەکانی یاخود یاوەرێکی بوایە، لێدەگەڕان ئەوها لێی نزیك بینەوە؟.

دەوری سەعات ٦ی ئێوارە، چوومەماڵی مەحمود بابان، بینیم بە دیشداشەی سپیەوە دانیشتوە، باسی دیدارەکەی مەلیك حوسێنم بۆ کرد، وتی کەی بینیت؟ وتم ئەمڕۆ نیوەڕۆ، بەزەردەخەنەوە وتی: مەلیك لەگەڵ (مەلیکە نوور)ی هاوسەری لێرە بوونو بەر لەچەند چرکەیەك ڕۆیشتن، بابان سەرکۆنەی میرە سعودیەکانی کردو وتی بەوپەڕی دڵسۆزی بۆ ماوەی ١٥ ساڵ کاری لەگەڵدا کردن، کەچی یەکێك بە تەلەفۆنیش قسەی لەگەڵدا نەکردووە.

لێرەدا داوای لێبوردن لە خوێنەری بەڕێز دەکەم کە لە زنجیرەبەندی ڕووداوەکانو مێژووی ڕووداویان لادەدەم، لە مانگی کانونی دووەمی ساڵی ١٩٩٦ بۆ چەند پشکنینێکی پزیشکی لە لەندەنی پایتەختی بەریتانیا بووم، دوای تەواوبوون بڕیارمدا بێمەوە کوردستان، بلیتی باڵەفڕەیەکی هێڵی ئاسمانی تورکیم بڕی تا بچمە ئەستەنبولو لەوێشەوە بۆ دیاربەکر ئینجا بە ترۆومبێل بێمەوە زاخۆ، ئەو کاتە کوردستان باڵەفڕخانەی تێدا نەبوو، بەر لە سەفەرەکەم لە کاتی ڕۆیشتنو یان بەسەرکەوتندا هەستم بە هەناسەسواری دەکرد، ڕاوێژم بە برادەری نزیکم دکتۆر فریاد حەویزی کرد، ڕایسپاردم سەردانی دکتۆری پسپۆر لە نەخۆشی دڵ بکەمو ناوی دکتۆر



www.mukiryani.com

(جون میور)ی پێوتم، کـه لەناوچـەی بـەناوبانگی (هـارلی سـتریت) بـوو، ژوانێکم لە دکتۆرەکە وەرگرت، پێشتر سەرجەم پشکنینەکانی پەیوەست بـە دڵـم کـرد، لـەکاتی دیـاریکراودا چـوومە لای دکتـۆری نـاوبراو، چـەندان پشکنینی بۆ کردم بەڵام تێبینـی هـیچ شـتێکی نـەکرد کاتێـك پرسـیاری مێژووی تەندروستی خانەوادەکەمی کـرد، منـیش وتم بـاوکم سـاڵی ۱۹۳٦ کۆچی دوایی کردووە، لە ئەنجامی نۆرەدڵ یان ڕیخۆڵەکوێرە بووە، ئەوکاتە من تەمەنم چوار ساڵ بوو، کاك ئەحمەدی برا گـەورەم سـاڵی ۱۹۷٦ بـە نـۆرەدڵ کۆچـی دوایـی کـردووە، وریـای کـوڕە گەورەشـی نەشـتەرگەری گیرانـی خوێنبـەرەکانی بـۆ کـراوە، هـەروەها برایـانم ئـەنوەرو عومـەر هـەمان نەشتەرگەریان بۆکراوە، لەو کاتـەدا پزیشـکەکە ڕای گـۆڕیو وتـی دەبێـت نەشـتەرگەری قەسـتەرەت بـۆ بکـەم، ڕۆژی پاشـتر چـوومە لای‌و شـێروانی کوڕیشم یاوەرم بوو، دکتۆر جۆن میۆر لە نەخۆشخانەی لەندەن کلینیك کـە لە عیادەکـەی خۆیـەوە نزیـك بـوو قەسـتەرەکەی بـۆ کـردم، لـە شاشـەی تەلەفزیۆن دیمەنەکەم بینی، دیارکەوت چوار دەمارم بە ڕێژەی جیاوازو بـەرز گیراوە، دکتۆرەکە وتی دەبێت نەشتەرگەری کردنەوەی سینگت بـۆ بکـەم تـا لەو دەمارگیرانە ڕزگارت بێت، وتم دەگەڕێمەوە کوردستان‌و ماوەیەکی دیکـە دێمەوە، وتی لەهەر چرکەیەك ئامادەی نۆرەدڵ لێت بدات، شێروانی کوڕیشم داوای کرد نەشتەرگەریەکە بکەم، منیش ڕازیبووم، دکتۆر میور پەیوەنـدی بە نۆژداری ناسراو (لینکلن)ەوە کرد، بڕیاردرا لە نەخۆشخانەی (ویلنگتن)دا بۆم بکەن، سەفەرەکەم بە هێڵی ئاسمانی تورکی ڕەت کردەوەو خەبەریشم بـۆ سەرۆك مەسعود بارزانی نارد، داوای سەلامەتی بۆ کردم‌و بـە سوپاسـەوەش تێچـوی نەشـتەرگەریەکەی خسـتە ئەسـتۆی خـۆی، سـوپاس بۆخـوا نەشتەرگەریەکە سەرکەوتوو بوو دە ڕۆژ لە نەخۆشـخانەی نـاوبراو مامـەوە،



www.mukiryani.com

لەو ماوەیەدا دەیان برادەرو پەنابەرانی کوردو کاك دلّشاد بارزانی برای سەرۆك بارزانی بەتایبەتی لە ئەلّمانیاوە سەردانیان کردم، دوای ئەوەی نەخۆشخانەم جێهێشت ماوەی دوو مانگ لە مالّەوە پشوومدا.

ئەو ماوەیەی کە لە مالّەوە بووم، بە سوپاسەوە کاك نێچیرڤان بارزانی سەردانیکردمو کاك هوشیار زێباریش ئەو ماوەی کە لە نەخۆشخانە بووم بەردەوام سەردانی کردم، لە مالّەوەش ناوە ناوە دەهاتە لام، دەستم بەچەند ڕاهێنانێکی وەرزشی کردو ڕۆژانەش لە پارکەکەی نزیك مالّمان، دوو سەعات پیاسەم دەکرد، داوای لێبوردن لەو پێشەکیە درێژە دەکەم، بۆی هەیە بێزاریشی کردبن، بەلاّم ناچار بووم باسی بکەم چونکە پەیوەندی بە بابەتە ئەسلّیەکەوە هەبوو.

دوای تێپەڕبوونی دوو مانگ بەسەر نەشتەرگەریەکەو حەوانەوەم لە مالّەوەدا، لە کۆتایی مانگی ئایار، ڕۆژێکیان زەنگی تەلەفۆن لێیدا، کەسێك لەسەر خەت بوو لام وایە لە بالّیۆزخانە یان یاوەری مەلیك حوسێن بوو، وتی جەلالەتی مەلیك حوسێن دەیەوێت سبەینێ چاوی پێت بکەوێت، پێم وت بەمە خۆشحالّم، وتی تکایە سبەینێ سەعات (١٠) لە هۆتێلی (دورجستەر) ئامادەبە، ئەو هۆتێلە لە لەندەن زۆر بەناوبانگە، دوای ئەوە یەکسەر تەلەفۆنم بۆ سەرۆك بارزانی کرد، وتی نامەیەك بە هوشیار زێباری بۆ مەلیك حوسێن دەنێرێت، زانیم کە زێباری بەلای کەمەوە دوای (٤٨) سەعات دەگات.

سبەینێ چوومە هوتێلی دورجستەر، لە سەعات (١٠)ی تەواو ترۆمبێلێك هاتو یەکێك دابەزی، دیاربوو دەیناسیمو پێشتر بینیبوومی، سلاّوی کردو بردمیە مالّی مەلیك حوسێن لە ناوچەیەك نزیك بالّەفڕخانەی هیثرۆ، تێبینی ئەوەم کرد ماوەی نێوان مالّی منو مەلیك زۆر لەو ماوەیە



www.mukiryani.com

نزیکترە کە لە لەندەنەوە بۆی بچیت، جەلالەتی مەلیك، زۆر بە ڕووخۆشی پێشوازی کردم، هەردووکمان لە شوێنێکی ماڵەکە دانیشتین، پرسیاری تەندروستی سەرۆك مەسعود بارزانی کرد، پاڵپشتی خۆی بۆ سیستەمی فیدراڵی ڕاگەیاندو وتی باشترین ڕێگاچارەیە بۆ گیروگرفتەکانی عێراق، هەروەها ڕەزامەندی لەسەر کردنەوەی نووسینگەی پارتی لە ئوردن پیشانداو ئینجا خۆشحاڵی بەرامبەر پەیوەندی نێوان مەملەکەتی ئوردن‌و پارتیمان پیشانداو وتی هەر بەردەوامی پەیوەندیە دێرینەکەیە، منیش بۆ ئەم چاوپێکەوتنەو هەڵوێستی لە پاڵپشتیکردنی گەلی کوردو مافە ڕەواکانی فیدراڵیەت سوپاسم کرد، هەروەها وتم سەرۆك مەسعود بارزانی بەکاك هوشیاری زێباری نامەیەکی بۆ جەلالەتیان ناردووە، سبەی یان دوو سبەی دەگات، داوام کرد دووسبەی چاوم پێی بکەوێتەوە، ئەویش ڕازی بوو کە لە باڵیۆزخانەی ئوردن یەکتری ببینین، دیدارەکەمان نزیکەی سەعاتێکی خایاند، تێبینی ئەوەم کرد یەك دوو جار بۆماوەی چەند دەقیقەیەك جێی دەهێشتم، نازانم لە ژوورێکی دیکە چاوی بە یەکێك دەکەوت‌و نەیدەویست یەکتری ببینین، یان هۆکارەکەی نەساغی بوو چونکە تووشی شێرپەنجە هاتبوو، لام وایە هەر ئەوە بوو، چونکە دوای کەمتر لە سێ ساڵ لەو بەروارەدا کۆچی دوایی کرد.

لەو دیدارەدا، جەلالەتی مەلیك حوسێن تا بڵێی خاکی‌و قسە خۆش بوو، بە وشەی (گەورەم) دەیدواندم‌و منیش بە وشەی (گەورەم) یان خاوەنشکۆ دەمدواند، لەوە دڵنیابووم کە مەلیك حوسێن دیارترین‌و بەتواناترین سیاسەتمەداری عەرەبە، تا بەردەرگا بەڕێی کردم‌و وتی سلاوم بگەیەنە بە سەرۆك مەسعود بارزانی‌و جەختیشی لەسەر دیداری دووسبەی کردەوە، بەو ترۆمبیلەی کە بۆم تەرخانکرابوو گەڕامەوە ماڵ.



www.mukiryani.com

بەتەلەفۆن، وردەکاری ئەو دیدارەم بە سەرۆك مەسعود بارزانی ڕاگەیاند، بەڕێزیان بەمە خۆشحاڵ بوونو وتی هوشیار زێباری بەڕێوەیەو نامەکەشم بۆ مەلیك حوسێن پێدا ناردووە، هەروەها بەسەرۆك مەسعود بارزانیم وت دووسبەی چاوم بە مەلیك حوسێن دەکەوێت، ڕۆژی دواتر کاك هوشیار زێباری گەیشتو نامەکەی سەرۆك بارزانیشی هێنابوو، نامەکە بریتی بوو لە ڕێزو سوپاس بۆ جەلالەتی مەلیك سەبارەت بەو بایەخدانەی بە کێشەکەمانو بارودۆخی عێراقو هاوهەڵوێستیمان، لە ڕۆژو کاتی دیاریکراودا چووینە باڵیۆزخانەی ئوردن، باڵیۆز فوئاد ئەیوب پێشوازی کردینو بردنیە ژوورێکی تایبەتو بەخێری هێناین دوای چەند خولەکێك جەلالەتی مەلیك بە زەردەخەنەوە سلاوی کردو دوای خواردنی چاو قاوە، باڵیۆز چووە دەرەوە، کاك هوشیار نامەکەی سەرۆك بارزانی دایە دەست مەلیك حوسێن، منیش هوشیارم بە مەلیك ناساند وتم یەکێکە لە کوڕانی عەمان، یەکێك بووە لەو قوتابیانەی کە ساڵی ١٩٧٠ بارزانی نەمر ڕەوانەی عەمانی کردن، بەڕێزتان زەماڵەتتان پێدانو خوێندنیان تەواو کرد، مەلیك بەمە خۆشحاڵ بوو، دەستی بە خوێندنەوەی نامەکە کرد، وتی لەسەر ئەم هەڵوێستە بەردەوام دەبمو سیستەمی فیدراڵیەت باشترین ڕێگاچارەیە بۆ گیروگرفتەکانی عێراق، ئینجا ڕای سپاردین سەردانی ئوردن بکەین، وتی خۆم لەوێ نیم بەلاّم جێگرەکەی میر حەسەن کوڕی تەلالو لێپرسراوانی دیکە دەتانبینن، هەروەها هانیداین نووسینگەی نوێنەری حیزب لە عەمان بکەینەوە، بەرووخۆشی مالاّواییمان کردو دووبارە سلاوی ئاراستەی سەرۆك بارزانی کرد.

دوای کەمتر لە دوو هەفتە، منو هوشیار زێباری سەردانی عەمانمان کرد، برادەری دێرینمان لیوا عەبدولئیلا کوردی یاریدەدەری بەڕێوەبەری



www.mukiryani.com

گشـتی موخابـەرات لەوکاتـەدا پێشـوازی کـردین، بەسوپاسـەوە چـەند دیدارێکی بۆ ڕێکخستین، یەکەم دیـدارمـان لەگـەڵ سـەرۆکی موخابـەرات فەریق بەتیخو پاشان لەگەڵ عەبدولئیلا خەتیب وەزیری دەرەوەو ئینجـا مـیر حەسـەن کـوڕی تـەلاڵی جێگـری مـەلیك حوسـێن بـوو، لەسـەرجەم ئـەو دیدارانەدا پاڵپشتی لە کێشـەی کـوردو بـەرەو پێشـبردنی پەیوەندیـەکانو سیستەمی فیدراڵی باسکرا.

دوای ئەو دیدارانە چاومان بە جاسر ئەلکوردی هاوڕێی ڕۆژانی خوێندنی هوشیار زێباری کەوت، دوای کۆتایی سەردانەکەمان هـەر یاوەرمـان بـوو، باوکی جاسر، لە ماڵەکەیدا بۆ فـراڤین داوەتیکـردین، ژمارەیـەکی زۆر لـە کەسایەتیە کوردەکانی عەمانو لێپرسراوان ئامادەبوون، لەمانە سەعدەدین جومعە (ئەبو زەید) کە کوردێکی باشو برای سەرۆك وەزیرانی کۆچکردوو سەعد جومعە بـوو، هـەروەها زەیـدی کـوڕی کچـێکی مـەلیك حوسـێنی خواستبوو، ئەوکاتە لام وایە ئەبو زێـد ئەنـدامی ئەنجومـەنی پیاومـاقوڵان یاخود سەرۆکی دیوانی مەلەکی بوو، نـاوبراو هـەروەك برادەرێکـی بـەوەفا هاوسۆزی کێشەکەمان مایەوە، ئەوکاتەی سەرۆك مەسـعود بـارزانی چـووە عەمان، چاوی پێکەوت، لەکاتی سـەردانەکەماندا زانیمـان شـێخ عوسمـان سیراجەدین نەقشـبەندی شـێخی تەریقـەتی نەقشـبەندی (لـە ئەسـڵدا لـە ناوچەی بیارەو تەوێڵەی سەر سنوری نێوان کوردستانی ڕۆژهـەڵاتو باشـوور دادەنیشت) وا لە عەمانەو، منو هوشیار زێباری سەردانمان کرد، ئەو کاتـە تەمەنی سەد ساڵ یان زیاتر بوو، بەڵام یادەوەری بەهێزبوو، تێبینی ئەوەمان کرد سەرۆك مەسعود بارزانی زۆر خۆش دەوێتو لە تەندروسـتی (کاکـە)ی پرسی، وتی بۆیە بە کاکـە نـاوی دەبـەم چـونکە زۆرم خـۆش دەوێـت، دوای مانەوەی نیوسەعات لە حزوریدا ماڵاوایمان لێکرد، زۆر حەزی دەکرد نیـوەڕۆ



www.mukiryani.com

فراڤینی لا بخۆین، بەلاّم داوای لێبووردنمان کردو وتمان کارمان زۆره، شێخ وتی بەم زووانە دەگەڕێتەوە ئەستەنبول، دوای کەمتر لە ساڵێك لە مێژووی ئەم سەردانە کۆچی دوایی کردو لە ئەستەنبۆل بەخاك سپێردرا، منو کاك دلۆڤان ئیدریس بارزانی، بە نوێنەرایەتی سەرۆك مەسعود بارزانی لە پرسەکەیدا بەشداربووین، حکومەتی تورکیا دوای تێپەڕبوونی هەفتەیەك بەسەر کۆچی شێخدا ناچار ڕەزامەندی بەرامبەر بە خاکسپاردنی دەربڕی، چونکە مریدانو خەڵکەکە لەسەر ئەوە مکوڕبوون، ئێستا ڕۆژانە دەیان لە موریدەکانی سەردانی مەزارەکەی دەکەن.

دوای ئەو سەردانانە جاسر ئەلکوردی رایسپارد شوێنێکی گونجاو بۆ نوێنەرایەتی پارتی دیاری بکرێت، دوای بەسەربردنی هەفتەیەك لە عەمان چووینە لەندەن.

ڕۆژان بەسەرچوونو مەلیك حوسێن بەدەست شێرپەنجەوە دەینالاّند، بێ ئەوەی کار لە وزەو چالاکیەکانی بکات، سێ چوار ڕۆژ بەر لەوەفاتی گەڕایەوە ئوردن، لە تەلەفزیۆن بینیمان کە لە باڵەفڕخانە دابەزیو دوو ڕکات نوێژی کرد، زۆر لاواز دەهاتە بەرچاو، نەخۆشی پەکی خستبوو، گەیشتبووە ئەو قەناعەتەی کە لە دوارۆژانی ژیانیدایە، هەروەها بینیمان کە لەگەڵ میر حەسەن تەلاّلی برای کۆبۆوە، بەلاّم نەمانزانی باسی چیان کرد، دیدارەکەیان زۆر هێمن بوو، دوای ئەوە لە دەنگوباس گوێمان لێ بوو کە میر حەسەنی برای لە جێگرەوەی لاداوەو میر عەبدوڵلاّی کوڕە گەورەی کردووە بە جێگرەوە، هەمان ڕۆژ یان ڕۆژی پاشتر، مەلیك حوسێن گەڕایەوە شوێنی چارەسەرکردنی لە ئەمەریکا، دوای سێ ڕۆژ کۆچی دوایی کرد، تەرمەکەیان هێنایەوە ئوردنو لە مەراسیمێکی فەرمیدا، بە ئامادەبوونی



www.mukiryani.com

ژمارەیـەکی زۆر لـە مـیرو پاشـاو سـەرۆکەکان لـە شـوباتی ١٩٩١، لـە گۆڕستانی مەلەکی بەخاك سپێردرا.

ئەو کاتە لەلەندەن بووم، سەرۆك مەسـعود بـارزانی ڕایسـپاردم لەگـەڵ شاندێك بچمە ئوردن، شاندەکە لە برایان عـەلی سـنجاری (ئـەو کاتـە لـە سوید بوو)، دڵشاد میرانی کە لە لەندەن بوو پێکهاتبوو، بە تەلەفۆن قسەم لەگەڵ کاك عـەلی سـنجاری کـرد، هاتـە لەنـدەنو ڕۆژی پاشـتر بەیەکـەوە چـووینە عـەمان، هەرچـەندە فریـای بـەخاك سـپاردنی مـەلیك حوسـێن نەکەوتین، بەلاٌم سەرەخۆشیمان لە مەلیکی تازە جەلالەتی مەلیك عەبدوڵلاٌ کردو بەناوی سەرۆك بارزانیەوە چەپکە گوڵمان لەسەر گۆڕی مەلیك حوسێن داناو، مەلیکی تازە وەك بـاوکی سـادەو خـاکی بـوو، کاتێـك سەرەخۆشـی سەرۆك مەسعود بارزانیمان پێ ڕاگەیاند: وتی سوپاسو ڕێـزم هەیـەو پێـی بڵێن سەردانی ئوردن بکات.

لێرەدا نابێت ڕۆڵی لیوا عەبدولئیلا کوردی برادەرمان لە بیر بکەین، کە ئەرکی کارەکانمانی سوك کرد، هەر ئەو دیداری لەگەڵ مـەلیكو کۆبوونـەوە لەگەڵ بەڕێوەبـەری ئەوسـای موخابـەرات فـەریق بـەتیخو وەزیـری دەرەوەو عەبدولئیلا خەتیبو میر ڕەعـدی کـوڕی زەیـد، لـە ماڵەکـەی خۆیـدا بـۆ ڕێکخستین.

لێرەدا دەبێت باسی میر ڕەعد بکەم، ئەو کوڕی میر زەیـد، بـرا بچـووکی مەلیك فەیسەڵی یەکەمە (یەکەم مەلیکی عێراق) هەروەها مامی مەلیك غازی باوکی مەلیك فەیسەڵی دووەمو دوا مەلیکی عێراق))و مـامی مـیر عەبدولئیلاهـە، ئەوانـە هـەموویان لـە کـاتی کودەتـای سـەربازی بـە سەرۆکایەتی عەبدولکەریم قاسم، لە ١٤ی تەموزی ١٩٥٨دا کـوژران، بـەر لە کودەتا، میر زەید باڵیۆزی عێراق بوو لە لەندەن.



www.mukiryani.com

کاتێك سەردانی میر ڕەعدمان لە ماڵەکەیدا کرد، داخو پەژارەو خـەمی قووڵی بەرامبەر بە مردنی مەلیك حوسێن پیشانداو وتی میر زەید حوسێنی باوکم باڵیۆزی عێراق بوو، لە کاتی کودەتادا ئێمـە بـۆ پشـودان لـە دەرەوە بووین، جگە لە موچەی باوکم هیچ سەرچاوەیەکی دیکەی داراییمان نـەبوو، نەماندەزانی ڕوو لە کوێ بکەین، لە دواییدا باوکم بڕیاریدا بچـینە ئـوردن، مەلیك حوسین تاکە خزم بوو ڕووی تێبکەین، هەر چەندە ئەوکاتـە تەمـەنی لە ٢٣ ساڵ تێپەڕی نەکردبوو هەروەها بارودۆخ لە ئوردن نـاجێگیر بـوو لـە لایـەن عێـراق‌و کۆمـاری عـەرەبی یـەکگرتوو ((میسـرو سـوریا)) بـە سەرۆکایەتی جەمال عەبدولناصر هەڕەشـەی لێ دەکـرا، بـەڵام کاتێـك لـە باڵـەفڕ دابـەزین، مـەلیك حوسـێن پێشـوازی لێکـردین‌و دڵـی داینـەوەو ماوەیەکی زۆر لە قەسرەکەیدا ماینـەوە، پاشـان خانوویـەکی گونجـاوی بـۆ تەرخان کردین‌و هەموو پێداویستیەکی بۆ دابین کردین، سەرەڕای ئەوەی کە باری دارایی ئوردن باش نەبوو، میر ڕەعد کە ئـەو قسـانەی دەکـرد، گریـان ئەوکی گرتبوو.

دوای ماوەیەکی کـەم لـە فـەرمانڕەوایی مـەلیك عەبـدوڵلا، هەنـدێك گۆڕانکاری ڕوویاندا، میر حەسەنی کوڕی تەلال، جێگرەوەی پێشووی مەلیك، هیچ سیفەتێکی فەرمی نەما، تـەنیا سـەرۆکی ڕێکخراوێکـی نێودەوڵـەتی بوو، میر حەمزەی کوڕی حوسین، کـە لەسـەر راسـپاردەی مـەلیك حوسـێن تەلاڵی باوکی کرابـوو بـە جێگـرەوە ئـەو پایـەی ڕەتکـردەوە، مـیر حوسـێن عەبدوڵلای کوڕی مـەلیکی ئێسـتا، هـەر چـەند منـداڵیش بـوو کـرا بـە جێگـرەوە، فـەریق بـەتیخی بەڕێوەبەرایـەتی موخابـەراتیش، بـە تۆمـەتی گەندەڵی، لە پایەکـەی لادراو درایـە دادگـا، ماوەیـەك حوکمـدرا، پاشـان ئازادکرا بەڵام نەیانگەڕاندەوە سەر کار، لیوا عەبدولئیلا کوردی برادەرمان،



www.mukiryani.com

دەسپاكو جدی بوو لە كارەكەیدا، دوای چەند ساڵێك كرابوو بە باڵیۆزی ئوردەن لە مۆسكۆ، پاش چەند ساڵێك مانەوە لەو كارەدا خانەنشین كرا، پاشان كرا بە سەرۆكی دیوانی ئەو گلەییو گازاندانەی كە بۆ مەلیك بەرز دەكرانەوە.

مایەوە بڵێم كە نووسینگەی پارتی لە عەماندا كرایەوە، كاك فایەق نێروەیی بووە نوێنەر، نووسینگەكە لە خانوویەكو گەڕەكێكی گونجاودا بوو، خانووەكە گەورە بوو بەشێكیشی بۆ نووسینگە تەرخان كرابوو، جاسر كوردی برادەریشمان هەر لە نووسینگەكە كاری دەكرد، دوای چەند ساڵێك، كاك فایەق كرا بە باڵیۆزی عێراق لە مۆسكۆ، هەفتەیەك بەر لە ئێستا زانیم وەك باڵیۆزی عێراق بۆ لەندەن گواستراوەتەوە، بەجۆرە پەیوەندی كورد، لەگەڵ مەملەكەتی ئوردن بەردەوام بوو، سەرۆك مەسعود بارزانی چەند جارێك سەردانیكردو لەگەڵ مەلیك عەبدوڵلای دووەمو گەورە لێپرسراوان كۆبۆوە، ئێستا هێڵی ئاسمانی لە نێوان هەولێری پایتەختی هەرێمی كوردستانو مەملەكەتی ئوردندا هەیە، رۆژانە گەشتی ئاسمانی هەردوو هێڵی مەلەكی ئوردنیو هێڵی ئاسمانی عێراقی كاردەكەن، هیوادارم ئەو پەیوەندیانە هەر بەردەوامو بەرەو پێش بچن.



www.mukiryani.com

# پەیوەندییەكانی دەرەوە

دوای ئەوەی بە درێژی، باسی پەیوەندییەكانمان لەگەڵ ئـوردن، هـەر لـە هەڵگیرسانی شۆڕشی مەزنی ئەیلولەوە تا ئەمڕۆ كرد، پێویستە لێـرەدا بـە كورتیش باس لە پەیوەندییەكانی لەگەڵ وڵاتانی دیكە، لە شۆڕشی ئەیلولو دواییش بكەینو چۆن ئەو پەیوەندییانە بـە گـوێرەی ئـەو بارودۆخـەی كـە كێشەی كورد پێیدا تێپەڕ بووە، تووشی هەڵكشانو داكشان بووە.

## ١- پەیوەندی لەگەڵ ئێران:

دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی كورد لە ئەیلولی ساڵی ١٩٦١، ئێران تاكـە لایەنی سەرەكی بوو كە بایەخی بەم شۆڕشـەدا، ئەمـەش لەبـەر دوو هـۆی سەرەكی، یەكەمیان ئێران سنووری لەگەڵ كوردستان بە سـەدان كـم درێـژ دەبێتەوە، لەوە دەترسا گڵپەی شۆڕش بگاتە كوردی ئێران، كە ژمارەیـان لـە كوردی عێراق زیـاتر بـوو، دووەمیـان كـە لـەو كاتـەدا زۆر گـرنگ بـوو، حكومەتی شا دوژمنایەتی رژێمـی تـازەی كۆمـاری لـە عێراقـدا دەكـرد، هەوڵیدا دەست بخاتە ناو شـۆڕش لـە سـاڵی یەكـەمی هەڵگیرسـانیدا، بـە تایبەتی دوای ئەوەی هەندێك شوێن رزگار كرانو شۆڕش تێیدا جێگیر بـوو، بوو بە ئەمری واقیـعو بـە زەحمـەت كـۆنترۆڵ دەكـرا، سـەرەتا جۆرێـك لـە پەیوەندی نهێنی دروست بوو ئەمیش بـریتی بـوو لـە چارەسـەری هەنـدێك بریندارو نەخۆش لە ناو ئێـرانو هـەروەها گۆڕینـەوەی پەیوەنـدی نهێنـیو



www.mukiryani.com

ناردنی هەندێك چەكی سووك. دوای كودەتای رەشی بەعس لـە ٨ی شـوباتی ساڵی ١٩٦٣، ئەو پەیوەندیانە بوونە نیمچە ئاشكرا، نووسینگەی شۆڕش لە ئێراندا كرایەوەو خوالێخۆشبوو شەمسەدین موفتی بووە نوێنـەری شـۆڕش، ئێرانیش نوێنەرێكی سەربازیو ئامێری پەیوەندی بۆ گواسـتنەوەی هـەواڵی رۆژانە، لەناو شۆڕشدا هەبوو.

بۆ راستیو مێژوو لێرەدا دەڵێم: بارزانی نـەمر قـەت بـاوەڕی بـە شـای ئێرانو حكومەتەكەی نەبوو، چونكە لە رووخانی كۆمـاری كوردسـتان لـە مەهابادو لە ساڵی ١٩٤٧، بارزانی دەیزانی كە نییەتی شـا لەگـەڵ كـورد راستگۆ نییە، بەڵام ناچاربوو هەڵسوكەوتی لەگەڵـدا بكـات، ئێـران تاكـە دەروازە بوو بـۆ شـۆڕش تـا پەیوەنـدی بـە دەرەوە بكـاتو هەناسـەیەكی لێ وەربگرێت، هەڵوێستی ئەو وڵاتانەی كە دەوری كوردستانی باشووریان دابوو، لای خوێنەری بەڕێز ئاشكرایە، حەزی بارزانی نەمر ئەوە بوو، یەكێك جڵەوی ئێران بگرێتو دەستەبەری ئەوە بكات خیانەت لە شۆڕشـی كـورد نـەكات، وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا تاكە لایەن بوو كە دەیتوانی ئەمە بكـات، لەسەر ئەم بنەمایە، شۆڕش توانی جۆرێك لە پەیوەندی لەگەڵ ئەمـەریكادا دروست بكات، بە تایبەتی دوای مـۆركردنی پەیماننامـەی برادەرایـەتی لـە نێوان عێراقو یەكێتی سۆڤیەت لە ساڵی ١٩٧٢، مەزندەی بـارزانی نـەمر راست دەرچـوو، شـای گۆڕبـەگۆڕ لەگـەڵ سـەدام حوسـێن رێكەوتننامـەی جـەزائیریان دژ بـە شۆڕشـی كـورد لـە ٦/٣/١٩٧٥ مـۆركرد، ئـەو رێكەوتننامەیەی بـە موبارەكبـایی سـەرۆكی ئەوسـای جـەزائیر — هـواری بومەدین - بە ئاگاداری ئەمەریكا بـە تایبـەتی وەزیـری دەرەوەی ئەوسـا — هێنری كیسنجەر — مۆركرا لە لاپـەڕەكانی پێشـوودا باسـی ئـەم بابەتـەم كردووە، ساڵێك دوای ئەو رێكەوتننامەیە، شۆڕشێكی تر بە نـاوی شۆڕشـی



www.mukiryani.com

گولاَن هەڵگیرسایەوە، هەروەها حیزبو شۆڕشی دیکە دژی رژێمی عێراق پەیدابوون.

هەروەها دوای تێپەڕبوونی کەمتر لە چوار ساڵ، لەسەر رێکەوتننامەی جەزائیر، بە فەزڵی شۆڕشی ئیسلامی لە شوباتی ساڵی ١٩٧٩، شاو رژێمەکەی رووخان، پەیوەندییەکی تازە لە نێوان جولانەوە کوردیەکانو کۆماری ئیسلامی ئێران، لەسەر بنەمای دراوسێیەتی باشو بەرژەوەندی هاوبەش دروست بوو، تا ئێستاش بەردەوامە.

## ٢- تورکیا:

پێشتر باسی ئەوەم کرد کە سیاسەتی شۆڕشی ئەیلولو بارزانی سەرکردە ئەوە بوو، کە دەست وەرنەدەنە کاروباری ولاَتانی دراوسێ، حەزی بارزانی نەمر ئەوە بوو تورکیا بێ لایەن بێت، چونکە لەو باوەڕەدا بوو هاوکاری سەربازی نێوان تورکیاو عێراق، گەورەترین زیان بە شۆڕشی کورد دەگەیەنن، هەر بۆیە بارزانی نەمر بەردەوام لەسەر ئەوە رژد بوو کە ناوچە سنووریەکان لەگەڵ تورکیادا ئارام بن، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە خەڵکێکی زۆر لە کوردستانی باکوور لایەنگری شۆڕش بوونو هەندێکیشیان هاتنە ریزی پێشمەرگە.

پەیوەندی نهێنیو سادە، لەسەر سنوور لە نێوان هەردوو لادا هەبوو، ساڵی ١٩٨٨ ئەم بارودۆخە تۆزێ بەرەوپێش چوو من سەرۆکایەتی شاندێکم کردو بە هەلیکۆپتەرێکی تورکی لە سنوور پەڕینەوە، سەردانەکە ئەرێنی بوو، لەم بەشەدا باسی ئەوەم کردووە ئەو کاتە خوا لێخۆشبوو تۆرگۆت ئۆزال سەرۆك وەزیران بوو، پاشان ئەو پەیوەندیە بەرەو پێشتر چوو، ئەمەش



www.mukiryani.com

دوای ئەوەی هەزاران کەس لـە بادینـان لـە ئـەنجامی بـەکارهێنانی گـازی کیمیایی روویان لە تورکیا کردووە وەك پەنابەر وەرگیراون.

دوای شەڕی کەنداوو رزگارکردنی کوێـت پەیوەندییەکـە چـاکتر بـوو تـا ئێســتاش هــەر بەردەوامــە، ســەرەتا خوالێخۆشــبوو تۆرگــۆت ئــۆزاڵ ئــەو هەنگاوەی ناو سەرۆك وەزیرانی ئێســتاش رەجـەب تـەیب ئـەردۆگان بـەرەو باشتری بـردو ئێســتاش لەســەر بنــەمای دراوســێیەتی بـاش‌و بەرژەوەنـدی هاوبەش بەردەوامە، پێشتر بە درێژی باسی ئەمەم کردووە.

## ٣- سوریا:

سوریا لەو ولاّتانە بـوو کـە بـە شـێوەیەکی گشـتی دژایـەتی شۆڕشـی ئەیلول‌و بزاڤی نەتەوایەتی کـوردی دەکـرد، ئەمــەش بـە هـۆی سـەرەڕۆیی حکومەتەکانیان، بە تایبەتی دوای کودەتاکانی حزبـی بـەعس لـە هـەردوو ولاّتی عێراق‌و سوریا لە سـاڵی ١٩٦٣دا سـوپای سـوریا، شـان بـە شـانی سوپای عێراق لە حوزەیرانی سـاڵی ١٩٦٣ شـەڕی کوردیـان کـرد، سـوریا لیوای یەرموکی نارد، سـوپاس بـۆ خـوا ژمارەیـەکی کـەمیان بـە سـاغی گەڕانــەوە، دوای ئــەوەی لــە مــانگی تشــرینی ســاڵی ١٩٧٠، ســەرۆکی کۆچکردوو حافز ئەسەد، جڵەوی فەرمانڕەوایی گرتەدەست کاروبارەکە گۆڕا، پەیوەندی نێوان سوریاو عێراق خراپتر بوو، چـونکە ئەوانـەی هـەژموونیان بەسەر حـوکمی ئـەو دوو ولاّتـەدا هـەبوو، نوێنەرایـەتی دوو لایـەنی پێـك ناکۆکی حزبی بەعسیان دەکرد، بۆیە ئەو کاتە بۆ شۆڕشـی ئـەیلول ئاسـان نەبوو هیچ پەیوەندیەك بە رژێمی سوریاوە بکات، هەروەها شۆڕش پابەندبوو بە رێکەوتننامەی ئاداری ساڵی ١٩٧٠.



www.mukiryani.com

دوای ڕێکەوتننامەی جەزائیرو نسکۆی شۆڕشی ئەیلول، کاروبارەکان گۆڕان، پەیوەندییەکان ژیانەوە، پەیوەندی لە نێوان حافز ئەسەدو بەڕێز جەلال تاڵەبانیو پاشان سەرۆك مەسعود بارزانیو حیزبە کوردیەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی بە شێوەیەکی گشتی دروست بوو، ئەمەش بە هۆی خۆشەویستی ئەسەدەوە نەبوو بۆ کورد، بەڵکو لە رقی ئەوە بوو کە دژ بە رژێمی عێراق بوو، دوای نەمانی رژێمی شا، ئەو پەیوەندیانە بەرەو پێش چوون، حیزبە کوردیەکانو ئۆپۆزیسیۆنی عێراق، نووسینگەیان لە دیمەشقدا کردەوە، سەرانی کورد سەردانی ئەوێیان کردو چاویان بەسەرۆك حافز ئەسەد کەوت، من ئامادەی یەکێك لە دیدارەکانی سەرۆك بارزانی لەگەڵ ئەسەددا بووم، تێبینی بەهێزی ئەو پەیوەندیەم کرد، ئەسەد وەك هەر سەرۆك دەوڵەتێك پێشوازیو میوانداریی لە بارزانی کرد، دوای ساڵێك یان دوو ساڵ، پاش کۆچی دوایی حافز ئەسەد، بەشاری کوڕی فەرمانڕەوایی گرتەدەستو پەیوەندیەکان خاوبوونەوە، بە تایبەتی دوای باشبوونی پەیوەندی نێوان سوریا لەگەڵ سەدام حوسێن لە دوا ساڵانی فەرمانڕەواییدا، دوای ڕووخانی سەدامیش، پەیوەندیەکان لەگەڵ عێراقو کورد دا دۆستانە نەبوو بەڵام پاش هەڵگیرسانی شۆڕشی سوریا، حکومەتی عێراق هەڵوێستی گۆڕیو پاڵپشتی ئەسەدی کرد.

**٤- میسر:**

هەر لە کۆنەوە پەیوەندی لەگەڵ میسردا هەبوو، پەیوەندی کلتووریو ئایینی بەر لە پەیوەندی سیاسی دروست بوو، چەندان فەقێو پیاوی ئایینی لە ئەزهەری شەریف خوێندنیان تەواو کرد، لە زانکۆی ئەزهەر لاباڵێکی تایبەت بە کورد هەبوو ناوی ((رواق الاكراد)) بوو.



www.mukiryani.com

دوای شۆڕشی ۲۳ی تەموزی ساڵی ۱۹٥۲، پەیوەندی سیاسی دروستبوو، لە راستیدا بایەخدانی کاربەدەستانی میسر بە تایبەتی سەرۆکی کۆچکردوو جەمال عەبدولناسر، بە کێشەی کورد لە نیوەی دووەمی پەنجاکانی سەدەی رابردوو دەستی پێکرد، ئەو کاتەی پەیوەندی نێوان میسر لەگەڵ رژێمی عێراق تێکچوو، حکومەتی میسر، کاتێکی دیاریکراوی بە زمانی کوردی لە رادیۆ تەرخان کرد، ئەمەش بووە هۆی تورەبوونی تورکیاو ئێرانو عێراق.

دوای شۆڕشی چواردەی تەموزی ساڵی ۱۹٥۸ لە عێراقو گەڕانەوەی سەرۆك مستەفا بارزانی، دوای ئەوەی کە ۱۲ ساڵی لە تاراوگەی یەکێتی سۆڤیەتدا بەسەربرد، لەگەڕانەوەیدا بە قاهیرەدا تێپەڕیو بەر لەوەی بێتەوە بەغدا لەگەڵ سەرۆك عەبدولناسر کۆبۆوە، ئەمە بنەمای پەیوەندییەکی هەمیشەیی بوو، دوای ئەوەی میسر بووە هاوسۆزی کێشەی کورد، دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول لە ساڵی ۱۹٦۱، حکومەتی میسر پاڵپشتی شۆڕشی کرد چونکە لە رۆژانی حوکمڕانی عەبدولکەریم قاسمدا میسر لەگەڵ عێراقدا کێشەی هەبوو، ئەو هەڵوێستە لەو کاتەدا زیاتر چەکەرەی کرد کە بەعسو برایانی عارف هاتنە سەر حوکم، ئامۆژگاری بەردەوامی سەرۆك عەبدولناسر بۆ سەرانی عێراق ئەوە بوو کە ریگاچارە بۆ کێشەی کورد بە ئاشتیانە بدۆزنەوەو لە شەڕ دوور بکەونەوە.

حکومەتی میسرو سەرۆك عەبدولناسر، بەردەوام پەیوەندیان بە سەرکردایەتی شۆڕشی کوردەوە هەبوو، سەرانو نوێنەرانی وەك جەلال تاڵەبانی، شەوکەت عەقراوی، فواد مەعصومو عەزیز شێخ رەزاو پارێزەر نەجیب بابان سەردانی میسریان دەکرد، دوای رێککەوتننامەی جەزائیری ساڵی ۱۹۷٥ لە نێوان شای ئێرانو سەدام حوسێن، پەیوەندیەکان تۆزێك سارد بوون بەڵام لە راپەرینە مەزنەکەی ساڵی ۱۹۹۱ دووبارە ژیایەوە و،



www.mukiryani.com

حیزبە سەرەکیەکانی کورد لە قاهیرە نووسینگەیان هەیەو کونسولّی میسریش لە هەولێر هەیە.

**٥- لیبیا:**

پەیوەندی نێوان کوردو لیبیا، لە دوای نسکۆی شۆرشی ئەیلول لە ساڵی ١٩٧٥ دەستیپێکرد، لە کۆتایی هەفتاکاتی سەدەی رابردووو پێکهێنانی بەرەیەك لە ((ئێرانو سوریاو لیبیا)) دژ بە عێراق، سەرۆکی لیبیا موعەمەر قەزافی دەستی کرد بە پەیوەندی بە ئۆپۆزیسیۆنی عێراقیو بە تایبەتی کورد، لێرەدا بۆ راستیو مێژوو دەڵێم، قەزافی سەرەڕای سلبیاتەکانیو هەندێك لە هەڵسوکەوتی ناسەنگی، تاکە سەرکردەی عەرەبە بە ئاشکرا باس لە رەوایی مافی کوردو چارەی خۆنووسینو سەربەخۆیی دەکات.

قەزافی پەیوەندیەکی پتەوی بە سەرۆك مەسعود بارزانیەوە هەبووو زۆر رێزی دەگرت، وا رێککەوت، لە ساڵانی ١٩٨٦و ١٩٨٩ لە دوو دیداری نێوان سەرۆك بارزانیو قەزافیدا بەشدار بم، بینیم بە چ جۆرە رێزو خۆشەویستیەك لەگەڵ سەرۆکدا هەڵسوکەوتی دەکرد، لە لاپەڕەکانی پێشوودا، بە درێژی باسی ئەمەم کردووە، چارەنووسی قەزافیو کوشتنی بەم شێوە دڕندانەیە زۆر ئازاری دام، دەبوایە بیدەنە دادگایەکی دادپەروەر، ئەگەر بەرامبەر گەلی لیبیا تاوانبار بوایە هەقی خۆی وەرگرتبایە. هیوای بەرقەراربوونی ئاسایش بۆ لیبیا دەخوازمو بەو ئومێدەم دوای دوو ساڵ بەسەر نەمانی حوکمی قەزافی، لە دەست ئەو گێرەشێوێنییە رزگاریان بێت، لە خواش دەپاڕێمەوە بەزەیی بە قەزافی دابێتەوەو بیبورێت.



www.mukiryani.com

ولاَتانی دیکەی عەرەب، پەیوەندیەکی ئەوتۆیان لەگـەڵ کـورددا نـەبووە کە شایانی باس بێت جگە لە سعودیە، پێشـتر هەنـدێك یارمــەتی کـوردی داوە، ئـەو پەیوەندیــەش لەســەر جـۆری ئــەو حکومەتــە وەســتا بــوو کــە فەرمانڕەوایی عێراقی دەکرد، بە شـێوەیەکی گشـتی پەیوەندیـەکان بـاش‌و دۆستانە بوون.

جەلالەتی خادم الحرمین الشریفین مەلیك عەبـدوڵلاّ عەبدولعــەزیز ئـال سعود ویسـامێکی پێشـکەش بــە فەخامــەتی جــەلال تالـەبانی کـرد بــەو سیفەتەی کە سەرۆك کۆماری عێراقە، هەروەها یەکێکیشی پێشـکەش بــە ســەرۆك مەســعود بــارزانی کــرد، بــەو ســیفەتەی کــە ســەرۆکی هــەرێمی کوردستانەو لەبەر کەسایەتی ناسراوی خۆی.

### ٦- یەکێتی سۆڤیەت:

دوای شەهیدبوونی کۆماری کوردســتان لــە مــەهاباد ســاڵی (١٩٤٧)، بارزانی نەمر ناچاربوو لەگەڵ (٥٠٠) لە پیاوە رەشیدەکانی، ببنــە پەنابــەر لە یەکێتی سۆڤیەتدا، دوای رۆیشتنێکی مێژوویی‌و، بڕینی سنووری چــەند ولاّتێکی ناوچەکەو پاشان پەڕینەوە لە رووباری ئاراس، گەیشتنە ئەو ولاّتە، بارزانیەکان لە ســەردەمی ســتالین لەســەر دەســتی (باقیرۆڤــ)ی، ســەرۆك کۆماری ئازربایجان زۆر دەردیان بینــی، دوای مردنــی ســتالین بارودۆخەکــە گۆڕا، بارزانی بۆ مۆسکۆ گواسترایەوەو بارودۆخی بارزانیەکانیش باش بــوو، سەرەڕای ئەوەی کە بارزانی پەیوەندی لەگەڵ سەرانی سۆڤیەت‌و لە پێشەوەی هەموویانەوەش (خرۆشۆف) هــەبوو، هــەروەها پەیوەنــدی لەگــەڵ ژمارەیــەك کەسایەتی سۆڤیەتیش درووست کردبوو بەلاّم بایەخێکی ئەوتۆی لــە لایــەن ئەوانەوە بە کێشەی کوردەوە نەبینی، هەروەها شتێکی ئەوهاشی نەبینی کە



www.mukiryani.com

سۆڤیەت بیر لە دروستکردنی قەوارەیەك بۆ کورد وەك هەر گـەلانی دیکـەی جیهان، بکاتەوە.

دوای گەڕانەوەی بارزانی بۆ عێراقو پاش شۆڕشی ١٤ی تـەموزی سـاڵی ١٩٥٨، ئەو پەیوەندیە کەسیاتیە تا هەڵگیرسانی شۆڕشـی کـورد لـە ١١ی ئەیلولی ساڵی ١٩٦١ بەردەوام بوو، لەو کاتەدا پەیوەندی سـۆڤیەت لەگـەڵ حکومەتی عەبدولکەریم قاسم زۆر باش بوو، بەلاّم سۆڤیەت پارێزگاری لـە پەیوەندی لەگەڵ بارزانیدا کرد، هیوای ئـەوەیان دەخواسـت کێشـەی کـورد بەرێگای ئاشتیانە چارەسەر بکرێت.

ئەو پەیوەندیانە لە هەڵکشانو داکشاندا بوونو لەسەر جۆری پەیوەنـدی سۆڤیەت لەگەڵ حکومەتی مەرکەزی بەغـدا وەسـتابوو، دوای لـەناوبردنی عەبدولکەریم قاسمو هاتنە سەر حوکمی بەعسو وەرگرتنی هەڵوێسـتی دژ بە سۆڤیەتو شیوعیەکان، سـۆڤیەت لـە بـارزانیو شۆڕشـی کـورد نزیـك بوونەوە،کۆماری مەنگۆلیا کـە لـە تـەوەری سـۆڤیەت دابـوو، داوای کـرد کێشەی کورد لە نەتەوە یەکگرتووەکان بوروژێنرێت، بەلاّم کاتێك پەیوەنـدی نێوان مۆسکۆو بەغدا باش بوو مەنگۆلیا داوایەکەی کشاندەوە.

یادەوەریم بۆ ساڵی ١٩٦٧ دەمگەڕێنێتەوە، ئـەو کاتـەی شـۆڕش لەگـەڵ حکومـەتی سـەرۆك عەبـدولرەحمان عـارف لـە ئاگربەسـتدا بـوو، مـنو خوالێخۆشبوو نافیز جەلال ئەندامی لیژنەی بالاّی ئاشتی لە بەغدا بـووین، باڵیۆزخانـەی سـۆڤیەت، بـڕی ٣٠ هـەزار دیناریـان دا بـە خوالێخۆشـبوو ئیبراهیم مستەفا، کە یەکێك بوو لە باوەڕپێکراوانی بارزانی بۆ شۆڕش نارد، یەکێك خەبەری لە ئیبراهیمدا، پیاوانی ئەمن لە دەروازەی شاری کەرکوك بە پارەوە دەسگیریان کرد، کە خەبەرەکە بە ئێمە گەیشـت، مـنو کـاك نـافیز چووینە لای سەرۆك عارف، پێمان وت کە ئەو کەمـە پارەیـە، بـەهای ئـەو



www.mukiryani.com

چەکانەیە کە کاتی خۆی بارزانیەکان لە چوونیان بۆ سۆڤیەت لە لایان بوو، هەروەها بەشێك لە کرێی کەڵکەبوویانە، ئەو کاتە سەرۆك عارف فەرمانیدا ناوبراو ئازاد بکەنو پارەکەش بگەڕێننەوە.

هەر لە رۆژانی ئاگربەستدا، سۆڤیەت رۆژنامەنووسیان دەناردە لای بارزانی، زیاتر (یەڤگینی بریماکۆف) دەهات، لەو باوەرەدا بووم کە لە موخابەراتیش کاری دەکردو پاشان لە سەردەمی فەرمانڕەوایی سەرۆك یەڵتسن یان کۆتاییەکانی فەرمانڕەوایی گۆرباچۆف کرا بە سەرۆك وەزیران، دوو ساڵ لەمەوبەر بریماکۆڤ سەردانی کوردستانی کرد.

دوای ئیمزا کردنی پەیماننامەی برادەرایەتی لە نێوان بەغداو مۆسکۆ، ئەو پەیوەندیە تێکچوو، سۆڤیەت کەوتە پێدانی چەکی پێشکەوتووو شارەزای سەربازی بە عێراق، بۆیە بارزانی هەوڵیدا پەیوەندی راستەوخۆ لەگەڵ ئەمەریکا دروست بکات.

دوای رێککەوتننامەی جەزائیر، عێراق رووی کردە وڵاتانی رۆژئاوا، سۆڤیەت گەڕایەوە سەر دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ کورد، ئەو پەیوەندیانە تا رووخانی یەکێتی سۆڤیەتو پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەر لە هەڵکشانو داکشاندا بوو، دوای ئەوە پەیوەندی تازە لە نێوان روسیاو کورد، لەسەر بنەمای برادەرایەتیو بەرژەوەندی هاوبەش دروست بوو، ئێستا قونسوڵیەی روسیا، لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستانە.

بە نیسبەت وڵاتانی ئەورووپای رۆژهەڵات یان وڵاتانی سۆسیالیستی، هەڵوێستی ئەوان روونو ئاشکرابوو لە خولگەی یەکێتی سۆڤیەتداو هەڵوێستی ئەو وڵاتە بە کێشەی کورد، دەسوڕانەوە، هەڵوێستی ئەوان، لە پێدانی چەند زەمالەیەکی خوێندن، یان سازدانی کۆنگرەی خوێندکاران لەو



www.mukiryani.com

ولاّتانەدا تێپەڕی نەدەکرد، دوای رووخانی یەکێتی سۆڤیەت، ئەم ولاّتانە بە گوێرەی بەرژەوەندی تایبەتیان پەیوەندییان لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا دروستکرد، تەنانەت هەندێك لەو کۆمارانەی کە پێشتر سەر بە سۆڤیەت بوونو دوای رووخانی ئەو ولاّتە سەربەخۆییان وەرگرت، بە تایبەتی کۆمارەکانی جۆرجیاو ئەرمینیاو کازاخستان، پەیوەندیان لەگەڵ هەرێمی کوردستان دروستکردو سەردانی شارەکانیان ئاڵوگۆڕ کرد.

### ٧- ئەڵمانیای فیدراڵ (رۆژئاوا):

ئەڵمانیا، دوای بەزینی لە دووەم شەڕی جیهانیدا لە لایەن ولاّتە براوەکان بە تایبەتی یەکێتی سۆڤیەتو ئەمەریکاو بەریتانیا دابەشکرا، بەشی رۆژهەلاّت (کە لام وایە چارەکێکی ئەو ولاّتە بوو، بەر یەکێتی سۆڤیەت کەوتو ناویان نا (کۆماری ئەڵمانیای دیموکراتی) بەشی رۆژئاواش کە بەشە گەورەکە بوو بەر ئەمەریکاو بەریتانیا کەوت، پاشان سەربەخۆییان پێداو هەر بە ناوە کۆنەکەی (ئەڵمانیای فیدراڵ) مایەوە.

هەڵوێستی ئەڵمانیای رۆژهەلاّت، وەك هەر ولاّتێکی دیکەی سۆسیالیستی، لە هەڵوێستی یەکێتی سۆڤیەتدا رەنگی دەدایەوە، بەلاّم هەڵوێستی ئەڵمانیای رۆژئاوا جۆرێك لە ئەرێنی تێدابوو، بە تایبەتی لە هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلولەوە، سەرەڕای ئەوەی کە هیچ یارمەتیەکی پێشکەش بە شۆڕش نەکرد، بەلاّم چاوپۆشیان لە چالاکیەکانی خوێندکارانی کوردو سازدانی کۆنگرە لەو ولاّتەدا دەکردو ساڵی ١٩٧٠، کە بالیۆزی عێراق بووم لە – پراگ –ی پایتەختی چیکۆسلۆڤاکیا، کاتێك سەردانی ئەنوەری برام کرد لە ((کودێتای رەشی بەعسیەکان لە شوباتی ١٩٦٣وە لە ئەڵمانیا جێنشین بوو))، لەوێ ناسیاویم لەگەڵ هەندێ لە برادەرانی د.



www.mukiryani.com

ئەنوەر پەیدا کرد، ئەوانە پەیوەندیان لەگەڵ فەرمانبەرێکی وەزارەتی دەرەوەدا هەبوو، کە ئەو کاتە لە شاری — بۆن — بوو، کۆبونەوەیەکمان سازداو حەزی کرد پەیوەندیمان هەبێت بەلاّم بە شێوەیەکی نهێنی، هەروەها بە چەند رۆژنامەنووسێکی ناساندم لەوانە رۆژنامەنووسی ناودار ((دکتۆر دیشنر)) کە پاشان سەردانی کوردستانی کردو بە سەرۆکی هەرێمی باڤاریا ((فرانك جوزیف شتراوس)ی ناساندم، شتراوس بووە هاوسۆزی کێشەی کوردو لەگەڵ بارزانی نەمر چەندان نامەیان بۆ یەکتر ناردو ساڵی (١٩٧٤) شاندێکی پارتی بۆ کۆنگرەی حیزبەکەی لە شاری میونیخ داوەتکرد، منو شەهید سامی عەبدولرەحمان چووین، بە جوانترین شێوە پێشوازییان لێکردینو وەك میوانی شەرەف هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا کردین، ئەو پەیوەندیانەی نێوانمان هەر بەردەوام بوو، دوای ئەوەی کاك تاریق ئاکرەیی ((پراگ))ی جێهێشتو هاتە ئەڵمانیا، بوو بە هەڵقەی پەیوەندی نێوان شۆڕشی کوردو ئەو ولاّتە، دکتۆر (دیشنەر)یش، کتێبێکی دەربارەی بارزانیو شۆڕشی کورد بلاّوکردەوە.

دوای رێککەوتننامەی خیانەتی جەزائیر، لە نێوان هەر دوو گۆڕبەگۆڕ ((سەدامو شا)) لە ئاداری ١٩٧٥، ئەو پەیوەندیانە سڕ بوون، بەلاّم پاش راگەیاندنی هەرێمی کوردستانو هەڵبژاردنی پەرلەمانو دامەزراندنی حکومەتو یەکگرتنەوەی هەردوو ئەڵمانیا دوای رووخانی یەکێتی سۆڤیەت، پەیوەندیەکان دروست بوونەوە، دوای رووخانی سەدامیش، ئەڵمانیای فیدراڵ، وەك زۆربەی ولاّتانی دیکە، کۆنسوڵیەتی کردەوە، ئێستا پەیوەندیەکان زۆر دۆستانەیەو لەسەر بنەمای برادەرایەتیو بەرژەوەندی هاوبەش.



www.mukiryani.com

## ٨ – بەریتانیای گەورە (( مەملەکەتی یەکگرتوو )):

پیری سیاسەتو شارەزاترین ولاّت لە سیاسەتی دەرەوە، بە تایبەتی رۆژهەلاّتی ناوەڕاستو عێراق، کە پێشتر زۆربەی ناوچەکانی جیهانی کۆلۆنیال کردو بەو ئیمپراتۆریەتی کە خۆری لێ ئاوا نابێت، ناودێر کرا، دوای هەر دوو شەڕی جیهانی یەکەمو دووەم، ئەو ناوچە کۆلۆنیالکراوانە جیابوونەوە، بەریتانیا زۆر لەسەر بەرژەوەندیەکانی مکورەو دەزانێت چۆن بیانپارێزێت، بۆیە لە دروستکردنی پەیوەندی لەگەلّ کورد زۆر بە پارێزبوو، بەرژەوەندیەکی گەورەی نەوتی لە عێراقدا هەبوو، هەر لەسەرەتای دۆزینەوەیدا ئەو سامانەی بە نرخێکی هەرزان بۆ خۆی پاوان کردبوو، ئەمە تا خۆمالّیکردنی نەوت لە سالّی ١٩٧٢ لە لایەن (حیزبی بەعس)ەوەی خایاند، حکومەتی بەریتانیا، نەیدەویست پەیوەندی لەگەلّ کورد فەرامۆش بکات چونکە باوەڕی بە حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق کە هەر لەسالّی (١٩٥٨) کورسی فەرمانڕەواییان گرتەدەست، نەبوو، بەلاّم وەك باسمکرد لەسەر بەرژەوەندیەکانی لە پەیوەندی نهێنیو گۆڕینەوەی زانیاری تێپەڕیان نەکرد، هەروەها حکومەتی بەریتانیا چاوپۆشی لە چالاکیەکانی کورد، بە تایبەتی خۆپیشاندان کە بەرامبەر بالّیۆزخانەی عێراقو پەیوەندیکردنی بە رۆژنامەنووسانەوە دەکرد.

هەر کاتێك سیاسەتی بەریتانیا بەرەو خۆرهەلاّت چووبایە، ئەوەی کە زیاتر بووە هۆکاری زیادبوونی چالاکیەکانی کورد لە بەریتانیا بوونی رژێمی دیموکراتی بوو لەو ولاّتەدا کە رێگای بەو کاروبارانە دەدا بە مەرجێك لە یاساکانی ئەوان تێنەپەڕن، لە رۆژانی شۆڕشی ئەیلولدا، نووسینگەکانی پارتیو شۆڕش لەو ولاّتەدا کرانەوە کە بەرێزان هاواری کاکە زیادو جەمال عەلەمدارو هی دیکە بەرێوەیان دەبرد، هەروەها لە روژانی شۆڕشی



www.mukiryani.com

گولاڵندا، نووسینگەی حیزب کرایەوەو جۆرەها چالاکی دەنواند، بارەگای لقی شەش بەڕێز هوشیار زێباری لێپرسراوی بوو، بەڕێزان (محەمەد مەعروف، شێروان دزەیی کوڕی گەورەم، سیامەند بەننا، هوشیار سیوەیلی، دارا یارا، ئەحمەد شەفیق، یوسف عەبدولقادرو هی دیکە، هاریکاریان دەکرد))

لە کاتی شەڕی نێوان عێراقو ئێرانو پێش ئەوەش، حکومەتی بەعس لە عێراق هەوڵی تیرۆرکردنی نەیارەکانی لەدەرەوە دەدا، وەك هەوڵی کوشتنی دکتۆر ئەیاد عەللاویو خوا لێخۆشبوو دکتۆر عیسمەت شەریف وانلیو شەهید سەید مەهدی حەکیم لە سودانو هەروەها هەوڵی تیرۆرکردنی سەرۆك مەسعود بارزانی لە ڤیەننای پایتەختی نەمسا ساڵی ١٩٧٩ کە برایان ئازاد بەرواریو د. پیرۆت ئەحمەد تیایدا بریندار بوون.

لە نیوەی دووەمی ساڵانی هەشتاکانی سەدەی رابردوو، خوالێخۆشبوو مەلا عەبدوڵڵا ئیسماعیل ناسراو بە مەلا ماتۆڕ کە لە حکومەتی بەعسدا وەزیر بوو، هاتە لەندەن، بە نهێنی پەیوەندی پێوە کردم وتی ((تۆو شێروانی کوڕت لە سەرووی ئەو لیستەن کە بەعس دەیەوێت لە ناوتان ببات))، داوایکرد وریای خۆمان بینو ئەو نهێنیەش بپارێزین چونکە ئەگەر بەعس زانیەوە ئەوا دەیکوژن، لەو بارودۆخانەدا، پۆلیسی سکۆتلەندیارد، ئامادەیی هەموو جۆرە یارمەتیەکی پێویست دەربارەی شوێنی بە کرێگیراوانی بەعس پیشاندا، هەروەها ژمارەی تەلەفۆنیان داینێ کە لە کاتی پێویستو هەست کردن بە هەر ترسێك پەیوەندیان پێوە بکەن.

سەرەڕای ئەمانە بەریتانیا هەموو، زۆر لەسەر نهێنی جێهێشتنەوەی ئەو پەیوەندیانەی لەگەڵ کورد مکوڕ بوو، پێشتر لەو کتێبەدا باسی ئەوەم کردووە کە ساڵی ١٩٨٩ سەرۆك مەسعود بارزانی چۆن لە بەریتانیا پێشوازی کرا، بەلاٚم ئێستا پەیوەندیەکان بەرەو پێشەوە چوونو ئاشکران،

بەریتانیا کونسوڵی گشتی لە پایتەختی کوردستاندا کردووەتەوە، هــەروەها ناوبەناو باڵیۆزی بەریتانیا سەردانی سەرۆك مەسعود بارزانی دەکاتو بــاس لە کاروباری گشتی دەکەن.

هەندێك حکومەتی ئەورووپی، لەگەڵ کێشەی کوردو شۆڕشەکەی هاوسۆز بــوون، لەمانــە ســویدو فینلەنــدا، ســاڵی ١٩٧٤ لەگــەڵ شــەهید ســامی عەبدولرەحمان سەردانی ئەو دوو وڵاتەمان کرد، چاومان بە هەردوو ســەرۆك وەزیران کەوت، هاوسۆزیو پشــتگیریان بــۆ شــۆڕش پیشــاندا، بــەڵام هــیچ یارمەتیەکیان پێشکەش نەکرد، سەرۆك وەزیرانی فینلەندە وتی: لەبەرئەوەی دراوسێی یەکێتی سۆڤیەتن، ناتوانن هیچ جۆرە یارمەتیەك پێشکەش بکەن، هــەروەها وڵاتــی فەرەنســاش بــە هــەوڵی خوالێخۆشــبووان مــیر کامــەران بەدرخانو زەید ئەحمەد عوسمــانو بــەڕێزان کەنــدال نــەزانو برنــارد دوران، جۆرێك لە پەیوەندی هەبوو، لە بەشــی دووەمــی ئــەم کتێبــەو لاپــەڕەکانی پێشووی ئەم بەشەدا، بە درێژی باسم کردووە.



www.mukiryani.com

# شەڕی ناوخۆ

لە کارە پڕ داخەکانو کارەساتی هەرە گەورە، کە تووشی هەر بزاڤێکی شۆڕشگێری لە جیهاندا دێتو دەبێتە بەربەست لە بەردەم پێشکەوتنیدا، بریتیە لە ناکۆکی ناوەخۆ، بە تایبەتی کە دەگاتە رادەی یەکتر کوشتن لە نێوان رۆڵەکانی یەك گەل، شۆڕشەکانی کوردستانی باکوورو شێخ مەحمودو بارزان، لە هۆکارە سەرەکیەکانی سەرنەکەوتنیان، شەڕی ناوەخۆ بووە، دوور نارۆمو ناونراو بە بەهاری عەرەبیمان لەبەر چاوانە لە هەر یەك لە توونسو لیبیاو میسرو یەمەن، سەرەڕای رووخانی رژێمەکانی پێشوویان بەلاّم ناکۆکی نێوان فرە لایەنەکانی ئەو گەلانە گەیشتە رادەی بە یەکتر هەڵپژانو کوشتنو گێرەشێوێنی ئەو ولاّتانەی داگرتەوەو باری ناوخۆیان ناجێگیرە، عێراقیش بەرەو ئەوە دەڕوات، سوریاشمان لەبەر چاوە، سەرەڕای توندوتیژی رژێمەکەو پەنابردن بۆ هێزی دەرەکی، بەلاّم ناکۆکی لە نێوان هێزەکانی ئۆپۆزسیۆندا دیارە.

دەبێت ئەوەشمان لە لا روون بێت کە کاروباری ئەو ولاّتانە لەگەڵ کوردستاندا جیاوازە، سەرەڕای گۆڕینی رژێمەکانو ئەم هەموو جیاوازیو ئاژاوەیە بەلاّم قەوارەکان ماونو لە نێو دەوڵەتاندا دانیان پێدانراوە، بە پێچەوانەی کوردستان، کە بە دوژمن دەورە دراوەو چاوەڕێی هەل دەکەن بۆ لەناوبردنی ئەو دەسکەوتانە. مێژووی ناکۆکیو شەڕی ناوخۆ لە شۆڕشی ئەیلولدا، بۆ ساڵی ١٩٦٤ دەگەڕێتەوە دوای جیابوونەوە پڕ داخەکەی



www.mukiryani.com

ریزەکانی بنکەو سەرکردایەتی پ. د. ك، کە لە بەشی دووەمی ئـەم کتێبـە ئاماژەم بۆ کردووەو لەو کاتەوە بارودۆخەکە لە نێوان ئاشتیو ئاشتبوونەوەو کوشتار بەردەوامە.

لە لاپەڕەکانی پێشوودا، شتێکم دەربارەی هەڵبژاردنەکانی سـاڵی ١٩٩٢ باسکرد کە چۆن حکومـەتی هاوبـەش لـە نێـوان (پ. د. ك)و (ی. ن. ك) پێکهاتو بوو بـە جۆرێـك لـە گاڵتـەجاڕی، هـەروەها چـۆن بەربـەرەکانێی نێوانیان بۆ دەسکەوتی حزبی گەیشتە لووتکە، هەڵسوکەوتی لێپرسـراوانی هەر دوو حیزب ڕێگـە خۆشـکەربوو بـۆ گـەڕێکی دیکـەی شـەڕ، هـەروەك بـاسمکرد، شـەڕ لـە نێـوان هـەردوو حیـزب، لـە ئایـاری سـاڵی ١٩٩٤دا هەڵگیرساو تا ساڵی ١٩٩٩ بەردەوام بوو، گەورەترین زیانی بە کێشەی گەلی کوردمان گەیاند، دەیان کەس لە هـەردوو لا بوونـە قوربـانی، حکومـەتی خۆجێیەتی، لە جیاتی ئەوەی کارگوزاری پێویست پێشکەش بەو گەلە زوڵـم لێکراوە بیٚ بەشەی ساڵەهای سـاڵە بکـات، هـەروەها لـە جیـاتی ئـەوەدان کردنەوەی وڵات دوای ئەو هەموو خاپوورکردنەی کە بەعس کـردی، کەچـی ئەو گەلە داماوەیان ڕاکێشایە ناو ئاگری شەڕێکی ناوخۆ کە جگە لـە زیـان بۆ هەمووان، هیچ سوودێکی تری نەبوو.

من لێرەدا باسی ئەوە ناکەم کە کیٚ دەسـتی بـە شـەڕ کـردو کـیٚ لێـی بەرپرسیارە، بـەڵام مەبەسـتم ئەوەیـە بـڕی ئـەو زیانـە بـۆ سـەر کێشـەی گەلەکەمانو دەسکەوتەکانی بخەمـە روو، بـۆ راسـتیو مێـژوو دەڵـێم کـە سەرۆك مەسعود بارزانی دژی ئەو شەڕە بـوو، لـەو بـاوەڕەدابوو کـە شـەڕی ناوخۆ تا هەتایە بنبڕ کرا بە تایبەتی دوای پرۆسەی ئاشتبوونەوە کە لەسـەر دەستی خوالێخۆشبوو ئیدریس بارزانی هاتە دی کە بە ئەنـدازیاری ئاشـتی ناودێر کرا، هەروەها سەرۆك مەسعود بارزانی دوپاتی کردەوە کە سـەردەمی



www.mukiryani.com

کوشتنی کورد بە دەستی کورد کۆتایی هات، هەروەها ئەوەش دەڵێم کە سەرۆك جەلال تاڵەبانی ((خوا شیفای بۆ بنێرێت)) لە کاتی هەڵگیرسانی شەڕ لە دەرەوەی کوردستان بوو، بۆ وەستانی شەڕەکە چەندان جار لەگەڵ سەرۆك بارزانی بە تەلەفۆن قسەیان لەگەڵ یەکتر کرد، هەروەها دەبێت ئەوەش بڵێم کە گەڕی یەکەمی شەڕ لە ئایاری ساڵی ١٩٩٤ لە نێوان بنکردایەتی هەردوو حیزبو پێشمەرگەکانیان بوو، سەرکردایەتی لەمە بە دووربوو، سەرکردەکان کۆدەبوونەوە، جارێکیان شەڕەکە لەسەرەتادا بوو، بارزانی داوای لە منو دکتۆر رۆژ نوری شاوەیسو ئەحمەد چەلەبی کرد کە بچینە هەولێرو داوا لە کاك کۆسرەت رەسول بکەین کە بێتە پیرمامو بە تەلەفۆن قسە لەگەڵ بەڕێز جەلال تاڵەبانیدا بکەن، کە ئەوکاتە لە دەرەوە بوو، هەروەك باسمکرد، کاك کۆسرەت هاتو قسەیان لەگەڵ تاڵەبانی کرد، هەڵوێستی زۆر ئەرێنی بوو بەڵام بە داخەوە شەڕ هەر بەردەوام بوو، سەرەڕای ئەمانەش، پەرلەمانو فەرمانگە حکومیەکانو وەزارەتەکان لە کارەکانیان بەردەوام بوونو بارەگای هەر دوو حیزبیش لە شوێنی خۆیان بوون.

دوای گەڕانەوەی تاڵەبانی، لە هۆتێلی شیرین پالاس لە هەولێر، هەر دوو لا کۆبوونەوەو جۆرێك لە ئاگربەستیان راگەیاند، بە سەرپەرشتی ئەمەریکاو بەریتانیاو فەرەنساش، لە پاریس کۆبوونەوەیەك سازدرا، شاندی ئێمە لە برایان سامی عەبدولڕەحمانو جەوهەر نامیقو هوشیار زێباریو من پێکهاتبوو بەڵام شاندی یەکێتی لە بەڕێزان نەوشیروان مستەفاو دکتۆر بەرهەم ئەحمەد ساڵحو دکتۆر فوئاد مەعصومو سەعدی پیرە پێکهاتبوو، سەرەڕای بیروڕا گۆڕینەوەو گفتوگۆ کە هەفتەیەکی خایاندو گەیشتن بە چەند ئەنجامێکی ئەرێنی، بەڵام لە کۆتایی مانگی کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٩٤ شەڕ دەستی پێکرد کە لە پێشتر زۆر گەرمتربوو، سەرەڕای



www.mukiryani.com

کۆبوونەوەی نێوان شاندی هەردوو لا لە دروگیدای کۆماری ئیرلەندەو کۆبوونەوەی دیکە لە لەندەنو باڵیۆزخانەی ئەمەریکا، بەلاّم بەداخەوە شەڕەکە تا ساڵی ١٩٩٩ نەوەستا، وەك پێشتر باسمکرد.

سەرەڕای بەردەوامبوونی شەڕ بۆ ماوەی چوار پێنج ساڵ بەلاّم ئاشتبوونەوەی یەکجاری لەسەر دەستی ئیدارەی سەرۆکی ئەمەریکی بیل کلینتن کرا، هەر دوو حیزب گەیشتنە رێککەوتنی ستراتیژی لە نێوانیانو بۆ بەرژەوەندی کوردستان زۆر هەڵوێستیان یەکخست.

ئەوەی لێرەدا ئومێدی بۆ دەخوازم، هەمووان ((سەرەڕای جیاوازی حیزبی)) ئەو دەسکەوتانە بپارێزن کە گەلەکەمان بە تێکۆشانی دەیان ساڵ بە دەستی هێناوەو لەو پێناوەدا هەزاران شەهیدو قوربانی داوەو لەسەر دەستی حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق جۆرەها کارەساتو ماڵوێرانی بینیوە. هەر زیانێك بەو قەوارە بچکۆلەیەی کورد (کە هیوای کوردە لە هەموو پارچەکانی)) بگات، ئەوا هەموو گەلی کوردستان تووشی زیان دەبێت نەك تاکە حیزبو لایەنێك، هیواداریشم لەو دەستەواژە بەناوبانگە دوور بکەونەوە کە دەڵێت (علي وعلى اعدائي).



www.mukiryani.com

## روخانی رژێمی سەدام حوسێن

دوای دووەم شەڕی کەنداو لە ساڵی ١٩٩١و شەڕی رزگارکردنی کوێتو بەزینی سوپای سەدام حوسێن، ئەو سوپا ملیۆنیەی کە شانازی پێوە دەکردو هەڕوگیڤی لە جیهان دەکرد، ئەو رژێمە بەرەو رووخان ملی دەنا، سەرجەم گەلی عێراق لە باشوورو کوردستاندا راپەڕین، لە لاپەڕەکانی پێشووی ئەم کتێبە ئاماژەم بەوە داوە.

رژێم، بە پاشماوەی سوپا بەزیوەکەی، توانی لە باشووردا بە خێرایی راپەڕین سەرکوت بکات، کۆنترۆڵی چەند شارێك بکات کە کەوتبوونە دەشتاییو دانیشتوانی تێدانەبوو، بەڵام نەیتوانی بە تەواوی راپەڕین سەرکوت بکات، ئەمەش بە هۆی بەرگری پاڵەوانانەی پێشمەرگە کە لە داستانی بەناوبانگی ((کۆڕێ))دا سوپای سەدامیان بەزاند، بۆیە رژێم داوای ئاگربەستو وتوێژی کرد.

دووەم هۆکاری سەرنەکەوتنی رژێم لە کۆنترۆڵکردنی راپەڕین لە کوردستاندا، کۆچڕەوە ملیۆنیەکەی گەلی کوردبوو، کە رووی لە ناوچە شاخاویە دوورەدەستەکانو سنووری تورکیا کرد، ئەو ناوچە عاسیو بە بەفر داپۆشرابوون، بەختیشی باشی هێناو لەو کاتەدا ژمارەیەکی زۆر پەیامنێرانی رۆژنامەو تەلەفزیۆنی لە کوردستان بوو، یەکسەر کارەساتی کۆچو چۆڵکردنی شارەکان لە ترسی دڕندەیی رژێمو ئەگەری بەکارهێنانی چەکی کیمیاوییان بە دنیا گەیاند، وڵاتان دەستیان بە یارمەتیدانی کورد



www.mukiryani.com

کردو نەتەوەیەکگرتووەکانیش چەند بڕیارێکی لەبەرژەوەندی سەلامەتی کورد دەرکرد، بەلاَم وتوێژ لەگەلّ رژێم، دوای سێ چوار گەڕ راوەستا، سەرەڕای سەردانی بەرێزان بارزانیو تالّەبانیو نوێنەرانی حیزبە کوردستانیەکان بۆ بەغدا، چونکە سەدامو سەرانی رژێمەکەی بە هەمان لووتبەرزیو عەقلّیەتی پێشوو بیریان دەکردەوە. لە مانگی تشرینی یەکەمی سالّی ١٩٩١، حکومەتی بەعس ناچاربوو هەموو یەکە کارگێڕیەکانو فەرمانگەکانی ئەمنو موخابەراتو رێکخراوە حیزبیەکانی لە کوردستاندا کە لە ژێر کۆنترۆلّیدا بوون، بۆ پشت هێلّی پانی (٣٦) کە لە لایەن نەتەوەیەکگرتوەکان بڕیاری لەسەر درابوو، بکێشێتەوەو لەو شوێنەدا هەلّسانی بالّەفڕ قەدەغەبوو، خەلّك گەڕانەوە شوێنی خۆیانو بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە هەلّبژاردنێکی خاوێن کرا، بۆ راستیش دەبێت بوترێ ((سەرۆك مەسعود بارزانی، لە کاتی وتاردان لە رۆژانی راپەڕین لە شارە رزگارکراوەکاندا یەکەم کەس بوو داوای هەلّبژاردنێکی خاوێنی کرد، بە تایبەتی لە وتارەکەی کە لە شاری کۆیە پێشکەشی کرد)).

دوای کۆنگرەی ڤیەننا، کە لە حوزەیرانی سالّی ١٩٩٢ لە پایتەختی نەمسا سازدراو کۆنگرەی نیشتمانی عێراقی لێکەوتەوە، ئەو کۆنگرەیە بووە نوێنەری گەلی عێراق، لیژنەی کاری هاوبەشیش کە لە ئاداری سالّی ١٩٩١ لە بەیروت پێکهات، لە بیرکرا، کۆنگرەی ڤیەننا دووەم کۆبوونەوەی لە پاییزی، سالّی ١٩٩٢ لە پیرمام سازداو حیزبی دەعوەو حیزبی عێراقیو کوردستانی دیکەو ئیسلامیو عەلمانی هاتنە پالّی، بووە تاکە رێکخراوی یەکگرتووی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی، دەستەی کارگێڕی کارای کۆنگرە لە نوێنەرانی زۆربەی حیزبو رێکخراوەکانی بەشداربووی کۆنگرە پێکهات،



www.mukiryani.com

منو كاك هوشيار زێباری نوێنەرایەتی پارتیمان دەكرد، پاشان هــەموومان لە نێوان خۆماندا، دكتۆر ئەحمەد چەلەبیمان بە سەرۆكی كۆنگرە هەڵبژارد.

ئەمەریكا زۆر بایەخی بە كۆنگرەدا، چونكە كـۆنگرە تاكـە لایـەن بـوو زانیاری سەبارەت بە عێراق دەدا بە ئەمەریكا ئـەویش لـە رووی داراییـەوە پشتی دەگرت، ئەو زانیارییانەی كە دەگەیشــتنە حكومەتـە یـەك لـە دوای یەكەكانی ئەمەریكا بە تایبەتی لە دوا ساڵەكانی حوكمی (بۆش)ی بـاوك، بریتـــی بـــوون لـــە بـــوونی چـــەكی وێرانكـــەری كۆكـــوژی لای عێـــراق، كۆبوونەوەكانی ئۆپۆزسیۆن فرەبوون، لە لەنـدەنو نیویـۆركو پیرمـامو سـاز دەدران، ئامــانجی هــەموویان رووخــانی رژێمــی ســەدام بـوو، دوای هاتنــە سەركاری (جۆرج دەبل یو بۆش)ی كـورِ لـە سـاڵی ٢٠٠١ لـە ئەمــەریكا، پەیوەندی نێـوان عێـراقو ئەمــەریكا زۆر بـەرەو خراپـی چـوو، تیرۆرســتان مەڵبەندی بازرگانی جیهانیان، لە نیویۆركدا تەقاندەوە ئا ئەم كارە عــەرەب گوتەنی (القشـة الـتي قصـمت ظهـر الـبعير)، ئەمــەریكا هێزەكـانی بـردە ئەفغانستانو چەند وڵاتێكی دیكەش بەشداریان تێدا كرد، توانیــان دەســت بەسەر حكومەتی تاڵیباندا بگرن كە رێكخراوێكی تیرۆرستی قاعیــدەی بــە سەرۆكایەتی ئوسامە بن لادنی لە بـاوەش گرتبـوو، بـن لادن، لەســەردەمی سەرۆك ئۆباما بە دەستی هێزەكانی ئەمەریكاوە كوژرا.

دوای لە ناوبردنی حكومەتی تاڵیبان، عێراق دووەم ئامــانجی ئەمــەریكا بوو، ئامادەسازی بۆ ئەمە دەكرا، ئۆپۆزســیۆنی عێـراق یەكـەم هاوپـەیمانی ئەمەریكا بوو، چەند كۆبوونەوەیەكیان لە لەندەن ساز دا، دوا كۆبوونــەوەش لە هاوینە هەواری پیرمام بوو، ئەمەریكا چەند بریـارێكی لــە ئەنجومــەنی ئاسایش سەر بە نەتەوەیـەكگرتوەكان، دژ بــە عێـراق وەرگـرت، هــەروەها ئەمەریكا باڵیۆز (زەڵمای خلیل زاد)ی بە ئەسڵ ئەفغانی وەك هەماهــەنگی



www.mukiryani.com

کار لەگەڵ ئۆپۆزسیۆن دەست نیشانکرد، خەلیل زاد لــە دوا کۆبونــەوەکانی ئۆپۆزسیۆن، کە لە شوباتی ساڵی ٢٠٠٣ لە پیرمام سازدراو بەر لە پرۆســە سەربازیەکان بە چەند هەفتەیەك، بەشــداربوو، هێزەکــانی ئەمــەریکا، بــە رێگای ئاسمانی گەیشتنە ئەو باڵەفڕخانەیەی کە رژێمی پێشوو لــە دەشــتی هەریر دروستیکردبوو، لە هەمان کاتدا هێزەکــانی ئەمــەریکاو بــەریتانیاو هێزە دەریاییەکانیان لە کەنداو گردبوونەوە.

چەندان جار، سەدام ئاگادار کرایەوە کە لەگەڵ سەرانی رژێمەکەی عێراق جێبهێڵن، بەڵام ملی نەدایە بەر، دواجار مۆڵەتی (٤٨) ســەعاتیان خســتە بەردەم، تا لەگەڵ خانەوادەکەی عێراق جێبهێڵن، بەڵام گاڵتەی بەمە هــاتو لــەو بڕوایــەدابوو دەتوانێــت بــەرەنگاری هێزەکــانی ئەمــەریکاو بــەریتانیا ببێتەوە. دواجار لە شەوی ٢٠/٣/٢٠٠٣ سەعاتی سفر تەواوبوو، موشەكو بۆمب بەسەر بەغداو گردبوونەوەی سەربازە عێراقیەکانــدا بــارین، ســەدامو دەستو پێوەندەکانی وەك جورجی شڵەژاو، دوای ئەوەی ملیاران دۆلاریان لــە بانکی مەلبەندی عێراق هێنایە دەرەوە لە کونــان خۆیــان شــاردەوە، هێــزی هاوپەیمانان، بێ هــیچ بەرگریــەك پێشــڕەوییان کــرد، یــەك بــە دوای یــەك شارەکانی باشووریان داگیر کرد.

لە کوردستاندا، هێزەکانی پێشمەرگە، لەگەڵ هێزەکانی ئەمەریکا بەرەو مەخمورو کــەرکوك چــوون، لــە ٦/٤/٢٠٠٣ هێزەکــانی پێشــمەرگە، بــە سەرکردایەتی ((وەجیهـ بارزانی)) پاڵەوان، برای سەرۆك بارزانی، لەسەر ئەو گردانەی کە دەیان ڕوانیە دەشــتی کەنــدیناوە بــوون، وەجیــهـ ســەرکردایەتی هێزێکی گەورەی پێشمەرگەو ژمارەیەك سەرکردەی شارەزای دەکرد، لەمانــە (مەنسور)ی کوڕی سەرۆك مەسعود بارزانی، دوای شەڕ، هێزەکانی عێــراق بــەزینو چــەندان ترومبێــلو کەلوپــەلی ســەربازییان لــە دوای خۆیانــدا



www.mukiryani.com

جێهێشتو تا پشتی دیبەگە ((مەڵبەندی ناحیەی کەندێناوە)) کشانەوە، لە کاتێکدا وەجیهو هەندێك سەرکردە، خەریکی پشـکنینی تـانکێکی جێمـاو بوونو خۆیان بۆ هێرشی دووەم ئامادە دەکرد، باڵەفڕەیـەکی ئەمـەریکی بـە هەڵە موشـەك بـارانی کـردن، باڵەفڕوانەکـە وایزانـی ئەمانـە هێزەکـانی دوژمنن، ئەمە بووە هۆی شەهید بوونی ٢٠ پێشمەرگەی سەرکردەو شارەزاو برینداربوونی ژمارەیەکیش، لەوانە سەرکردەی پاڵەوان — وەجیـه بـارزانی — کە سەری بە خەستی بریندار بوو بە موعجیزە لە مردن رزگـاری بـوو، بـە داخەوە تووشی نیمچـە ئیفلیجـی هـات، لەبەرامبـەر ئەمـەدا، ئەمـەریکا ویسامی پاڵەوانی پێبەخشی.

هێزەکانی ئەمەریکا گەیشتنە لێواری بەغداو باڵەفڕخانەیان داگیرکـرد، هەندێك لە هێزەکان چوونە ناو چەند گـەڕەکێکی بەغـدا، لـە تەلـەفزیۆن دەبابەیەکی ئەمەریکیمان لەسەر پردێکـی شـاری بەغـدا بینـی، رۆژی ٩ی نیسان ((کە رۆژی لە دایك بوونمە))، بەغدا بە تـەواوی‌و هـەروەها رژێمـی بەعسی چەپەڵ، کە ماوەی ٣٥ ساڵ چۆکی بەسـەر سـینگی گـەلی عێـراق دادابوو، رووخان، جەماوەر پەیکەرەکانی سەدامیان هێنایە خوارەوە کە ئـەو ماوە درێژە بە ئاگرو ئاسن فەرمانڕەوایی کرد، بەشی زۆری ئەو ستەم‌و جەورە بەر گەلی کورد کەوت، بە درندەترین شـێوە هەڵسـوکەوتی لەگەڵـدا کـرا، تاوانی وای دەرهەق ئەنجامدرا. کە زۆر لە هی هێتلەرو نازیەکان خراپتر بوو.

پرۆسەکانی ئەنفال‌و بەکارهێنانی گازی کیمیایی لە هەڵەبجـەو شـوێنی دیکـەی کوردسـتان‌و هـەروەها ئـەنفالکردنی بارزانیـەکان‌و فەیلیـەکان‌و وێرانکردنی چوار هەزار گوند، ئەمانە هەموو بەشێك بوون لـە تاوانـەکانی سەدام‌و دارودەستەکەی دەرهەق بە گەلی کورد، تا ئێستاش گۆڕی بە کۆمەڵ



www.mukiryani.com

له چەندان ناوچەی عێـراق دەدۆزرێتــەوە، بـەم جـۆرە لاپەڕەیـەکی ڕەش لــە مێژووی عێراق، کە تژی بوو لە کارەساتو خەم پێچرایەوە.

دوای هەفتەیەك، بەڕێزان مەسعود بارزانیو جەلال تاڵـەبانی، سـەردانی بەغــدایان کـرد، مــنو شــەهید سـامیو دکتـۆر ڕۆژو هوشـیار زێبـاریو هەندێکی دیکە یاوەری سەرۆك بارزانی بووین، شەهید سامی وتی (ئینجـا برادەرە کۆنەکانمان دەبینینــەوە)، وتم بـرادەرە کۆنـەکانمان یـان لـە سـێدارە دراونو مردوون یاخود ڕوویان لە دەرەوەی عێراق کردووە، سەردانی هەنـدێك لەو برادەرانەمان کرد کە مابوون، بە یاوەری سەرۆك بارزانی، سەردانی هەر یەك لە سەرۆکی پێشووتری عێراق عەبدولڕەحمان عارفو سەرۆك وەزیرانــی پێشووتر ناجی تالیبو سیاسەتمەداری دێـرین هـەدیب حـاجی حـەمودمان کرد، کە هەرسێکیان ئێستا لە ژیاندا نەماون ((خوا لێیان خـۆش بێـت)).

کە گەیشتینە بەغدا، ئەمەریکا ژەنەڕاڵ ((گارنەر))ی بـە حـاکمی عێـراق دامەزراند، نـاوبراو دۆسـتی کـوردو سـاڵی ١٩٩١ سـەرکردەی هێزەکـانی ئەمەریکا بوو لە کوردستان، دوای چەند ڕۆژێك، بریمەر لە جێگەی گارنـەر دانراو ساڵێك حوکمی عێراقی کرد، ئێمە لە یەکێك لەو هوتێلە کەمانـەی کە لە بەغدا مابوونەوە دابەزین، زۆربەی کۆبوونەوەکان لەگـەڵ لایەنـەکانی دیکە لای ئێمە دەکران، مرۆڤ بە بینینی دیمەنـەکانی شـاری بەغـدا بێـزی دەبۆوە، وێرانیو زبڵو خاشاك دیاربوون، لـە دوای بەسـەربردنی دوو هەفتــە گەڕاینەوە کوردستان.

لێرەدا کۆتایی بە بیرەوەریەکانم دێنمو بە خواتان دەسپێرم.



www.mukiryani.com

# سوپاس‌و پێزانین

سوپاس‌و پێزانینم ئاراستەی برای بەڕێزم مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتیمان‌و سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکەم کە هەردوو بەشە عەرەبییەکەی ئەم کتێبەی هەڵسەنگاند، ئاگاداری بڵاوبوونەوەی ئەم بەشە نەبوو، لەو بڕوایەدام ئەگەر بیزانییبا ئەم بەشەش بڵاودەبێتەوە ئەوا ئاماژەی بۆ دە کرد.

دووبارە سوپاسی دەکەم‌و لەخوای مەزن داواکارم بۆ خزمەتی کوردو کوردستان تەمەنی درێژ بێت‌و لەسەرجەم هەنگاوەکانیدا، سەرکەوتوو بێت.

**موحسین دزەیی**



www.mukiryani.com

www.mukiryani.com

# سوپاس‌و پێزانین

١- رێزو سوپاسم ئاراستەی برام کاك فازل میرانی، سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەم کە بەشە عەرەبییەکەی ئەم یادەوەریانەی بە ئەستۆوە گرت، داوای بەردەوامی و لەش ساخی بۆ ئەو برایەو پێشکەوتن‌و سەرکەوتنیش بۆ پارتیمان دەخوازم.

٢- زۆر سوپاسی برای ئازیز ئیسماعیل بەرزنجی دەکەم، کە لەپێناو ئامادەکردنی ئەوبەشە لە هەموو قۆناغەکانیدا، ماوەی دوو ساڵ زیاتر ئەرك‌و ماندووبوونی کێشاو هەر سێ بەرگەکەشی وەرگێڕایە سەر زمانی کوردی، خوا سەرکەوتووی بکات.

٣- لێرەدا نابێت رۆڵی برای کۆچکردوومان نووسەرو رۆژنامەنووسی ناسراو (تاریق ئیبراهیم شەریف) لەبیر بکەین کە لە بلاوکردنەوەی بەشی یەکەم‌و دووەمدا رۆڵێکی گەورەی هەبوو، بەڕاستی بۆشاییەکی گەورەی لەنێوماندا بە تایبەتی لە دنیای رۆژنامەگەریدا جێهێشت.

٤- لە کۆتاییدا سوپاسی کاك (سەید ئارام) دەکەم، کە کاری تایپ‌و دیزاینی بەرگ‌و ناوەرۆکەکەی بەم شێوەیە بە ئەستۆوە گرت، هیوای سەرکەوتنی بۆ دەخوازم.

**موحسین دزەیی**



www.mukiryani.com

www.mukiryani.com

## یەك دوو سەرنجی پێویست

بەڕێز (موحسین دزەیی)، سیاسەتمەدارێکی هێمن و لە ژیانی سیاسی و ڕۆژانەیدا هەمیشە بە زمانی (گوڵ) دواوە، زۆر ڕاستگۆیانە یادەوەرییەکانی گێڕاوەتەوە، بە درێژایی ژیانی بەرەی میللەتی خۆی بەرنەداوەو باسترناك گوتەنی (لەسەردەمە پڕ هەراو هۆریاو ژاوەژاوەکاندا، بە هێمنی بیر بکەوە)، هەر ئەمەش بوو هانیدام کە هەرسێ بەشەکە بکەم بە کوردی.

ناونیشانی هەر سێ بەشی (احداث عاصرتها)یە، دوای ڕەزامەندی بەڕێزیان، وامان بە پەسند زانی کە بەشە کوردییەکان ناو بنێین (وێستگەکانی ژیانم).

منیش، هیوادارم ئەگەر هەڵەیەکەم کردبێت ئەوا بمبەخشن و هیوای لەش ساغی بۆ کاکە موحسین دەخوازم.

**ئیسماعیل بەرزنجی**



www.mukiryani.com

www.mukiryani.com

# ئەلبومی وێنەکان



www.mukiryani.com

www.mukiryani.com



ئەمریکا ١٩٧٦/ بارزانی نەمر، موحسین دزەیی



www.mukiryani.com



سالّی ١٩٦٧

بارزانی نەمر لەگەڵ فائق سامەڕایی، زەید ئەحمەد عوسمان، سالّح میران



سالّی ١٩٦٧/ شیخ رەزا گولانی لەگەڵ موحسین دزەیی



www.mukiryani.com



له راستەوە: شەمسەدین موفتی، مەسعود بارزانی، موحسین دزەیی



ساڵی ١٩٦٧

له راستەوە: شەمسەدین موفتی، ئیدریس بارزانی، موحسین دزەیی



www.mukiryani.com



بەغداد، ئاداری ١٩٧٠




هەولێر، ئاداری ١٩٧١

عەبدولوەهاب ئەتروشی، موحسین دزەیی، کانەبی عەزیز دزەیی



www.mukiryani.com



واشنتۆن، جەژنی نوروزی ساڵی ١٩٧٧



ئەمریکا، نەخۆشخانەی مایۆکلینیك ساڵی ١٩٧٨/

بارزانی نەمر لەنێوان برایان مەسعودو ئیدریس



www.mukiryani.com



ئەمریکا- نەخۆشخانەی مایۆکلینیك/ لە راستەوە: محەمەد سەدیق دۆسکی،

موحسین دزەیی، بارزانی نەمر، شەهید ئیدریس بارزانی



شاری شنۆ، ئاداری ۱۹۷۹/ رۆژی بە خاك سپاردنی بارزانی نەمر




www.mukiryani.com



دەشتی وەزنێ، ساڵی ١٩٨٠
خوالێخۆشبوو عومەر قادر سێنارەیی



چیای قەندیل، ساڵی ١٩٨١
عومەر سێنارەیی، رەسول فەقێ، ئاودەل، شەهید مەلا حەسەن



www.mukiryani.com



ڕاژان، ساڵی ١٩٨١/ لە ڕاستەوە: مولازم محەمەد،
عەبدولڕەحمان حاجی عەلی، ئەحمەد دەشتی، عومەر سێنارەیی



نەغەدە، ئیسماعیل ساوچبلاغی لەگەڵ برایان
ئیدریس و مەسعود و کۆمەڵێك پەنابەر



www.mukiryani.com



کوردستانی رۆژهەڵات،ساڵی ١٩٨٧/ لە راستەوە: موحسین دزەیی، مەسعود بارزانی، مەسرور بارزانی



کوردستانی رۆژهەڵات، ساڵی ١٩٨٧
موحسین دزەیی، نێچیرڤان بارزانی



www.mukiryani.com



کوردستانی ڕۆژهەڵات، زستانی ١٩٨٧

سەردانی مەزارگەی شەهید ئیدریس بارزانی




کوردستانی ڕۆژهەڵات، زستانی ١٩٨٧


لە چلەی شەهید ئیدریس بارزانی دا، موحسین دزەیی وتار دەخوێنێتەوە



www.mukiryani.com




کوردستانی ڕۆژهەڵات، چلەی شەهید ئیدریس بارزانی، لە ڕاستەوە:
عەلی عەبدوڵڵا، نێچیرڤان بارزانی، د. ڕۆژ نوری شاویس، موحسین دزەیی



کوردستانی ڕۆژهەڵات، گوندی سلێڤانە/ گوین روبرت، موحسین دزەیی



www.mukiryani.com



کوردستانی رۆژهەڵات، ساڵی ١٩٨٧/

چلەی شەهید ئیدریس بارزانی



کوردستانی رۆژهەڵات/ سەردانی مەزارگەی بارزانی نەمر



www.mukiryani.com




پارێزەر زەید ئەحمەد عوسمان



پاریس، ساڵی ١٩٨٨/ لە راستەوە: شەهید سامی عەبدولرەحمان،
موحسین دزەیی، جەلال تاڵەبانی، د. مەحمود عوسمان



www.mukiryani.com



کوردستانی رۆژهەلاّت- شاری شنۆ سالّی ١٩٨٨/ لە راستەوە: عومەر سێنارەیی،
حاجی حامید، مەغدید بنەسلاّوە، موحسین دزەیی، مەحمود ئاغا، شێخەللاّ ئیبراهیم



پاریس، سالّی ١٩٨٩/ کۆنگرەی کورد



www.mukiryani.com



پاریس، ساڵی ١٩٨٩/ لە راستەوە: کۆشنەر، موحسین دزەیی، شەهید جەعفەر گوڵی



پاریس، ساڵی ١٩٨٩/ لە راستەوە: عیسمەت شەریف وانلی،

مەدام میتران، موحسین دزەیی



www.mukiryani.com



ئەنقەرە ساڵی ١٩٩١/ تۆرگۆت ئۆزال، موحسین دزەیی



میسر، ساڵی ١٩٩١/ لە چەپەوە: موحسین دزەیی، جادەلحەق عەبدولحەق (شێخی ئەزهەر)



www.mukiryani.com



بەیروت، ساڵی ١٩٩١/ کۆنگرەی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی



کۆنگرەی بەیروت، ساڵی ١٩٩١ لە راستەوە: د. ئەحمەد چەلەبی،
مالیك ئەلیاسری، موحسین دزەیی، د. ئەیاد عەلاوی، عەبدولئیلا نەسراوی



www.mukiryani.com



دەشتی دیانە، ساڵی ١٩٩١
موحسین دزەیی لەکاتی دابەزینی لە باڵەفڕەیەکی سەربازی ئەمریکی



توركیا، ساڵی ١٩٩١/ لە راستەوە: تۆرگۆت ئۆزال، نێچیرڤان بارزانی



www.mukiryani.com



لەندن ساڵی ١٩٩٢/ لە راستەوە: موحسین دزەیی، سەرۆك مەسعود بارزانی

جۆن مێجەر، وشیار زێباری




لەندن ساڵی ١٩٩٢/ لە راستەوە: وشیار زێباری، سەرۆك مەسعود بارزانی،

سەرۆکی کلێسای ئینگلیزی، موحسین دزەیی



www.mukiryani.com



ئەنقەرە، شوباتی ١٩٩٢/ لە راستەوە:: سەرۆك مەسعود بارزانی،

سلێمان دیمیرێل، موحسین دزەیی



لەندن ساڵی ١٩٩٢/ لە چەپەوە: جێفری ئارچەر،

سەرۆك مەسعود بارزانی، موحسین دزەیی



www.mukiryani.com



لەندن، ساڵی ١٩٩٢/ سەردانی خاتوو تاتچەر



توركیا، ساڵی ١٩٩٢/ لە راستەوە: وشیار زێباری، سەرۆك مسعود بارزانی، سلێمان دیمیرێل، موحسین دزەیی



www.mukiryani.com



توركيا، ساڵی ١٩٩٢/ لە راستەوە: سلێمان دیمیرێل لەکاتی پێشوازیکردنی سەرۆك مەسعود بارزانیو وەفدە یاوەرەکەی.



لەندن، ساڵی ١٩٩٢/ لە راستەوە: دۆگلاس هۆك، سەرۆك مەسعود بارزانی، موحسین دزەیی، شێروان دزەیی



www.mukiryani.com



نێچیرڤان بارزانی، موحسین دزەیی



توركیا، ساڵی ١٩٩٢/ لە چەپەوە: نێچیرڤان بارزانی، تۆرگۆت ئۆزال، موحسین دزەیی



www.mukiryani.com



لەندن، هوتێلی چەرچل، تشرینی یەکەمی ٢٠٠٥

لە راستەوە: جەلال تاڵەبانی، د. سەلاّح شێخلی، موحسین دزەیی




تورکیا/ موحسین دزەیی، تۆرگۆت ئۆزال



www.mukiryani.com



کەندا/ ١٩٧٣  موحسین دزەیی، لەگەڵ هونەرمەند مونیر بەشیر



ئەمریکا/ ١٩٧٦  بارزانی نەمر لەگەڵ شێروان دزەیی



www.mukiryani.com




ئەمریکا/ ١٩٧٧/ بارزانی نەمر لەگەڵ کاك  ئیدریس بارزانی



ئەمریکا، ١٩٧٨/ بارزانی نەمر لەگەڵ کاك مەسعود **بارزانی**



www.mukiryani.com



ئەمریکا، ١٩٧٧/ بارزانی نەمر



ئەمریکا، ١٩٧٧/ بارزانی نەمر لەگەڵ برایان ئیدریس‌و مەسعود




www.mukiryani.com



لەندەن، **١٩٧٧**/ لە راستەوە: محەمەد رەزا، عەلی عەبدوڵلا،

سەرۆك مەسعود بارزانی، نوری شاوێس، عومەر دزەیی،

دانیشتووەکان لە چەپەوە: بارزان دزەیی، سەیران دزەیی، سەفین دزەیی، سامان دزەیی



ئەڵمانیا، **١٩٨٣**/ لە راستەوە: حەمە عەزیز، سەفین دزەیی، رەمزی بوجاك



www.mukiryani.com



لەندەن، ١٩٨٥/ لە راستەوە: سەفین دزەیی، موحسین دزەیی



ڤیەننا، ١٩٨٥/ لە راستەوە: هونەرمەند شڤان پەروەر،


سەرۆك مەسعود بارزانی، موحسین دزەیی



www.mukiryani.com



ئێران، ١٩٨٧/ موحسین دزەیی، مەسرور بارزانی



ئێران، ١٩٨٧/ لە راستەوە: موحسین دزەیی، ئەحمەد بناقی، بارز بارزانی



www.mukiryani.com



ئێران، ١٩٨٨/ لە راستەوە: عەبدولموهەیمەن بارزانی، سیداد بارزانی، موحسین دزەیی، بارز بارزانی، عەتوف بارزانی



ئێران، ١٩٨٨: سەرۆك مەسعود بارزانیو شێروان دزەیی



www.mukiryani.com




لەندەن، ١٩٨٩/ لە چەپەوە: وشیار زێباری، سەرۆك مەسعود بارزانی، سەرۆکی کلێسای ئینگلیزی، موحسین دزەیی



لەندەن، ١٩٧٨/ سەرۆك مەسعود بارزانی، سەفین دزەیی



www.mukiryani.com



لەندەن، ١٩٨٩/ لە چەپەوە: سەرۆك مەسعود بارزانی، سەفین دزەیی، موحسین دزەیی




ئێران، ١٩٨٧/ سیهاد بارزانیو موحسین دزەیی



www.mukiryani.com



لەندەن، ١٩٨٩/ سەرۆك مەسعود بارزانی
سەردانی سەفین دزەیی دەكات لە نەخۆشخانەی وینتسور



پاریس، ١٩٨٩/ موحسین دزەیی لەگەڵ جێرمی كورن
ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی بەریتانیا



www.mukiryani.com



پاریس، ١٩٨٩/ ولیام ئیگلتن، موحسین دزەیی



لەندەن، ١٩٨٩/ لە راستەوە: بارزان دزەیی،


سەرۆك مەسعود بارزانی، سەفین دزەیی



www.mukiryani.com



راژان، ١٩٨٨/ موحسین دزەیی‌و نوێنەرانی حیزبە کوردستانیەکان
لەکاتی پێکهێنانی بەرەی کوردستانی



ئێران/ سەفین دزەیی لەگەڵ عەبدۆك باوە



www.mukiryani.com



پاریس، ١٩٨٩/ لە راستەوە: دارا عەتار،

پرۆفیسۆر جەلیلی جەلیل، موحسین دزەیی، جەعفەر گولی



کۆنگرەی پاریس/ لە راستەوە: موحسین دزەیی، مام جەلال،

د. پیرۆت ئەحمەد، جەعفەر گولی



www.mukiryani.com



توركیا، ١٩٩٢/ لە چەپەوە: سەرۆك مەسعود بارزانی، وشیار زێباری، تۆرگۆت ئۆزال، كایا تۆبری




فەرەنسا، ١٩٩٤/ لە راستەوە: د. بەرهم سالّح، سەعدی ئەحمەد پیرە، سامی عەبدولرەحمان، د. فوئاد مەعسوم، جەوهەر نامیق، نەوشیروان مستەفا، وشیار زێباری، موحسین دزەیی



www.mukiryani.com



له راستەوە: پیرۆت ئەحمەد، سەرۆك مەسعود بارزانی، موحسین دزەیی



کوردستان ٢٠٠١/ موحسین دزەیی، خوالێخۆشبوو جەوهر نامیق



www.mukiryani.com



کوردستان/ له‌ راسته‌وه‌: سه‌فین دزه‌یی، شێروان دزه‌یی،

موحسین دزه‌یی، خوالێخۆشبوو عومه‌ر سێناره‌یی، بارزان دزه‌یی



کوردستان/ له‌ راسته‌وه‌: سه‌فین دزه‌یی، شێروان دزه‌یی، بارزان دزه‌یی



www.mukiryani.com



کوردستانی رۆژهەلاَت /١٩٨٧ گوندی سلێڤانە

سەرۆك مەسعود بارزانی، موحسین دزەیی



مەسعود بارزانی، مولازم محەمەد



www.mukiryani.com



١٩٧٩، سەرۆك مەسعود بارزانی سەردانی د. پیرۆت دەكات لە نەخۆشخانە




١٩٧٩ نەخۆشخانەی مای لینگ/

حامید سوری لەنێوان ئازاد بەرواریو پیرۆت ئەحمەد دا




www.mukiryani.com



ناوپردان ١٩٦٧/ لە چەپەوە: بارزانی نەمر، عەقید نوری مەعروف،

د. مەحمود عوسمان، موحسین دزەیی



ناوپردان سەرەتای ١٩٦٧/ لە راستەوە: موحسین دزەیی،

عەقید نوری مەعروف، د. مەحمود عوسمان، حەبیب محەمەد کەریم



www.mukiryani.com


ڤیەنا/ لە راستەوە: موحسین دزەیی، پیرۆت ئەحمەد



www.mukiryani.com

# ناوەرۆك

پێشەکی بەشی یەکەم ٧
پێشەکی بەشی دووەم ١٢
پێشەکی بەشی سێیەم ١٤
بەشی یەکەم: لە نسکۆی شۆڕشی ئەیلوولەوە
تا کۆچی دوایی بارزانی نەمر ١٩٧٥/٣/٦ – ١٩٧٩/٣/١
بۆ تاران بانگ کراین ٢٣
دیداری ئیحسان نوری پاشا ٢٨
هەندێك لە خزمەکانم گەڕانەوە عێراق ٣٢
خانووی میواندرایمان بەجێهێشت ٣٤
تەقە لە ماڵی شێخ بابۆ کرا ٣٨
سەردانی خیوەتگای پەنابەران ٤٠
لە نەغەدە ٤٣
نەخۆشکەوتنی بارزانی ٤٧
لە نەغەدەوە گواستمانەوە کەرەج ٥٦
لیژنەی کاروباری پەنابەران ٥٨
نەخۆشکەوتنی شێخ بابۆ ٦٣
بارزانی لە ئەمەریکا گەڕایەوە ٦٥



www.mukiryani.com

| | |
|---|---|
| کۆچی دوایی شێخ بابۆ | ٧١ |
| هەردوو ئەفسەرە عێراقیەکە | ٧٤ |
| لە کەرەج دا | ٧٨ |
| خۆ ئامادەکردن بۆ سەفەری ئەمریکا | ٨١ |
| دوا سەفەر | ٨٦ |
| لە رۆجستەردا | ٩٢ |
| بارزانی لە مایۆکلینکدا | ٩٤ |
| سەفەر بۆ کالیفۆرنیا | ٩٧ |
| لە واشنتۆن دا | ١٠٠ |
| لە چێشتخانەی (لیالی بغداد)دا | ١٠٤ |
| بڕیاری نەگەڕانەوە | ١٠٧ |
| هوتێلی تازە | ١١٠ |
| سەفەری بەریتانیاو زانینی هەواڵی کۆچی دوایی برام | ١١٥ |
| گەڕانەوەم بۆ واشنتۆن | ١١٨ |
| گواستنەوە بۆ خانووی کرێ | ١٢٣ |
| لە واشنتۆن دا | ١٢٧ |
| بارزانی لە سەردەمی منداڵیدا | ١٢٩ |
| هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا | ١٣٦ |
| رۆژی جاڕدانی مافی مرۆڤ | ١٣٩ |
| هاتنی شێروان | ١٤٤ |
| گەڕانەوەی دکتۆر نەجمەدین کەریم | ١٤٦ |




www.mukiryani.com

بیرخەرەوەیەکمان دا بە سەرۆك کارتەر ١٥٠
جەژنی نەورۆز ١٥٤
ژیانی بارزانی لە تاراوگەکاندا ١٥٧
پیلان بۆ لەنابردنی بارزانی ١٦٣
گەڕانەوەی مەسعود بارزانی ١٦٦
هەواڵی کۆچی دوایی ئەسعەد خۆشەڤیو هاتنی ئیدریس بارزانی ١٧٣
لە بەریتانیادا ١٨٠
بڕیارمدا بگەڕێمەوە بۆ ئەمریکا ١٩٠
گەڕانەوە بۆ ئەمریکا ١٩٣
نکاوێکی سەیر لە سوپەرمارکێت ١٩٦
هاتنی ئیدریسو سەفەری مەسعود ١٩٩
دوا سەفەر بۆ مایۆکلینك ٢٠١
هەوڵی تیرۆکردنی مەسعود بارزانی ٢٠٤
دوا هەفتەکان لە واشنتۆن ٢٠٩

بەشی دووەم: لە وەفاتی بارزانییەوە تا راپەرینە پیرۆزەکە

١٩٩١/٣/٥ – ١٩٧٩/٣/١

کۆچی دوایی پیاوە گەورەکە ٢١٥
گەیشتنەوە ئێرانو مەراسشیمی بە خاك سپاردن ٢٢٦
لە ئێران دا ٢٣١
چللەی بارزانی نەمر ٢٣٦
سەفەرم بۆ دەرەوەی هەرێم ٢٤٠



www.mukiryani.com

له ئەڵمانیای فیدراڵ دا ٢٥١
له بەریتانیاو هاتنی ئیدریس بارزانی ٢٦٣
له بەریتانیادا ٢٦٨
له لیبیادا ٢٧٨
له سووریادا ٢٨٦
تاوانێکی هەره گەوره ٢٩٠
ئەندازیاری ئاشتی ٢٩٦
کۆستێکی پڕ ژان ٢٩٩
سەفەری ئێران ٣٠٥
چللەی شەهید ئیدریس بارزانی ٣١٠
گەڕانەوەی سەرۆك مەسعود بارزانی ٣١٣
سەفەری بەریتانیا ٣١٩
له بەریتانیادا ٣٢١
تیرۆرکردنی سەید مەهدی ئەلحەکیم ٣٢٤
کارەساتی هەڵەبجه ٣٢٩
سەفەری کرماشان ٣٣٤
دیداری تورکان ٣٣٧
پرۆسەی ئەنفاڵه بەدناوەکان ٣٤١
ئاگربەست لەنێوان عێراق‌و ئێران‌و هەندێك رووداوی دیکه ٣٤٣
داستانی خواکورك ٣٤٥
داوەتکردنی حیزبه کوردستانیەکان لەلایەن سەرۆك وەزیرانی ئێرانەوه ٣٤٧



www.mukiryani.com

بەرەی کوردستانی ٣٤٩
ئەنفال لە ناوچەی بادینان ٣٥١
سەفەر بۆ دەرەوەی ئێران ٣٥٥
دەیەم کۆنگرەی پارتی دیموکراتی کوردستان ٣٦٢
پاریس بووە مەڵبەندی چالاکی کوردان ٣٦٦
کۆنگرەی کوردی لە پاریس ٣٦٨
کێرڤی سەدام حوسێن دابەزی ٣٧٣
داگیرکردنی کوێت ٣٧٦
سەعاتی سفرو پرۆسەی رزگاکردنی کوێت ٣٨٣
سەفەری تورکیا ٣٨٦
کۆنگرەی بەیروت ٣٩٧

بەشی سێیەم: لە راپەرینە پیرۆزەکەوە تا رووخانی رژێم
٥/٣/١٩٩١ – ٩/٤/٢٠٠٣

راپەرین و کۆڕەو ٤٠٥
سەفەری کوردستان ٤١٦
سەفەری سەرۆك مەسعود بارزانی ٤٣٠
لە بەریتانیادا ٤٤٢
لە ئەورووپادا ٤٤٧
هەڵبژاردنی گشتی لە کوردستان ٤٥١
کۆنگرەی ڤیەننا ٤٥٥
ئۆپۆزسیۆن لە ئەمریکا ٤٥٨



www.mukiryani.com

| | |
|---|---|
| دیداری مەلیك حوسێن | ٤٦٥ |
| پەیوەندییەكانی دەرەوە | ٤٧٨ |
| شەڕی ناوخۆ | ٤٩٣ |
| رووخانی رژێمی سەدام حوسێن | ٤٩٧ |
| سوپاس‌و پێزانین | ٥٠٣ |
| ئەلبومی وێنەكان | ٥١١ |



www.mukiryani.com